ڕێکەوت ئیسماعیل ئیبراهیم

# مەهەپە و گورگەبۆرەکان

## توێژینەوەیەک لەسەر گورگەبۆرەکان و پارتی نەتەوەپەرستی تورکیا

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ٢٠١٤

## ئەكاديمياى هۆشيارى و پێگەياندنى كاديران

دامەزراوەیەکی کەلتورییە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لە دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی سیاسی، فراوان کردنی چوارچێوەکانی رۆشنبیریی گشتی، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵدا، تاوتوێ کردنی مەسەلەکانی بیری هاوچەرخو دابین کردنی کەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی کادیران لە بوارە هەمەجۆرەکاندا.

- مەهەپەو گورگەبۆرەکان
- رێکەوت ئیسماعیل ئیبراهیم
- بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی کادیرانی (ی.ن.ك)
- دیزاین: کەمال حامد
- تیراژ: ١٠٠٠
- ژمارەی زنجیرە: ( )
- ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ( ) ساڵی ٢٠١٤

**سەرپەرشتیاری زنجیرەی کتێب**

**عوسمان حەمەڕەشید گورون**

www.pukhoshiari.com
info@pukhoshiari.com

لەگەڵ تەواوبوونی ئەم کتێبەدا
تۆش لەدایك بویت. بۆیە ئەم بەرهەمە
پێشکەش بە تۆی ئازیزو نازدار دەکەم.... لیلیان

# ناوەرۆک


پێشەکی ..................................................................... ٧

**بەشی یەکەم** ١١

تۆرانیزم ..................................................................... ١٣

دروستبوونی مەهەپە ..................................................................... ٢٥

تورکەش ..................................................................... ٢٧

ئایدۆلۆژیای مەهەپە ..................................................................... ٢٩

دەزگاکانی ئایدۆلۆژیای مەهەپە ..................................................................... ٣٥

مەهەپە لەنێو پارتی نشتیمانی دایک ..................................................................... ٤٢

ئوزال و مەهەپە؟ ..................................................................... ٤٢

چەند سەرنجێک لەسەر ئوزال ..................................................................... ٤٧

مەهەپە سەرلەنوێ دروست دەکرێتەوە ..................................................................... ٥٣

**بەشی دووەم** ٥٩

دەزگای مەرگ و رەشەکوژی لە تورکیا چۆن دروستکرا؟ ..................................................................... ٦١

ئەرگەنەکۆن و گلادیۆ ..................................................................... ٦١

تورکیا بەر لە پەیمانی ناتۆ ..................................................................... ٦٥

ناتۆ.. ترۆپکی هاوپەیمانی تورکیا و خۆرئاوا ..................................................................... ٧٦

یەکێتی ئەوروپا، روخسارە ئابوری و سیاسییەکەی ناتۆ ..................................................................... ٧٩

سەرەتاکانی ئەرگەنەکۆن ..................................................................... ٨٢

فەرمانگەی جەنگی تایبەت ..................................................................... ٨٣

بەشەکانی فەرمانگەی جەنگی تایبەت ..................................................................... ٨٧

دەزگای میت ..................................................................... ٨٧

بەشی جەنگی دەرونی ..................................................................... ٩١

فەرمانگەی جەنگی تایبەت و مەهەپە ..................................................................... ٩٣

فەرمانگەی جەنگی تایبەت و کودەتاکان ..................................................................... ١٠٣

یەکەم کودەتا ..................................................................... ١٠٦

دووەم کودەتا ..................................................................... ١٠٧

سێیەم کودەتا ..................................................................... ١١٤

کودەتای چوارەم ..................................................................... ١٢٣

| | |
|---|---|
| **بەشی سێیەم** | ١٢٥ |
| توندبوونەوەی ناسیۆنالیزم لە تورکیا ........................................ | ١٢٧ |
| مەهەپەو ناسیۆنالیستە توندڕەوەکان چییان بەسەر باکوری کوردستاندا هێنا؟... | ١٣٨ |
| سەربازانی تورک جەنگی قێزەون دەگێڕنەوە ........................... | ١٥١ |
| بکەری نادیار، شێوازی جەنگی قێزەون لە تورکیا ........................ | ١٦١ |
| پارتی خودا .................................................................... | ١٦٢ |
| بزوتنەوەی چەپگەرایی لە تورکیا و کاریگەری بەسەر دۆزی کوردەوە .......... | ١٦٦ |
| مەهەپەو پەکەکەو پرسی کورد لە باشوری کوردستان ............................ | ١٧٧ |
| تورکیا و پرسی باشوری کوردستان ................................................ | ١٧٧ |
| سەرەتای دزەکردنی مەهەپە بۆ باشوری کوردستان ............................ | ١٨٤ |
| پەکەکە لە باشوری کوردستان ....................................................... | ١٨٨ |
| **بەشی چوارەم** | ١٩٩ |
| مەهەپەو گورگەبۆرەکان لە ئەوروپا ............................................. | ٢٠١ |
| مەهەپەو گورگەبۆرەکان لە هۆڵەندا ............................................. | ٢٠٦ |
| سەرڤەت.. چەتەیەکی گورگەبۆرەکان ............................................. | ٢٠٨ |
| عەلی .. ئەندامێکی گورگەبۆرەکان لە ناو دەزگای پۆلیس ....................... | ٢١٥ |
| گروپەکانی بازرگانی مادە هۆشبەرەکان ............................................. | ٢١٩ |
| گورگەبۆرەکان بە بەرچاوی پۆلیسەوە کارەکانی خۆیان دەکەن .................. | ٢٢٤ |
| یەکێک لە یانەو کۆمەڵەکانی گورگەبۆرەکان ............................................. | ٢٢٩ |
| مزگەوتێک لە ژێر کۆنترۆڵی گورگەبۆرەکاندا ........................................ | ٢٣١ |
| مەهەپە بە بەرنامەو پلان هەموو ئەو کارانەی ئەنجامداوە ........................ | ٢٣٧ |
| ئامادەسازی بۆ کوشتنی ئۆڵف پاڵمە ................................................ | ٢٤٧ |
| مەهەپەو سوپای نهێنی بۆ ئازادی ئەرمینیا ........................................ | ٢٥٢ |
| مەهەپەو کۆمەڵکوژی پاریس .......................................................... | ٢٥٨ |
| ئەرگەنەکۆنی تورکی ئاشکرا دەبێت ................................................ | ٢٦٢ |
| دەوڵەت باخچەلی پاش تورکەش ...................................................... | ٢٧١ |
| تورکیای نوێ و ئایندەی مەهەپەو گورگەبۆرەکان ................................... | ٢٧٦ |
| پرۆسەی ئاشتی تابوتێک بۆ مەهەپە ................................................. | ٢٨٤ |
| ئەرگەنەکۆنی سەوزو دووا پەردەی شانۆکە ........................................ | ٢٨٧ |
| بەڵگەنامەکانی ویکلیکس .............................................................. | ٢٩٤ |

# پێشەکی

خستنەڕووی مێژووی پارتێکی سیاسی و ڕەوتێکی وەک بزوتنەوەی مەهەپە لە تورکیا، کارێکی نەک هێندە ئاسان نیە بەڵکو زۆر قورس و تاقەت پڕوکێنیشە، چونکە وێرای ئاڵۆزی و هەستیاری بابەتەکە، ئێمە تەنها نابێت وەک دیاردەیەکی سیاسی باس لە مەهەپە بکەین لە تورکیا، بەڵکو بۆ تێگەیشتن لە مەهەپە دەبێت زۆر جار زوور زیاتر دوور کەوینەوە لە مێژووی هاوچەرخی تورکیا و بگەڕینەوە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو بارودۆخ و سفێرەی کە بەر لە دروستبوونی مەهەپە بە دەیان ساڵ و بگرە بە چەند سەدساڵێکیش بارودخیان بۆ تروکاندنی مەهەپە خولقاندووە و لە سەر تەختەی شەترەنج، لە گەمە سیاسییەکانی تورکیادا کردویانەتە واقعێک.

سەرەتای بەئیسلام بوونی تورک، یاخود دەستپێکی ئاشنابوونی تورک بە ئیسلام، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەمەویەکان، کاتێک ئیتر لە سالانی 700 ی زاینیدا لەگەڵ ئاینی ئیسلامدا تێکەڵ بوون. ئەم تێکەڵبوونە لە سەردەمی عەباسییەکاندا بوو بە ڕاستی و لە ناو ئەو دەوڵەتە ئیسلامییەدا عوسمانیەکان جێگایەکیان بۆ خۆیان کردەوە. لە نیوەی دووەمی سەدەی سیازدەیەمدا عوسمانیەکان ئیمارەتەکەی خۆیان دروست کردبوو، دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەو فراوانکردن و قوتدانی زۆرێک لە ناوچە نزیکەکانی خۆیان. ساڵی 1453 ئەو ساڵەیە کە لە مێژووی ئەواندا دەتوانین بە دەستپێکی ڕاستەقینەی عوسمانیەکان و بڵاوبوونەوەی دەسەڵاتیان ناوی بەرین. لەو ساڵەدا ئەوان پایتەختی دەوڵەتی بێزەنتینییەکان ( کوستانتاین)یان زەوتکرد و ناوەکەشیان کرد

بە ئەستەنبوڵ و هەتا ئەمرۆش کردویانەتە پایتەختی خۆیان و پاڵیان لێداوەتەوە.

ئەم شێرو ڕێویەم بۆیە لەم پێشەکیەدا باسکرد چونکە دەمەوێت بڵێم کە عوسمانیەکان نەبوونەتە موسڵمان بۆ ئەوەی ئەو ئاینە وەک بنەمای رەوشت و ئیمان و بڕوا بۆ خۆیان پەسەند بکەن، بەڵکو بوونە ئیسلام بۆ ئەوەی لەو رێگایەوە نەک ئاینەکەش بۆ خۆیان بەرن بەڵکو لە رێگای ئەو ئاینەوە مانەوەی خۆیان و بەهێزبوونی خۆیان مسۆگەر بکەن، کەواتە لەسەرەتای ئەم کارەوە عوسمانیەکان ستراتیژ و تاکتیکی رۆشنی خۆیان هەبووە. ئەم خاڵە زۆر گرنگە بۆ دەستپێکردنی ئەم کتێبەو ئەم ئامانجەی کەمن کارم بۆ کردووە، چونکە هەر لەسەرەتاوە بنەڕەتی کارکردنی رایکی ئۆتمانیەکان یاخود ئیمپراتۆریای عوسمانیەکان لەسەر بنەمای تورکچێتی بووە، هەربۆیە زۆر خێرا و ستراتیژیانە لەرێگای هاتنیان بۆ ناو ئیسلام کاریان بۆ ئەوە کرد موری تورکبوون بەسەر هەموو ئیسلامدا بدەن و هەمووی بۆ خۆیان بەرن، هەر بۆیەش هەموو جیهانی ئیسلامی ئەوسایان داگیرکرد و خستیانە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە.

نەک تەنها بۆ خوێندنەوەی مەهەپە بەڵکو بۆ تێگەیشتن لە دروست بوونی ئیحادو تەرەقی و رەوتە تۆرانیەکانی لاوانی تورک بە شەبەنگە جیاوازەکانیەوە، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو رەگوریشە قوڵەی کە عوسمانگەرایی لە زهنی تورکدا چاندوویەتی کە سەرەنجام تۆرانیزمی کردە یەکێک لە شەبەنگە هەرە بەهێزەکانی رەوتی نەتەوەگەرایی یاخود نەژادپەرستی لەناو تورکدا کە پاشان بەرهەمەکەشی مەهەپەو گورگەبۆرەکان و ئەرگەنەکۆن دەبێت...

با من رستەیەکی جوان لە موحەمەد حەسەنەین هەیکەلەوە وەربگرم کە دەڵێت ( جوگرافیا دەستی خودایە لەسەر زەوی و مێژووش دەست وپەنجەی مرۆڤەکانە بۆ نەخشاندنی ئەو جوگرافیایە)، تورکیا هەر لەسەرتای دروستبوونیەوە پەنجەرەیەک بووە بەسەر سێ لای

زۆرگرنگــی دنیــادا روانیــویەتی یەکەم جیهــانی عەرەبــی و ئیســلامی، دووەم- یەکیەتــی ســۆڤیەتی کــۆن و روســیای ئەمــڕۆ، ســێیەم حەوزی دەریای سپی ناوەڕاست یاخود یەکەم جێگەقاچ و بستەخاک بۆ ئەوروپا. ئەم ســیفەت و خەســلەتە جوانــانەی کە قەدەر بە تورکیــای بەخشــیوە بوونەتە هۆکاری ئەوەی کە ئەم وڵاتە ئەگەر خۆشی بەکەماڵی ئیسراحەت پاڵی لێبداتەوە ئەوە ئەمەریکا و ناتۆ و خۆرئاوا بە دڵ و بەگیان شـەڕی لەســەر بکەن و بیپارێزن، چیرۆکی مەهەپەش لەگۆڕ بۆچوونی من لەم خاڵەوە دەستپێدەکات...

لە مێژووی هاوچەرخی تورکیادا دامەزرانی کۆمارو رێکەوتنی لۆزان خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگە بۆ توێژینەوەو تێگەیشتن لە هەموو بابەتێک کە دەکەوێتە پاش ئەو قۆناغەوە. لە سەروبەندی کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەمدا، ئەو دەمەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بووە هۆکاری ئەوەی روسیا لەو جەنگە پاشەکشەبکات و بۆ ماوەیەک بۆلشەویەکان خەریکی رێکخستنی نێو ماڵی خۆیان بن و خۆرئاواییەکانیش بەتایبەت ئینگلیز و فەرەنسا بە ئارەزووی خۆیان لە رێگای چەندین پەیمانی وەک ( لۆزان و سایکس- پیکو- و ڤێرسای) چارەنوسی ناوچەکە دیاربکەن و فۆرمێکی تەواو دژ بە قازانجی کورد بۆ ئەوناوچە دروست بکەن کە دەتوانین بێژین دەوڵەتی نەتەوە مودێلە هەرە کوشندەو ناشرینەکەی ئەو فۆرمەیە. لەو مۆدێلەدا کورد تورِدایە دەرەوەی مێژوو، وەک بەرخ کرایە قوربانی و دابەشکرا بەسەر هاوسیکدانیدا، هەموو شۆڕش و سەرهەڵدانێکی کوردیش وەک تێکدانی ئەو هاوسەنگییە تەماشا دەکرا کە نەدەبوو هیچ کەس تێکیبدات. ئەو هاوسەنگییە لە پاش جەنگی جیهانی دووەم زۆر زیاتر بەجدی وەرگیرا، چونکە ئیتر جەنگی سارد لە تورکیاوە چەخماخەی دابوو. دەتوانین بێژین مەهەپە لە پێناو پاراستنی ئەو هاوسەنگیەدا لەدایک بوو، هەر رۆژێکیش مێژوو هێڵنجی خۆی بدات و

ئیتـر ئەو هاوسـەنگیە لە هەنـاوی خۆیـدا فرەبـداتە دەرەوە ئیتـر خـۆری مەهەپەو گورگەبۆرەکانیش ئاوا دەبێت.

بـۆ تێگەشـتن لە مەهەپەش دەبێـت گورگەبۆرەکـان و ئەرگەنەکـۆن هەڵسـەنگینین، بۆ ئەوەی نەکەوینە هەڵەشـەوە دەبێت هەمـوو ئەم داشـە هـارانەش لەسـەر تەخـتەی شـەترەنجەکە بە وردی هەڵسـەنگێنین . مـن هەوڵمداوە بە باشترین شێوە ئەو کارە بکەم و نزیکەی یەک ساڵ ونیوی راستەوخۆم لەم هەوڵەدا بەگەڕخستووە. چەندە سەرکەوتووم لەم کارەدا ئەوە تەنها خوێنەرو پسپۆڕانی بوارەکە دەتوانن ئەو بڕیارە بدەن. لێرەدا دەمەوێـت ددان بەو راستیەشـدا بنـێم کە بیـرۆکەی نوسـینی ئەم کتێـبە دەگەڕیتەوە بۆ برای بەڕێز کاک فەرید ئەسەسـەرد. چەند جارێک لەگەڵ بەڕێزیـدا باسوخواسـمان لەسـەر جەهەپە و ئـاکەپەو دەف سـۆڵ و چەپە تونـدەکان وئـانەپ و پەکەکەو بەدەپەو ئەمسـەرو ئەوسـەری نەخشـەی سیاسـی تورکیـا دەکـرد بـۆیە پێشـنیازی ئەوەی خسـتە بەردەمـم کە توێژینەوەیەک لەسەر مەهەپە ئامادە بکەم. نوسـین لەسـەر مەهەپە تەنها لەبەر ئەوە قـورس و گـران نـیە کە رەگوریشـەی قـوڵی هەیە، بەڵکـو نەبوونی سەرچاوەی پێویست بە زوربەی زمانەکان قورسـی و ئاڵۆزی بـابەتەکە زیـاتر دەکەن، بـۆیە مـن لەم پێشـەکییەوە دەڵـیم ئەمەی مـن نوسـیومە تەنهـا دەسـتپێک و سـەرەتایە و هیچـی تـر، هەر لە ئێستاشـەوە خەون بەوەوە دەبینم بەشـی دووەم بـۆ ئەم کتێبە ئامـادە بکەم و زیـاتر تێیدا بخەبتێم.

# بەشی یەکەم

## تۆرانیزم

پان تورکیزم Panturkisme یاخود تۆرانیزم کە لە سەدەی نۆزدەدا لە ژێر کاریگەریی بزوتنەوە نەتەوەییەکانی ئەوروپا سەریهەڵدا، بریتییە لە ئایدۆلۆژیای نەتەوەپەرستی تورک، کە بانگەوازی یەکخستنی هەموو نەتەوەی تورک زمان دەکات. ئەم ئایدۆلۆژییایە دەکرێت لەچوارچێوەی کەلتوری یاخود سیاسیدا بێت.

سابیر زیان بەدرەدین(Sabirzyan Badretdin)، ئایدۆلۆژیستێکی ئەم رەوتە، پانتورکیزم بەمجۆرە پێناسە دەکات ( هەوڵدان بۆ یەکخستنی هەموو نەتەوە تورکەکان لە چوارچیوەی یەک دەوڵەتی سەربەخۆ، یان لە دەوڵەتێکی فیدراڵیدا، تەنانەت ئەو ناوچە تورکانەی کە تا ئێستا داگیرکراون) بەدرەدین لە دەستەواژەی ناوچە تورکیە داگیرکراوەکان مەبەستی ئاسیای ناوەڕاستە. یەکێکی دیکە لە ئایدۆلۆژیستەکانی پانتورکیزم ئیسماعیل گازپیراڵییە (Ismail Gaspirali)، کە خۆی لەبنەڕەتدا ناوی ئیسماعیل گازپرنسکی بوو، بەڵام ناوەکەیان تورکاند بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەقڵیەتی تۆرانیدا هاوجوت بێتەوە. گازپرنسکی لەو باوەڕەدا بوو کە دەبێت زمانی تەتارو عوسمانلی یەک بخرێت، چونکە هەموو تورکێک بە ئاسانی دەتوانن تێیبگەن....

لە ساڵی 1895 سەردەمێکی نوێ لە ئەدەب و وێژەی تەتارەکان سەریهەڵدا کە بە ئەدەبی ئیدلی ناسراوە، بە پێی زۆرێک لە سەرچاوەکان ئەم بزوتنەوە ئەدەبیە، بە سەرەتای دەستپێکی تۆرانیزم لە ئەدەب و وێژەدا هەژمار دەکرێت. ئەیاز ئیسحاقۆف بە ڕێبەرو پێشەنگی ئەم بزوتنەوە ئەدەبیە دەناسرێت، هەروەها یوسف ئاقشورە یەکەم نوسەری

ناسیۆنالیستی پانتورکیزم بوو کە چوارچێوەی ئایدۆلۆژی و سیاسی ئەو رەوتەی لە نوسینەکانیدا دارشتووە، هەر لەو ماوەیەدا ئەحمەد وەفیق پاشا کتێبی (فەرهەنگی زاراوە عوسمانیەکان)ی نوسیوە... زۆرێکی دیکە لە سیاسەتمەدار و روناکبیرانی تورک کە لە ئەوروپا ژیابوون، گرنگی دروستکردنی نەتەوەی عوسمانی یاخود تورکستانیان باسکردووە، ساڵی 1897 بۆ یەکەم جار محمد ئەمین هۆنراوە بەناوبانگەکەی خۆی بەناوی (من تورکم) بڵاو کردەوە، ئیتر لێرەوە ئایدۆلۆژیای تورکیزم و پێداویستی کۆکردنەوەی نەتەوە تورکەکان بڵاو دەبۆوە[1] .

بزوتنەوەی نوێگەرایی لەتورکیای عوسمانیدا بەشێوەیەکی بەرچاو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سوڵتان سەلیمی سێیەم، کە چەندین قوتابخانەو پەیمانگای سەربازی لەسەر شێوازی خۆرئاوایی دروستکرد، وێرای ئەمەش کردەوەکانی ناردن و گۆڕینەوەی پسپۆڕو نێرژە سەربازییەکان لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئەوروپادا دەستپێکرد. لەسەردەمی سوڵتان مەحمودی دووەمدا ئەم کارانە برەوی زیاتری سەند، چەندین کتێبی خۆرئاوایی کران بە زمانی تورکی و چەندین قوتابخانەی ناسراو بە قوتابخانە روشدییەکان کرانەوە، دەتوانین ئەم هەنگاوە بە خاڵی وەرچەرخان وەسف کەین ، چونکە هەتا ئەو کاتە لە تورکیا تەنها قوتابخانەی ئاینی هەبوون. بەمجۆرە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا کۆمەڵێک ئەفسەری سوپای عوسمانی پەیدابوون لە نێویاندا توێژێکی روناکبیر بەشێوازی خۆرئاوایی بەدیدەکرا[2].

چاکسازی یەکێکی دیکە بوو لەو هەنگاوانەی کە دەبوو دەوڵەتی عوسمانی بۆ وەڵامدانەوە بە واقعی ئەو رۆژە پەیرەوی بکات لە خەتی گوڵخانەدا کە ساڵی 1839 لە سەردەمی سوڵتان عەبدول مەجید پەیرەوکرا، چەندین چاکسازی بە ئاراستەو شێوازی ئەوروپی

[1] http://www.arab-ency.com/

[2] http://www.almutmar.com/index.php?id=201113520

پەســـەندکران، لە خەتـــی هومایۆنـــدا کە پاشـــان لە ژێـــر فشـــاری خۆرئاواییەکاندا پەسەندکرا، مافێکی بەرچاو بۆ فەلەکان جێگیر کران.[1]

لە کۆتـایی سـەدەی نـۆزدە دا بیـری ناشـیۆنالیزم بە تەواوی پایەکـانی خـۆی لە نێو کـۆمەڵگەی تورکیدا چەسپاند، هەر ئەم هۆکـارەش بـوو کە حزبی ئیتحادو تەرەقی بەرهەمهێنا. سەبارەت بە رۆڵـی ئەم رێکخـراوە لە ژیـانی سیاســی و کـۆمەڵایەتی تورکیـادا قســە زۆرن، کە رەنــگە لەم نوسینەدا جێگەیـان نەبێتەوە، بەڵام زۆرێک لە سـەرچاوە جیاوازەکـان کە باس لە دروستبوونی ئەم رێکخراوە دەکەن، ناتوانن رۆڵی ئەم رێکخـراوە لە برەوســەندنی هـزری تـۆرانیزم دووربـخەنەوە. گرنگتـرین خـاڵ لەم بـابەتەدا کە هەمیشـە دووبـارە دەبێتەوە، رۆڵـی جولەکەکـانی تورکیـایە لە دروسـتبوونی ئەم رێکخـراوەو ئەنـدامبوونی لە کـۆمەڵە ماسـۆنیەکانی ئەو دەمەدا. جـولەکە تورکەکـان کە پاشـان زیـاتر باسـیان دەکەیـن، چەنـدین ئەندامی کاریگەریـان لە هەڕەمـی سـەرکردایەتی ئەم رێکخـراوەدا هەبـووە لەوانەش ئیمانۆئێـل قرەسـو، جاویـد بەگ، مەدحەت پاشـا ، لاملـی داڤیـد، لیۆن کاهۆن و موئیز کۆهین[2] رەنگە هۆکاری ئەمەش جگە لە دۆزینـەوەی دوژمنێـک بـۆ عەرەبە ئیسـلامەکان ئەوە بووبێـت کە رژێمێـک لە سـوریا بخرێتە شوێن دەوڵەتی عوسمانی، کە لانیکەم وەک لەمپەرێکی جوگرافی و ئەتنی و سیاسی بەرامبەر بە ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی بەکار بهێنرێت.

کـاریگەریی فەرهەنگـی خۆرئـاوا زۆر بە ئاشـکرا هەسـتپێدەکرا، بە تـایبەت کە یەکێـک لە ئامـانجە هەرە دیارەکـانی ئەو دەمەی رێکخـراوی ئیتیحـاد و تەرەقـی دوورخسـتنەوەی تورکیـا بـوو لە کرۆکـی ئیسـلامی و نزیککردنەوەو تەرخانکردنی بوو بۆ هەستی نەتەوایەتی و تۆرانیزم.

---

[1] سەرچاوەی پێشوو.

[2] د. محمد عەبدالله حمدان، الجماعات اليهودية في تركيا، دار الزمان، سوريا، ديمشق، الطبعة الاولى، 2011، ص 144

کاریگەریی فەرەنسا  بە ئەدەبی تورکەوە دیار بوو، ئینگلیزەکانیش لە ڕێگای هـزری سیاسـی و پەیوەنـدی دبلۆماسـییەوە و ئەڵمانییەکـانیش لە ڕێگـای ئـابوری و سـەربازی و تەکنەلۆژیـاوە  بە تونـدی کاریگەرییـان لەسـەر کـۆمەڵگەی تـورکی دانـابوو، ئەمەریکییەکـانیش کە لە سـاڵی 1863 کۆلێژی (ڕۆبێرت)یان لە ئەستانە کردبووەوە، بەشی خۆیان کاریگەرییان لەسەر تورکیـای عوسـمانلی کردبـوو( هەڵبەتە پێشـتریش سـاڵی 1800 بـۆ یەکەمجـار پەیوەنـدییە ئابورییەکـانی ئەمەریکـا و دەوڵەتـی عوسـمانی دەسـتپێکرد، کاتێـک یەکەم کەشـتی ئەمەریکـی (جـۆرج واشـنتۆن) بەمەبەستی بازرگانی لە بەندەری ئەستەنبوڵ لایدا).[1]

لەم نێوەدا سێ ڕەوتی جیاواز لە نێو بیرمەندان و روناکبیرانی تـورک بەدیـدەکرا، کە بریتیبـوون لە یەکیەتـی ئیسـلامی و یەکیەتـی تـورکی و یەکیەتی عوسمانی، بەڵام سـوڵتان عەبدول حەمید، خولیای بەهێزکردنی ئیمپراتۆریەتی ئیسـلامی هەبوو، بۆیە بە توندی دژی یەکیەتی تورکی و عوسمانی دەوەستایەوە.

وێڕای ئەوەی هزری نەژاردپەرستی لە نێو هەرسێ ڕەوتەکەدا هەبوو، بەڵام  ڕوداوێکـی گرنـگ کـاریگەری لەسـەر ئەوە هەبـوو کە ڕەنگـی نەژادپەرستی بە قازانجی تۆرانیەکان تۆختر بێتەوە، ئەویش سـەرهەڵدانی جەنگـی بەلقـان بـوو لە نێـوان سـاڵانی 1912-1913 . لەم جەنـگەدا عوسمانیەکان زۆربەی ناوچەکانی ژێر دەسـەڵاتی خۆیـان لە ئەوروپا لە دەسـتدا، ئەمەش بـووە هۆکـاری ئەوەی کە تۆرانیەکـان داوای کۆتـایی هێنـان بە حـوکمی عوسـمانیەکان و گەڕانەوە بـۆ هـزری تورکسـتان و وازهێنان لە موسڵمانە غەیرە تورکەکان بکەن.

بەر لەم جەنگە تۆرانیەکانی نێو ئیتیحـاد و تەرەقی لە سـاڵی 1908 لە دەسـەڵاتی سـوڵتان عەبدول حەمید هەڵگەڕانەوەو کودەتایـان بەسـەریدا

---

[1] سلوى سعد الغالبي، العلاقات العثمانية الامريكية، 1918-1830، مكتبة مدبولي، القاهرة، 2002 ص 31.

کـرد و یەکەم دەسـتوریان بـۆ تورکیـا دارشـت و زۆربەی کەسـایەتییە ناودارەکـــانی وڵات و ئەفســـەرو رونـــاکبیران و رۆژنامەکانیـــان لە بەرژەوەندی بڵاو کردنەوەی هزری خۆیاندا بەگەڕخست.

بەپێی بۆچونی تۆرانیەکان ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیە، یاخود فیدراڵییەی کە دەبێت هەموو تورکەکان کۆبکاتەوە، هـەموو ئـەو ناوچانـە دەگرێتـەوە، کـە لە بۆچـونی ئەوانـدا خـاکی تـورکن، ئـەو ناوچانـەش لـە تورکیـاوە دەستپێدەکات و درێژدەبێتەوە بۆ ئاسیای ناوەڕاست و پاشان ناوچەکانی سـربیا هـەتا دەریـای لاتیـڤ دەگرێتـەوە. هەنـدێک لـە تۆرانیـەکان ئـەم نەخشـەیە هـەتا ڤییـەنا درێـژ دەکەنـەوە، بەمـەش مەبەسـتیان لەوەیـە کـە قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی کۆن هـەمووی بە خـاکی تورکیا هـەژمار بکەن.

ئایدۆلۆژیای تـۆرانی یـاخود پانتورکیزم لـە خـۆڕا نـەهاتووە، بـەڵکو لـە کاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا کاتێک ئیمپراتۆریەتی عوسمانی سنورەکانی خۆی گەیانـدبووە ئـەوروپا، ئیسـماعیل ئـەنوەر پاشـا (Ismail Enver Pasha) سەرکردەی سوپای عوسمانیەکان لە خۆرهەڵات لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە هێـرش بکاتـە سـەر روسـیاو هـەموو ناوچـە " تورکیـەکان" بخاتـە چنگـی دەوڵـەتی عوسـمانییەوە. شـۆڕشـی ئۆکتۆبـەری ١٩١٧ی بەلشـەویەکانی بەهـەل زانـی و چەنـدین ناوچـەی خسـتە ژێـر رکێفـی خـۆی بـۆ ئـەوەی دەوڵـەتێکی نـوێی عوسـمانی بـە نـاوی تورکسـتان دروسـت بکـات و سـەمەرقەند بکاتـە پایتەختەکـەی، بـەڵام لـە سـاڵی ١٩٢٢ دا لـە نزیـک دووشـەمبێ ی پایتـەختی تاجیکسـتان بەدەسـتی سـوپای سـور کـوژرا. سـاڵی 1912 بزوتنەوەیەکـی نەتەوەیـی لە تورکیـا بە نـاوی یەنـی تـۆران (تۆرانیی نوێ) دروستکرا، کە ئامانجی یەکخستنی نەتەوەی تورک بوو، لەسەر بنەڕەتی رەگەز بەبێ بایەخدان بە بنەڕەتی ئیسلامی و پەیوەندییە ئاینییەکـان و سـەربەخۆ لە هەمـوو وابەسـتەبوونێک بە ئیسـلام، ئەم بزوتنەوەیە جگە لەو ئامانجە کاری بۆ بەرزکردنەوەی گیانی جەنگاوەری

و سەربازی تورک دەکرد لەگەڵ هەوڵدان بۆ پاککردنەوەی زمانی تورک لە هەموو زاراوەو وشە عەرەبی و فارسییەکان.

عینایەتوڵا رەزا لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی تورک و تورکچێتی ئاماژە بۆ نوسینەکانی زیاگۆک ئاڵپ (Zia Gök Alp–1876-1924)دەکات کە یەکێک لە بیرمەندە ناسراوەکانی تورانیزمە، ئەو، واتە زیاگۆک ئاڵپ، کتێبێکی نوسیوە بە ناوی بنچینەکانی تورکناسی و لەم بارەوە دەڵێت ( هەندێک لە زانایان تێدەکۆشن بە زۆری زۆردارەکی تورکەکانی ئاسیای ناوەڕاست لە کەنارەکانی روباری ڤۆڵگا، سیبریا و ئاسیای بچوک لەیەکتر جیا بکەنەوەو بە نەتەوەی دیکەی سەربەخۆیان لە قەڵەم بدەن، ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە سەد ملیۆن تورک لە یەک میلەتدا یەک بخەین). [1]

زیاگۆک ئاڵپ لەو تۆرانیانە بوو،کە وێڕای ئەوەی لەشاری دیاربەکر لەدایک بووەو چەندین سەرچاوەش ئاماژە بە کورد بوونی ئەو دەکەن[*]، بەڵام بە درێژایی تەمەنی خۆی لە دژی کورد کاری کردووە و هەمیشە بانگەشەی بۆ ئەوە کردووە کە تورک و کورد لە بنەڕەتدا یەک رەگەزن و کوردەکان تەنها تورکی شاخاویی و دڕەندەو سەرلێشێواون. ئەو لە ناو بیرمەندە تۆرانیەکاندا هەمیشە لە ریزی پێشەوەی ئەوانە بوو، کە خوازیاری ئەوەبوون تورکیا لە خۆرئاوا نزیک بێتەوەو ماڵئاوایی لە کەلتوری دواکەوتووی عوسمانگەرایی بکات و گەورەترین کاریگەریی هەبووە بەسەر کۆمەڵەی لاوانی تورک و کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقییەوە، تا رادەی ئەوەی کە خۆشی لە ساڵانی دووایی تەمەنیدا هێندە کەمالیست بوو، کە کرا بە ئەندامی ئەنجومەنی میللی تورک.

---

[1] عینایەتوڵا رەزا، تورک و تورکچێتی، وەرگێڕانی ئەبوبەکر خۆشناو، لە بڵاوکراوەکانی بەشی روناکبیری، زنجیرە ژمارە 111 ، سلێمانی، چاپخانەی حەمدی ،2005، لاپەڕە 8-7.

[*] هەندێک سەرچاوەی وەکو محمد لطفي جمعة لە کتێبی حیاة الشرق لاپەڕە 225 ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە زیا کوک ئالپ سەرەتا بانگەوازی دروستکردنی دەوڵەت و کۆمەڵگەی کوردی کردووە، تەنانەت کتێبێکی لەسەر گرامەرو زمانی کوردی نوسیوە و نەخشەرێگای بۆ یەکگرتنی نەتەوەیی کورد نوسیوە، بەڵام لە پڕدا بووە بە تورانی .

زیاگۆک ئالْپ له نوسراوەکانی خۆیدا سێ هەنگاوی گرنگ دەخاته بەردەم دەوڵەتی عوسمانی؛ یەکەم ئەوەیە کە ئەو دەوڵەتە وەرچەرخێت بەرەو سکیولاریزم و لە ڕێگای لاساییکردن و هاوردنی زانست و مەعریفەی خۆرئاوایی، نوێگەری بخاتە نێو دەوڵەتەوە؛ دووەمیش ئەوەیە کە دەوڵەتی عوسمانی وەک سەرچاوەیەک بێت بۆ یەکخستن و یەکگرتنی جیهانی ئیسلامی، سێیەم هەنگاویش ئەوەیە کە دەوڵەتی عوسمانی خۆی بکات بە سەرچاوەیەکی ڕۆحی بۆ یەکگرتنی فەرهەنگی و کەلتوری لە نێوان هەموو ئەو گەلانەی کە تورک زمانن، تەنانەت لە ساڵی 1911 هۆنراوەیەکی نوسیوە تیایدا وێڕای شکۆمەند ڕاگرتنی تۆرانیزم ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دەوڵەتی تورک تورکیا و تورکستان نیە ، بەڵکو تۆرانستانە و ئەتیلا و جەنگیزخانیش شانازی ڕەگەزەکەمانە.[1] ئەم ئەدەبیات و هۆنراوانە لە زۆربەی قوتابخانە حەربی و پەروەردەییەکاندا ڕۆژانە بە دەنگی بەرز دەخوێندران و دەگوترانەوە، لەوانەش (جەنگیزخان بەیرەقی، ئانلی شانلی صلانلاندی- ئایەت خان بەیرەقی حەربدە بۆیلە ئەکلاتدی) واتە ئاڵاکەی جەنگیز خان لە ئاسماندا شکۆمەند دەشەکێتەوە، ئاڵاکەی ئایەت خان ئەو ڕێبازە لە جەنگدا بەرجەستە دەکات.

مێژوونوسانی تورکیش لەم بارەوە درێغییان نەکردووە، ئەوان لە کۆنگرەکانی خۆیاندا نەک هەمیشە بانگەشەی ئەوەیان کردووە، کە بنەڕەتی هەموو دنیا تورکە، بەڵکو تورکەکان بە هەڵگری یەکەمین ئاڵای ڕۆشنبیری جیهان دەزانن. لەم بارەوە چەندین فروفیشاڵی وەک وڕێنەیان باس کردووەو هەموو میلەتانی کۆنی ئاسیاو ئاسیای ناوەڕاستیشیان بە تورک تۆمارکردووە، لەوانەش (ئیلامیەکان، سۆمەریەکان، گۆتییەکان، کاسییەکان، متانییەکان،مادەکان، هتد).

---

[1] بڕوانە احمد نوري النعيمي، السياسة في تركيا الحديثة، دار الحرية للطباعة، بغداد، العراق، الطبعة الاولى ص39-38.

هەتا ئەمڕۆشی لەسەر بێت، نەک بە تەنها دەوڵەتی تورک و ڕەوتە فاشستەکانی نێو ئەو دەوڵەتە، بەڵکو خودی دامەزراوەی دەوڵەتی تورک ساڵانە لە هەموو بڵاڤۆک و نوسینەکانی خۆیاندا بانگەشە بۆ ئەو جۆرە لێکدانەوانە دەکەن و دەیان کتێبی وەک (بنەڕەتی کورد) یان نوسیوە کە هەمووی شێواندنی ڕاستیەکانی مێژوون. لەوەش زیاتر فاشستەکانی تورک و تۆرانیەکان بۆ ئەوەی بەرگی ئەفسانەیی بەسەر ئایدۆلۆژیای خۆیاندا بدەن و ڕەسەنایەتی و باڵادەستی نەتەوەیی خۆیان بکەنە واقع و ڕاستی، چەندین چیرۆکی سەیرو سەمەرەی دوور لە ڕاستی دروست دەکەن، ڕەنگە سەیرترین ئەو چیرۆکانەش ئەفسانەی دروستبوونی نەتەوەی تورک بێت، کە خودی گورگەبۆرەکان و ئەرگەنەکۆن پێکەوە ئەم ئەفسانەیە بە ڕاستی و بنەڕەتی تورک وەردەگرن، گوایا لە جەنگی تورکدا لەگەڵ چینیەکان تەنها یەک منداڵی تورک ڕزگاری دەبێت، ئەو منداڵەش لە لایەن گورگێکی بۆرەوە لە دۆڵێکدا بە ناوی دۆڵی ئەرگەنەکۆن ڕزگار دەکرێت و پاشان منداڵەکە مەزن دەبێت و گورگەکە شوی پێدەکات و 10 منداڵی بۆ دەخاتەوە، بەمجۆرە بە پێی ئەم ئەفسانەیە تورکەکان دەبێت گورگ ئاسا بەهێز و بەهەڵمەت و تۆڵەسێن بن. بەپێی ئایدۆلۆژیای ئەم فاشستانە نەوەی تورکان دەبێت ئیمپراتۆریەتی ڕاستەقینەی خۆیان بگەڕێننەوە بۆ نزیک دیواری چین و تۆڵە لە چینیەکان بکەنەوە [1] بە تایبەت کە چین یەکەم جار لە مێژوودا دەوڵەتی تورکە مەغۆلەکانی دارمان و لە مەنگۆلیا دەریکردن.

دوای ئەوەی لە ئەوروپا لە پاش جەنگی جیهانی یەکەم ، بزوتنەوەی فاشست و نازیزم لە برەو سەندندا بوون، بەهۆی هەڵکەوتەی نەژادپەرستانەی حکومەتی تورکیاوە، لە ژێر کاریگەریی ئەم ڕەوتانەدا بزوتنەوەی تۆرانیزم لە تورکیا پەرەیسەند، جینۆسایدی ئەرمەنەکان و

[1] http://press.tadwinat.com.

ئاشـوریەکان و یۆنانیەکـان زادەی ئەم پەرەسـەندنەی تـۆرانیزم بـوون . وێنەی گورگە بۆرەکان لەسـەر دراوی تورکیا بەدی دەکرا لە پرۆگرام و بڵاڤۆکی گورگە بۆرەکاندا نوسراوە:-

ئێمە کێین؟ گورگی بۆرین

بیرو باوەڕی ئێمە چیە؟ تورک بوون

ئیمانمان چیە؟ باڵادەستیی نەژادی تورک

بنەڕەتی باڵادەستیی نەژادی تورک لە کوێوە سـەرچاوەی گرتووە؟ لە خوێنی تورک.

ئایا ئێمە پانتورکیستین؟ بەڵێ.

لە سیەکانی سەدەی بیستەمدا تەشکیلاتی ناسیۆنالیستە فاشستەکانی تورک لە هەوڵی ئەوەدا بوون، کە خۆیان بخزێننە دەزگاکانی پۆلیس و سوپاو دەوڵەت[1].

کتێبــی تێکۆشــانم (Mein Kampf) کە ئەدۆلـف هـتلەر(Adolf Hitler) نوسـیویەتی، لە لایەن فاشسـتە تورکەکـانەوە چەنـدین جـار کـراوە بە تـورکی، وەرگێڕی ئەم کتێبە، جێگـری سـەرۆکی مەهەپە کەمـال تـوران (Kamil Turan)ە، لە پێشەکی وەرگێڕانەکەدا دەڵێت: ( مێژووی نازیەکانی ئەڵمانیـا بە شـێوەیەکی سروشـتی لێکدانەوەی بـۆ نەکراوە، روداوەکـانی ئەڵمانیاو رایخی سێیەم لە نێوان 1933-1945 لە چەندین وڵات و شـوێندا ئاماژەی بۆ کراوە ، زۆربەی ئەو وەرگێڕان و کارانە تەنها چەند کەسێکی کەمیـان نەبێـت هەموویـان بە چـاوی دوژمنـایەتی کـردنەوە باسـی ناسـیۆنالیزم دەکەن، زۆربەی هەرە زۆریـان لە پێشـەوە و راسـتەوخۆ حوکمیـان بەسـەر هـتلەردا داوەو لەو بـاوەڕەدا بـوون کە هـتلەر شـێت بووە)، وەرگێڕی ئەم کتێبە کە خۆی فاشستەو گیرۆدەی بیری نـازیزم بـووە، هاوتـای چەنـدین کەسـانی دیکە لەو بـاوەڕەدایە، کە هـتلەر بـۆتە

[1] http://asre-nou.net/php

قوربـانی ئەوانەی کە بەهەڵە مێژوو دەنوسـنەوە، دەنـا بە پـێچەوانەوە لە دیـدی ئەوانەدا هــتلەر مرۆڤێکــی مەزنەو خــاوەن رۆحێکــی نەمــرە لە مێژوودا. لە زۆربەی بۆنەو ئاهەنگەکانی مەهەپەدا هەتا ئەمرۆ ئەو کتێبە لەپــاڵ بیرەوەرییەکــانی عەبــدوڵا چــاتلی وەک ئەدەبیــاتی مەهەپە دەفرۆشرێن.[1]

هیچ سەیر نیە ئایدۆلۆژیای گورگە بۆرەکان ئەمرۆ بوویبێتە بەشێک لە کەلتــوری راســتەقینەی تورکەکــان بە رەهەنــدە ئیســلامی و ئســوڵی و راستەکانیشــەوە. درامــای دۆڵــی گورگەکــان قــورتلەر وادیســی ( Kurtlar Vadisi) کە زۆرترین برِی تێچوون لە بەرهەمهێنانیدا سەرفکراوە، زنجیرە درامایەکە لە چەند بەشێک کە تورکیا و هەرێمی کوردستان و فەلەستین و بەشێکی دیکەی وڵاتان دەگرێتەوە.

ئەم زنجیرە درامـایە کە پێدەچێت بەشـی هەرە زۆری سـیناریۆکەی لە بەڵگەنامەکــانی ئەرگەنەکــۆن و گــورگە بۆرەکــانەوە وەرگیرابێــت، بە تەواوەتـی بەرجەسـتەی رۆڵـی ئەو رێکخـراوە ئایـدۆلۆژیانە دەکـات لە نـاو دەوڵەت و کۆمەڵگای تورکیادا.

لەم زنجیرە درامایەدا ئایدۆلۆژیای مەهەپە بە تەواوی ئاشکرا دەکرێت، کارەساتی ئاشکراکردنی ئەم ئایدۆلۆژیا رەگەزپەرست و قێزەونە لە پێناو ریســواکردنیدا نــیە، بەڵکــو بە پــێچەوانەوە دەتــوانین بێــژین لە پێنــاو پیرۆزکردنیشیایەتی. ئەم زنجیرە درامایە لە ناوخۆی تورکیا و لە جیهانی عەرەبیشـدا (بێگومـان پـاش دۆبلاژکردنـی) زۆرتـرین ژمـارەی بیـنەری بۆخۆی راکێشا. بەشێوەیەکی گشتیش دراماکە کار لەسـەر دروسـتکردنی وێنەیەکـی بـاو لەسـەر ئیسـرائیل و ئەمەریکـا دەکـات، کە چـۆن هەمـوو توانــایەکی خۆیــان خســتۆتە گەڕ بــۆ وێرانکردنــی وڵاتــانی ئیســلامی و لەناوبردنی ئاینی ئیسلام. لەوبەشەی دراماکە ئەوەی تایبەتە بە هەرێمی

---

[1] http://afa.home.xs4all.nl/comite/artikel

کوردستان، رووداوەکە بە خۆکوشتنی ئەفسەرێکی سوپای تورکیا دەستپێدەکات کە رۆژی 13ی مانگی ژولی 2003 لە لایەن هێزەکانی ئەمەریکاوە لە شاری سلێمانی تورەکە کرایە سەریان و بە دەستگیرکراوی رەوانەی تورکیا کرانەوە. لە زنجیرە دراماکەدا پۆلات عەلەمدار تورکمانەکانی کەرکوک هاندەدات کردەوەی خۆکوژی لە دژی ئەمەریکا ئەنجام بدەن و خۆشی وەک قارەمانی ئەفسوناوی هەر لەیەکەم رۆژی ئامدیوبوونی بە هەرێمی کوردستان دەست بە رەشەکوژەی پێشمەرگە دەکات و لە کەرکوکیش بە رەشەکوژەی ئەمەریکیەکان کۆتایی بە کاری چەقۆکێشی خۆی دەهێنێت.

لەسەردەمی ئەتاتورکدا ئاماژەکردن بۆ جیهانی تورکی قەدەغەبوو. دەوڵەتی نوێ لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی پێشوو بەچاوێکی خراپ دەیڕوانییە ئەو چەمکە، چونکە پێی وابوو کە هەرجۆرە ئاماژەبۆ کردنێکی لەو جۆرە پەیوەندی بە بزوتنەوە نەتەوەییەکانی تورک ( کۆبەندی گەلانی تورک) یان بزوتنەوە تۆرانیەکان (یەکیەتی گەلانی تورکی - مەغۆلی - فنلەندی – مەجەڕی لەدژی سلاڤییەکان) ئەم بزوتنەوانە راستڕەوە توندەکانی تورکیا باوەڕیان پێی هەبوو ، بەڵام مستەفا کەمال بە فەرمی لەدژی بوو ، چونکە هەموو هەوڵ و غەمێکی ئەو هێشتنەوەو پاراستنی ( ناوچەی دڵ -Hartland) بوو لە پاشماوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی داڕماو[1]. لەچوارچێوەی ئەو سنورەی کە میساقی نیشتیمانی دایناوبوو، ئیتر مستەفا کەمال هیچ ئاسۆیەکی بۆ دەرەوەی سنوری دڵ نەهێشتەوە، گەلانی ئاسیای ناوەڕاستی پشتگوێخست، هەموو تواناکانی خۆی بۆ ناوچەی ئەنادوڵ خستەگەڕو تورکیای ئەمڕۆی دروستکرد، چونکە بەپێی

[1] میشال نوفل، عودة تركيا إلى الشرق الاوسط ، الاتجاهات الجديدة للسياسة التركية ، الدار العربية للعلوم ناشرون، لبنان، بيروت، الطبعة الاولى، ٢٠١٠، ص 21.

بـارودۆخی ئەو کـاتە (یەکیەتـی سەرتاسـەری گەلانـی تـورک) بەهـیچ شێوەیەک واقعی و بەرجەستەکراو نەبوو.

لایەنگرانی پان تورکیزم و تۆرانیەکان بانگەشەی وڵاتێکی یۆتۆپییان بۆ هـەموو تـورک زمانـەکانی نـاو تورکیـا و دەرەوەی تورکیـا دەکـرد. لـە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیدا ئەم بزوتنەوەیە توانی خۆی لەناو دەزگا ئایدۆلۆژیەکانی دەوڵەتدا بڵاو بکاتەوە، ئەمانە لەم قۆناغەدا خۆیان بە نەتەوەپەرستە نمونەییەکان دەناساند. بەڵام بە شکستی ئەڵمانـەکان لـە جەنگدا ئەمانیش زەبرێکی گـەورەیان وێکـەوت و لـە رۆژی 3 مـانگی مەی سـاڵی ١٩٤٤ دا دەزگاکـانی دەوڵـەت لــە ئایدۆلۆژیسـتەکانی تـۆرانیزم پاککرایـەوە و 23 کەسـیان دەسـتگیرکران، لەوانەش جـگە لە تـورکەش خـۆی، نیهـال ئاتسـز (Nihal Atsiz)کە وەک کەسـایەتی بیرمەنـدو ئیلهامبەخشی بزوتنەوەکە ناسرابوو لەنێو دەستگیرکراوەکاندا بوون و لـە پرۆسـەیەکی یاسـایدا وەک راسـتی تونـدڕەو هـەژمار کـران و بە تـاوانی هاندان بۆ توندوتیژی و پشێوی نـانەوە و رەگەزپەرسـتی لە زیندان توند کران.

سـەرۆکی ئەودەمەی تورکیـا، عیسـمەت ئینونو (Ismet Inonu)، کە پاش ئەتاتورک هاتبووە سەرکار، لە 19ی مانگی مەی هەمان ساڵدا، واتە چەند رۆژێک پاش پرۆسـەی دەسـتگیرکردنەکە، لە وتەیەکی خۆیدا ئامـاژە بـۆ مەترسـییەکانی ئەم بـزوتنەوەیە دەکـات و بە هەڕەشـەیان نـاو دەبـات بـۆ سەر ئایندەی کۆماری تورکیا و پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتـانی دراوسـێی تورکیا و ئاسایشی ناوخۆی وڵات، بەڵام وێڕای هۆشدارییەکانی سـەرۆک دەزگاکانی دەوڵەتی تورک پاش ماوەیەکی کورت هەموویـانی ئـازادکرد، بـۆیە هەتـا ئەمـڕۆش مەهەپە و تورکەشـچیەکان رۆژی 3 ی مـانگی مەی وەک رۆژی کـارکردن و لەدایکبـوونی ئیمپراتـۆریەتی ئاینـدەی تـورک ناودەبەن و جەژنی بۆ ساز دەکەن. راستەوخۆ پاش ئازادبوونیشـیان بـۆ یەکەمجـار چەنـدین کـۆمەڵەی تـایبەت بە خۆیـان دروسـتکرد و رۆژنـامەو

گۆڤاریشـیان بە چـاپ دەگەیانـد، ، بەڵام بـۆ ئەوەی ئەمجـارە بە ئاسـانی نەبنە خۆراکی دژەکانیان، چوارچێوەی ئایدۆلۆژی ئەم بزوتنەوەیە گۆڕانی بەسـەردا هـات و خۆیـان وەک لیبـراڵ دیمـوکرات پیشـان دەدا، بەڵام لە راسـتیدا بە ئاشـکرا هەمـوو چالاکییەکـانی خۆیـان لە دژی( هەڕەشـەی سور) ئاڕاستە دەکرد. [1]

**دروستبوونی مەهەپە:**

فاشـیزم لە نێو چوارچێوەی پارتێکی سیاسـی دیاریکراودا بـۆ یەکەم جـار لە تورکیـای هاوچەرخـدا فـۆرمەلە کـرا، مەهەپە زادەی بیـری ناسیۆنالیزم و فاشیزمی تورکیا لە سەروبەندی جەنگی دووەمـی جیهانی و پاش جەنگ وردە وردە فۆرمەلە کرا.

پارتی بزوتنـەوەی نەتـەوەیی واتـە (Milliyetçi Hareket Partisi) کە بـە تـورکی بــە (میللییــەتچی حەرەکــەت پارتیســی) دەخوێنرێتــەوە و بــە کورتکراوەیی بـە (MHP) مەهەپـە دەنوسـرێت، لـە کۆتـایی شەسـتەکانی سەدەی بیستەمەوە خۆی وەک بزوتنەوەیەکی فاشسیت کۆکردەوە. ئەم کـارەی بــەجۆرێکی ســەرنجڕاکێش کـرد، چوارچێـوە ئایدۆلۆژییـە پـان تورکیزمە کۆنەکەی خۆیان لەگەل دژایەتیکردنی کۆمـۆنیزم و بزوتنـەوەی ناشیۆنالیستی و ئیسلامی تێکەڵ کرد.

پرۆسەی پاککردنەوەی دەزگاکانی دەوڵەت لە فاشستەکان کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، هەروا پرۆسەیەکی ئاسان نەبوو، بەڵکو پارتی جەهەپە ناچـار بـوو کە لە نێـو ریزەکـانی خۆیشـیدا چەنـدان کەسـی هەڵگـری ئایدۆلۆژیای فاشیزم دەربکات، ئەمەش لە راستیدا بووە یەکەمین هۆکاری لاوازبوون و کەرتبوونی رانەگەیەنراوی ئەو پارتە، چونکە لە ساڵی 1946

[1] 11 Stella Braam & Mehmet Ülger, Grijze Wolven , een zoektocht naar Turks Extreem-Rechts, Nijch&van Ditmar, Amsterdam, 2004, bld 82-83 .

واتە ئەو ساڵەی کە یاسای فرە حزبی دەرچوو لە وڵاتدا، دوو شەبەنگی سیاسی کە بەشی زۆری سەرکردەکانیان پێشتر جەهەپەیی بوون پارتی سیاسی سەربەخۆیان دروست کرد، لەوانەش پارتی دیموکرات بە رابەری عەدنان مەندەریس .فاشستەکانیش پێکەوە خۆیان گرێدایەوە. دەتوانین دروستبوونی پارتی گەل (Millet Partisi) لە ساڵی 1948 بە یەکەم بزوتنەوەی سیاسی و حزبی فاشستەکانی تورک لە مێژووی هاوچەرخی تورکیا تۆمار بکەین. مارشاڵ فەوزی چەقماق (Fevzi Çakmak) کرا بە سەرۆکی فەخری ئەو پارتەو عوسمان بلوکباشی( Osman Bölükbaşı ) کرا بە سەرۆک و بەرپرسی یەکەمی پارتەکە[1] . هەرچەندە ئەم پارتە لە ساڵی 1954 لە لایەن حکومەتەکەی مەندەریسەوە داخرا، بەڵام لە ساڵی 1958 بۆ یەکەمجار لەگەڵ فاشستە تورکەشچییەکان پێکەوە پارتی کۆماری نەتەوەیی جوتیارانیان دروستکرد.

سەرەتای راستەقینەی دەستپێکی مەهەپە دەگەڕێتەوە بۆ پارتی کۆماریی نەتەوەیی جوتیاران (Cumhuriyetçi Köylü Millet Partisi-CKMP) - جمهوریەتچی کۆیلو میلییەت پارتیسی، کە نوێنەری بزوتنەوەیەکی بچکۆلەی جەماوەری ئەنتی مۆدرێنەی ناوچەکانی ناوەڕاستی ئەنەدۆڵ بوو، بەرپرسی ئەم پارتە کۆنە سەرکردەیەکی تۆرانیەکان بوو بە ناوی کۆلۆنێل ئالپئارسلان تورکەش (Alparslan Turkeş).

لە پاش کودەتای ساڵی 1960 لە دژی حکومەتی پارتی دیموکرات (Demokrat Parti-DP)، کودەتاچیەکان دەستیان زیاتر ئاوەڵا بوو. تۆخبوونەوەی ململانێ لە نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا لە بەرژەوەندیی ئەماندا بوو بۆیە ساڵی ١٩٦٥ تورکەش و هاوبیرەکانی بەتەواوی دەستیان گرت بەسەر پارتی CKMP داو هەر لە هەمان ساڵیشدا لە یەکەم کۆنگرەی خۆیاندا تورکەش وەک سەرۆکی ئەو پارتە دیاریکرا.[2]

---

[1] http://tbmm.mhp.org.tr/mhp_dil.php?dil=ar-

[2] http://tbmm.mhp.org.tr/mhp_dil.php?dil=fa

**تورکەش !**

تورکەش لە ساڵی 1917 لە سیپریۆس (Cyprus- قبرص) لە دایک بووە، خۆی لە بنەڕەتدا ناوی حسێن فەیزوڵا (Feyzollah Huseyin ) یە، ناوی خۆی گۆڕی بە ئاڵپ ئارسلان تورکەش ، چونکە ئەو ناوە لەگەڵ بیرکردنەوەی خۆیدا دەگونجا، ئاڵپ ئارسلان ئەو سوڵتانە بوو، کە لە ساڵی 1071 ئیمپراتۆری بیزەنتینیەکانی تێکوپێکشاند و زەمینەی راستەقینەی سازکرد بۆ پەیدابوونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، تورکەش واتای تورکایەتی یاخود تورک دۆستی دەبەخشێت.

ساڵی 1938 تورکەش بوو بە ئەفسەری سوپای تورک . تورکەش توانی لەسالآنی بەر لەجەنگی جیهانی دووەم هەموو ئەو دۆست و هاوڕێ و هاوبیرانەی خۆی کۆبکاتەوەو گروپەکانی پان تورکیزم و تۆرانییەکان پێکەوە گرێبدات. فەلسەفەی تۆرکەش ئەوە بوو کە ئەمان راستەوخۆ بتوانن بەگژ حەقیقەتی لاوازی ئەمڕۆی وڵاتەکەیان بچنەوەو وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە، کە بۆچی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو بە پیاوە نەخۆشەکەی بۆسفۆر؟ وەڵامی ئەمان ئەوە بوو کە دەبێت پان تورکیستەکان ئیمپراتۆریەتێکی نوێ دروست بکەن، ئیمپراتۆریەتێکی بەهێز بۆ هەموو تورک زمانەکانی دونیا. تورکەش لەم بارو کەشەدا پەروەردە بوو. لەجەنگی دووەمی جیهانیدا تورکەش لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە پەیوەندی بە هتلەرەوە بکات و لەگەڵیدا رێک بکەوێت، بە هیوای ئەوەی کە پاش سەرکەوتن بتوانێت ئاواتەکەی بێتە دی. تورکەش هەرگیز ئەوەی نەشاردۆتەوە کە ئەو سەرسامی هتلەر بووەو بیروباوەڕە رەگەزپەرستەکانی ئەوی وەرگرتووە، بۆ نمونە کاتێک هتلەر بانگەشەی باڵادەستی و پاکژی خوێنی ئەڵمانیەکان و سالاربوونی رەگەزیان دەکات بەسەر تەواوی مرۆڤایەتیدا، تورکەش بەهەمان شێوە ئاماژە بۆ تورکە

رەسەنەکانی دنیا دەکات و وەک باڵاترین رەگەزی مرۆڤ باسیان دەکات " تورک پاکترین و سالارترین نەژادی دنیایە".

پێویستە لەم بەشەدا زۆر بە وردی سەرنجی گۆڕانکارییەکانی ژیانی تورکەش بدەین بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بزانین کە ئەم ئەفسەرەی سوپا چۆن لەدژی هەڕەشەکانی یەکیەتیی سۆڤیەتی جاران رێگای بۆ خۆش دەکرێت تا بتوانێت بەرامبەر بە هەڕەشەی سور لەسەر تورکیا ئاڵتەرناتیڤی فاشیزم و رەگەزپەرستی لە وڵاتەکەیدا برەو پێبدات!

ساڵی 1948 پاش ئەوەی کۆلێژی ئەکادیمیای جەنگ تەواو دەکات، لەلایەن سوپاوە رەوانەکرا بۆ ئەمەریکا و لەوێ جگە لە زانستی سەربازی ئابوریشی خوێندووە. پاشان هەر لە لایەن دامەزراوەی سوپاوە رەوانەی ئەڵمانیا دەکرێت و لەوێ دەورەی تایبەت وەردەگرێت لە جەنگی ئەتۆمیدا، پاش ئەوەی تورکیا لە ساڵی 1952دەبێتە ئەندامی ناتۆ، تورکەش ئەو دەمە لە ئەمەریکا دەبێت ودەکرێتە نوێنەری وڵاتەکەی لەو پەیمانە. دیارە ئەگەر ئێمە بزانین سروشتی کارەکانی ناتۆ چۆنە، ئەوە راستەوخۆ تێدەگەین کە بۆچی لە ناو هەموو سوپای تورکیادا تورکەش بۆ ئەم کارە دەستنیشان دەکرێت؟ لە ساڵی 1960 دا تورکەش پلەی کۆلۆنێل لە سوپادا بەدەست دەهێنێت[1]... پاشماوەی ئەم چیرۆکەش لە درێژەی ئەم کتێبەدا بۆ خوێنەر ئاشکرا دەبێت!

تورکەش لە کودەتاکەی ساڵی 1960 وتەبێژی سەربازی کۆدەتاچیەکان بوو. بەپێی هەندێک سەرچاوە کۆلۆنێل تورکەش خۆی سەرکردەی ئەو هێزەی کردووە، کە دەستی بەسەر کۆشکی کۆماری و دەزگاکانی راگەیاندن و ماڵی سەرۆکەکانی پارتی دیموکرات گرتووە. [2]

---

[1] Stella Braam، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 81.

[2] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: يارجن روث الفاشية التركية ، ترجمة مركز بحوث والمعلومات 1982 لندن ص 123.

پـاش كودەتـا چەنـدين پۆسـتى دبلۆماسـى وەردەگرێـت، مـاوەيەک لە هندستان دەمێنێتەوە، پاشان لە ساڵى 1963 لەگەڵ چەند كەسێكى ديكەى سـەبازيدا هەوڵـى كودەتـايەكى ديـكە دەدات، دووان لە هاوكارەكـانى دەكوژرێن ، بەڵام خۆى پاش ماوەيەكى كورت لە زيندان بەهۆى نەبوونى بەڵگەوە ئازاد دەكرێت!

راستەو خۆ پاش ئازادبوونى لە زيندان ئەم پياوە زياتر دەستى خۆى ئـاوەڵاكرد، ئەمەش جێگـاى پرسـيارو سـەرنجە ، چـونكە سـەرۆكى وڵات ئامـاژە بە هەڕەشـەكانى ئەم گـروپە دەكـات، كەچـى نەک ئـازاد دەكرێـت، بەڵكو ئاسانكاريشى پێشكەش دەكرێت...

توركەش بەردەوام يەكەمين سەرۆكى بێ ركەبەرى مەهەپە بـوو هەتـا كاتى مردنى، چەندين كتێبى سياسى و شرۆڤەكارى بيـرى ناشيوناليسـتى نوسـيوە، لەوانەش ( نـۆ تيشـكەكە، رووداوە نەتەوەييەكـانى 1944 ، مەسەلەكانى توركيا، بەرەو ئاسۆى نوێ، بۆچوونە بنەڕەتييەكان) .[1]

## ئايدۆلۆژياى مەهەپە:

توركەش دوژمنانى توركيا بە سێ كـاف (ئـوچ كـا- Uç k )نـاو دەبـات ، چـونكە هەرسـێ ئەو دوژمـنەى كە ئەو ناويـان دەبـات بە پيتـى كـاف دەسـتپێدەكەن ( كۆمۆنيسـتەكان و كوردەكـان و كزيـل باشـها يـاخود قزڵباشەكان– مەبەستى عەلەويەكانە)[2].

بـۆ هەڵسـەنگاندن و تێگەشـتن لە ئايـدۆلۆژياى مەهەپە، ئەوە پێويسـتە دوو قۆنـاغى زۆر گرنـگ لە مێـژووى توركيـا و مێـژووى مەهەپە جيـا بكەيـنەوە، قۆنـاغى يەكەم ئەو قۆنـاغەيە كە مەهەپە بە تەنهـا خـۆى تەرخـانكردبوو بـۆ شـەڕى عەلەوى و چەپەكـان، كـارى ئاشـكراى مەهەپە

---

[1] http://bizturkmeniz.com/ar/showArticle.asp?id=18048&articleFrom=240

[2] http://asre-nou.net/

لەسەر بنەڕەتی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی وڵات و نەتەوەی تورک بوو، هەر کەسێک دژی ئەم دوو بەهایە بوەستایە، بە دوژمن ناوی دەبراو دەبوو هەتا کوشتن دژایەتی بکرایە. تورکەش لەم بارەوە دەڵێت ( کۆمۆنیزمی جیهانی ئامانجی سەرەکی خۆی لەوەدا دیاریکردووە، کە دەوڵەتی تورکیا لە بن هەڵکێشێت، بێگومان ئەمەش بە یارمەتی ئەوانەی کە وڵاتی خۆیان فرۆشتووە، ئەو خائینانە کە رۆح و نەفسی خۆیان بە دوژمن فرۆشتووە، دەیانەوێت یەکپارچەیی وڵات و نەتەوەمان بخەنە ژێر مەترسی دابەشکردنەوە، دەبێت دەستی هەموو ئەوانە لە بندا ببڕینەوە. ئەوە ئەرکی سەرشانی ئێمەیە ئەم وڵاتە بەهەشتەی خۆمان بپارێزین و لە پێناویدا گیان بەخت بکەین و بمرین، چونکە بستێک لە خاکی نیشتیمان ئەو کاتە خاکی نشتیمانی پێدەوترێت، کە خەڵکانێک هەبن لە پێناویدا بمرن)[1].

هەتا ناوەڕاستی هەشتاکان مەهەپە سوودی لە رێکخراوی دژایەتیکردنی کۆمۆنیزم ، تورکیایە کۆمۆنیزلە موجادەلە دەرنەکی( Türkiye Komünizmle Mücadele Dernegi) دەبینی، کە ئەم رێکخراوە کە بە کورتکراوەی TKMD ناوی دەبرا، رۆڵی بالای بینی لە کۆکردنەوەو دروستکردنەوەی سەرلەنوێ مەهەپە لە پاش کودەتا.

هەتا ساڵی 1970 ئایدۆلۆژیای سەرەکی ئەم پارتە بریتی بوو لە وروژاندنی هەستی ئیسلامی دژ بە کۆمۆنیزم، دروشمی بەهێندی شاخی تانری تورکین و بەهێندی شاخی حەرا موسڵمانینی هێنایە ئاراوە. لەپاڵ ئەمەشدا بێگومان بنەڕەتەکانی (تۆرانیزم ، ناشیۆنالیزم، پۆپۆلیزم و ئەنتی کۆسمۆپۆلەتیک)یان پێکەوە تێکەڵ دەکرد، تەنانەت زۆرجار زمان و ئەدەبیاتی سۆشیالیستی و ئەنتی کاپیتالیزمیان بەکار دەهێنا.

---

[1] Stella Braam139.

لـه سـاڵی 1969دا ڕێبـازی پارتەکـەی تورکـەش CKMP زیـاتر بـەرەو ناشیۆنالیزم هەنگاوی دەناو ئایدۆلۆژیای خۆی لـە نـۆ ئامـانجی سـەرەکیدا ئاشکرا کرد کە بە ڕێبازی نۆ تیشکەکە (Dokuz Işık) نـاوبراوە. ئـەو نـۆ ڕێبازەش ئەمانە بوون:-

ناشیۆنالیزم، سۆشیالیزم، ئایدیالیزم، مۆرالیزم، مەعریفە، لیبراڵیـزم ، ئیندیڤیـدوالیزم، پەرەپێـدانی ئـابوری ، گەشـەپێدانی کشـتوکاڵ و کـەرتی پیشەسازی و تەکنیک... بەگرێدانی هەموو ئەم ڕێبازانە پێکەوە بە تایبەت بە ئاوێتەکردنیان بە بیری ناشیۆنالیستی تورکەش دەتوانین ئـەم ڕەوتـە سیاسییە بە ڕەوتێکی ناشیۆنالیستی توندڕەوی ڕەگەزپەرست و فاشستی ئەنتی کۆمۆنیزم پێناسە بکەین.

وێڕای ئەوەی کە مەهەپە لـە پـەیڕەو و پرۆگرامـی خۆیدا هەریەکە لـە کۆمۆنیزم و کاپیتالیزم ڕەتدەکاتەوە و هەردوکیان بە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر دەوڵەتی نەتەوەیی وەسف دەکات، بەڵام هەموو ئاماژەکان ئـەوە دەردەخـەن، کـە ئـەم پارتـە هەنـدێک زاراوەی بـۆ خـۆڵ لـە چـاوکردنی نـەیارەکانی ئاخنیوەتـە نێـو پرۆگرامـی خۆیـەوەو هـەرگیز کـاری لەسـەر نـەکردوون و لـە پراکتیکدا هەمیشـە دژایـەتی کۆمـۆنیزم و سۆشـیالیزم و سۆشیال دیموکراتەکانی کردووە و لەگەڵ سیستەمی سەرمایەداریدا نەک هیچ گرفتێکی نەبووە، بەڵکو هاوکاریان بووە.

مەهەپـە داواکـاری ئـەوە بـوو کـە دەسـتوری سـاڵی 1961 بەتـەواوی بگۆڕدرێت و لە جیاتی سیستـەمێکی پەرلـەمانیی سیستـەمی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان دامـەزرێت، کـە هـەردوو پۆسـتی سـەرۆک کۆمـارو سـەرۆک وەزیـران لەیـەک پۆسـتدا تیکـەڵ بکـرێن و تـەنها یـەک کەسـایەتی بـن و ڕژێمێک دامەزرێت کە بنـەماکانی دەسـەڵات و متمانـە و دیسـپلین لـە خـۆ بگرێـت و دەوڵـەتێک بنیـات بنرێـت، کـە فـەرمان لـە هـیچ کەسـێکەوە وەرنەگرێت و بەرزترین ئاستی دەسەڵات و هێزی هەبێت.

قۆناغی بەر لە هەڵبژاردنی 1969 پارتەکەی تورکەش هەموو تواناکانی خۆی لە نێو لاواندا خستەگەڕو ساڵێک بەر لە هەڵبژاردنەکان و لە مانگی گەلاوێژدا بە ئاشکرا دەستیکرد بە کردنەوەی سەربازگای تایبەت بە پارتەکەو دروستکردنی هێزو میلیشیای کۆماندۆسی تایبەت بە خۆیان.[١]

گروپەکانی مەهەپە لە نێوان ساڵانی 1969-1971 وەک میلیشیای نافەرمی حکومەت لە دژی ئۆپۆزیسیۆنە چەپەکان دەستیان بە جوڵە کرد، پەیوەندی نێوان ئەم میلیشیایانەو دەزگا جیاوازەکانی حکومەت و دەوڵەتی قوڵ لە سەرەتادا زۆر شاراوە بوون و هیچ جۆرە زانیارییەکی ئەوتۆیان لەسەر نەبوو، بەڵام لە پاشاندا چەندین زانیاری ترسناک ئاشکرا بوون، کە لە بەشەکانی دیکەی ئەم نوسینەدا دەگەڕێینەوە سەریان.

بزوتنەوەکە دەزگایەکی بەناوی سەنتەرە نمونەییەکان (Ülkü Ocaklari) دروستکرد، کە بریتی بوو لە میلیشیایەکی تایبەت بە گەنجان و نازناوی گورگەبۆرەکانیان (Bozkurtlar) بۆ خۆیان هەڵبژارد... لێرەدا زۆر گرنگە کەمێک لەسەر ئەم ڕێکخراوە راوەستین، چونکە نەک تەنها مێژوویەکی قوڵی لەنێو تۆرانیەکاندا هەیە ، بەڵکو هەتا ئەمڕۆ بە باسکی ئایدۆلۆژی و ماکینەی هەڵسوڕێنەری ئایدۆلۆژی لاوانی نەژادپەرستی مەهەپە ئەژمار دەکرێت. یەکەم کامپی سەربازی خۆیان لە ساڵی 1968 لە ئەزمیر کردەوە، پاشان ژمارەی ئەم کامپانە بوون بە 36 دانەو لە هەموو تورکیا بڵاوکرانەوە. زیاتر خەڵکانی ساویلکەی گوندەکان و دژە خۆرئاوایی و دژ بە کۆمۆنیست دەهاتە نێو ریزەکانیان و دواتر لەناو میلیشیاکاندا ڕێکدەخران و رەوانەی کارەکانی خۆیان دەکران.[٢]

---

[١] فلادمير ايفانوفتيش، الصراع السياسي في تركيا، ترجمة يوسف ابراهيم الجهنماني، دار الحوران للطباعة و النشر، سوريا، دمشق، الطبعة الاولى، 1999، ص 223.

[2] http://asre-nou.net/php/view.php?objnr=9384.

پـێگەی ئەلکترۆنـی سـەنتەرە نمونەییەکـان هەتـا ئەمـڕۆش چالاکـانە کارەکـانی خۆیـان دەکەن، بەپێـی لێـدوانەکانی خۆیـان کە لە پێگەکانـدا ئاماژەی بۆ دەکەن، بنەڕەتی ئەم سەنتەرە نمونەییانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خوێنـدکارانەی کە لە کـۆلێژی پزیشـکی سـەربازی خوینـدکار بـوون، لەوانەش، یوسف ئەکجۆرا، موحەمەد ئەمین یودا، ئەحمەد فەرید تیک و ئەحـمەد ئاغـا ئۆغلـو. ئەمـانە لە رێکەوتـی 1912-3-25 یەکەم کـۆمەڵەی نەتەوەیی تورکیان دروستکرد.

لە کۆتـایی مـاوەی فەرمـانڕەوایی عوسـمانیەکاندا، بـۆ کـۆکردنەوەی زۆرتـرین ژمـارەی لاوانـی نەژادپەرسـتی تـورک لە رۆژی 1916-12-4 رێکخراوی یەکیەتی نەتەوەیی قوتابیانی تورکیان لە زانکۆی ئەستەنبول دروسـتکرد، ئەم رێکخـراوە یەکێـک بـوو لە بەهێزتـرین رێکخـراوی تۆرانیەکانی تورک، کە هەتا ساڵی 1944 بەردەوامیی هەبوو، لەو سـاڵەدا زۆربەی هەرە زۆری سـەرکردەکانی ئەو رێکخـراوە، لەوانەش خـودی تورکەش لە لایەن دەوڵەتەوە دەستگیرکران. پاش ئازاد بوونی تورکەش و هاورێکانی لە زیندان و پاشـان دروسـتکردنی پـارتی (CKMP) وەک لە سـەرەتا باسـمان کـرد، ئەم رێکخـراوانە بـوونە یەکێـک لە ئامرازەکـانی مەهەپە و لە رۆژی 1968-2-29 ناوی سەنتەرە نمونەییەکانی لێنرا.

ئەم سەنتەرانە بایەخێکی تایبەتیان بە منداڵان دەدا، منداڵانیان هەر لە هەرەتـی لاویـیەوە بە گیـانی تـۆرانی پەروەردە دەکـرد و لە هەمـوو زانکۆکانی تورکیا و لە بەشـەکانی وەک کۆلیژی یاسا و زمان و مێژوو جوگرافیا و کشتوکاڵ لقەکانی خۆیان کردەوە، بە جۆرێک لە ماوەیەکی کورتـدا لە سەرتاسـەری وڵات تەشـەنەیان کـرد و لقیـان لە هەمـوو شـارەکاندا کردەوە. هەر لە پێگەی ئەلکترۆنـی ئەم رێکخـراوانەدا تەواوی ئامارو مێژووی رووبەڕووبوونەوەکانی خۆیان لەگەڵ رێکخراوە چەپ و کۆمۆنیستەکاندا دەخەنە روو.

له کودەتـای 12ی ئـازاری 1971 ئەم ڕێکخـراوەش هاوتـای هەمـوو ڕێکخراوەکـانی دیـکە قەدەغەکـرا، بەڵام ئەنـدامەکانی سـەرلەنوێ لەنـاو ڕێکخراوێکی تـازە بەنـاوی ( ڕێکخـراوی نەتەوەپەرسـتانی تـورک) خـۆی دامەزراندەوە و گۆڤاری ( عەقیدەی مەزن)یان کردە زمانحـاڵی خـۆیان و لە ساڵی 1978 دا چوارەم کۆنگرەی خۆیان گرێداو لە ژێر سـەرکردایەتیی تورکەشدا بنکەی سەرەکی خۆیان گواستەوە بۆ ئەنقەرە. ئەم ڕێکخراوانە هەتـا ئەمـڕۆ بە ئاشـکرا ڕێکلامـی سیاسـی و فەرهەنگـی بـۆ مەهەپەو گورگەبۆرەکان دەکەن و ئارمی سەر پێگەکانیشیان هەمان ئارم و هێمای گورگە بۆرەکانە.[1]

ناوی گورگی بۆر وەک تۆتەمێک لە میتیۆلۆژیای تورکی بەرلە ئیسلام وەرگیراوە، گوایا گورگێک بە ناوی ئەسینا Asena ڕۆڵی گرنگی گێڕاوە لـە پاراسـتنی تورکەکانـدا و هاوکـاری تـورک دەکـات بـۆ سـەرکەوتن و زاڵ بوون بەسەر دوژمناندا.. لێرەدا سودوەرگرتن لە ئاژەڵێکی وەکو گورگ و کردنی بە سیمبوڵ بۆ گروپێک مەبەستی دیاریکراوی خۆی هەیە، جگە لەوەی سیفەت و خەسڵەتە دیارەکانی گورگ لەو ئەندامانە داوا دەکرێت ، وەکـو هۆکـارێکیش بـۆ بەخشـینی هێـزو شـکۆ بـە ئەندامـەکان بـەکار دەهێنرێت. دیارە لە دروستکردنی ئەم ڕێکخراوەدا تورکـەش گەڕاوەتـەوە سەر بنەڕەتی بزوتنەوە فاشستەکانی وەک مۆسۆلینی کە چۆن لـە سـاڵی 1922دا بەهۆی میلیشیا چەقۆکێشە جل ڕەشەکانەوە مارشـی بـەرەو ڕۆمـا خستەڕێگاو دەستی بەسەر حکومدا گرت..

لێرە بەدواوە ئیتر گورگی بـۆر کـرا بـە هێمـا بـۆ فاشسـتەکانی تورکیـاو تەنانەت ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە هیچ کـات ئـەوە ناشـارنەوە، کە کـار بـۆ ئـەو ڕێکخـراوە دەکـەن و لـە بۆنـەو نابۆنـەدا بـە دەسـتی ڕاسـت (بەرزکردنـەوەی هـەردوو پەنجـەی توتـەو دۆشـاوە مـژە بـۆ سـەرەوەو

---

[1] http://www.ulkuocaklari.org.tr.

دانەواندن و جوتکردنی سێ پەنجەکەی دیکە) هێمای گورگ دروست دەکەن. هەتا ئەمڕۆ گورگەبۆرەکان نەک تەنها لە تورکیا، بەڵکو لەهەرشوێنێک تورک و تەنانەت تورکمانیش هەبێت، ئەوان خۆیان ڕێکدەخەن و دەست بەکارەکانیان دەکەن.

دوای کودەتای ساڵی 1980 بزوتنەوەی چەپگەرایی لە تورکیا بەهۆی زەبرە کوشندەکانی دەوڵەتەوە، زۆر لاواز و پەرتەوازە بوو، بەڵام وەک قۆناغی دووەمی ئەو مێژووە، بزوتنەوەیەکی دیکە لە گۆڕەپانی سیاسی تورکیا سەریهەڵدا، کە ئەویش دروستبوون و سەرهەڵدانی پارتی کرێکارانی کوردستان بوو، ئیتر مەهەپە لەم قۆناغەی خۆیدا تا ڕادەیەکی زۆر هەموو تواناکانی خۆی بۆ شەڕی کورد و پەکەکە تەرخانکرد.. لێرەدا ئێمە هەوڵ دەدەین لە بەشەکانی داهاتووی ئەم نوسینەدا تیشکی زیاتر بخەینە سەر ئەو قۆناغە...

### دەزگاکانی ئایدۆلۆژیای مەهەپە:

دەوڵەتی تورکیا چەندین دەزگای زەبەلاحی لە خزمەت ئایدیۆلۆژیای تۆرانیزم و مەهەپەدا وەگەڕ خستبوو، جگە لە چەندین ڕۆژنامەی وەک حوریەت و میللیەت ، سەدان ڕۆژنامەنوس و گۆڤارو بڵاڤۆکی خستبووە خزمەت ئەم ڕەوتە. مەهەپە هەستی نەتەوایەتی تورکەکانی دەرەوەی تورکیای زۆر بەهەند وەرگرتبوو، چونکە وێڕای ئەوەی ئەو تورکانە لە تاراوگە دەژیان، بەڵام هەستی نامۆ بوون و تێکەڵ نەبوونیان بە کۆمەڵگە ئەوروپیەکان باشترین شێواز بوون بۆ مەهەپە تا بتوانێت ئەوانە بەلای سیاسەتەکانی خۆیدا ڕاکێشێت، ئەمە وێڕای کارکردنی بەردەوام و درشتیان لەسەر کەمایەتییە تورک و تورکمانەکانی دەرەوەی وڵات... لەم بارەوە ستێلا برام و مەمەد ئولگەر لە کتێبەکەی خۆیاندا بەناوی (گورگە بۆرەکان، بەدوواداچون بۆ ڕاستی توندڕەوی تورک) کە بەزمانی

هۆڵەندی چاپی یەکەمیان لە ساڵی 1997 و چاپی پێنجەمیان لە مارتی 2004 بڵاوکردەوەو دەنگدانەوەیەکی زۆر گرنگی هەبوو لە هۆڵەنداو ئەوروپا، زۆر بەوردی ئاماژە بە چەندین خاڵی گرنگ دەدەن لەم بارەوە، کە ئەم چیرۆکەی خوارەوە بەشێکە لەو خاڵانە. [1]

لە دیسێمبەری 1996 مەڵبەندی کەلتوری تورک لە ئەمستەردام کە ئەندامی فیدراسیۆنی ڕێکخراوە تورکەکانی ژێر دەسەڵاتی مەهەپەو گورگەبۆرەکانە، سیمینارێکی سازکرد، ئەم سیمینارە لە ڕۆژنامەی تورکیا (Türkiye) کە ڕۆژنامەی مەهەپەیەو لە ئەوروپا بڵاودەکرێتەوە، ڕیکلامی بۆ کرابوو . سیمینارەکە لە ژێر ناونیشانی (گرفتەکانی ئەمڕۆ لە ژێر ڕۆشنایی نزیکبوونەوەی هەزارەی سێیەمدا)، ئەم سیمینارە کە دەبوو دەربارەی گرفتەکانی ڕەوەندی تورکی بێت لە هۆڵەندا، سەبارەت بە بابەتێکی دیکەبوو، ئەویش جیهانی تورکە لە دەریای ئەدریاتیکەوە هەتا شورەی چین! پێشکەشکاری بابەتەکە پرۆفیسۆر ئۆکسوز(Öksüz) بەرپرسی ڕێکخراوی ئۆراسیای تورکی بوو. پرۆفیسۆری ناوبراو باسی لەوە دەکرد کە لە دەریای ئەدریاتیکەوە هەتا دیواری چین لە پاش ساڵی 2000 واتە لە سەدەی تازەدا هەمووی دەبێتە ئیمپراتۆریەتێکی تورکی مەزن، ناوبراو زیاتر لەم بارەوە گوتی ( دنیای ئەمڕۆ پێویستی بە هەستێکی مەزن هەیە بۆ دادپەروەری، کە ئەمەش لە ناخی تورکدا هەڵقوڵاوە، ئێمە دەبێت گیانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی زیندوو بکەینەوە لەو ناوچەیەدا، لە جیهاندا 210 ملیۆن تورک هەن کە زۆربەی هەرە زۆریان موسڵمانن، جیهانی ئیسلامی بەبێ تورک وەک ماڵێکی گەورەیە لە کارتۆن دروست کرابێت و بەرگەی هیچ ناگرێت و دەڕمێت. من گرەنتی ئەوەتان دەدەمێ کە لەماوەی دە ساڵی داهاتوودا ئێمە دەتوانین بەبێ هیچ ڕێگریەک هەتا وڵاتی چین سەفەر بکەین، تەنها مەرج بۆ ئەم

[1] Stella bld 47-52.

سەرکەوتنە ئەوەیە کە ئێمە خۆمان لە ئەقڵیەتی تەسکی ئەو سەرکردانەی ئەمڕۆ رزگار بکەین، کە تورکیا بەڕێوە دەبەن).

لە چەنـدین سـیمینارو نوسـین و بڵاڤـۆکی دیـکەی ئەم رێکخـراوانەدا ئاماژە بۆ ئەم بابەتانە کراوە. هەمیشـە باس لە مەترسـی ئاوێتەبوون و تواندنەوەی نەوەی سێیەمی تورکەکان دەکرێت لە نێو کۆمەڵگای کافرو بێڕەوشتی ئەوروپیدا. حسێن دومان(Hüseyin Duman) یەکێک لە ئەندامانی دەسـتەی بەڕێـوەبەری کـۆمەڵەی کەلتـوری تورکەکـان سـاڵی 1993 دەنوسـێت: لە ئێسـتادا ئێمە بەچـاوی خۆمـان دەبینـین کە کچـانی تـورک، نەوەکانی ئێمە لە هەندێک دامودەزگای هۆڵەندیدا کـار دەکەن، رەوشـت و ئەخلاقـی ئەوانیـان گرتـووە، جـۆرە کراسـێک لەبەر دەکەن کە هەمـوو سنگیان بەدەرەوەیە، تەنورەکانی بەریان هێندە کورتە، کە هەموو لەشیان بەدیـار دەکەوێت، بـۆ کچـی هۆڵەنـدی ئەمە ئاسـاییە ، چـونکە ئەوان هـیچ بەهایەکیان نیە، بەڵام بۆ کچانی ئێمە، کە پەروەردەی کەلتوری شەرم و ئابڕوون، ئەمە گونجاو نیە .

لە سەردانەکانماندا بۆ زۆربەی کۆمەڵەو رێکخراوەکانی تورکی تـایبەت بە گورگە بۆرەکان هەمیشە پرسیارمان دەکرد کە داخـۆ ئەم کـۆمەڵەیە چ پاشخانێکی سیاسـی هەیە؟ جارێکیـان لە وەڵامـی ئەم پرسـیارەدا کەسـێک بە ئێمەی گوت:

- ئەقڵت پێناشکێت تەماشـا بکەیت؟ سـەیری دیـوارەکە بکە، هەمـووی وێنەی تـورکەش و هێمـاو سـیمبولی مەهەپە و گورگەبۆرەکـانە، ئیتـر بـۆ پرسیار دەکەیت؟

ئەم قسـەیەش درۆ نەبوو، هەمـوو دیوارەکانیـان بە وێنەی تـورکەش و وتەکـانی داپۆشـرابوون، لەنـاو دۆڵابـی کتێبەکانیشـدا جـگە لە کتێبەکـانی تـورکەش و گورگەبۆرەکـان هیچـی دیـکە نەبـوون، تەنـانەت هەمیشـە

گۆرانیەکانی ئۆزان عارف (Ozan Arif) یان لێدەدا، کە یەکێک بوو لە گۆرانیبێژی گورگەبۆرەکان[1].

پاش کودەتای ساڵی 1971 هەتا نیوەی دووەمی هەفتاکان چەپەکان هێندە زەبریان وێکەوتبوو، کە نەیانتوانی خۆیان سەرلەنوێ ڕێکبخەنەوە، چونکە مەهەپە دژی بزوتنەوە چەپەکانی تورکیا بە ئاشکرا ستراتیژی جەنگی ناوخۆی ڕاگەیاندبوو، لە سەرتاسەری وڵاتدا مەهەپە بەبێ دوودڵی مەچەکی ئاسنینی خۆی لەدژی چەپەکان وەگەڕ خستبوو.

بەرەیەکی دیکەی شەڕی مەهەپە لە ناوچەکانی ناوەڕاستی ئەنادۆڵ بوو، لەوێ خۆیان ئاخنییە نێو ململانێی عەلەویەکان و سوننەکانەوە، لەوە ململانێیەدا فاشستەکان نەک دەستیان نەپاراست، بەڵکو (پۆگرۆم*)ێکیان لە شاری قەهرەمان ماراش (Kahramanmaras)خولقاند. ئەم کارەساتە لە مانگی دیسێمبەری 1978 ڕویدا کاتێک کە فاشستەکانی مەهەپە لەو شارەدا هێرشیان کردە سەر چەپ و عەلەویەکان، بەپێی

[1] Stella bld 101

* پۆگرۆم Pogrom

لە باسکردنی فاشستەکانی مەهەپەو گورگە بۆرەکاندا هەمیشە وشەی پۆگرۆم دێتە پێشەوە، پۆگرۆم وشەیەکی زۆر کۆنەو لە بنەڕەتا روسیە، لە ئینجیلدا لە ئایەتەکانی (ئێستەر) باسی کراوە و ئاماژە بۆ هەموو کردەوەکانی (ڕەشەکوژی و پاکتاوکردن و دزین و ئاگرتێبەردان و ڕاوروتکردن)ی گروپێکی زۆرینە دەکات لە دژی جولەکەکان . لە مێژودا چەندین پۆگرۆمی خوێناوی لە دژی جولەکەکان ئەنجامدراون. لە ئیسلامدا بەرامبەر بە وشەی پۆگرۆم دەکرێت ئەقلّیەت و کردەوەی ئەنفال هاو واتای پۆگرۆم بێت. لە مێژووی تورکیادا چەندین جار فاشستەکان پۆگرۆمیان ئەنجامداوە، هەتا ئەمڕۆشی لەسەر بێت ئەو وشەیە لەگەڵ باسکردنی مەهەپەو گورگە بۆرەکاندا ڕاستەوخۆ دێتە پێشەوە.

پۆگرۆم ڕێبازێکی ئاشکراو پەیڕەوکراوی فاشستەکانی تورکیایە، بەپێی نەخشەیەکی دیاریکراو روداوێکی وەک تەقاندنەوە یاخود کوشتن ئامادە دەکرێت و ئۆباڵەکەی دەخرێتە سەر لایەنێکی دیاریکراو، کە پێشتر لە نەخشەی مەهەپەو گورگە بۆرەکاندا کراونەتە ئامانج. ئەم کردەوانە دەیانجار لە دژی کوردو لایەنگرانی پەکەکە ئەنجامدراوە ئەمەش لە ڕێگای تەقاندنەوەی بۆمبێک و تۆمەتبارکردنی پەکەکەو کورد بە ئەنجامدانی ئەو کردەوەیەو پاشان خوڵقاندنی پۆگرۆم لەو شوێنەی کە خۆیان پێشتر نەخشەیان بۆ داڕشتووە.

ڕۆمان نوسی بەناوبانگ ئۆرهان پاموک لە نوسینەکانی خۆیدا بە تایبەت لە ڕۆمانی (بەفر) دا زۆر بە جوانی چۆنیەتی داڕشتن و جێبەجێکردنی پۆگرۆم باس دەکات.

زانیارییە تۆمارکراوەکانی حکومەت 111 کەس لەم هێرشانەدا کوژران و 176 کەسیش بریندار بوون و 280 خانوش سوتێنران. هۆکاری ئەم پۆگرۆمەش کە هەموو پیلان و نەخشەی جێبەجێکردنەکەی لە لایەن گورگەبۆرەکانەوە سیناریۆی بۆ ئامادەکرابوو، تەقاندنەوەی بۆمبێک بوو لە سینەمایەکی ئەو شارە، کە فلیمێکی ناشیۆنالیستانەی توندڕەوی تێدا پێشکەش دەکرا. چەپ و عەلەویەکان بە ئەنجامدانی ئەم کردەوەیە تۆمەتبار کران. نەخشەی ئەم پۆگرۆمە زۆر بە وردی داڕێژرابوو، وەک تۆڵە سەندنەوە، یەکەمجار فاشستەکان دوو مامۆستایان کوشت، لە رۆژی ناشتنی تەرمی دوو مامۆستاکەدا پۆگرۆمی راستەقینە ئەنجامدراو قەسابخانەیەکیان لە دژی چەپ و عەلەویەکان خولقاند و هیچ کەسیش بە تۆمەتی ئەو کردەوانە نەدرایە دادگا، هۆکاری ئەمەش بە ئاشکرا ئەوە بوو کە پیلانەکەی مەهەپە بە جۆرێک ئامادە کرابوو، کە ئەم روداوە وەک کێشەی نێوان عەلەویەکان و سونەکان تەماشا بکرێت و لە چوارچێوەی ململانێی مەزهەبیدا تۆمار بکرێت.. بەهەمان شێوەو لە ساڵی 1995 دا رۆژی 12ی ئازار پۆگرۆمێکی دیکە سازدرا. لە گەڕەکی گازی ئەستەمبۆل. لەورۆژەدا قاوەخانەیەک بە ناوی (دۆستلەر یاقوس قارداشلەر)، کە خەڵکانی عەلەوی لێ دادەنیشتن درایە بەردەستریژی گولە و لە ئاکامدا شێخی عەلەوییەکان ( خەلیل کایا ) کوژراو ( 25 ) کەسی دیکەش برینداربوون[1]. پاش هێرشەکە هێرشبەران بە تەکسیەک لە

---

[1] http://so.firatajans.com/new

[*] پارتی عەدالەت Adalet Partisi-AP

ئەم پارتە ساڵی 1961 دامەزراو ساڵی 1980 داخرا، سلێمان دەمیریل سالی 1964 بوو بە سەرۆکی ئەم پارتە و لە ساڵی ١٩٦٥ بوو بە جێگری سەرۆک وەزیران. لە نێوان ساڵانی 1971-1980 سێ جار حکومەتی دروستکردووە. ساڵی 1980 لە پاش کودەتای سەربازی لەسەر کار لابرا. ساڵی 1987 پارتێکی دیکەی بەناوی پارتی رێگای راست ( Dogru Yol Partisi-DYP) دامەزراند و لە ئۆکتۆبەری 1991دا حکومەتی دروست کردەوە. دیمریل بەر لەوەی ببێتە سەرۆک کۆماری تورکیا حەوت جار حکومەتی دروست کردووە. یەکێک بووە لەو سیاسەتمەدارانەی تورکیا کە زۆر پراگماتیک کاری کردووە. پەیوەندی زۆر توندی لەگەڵ

ناوچەکە هەڵهاتن، پاشان شۆفێری تەکیسەکەشیان کوشت و ئاگریان لە تەکسـیەکە بـەردا. پـاش ئـەم هێرشـانە خـەڵکی گـەڕەکی گـازی بـۆ شەرمەزارکردنی هێرشەکان بەرەو بنکەی پۆلیسی گەڕەکەکە دەستیان بە ڕێپێوان کرد. ڕێپێوەران لەلایەن هێزەکانی پۆلیسی تورکەوە دەستڕێژی گولەیان لێکراو لە ئاکامدا کەسێک بە ناوی ( مەحەمەد گوندوز ) کوژرا. لە پاش ئەم هێرشەی پۆلیسی تورک تووڕەیی خەڵک زیادی کرد و دەیان هـەزار کـەس بۆ دەربڕینی ناڕەزایی بـەرەو بنکـەی پـۆلیس دەسـتیان بـە ڕێپیوان کردەوە. دوبارە پۆلیس دەستڕیژی گولەی کردەوەو لە ئاکام دا ( 12 ) کەسی دیکـەیان کۆمـەڵکوژ کرد. بـە گشـتی لـە مـاوەی دوو ڕۆژدا لەو گەڕەکەدا ( 17 ) کەس کوژران . پاش ئەم کۆمەڵکوژیەش لە هەمـان ئەوگەڕەکـە و لـە دەڤـەرەکانی دیکـەی ئەسـتەنبوڵ سـەرهەڵدان هـەبوون، لەناوچەیەکی دیکەی ئەستەمبۆل دەوڵەتی تورک هێرشـیان کـردەوەو (5) کەسـی دیکـەیان کوشـت . لەسـەرجەم کۆمەڵکوژیەکـەدا بـە گشـتی ( 23 ) کەس کوژران و سەدانی دیکەش برینداربوون. دەربارەی کۆمەڵکوژیەکە، لـەپاش دوو سـاڵ واتـە سـاڵی 1997 دۆسـیە کرایـەوە، بـەڵام دۆزەکـە هـیچ ئــەنجامێکی لــێ نەکەوتــەوە، لــەو ( 20 ) پۆلیســەی کــە لــە ســەر کۆمەڵکوژییــەکان دادگــایی کــران، هــیچ یــەکێکیان ســزا نــەدران و کۆمەڵکوژیەکە پەردەپۆش کرا.

مەهەپە لـە سـاڵەکانی 1975-1977-1979 لـە حکومـەتێکی ئیئتلافی نیمچـە ڕاسـتدا بەشـداریکرد، تورکـەش کـە بەرپرسـی یەکـەمی مەهەپـە بـوو لـەم حکومەتانـەدا (حکومـەتی بـەرەی ناشیۆنالیسـتەکان بـە هاوکـاری پـارتی عەدالـەت) پۆسـتێکی زۆر گرنگـی وەرگـرت، کـە ئـەویش جێگـری سـەرۆک وەزیـران و وەزیـری نـاوخۆ بـوو، لـە ڕێگـای ئـەم پۆسـتەوە تورکـەش

---

ئەمەریکا و ناتۆ دروست کردووە، بە کەسایەتییەکی ناشیۆنالیست و ڕاستڕەو ناسراوە. مێژووی سیاسی ئەم کەسایەتییە زۆر ئاڵوزو وردە، کە ناکرێت بە کورتی لەم پەراوێزەدا ئاماژەی بۆ بکرێت.

کۆنترۆڵی تەواوەتی خۆی بەسەر دەزگای هەواڵگری تورکیا – میللیی ئیستخبارات تەشکیلاتی (Milli Istahbarat Teshilati) واتە ئاژانسی میت (MIT)، سەپاند. مەهەپە بەمەشەوە نەوەستا، بەڵکو لە ڕێگای ئەو وەزیرانەی کەخۆی لەگەڵ پارتی عەدالەتدا(Adalet Partisi-AP)*** بە هاوبەشی کاندیدیان کردبوون بە تەواوەتی خۆیان خزاندە نێو دەزگاو دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە، لەوانەش ئاژانیسی میت و ژیتەم (ئیسختباراتی ژەندرمە)، لە بەشەکانی دیکەی ئەم کتێبەدا خوێنەر دەرەنجامی ئەم کارانەی مەهەپە بەرجەستە دەکات.

لە هەفتاکانی سەدەی بیستەمدا، گۆڕانکارییەکی گرنگ بەسەر مەهەپەدا هات، ئاراستەیەکی ئادیۆلۆژی بەرەو ئیسلام لەنێو مەهەپەدا سەریهەڵدا.هۆکاری ئەم گۆڕانکاریەش لە راستیدا سەرهەڵدان و تۆخبوونەوەی دیاردەی ئیسلامی سیاسی بوو لە تورکیا. پارتی سەلامەتی تورکیا (Milli Selamet Partisi ) کە ساڵی 1972 لە لایەن نەجمەدین ئەربەکانەوە دروستکرابوو، یەکیک بوو لەو پارتانەی کە ئایدۆلۆژیای ئیسلامی و نەتەوەیی تێکەڵکردبوو.

دوای ئەوەی کە تۆرانیە ئسوڵیەکانی ناو ئەم پارتە پەراوێزخران، دروشمی کۆنەپەرستی و ئیسلامیی هاتە نێو ئەدەبیاتی ئەم پارتەوە. بایەخی زیاتری پارتەکە بەرەو هەرێمەکانی ناوەڕاست و خۆرهەڵاتی وڵات بوو، زاراوەکانی وەک جیهاد و شەهادەت بەکار دەهێنران و گەلی تورکیش وەک شمشێری ئیسلام  ئاماژەی بۆ دەکرا.

**مەهەپە لەنێو پارتی نشتیمانی دایک** (Anavatan Partisi) **و پارتەکانی دیکەدا:**

هەروەک لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد، کودەتای سەربازی هەموو پارتەکانی قەدەغە کرد، پاش سەرلەنوێ دارشتنەوەی دەستوری ولآت، سالّی 1983 یاسای پارتەکان جێبەجێکراو ماوەی دروستکردن و پێکهێنانی پارت و ریکخراوەکان سەرلەنوێ درایەوە. پازدە پارتی نوێ لە هەمان سالّدا دامەزرانەوە، دیارە زۆربەی هەرە زۆریان هەمان کەسایەتییە سیاسییەکانی پێشوو بوون، بەلآم بە رەنگ و ماسک و جلوبەرگی تازەوە. لە نۆڤێمبەری هەمان سالّدا هەلّبژاردن ئەنجامدراو تەنها 3 پارتی سیاسی مافی بەشداریکردنی هەلّبژاردنی هەبوو، یەکێک لەو پارتانەش پارتی نیشتیمانی دایک بوو. لە نێو ئەم پارتەدا چوار رەوتی سەرەکی هەبوون، لیبرالّەکان، ئیسلامییەکان، ناشیۆنالیستەکان و سۆشیال دیموکراتەکان. تورگوت ئوزال Turgut Özal بە سەرۆکی ئەم پارتە دیاریکراو لە هەلّبژاردنەکانی ئەو سالّەدا واتە لە 6ی نۆڤێمبەری 1983دا رێژەی 45.1%ی دەنگەکانی بەدەستهێناو لە کۆی 450 کورسی پەرلەمان بوو بە خاوەنی 212 کورسی و ئوزال یەکەم حکومەتی خۆی دروستکرد.

**ئوزال و مەهەپە؟**

ئوزال لە دایکبووی 13ئۆکتۆبەری 1927 بوو، ئەو هەرچەندە لە سالّی 1950 زانکۆی تەکنیکی کارەبای تەواوکردبوو، بەلآم سالّی 1952 رەوانەی ئەمەریکا کرا بۆ ئەوەی پسپۆری لە بواری ئابوریدا بخوێنێت.

ئوزال لە 17ی ئاپرلی 1993 لە بارودۆخێکی تەمومژاویدا لە نوسینگەکەی خۆی بە جەلّتەی دلّ گیانی لەدەستدا، گومانێکی یەکجار

زۆر لەسەر مردنی ئوزال هەبوو، بۆیە لە مانگی دیسێمبەری 2012 گۆڕەکەی هەڵدرایەوەو سەرلەنوێ توێکاری لاشەکەی کراو لە ئاکامدا دوو راپۆرتی دژ بەیەک لەسەر ئەنجامی ئەم توێکاریە بڵاوکرانەوە، یەکێک لە راپۆرتەکان ئاماژە بۆ بوونی برێکی یەکجار زۆر لە زەهری کوشندە دەکات لە جەستەی ئوزالدا، راپۆرتی دووەمیش ئاماژە بۆ مردنێکی ئاسایی و نەبوونی هیچ جۆرە ژەهرێکی کوشندە دەکات، بەڵام بیست ساڵ پاش مەرگی ئوزال بەم بۆنەوەیە سەدان کەس لە دۆست و ئەندامانی خێزانی ئوزال و هاوسەرەکەی (سەمرە ئوزال-Semra Özal) لە سەر گۆڕەکەی یادی ئوزالیان کردەوە. هاوسەرکەی ئوزال داوای لە دەوڵەت کرد کە بکوژانی ئوزال بدۆزێتەوە و نازناوی شەهید بە هاوسەرە کوژراوەکەی ببەخشن ، چونکە ئەوان هەتا ئەمرۆ لەو باوەڕەدان کە رێکخراوی ئەرگەنەکۆن دەستی لە کوشتنی ئوزالدا هەبێت. شایانی باسە هەتا ئەمرۆ پرۆسەی دادگایکردنی ئەندامانی ئەرگەنەکۆن بەردەوامی هەیە و لە نێوانیاندا ژەنراڵێکی خانەنشینی سوپا بە ناوی (لڤنت ئەرسوز- Levent Ersöz) هەیە، کە دادگا چەند رۆژێکی کەم بەر لە ساڵیادی ئوزال، تۆمەتی کوشتنی ناوبراوی دایە پاڵ، هەروەها خێزانی ئوزالیش وەک داواکار لە دژی ئەم ژەنراڵە لە دادگا سکاڵایان تۆمار کردووە.[1]

بەڵام بۆچی دەبێت رێکخراوی ئەرگەنەکۆن سەرۆک وەزیرانی وڵاتی خۆی بکوژێت؟ ئەمە کرۆکی ئەو پرسیارەیە، کە وەڵامەکەی بەڵگەی حاشاهەڵنەگرە بۆ هۆکاری کوشتنەکەی. سوپای تورکیا بە سەرکردایەتی سەرۆکی ئەرکانی سوپا کەنعان ئیڤرەن(Kenan Evren) کودەتای ساڵی 1980ی ئەنجامدا، یەکەمین کاریش کەکردیان، دەستگیرکردنی سەرکردەکانی دەسەڵات بوو وەک سلێمان دەمیریل(Süleyman Demirel)،

[1] رۆژنامەی الشرق الاوسط رۆژی 18-4-2013.

هەروەهـــا ســـەرکردەکانی ئۆپۆزیســـیۆنیش وەک بولەنـــت ئەجەویـــد و ئەربەکان.

دە رۆژ دوای ئەو کودەتایە ئەستیرەی ئوزال درەوشـایەوە، چـونکە ئوزال ئابوریناسێکی زیرەکی تورکیا بوو، بۆیە کرا بە وەزیری کاروباری ئابوری و پاشـانیش بە جێگری سـەرۆکی حکومەت ، کە بولەند ئۆلۆسـو بـوو، کودەتاچییەکـان کەسـێکی ئابوریناسـی لێهاتوویـان دەویسـت، کە ئـابوری وڵات هەڵسـێنیتەوە، ئەو کەسـەش تورکـوت ئـوزال بـوو، چـونکە هەمـوو کەرتە ئابورییەکـانی دەوڵەت واتە کەرتـی گشـتی (نەخۆشـخانە و بەنداوەکان و زانکۆکـان و وێستگەی کارەبـا..تـاد) هەمـووی تەپیبـوون و پێویستیان بە ریفۆرم هەبوو، جگە لەوەش خۆی لە بنەڕەتا کودەتا (وەک لە پاشان بە درێژی باسی دەکەین) لە پێناو دامەزراندنی سیستەمێک بوو کە بەپێی رێساکانی بازاڕو پێودانگەکانی خۆرئاوا ، بەتـایبەت ئەمەریکا بـڕوا، ئـوزالیش بەوە ناسـراوبوو کە یەکـێکە لەو کەسـانەی پەیوەنـدی تـایبەت و گرنـگ و سـتراتیژی بە نێوەنـدە ئەمەریکاییەکـانەوە هەبـوو، تەنانەت ئەمەریکا پشتوانی تەواوی خۆی بـۆ ئوزال لەنـاو سـەرکردەکانی دیکەی تورکدا هەرگیز نەشـاردۆتەوە. لە بنەڕەتدا یەکێک لە هۆکارەکـانی کودەتـا بەسـتنەوەی تورکیـا بـوو بە بـازاڕی سـەرمایەداری لیبراڵـی جیهانەوە، تا بتوانن لەو رێگایەوە تورکیا و کۆمەڵگەی تورکیـا بە تەواوی لە هەڕەشـەی بلـۆکی خـۆرهەڵات دوور بـخەنەوە. ئەم کـارەش تەنهـا بە ئوزال دەکرا، چونکە بە کورتی، فەلسەفەی ئوزال گرێدانی تورکیا بـوو بە ئەمەریکاوە نەک تەنها لەرێگای سەربازی و ئابووری ، بەڵکو بە گرێدانی کەلتـوری و سیاسیشـەوە. ئەگەر سـەرنجی پەیوەنـدییەکانی ئەمەریکـا و تورکیا بدەین لە کاتی دەسـەڵاتی یەکەم و دووەمـی ئوزالدا، ئەوە زۆر بە خێرایی ئەو راستیەی سەرەوەمان بۆ دەردەکەوێت، چـونکە لەو مـاوەیەدا تورکیا بەتەواوی لە هەموو بوارەکاندا ئاوێتەی ئەمەریکا کرا.

ئـاڵوگۆڕی دراو بـۆ دەرەوەو نـاوەوەی وڵات ئـازاد کـرا، کـردنەوەی حسابی بانکی بە دراوی قورس ئازاد کرا، نرخی لیرەی تورکی بەستەوە بە بـازاڕی ئـازادەوە. وەرگرتنـی مۆڵەتنـامەی پێشـوەخت بـۆ تەواوی شـمەکە هاوردووەکـان لابـران و گومرگیشـیان لەسـەر کەم کـرانەوە، کەمکـردنەوەی ژمـارەی کارمەنـدانی دەوڵەت و کەمکـردنەوەی بـاجی دەرامەت بە ڕێژەی 20%، هەموو ئەمانە ئەو هەنگاوە سەرەتاییانە بوون، کە ئۆزال وەک ئەندازیارێکی سیاسی و ئابوری شارەزا پیادەی کردن.[١]

ئەم هەنگـاوانەی ئـوزال بـوونە هۆکـاری ئەوەی کە ئـابوریی تورکیـا بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەسەندن بەخۆوە ببینێت، تێکڕای گەشەسەندنی ئــابوری لە 3.3 لە ســاڵی 1983 گەیشــتە ریــژەی 9.1 لە ســاڵی 1990 ، هەروەها کەرتی پیشەسازی لە ڕێژەی 2.1 لە هەمان ماوەدا بەرزبۆوە بۆ ریـژەی 9.7 لە هەمـان سـاڵی 1990 ، هەروەهـا بـڕی هەنـاردەکردن لە 5.7 ملیـار دۆلارەوە لە سـاڵی 1983 بەرزبـۆوە بـۆ 11.6 ملیـار دۆلار لە سـاڵی 1990.[٢]

لە ڕۆژی 18/6/1988 هەوڵێکی سەرنەگرتوو بۆ کوشتنی ئۆزال لە لایەن گورگە بۆرەکانەوە ئەنجامدرا، ئەمەش لانیکەم ئەوەی سەلماند کە ئوزال لە نێو ناشیۆنالیست و راسـتڕەوەکاندا دوژمنی زۆری هەیـە، چونکـە ئـەو وێڕای ئەوەی بەرامبەر بـە یۆنـان سیاسـەتێکی نـەرمی پیـادە دەکـرد و لـە هەوڵی ئەوەدا بوو کە تورکیا لە یۆنان نزیک بکاتـەوە، بـە تـەمای ئـەوەش بوو کێشەی کورد لە تورکیا لەگەڵ پەکەکەدا بە ئاشتی چارەسـەر بکـات. ئەم سیاسەتانەی ئۆزال هەرگیز بەدڵی مەهەپەییەکان نەبوو، بۆیە ئـەوان

---

[١] محەمەد نورەدین، تورکیا لەسەردەمی گۆڕاندا، وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، هەرێمی کوردستان، سلێمانی، 2000 لاپەڕە 57.

[٢] د.جلال عبدالله معوض، صناعة القرار في ترکیا، مرکز دراسات الوحدة العربیة، لبنان، بیروت ، الطبعة الاولی، 1998 ص 29.

لــە نێــو ئــەو پارتــەدا دژی ســەرۆکەکە بــوون و خۆیــان لــە رەوتــە ناشیۆنالیست و  ئیسلامییەکان نزیک دەکردەوە. [1]

پـاش ئـەوەی لـە هەڵبژاردنـەکانی سـاڵی 1983دا حزبەکـەی ئـوزال زۆرینەی کورسیەکانی بردەوەو ئوزال کرا بە سەرۆک وەزیران، ساڵی 1989 هــەتا رۆژی گیــان لەدەســتدانی هەشــتەم ســەرۆکی کۆمــاربوو. هەرچەندە هەموو تەمەنی خۆی بۆ خزمەتکردنی تورکیا تەرخان کردبوو، بەڵام دەتــوانین بێــژین کە ویســتی چارەســەرکردنی کێشــەی کــورد و دانوســتان لەگەڵ پەکەکە، هۆکـاری هەرە سـەرەکی بـوون بـۆ کوشـتنی ئوزال.

لـە یەکـەم حکومـەتی ئوزالدا لانـی کـەم پێنج لـە وەزیرەکان پاشـخانی مەهەپەیان هەبوو. هەندێک لە ئەندامانی مەهەپە بـەم دوو رەوتـەش قایل نەدەبوون، بۆیە خۆیان خزاندە نێو پارتەکانی دیکـەی وەک پـارتی رێگـای راست (Dogru Yol Partisi DYP) و پارتی رەفا (Refah partisi RP).

یەکێک لەو پارتانەی کە سـاڵی 1983 دروسـت بـوو پـارتی پارێزگـاران-موحافیزەکـار پارتیسـی  بـوو (Muhafazakar Partisi)، تورکـەش بانگـەوازی بۆ هەموو ئەندامە کۆنەکانی مەهەپە کرد، کە بێنە نێو ئەم پارتـەوە، بـەڵام بانگەوازەکـەی تورکـەش سـەرکەوتنی تـەواوی بەدەسـت نـەهێنا، چونکـە زۆرێـک لـە ئەنـدامانی مەهەپـە کـە لـەناو پـارتی نیشـتیمانی دایکدا بـوون، تێکـەڵ بـە رەوتـی ئیسـلامیزەکردنی کۆمـەڵگای تورکیـا ببـوون، زۆرێکـی دیکەش لە ئەندامانی پارتی موحافیزەکار ئامادە نەبوون رێبازو پرۆگرامی گورگــەبۆرەکان پەســەند بکــەن، چونکــە ئامــاژە بــۆ ئەفســانەیەکی سەردەمێکی  ئیسلام دەکات..

لە راسـتیدا ئـەم پارتـە درێژکراوەی هـەمان پارتی مەهەپـە بـوو لـەژێر نـاوێکی دیکـەدا، بـەڵام بـەهۆی قەدەغـەکردنی یاسـایی پارتـەکانی بـەر لـە

---

[1] مامەند رۆژە، پێغەمی جیۆپۆلەتیکا، دەزگای چاپ و پەخشی جەمال عیرفان، هەرێمی کوردستان، چاپخانەی شڤان، چاپی یەکەم، 2012 لاپەڕە 246 .

کودەتـا تورکـەش نەیـدەتوانی نـاوی مەهەپـە دیسـانەوە بکاتـە بـە نـاوی پارتەکەی خۆی، بۆیە ناچار بوو بۆ دەرباز بوون لە قەیرانی ئەو پارتـەو کۆکردنـەوەی لایـەنگرو هـەوادارنی پەرتـەوازەی مەهەپـە پـارتێکی دیکـەی هاوشیوەی مەهەپە دروست بکات.

سـاڵی 1985 پـارتێکی دیکـە بـەناوی پـارتی کرێکـارانی ناشیۆنالیسـت – میللییەتچی چالشمە پارتیسی (Milliyetçi Çalişma Partisi-MÇP) دروستکراو لـە کۆتـایی 1987 دا تورکـەش کـرا بـە سـەرۆکی گشـتی پارتەکـە. لـەپاش ریفراندۆمی گشـتی، پارتـە کۆنـەکان قەدەغـەیان لەسـەر هـەڵگیرا، مەچەپـە هەرگیز نەیتوانی وەک جارانی مەهەپە خەڵکی لە دەوری خۆی کۆکاتەوە، لە هەڵبژاردنی 1987 دا ئەو پارتە تەنها 2.9٪ی دەنگـەکانی بەدەسـتهێنا، لـە کاتێکـدا مەهەپـە لـە دوا هــەڵبژرادنی بـەر لـە کودەتـا 6.6٪ی دەنگـەکانی بـردەوە. هۆکـاری سـەرەکی کـەم بوونـەوەی دەنگەکانیشـیان ئـەوە بـوو زۆربەی ئەندامە دیارەکانی رێکخراوی گورگەبۆرەکان لە پلەی سـەربازی بـالآدا هـەر هـەموویان لـە رێگـای پـارتی نشـتیمانی دایـک واتە پـارتەکەی ئوزال تێکەڵ بە رەوتە ئیسلامی و ناشیۆنالیستەکان ببون.

**چەند سەرنجێك لەسەر ئوزال:**

لە نـاو ئەدەبیـاتی سیاسـی باشـوری کوردسـتان، هەڵەیەکـی بـاو سـەریهەڵداوە، تێگەشـتنی نـاواقعی لە ئـوزال و هەنگاوەکـانی ئـوزال لە هەمـبەر پرسـی کـورد لە بـاکوری کوردسـتان و تەنـانەت لە باشـورو پارچەکانی دیکەی کوردستانیش. هەرچەندە هەتا ئەمرۆ بەڵگەی تەواوی ئەوە لەبەر دەسـتا نـیە کە ئـوزال تیـرۆر کرابێـت ، بەڵام زۆربەی گریمانەکان بەرەو ئەوە دەچن کە ئوزال بە دەستی دەزگاکانی دەوڵەتی قـوڵ ئەرگەنەکـۆن یـاخود مەهەپەو گورگەبۆرەکـان، تیـرۆر کرابێت. بە بۆچوونی من هەڵەی باوی ئێمە سـەبارەت بە تیرۆرکردنی ئوزال بەهەڵە تێگەشـتنە لە هۆکـاری کوشـتنی ئـوزال. لە ئەدەبیـاتی سیاسـی و حزبیی

باشوری کوردستاندا زۆر جار ئوزال وەک شەهیدێکی کورد یاخود وەک سەرکردەیەک وێنا دەکرێت، کە لەبەر کوردبوونی خۆی هەوڵیداوە پرسی کورد چارەسەر بکات و کورد بە مافەکانی خۆی بگات، بۆیە کوژرا. بەڵام بە بۆچوونی من ئەم هەڵوێستە جگە لە کاردانەوەیەکی عاتیفی و سۆزیاری بۆکورد بوونی ئوزال، بنەمایەکی زانستی نیە، هەرچەندە ئوزال لە چەندین بۆنەدا کوردبوونی خۆی بە تەواوەتی نەسەلماندووە، هێندە نەبێت کە جار جارە ئاماژەی بۆ ئەوەداوە کە (نەنکی) کورد بووە.

جیاوازی ئوزال لەگەڵ سەرکردە تورکەکانی بەر لە خۆی ئەوە بوو کە ئوزال کەمالیست نەبوو، بەڵکو ئوزال زۆر بە قوڵی خولیای ئەوە بوو کە تورکیا لە مۆدیلی ناتەواوی کەمالیزم رزگار بکات. ئوزال لەبەر ئەوەی کە ئابورناسێکی زۆر لێهاتووی وڵات بوو، لە تێگەشتنی خۆیدا بۆ پرسی تورکیاو کێشەکانی تورکیا هەمیشە مێژووی وڵات و پێشکەوتنە ئابوریەکانی سەردەمی پێکەوە گرێدەدا. ئوزال دەیزانی کە ئیتر کەمالیزم وەک مۆدێلی سیاسی و ئابوری بەکەڵکی تورکیا نەماوە، بۆیە ئەو خولیای گەڕانەوەی هەبوو بۆ مێژوو، بەبێ ئەوەی قاچەکانی خۆی لەسەر ئەرزی واقعی ئەمرۆی تورکیا هەڵبگرێت و تەنها خەیاڵپڵاوی بکات. بە گەڕانەوە بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی فەلسەفەی عوسمانگەرایی نوێ، کە ئەمرۆ ئەحمەد داود ئۆغلۆ دەخوازێت خۆیی و پارتی دادوگەشەپیدان بکات بە خاوەنی ئەو تێزە، بۆمان ئاشکرا دەبێت کە تۆرکۆت ئوزال یەکەمین بیرمەندی ئەو بوارەیە. ئوزال دەیگوت لەرابووردوودا شەڕی دەسەڵات و باڵادەستی لە ئەوروپادا لە نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و روسی و هەنگاری و نەمساویدا بووە، ئەمرۆش هەمان شەڕە ، بەڵام بە جیاوازییەوە لە شێوەی بارودۆخەکەدا، لە کاتێکدا نەخشەی هێزەکانی ئەوروپای کێشاو زانیاری لەبارەی هاوسەنگییەکانی هێزی نێوانیان دابەدەستەوە، خوازیاری ئەوە بوو کە تورکیا رۆڵێکی عوسمانی نوێ ببینێت، بۆیە دەیگوت (بۆ ئەوەی تورکیا

سەرلەنوێ نەکەوێتەوە چنگی شکست، دەبێت ببێتە هێزێکی ئیقلیمی گەورە). [1]

لەسەردەمی سەرۆکایەتی ئوزالدا کێشە وململانێکانی تورکیا، بە تایبەت مەسەلەی کورد و ئەو جەنگەی کە تورکیا چەندین ساڵ بوو بەبێ هیچ ئەنجامێک لە دژی کورد و پەکەکە هەڵگیرساندبوو، هێندە توند ببوەوە، کە لەبەردەم هەموو لایەنە سیاسی و ناسیاسییەکانی تورکیای بەسەردوو شەبەنگدا دابەش کردبوو، شەبەنگێکیان کە ئوزال و چەندین کەسایەتی و لایەنی دیکە سەرکردایەتی دەکرد، لەو باوەڕەدا بوو کە تورکیا بەو پێیەی کە ئەندامە لە سیستەمە سیاسی و ئابورییەکانی ئەوروپا و چەندین ڕێکەوتننامەی گرنگی لەم بارەوە مۆر کردووە، دەبێت گرفتی کورد بەپێی پێودانگە جیهانیەکانی مافی مرۆڤ و مافی گەلان و کەمینەکان چارەسەر بکات و هەنگاوەکانی خۆی بەرەو خۆرئاوا خێراتر بکات.

شەبەنگی دووەمیش کە مەهەپە و جەهەپە هەرە دیارەکانی بوون و تورکە ناسیۆنالیست و نەژاد پەرستەکانیش لە پشتی پەردەوە کاریان بۆ دەکرد، ئەوە بوو کە بانگەوازی چارەسەرکردنی کێشەی کوردی دەکرد بە گەڕانەوە بۆ بنەماو دیدگاکانی نەتەوەیی تورک و بنەما چەسپاوەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی سەنتراڵ کە هەرگیز ڕێگا بە جیابوونەوە یان فیدراڵیزم تەنانەت ددان بە کەمینەی نەتەوەیشدا لە چوارچێوەی تورکیادا نانێت. ئەم شەبەنگە تەنها یەک ڕێگای لەبەردەم کوردا هێشتبووەوە، ئەویش جەنگی درێژخایەن و مافی خۆ پاراستنی ڕەوا بوو.

بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێت کە ئوزال لە بەرخاتری تورکیاو پاراستنی یەکپارچەیی وڵاتەکەی خۆی پێشبینی ئەوەی کردبوو کە ئەگەر مەسەلەی کورد بە ئاشتیانە چارەسەر نەکرێت، ئەوە تورکیا دەکەوێتە

[1] محەمەد نورەدین، هەمان سەرچاوەی پێشوو.لاپەڕە 45.

بەردەم هەڕەشـەیەکی زۆر گەورەو مەترسـیدارەوە، هەر لە چوارچێوەی ئەم تێڕوانینەی خۆیدا بـوو کە بانگەشـەی بـۆ دامەزرانـدنی فیـدراڵیەتێک دەکـرد لە نێـوان کوردەکـانی تورکیـاو تورکەکانیـدا، هەروەهـا لە نێـوان تورکیـاو بـاکوری عێراقـدا، تەنـانەت ئـوزال بە سـەرکردە کوردەکـانی ڕاگەیاندبوو کە تورکیا پاڵپشتی لە گەڕانەوەی مافەکانی کورد دەکات، جا ئەمە بە گوێرەی سیستەمێکی دیموکراتی بێت یان بە شێوەی فیدرالی یاخود کۆنفیدرالی بێت لە نێوان تورکیاو کوردەکانی عێراق و کوردەکانی تورکیا پێکەوە. بەڕێز مـام جەلال کە خـۆی کەسـێکی زۆر نزیک بـوو لە ئوزالەوە لە چەندین بۆنەدا ئەم تێڕوانینەی ئوزالی دووبـارە دەکردەوە، هەر لەم چوارچێوەیەشـدا بـوو کە خـودی تالەبـانی (Jalal Talbani) میانگیری لە نێوان پەکەکەو ئوزالدا کرد.

ئـوزال هەمـوو ئەو کـارانەی خـۆی لە چوارچێوەی سـتراتیژی تـایبەتی خـۆی کە لە ڕەوتـی عوسـمانگەراییدا خـۆی دەبینـیەوە، ئەنجامـدەدا، دەنـا ئـوزال نەک هەر بێدەنگ بـووە بەرامبەر بە کارەساتی هەڵەبـجە ، بەڵکو راسـتەوخۆ پـاش دوو هەفـتە لەو جینۆسـایدە سـەردانی بەغـدای کـرد. هەروەهـا جەنگی عێراق و ئێران بە نیعمەتـی خـودا بـۆ تورکیـا وەسـف دەکـات و داگیرکردنـی کـوێتیش لە لایەن عێـراقەوە بە (ڕەحمەتیکـی خوداوەند کە بەسەر تورکیادا باریوە) وەسف دەکات.[1]

خـاڵێکی دیـکەی زۆر گرنـگ لە هـزری ئوزالـدا کە هەر ڕەنگـدانەوەی هەمـان چوارچێـوەی هـزری عوسـمانگەرایی نـوێ بـووە، مەسـەلەی تورکمانەکـانی عێـراقە. جەنگیـز چانـدار (Cengiz Çandar) کە یەکێـک لە ڕۆژنامەنوسـە هەرە نزیـک و جێباوەڕەکـانی ئـوزال بـوو، لەم بـارەوە لە میـانەی یەکێـک لە سـەردانەکانی خۆیـدا بـۆ لای ئـوزال لە سـەروبەندی جەنگـی کەنـداوی یەکەمـدا دەڵێـت ئـوزال داوای ژمـارەی تورکمانەکـانی

[1] د. وليد رضوان، العلاقات العربية – التركية في القرن العشرين، دار عبدالمنعم، الطبعة الاولى، سوريا، دمشق، 2004، ص 227.

عێراقی لێکردم و پرسی (ئایا تورکمانەکان بەسن بۆ ئەوەی نفوزی ئێمە لە عێراق زیاد بکات؟ ئایا کارتی تورکمان بەسە بۆ ئەوەی نفوزی ئێمە وەک تورکیا بگەیەنێتە ناوەند؟) لە وەڵامدا جەنگیز چاندار پێی دەڵێت نەخێر. ئوزالیش راستەوخۆ پێی دەڵێت (بەبێ کوردەکان نابێت وانیە؟)[1]

بەمجۆرە بۆمان روونده‌بێته‌وه‌ كه‌ هه‌موو خه‌ون و خه‌یاڵی ئوزال ته‌نها بەرژەوەندی تورکیا بووه‌، ئه‌و دڵنیا بووه‌ له‌وه‌ی كه‌ به‌بێ ئاشتبوونه‌وه‌ی تورکیا لەگەڵ کورد یاخود لانی کەم قایل کردنی کوردەکانی باشور هەرگیز ناتوانێت ئەو خەونە بەدی بێنێت ، چونکە کەمێک پاشتر لەم گفتوگۆیە دەست دەخاتە سەر نەخشەکەی عێراق و پەنجەی خۆی بەرەو سنوری سعودیە دەبات و بە جەنگیز چاندار دەڵێت (ئەگەر بتوانین نفوزی تورکیا هەتا ئێرە پەرەپێبدەین، ئەوا دەبینە یەکێک لە گرنگترین وڵاتانی جیهان). هەر لە درێژەی ئەو گفتوگۆیانەدا ئوزال باسی پانتاییەکی جیۆپۆلەتیکی گرنگ دەکات بۆ تورکیای ئاینده‌، کە بڵاوکردنەوەی دەسەڵاتی خۆی لەو بەشەی عێراقدا واتای زاڵ بوون دەگەیەنێت بەسەر کەنداوی سوێس و کەنداوی فارس. بەمجۆرە بە ئاشکرا هەست بەوە دەکرێت کە ئوزال راستەقینەی ناوچەکەی باش زانیوەو ململانێی مێژوویی نێوان عوسمانی و سەفەویەکانی لەسەر عێراق باش هەڵسەنگاندبوو، هەروەک چاندار ئاماژەی بۆ دەکات ئەو دەیزانی تورکمانەکان بەهۆی کەمی ژمارەو لاوازی و پەرتوبڵاوبوونی جوگرافی نەیاندەتوانی ببنە ئامرازیکی گونجاو بۆ ئەوەی تورکیا بە ئامانجەکانی خۆی بگات، بۆیە دەبوو کوردەکان لەو هاوسەنگییەدا جێگە

[1] جەنگیز چاندار، شەمەندەفەری میزوپۆتامیا، وەرگێڕانی زریان رۆژهەڵاتی ، بەشی دەیەم، رۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە 6181 رۆژی هەینی 2013-9-13 لاپەڕە 11.

بگرن، بۆیە ئەو لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە کارتی کورد بخاتە دەستی خۆیەوە...[1]

ئوزال دووجار لە تەمەنی سیاسی خۆیدا بە سەرکەوتوویی دەنگەکانی بەدەستهێناوەو حکومەتی دروستکردووە، حکومەتی یەکەمی ئوزال پاش هەڵبژاردنەکانی نۆڤێمبەری 1983 هەتا دیسێمبەری 1987 ی خایاند و حکومەتی دووەمی هەتا رۆژی 31ی ئۆکتۆبەری 1989 خایاندی، کە پاش ئەوە ئیتر لە شوێنی کەنعان ئیڤرەن رۆشتە کۆشکی جانکایا و هەتا رۆژی مردنەکەی هەر بە سەرۆکی وڵات مایەوە. ماوەی ئوزال لە سەر تەختی شانۆی سیاسی تورکیا بە ماوەیەکی زۆر گرنگ وەسف کراوە، تەنانەت زۆرێک لە بیرمەندانی سیاسی و چاودێرانی تورکیا لەو باوەڕەدان، کە پاش ئەتاتورک هیچ سیاسەتمەدارێک نەیتوانیوە هێندەی ئوزال کاریگەری خۆی بەسەر تورکیاوە بنەخشێنێت، تەنانەت ماوەی حکومەت و سەرۆکایەتی تورکیا راشکاوانە بە ماوە یاخود سەردەمی ئوزال ناو دەبرێت.

ئەوەی هیچ کەس ناتوانێت نکوڵیلێبکات، ئەوەیە کە ئوزال یەکێک بووە لە سەرۆکە هەرە مەزنەکانی تورکیا و رۆڵی زۆر گرنگی گێڕاوە لە نزیکردنەوەی کوردو تورک ، یاخود لانیکەم رۆڵی ستراتیژی گێڕاوە لە دروستکردنی بیرکردنەوەیەکی نوێ لە ناو سەرکردە کوردەکاندا کە تورکیا وەک دوژمنی خۆیان تەماشا نەکەن و دەکرێت ئەو دوژمنایەتیە بگۆڕدرێت بۆ دۆستایەتی و شەراکەت، تەنانەت هەر ئوزال بوو کە توانی زۆرێک لە تابووەکانی دەوڵەتی تورک بەرامبەر بە کورد تێکبشکێنێت، ئەمەریکاش هەتا ئوزال ئەم تابوانەی نەشکاند، ئامادە نەبوو بەهیچ جۆرێک پەیوەندی دیبلۆماسی تەنانەت لە ئاستێکی زۆر نزمیشدا لەگەڵ کوردا گرێبدات، بۆیە دەتوانین بێژین کە دەرگای پەیوەندییەکانی نێوان

---

[1] جەنگیز چاندار، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ژمارە 6188 رۆژی هەینی 2013-9-20 لاپەڕە 11.

کوردو ئەمەریکاش بە کلیلی ئوزال کرایەوە. ئامانجی سەرەکیی ئۆزاڵ ئەوە بوو کە لە پێناوی تورکیادا گەمەی سیاسی لەگەڵ کوردا بگۆڕێت، کورد بکات بە دەرفەتێک نەک بە هەڕەشەیەک بۆ سەر تورکیا. لە دەرەنجامی هەموو ئەمانەدا دەتوانین بێژین کە ئوزال ئەمەی لە پێناو تورکیا و بەرژەوەندی گەلی تورک کردووە. ئەو پێشمەرگەیەکی تورک بوو خەباتی بۆ تورکیا دەکرد، ئەو پێشمەرگەیەکی کورد نەبوو تا خەبات بۆ کوردستان بکات و لە پێناویدا بکوژرێت.

**مەهەپە سەرلەنوێ دروست دەکرێتەوە:**

تورکەش دەیزانی پارتەکەی لاواز بووە و بە تەنها ناتوانێت رێژەی 10٪ی دەنگەکان مسۆگەر بکات بۆ ئەوەی بتوانێت لە پەرلەماندا بێت و هەمیشە ئامادەیی هەبێت، ئەو لەهەوڵی ئەوەدا بوو بەهەر نرخێک بووە، پارتەکەی لەم قەیرانە رزگار بکات، بۆیە بە شێوەیەکی رانەگەیەنراو خۆی کردبووە هاوپەیمانی پارتەکانی وەک رێگای راست و سوشیال دیموکراتەکان و لەگەڵ ئەو رەوتانەدا حکومەتی ئیئتلافی دروستکرد.

لەم کاتەدا مەچەپە بەهێواشی بەرەو دابەش بوون هەنگاوی دەنا؛ دوو باڵی سەرەکی لەناو ئەم پارتەدا زۆر بە زەقی بەدیارکەوتن ، باڵی تورکەش و باڵی موحسن یازجی ئۆغلو(Muhsin Yazicioglu) کە زیاتر گرووپێک بوون لە ئیسلامەوە نزیک بوون و مامەڵەی تورکەشیان بەدڵ نەبوو، لەو باوەڕەدا بوون کە تورکەش زیاد لە پێویست نەتەوەپەرست و کەمالییە، هەروەها زۆر وابەستەیە بە سیاسەت و پەیڕەوی خۆرئاوای سەرمایەدارییەوە.

ئەم هەنگاوەی تورکەش باڵەکەی تری نیگەران کرد، چونکە بۆ ئەو باڵە ئاشکراو روونی ئایدۆلۆژیاو رێباز لە کورسیەکانی پەرلەمان گرنگتر بوو. بەڵام تورکەش لەوان پراگماتیکتر بوو، بەهۆی ئەو هاوبەندییەوە کە کردی، توانی 18 کورسی پەرلەمان لە هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری ساڵی

(1991) بۆ خۆی مسۆگەر بکات، کە لـە داهـاتوودا کـاری سـەرەکی ئـەوان تەنها بەهێزکردنەوەو بوژاندنەوەی مەهەپە دەبێت لە نێو دڵی دەوڵەتدا..

ئـــەم ســـەرکەوتنەی تورکـــەش نـــەک بـــووە هۆکـــاری گرێدانـــەوەو ئاشتبوونەوەی مەهەپە لەگەڵ دەوڵـەت و دامـەزراوەکانی دەوڵـەتی قـوڵ، بـەڵکو بـووە هۆکـاری لاوازکردنـی باڵەکـەی دژ بـەخۆی، چونکـە ئیتـر تورکەش وەک سەرکردەیەکی ژیرو بەتوانا و حـەکیم نـاوی دەرکـەوت و زۆرێک لە ئەندامە پەراگەندەکانی مەهەپەی لەگەڵ خۆیدا ئاشت کردەوە.

لە دیسێمبەری هـەمان سـاڵدا کۆنگرەی پـارتی مەچەپە بـووە هۆکـاری تەقینـەوەی ململانێکانی نـاو ئـەو پارتـە. رکەبەرەکـەی تورکـەش موحسـن یازجی ئۆغلـۆ خوازیـاری ئـەوە بـوو لـەنێو کۆنگرەدا شـەڕێکی ئایدۆلۆژی قـورس لەگـەڵ تورکـەش بکـات و ئـەو لیسـتە بخاتـە نێـو سـەرکردایەتی پارتەکەوە، کە خـۆی ئامـادەی کردبوو. لەملاشـەوە تورکـەش لـە هـەوڵی ئەوەدا بـوو ئـەو شـەڕە ئایدۆلۆژیـە بۆخـۆی بەرێتـەوە. لـە ژێرەوە لەگـەڵ زۆرێـک لـە ئەنـدام و سـەرکردە لۆکاڵیـەکانی ئـەو حزبـە رێککـەوتبوو، هـــەروەها نوســـەرو رونـــاکبیرو روژنامـــەوان و بەرپرســـەکانی میـــدیای حزبیی کۆنترۆڵ کردبوو.

بەڵام هەموو ئەم کارانە تەنها نیوەی گەمەکـە بـوون، نیوەکـەی دیکـەی ئەو گەمەیە بیانوویـەک بـوو کـە دەبـوو تورکـەش بیدۆزێتـەوە تـا بتوانێت ئۆبـاڵی هـەموو کارەکـانی خـۆی و نیشـاندانی وەک پێداویسـتی مێژویـی بخاتە ئەستۆی ئەو ، وەک عەرەب دەڵێت بەڵگەیەک بکـات بـە کراسـەکەی عوسمان و هەموو دەقەیـەک وەک پاسـاو ئامـاژەی بـۆ بکـات. پەکەکـە بـۆ ئەو باشترین پاساو بوو، تورکـەش لـە ژێـر پاسـاوی ئـەوەی کـە دەوڵـەت رووبەڕووی گەورەترین پیلانی تیرۆرستان دەبێتەوە، نابێت هیچ کەسێک لە کاتێکی ئاوا ناسکدا دژایەتی دەوڵەت بکات، دەبێت دەوڵەت بـە تـەواوی دەست بەتاڵ و کراوە بێت بۆ ئەو شەڕە. لەملاشەوە باڵەکەی دیکە دڵنیـا بـوون لـەوەی کـە تورکـەش ئـەم کـارە تـەنها لـە پێنـاو گەمـەی سیاسـیدا

دەکات و دەخوازێت هەموو ئەو کارتانە بە خراپ بۆ خۆی بەکار بێنێت، چونکە ئەوانیش وەک تورکەش لەگەڵ دەوڵەتدا بوون لە دژی پەکەکە.

لە مانگی گەلاوێژی 1992 دا یەکەم پیلانی تورکەشچیەکان لە دژی باڵەکەی یازجی ئۆغلۆ سەریگرت، کۆمەڵێک لایەنگری تورکەش لە گورگە بۆرەکان کۆبوونەوەیەکی ئەو باڵەیان خستە بەر هێرش و بە خیانەت و ترسنۆک ناویان بردن و بڵاوەیان پێکردن، ئەنجامی ئەم بەریەککەوتنەش ئەوە بوو کە 6 ئەندام پەرلەمانی لایەنگری یازجی ئۆغلو لە پارتەکە دەرکران.

باڵەکەی تورکەش بە تەواوی بەهێز بۆوە، بۆیە هیچ چارەسەرێک لەبەردەم باڵە لاوازەکەی دیکەدا نەما تەنها ئەوە نەبێت بە مایەی خۆیانەوە هەستن و بچنە دەرەوە. چوونەدەرەوەی ئەمانە بە نوسینی بەیانێک بوو کە تیایدا ئاشکرایان کرد تورکەش کەسێکی هەلپەرست و درۆزنە و ئیسلام تەنها لە قازانجی خۆی وەک ئامانج بەکار دەهێنێت و پارتی مەچەپە لە ڕێبازی راستەقینەی خۆی لایداوە. لە کۆتاییەکانی ساڵی 1992دا پارتێکی تازەیان بە ناوی یەکیەتی گەورە- بییوک بیرلک پارتیسی (Büyük Birlik Partisi-BBP) دامەزراند. ئەم گروپە لە کۆمەڵێک پەرلەمانتاری مەچەپە پێکدەهاتن، کە خودی Muhsin Yazicioglu سەرۆکایەتی دەکردن.

گۆڕەپانەکە بۆ تورکەش خاڵی بوو، ئیتر خۆی بوو بە تەنها بڕیاردەرو دەستیکرد بە جێبەجێکردنی نەخشە گەورەکەی خۆی، کە ئەویش سەرلەنوێ دروستکردنەوەی مەهەپە بوو. ئەوەبوو ساڵی 1993 مەچەپە ناوەکەی خۆی گۆڕییەوە بۆ مەهەپە.

خاڵێکی زۆر گرنگ لێرەدا کە راوەستان دەخوازێت، ئەو دەرئەنجامەیە کە ئێمە لێرەدا بەدەستی دەهێنین ئەویش ئەوەیە کە ئێستا بەم دابەشبوونەی مەچەپە رەوتی ناشیۆنالیزمی تورک بوو بە دوو کەرتەوەو لێرە بەدواوە ئێمە ئیتر شایەتی بینینی زیاتر لە رەوتێکی فاشیست لە تورکیادا دەبین، رەوتی یەکەم هێڵە گشتیەکانی زۆر بە ئاشکرا دیارە،

ئەویش ڕەوتی تورکەشچیەکانە، کە میکانیزمی بەڕێوەبردنی سیاسەت و ململانێ بە شێوەیەکی زۆر توندو تیژ پیادە دەکەن و هەموو ئامرازەکانیشی ئاشکراو زانراون. ڕەوتی دووەمیش بریتیە لە ڕەوتە تازەکەی موحسن یازجی ئۆغلۆ. ئەم ڕەوتە هێشتا کودەتاکەی ساڵی 1980ی لە بیر ماوە، لە بیریەتی کە ئەمان لە پێناوی تورکیادا هەموو کارێکیان کرد، بەڵام سەرئەنجامەکەی زیندان بوو، بۆیە لێرە بەدوواوە ئەم ڕەوتە لە فاشیزمی تورک میکانیزمی دیکە پیادە دەکات کە زیاتر لە توندوتیژی دوور دەکەوێتەوەو لە ڕێگای میدیاکان و تۆڕەکانی پەیوەندی و دبلۆماسیەت و دەستور و سیاسەتی وڵاتەوە باڵی خۆی دەکشێنیت بەسەر وڵاتدا.

بەڵام ئەم ڕەوتە نەیتوانی لە چوارچێوەی حزبەکەی خۆیدا بمێنێتەوە، بەڵکو لە پاشاندا زۆربەی ئەندامەکانی دابەش دەبنەوە بەسەر پارتە ڕاستڕەوەکانی دیکەدا، چونکە لە هەڵبژاردنەکانی 27ی مارتی 1994 پارتی تازە دروستکراوی موحسن یازجی ئۆغلو تەنها ڕێژەی 1٪ ی دەنگەکانی بەدەستهێنا و توشی ناکامییەکی زۆر بوون.

بەرامبەر بەم شکستەی BBP مەهەپە زیاتر خۆی تۆکمەتر دەکرد، زیاتر نەرم و فلێکسانە دەجوڵایەوە، کارتە سیاسیەکانی خۆی زیرەکانە بەکار دەهێناو پرۆسەیەکی کەمکردنەوەو بێ ڕەنگ کردنی کارەکتەری ئیسلامیشی لەخۆی دەستپێکرد، چونکە ئیتر لێرە بەدواوە دەیزانی کە ئیسلامی سیاسی وتەبێژو نوێنەری خۆی هەیە و ئیتر ئەم کاری بە ئیسلام نەماوە. ئیسلام بۆ مەهەپە لەمەودوا نەک کارتێکی سوتاو بوو، بەڵکو ئیتر دەبوو ئامادەسازی دروست بکریتەوە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئاشکرای ئەم ڕەوتەی کەلەمەودوا زیاتر گەشە دەسێنێت...

بەرامبەر بەم گۆڕانکاریانەی کە لە دووا دەیەی سەدەی بیستەمدا بەسەر کۆمەڵگەی تورکیادا هاتبوو، مەهەپە پێویستی بەوە هەبوو کە سیاسەتی خۆی تاڕادەیەکی گونجاو لەگەڵ شەقام کۆک بکات. ئەو

هەولّیدا زیاتر بایەخ بە کۆمەڵە کەلتورییە ناشیۆنالیستەکان بدات و زیاتر خۆی لە گۆرانیبێژ و یاریزانەکان نزیک دەکردەوە بۆ ئەوەی وێنەیەکی نوێی شاراوە یاخود ماسکێکی نوێ بۆ خۆی بدۆزێتەوە، رەنگە لەم کارەدا مەهەپە زۆر سەرکەوتوو نەبوبێت، بەڵام لە نزیکردنەوەی ئافرەتان لە پارتەکە هەنگاوی باشی بڕی.. رێکخراوی ئافرەتانی مەهەپە ناوی نرا (ئەسینا) هەروەک لە سەرەتادا ئاماژەمان بۆ کرد، ئەسینا ئەو گورگە بوو کە لە ئەفسانەکانی گورگە بۆردا ناوی هاتووە. بەمجۆرە ژنانی مەهەپە ( کە بێگومان بێ سەرپۆش و بێ باڵاپۆش بوون) بەرامبەر بە دیاردەی ژنانی ئیسلامی لەچک بەسەر کە ماوەیەک بوو بەرەو تەشەنەسەندن دەچوو، زیاتر لە کردەوەکانی مەهەپەدا بەکار دەهێنران و رۆڵی سیاسی زیاتریان پێدرا، ئەمەش بەرامبەر بە پارتە سیکولاریستەکانی دیکە پێشکەوتنێکی زۆر بەرچاو بوو بۆ مەهەپە، چونکە زۆربەی ئەو پارتانە ئافرەتیان تەنها وەکو روخسارو شیوە لە سیاسەتی خۆیاندا بەکار دەهێنا. پێگەی ژنان لە ناو مەهەپە تەنها روتکردنەوەی ژنانە لە هەموو بەهاکانی ژنایەتی و بەکارهێنانیانە لە توندکردنەوەی ململانێی فاشیزم و دوژمنەکانی ، ئەگەر بە سەرنجەوە بڕوانینە پرۆگرامی مەهەپە ئەوە خێرا درک بەو راستییە دەکەین.

ژنانی مەهەپە رێکخراوی خۆیان هەیە، بە رواڵەت و لەناو ئەدەبیاتی مەهەپەدا یەکسانن بەرامبەر بە پیاو، لە هەموو بۆنەکانیاندا داوا دەکرێت چەندە بتوانن، ئامادەییان هەبێت و چەندین جاریش بۆنەی تایبەت و سیمیناریان بۆ سازدەکرێت ، بەڵام لە راستیدا کاری ژنان لە نێو ئایدۆلۆژیای مەهەپەدا ئەوەیە کە دایکی سەربازە ئازاکان بن، هەروەها دەبێت چەندە بتوانن نەوەی نوێ بخەنەوە، بۆئەوەی ژمارەی تورک لە دنیادا هەمیشە زیاد بکات، هەروەک تورکەش خۆی لەمبارەوە دەڵێت (بۆئەوەی رەگەزی تورک بە خێرایی گەشە بکات)، هەر لەبەر ئەوەشە کە تورکەش دژی لەباربردنی منداڵ و دیاریکردنی منداڵ خستنەوەیە. لە

پرۆگرامی پەسـەندکراوی مەهەپە لە کۆنگرەی سـاڵی 1993 کـارو بـایەخی ژنان لە سێ خاڵدا باسـی کراوە ، یەکەم- فەمینیزم زۆر مەترسـیدارە بـۆ ژنــانی تــورک ، چــونکە خێــزان لەبەریەک هەڵدەوەشــێنێتەوە، دووەم- مەهەپە لە دژی هەمـوو جـۆرە دەرمـان و ڕێوشـوێنێکە بـۆ دیـاریکردنی وەچەخستنەوە، چونکە لەگەڵ سیاسـەتی دیمـۆگرافیی تورکیـا ناگونجێت، سێیەم- دژی لەباربردنی منداڵە[1].

[1] - Stella braam, bld 123-124.

# بەشی دووەم

## دەزگای مەرگ و ڕەشەکوژی لە تورکیا چۆن دروستکرا؟

بـۆ ئەوەی لە سروشـتی ململانێـی سیاسـی لە تورکیـا تێـبگەین و لە هەڵسـەنگاندنی ڕۆڵـی مەهەپەو گورگەبۆرەکان و تەنانەت هەندێک پارتی دیکەی هەمـان شـێوە کە سـەر بە هەمـان قوتابخـانەی مەهەپە بـوون، بە تـایبەت ئەو پـارت و ڕێکخـراوانەی کە لەلایەن مەسـعود یەڵمـاز ( Mesut Yılmaz) و تانسـوا شـیلەرەوە(Tansu Çiller) دروسـت دەکران، تێبگەین، ئەوە دەبێت بزانین دەزگاکانی دەوڵەتـی قوڵ چـۆن دروسـتکران و چـۆن کاریـان کـرد؟ میکـانیزمی بەڕێوەبردنی ململانێکـان لە کن ئەم دەزگایـانە چـۆن چـۆنی بـووەو ڕۆڵـی مەهەپەو گورگەبۆرەکـان و هەنـدێ پـارتی سیاسی دیکە چی بووە؟

## ئەرگەنە کۆن و گلادیۆ

بۆ یەکەمجار ناوی گلادیۆ (Gladio)لە ئیتاليا سەریهەڵدا، کە ئەمەش بە کورتی ئەو ڕێکخراوە نهێنییەیە، کە وەک وڵاتێکە لە ناو وڵاتداو دەستی لە وردو درشتی ڕوداوەکاندا هەیە. سـەبارەت بە گلادیۆ لە ئیتاليا سـاڵی 1990 ویلـیەم کـۆلبی (William Colby-1996-1920) بەرپرسـێکی پێشـووی سـی ئـای ئەی ئاشـکرای کـرد، کە هەمـوو ئەنـدامانی نـاتۆ هەمـان ڕێکخراویــان دروســتکردووە و دەوڵەتێکــی ئەنــدام نــیە ئەو جــۆرە ڕێکخـراوەی نەبێـت، نـاوبراو کە پێـدەچێت خـۆی کەسـێک بووبێـت لە بەڕێوەبەرانی ئەو ڕێکخراوە، زیاتر ئاماژەی بـۆ ئەوە کرد کە تورکیـاش وەک هەر ئەندامێکی دیکەی ناتۆ هەمان ئەو ڕێکخراوەی هەبووە. هەموو ئەو ڕێکخراوانەش پەیوەندی تـایبەت و توندیان پێکەوە هەبووە[1]. سـاڵی

[1] http://spookterror.blogspot.com/2008_01_01_archive.html.

1998 یەکێــک لە لیژنەکــانی یەکیەتــی ئەوروپــا راپــۆرتێکی فەرمــی بڵاوکردەوە، لەم راپۆرتەدا ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەمەریکا لە هەموو دنیادا لە هەر شەش کیشوەرەکە رێکخراوێکی تەنانەت بەبێ ئاگاداری پەیمانی ناتۆ دروست کردووە، بەپێی ئەم راپۆرتە لەم کارەدا دەوڵەتانی ئەنگلۆ ساکسۆنی – پرۆتستانتی واتە بەریتانیا و ئوستورالیا و نیوزەیلاند هاوکاری ئەمەریکا بوون. نوسەری بەناوبانگی فەرەنسی تیری مایسان (Thierry Meyssan) لە کتێبەکەی خۆیدا بە نـاوی لە خشـتەبردنێکی ترسناک (The Horrifying Fraud) بەوردی ئاماژە بۆ گلادیۆ دەکات. بەر لەوەی ناوبراو ئەم کتێبە بڵاوبکاتەوە، بەر لەوەی ولیەم کۆڵبی لە بنی هەمانەکە بدات، دادوەری ئیتالی فیلیس کاسۆن (Felice Casson)، کە ئەرکی لێکۆڵینەوەیان لە کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەی سەربازی ساڵی 1973 و تەقینەوەی ئۆتۆمبیلێکی مینرێژکراو ساڵی 1972 لە ئیتالیا، پێسپێردرابوو، لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەی خۆیاندا ئاماژەیان بە بوونی رێکخراوێکی نهێنی کرد لە ناو دەوڵەتی ئیتالیا، کە ئەم کارانە بە بەرنامەو بەنهێنی بۆ خودی دەوڵەت ئەنجام دەدات، لە هەمان ماوەدا و لە رۆژی 3ی ئۆگستۆسی 1990سەرۆک وەزیرانی ئیتالیا ژیلیۆ ئەندریۆتی (Giulio Andreotti) هەمان هەواڵی پشتڕاست کردەوە [1].

هۆکاری سەرەکیش لە دروستکردنی ئەم رێکخراوانە لە لایەن ئەمەریکاوە جەنگی سارد بوو دژ بە بلۆکی سوری خۆرهەڵات، لەو رۆژگارەدا مەترسی هاتنە سەرکاری پارتی کۆمۆنیست لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا هەڕەشەیەکی جدی بوو بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا، بۆیە هێزە شاراوەکانی جیهانی سەرمایەداری هەموو رێگاو شێوازێکی پیس و نایاساییان بۆ خۆیان بە رەوا دەزانی تا بتوانن رێگا لە تەشەنەسەندنی کۆمۆنیزم بگرن، بەپێی هەندێک سەرچاوەی زانستی و ئاگادار ئەمەریکا ئەم رێکخراوەی لە سەرو پەیمانی ناتۆشەوە داناوەو لە نێو بەڵگەکانی خۆیاندا بە سوپەر ناتو ناویان بردووە. بەپێی هەمان ئەو

[1] http://www.rwlh1.com/vb/archive/index.php/t-26411.html.

راپۆرتانه له 49 وڵاتی دنیادا ئەم ڕێکخراوانه سەرپەرشتی 344 هێزی تایبەت و میلیشیای کۆنترا گەریلایان کردووه. [١]

ئەمەریکا له شەستەکانی سەدەی بیستەمەوه بەردەوام هێزی کۆنترا گەریلای له دژی بزوتنەوەکانی ئەمەریکای لاتین دروست کردووه، کۆلێژی جەنگیی ئەمەریکا، که پاشان له ساڵی 2001 ناوەکەی گۆڕا بۆ کۆلێژی نیوه گۆی خۆرئاوای زەوی بۆ هاریکاری ئەمنی نزیکەی 60 هەزار کۆماندۆزی بێگانەی ڕاهێناوه. ئەم ڕاهێنانه، که قورسترین و کاراترین جۆری ڕاهێنانی جەنگیی بووه، کردەوەکانی وەک تەکنیکی بەگژاچوونەوەی گەریلا، ڕاهێنان لەسەر ڕاوکردنی مرۆڤ، کوشتنی خەفه، تاکتیکەکانی لێپێچینەوەی ئەنجامداوه.

بەپێی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی(ئەمنستی ئەنتەرناشناڵ)، ئەم کۆلێژه جەنگیه، نەگریسترین کتێب و بڵاوکراوەی کردۆته بابەتی خویندن و به مەنهەج کردەوەکانی وەک ئەشکەنجه، ڕفاندن، کوشتن، خەفەکردن، بارمتەگرتن...هتد بەکارهێناوه [ ] ئەمەریکا به نهێنی له چەندین گۆشەی ئەم دنیایەدا لەڕێگای تیمەکانی مەرگەوه جەنگی قێزەونی بەرپاکردووه.

پێشەنگی ئەم هێزانەو ئەو کەسانەی، که سەرکردایەتی ئەمجۆره هێزانەیان کردووه، هەر خۆیان چەندین کۆمپانیای ئەمنی و کوشتاریان دروستکردووه که بلاک واتەر* یەکێکه لەوانه و دامەزرێنەرو خاوەنەکانیشی هەمان ئەوانەن، که پێشتر له جەنگی قێزەون و کۆنترا گەریلادا تەمەنێکیان بەسەر بردووه.

---

[١] جيريمى سكاهيل، بلاكووتر، أخطر منظمة سرية في العالم، ترجمة شركة المطبوعات للتوزيع و النشر، بيروت لبنان، الطبعة الثانية 2008 . ص 238.

* کۆمپانیای بلاک واتەر- ئاوی ڕەش- (Blackwater)که لەئێستادا بۆ خۆدزینەوه له بەدوواداچوونی دادگایی، نەک ناوی خۆی گۆڕیوه بۆ ئەکادیمیا، بەڵکو خۆیکردووه به گروپی کۆمپانیاو به چەندین ناوی وەک بلاک واتەر وێڵدواید(Blackwater Worldwide)، ئەکادیمیا(Academi)، ئێکس ئی سێرڤس(Xe Servic) بلاک واتەر یوئێس ئەی ( Blackwater USA)، کاردەکات.

هەرچەنـدە بەڵـگەی تەواو لەبەردەسـتا نـیە، کە ئەو کۆمپانیـایە لەنـاو تورکیا یەکێک بووبێت لە هێزە شاراوەکانی پشتی پەردەی گلادیۆ، بەڵام بوونی هێزی تـایبەتی دژە گەریلا لە بێگانەکـان لە تورکیـا، کە لە شـەڕی دەوڵەت لە دژی گەلـی کـورد بەکـارهێنراون، ئەگەری بـوونی هاوکـاری راسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆی ئەم دەزگـایە پتەوتـر دەکـات، (وێـرای ئەوەی نـاوی کۆمپانیـای بـلاک واتەر تەنهـا لە عێراقـدا بـڵاو بـوو، بەڵام عێراق تەنها بەرە نەبوو، کە ئەم کۆمپانیایە کاری تێدا دەکرد[ ] لە مـانگی یولیـۆی 2004 دا، بەڕیـوبەرایەتی بـۆش گرێبەسـتی لەگەڵ ئەم کۆمپانیـایە ئەنجامــدا بــۆ کــارکردن لە نــاوچەی دەریــای قەزوینــی دەوڵەمەنــد بە سـامانەکانی پتـرۆل و گـاز[] ئەم کۆمپانیـایە بنکەیەکـی گەورەی خـۆی لەنزیــک ســنورەکانی بــاکوری ئێــران دامەزرانــد[ ] ئەم کۆمپانیــایە پرۆژەیەکی ئەمنی مەترسیداربوو، پرۆژەیەک، کە زۆر ئازیزو گرنگ بوو لە کـن کەسـایەتییە ئەمنیەکـانی ئەمەریکـا، لەوانەش هەنـری کیسـنگەرو جەیمس بەیکەر و دیک چینی).[١]

بۆ تورکیا رێکخراوی گلادیۆ یاخود ئەرگەنەکۆنی تورکی ئەرکەکانی زیـاتر بـوون، جگە لەترسـی رێکخـراوە چەپ و کۆمۆنیسـتەکانی نـاوخۆی تورکیــا، پرســی پاراســتنی دەوڵەتــی سکیولاریســت و کێشــە ئــاینی و مەزهەبیەکـان و پرسـی کـورد ...تـاد، هەمـوو ئەم هەڕەشـانە وایکـرد، کە ئەمەریکا بوونی ئەم رێکخراوە لە تورکیا زیاتر لە هەمـوو کونجێکی دنیـا بە پێویسـتر بزانێـت، بـۆیە دروسـتکردنی رێکخـراوی سـێبەر، رۆژنـامەو کەنـاڵی تەلەفیزیـۆنی و پـارتی سیاسـی و سـەندیکاو تەنـانەت بانـدەکانی مافیـا و چەتەگەری و بانـک و کۆمپانیـای سـاختە لە تورکیـا بـوون بە یەکێک لە کارە سەرەکییەکانی ئەم رێکخراوە.

لەمبـارەوە پـاش ئاشـکرا بـوونی ئەو رێکخـراوە، بەرپرسـە تورکەکـانی دوڵەت نەیــانتوانی نکــوڵی لەو کــارە بــکەن، بەڵام بەشــی هەرە زۆری راسـتییەکانیان ئـاوەژوو کـردەوە. رۆژی ٣ی دیسـێمبەری ١٩٩٠ ژەنـراڵ

---

[١] جیرمی سکاهیل، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 223.

دۆغان بایەزید (Dogan Beyazit) یەکێک لە کۆماندانەکانی ئەرکانی سوپا و ژەنراڵ کەمال یەڵماز (Kemal Yilmaz) سەرۆکی هێزە تایبەتەکان، چونە ژێر باری ئەوەی، کە لە تورکیا فەرمانگەی جەنگی تایبەت ئەو کارانەی کردووە و لە جەنگی قوبرس و جەنگی دژ بە کۆمۆمیزم و پەکەکە رۆڵی هەبووەو ئەمان لە ترسی هێرشی یەکیەتی سۆڤیەت ناچاربوون ئەم رێکخراوەیان هەبێت، بەڵام لە راستیدا ئەم لێدوانانە سەرتاپای چەواشەکەرو هەڵەن، چونکە وەک لە پاشاندا بۆمان دەردەکەوێت و لەم نوسینەدا ئاماژەی بۆ دەکەین دەردەکەوێت، کە ئەم فەرمانگەیە تەنها فەرمانگەیەکی سەربازی بووە و بەشێکی ساکار بووە لە ریکخراوی ترسناک و ماکینەی مەرگ، کە تورکیا و ناتۆ دروستیان کردووە.

**تورکیا بەر لە پەیمانی ناتۆ**:

هەروەک لە سەرەتادا باسمانکرد، تۆرانیەکانی تورکیا زیاتر لە خۆرئاوا نزیکتر بوون وەک لە خۆرهەڵات و روسیا. هۆکاری ئەمەش تەنها بوونی ژمارەیەکی زۆری ئەو وڵات و کۆمارانە نەبوون، کە لەژێر چنگی روسیای سەردەمی تزارو پاشان یەکیەتی سۆڤیەتدا بوون، بەڵکو هۆکارەکان زیاتر هۆکاری سیاسی و ستراتیژی گرنگ بوون، کە هەتا ئەمرۆش تورکیا لە روسیا دوور دەخەنەوە و لە ئەمەریکا و خۆرئاوا نزیکتری دەخەنەوە. لەملاشەوە خۆرئاوا بەهەمان شێوە بوو، هەر لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە بوو، کە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و خۆرئاوا برەوی سەند، بە تایبەت پەیوەندییەکانیان لە گەڵ فەرەنسا و ئەڵمانیا و بەریتانیا.

لە سەردەمی کۆماریدا زۆر بەئاسانی هەست بە ئاراستەی سیاسیی تورکیای نوێ دەکرا، کە ئەویش تەنها دووخاڵی سەرەکی بوون یەکەم پاراستنی سنورو بەرژەوەندییەکانی تورکیاو دووەمیش تێکەڵکردنی تورکیا بە شارستانیی خۆرئاوا بوون.

دەتوانین یەکەم خاڵی وەرچەرخانی گرنگ لە مێژووی تورکیا لەلایەک و دوورکەوتنەوەی تورکیا لە خۆرهەڵات و پاشخانی خۆرهەڵاتی و ئیسلامی و نزیکبوونەوەی تەواوەتی لە خۆرئاواوە لە لایەکی دیکەوە بگەڕێنینەوە بۆ پەیمانی لۆزان.

لە 24ی تەموزی 1923 پەیمانی لۆزان لە نێوان تورکیاو هاوپەیمانەکاندا مۆرکرا، سەرۆکی نێرژەی ئینگلیزی، لۆرد کۆرزون ( Lord Curzon) وەک گرەنتی بۆ دووبارە زیندوونەبوونەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی چوار مەرجی بۆ دانپێدانانی تورکیا لە لایەن هاوپەیمانەکانەوە بەسەر مستەفا کەمالدا سەپاند؛ کە ئەمانەی خوارەوە بوون:- [1]

**یەکەم** / دەوڵەتی نوێ دەبێت هیچ پەیوەندیەکی بە ئیسلامەوە نەمێنێت.

**دووەم/** خەلافەتی ئیسلامی بەتەواوەتی رەت بکاتەوە.

**سێیەم/** خەلیفە و لایەنگرانی خەلیفەو حوکمی ئیسلامی بەتەواوەتی سڕبکرێن و هەموو داهات و سامانەکانی خەلیفە دەستیان بەسەردابگیرێت و هەموو بزوتنەوەیەکیش بۆ گەڕانەوەی خەلافەت لەبار ببرێت.

**چوارەم/** دەستورێکی مەدەنی دژی دەستوری کۆنی عوسمانی پەیڕەو بکرێت.

مستەفا کەمال لەساڵی 1923 دا کۆماری تورکیای لە سەر مۆدێلێکی خۆرئاوایی دامەزراند، لە پاشاندا نازناوی باوکی تورکان (ئەتاتورک)ی بۆ خۆی دانا. گرنگترین بنەماکانی ئەو دەوڵەتە نوێیەش جیاکردنەوەی ئاین بوو لە دەوڵەت، یاساو رێساکانی ئیسلام گۆڕان بۆ یاساو رێسای خۆرئاوایی، جل و بەرگ و هێما ئاینیەکان گۆڕان بە جل وبەرگ و هێمای خۆرئاوایی، پیتە عەرەبیەکانی زمانی تورکی کران بە لاتینی و تەنانەت رۆژی یەک شەممەش لە جیاتی هەینی کرا بە پشوی هەفتە.

---

[1] د. ازاد سعيد سمو، سعيد النورسي، دار الزمان للطباعة و النشر،الطبعة الاولى، دمشق2008، ص 49-48.

یەکەم دەستوری کۆماری تورکیا لە سەردەمی کەمال ئەتاتورکدا لە 20ی نیسانی 1924 پاش پەیمانی لۆزان دانرا. ئەم دەستورە یەکەم پەیڕەوی گرنگی تورکیایە، کە بەتەواوی عەمامەو مێزەری لەسەر تورکیا داگرت و کاسکێتێکی خۆرئاوایی کردە سەر، هەندێک لە تورکەکان بە ڕێکەوتنی لۆزان قایل نەبوون، بۆیە ئەتاتورک لە ئەنجومەنی نیشتیمانیدا بەوانەی گوت؛ (ئەریٰ لە پێناوی ئیسلام و خەلافەت و پیاوانی ئاینیدا نەبوو تورکە گوندییەکان دەجەنگان و بە درێژایی پێنج سەدە خۆیان بەکوشت دەدا؟ چەند لە رۆڵەکانی ئێمە لە بیابانەکانی یەمەن کوژران؟ ئەنادۆڵ چەند لە رۆڵەکانی خۆی لە سوریا و عێراق و میسر و باکوری ئەفەریکا لەدەستدا؟ ئێستا ئیتر کاتی ئەوە هاتووە تورکیا بیر لە بەرژەوەندی خۆی بکاتەوە، ئیتر واز لە هندی و عەرەبەکان بێنێت و فریای خۆی بکەوێت و ئیتر واز لە پێشرەوایەتیی دەوڵەتە ئیسلامییەکان بێنێت) [1]

ئەمەش باشترین بەڵگەی ئەوە بوو، کە ئەو پیاوەی سەرەتا لە حوجرەکاندا خوێندنی خوێندبوو (واتە ئەتاتورک) هەرچەندە چەندین سەرچاوەی جیاواز ئاماژە بۆ رەچەڵەکی جولەکەبوونی ئەو دەکەن، بەتەواوی بڕیاری ماڵئاوایی خۆی لە کەلتورو رەچەڵەکی خۆرهەڵاتی داوە. رەنگە ئەتاتورک خوێندنەوەیەکی زۆر زانستیانەی بۆ رەوشەکە کردبێت ئەوجا ئەو بڕیارە مێژووییەی خۆیی دابێت و نەیتوانیبێت بەرامبەر بە حکومی جوگرافیا ( هاوسێبوون لەگەڵ دەوڵەتێکی زەبەلاحی وەک یەکیەتی سۆڤیەت) بڕیاری هەڵە بدات.

حوکم و قەدەری جوگرافیا بەسەر پەیوەندییەکانی سۆڤیەت و تورکیاوە رەنگیدایەوە. تەنگەبەرەکانی تورکیا 'بۆسفۆرو دەردەنیل و دەریاچەی مەرمەڕە ' چەقی ململانێی نێوان سۆڤیەت و تورکیا بوون، چونکە بایەخی ستراتیژی زۆر گرنگیان بۆ سۆڤیەت هەبوو، تەنانەت لە

---

[1] احمد نوری النعیمي، السیاسة في ترکیا الحدیثة، دار الحریة للطباعة، بغداد، العراق، الطبعة الاولی ص83.

پەیمانی لۆزاندا ئەم تەنگەبەرە ئاویانە خاڵێکی زۆر گرنگی ڕێکەوتنەکەبوو لە نێوان تورکیای کەمالی و دەوڵەتە براوەکانی جەنگدا. ئینگلیزەکان لە چەندین بڕگەی جیاوازدا سەروەری تورکیا لە دژی سۆڤیەت بەسەر ئەم تەنــگەبەرانەدا دەکەنە بــڕگەی پەیمــانەکە، هەر لەبەر ئەمەش بــوو، کە سۆڤیەت دژی مۆرکردنی پەیمانەکە بوو.[1]

ململانێ لە نێوان ڕوسیاو تورک مێژوویەکی کۆنی هەیە و کاریگەری ڕاستەوخۆی کردۆتە سەر پەیوەندییەکانی هەردوولا، تزارەکانی ڕوسیا هەمیشە ڕزگارکردنی نەتەوە سلاڤیەکانیان بە ستراتیژی خۆیان دەزانی. سلاڤیەکان نەدەبوو بکەونە بن دەستی هەنگاری و عوسمانیەکانەوە. ڕوســەکان هەمیشــە پاراســتنی مەسـیحییە ئەرتۆدۆکســەکانیان لە دژی کاتۆلیک و پرۆتستانتەکان و موسڵمانەکان بەئەرک و ستراتیژی خۆیان زانیــوە. ئەم سیاســەتەی ڕوســەکان عوسـمانیەکانی بە تەواوی پــاش قەیرانــی بەلقــان لاوازکـرد و هەمـوو ناوچەکـانی بۆلگاریـاو ڕۆمانیـا و ســربیاو مۆنتینگرۆیـان بەپێـی ڕێکەوتنـی بەرلینـی 1878 خسـتەوە ژێـر دەستی خۆیان. ڕوسەکان لە هەوڵی ئەوەدا بوون، کە زیاتر بڕۆن و جگە لە داگیرکردنی ئەستەنبول، تەنگەبەرەکانی دەردەنیل و بۆسفۆڕیش بخەنە ژێـر دەسـتی خۆیـان و ڕێگـای دەریـایی بـۆ نـاوچەی دەریـای ڕەش بـۆ خۆیـان کـۆنترۆڵ بـکەن. ئەم سیاسـەتەش تەواو پـێچەوانەی سیاسـەتی تەقلیدی ئینگلیزەکان بوو، کە هەرگیز نەدەبوو ئەوە ڕوویدات.[2]

پەیوەنــدی نێــوان تورکیــا و ئیســرائیلیش بەشــێکی دیــکە بــوو لە هاوکێشــەکە، چـونکە هەروەک ئاشـکرایە، بە درێژایـی مێـژووی دەوڵـەتـی عوسمانی ڕەوەندێکی بەهێز و بەتوانای جولەکە لەو ناوچانەدا ژیاون، کە لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکاندا بوون. بەڵام بەشی هەرە زۆریـان دواتـر لەکاتی جەنگی ئیسپانیا چوونە ئەوێ. لە کاتی شـەڕی خاچپەرستەکان و

---

[1] د.أحمد نوري النعيمي، تركيا وحلف شمال الأطلسي، المطبعة الوطنية، عمان، الاردن، طبعة الاولى، 1981 ص 63-60.

[2] Yvan van den Berghe, De koude Oorlog 1917-1991, Acco Leuven/ Leusden, Amersfoort, Nederland,2002, bld 18.

ئـازادکردنی ئیسـپانیا لە ژێـر دەسـەڵاتی ئیسـلامیەکان لە سـاڵی 1492 جولەکەکـانی ئسـیپانیاش چارەنوسـیان لە موسـڵمانەکان باشـتر نەبـوو. ئەوان خرانە بەردەم دوو بژارە، یان دەبێت ئاینی خۆیان بکەنە فەلە، یان دەبێـت بـڕۆن. لە کـاتی هەڵهـاتنی جولەکەکـان بـۆ دەرەوەی ئیسـپانیا بەشـێکی بەرچـاو لەوان، کە ژمارەیـان بە سـەد هەزار مەزەنـدە کـراوە، بەرەو تورکیای ئەمڕۆ رۆشتن و هەر لەوێش نیشتەجێ بوون. لەمڕۆدا، کە ژمارەی رەوەندی جولەکە لە تورکیا خـۆی لە 25000 کەس دەدات و هەر لە دێـر زەمـانەوە بە پـێچەوانەی دەوڵەتە ئیسـلامیەکانی دیـکەوە بارودۆخیان تا رادەیەکی بەرچاو باش بووە و پەیوەندیشیان بە تـورک و دەوڵەتی تورکەوە خراپ نەبووە. دەتـوانین بێژین، کە بەهـۆی زیرەکی و کارامەیی جولەکە تورکەکانەوە بووە، کە تورکیا، تەنـانەت لە سـەردەمی عوسمانیەکانیشـدا باشـترین دۆسـتی ئەوان بـووە. ئەو جولەکـانەی، کە پێشتر لە سەردەمە کۆنەکانەوە لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا ژیـاون، بە دەیـان کەسـیان پۆسـتی گرنگیـان لە دەوڵەتـی عوسـمانیدا هەبـووە بە تایبەت لە پۆستەکانی نـوێنەرایەتیکردنی دەوڵەتـی عوسـمانی لە دەرەوەی وڵات.[1]

جولەکەکان کاتێک چونە تورکیا، هـیچ پـارەو سـەرمایەیەکی ئەوتۆیـان لەدەستا نەبوو، چونکە ئەوان هەڵهاتبوون، بەڵام بەهـۆی شـارەزاییانەوە لە پیشەسـازی و دارایـدا توانیـان خێـرا لە بازاڕەکـانی تورکیـادا جـێگەی خۆیان بکەنەوە، هەروەها پسپۆڕی و لێهاتویشیان لە بواری چەکسازی و چاپخـانەدا بـووە هۆکـاری ئەوەی، کە عوسـمانیەکان خێـرا ئەوان بـخەنە سەر کارو سودیان لێوەرگرن.[2]

لە ئێسـتادا رێکخـراوی جولەکەکـانی تورکیـا بەنـاوی (مەڵبەنـدی پێنجسـەدەمین سـاڵ لە تورکیـا) باشـترین پەیوەنـدی لە نێـوان تورکیـا و

---

[1] د.محمد عبدالله حمدان، الجماعات اليهودية في تركيا، دار الزمان، سوريا، دمشق، الطبعة الاولى، 2011، ص 140-143.

[2] محەمەد نورەدین، تورکیا لەسەردەمی گۆڕاندا، وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، هەرێمی کوردستان، سلێمانی، 2000 لاپەڕەکانی 282-271.

ئیسـرائیلدا بەردەوام پێدەدات. لە رۆژگاری ئەمرۆدا بەشێکی بەرچاو لە پیشەسـازی تەکنەلۆژیـا و ئۆتۆمبێـل وئـامێری کارەبـایی و(ئارچەلیـک و ناشـیۆناڵ وپرۆفیلـۆ بە نمـونە) کەناڵەکـانی وەک شـۆ تـی ڤـی و گۆڤـارو رۆژنامەکـانی وەک حـوررییەت و میلیـیەت و جمهـوریەت بە دەسـت جولەکەکانەوەیە. بە کورتی بێژین تورکیا خوێندنەوەی زۆر ستراتیژی و گونجاوی بۆ ئیسرائیل هەبووە. ئەو دەیزانی، کە پەیوەندی باش لەگەڵ ئیسـرائیل جـگە لەوەی بازارەکـانی ئەوروپاشـی بـۆ دەخـاتە سەرپشـت، پشتیوانی سیاسی ئەمەریکا و خۆرئاواشی بۆ بەدەست دەهێنێت، تەنانەت هەنـدێک سـەرچاوە بـاس لەوە دەکەن، کە لە رێکەوتنـی لۆزانـدا جـولەکە تورکەکان رۆڵـی زۆر گرنگیـان بـۆ سەرخستنی تـورک لە دژی ئەرمەن و کـورد گێـڕاوە، حـایم نەعـوم سـەرۆکی حاخامەکـانی ئەسـتانبول، یەکێـک بـووە لەو جولەکـانەی، کە راوێژکـاری عیسـمەت ئینونـۆ بـووە و لەو رێکەوتنەدا رۆڵی گرنگی هەبووە لە نزیک خستنەوەی بۆچوونی تـورک و ئینگلیزەکـان، کـاریگەری زۆری بەسـەر عیسـمەت ئینونـۆوە هەبـووە لە هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتدا.[١]

بەر لە بەرپابوونی جەنگی دووەمـی جیهـانی، تورکیـا هێشـتا بەتەواوی خۆی بەرەو خۆرئاوا یەکلا نەکردبووە، بە پێچەوانەوە تورکیـاو یەکیەتـی سـۆڤیەت سـەرەتا پەیوەنـدییەکانیان زۆر بـاش بـوو، لە سـاڵی 1925دا کۆمـاری تورکیـا پەیمـانی هاوکـاری و بێلایەنـی لەگەڵ سـۆڤیەت مـۆرکرد، سـاڵی 1934 سـۆڤیەت بـڕی هەشـت ملیـۆن دۆلاری وەک هاوکـاری پێشکەش بە تورکیا کرد.[٢]

بەڵام جەنگـی سـاردی نێـوان بلـۆکی خـۆرهەلات و خۆرئـاوا، کە بەر لەجەنگی جیهانیش وردە وردە سەریهەڵدا بوو، لە تورکیـادا زۆر بەتـۆخی بەدیار دەکەوت، ئەمەش وەک سەرەتا باسمانکرد بەهۆکاری جیۆسیاسـی و جیۆئەتنی و جیۆئیکۆنۆمی بوو.

---

[١] د. وليـد رضـوان، العلاقـات العربيـة – التركيـة فـي القـرن العشـرين، دار عبـدالمنعم، الطبعـة الاولى، سوريا، دمشق، 2004، ص 79-78.

[٢] د.أحمد نوري النعيمي، تركيا وحلف شمال الأطلسي، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 54.

سوپای سور له سەروبەندی جەنگی دووەمی جیهانیدا هاتبووە ناو ئێران و بەشێکی زۆری ئەو وڵاتەی داگیرکردبوو، ئەمەش هەڕەشەیەکی زۆرجدی بوو بۆ سەر تورکیا، چونکە لە ناوچەی ئازەریەکان و کوردەکاندا حکومەتی سەربەخۆی ئۆتۆنۆم بە هاوکاری سوپای سۆڤیەت دامەزرابوو، هەروەها پارتی کۆمۆنیستی تودەش جەماوەرێکی زۆری هەبوو، بەڵام پێدەچوو ستالین تەنها چاوی لە پترۆڵی ئێران بڕیبێت، بۆیە پاش ڕێکەوتن لەسەر پترۆڵی ئێران لە ساڵی 1946 دوا سەربازی خۆی کشاندەوەو هەردوو کۆمارەکەشی کردە قوربانی و بە تەنها بەجێی هێڵان و ئەوسا ئێران بە هاوکاری ئەمەریکا بە دڕندانەترین شێوە سەرکوتیکردن و پەرلەمانی ئێرانیش پاش ئاسایی بوونەوەی بارودۆخی ناوچەکە ڕێکەوتنی پترۆڵی نێوان یەکیەتی سۆڤیەت و ئێرانی پەسەند نەکرد، بەمجۆرە ستالین، نەک هیچی دەست نەکەوت بەڵکو هەتا کۆتایی هەفتاکانی سەدەی پێشوو ئێران لە ژێر کۆنترۆڵی ئەمەریکادا مایەوە.

لە سەروبەندی جەنگی دووەمی جیهانیدا تورکیا لە تەنگەبەرەکانی وەک بۆسفۆر و دەردەنیل و دەریاچەی مەڕمەڕە، ڕووبەڕووی گەورەترین هەڕەشەی سۆڤیەت بووەوە، هەروەها لە سەروبەندی جەنگدا سۆڤیەت هەموو وڵاتانی بەلقانی داگیرکرد، بەپێی ڕێکەوتنی مۆنترۆ (Montreux) لە ساڵی 1936 دەبوو تورکیا لە تەنگەبەرەکانی خۆیدا ڕێگا لە هەموو جۆرە کەشتییەکی جەنگی بگرێت، بەڵام تورکیا ڕێگای بە کەشتییە جەنگییەکانی ئەڵمانیا دەداو ڕێگای لەوانەی سۆڤیەت دەگرت، ئەمەش سۆڤیەتی نیگەران و توڕە دەکرد، بۆیە ستالین داوای پێداچوونەوەی بە ڕێکەوتنی مۆنترۆ لە تورکیا کرد لە 19ی ئازاری 1945 سۆڤیەت بە ئاشکرا پەیمانی نێوان خۆیی و تورکیای لەمەڕ(برایەتی و دەستدرێژی نەکردن)، کە ساڵی 1925 مۆری کردبوو، هەڵوەشاندەوە. لە حوزەیرانی هەمان ساڵدا داوای لە تورکیا کرد، کە هەرێمەکانی قارس و ئەردەهان و باتۆم بخاتە سەر سۆڤیەت و لە هەرێمی تەنگەبەری تورکیشدا بنکەیەکی سەربازی بکاتەوە بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لە ئازادی هاموشۆی کەشتیەکانی سۆڤیەت لە تەنگەبەرەکانی بسفۆرو دەردەنیل.

ئەم داواکردنەوەیەش تەنها بە قسە نەبوو بەڵکو سۆڤیەت بە جدی بیری لەوە دەکردەوە، کە تورکیا ناچاری ملدان بەوە بکات، ئەمەش وایکرد، کە تورکیا سەربازەکانی خۆی رەوانەی ماڵەوە نەکاتەوەو زیاتریش داوای هاوکاری ئەمەریکا بکات، هەر بۆیە ئەمەریکا لە مانگی فێبریوەی ساڵی 1946 کەشتی جەنگی میسۆری (Missouri) رەوانەی کەنارەکانی تورکیا کرد.

لە رۆژی 7ی مانگی ئۆگستۆسی هەمان ساڵدا، سۆڤیەت بە توندی داوای لە تورکیا کرد، کە دەبێت تەنگەبەرە ئاویەکان پێکەوە بپارێزن، بەڵام تورکیا سەرلەنوێ ملی بەم داخوازییە نەداو لە ئاکامدا مۆدێرنترین گەمی جەنگی و فڕۆکە هەڵگری ئەمەریکا بەرەو نزیکی کەنارەکانی تورکیا لە دەریای سپی ناوەراست رەوانەکرا. سەرۆکی ئەوسای ئەمەریکا ترۆمان بۆ یەکەمجار بە ئاشکرا لەم بارەوە ئامادەبوونی ئەمەریکای بۆ شەڕ لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەت راگەیاند. لەسەروبەندی ئەم گرژیانەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکرا، کە ئەمەریکا هەرگیز رێگا نادات تورکیا و یۆنان بکەونە ژێر دەستی سۆڤیەتەوە، بۆیە ئامادە بوو لەو پێناوەدا بە چەکی ئەتۆم لە سۆڤیەتیش بدات.[1]

ئەم روداوانە بوونە هۆکاری ئەوەی، تورکیا زۆر بە خێرایی پشت بکاتە سۆڤیەت و بەیەکجاری بەرەو خۆرئاوا بڕوات. ئەمەریکا لە سەروبەندی هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانیدا، زۆر خێرا هەستی بە گرنگی پێگەی جیۆسیاسی و جیۆئیکۆنۆمی تورکیا کردبوو، یەکەمین مانگەکانی دەستپێکردنی جەنگی سارد توندترین بەربەرەکانێ و ململانێی بە خۆوە بینی لە نێوان هەردوو زل هێزەکەدا. ترۆمان لەو باوەڕەدا بوو، کە نابێت یەکیەتی سۆڤیەت لەوە زیاتر پێشڕەوی بکات و دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچەی دیکەدا بسەپێنێت. ئەوروپای خۆرهەڵات کەوتبووە بن دەسەڵاتی ناڕاستەوخۆی ستالین، بەڵام هەرگیز نەدەبوو لە ناوچەکانی ئۆراسیا دا سۆڤیەت هێزی دەسەڵاتدار بێت. هیچ کەسێک

[1] Yvan van den Berghe, De koude Oorlog, bld 90-92.

ترسی ئەوەی نەبوو، کە یەکیەتی سۆڤیەت هێرش دەکاتە سەر ئەوروپای خۆرئاواو داگیری دەکات، چونکە ئەمە لە پراکتیکدا مەحاڵ بوو، هەروەها بەریتانیاش لەژێر مەترسیدا نەبوو، چونکە ویڕای ئەوەی لە جەنگدا سەرکەوتوو بوو، وەک زلهێزێکیش دەهاتە بەرچاو، کە ستالین بە یەکەم دوژمنی خۆی لە قەڵەمی دابوو. [1]

بۆیە ئەمەریکا هیچ دودڵ نەبوو لە هاوکاریکردنی تورکیا و بەپێی یاسای خواستن و کرێ (Lend lease act)، کە لەساڵی 1941 دەریکردبوو، لە ماوەی جەنگی دووەمدا بە بڕی 950 ملیۆن دۆلار هاوکاری تورکیای کردبوو.

دواتریش کاتێک پرۆژەی مارشاڵ وەک تەواوکاری پرۆژەکەی ترومان، لە چوارچێوەی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی ئەوروپاو جڵەوگرتنی دەسەڵاتی سۆڤیەت، جێبەجێکرا، تورکیا لە ماوەی ساڵانی 1949-1952 بەبەهای 778 ملیۆن دۆلار بەهرەمەند بووە لە هاوکاری ئەمەریکا، کە بڕی500 ملیۆن دۆلاری هاوکاری سەربازی بووە[2]. ئەم هەنگاوەی تورکیا تاک لایەنە نەبوو، بەڵکو لەبەری ئەوبەری هاوکێشەکەوە ئینگلیزەکانی شەکەتی جەنگی دووەمی جیهانی، کە خۆیان هیچی وایان بۆ نەدەکرا بەرامبەر بە هەڕەشەکانی سۆڤیەت لە تورکیا، بۆیە سەرەنجام ناچاربوون داوای هاوکاری لە ئەمەریکا بکەن، کە وەک زلهێزێکی جیهانی هاتبووە مەیدانەوە. بەریتانیا لە 21ی فێبریوەی 1947دا نامەیەکی فەرمی ئاراستەی ئەمەریکا کردو راستەوخۆ داوای ئەوەی لێکرد، کە بەوپەڕی توانایەوە بەرگری لە هێڵە ستراتیژیە ئابوری و سەربازییەکانی تورکیا بکات لە دژی سۆڤیەت[3] بەرهەمی ئەم داوایەش ڕێکەوتنی 12 یولیۆی 1947ی نێوان ئەمەریکاو تورکیا بوو، بەپێی ئەم ڕێکەوتنە ئەمەریکا بە هەموو شێوەیەک هاوکاری مادی و سەربازی و ئابوری

---

1- Yvan van den Berghe, De koude Oorlog , bld 89.

[2] د. وليد رضوان، العلاقات العربية – التركية في القرن العشرين، دار عبدالمنعم، الطبعة الاولى، سوريا، دمشق، 2004، ص 109.

[3] د.أحمد نوري النعيمي، تركيا وحلف شمال الأطلسي، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 75.

توركيا دەكات. هەر لەسەر بناغەی ئەم ڕێکەوتنە بەردەوامانەی ئەمەریکا و تورکیا، هاوکاری مادی و سەربازی ئەمەریکا بۆ تورکیا بەردەوامی هەبوو، لە نێوان سالآنی 1977-1980 بڕی یارمەتی سالآنەی ئەمەریکا لە 125 ملیۆن دۆلارەوە بوو بە 175 ملیۆن دۆلارو پاشان بۆ 225 ملیۆن دۆلارو دواتریش بۆ 450 ملیۆن دۆلار زیادی کرد.[١]

بەرامبەر بەمەش دەرگاکانی تورکیا لەبەردەم ئەمەریکا کرایەوە، هەموو بنکە سەربازییەکانی زەمینی و ئاسمانی و دەریایی، کۆگا سەربازییەکانی ئەسکەندەرونە، بنکەی ڕۆکێتی ئەزمیر و بنکەی دەریاوانی دورگەکانی تورکیا، لە بەرامبەر ئەمەریکاو پەیمانی ناتۆ خرانە سەرپشت، پەیمانی ناتۆ و ئەمەریکا پێکەوە مافی بەکارهێنانی 64 بنکەی سەربازیی تورکیان هەبوو، کە بەتەنها ئەمەریکا ڕاستەوخۆ 6 بنکەی گەورەو 21 بنکەی بچوکی بەکار دەهێنا.[٢]

ئەو شەش بنکەیەش ئەمانەی خوارەوە بوون:

ئەنچەرلیک- لە باشوری شاری ئەدەنە، کە پێشکەوتووترین جۆری فڕۆکەی ئەمەریکی تێدا جێگیر کراوە، ئەو فڕۆکانە دەتوانن جەنگی ئەتۆمیش بکەن.

سینوب- بنکەی سیخوڕی ئەلکترۆنی دەکەوێتە سەر دەریای ڕەش.

بیرینسلیک- بنکەی ڕاداری پێشکەوتووی دوور مەودا.

جولیاش- یەکەی چاودێری جوڵەو لەرزینەوەی زەمین، لە نزیک ئەنکەرە.

یۆمۆرتالیک- بۆ دابینکردنی وزەی پێویست بۆ ڕەوە گەمیەکانی شەشەمی ئەمەریکا.

ئەزمیر- سەرۆکایەتی ناوچەیی پەیمانی ناتۆی تێدایە وێرای سەرۆکایەتی هێزی شەشەمی ئاسمانی هاوپەیمانان.

---

[١] هەمان سەرچاوەی پێشوو بیارمصطفی، کێشەی کورد لە پەیوەندیەکانی ئەمەریکا و تورکیا لاپەڕە 64.

[٢] جهاد صالح، الطورانية التركية، دار الصداقة، بيروت، لبنان، الطبعة الاولى، 1987، ص180.

بەپێی زانیارییەکانی حکومەتی تورکیا لە ساڵی 1965دا ژمارەی سەربازە ئەمەریکیەکان لە ناو تورکیادا نزیکەی 27 هەزار سەرباز بووە [1] ئەمەش بێگومان سودێکی یەکجار گەورەی بە ئەمەریکا و پەیمانی ناتۆ گەیاندووە. بەپێی ئەو راپۆرتانەی، کە ساڵی 1977 پێشکەشی ئەنجومەنی پەیمانی ناتۆ کراوە، رێژەی 25%ی هەموو ئەو زانیاریيانەی، کە ئەمەریکا لەسەر سیستەم و پێگە رۆکێتییەکانی سۆڤیەت چنگی کەوتوون لە ریگای ئەو بنکە سەربازییانەوە بووە، کە لەناو تورکیادان.

هەروەک باسمانکرد، لە سەروبەندی جەنگی دووەمی جیهانیدا ئیتر ئاسۆی ململانێی هەردوو بلۆکی خۆرهەلات و خۆرئاوا لە برەوسەندندابوو، سوپای سوری یەکیەتی سۆڤیەت بەرلینی داگیرکرد و کۆتایی بە دەسەلاتی هتلەر هێنا. پارتە کۆمۆنیستەکانی سێبەری ئەو دەوڵەتە، لەناو دڵی ئەوروپاش لە تەشەنەسەندندا بوو، بۆیە راستەوخۆ لە پاش جەنگی دووەمی جیهانی خەمی سەرەکی ئەمەریکا و ئەوروپا تەنها ئەوە بوو، کە نەهێڵن ئەوروپا بکەوێتە ژێر دەسەلاتی یەکیەتی سۆڤیەت، بۆیە چەندین رێکەوتنامەی ئەورپی دووقۆڵی و چەندقۆڵی ئەنجامدران لەوانەش رێکەوتننامەی برۆکسلی 1947 لە نێوان بەریتانیا و فەرەنساو بەلژیکاو هۆڵەنداو لوکسومبورگ. بەلام ئەمەریکا نەخشەیەکی گەورەتری هەبوو بۆ ئەم کارە، ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریکا لە 18ی مارتی 1949 بە زۆرینەی 82 دەنگی دژ بە 13 دامەزراندنی پەیمانی ناتۆیان پەسەند کردوو رۆژی 4ی ئاپریل دیاریکرا بۆ مۆرکردنی پەیمانەکە لە واشنتۆن. [2]

نەک تەنها بەرژەوەندی تورکیا، بەڵکو بەرژەوەندی ئەوروپاو ئەمەریکاش وایدەخواست، کە تورکیا بکەنە یەکەم سەنگەری پێشەوەی ئەم جەنگەی خۆیان لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەت، دیارە جێگەو بایەخی جیۆسیاسی و جیۆستراتیژی تورکیا هێندە گرنگ بوو، کە نەدەکرا ئەوان

---

[1] بیار مصطفی سیف الدین، کێشەی کورد لە پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و تورکیا لاپەڕە 56.
[2] د.أحمد نوري النعيمي، تركيا وحلف شمال الأطلسي، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 22-17.

فەرامۆشی بکەن. تورکیاش ورده ورده بەرەو ئەوە دەچوو، کە تۆڕێکی هاوپەیمانی و گرێبەستی نهێنی ئالۆز بە دنیای خۆرئاواو ئیسرائیلەوە ببەستێتەوە، بۆیە نابێت لامان سەیر بێت، کە تورکیا لە رۆژی 28ی ئازاری 1949 دانی بە دەوڵەتی ئیسرائیلدا ناو بە فەرمی ناساندنی، لە شەڕی نێوان عەرەب و ئیسرائیل لە ساڵی1956 و جەنگی 1967 هەموو فڕۆکەخانەکانی وڵاتی لە خزمەت ئیسرائیلدا دانابوو. [1]

هەتا ئەمڕۆش پەیوەندی ستراتیژیی نێوان تورکیا و ئیسرائیل بەردەوامی هەیە، ئەم پەیوەندییە، نەک ستراتیژی، بەڵکو پەیوەندی شەراکەت یاخود هاوبەشییە، شەمعون پیریز لەم بارەوە دەڵێت (ئەو هاوکێشەیەی، کە تەحەکوم بەخۆرهەڵاتی ناوینی نوێوە دەکات، رەگەزەکانی بەمجۆرەن: پەترۆڵی سعودی + کرێکاری میسری+ ئاوی تورکیا+ ئەقڵی ئیسرائیلی) [2]

**ناتۆ ترۆپکی هاوپەیمانی تورکیاو خۆرئاوا:**

ئەگەر بە وردی سەرنجی سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر بە تورکیا بدەین، ئەوە راستەوخۆ دەگەینە ئەو دەرەنجامەی، کە ئەمەریکا هەرچیەکی بۆ ئیسرائیل کردبێت، کەمتری لە پێناو تورکیادا نەکردووە.

تەنها جیاوازی لە نێوان ئەم دوو فۆرمەدا ئەوە بووە، کە خەڵکی تورکیا زۆرینەیان بە رەچەڵەک موسڵمانن، نەک جولەکە، دەنا سەرەتای هاوکاری نێوان ئەمەریکا و تورکیا لە 12ی ژولی 1947 زۆر لە سەرەتای هاوکاری نێوان ئەمەریکا و ئیسرائیل گرنگتر و گەورەترە، تەنانەت دەتوانین بڵێین، کە پێگەی جیۆستراتیژی تورکیا خۆی یەکێک بوو لەهۆکارە هەرە سەرەکییەکانی هەڵگیرساندنی جەنگی سارد. نوسەری ئەمەریکی واڵتەر لیپمان (Walter Lippmann) لەم بارەوە دەڵێت (ئێمە

---

[1] علی حمزة سلمان الحسناوي، ظاهرة الانقلابات العسكرية و الاستلاء على السلطة في تركيا مجلة جامعة كربلاء العلمية- مجلد الثامن، العدد الثالث 2010 ص 116.

[2] د. وليد رضوان، العلاقات العربية – التركية في القرن العشرين، دار عبدالمنعم، الطبعة الاولى، سوريا، دمشق، 2004، ص236-235.

تورکیامـان لەبەر ئەوە هەڵنەبـژراد، کە پێویسـتی بە هاوکـاری ئـێمەیە، هەروەهـا لەبەر ئەوەش نـیە، کە تورکیـا نمـونەیەکی جـوانی دیموکراسـی بێت لە ناوچەکە، بەڵکو لەبەر ئەوە هەڵمانبژارد، کە تورکیا دەروازەیەکی ستراتیژی گرنگە لە دەریای رەشەوە بۆ ناو دڵی یەکێتی سۆڤیەت). [١]

زاراوەی جەنگی سارد بە شێوەیەکی فەرمی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1947کاتێک بۆ یەکەمجار لە لایەن پسپۆڕی دارایی ئەمەریکی بێرنارد باروخ (Bernard Baruch) کورتەی پلانی دارایی سەرۆک ترومان (Turkije)ی سەبارەت بە هاوکاری خێرای هەریەکە لە تورکیا و یونان، خوێندەوە. رۆژنامەنوس واڵتەر لیپمان ئەم تێرمەی لە رێگای چەندین نوسینەوە بڵاوکردەوەو پاشان کتێبێکیشی بە ناوی جەنگی سارد، لێکۆڵینەوەیەک لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا ( The Cold War. A study in U.S Foreing policy) لە هەمان ساڵدا نوسی. [٢]

ئەگەر سەرنجی بوونە ئەندامی تورکیا بدەین لە پەیمانی ناتۆ، ئەوە بەپێی مەرجەکانی ئەندام بوون، بەهیچ شێوەیەک نابێت تورکیا وەکو ئەندام وەربگیرێت، بەڵام ئەوە تەنها خواست و داوای ئەمەریکا بوو، کە ئەوەی بەسەر ئەندامانـدا دەسەپاند. مەرجەکانیش چواربەندی سەرکی تێدا بوون، کە ئەمانە بوون:- [٣]

یەکەم- ئەو دەوڵەتەی دەبێتە ئەندام دەبێت خۆرئاوایی (ئەوروپی) بێت، ئەم مەرجە، نەک تورکیا ناگرێتەوە بەڵکو لەو دەمەدا هێشتا سنوری ئەوروپاش دیاری نەکرابوو.

دووەم- ئەو دەوڵەتەی، کە دەبێتە ئەندام، دەبێت دیموکراسی بێت و بنەماکانی ئازادی سیاسی و ئابوری و مافەکانی تاکە کەس پەیڕەو بکات و یاسا تێیدا سەروەربێت، ئەم مەرجەش دیسان جێگای پرسیار بوو،

---

[١] نديم بتكين، تركيا، بوابة استراتيجية للامبريالية العالمية، بيروت، لبنان، الحقية برس، الطبعة الاولى،1987، ص 147.

[2]- Yvan van den Berghe, De koude Oorlog 1917-1991, Acco Leuven/ Leusden, Amersfoort, Nederland,2002, bld15

[٣] د.أحمد نوري النعيمي، تركيا وحلف شمال الأطلسي، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 22.

چونکە هەندێک دەوڵەتی ئەندام لەوانەش پرتوگال لەو کاتەدا دەوڵەتێکی دیموکراس نەبوو، ئەمە چ جای ئەوەی تورکیا دەوڵەتێکی دیموکراس بێت.

سێیەم- دەبێت دەوڵەتی ئەندام لە پێگەیەکی بەهێزی ئەوتۆی سەربازیدا بێت، کە بتوانێت ئەرک و مافەکانی خۆی جێبەجێ بکات.

چوارەم- دەبێت دەوڵەتانی دامەزرێنەر کۆک بن لەسەر وەرگرتنی ئەندامی تازە.

بەڵام لەبەر ئەوەی ئەمەریکاو بەریتانیا و فەرەنسا پێشتر بە نهێنی لەگەڵ تورکیادا رێکەوتبوون، ئەوا بەبێ هیچ گرفتێک تورکیا لە ٤ی ئاپرلی ١٩٥٢ بوو بە ئەندامی پەیمانی باکوری ئەتلەنتیک واتە ناتۆ( North Atlantic Treaty Organization)، چونکە دەوڵەتانی ناوبراو هەڵپەو پەلەی ئەوەیان بوو، کە تورکیا لە رووی سەربازی و ئەمنیەوە بە تەواوی بەخۆیانەوە ببەستنەوە، بۆیە لەهەمان ساڵدا رێکخراوی گلادیۆ لە ئەنکەرە نوسینگەی نهێنی خۆی کردەوە. لە تورکیا پێشتر رێکخراوێک بۆ هەڵوەشاندنەوەی پارت و رێکخراوە سیاسییەکان هەبوو، کە بە رێکخراوی دژە رێکخراو یاخود ( کۆنترا رێکخراو- Contra Organization) لە لایەن دەزگای هەواڵگری ئەمەریکاوە لە هەمان نوسینگەی سی ئای ئەی لە ئەنکەرە، دروستکرابوو. بەپێی هەندێک سەرچاوەی زۆر وردو دیاریکراو ئەم رێکخراوی دژە رێکخراوە هێزێکی تایبەتی هەبووە بە ناوی گروپی تاکتیکی گەڕۆک، یاخود ستیک– سەفەربەرلک تاکتیک کورولو (Seferberlik Taktik kurulu) ناسراوە، کە هەر لەهەمان باڵەخانەی سی ئای ئەی لە ئەنکەرە کارەکانی خۆی ئەنجامداوە. لە ساڵی 1959 رێکەوتنێکی سەربازی لە نێوان ئەمەریکا و تورکیا بۆ بەرگری هاوبەش و دووقۆڵی مۆر دەکرێت و بەپێی ئەو

ڕێکەوتنە کارەکانی ستیک گەشەسەندنی بەرچاو بەخۆیانەوە دەبینن و بەرەو بەرفراوانکردنی دەبەن و ئەرگەنەکۆنی لێدروست دەکەن. [1]

هەر بەپێی ئەم سەرچاوەیە ئوزەل حەرب دائرەسی درێژکراوەی ستیک بووە.

ئەم ڕێکخراوەی ئەمەریکا پشتئەستور بە شارەزایی و تاقیکردنەوەکانی ئەمەریکا لە هەریەکە لە کۆریاو ڤێتنام بۆ جەنگی دژە گەریلایی دروست کرابوو، ئۆپراسیۆنی کۆندۆر باشترین بەڵگەی ئەمەیە*. ئەمەریکا بۆ پشتیوانیکردنی تورکیا ڕێکخراوێکی بەهەمانشێوە بۆ دروست کردن. ئەم ڕێکخراوە لە تورکیا بە ئەرگەنە کۆن ناسراوە و هەموو کارەکانی بە نهێنیەکی لە رادەبەدەر ئەنجامداوە، تەنانەت خودی پەرلەمان و دەوڵەتی تورکیاش هیچ زانیارییەکیان سەبارەت بەم ڕێکخراوە نەبوو.

## یەکیەتی ئەوروپا روخسارە ئابوری و سیاسیەکەی ناتۆ:

ئەگەر دروستکردنی پەیمانی ناتۆ بۆ ئەنجامدان و تەواوکردنی هەر پەیمان و ڕێکەوتنێکی سەربازی و ستراتیژی بوبێت، ئەوە ئەم پەیمانە بێگومان پێویستی بە روخسار یاخود دەمامکێکی سیاسی و ئابوریش هەبووە، تابتوانێت کۆنترۆڵی تەواوی دنیا بکات و ئایدۆلۆژیای لیبراڵیزم و

---

[1]- Serdar Celik, Turkey’s klling Machine; The Coontra Guerrilla Force.no 17, Feb-mar1994.

*ئۆپراسیۆنەکانی کۆندۆر:-
کۆندۆر ناوی گەورەترین باڵندەی ئاسمانە کە جۆریکە لە هەڵۆ، ئەم ناوە کرا بە ناوی ئۆپراسیۆنەکانی کۆندۆر
(Operation Condor) . ئەمەریکا لە هەفتاکانی سەدەی بیستەمدا بۆ دژایەتیکردنی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لە ئەمەریکای لاتین و بۆ پێشگرتن بە نفوزی یەکیەتی سۆڤیەتی جاران، هەستا بە پشتیوانیکردنی چەندین رژێمی سەربازی و کودەتایی لە وڵاتانی وەک ئەرژەنتین و پۆلیڤیاو بەرازیل و شیللی وپاراگوای و پیرۆ و ئۆرۆگوای. لە تەواوی ئەم وڵاتانەدا بەپێی ئەم ئۆپراسیۆنە هێزەکانی کۆنترا گەریلا خرانە کار، ئەم هێزانە بەرپرسیارن لە کوشتنی نزیکەی 60هەزار مرۆڤ . وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لەو سەردەمەدا، هەنری کسنگەر بە یەکێک لە تۆمەتبارەکانی ئەم کەیسە ناوی براوە.

سـەرمایەداری وەک هەژمـونێکی سیاسـی، سـەربازی، ئـابوری، فەرهەنگی،تەنـانەت ئەخلاقـیش، بەسـەر هەمـوو ئەو جوگرافیـایەدا بسەپێنێت، کە خۆی تێدا بالآدەست دەبینێت..

ئەگەر سەرنجی سەرەتای کاری هاوبەش لە نێوان تورکیا و یەکیەتی ئەورپا بدەین، ئەوە راستەوخۆ ئەو راستیەی سەرەوەمان بۆ دەسـەلمێت و ئاشـکرا دەبێـت، کە خۆرئـاوا هەروەک چـۆن هەڵـپەی بـوو بـۆ کۆکردنەوەی دەوڵەتانی سەر بە بلۆکی سـەرمایەداری و دژ بە سـۆڤیەت لەژێـر چەتـری نـاتۆدا، ئەوە بەهەمـان شـێوە لە رووی ئـابوری و سیاسـییەوە هەمـان کـاری دووبـارە کـردۆتەوە لەگەڵ تورکیـادا. بەڵام دەبێت ئامـاژە بـۆ تەنهـا یەک خـاڵی جیـاوازی بکەیـن لە نێـوان ئەندامێتی تورکیا لە پەیمانی ناتۆو ئەندامێتی تورکیا لە یەکیەتی ئەوروپا، ئەویش ئەوەیە لە بڕیاری بوونە ئەندام لە رێکخراوی ناتۆدا، بڕیار تەنها لەدەست وڵاتـانی ئەنـدام و دامەزراوە سـەربازی و هەواڵگریەکانـدایە، بەڵام لە پرسـی بوونە ئەندام لە یەکیەتی ئەوروپادا مەسـەلەکە ئاڵۆزتر دەبێت و رۆدەچێتە نێو کۆمەڵگەی ئەوروپی و پارتەسیاسیەکان و چەندین پێوەری سیاسـی و ئـابوری قـورس، بـۆیە وەرگرتنـی تورکیـا لە یەکیەتـی ئەورپـا هێندە وەک بوونە ئەندامیەکەی لە ناتۆ ئاسان نەبووە.

سـەرباری ئەوەی، کە پەیوەنـدییەکانی تورکیـا بەیەکیەتـی ئەوروپـا بە شێوەیەکی فەرمی لە ساڵی 1963 دەستیپێکرد و تورکیا بوو بە ئەندامی بەشدار لە کۆمەڵەی ئەوروپی بەپێی رێکەوتنی ئەنکەرە، کە بە رێکەوتنـی شەراکەت ناوی براوە، بەڵام سەرەتاکانی ئەم پەیوەندییە لەسـەر بنـاغەی ئەمنـی دامەزراوە، لە لایەن یەکیەتـی ئەوروپـاوە بە تـایبەت و لە لایەن ئەمەریکاشـەوە بە شـێوەیەکی گشـتی. ئەمەش وەکـو لە سـەرەتاوە ئاماژەمـان بـۆ کـرد لەبەر هۆکارەکـانی جەنگـی سـاردو هەڕەشـەکانی یەکیەتی سۆڤیەت لە تورکیا. بـوونە ئەنـدامی تورکیاش لە پەیمـانی نـاتۆ ساڵی 1952 هەر لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتە ئەمنییەدا بووە.

پاش مۆرکردنی پەیمـانی رۆمـا لە سـاڵی 1957 و دامەزراندنی بـازاڕی هاوبەشـی ئەوروپـا، تورکیـا لە مـانگی یولیـۆی 1959 راسـتەوخۆ پـاش

ئەوەی یۆنان داوای بوونە ئەندامی ئەو بازاڕەی کرد، ئەویش داخوازی خۆی پێشکەش کرد. هەرچەندە تورکیا زۆربەی پێودانگە ئابورییەکانی تێدا نەبوو بۆ ئەندامێتی لەو بازاڕە هاوبەشەدا، بەڵام سەرەنجام لە سێپتێمبەری 1963دا بە ئەندامی ئەو بازاڕە وەرگیراو ساڵی 1995 واتە سێ ساڵ پاش ڕێکەوتننامەی ماستریخت 1992 تورکیا ڕێکەوتنی یەکیەتی گومرگی لەگەڵ ئەوروپا مۆرکرد. [١]

راستە یەکیەتی گومرگ لەگەڵ ئەوروپا هەنگاوی بەر لەکۆتایی بوونە ئەندامی تورکیا بوو لە یەکیەتی ئەوروپا، بەڵام لوتکەی کۆپنهاگن لە ساڵی 1993، کە زیاتر بە پێودانگ (کریتێریا)ی کۆپنهاگن ناسراوە، مەسەلەی بوونە ئەندامێتی تەواوی راستەوخۆ بەستەوە بە (گرەنتی دیموکراسی، سەروەری یاسا، مافەکانی مرۆڤ، ڕێزگرتن و پاراستنی مافی کەمینەکان، ئابوری و بازاڕی ئازاد و ئاوەڵا و توانای کێبەرکێ لەگەڵ هێزەکانی بازاڕ لەناو یەکیەتی ئەوروپا). [٢]

لە دیسێمبەری 1997 تورکیا داخوازی بوونە ئەندامی پێشکەش بە یەکیەتی ئەوروپا کرد، بەڵام ئەم داخوازییە سەرەتا تەنها وەک داخوازی تورکیا مایەوەو قبوڵ نەکرا، پاشان لە دیسێمبەری 1999 ئەم داخوازییەی تورکیا بە فەرمی وەکو داخوازی لە تورکیا وەرگیرا و لە ساڵی 2005دا بڕیاری دەستپێکردنی گفتوگۆکان بۆ بوونە ئەندامی تورکیا لەو یەکیەتییە دراو پێناچێت هەتا کۆتایی ساڵی 2015 ئەم پرۆسانە تەواو ببن. تەواو نەبوونی ئەو پرۆسانەش تەنها گرفتە تەکنیکیەکان نین، بەڵکو هۆکاری سەرەکی لەمەدا ئەوەیە، کە ئەو رۆژگارو بارودۆخەی جاران لەمڕۆدا هێندە بۆ تورکیا ئاسان نیە، کە خۆی بکاتە دەوڵەتی ئەوروپی و هاوشێوەی ئەوان لە نیو بازاڕو کۆمەڵگەو دامەزراوە سیاسییەکانیاندا تەراتێن بکات، بەتایبەت، کە ئەو یانەیە لەمڕۆدا بە یانەی مەسیحیەکان

---

[١] لقمان عمر النعيمي، تركيا و الاتحاد الأوروبي، دراسة لمسيرة الانضمام، مركز الامارات للدراسات و البحوث الاستراتيجية، أبوظبي، الإمارات العربية المتحدة، الطبعة الاولى،2007 لاپەڕە20-19.

[٢] هەمان سەرچاوە لاپەڕە 48-47.

رەنگـی وەرگرتـووەو ئاسـتەمە جەسـتەیەکی نـامۆی وەک تورکیـا قبـوڵ بکات.

**سەرەتاکانی ئەرگەنەکۆن:**

ئەرگەنەکـۆن ئەو نـاوەیە، کە سـاڵی 1996 لە روداوی سوسـورلوک (پاشان بە درێژی باسی دەکەین)، کەوتە نێو ناوان، هەتا ئەمڕۆ دەوڵەتی تورکیـا بە فەرمـی زانیـاری تەواوی لەسـەر ئەم رێکخـراوە چەتەگەریەی خـۆی بـڵاو نەکـردۆتەوە، بـۆیە هەمـوو نوسـین و شـرۆڤەکاریەکان بەم نوسینەی ئێمەشەوە، رەنگە ئامـانجی خۆی بە تەواوی نەپێکێت، زانیـاری لەسـەدا سـەد و دڵنیـا تەنهـا ئەو کـاتە ئاشـکرا دەبـن، کە دەوڵەتـی تـورک بەفەرمـی هاوشـێوەی دەوڵەتـانی دیکە کۆتـایی و هەڵوەشـاندنەوەی ئەم رێکخـراوە راگەیەنێـت، کە ئەمەش لە کـاتی ئێسـتا یـاخود لانـی کەم لەم چەنـد سـاڵەی داهاتوشـدا مەحـاڵ دەبێـت. بـۆیە ئـێمە لەم گریمـانەو شـرۆڤەکاریانەی خۆمانـدا زیـاتر پشـت بە زانیـاری و سـەرچاوەی باوەڕپێکراوی خودی ئەو دەزگاو لایەنانە دەبەستین، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان توانیویانە زانیاری دروست بەدەست بخەن.

پێدەچێت کاتێک ناوی ئەرگەنەکۆن دەبرێت، مەبەست لێی رێکخراوێکی سەربەخۆی دەوڵەتی قوڵ بێت و بەشێک نەبێت لە دەزگای فەرمـانگەی جەنگی تایبەت(یاخود رەنگە ناوێکی نهێنی تورکی بێت بۆ هەمـان دەزگـاو بەڕێوبەرانی دەزگاکە وەکو پەڕلە بەکاریان هێنابێت)، بەڵکو هێندەی مـن لە بەدوواداچـوونی خـۆم وەکـو دەرەنجـام پێگەشـتووم ئەوەیە، کە ئەرگەنەکۆن دەزگـایەکی گەورە یـاخود دەوڵەتێکی نهێنـی گەورەیە لەنـاو خـودی دەوڵەتـی تورکـدا، واتە هەمـوو بەشـەکان و دەزگـا نهێنیەکـانی دەوڵەت، بە میت و ژیتەم و فەرمانگەی جەنگی تایبەت و مافیاو چەتەکان و گورگەبۆرەکـان و تەنـانەت هەنـدێک پـارتی وەک مەهەپە و چەنـدین کۆمپانیـای زەبەلاح و دامەزراوەی میدیایی...تـاد، لە خۆدەگرێت. ئەمـانە هەر هەموویـان یەکـی لقێکـی سـەربەخۆی ئەرگەنەکـۆن بـوون. هەرلەبەر ئەوەشە، کە تێکەڵاوی یاخود تێهەڵکێشانێک لە نێوان ئەم دەزگایانە بەدی

دەکەیـــن، لەبەرئەوەی لە بنەڕەتـــدا هەمـــوو ئەم دەزگایـــانە لەلایەن ئەرگەنەکـۆنەوە بە بەرنـامەو پرۆگرامـی وردو درشـت بەڕێـوە بـراوە، ئەرگەنەکۆنیش راستەوڕاست بەشێک یاخود نوسینگەیەکی دەزگای سی ئای ئەی بووە لە تورکیا....

ئێمەدا لەم بەشەدا هەوڵدەدەین سەرەتاکانی دروستبوونی ئەرگەنەکۆن بخەینە بەر دیدی خوێنەر.

**فەرمانگەی جەنگی تایبەت:**

بەر لە دروستکردنی ئەم فەرمانگەیە، فەرمانگەی حەرەکات لە سوپای تورکیا دامەزرابوو، بەڵام راستەوخۆ پاش ئەوەی سی ئای ئەی دەستی بە کارەکـانی خـۆی کـرد لە ئەنـکەرە، فەرمـانگەیەکی دیـکەی بەنـاوی فەرمـانگەی جەنگـی تـایبەت ( ئـوزەل حەرب دائیرەسـی- zel Harp ÖDairesi) دروســـتکردوو، راســـتەوخۆ بەســـتییەوە بە فەرمـــانگەی حەرەکاتەوە واتە ( حەرەکات دائیرەسی- Harekat Dairesi). لە راستیدا ئەم فەرمانگەیە باڵاترین فەرمانگەی سەربازی بووە، کە تیمێکی تایبەتی ژەنراڵەکانی نێو ئەرکانی سوپا سەرپەرشتییان کردووە، واتە دەتوانین بێـژین، کە ئەم فەرمـانگەیە لە ســەرو یـاخود لەهەمـان ئاسـتی بـاڵای سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپادا بووە.

مەبەسـت لە فەرمـانگەی جەنگی تـایبەت، ئەوەی بە فەرمـی دەوڵەتـی تـورک باسـی دەکـات، ئەمەیە (لە حـاڵەتی ئەوەی، کە وڵات رووبەڕووی داگیرکردنـی کۆمۆنیسـتەکان یـاخود راپەڕینێکـی سەرتاسـەری بێـتەوە، دەبێـت بەهەمـوو شـێوازو ئامرازێـک هەوڵ بـدرێت ئەم هەوڵە پـوچەڵ بکرێتەوە). هەموو شێوازو ئامرازێک بەبێ ئەوەی لە چوارچێوەی یاسادا دیـاری بکرێـت ئەوە دەگەیەنێـت، کە هەمـوو کـردەوەیەک بە دروسـت بزانرێـت بـۆ ئەو کـارە، واتە کوشـتن، هێرشـی بـۆمبی، هەڵکوتـانە سـەر هەموو شوێنێک بە چەک و بەزۆر، لەناوبردن، بزرکردن، هەڕەشـەکردن، رفانـــدن، بـــارمتەگرتن، دزیکـــردن، روتکـــردنەوەو سەرانەســـەندن،

گرتێبەردانــی شــوێن، ســوتاندن، تێکــدان، وێرانکــردن، پروپاگەنــدە، هەڵخەڵەتاندن، لە خشتەبردن، گومڕاکردن...

بەمجۆرە بەشی کۆنترا گەریلا دەکرێت یەکێک بێت لە بەشە گرنگ و چالاکەکانی فەرمانگەی ناوبراو، هەموو کتێب و ئەدەبیاتی ئەم کردەوانە لە ئەدەبیاتی ناتۆ و سی ئای ئەی وەرگیراون و بۆ سەر زمانی تورکی وەرگێــڕدراون و لە بەشــە تایبەتەکــان دەخــوێنرێن. هێزەکــانی کــۆنترا گەریــلای تورکیــا خــاوەنی چەنــدین ئەکادیمیــای جەنــگ و قوتابخــانەن، قوتابخـانەی جەنگی شـاخ لە بۆڵـو کەیســەری لە نزیـک ئەنـکەرە(Bolu)، هەروەهـــا بوجـــا (Buca) لە نزیـــک ئیزمیـــر(Izmir)، هەروەهـــا جاناکالا(Canakkale) جگە لە خوێندنی ئەو کتێب و ئەدەبیاتانەی سی ئای ئەی، لەلایەن ئەو تەپلە سەوزانەوە بەڕیوە دەبرێت، کە لەجەنگی ڤێتنامـدا بەشداربوون و هەمان ئەرکیان ئەنجامداوە.[1]

هێزەکـــانی کـــۆنترا گەریـــلا زۆر بە تونـــدی و دڵڕەقـــانە لە دژی (هەڕەشـەکان) پەروەردە دەکرێن، هەڕەشـەکانیش بێگومـان کۆمـۆنیزم و چەپگەرا و کورد و هێزە جوداخوازەکان و پەکەکە دەگرێتەوە! مێشکیان بە شـۆڤینزم و رەگەزپەرسـتی، لە دژی هەر کەسـێک، کە ئۆپۆزیسـیۆنی دەوڵەت بێـت، سـیخناخ دەکرێـت. هەمـوو ئەوکـارانەش بەوە پاســاو دەدرێتەوە، کە ئاسایش و ئارامی و ئاسایشی نەتەوەیی دەپارێزرێت.

جـگە لەو هێـزانەی سـەرەوەش، کە باسـمانکردن، هەمـوو رێکخـراوە دیموکراتخوازەکانی وەک سەندیکا و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و رۆژنامەو رۆژنامەنوسەکان ...هتد دەکەونە نێو چوارچێوەی کاری ئەنتی گەریـلاوە، چـونکە لە پەیـڕەوی هێزەکـانی ئەنتـی گەریـلا یـاخود پـارا گەریـلادا هـاتووە( نەک تەنهـا ئەوانەی، کە راسـتەوخۆ هێـرش دەکەنە سەرمان، دەبێت لە ناوبەرین، بەڵکو هێزگەلێکی دیکە هەیە لە ژێرەوە بە

---

[1] Serdar Celik, Turkey's Killing Machine: The Contra-Guerrilla Force.No.17. February/March 1994.

دزییەوە کار دەکەن و هێرش دەکەنە سەرمان، ئەمانە ئەوانەن، کە هەوڵ دەدەن گۆڕانکاری لە ناوخۆی وڵات و کۆمەڵگەدا دروستبکەن).

ئەو کارمەنـدانەی، کە بـۆ یەکەی کـۆنترا گەریـلا هەڵـدەبژێردران، بە تـایبەت ئەفسـەرە پـلەبەرزو ژەنراڵەکـان، راسـتەوخۆ رەوانەی ئەمەریکـا دەکـران، لە ئەمریکـا وانەو کـۆرس و راهێنـانی تایبەتیـان وەردەگـرت (بەشـێک لە راهێنانەکـان بریتیبـوو لە نمایشـکردنی فیلمـی دۆکیومێنتـاری لەسـەر کێشـەکانی کـۆمەڵگەی تورکیـا، لەو نمایشـانەدا هەمـوو کـردەوە شەڕانگێزەکانی کۆمۆنیست و چەپەکان و ئاژاوە گێڕەکانی دیکە پیشـان دەدراو چـۆنیەتی مـامەڵەکردنیش لە گەڵیانـدا دەخـرایە روو). بەشـێک لە مـاوەی راهێنانەکان لە بنکەی سـەربازی ( the US Army School of the Americas) لە پەنەمـا بەڕێـوە دەچـوو. تێگەشـتن و وردبـوونەوە لەم راهێنـان و کۆرسـانە لە ئێسـتادا لە هەنـدێک بڵاڤـۆک و نوسـراوی ئەمەریکـادا باسـی دەکرێـت و بەشـێکی بەرچاویـان ئاشـکرا کـراون و تەنانەت کراون بە فیلمیش.[1]

هەندێک لەو کتێب و بڵاڤۆکانەش، کە بە مەنـهەج و وانە دەخـوێنرێن و بەشـی هەرە زۆریـان ئەمەریکـین و کـراون بە تـورکی، ئەمـانەی خوارەوەن:-

1-"U.S. Army FM 31/16" (contra-guerrilla operations), "U.S. Army Special Warfare School.

2-(contra-guerrilla tactics and techniques), "FM 31/20" (special forces operational techniques).

3-FM 31/21 Special Forces Operations (ST urban assignments, 31/21 guerrilla warfare and special forces operations ).

4-FM 31/21 A. Special Forces Operations (U)" (special forces secret operations).

---

[1] http://www.theguardian.com/world/2001/oct/30/afghanistan.terrorism19.

بەگـوێرەی ئەو بەڵـگەو نوسـینانەی، کە سـەردار چەلیـک ئاشـکرای کـردوون، هەر لە سـاڵی 1985 بەدوواوە بەردەوام ئەم جـۆرە کتێـب و بڵاڤۆکـانە لە سـەربازگاکانی ئەنتـی گەریـلا وەکـو مەنـهەج خوێنـدراون. نمـونەی ئەمەش کتێبی Ic Guvenlik Konsepti" (The Concept of Internal Security) واتە چەمکـی ئاسایشـی نـاوخۆیە، کە لەلایەن سـەرکردایەتی جەنگی تایبەت لە ئەرکانی گشتی سوپا کاری وەرگێڕان و چاپکردنی بۆ کراوە.[1]

بەمجـۆرە فەرمـانگەی جەنگـی تـایبەت لە تورکیـا لەژێـر چـاودێری و راهێنـانی راسـتەوخۆی ئەمەریکـا دروسـت بـووە، فەرمـانگەیەکی یەکجـار گەورەیەو بـودجەیەکی یەکجـار زەبەلاحیشـی بـۆ تەرخـان کـراوە، کە پێـدەچێت هەمــوو ئەو بــودجەیە یــاخود بەشـــی هەرە زۆری لە لایەن ئەمەریکـاوە تەرخـان کرابێـت. فەرمـانگەکە چەنـدین بەشـی گرنـگ و سەرەکی هەبووە، کارەکانی هێندە وردو گشتگیر بووە، کە لە ناوخۆی وڵاتـدا لە هەمـوو شـارو شـوێنێک شـانەی دروسـت کـردووە. ئەم شـانە نهێنیانە، کە لە بەڵگەنامەکانی حکومەتدا بە (نیشـتیمان پەروەران) ناویـان تۆمارکراوە بەناوی پۆلیس و بەرگی پۆلیسەوە بەشێکیان کراونەتە تیمـی پاراسـتنی پـارتە سیاسـی و ڕێکخراوەکـان و بەشـێکی دیکەیـان کـراونەتە ئەنـدام لە نێـو پـارتە سیاسـییەکانداو بەردەوام چـاودێری ئەو پارتانەیـان کردووەو راپۆرتیان لەسەر پێشکەش کردوون.

---

[1] Serdar Celik, Turkey's Killing Machine: The Contra-Guerrilla Force.No.17. February/March 1994.

## بەشەکانی فەرمانگەی جەنگی تایبەت

**دەزگای میت** MIT:

دەزگای هەواڵگری تورکیا – میللیی ئیستخبارات تەشکیلاتی ( Milli Istahbarat Teshilati) واتە ئاژانسی میت (MIT)، گرنگترین بەشی ئەم فەرمانگەیە بەشی هەواڵگری نهێنی بووە. لە تورکیا بەشی هەواڵگری نهێنی لەژێر بەرپرسیاریەتی ئەرکانی سوپادا بووە، واتە بەشێوەیەکی دیکە ئەم بەشە لەژێر دەستی فەرمانگەی جەنگی تایبەتدا بووەو حکومەتی مەدەنی واتە سەرۆکی حکومەت و پەرلەمان و وەزیرەکان، هیچ کۆنترۆڵ و فەرمانێکیان بەسەر ئەم بەشانەدا نەبووەو مافی ئەوەشیان بەپێی یاسا نەبووە. لە تورکیادا چەندین دەزگای هەواڵگری جۆراوجۆر هەیە، دەزگای هەواڵگری میتی تورکی (MIT) بەیەکێک لە هەرە ئەو دەزگا گەورانە هەژمار دەکرێت. سێ بەشی ئەندامانی دەزگای میتی تورکی ئەفسەرەکانی سوپان و بەشەکەی دیکەشی لە ئەفسەرانی خانەنشینکراو پێکدێت. بەپێی یاساکانی تورکیا، سەرۆکی دەزگای میت دەبێت ژەنراڵێکی سوپا بێت.

میت لە بنەڕەتدا وەک لقێکی دەزگای سی ئای ئەی دروستکراوە، وێرای ئەوەش بە شێوەیەکی زۆر توند لەگەڵ دەزگای مۆسادی ئیسرائیلی (MOSSAD) و دەزگای هەواڵگری ئەڵمانیای خۆرئاوا (BND) تێکەڵ بووە. هۆکاری ئەم تێکەڵاویە چییە؟ بێگومان تەنها تێکەڵاوی نەبێت لە گلادیۆ هیچی دیکە نیە. بەشی زۆری ئۆپەراسیۆنەکانی فەرمانگەی جەنگی تایبەت بە هاوبەشی ئەم لایەنانە ئەنجامدراوە. وێرای ئەوەش ئەم دەزگایە لەگەڵ چەندین وڵاتانی دیکەدا ژوری عەمەلیاتی تایبەتی هەیە، کە هەموو جۆرە کارێکی هاوبەش بۆ ئەو دەزگایانە جێبەجێ دەکات، لەوانەش ژوری عەمەلیاتی هەمیشەیی لەنێوان سی ئای ئەی و موسا د و میت.

له ئێستادا ژمارەی ئەو دەزگا هەواڵگریانەی، کە پەیوەندی راستەوخۆیان بە دەزگای میتەوە هەیە، 14 دەزگای ئەوروپی و خۆرهەڵاتین، کە میت ئاڵوگۆڕی راهێنانی هەواڵگرییان لەگەڵدا دەکات لە بوارەکانی هونەری و هەرێمی و تەکنیکیەوە، ئەم هاوکاریەش لە چوارچێوەی رێکەوتنی ئاسایشی و هەواڵگری تورکیایە لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا. [١]

بەپێی هەندێ سەرچاوە، قاهیرە یەکێکە لەو شوێنانەی، کە میتی تورکی پەیوەندی تایبەتی لەگەڵیدا هەیە و هەندێک لە کۆبوونەوەکانی نێوان مۆساد و میت لە رابووردوودا هەر لە قاهیرە ئەنجام دراون . [٢]هەروەها رۆژنامەکانی تورکیا بە ئاشکرا ئاماژە بۆ بەردوامی پەیوەندییەکانی میت و موساد دەکەن لە رێگای قاهیرەوە، بە تایبەت پاش قەیرانی، کەشتی مەرمەرە لە ساڵی 2010، بەڵام سەرهەڵدانی رووداوەکانی بەهاری عەرەبی و کەوتنی رژێمەکەی موبارەک ئەم بارەی ئاڵۆزکرد، هەروەها لە سەرکارلابرانی ئیخوانەکان و کودەتای سەربازی لە لایەن سوپای میسرەوە ئایندەی ئەم پەیوەندییانەی نارۆشنتر کردووە.[٣]

میتی تورکی و وەزارەتی بەرگری تورکیا گەورەترین بودجەی وڵات بۆ کارەکانیان تەرخان دەکەن، رۆژنامەی میللیەت سەبارەت بە بودجەی میت لە ساڵی 2013 دا رایگەیاند، کە بودجەی دەزگای هەواڵگری میت ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار کرد، لە چاو ساڵی 2012 بە رێژەی 14% زیادی کردووە . لە ساڵی 2013 بڕی 995.569 ملیۆن لیرەی بۆ تەرخان کراوە، کە ئەمەش لە بودجەی سەرۆکایەتی کۆمارو سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی وەزیران زیاترە، پاش ئەوەی لە ساڵی 2012 دا بڕی بودجە 942.750 ملیۆن لیرە بوو. [٤]

---

[1]- http://www.mojtamai.com/news.

[2] http://www.jpnews-sy.com/ar/news.php?id=49161.

[3] http:/www.albayan.co.uk/event.aspx?ID=4574.

[4] http://almesryoon.com/permalink/43519.html.

دەزگـای هەواڵگـری میتـی تـورکی سـاڵی 1965 لە شـوێنی ئاسایشـی نیشـتیمانیی تـورکی دامەزرا، پەرلەمـانی تـورکی لە ڕۆژی 22ی تەمـوزی 1965 بڕیـاری 644ی تـایبەت بە دەزگـای نـوێی هەواڵگـری پەسـەند کـرد. بەڕێوەبەری ئەم دەزگایە پلەی وەزیری هەیە و ڕاستەوخۆ پەیوەسـتە بە سەرۆک وەزیرانەوەو 7 بەشی هەیە لە ئێستادا:

1 - ڕاوێژی یاسایی
2 - پەیوەندی گشتی و ڕاگەیاندن
3 - پشکنین و چاودێری
4 - بەشی تەنسیق و هاوکاری
5 - بەشـی هەواڵگـری، کە بەشـەکانی کـۆکردنەوەی زانیـاری، هەواڵگریـی دەرونی، هەواڵگریی ئەلکترۆنی، هونەری کۆمپیتەر، هەواڵگریـی ئـابوری (بەتایبەت لە بواری پیشەسازی و وزەدا).
6 - بەشی ئۆپراسیۆنەکان: ئۆپراسیۆنەکان، نێوەنـدی هەرێمـی، نێرژەکـان و نوێنەرایەتیی دەرەوەی وڵات
7 - کارگێڕی، پێرسونێل، کارمەندەکان، ڕاهێنان، سکرتاریەت .

دیـارە لەنـاو ئەم بەشـانەدا چەنـدین بەڕێـوەبەرایەتی دیـکەی گرنـگ هەریەک بەپێـی تایبەتمەنـدی خـۆی، بـۆ نمـونە لە بەشـی هەواڵگـری و کۆکردنەوەی زانیاریدا، مەلەفی دەوڵەتەکان هەریەکەیان بەڕێوەبەرایەتی و سەرۆک بەشـی خـۆی هەیە، هەروەهـا بەشـی کـۆکردنەوەی زانیـاری و گــوێڕادێری دەریــایی هەیە، ئەم بەشــە لە پــاش خســتنە خــوارەوەی فـڕۆکەکەی تورکیـا لەلایەن سـوریاوە بـایەخێکی تەواوی وەرگـرت. لەم بــارەوە تورکیــا بە نیــازی ئەوەیە لە ڕێگــای ئیســرائیل و ئەمەریکــاوە کەشتییەکی دەریایی زۆر پێشکەوتوو وەربگرێت و بۆ ئەم کارە بەکاری بێنێت.[1]

[1] defense-arab.com/vb/showthread.php?t=61895.

## خشتەی ناوی سەرۆکەکانی دەزگای میتی تورکی

| ریزبەندی | ناو | رۆژی دەستبەکاربوون | رۆژی کارتەواوبوون |
|---|---|---|---|
| 1 | عەونی کەنتان | 14-7-1965 | 2-3-1966 |
| 2 | محەمەد فواد دوغو | 2-3-1966 | 27-3-1971 |
| 3 | نورەدین ئەرسین | 2-8-1971 | 25-7-1974 |
| 4 | بولەنت ترکر | 26-7-1973 | 27-2-1974 |
| 5 | بەهادین ئوزولکر | 28-2-1974 | 26-9-1974 |
| 6 | بولەنت ترکر | 26-9-1974 | 25-11-1974 |
| 7 | حەمزە گەرگوج | 25-11-1974 | 13-7-1978 |
| 8 | عەدنان ئەرسوز | 13-7-1978 | 19-11-1979 |
| 9 | بولەنت ترکر | 19-11-1979 | 7-9-1981 |
| 10 | بورهانەدین بیگالی | 7-9-1981 | 14-8-1986 |
| 11 | خەیری ئوندول | 5-9-1986 | 29-8-1988 |
| 12 | تیومان کۆمان | 29-8-1988 | 27-8-1992 |
| 13 | سۆنمەز کوکسال | 9-11-1992 | 11-2-1998 |
| 14 | شنکل ئەتاساگون | 11-2-1998 | 11-6-2005 |
| 15 | ئیمری تانەر | 15-6-2005 | 26-5-2010 |
| 16 | هاکان فیدان | 26-5-2010 | بەردەوامە هەتـــــــا ئەمڕۆ |

سەرچاوەی خشتە:

http://www.qanon302.net/news/news.php?action=view&id=

**بەشی جەنگی دەرونی:**

فەرمــانگەی جەنگــی دەرونــی، کە بەتــورکی بە پســیکۆلۆک حەرب دائیرەســی (Psikolojik Harp Dairesi) نـاوی دەبرێـت، لە سـاڵی 1983 بەدواوە نـاوەکەی کـرا بە (TIB) و نوسـینگەی سەرەکیشـی لە ئەنـکەرە دامەزرا. یەکەم بەرپرســی ئەم فەرمــانگەیە دۆغــان بایەزیـد ( Dogan Beyazit) بـوو، کە هەرخۆشــی لە هەمــان کاتــدا ســەرۆکی فەرمــانگەی ســەرەکی جەنگــی تــایبەت بــوو، کــاری ئەم فەرمــانگەیە چالاکیەکــانی پروپاگەنـدە بـوون، کە لە ئەدەبیـاتی ئەمەریکـادا جۆرەکانیشـی بە سـێ رەنگ ( پرۆپاگەندەی سپی، رەش، خۆڵەمێشی) دیاریکراون.

ئەم بەشــە چەنـدین رۆژنـامەو کەنـاڵی تەلەفیزیـۆن و گۆڤـاری بـڵاو دەکردەوە، وێرای ئەوەش چەندین رێکخراوی ئایدۆلۆژی دروستدەکرد، لەوانەش پەیمانگای توێژینەوەی کەلتوری تورکی، کۆمەڵەی توێژینەوەی جیهانیی تورک.. کاری سـەرەکی ئەم بەشـە لە سـاڵانی هەشـتاکاندا ئەوە بوو، کە جەنگی دەرونی راستەوخۆ لە دژی کورد و پەکەکە ئەنجامبدات. دەیان بڵاڤۆک و رۆژنامە و کەناڵی خستە خزمەت ئەو ئامانجە. لە رێگای ئەم کــــارانەوە زۆربەی هەرە زۆری تــــاوان و رەشــــەکوژییەکان و قەسـابخانەکانی کـۆنترا گەریـلای دەدا بە ملـی پەکەکەدا. ئەم بڵاڤۆکـانە وەردەگێـڕدرایە سـەر تەواوی زمـانە ئەوروپییەکـان و کـاریگەری زۆر گرنگی دەرونـی دەکردە سـەر خەڵکی ئەوروپا لە دژی پەکەکە، تەنـانەت چەنـدین جـار ئەم بەشــە خـۆی لە جیـاتی پەکەکە بلاڤـۆک و نـامەی بە کــوردی و تــورکی بڵاوکــردۆتەوەو هەرخۆشــی وەریگێــڕاونەتە ســەر زمانەکانی دیکە بۆ ئەوەی بتوانێت زۆرترین زیـان لە ناوبـانگی کورد و پەکەکە بـدات. لە زۆربەی ئەو بلاڤۆکـانەدا، کە بەنـاوی پەکەکەوە بـڵاو دەکرانەوە شەرعیەت و پاساو دەدرا بە رەشـەکوژی و درۆکردن و دزی و تـاڵان و کوشـتن و بازرگـانی مـادە هۆشـبەرەکان! لامـان سـەیر نیە کە

زۆرجـار کەسـان و دەزگـاو دامەزراوەی ئەوروپـی زۆر هەن کە رقێکـی کوێرانەیان لە کورد دەبێتەوە. ئەمە بە سیستەماتیک کاری بۆ کراوە.

وێرای ئەوانەش هەر ئەم فەرمـانگەیە بەردەوام لە نـاوچە کوردیەکانـدا کۆڕو سیمیناریان ساز دەکرد و بەڵگەی مێژوویـیان بـۆ ئەو دەهێنـایەوە، کە کـورد لە بنەڕەتـدا تـورکن و تـورکی رەسـەنن. هەمـان مـاکینەی پرۆپاگەنـدە رۆژانە لە کەنـاڵە زۆر و زەوەنـدەکانی دەوڵەتەوە وەگەڕ دەخـرا. رۆژنامەکـانی حـوررییەت (Hürriyet)، میلیـیەت (Milliyet)، تورکیـا (Türkiye)، سەباح (Sabah) بەشێکی بچوکی ئەم مـاکینە زەبەلاحە بـوون، کە رۆژانە لەو فەرمـانگەیەوە بەرنـامەو بەڵگەنـامەی دروسـتکراویان بـۆ دەهات و ئەوانیش ئەو بەڵگەنامانەیان دەهێنایە گۆو گفتوگۆی نەبڕاوەیـان لەسەر مەسەلەی تیرۆرو پەکەکە دەکرد. [١]

یەکێک لە کـاریگەریە هەرە سـەرەکیەکانی فەرمـانگەی جەنگی تـایبەت بەسـەر کـۆمەڵگەی تـورکییەوە لە نێـو پـارتە سیاسـییەکاندا بەدیـدەکرا. هەمـوو کەسـایەتییە ناودارەکـان و سیاسـەتمەدارەکان لەژێـر کـۆنترۆڵی تونـدی ئەم دەزگـایەدا بـوون. لێرەدا تەنهـا یەک نمـونە بەسـە : سـلێمان دەمیریـل سـاڵی 1963 یەکەم تـورک بـوو، کە خوێنـدنی ئەمەریکـای بـۆ دەرچـوو لەسـەر ئەرکـی دەوڵەت. ئەو لایەنەی کورسـی خوێنـدنی بـۆ سـلێمان دەمیریـل دابـین کـرد، رێکخـراوی ئایزنهـاوەر ئێکسـچەینج (Eisenhower Exchange Foundation) بـوو، کە سـەربە ئاژانسـی هەواڵگری سی ئای ئەی بوو. لەو کاتەی نـاوبراو لە ئەمەریکا دەیخوێند، داوایلێکرا پەیوەندی بە پارتی عەدالەتی تورکی – عەدالەت پارتیسـی(AP) یەوە بکات، ساڵی 1964 بوو بە سـەرۆکی ئەو پارتە. لە کاتی حکومەتی دەمیریلـدا لە نێـوان سـاڵانی 1975-1978 زۆرتـرین هاوکـاری و کـۆمەک پێشکەش بە تورکەش و گورگەبۆرەکان کراوە. لە هەمـوو هێرشـەکانیاندا بـۆ سـەر کەسـانی پێشـکەوتنخوازو چەپەکـان و خوێنـدکارانی زانکـۆ و سەندیکای کرێکاران، پۆلیس هەمیشـە پارێزگـاری لەوان دەکرد، بۆیە بە

[1] http://ejbron.wordpress.com/2012/12/16/grijze-wolf-in-schaapskleren/

ئاسانی سەدان کەسیان لە نێو شـەقام و کۆڵانەکاندا تیرۆر دەکرد بەبێ ئەوەی کەس لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات .

کەنعــان ئێڤــرن ســـەرۆکی کودەتـــای خوێنـــاوی ســـاڵی 1980 لە بیرەوەریەکانی خۆیدا دەنوسێت ( ساڵی 1970 سەرۆک وەزیران سلێمان دەمیرل نامەیەکی بۆ ناردم و داوای ئەوەی لێکردم، کە ببم بە ئەندام لە فەرمانگەی جەنگی تایبەت بۆ ئەوەی لە کاتی هەڵگیرسانی ئاشوبدا بزانین چۆن هەڵسوکەوت بکەین). بولەنت ئەجەوید سـەرۆک وەزیرێکی دیکەی تورکیا لەم بارەوە دەڵێت ( وەک سـەرۆک وەزیران یەکەمجار لە سـاڵی 1974 زانیم، کە ئەم رێکخراوە هەیە، کاتێک سـەمیح سـانجار، سـەرۆکی ئەوکاتەی ئەرکانی سوپا، داخوازی نهێنی بەرزدەکردەوە بۆ حکومەت و داوای بودجەی تایبەت و نهێنی دەکرد بۆ دەزگای جەنگی تایبەت، توشـی شۆک هاتم) بۆ ئەم دوو زانیارییە. [1]

### فەرمانگەی جەنگی تایبەت و مەهەپە:

پێدەچێت ئەرگەنەکۆن هەر خۆی وەک بەشێک لە کردەوەکانی کۆنترا گەریلا، پارتی مەهەپەی دروست کردبێت، هەموو بەڵگەو ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن، کە مەهەپە لە راستیدا جگە لە بەشێکی بچوکی ئەرگەنەکۆن هیچـی دیـکە نـیە، ئەمەش زۆر رون و ئاشـکرا بەدیـار دەکەوێـت لە خەسڵەتی کارو روداوەکان و دروستکردن و گەشەسـەندنی ئەو پارتە. دەزگاکانی گلادیۆ، نەک تەنها لە تورکیا بەڵکو وەک بەشێک لە کارەکانی خۆیـان لە چەنـدین وڵاتـدا لە کـاتی پێویسـتدا چەنـدین پـارتی سیاسـی و کۆمەڵەو رێکخراویان دروستکردووە، ئەم چیرۆکە لە هۆڵەنداش لە هەمان ماوەدا دووبارە بۆتەوە. دەزگـای زانیـاری و ئاسایشـی گشـتی هۆڵەنـدا ( AIVD- Algemene inlichtingen en veiligheids dienst) خۆی وەک یەکێک لە سـەروەریەکانی ئەو دەزگـایە ئامـاژە بـۆ ئەوە دەکـات، کە سـەرەتای

[1] - Serdar Celik, Turkey's Killing Machine: The Contra-Guerrilla Force،No.18. april, jun 1994.

ساڵەکانی 1970 بە هاوکاری دەزگای سی ئای ئەی بۆ بەرپەرچدانەوەی چەپ و کۆمۆنیستەکان لە ئۆپراسیۆنێکدا بە ناوی (مەنگۆل) توانیویانە زەبرێکی زۆر گەورە لە چەپ و کۆمۆنیستەکان بدەن، کە لە حزبی کۆمۆنیستی هۆڵەندی (CPN) دا رێکخراوبوون و لە رێگای سەندیکا و رێکخراوەکانی کرێکارانەوە خەریک بوون دەبوونە هەڕەشە بۆ سەر وڵات، بەڵام ئەمان ( واتە دەزگای جاسوسی هۆڵەنداو سی ئای ئەی) پێکەوە لە رێگای چەند ئەفسەرێکی دەزگاکە پارتێکی دیکەی کۆمۆنیستیان بە ناوی پارتی مارکسی- لینینی هۆڵەندا

(MLPN) دروستکرد، لە ئاکامدا توانیان پارتی کۆمۆنیستی هۆڵەندی تەواو لاواز و ماندوو بکەن[1].

لە سەرەتای هەفتاکانی سەدەی بیستەمدا ململانێکان لە نێو تورکیادا زۆر زیاتر زەق بوونەوە. خەبات لە پێناو دیموکراسیدا برەوی سەند، بزوتنەوەی کوردو چەپەکان و کۆمۆنیستەکان هەتا دەهات زیاتر گەشەی دەکرد. فەرمانگەی جەنگی تایبەت ئەو کاتە لە هەڕەتی لاویدا بوو، بە هاوکاری مەهەپە، سەدان کەس کوژران و بزرکران.. مامۆستایان، فەرمانبەران، پارێزەران، روناکبیران، نوسەران، ئەندامانی سەندیکاو کۆمەڵەکان کوژران.

بەشی هەرە زۆری کوژراوەکانی دیکەی تورکیا، کە بێگومان دەستی مەهەپەو گورگە بۆرەکان لە پشتیەوە بوون، نەتوانراوە پشتڕاست بکرێنەوە، ئەوانەی کە راستەوخۆ مەهەپە لەپشت کوشتنیانەوە دەوەستێت و زۆرجاریش کوشتنەکە بەئاشکراو بە بەڵگەوە بووە و ناویان تۆمارکراوە ،زۆرن. ئەمانەی خوارەوە تەنها چەند نمونەیەکن:-

کەمال تورکلەر (Kemal Türkler) بەرپرسی کۆنفیدراسیۆنی سەندیکا شۆڕشگێڕەکانی کرێکاران، کە لە تورکیا بە (DISK) ناسراوە، عەبدی ئیپەکچی (Abdi Ipekçi) رۆژنامەنووس، بەدری قەرەفەقیر ئۆغلۆ ( Bedri

[1] رێکەوت ئیسماعیل ئیبراهیم، ئیمارەتی ئیسلامی هۆڵەندا، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، کوردستان، چاپی دووەم، 2006 لاپەڕە 128.

Karafakir oglu) راگری زانکۆی ئەستەنبوڵ، پرۆفیسۆر جاوید ئۆرهان تونتلی(Cavit Orhan Tütengil)، مامۆستای زانکۆ ئومێد قەفتانچی ئۆغلو (Ümit Kaftanci oglu)، دۆغان ئۆز (Dogan Öz) داواکاری گشتی. سەرۆکی کۆمیسیاری گشتی پۆلیسی ئەدەنە جواد یوردکڵو ( Cevat Yurdakul)، پرۆفیسۆر ئۆرهان یافوز(Örhan Yavuz)، بەرپرسی ژوری هاریکاری کشتوکاڵی ئەدەنە ئاکین ئۆزدەمیر(Akin Özdemir) و بەدرەدین جومرد (Bedrettin Cömert).

هەروەک لە بەشەکانی پێشەوەی ئەم کتێبەدا باسمان کرد، کردەوەکانی پۆگرۆم خەسڵەتی سەرەکی و دیاری مەهەپەو گورگەبۆرەکان بوون. ئەوەبوو وەک باسمانکرد لە 19دیسێمبەری 1978 دا بۆ دروستکردنی ئاشوب و رێگاخۆشکردن بۆ دامەزراوەی سەربازی و سازکردنی زەمینەی کودەتا، گورگە بۆرەکان لە شاری قارەمان شەهر یاخود کەهرەمان ماراش (Kahramanmaraş) بەسەدان کوردی عەلەوییان رەشەکوژە کرد.

ئەو شارە، کە ژمارەیەکی زۆری عەلەویەکانی تێدا دەژی، بەر لە ئەنجامدانی هێرشەکان کەسانی گورگەبۆرەکان لە ژێر ناوی ئەنجامدانی سەرژمێری و بەناوی کارمەندانی پۆست و گەیاندنەوە هەموو ئەو شوێنانەی، کە عەلەوی و چەپەکانی تێدا دەژین یان کاری تێدا دەکەن، بە رەنگی سور دەستنیشان کرد. رۆژێک بەر لە هێرشەکان و لە سینەمای ئەو شارە فیلمێک لە دژی سۆڤیەت بەناوی (کەی خۆر هەڵدێت)، کە بەیەکێک لە فیلیمە هەرە توندەکانی نەتەوەپەرستی ئەو سەردەمە هەژمار دەکرێت، هەر بەپیلانی گورگەبۆرەکان نمایش دەکرا. [1]

لە کاتی نمایشکردنی فیلمەکەدا، چەندین دروشمی وەک ( تورکیا موسڵمانە، تورکیا ناسیۆنالیستە، کۆمۆنیستەکان بڕۆن بۆ مۆسکۆ، تورکەش پێشەوایە) دەگوترایەوە، پاشان هەر بە دەسیسەی خۆیان کاتژمێر 21 بە هاویشتنی نارجۆکێک تەقینەوەیەکی سوک و بێزیانیان

[1] تورکیا ناسی، ساڵی یەکەم ژمارە 4 ئاپرڵی 2010 لاپەڕەی 51.

لەناو هۆڵی سینەماکەدا ئەنجامدا، ئەنجامدەری تەقینەوەکە راستەوخۆ دەستگیر کرا، کەسێکی مەهەپە بوو بە ناوی (ئوکش کنگەر)، ئەم کەسە پاشان بوو بە ئەندام پەرلەمان لە سەر لیستی مەهەپە!

وەزیری ئەودەمەی ناوخۆی تورکیا فەهمی کوناش لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئەوان لە ڕێگای دەوڵەتەوە ئامادەکارییان بۆ ئەوە دەکرد، کە توندو تیژی بۆ بەرزترین رادە بەرن و هەموو کۆبوونەوەکانی ئامادەکاریش بۆ ئەم کۆمکوژییە لە ماڵی خودی تورکەش لە ئەنکەرە لە گەڕەکی (یاقاجق) سازکراوە. [١]

هەمان رۆژی نمایشی فیلمەکە بۆ تێکدانی شارەکە بۆمبێکیان خستە نێو قاوەخانیەکی عەلەویەکان و چەند کەسێکیان بریندار کرد، پاشان لە هەمان رۆژدا دوو مامۆستای چەپیان لەسەر شەقامەکان کوشت، رۆژی دادیَ بۆ ناشتنی ئەو دوو مامۆستایە چەپەکان هێزی خۆیان بۆ خۆپیشاندان کۆکردبووە، بەڵام گورگەبۆرەکان، سەر لەنویَ بە پروپاگەندەی ئەوەی، کە گوایە کۆمۆنیستەکان هێرش دەکەنە سەر مزگەوتەکان، خەڵکی موسڵمانیان لێهاندان، تا سەرەنجام توانیان گۆمی خوێن بخوڵقێنن و لە ئاکامدا 200 کەس کوژران و 500 کەسیش بریندار بوو، هەروەها 559 ماڵ و 289 دوکان و شوێنی کار تێکدران و سوتێنران. [٢]

بەڵگەی تەواوی بەرپرسیاریەتی فەرمانگەی جەنگی تایبەت بەم کردەوانەوە، کە دیارە فەرمانەکان لە ڕێگای مەهەپەو گورگە بۆرەکانەوە جێبەجێکراوە لێدوانی خودی بەرپرسە سەربازییەکانە. ویلیەم کۆڵبی لەم بارەوە دەڵێت (بۆ ئەوەی تورکیا نەکەوێتە دەستی کۆمۆنیستەکانەوە، سی ئای ئەی هاوکاری دامەزروە دژ بە کۆمۆنیستەکانی پێشکەش بە تورکیا کرد). ژەنراڵی خانەنشینکراوی ئەرکانی سوپای تورک سەزی ئۆرکونت (Sezsi Orkunt) لەم بارەوە دەڵێت (دەوڵەتی تورک ترسێکی

---

[١] - نديم بتكين، تركيا، بوابة استراتيجية للامبريالية العالمية، بيروت، لبنان، الحقية برس، الطبعة الاولى،1987، ص 42.

[2] www.akhbar-rooz.com .

زۆری لە چەپەکــان هەبــوو، نەک راســتەکان، چــونکە راســترەوەکان دەســتکەلای خۆمــان بــوون و مەهەپەو خــودی ئالپئارســلان تــورکەش هەمــوو جــۆرە هاوکــارییەک دەکــران). لە کودەتــای ســاڵی 1980 کاتێــک نوسینگەی مەهەپە لە ئەنکەرە لەلایەن پۆلیســەوە پشــکێنرا، بۆ یەکەمجار نهێنییەکی زۆر ترسناک ئاشکرا بوو، لە ژێرزەمینەکانی ئەو نوســینگەیە زیندانی تایبەت هەبوون بە کۆنترا گەریلاو کۆدی ژمارە 15-31 لە ســەر ژوری زینــدانییەکان تۆمــار کرابــوون، ئەم کــۆدانەش هەمــان ئەو کۆدانەبوون، کە فەرمانگەی جەنگی تایبەت بەکاری دەهێنان و لە پاشــاندا دەرکەوت، کە ئەو شــوێنە لە لایەن کۆلۆنێـل محـمەد ئالانیڤـا ( Mehmet Alanyuva) لە بەشــی ســەرچاوەکانی فەرمــانگەی نــاوبراو سەرپەرشــتی کراوەو کۆدەکانیش هەر لەو وەرگیراون.

لەســەروبەندی کودەتــای ســاڵی 1980 ژمــارەی ئەو رێکخــراوانەی لە تورکیا سەربە گورگە بۆرەکان بوون 1700 رێکخراو بوون، کە 200000 ئەندامی ناو نوسکراوی هەبوو، جگە لە یەک ملیۆن لایەنگرو دۆست[1].

لە فێبریوەی 1978 شەپۆلێک لە توندوتیژی سیاسی تورکیای گرتەوە، ئەم تونــدوتیژییانە گواســترانەوە بــۆ نــاوچە کوردنشــینەکانی باشــوری خۆرهەڵاتی وڵات، واتە باکوری کوردستان. فەرهـاد ئیواز، کە ئەندامێکی گورگەبۆرەکان بوو تەمەنی لە هەڤدەسـاڵ تێنەپەڕیبوو، لە پێش دادگای ئاسایشی دەوڵەت لە دیاربەکر راشکاوانە ئاماژەی بۆ تاوانەکانی خۆی کـرد و گـوتی ( لەگەڵ عەبـدول قـادری هـاورێم لە شــەقامەکانی ئەدەنە پیاسەمان دەکرد کاتێک بە پەنجە ئاماژەی بۆ سێ خوێندکار کردو گوتی: ئەوانە لە چەپەکانن، پێویستە بکوژرێن، منیش لە دووری پازدە مەترەوە گولەکانی دەمانچەکەم لە جەستەیاندا خـاڵی کـرد... دەسـپێکی خەبـاتم بۆ ئەوە بـوو ژاراوی رق و کینەم بەســەر چەپەکانـدا بـڕژێنم، ئەوە بـوو لە گەڕەکــی ئۆزیــک تەپە لە ئەســتەنبوڵ بۆســەیەکم دانــا بــۆ ئەوەی هەر

[1] http://www.iranboom.ir/iranshahr/jostar/4134-sazeman-fashisti-gorg-haye-khkestari.html.

کەسێکی چەپم بەرچاوکەوت بیکوژم، گولەیەکم نا بە کەسێکەوە بەلای بۆسەکەدا تێپەڕی، نەمدەزانی ناوی چیە، بەڵام بە رواڵەت واپێدەچوو لە چەپەکان بووبێت. سێ رۆژ دوواتر لەگەڵ دوو برادەری دیکە چوینە قاوەخانەیەکەوە بڵاوکراوەی حزبی دابەش بکەین، زۆربەی خەڵکانی ناو قاوەخانەکە لە مامۆستایانی چەپەکان بوون، بڵاوکراوەکانیان لێوەرنەگرتین، هاتینە دەرێ و لەناو دەرگای قاوەخانەکە گولەی دەمانچەکانمان بەناویاندا خاڵیکردەوە، دووایی زانیمان، کە لە ئەنجامی تەقەکانی ئێمەدا کەسێک کوژراوەو پێنجی دیکەش بریندار بوون). [1]

لێرەدا هەندێک لە کردەوەکانی مەهەپەو گورگەبۆرەکان بە نمونە دەهێنینەوە:-

- ساڵی 1977 لە گۆڕەپانی تەقسیم لە ئەستەنبول هەڵیان کوتایە سەر خۆپشاندانی پێنج سەد هەزار کەس لە ئەندامانی سەندیکای کرێکاران و 37 کەسیان لێکوشتن.
- لە رۆژی 16ی مانگی مارسی 1978 لە گۆڕەپانی بایەزید لە زانکۆی ئەستەنبول، گورگەبۆرەکان بە هەڵدانی نارجۆک و تەقەکردنی کوێرانە هەڵیانکوتایە سەر خوێندکاران و لە ئاکامدا 7 کەس کوژران.
- لە بەهاری هەمان ساڵدا سەرۆکی شارەوانی شاری مالاتیا لە ریگای بۆمبێکی چێنراو لە ناو ئۆتۆمبیلەکەیدا بە دەستی ئەوان کوژرا. [2]

رۆژنامەنوسی قوبروسی بە رەگەز تورک کوتلو عەدالی ( Kutlu Adali)، کە یەکێک بوو لە رەخنەگرانی سیاسەتی تورکیاو نەژادپەرستەکانی مەهەپە، لە ساڵی 1996 تیرۆر کرا.[3]

لە نێوان ساڵانی 1974-1980 تەنها لە مالاتیا 120، کەس کوژران، لە هاوینی 1978 لە شاری سیواس بەبیانوی ئەوەی کە کۆمۆنیستەکان

[1] ئیبراهیم داقوقی،کوردی تورکیا، وەرگێڕانی هیمەت عەزیز کاکەیی، دەزگای موکریان، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، هەرێمی کوردستان،2012، لاپەڕە 235.

[2]- http://asre-nou.net.

[3] http://www.tipf.info/tarkeshe,kodam,siyasat.htm.

مزگەوتێکیان تەقاندۆتەوە و ژەهریان کردۆتە ناو ئاوی خواردنەوەی شارە، کەوە، دەستیانکرد بە جوڵاندنی هەست و سۆزی خەڵکی موسڵمانی شارەکە، ئامانجی ئەمەش هێرشکردنە سەر چەپ و عەلەویەکانی ئەو شارە بوو. گورگەبۆرەکان چەندین کەسی ماسکداریان لە شارەکانی دەوروبەری سیواسەوە هێنابوو، هاواریان دەکرد (هەرکەس خودای خۆش دەوێت با لەگەڵماندا بێت) هەرکەس ئیسلامە با دوامان کەوێت، ئەگەر لە پێناو ئیسلامدا بکوژرێم ئەوە شەهیدم... بەدەم ئەم دروشمانەوە هەڵیانکوتایە سەر عەلەویەکان و چەپەکان و لە ئاکامدا 9 کەس کوژراو 350 کەس بریندار کرا.[١]

لە مانگی مەی ساڵی 1980 جێگری سکرتیری یەکەمی پارتی مەهەپە، بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی ئەنکەرە لە سەرەمەرگدا بوو، بە دەستێکی گوماناوی کوژرا، ئەمە پیلانێکی نوێ بوو بۆ دووبارەکردنەوەی کردەوەکانی توندو تیژی. لە رۆژی 4 ی گەلاوێژی هەمان ساڵدا، لە شاری چوروم، گورگەبۆرەکان خەڵکانی گوند و سادەی ناوچەکەیان کۆکردەوە، گوایا چەپ و کۆمۆنیستەکان مزگەوتی عەلادین لەو شارە دەتەقێننەوە، هاوکات تەلەفیزیۆنی تەرەتە دەستیکرد بە هێرشکردنە سەر عەلەوی و چەپەکانی ئەو دەڤەرەو باسی لە بوونی پیلان و نەخشەی ئاژاوەو هێرشکردن بۆ مزگەوتەکان دەکرد. کاتژمێر 19 ی ئێوارە ئیتر هێرشکردنە سەر چەپ و عەلەویەکان دەستپێکرد و لە ئاکامدا 50 کەس کوژران و 100 کەسی دیکەش بریندار بوون.[٢]

---

[1] http://afa.home.xs4all.nl/comite/boek2/index.html.

[2]- http://afa.home.xs4all.nl/comite/boek2/index.htm.

* (دیسکDISK ) کۆنفیدراسیۆنی سەندیکا شۆڕشگێڕەکانی کرێکارانی تورکیا بە تورکی Devrimci İşçi Sendikaları Konfederasyonu, DİSK ساڵی 1967 ئەم فیدراسیۆنە لە پێنج سەندیکای چەپی کرێکارانی تورکیا دروستکراو بە خێرایی لەناو کرێکاراندا تەشەنەی کرد و بوو بە خاوەنی سەدان هەزار ئەندام. دامەزرێنەرانی ئەم سەندیکایە لە کۆمۆنیست و چەپەکانی تورکیا بوون، لەوانەش کەمال تورکلار. (Kemal Türkler) رەزا کوئاش(Riza Kuas) ئیبراهیم گوزەلچە (İbrahim Güzelce) و کەمال نەبی ئۆغلۆ (Kemal Nebioğlu). وێرای ئەوەی لە کودەتای 1971 بەشێکی زۆر لە سەرکردەو

نەک تەنها چەپ و عەلەویەکان، بەڵکو لە ناو پەرلەمان و پارتەکانی دیکەو دەوڵەتیشدا هەر کەس دژایەتی سیاسەتی نەژادپەرستانەی دەوڵەتی بکردبا، تیرۆر دەکرا. یەکێک لەو قوربانیانەش (کەمال تورکلار) رابەری سەندیکای کرێکارانی شۆڕشگێڕ(دیسکDISK ) *** بوو کە رۆژی 20 ی مانگی جولای 1980 تیرۆر کراو لە مەراسیمی بەخاکسپاردنیدا لە ئەستانبول پتر لە یەک ملیۆن کەس بەشداریکرد. رۆژنامەنوس ( عەبدی ئیپکچی) یەکێک لە دۆستە نزیکەکانی بولەند ئەجەڤید، کە پێشنیازی گفتوگۆی ئاشتی و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لە نێوان پارتە سیاسیەکاندا کردبوو، لە لایەن موحمەد عەلی ئاغا (کەپاشان هەوڵی کوشتنی پاپای دا) تیرۆر کرا، بەڵام پاشان هەر بە هاوکاری خودی دەوڵەت لە زیندان هەڵهات.

بەشی هەرە زۆری ئەم کردەوە تیرۆرستانەیەی گورگەبۆرەکان هەتا ئەمرۆ لەسەر تۆڕەکانی ئەنتەرنێت وەکو بەڵگە بەدەست دەکەون و بەشی هەرە زۆری تۆمارەکان لە سەر تۆڕەکانی یوتیوب (youtube) بەدەست دەکەون.

رۆژنامەی (یونگە وەڵت) چاپی ئەڵمانی رۆژی 11-9-2009سەبارەت بە بارودۆخی ئەو کاتەی تورکیا و رۆڵی گورگەبۆرەکان بۆ ئامادەکردنی زەمینەی لەبار بۆ کودەتا دەنوسێت ( توندوتیژییەکانی شەقام لە تورکیا لە نیوەی دووەمی دەیەی حەفتاوە هەتا پایزی 1980 بە کردنە قوربانی گیانی پێنج هەزار کەس کۆتایی هات. تەنها لەو ساڵەدا مانگانە 150-200 کەس دەکوژران، کە بەپێی زانیارییەکان سێ بەش لەو کردەوانە لە لایەن گورگەبۆرەکانەوە ئەنجام دەدرا).

---

ئەندامانی دیاری ئەم سەندیکایە دەستگیرکران و بەشێکیشیان شوێنبزر کران، بەڵام زۆر خێرا توانی ریزەکانی خۆی یەکخاتەوە، لە ساڵی 1973دا ژمارەی ئەندامانی ئەم کۆنفیدراسیۆنە 270 هەزار کرێکار بوو. لە ئێستادا ئەم کۆنفیدراسیۆنە بە یەکێک لە سەندیکا بەهێزو گرنگەکانی تورکیا ئەژمار دەکرێت و سەدان هەزار ئەندامی هەیە و لە لایەن کانی بەکۆ Kani Beko سەرۆکایەتی دەکرێت.

یەکێـک لە ئەنـدامانی گورگەبۆرەکـان دەڵێـت ( زینـدان گۆڕەپـانی سەربازگیری بوو بۆ ئێمە، لە نێو زیندان هونەرەکانی کاراتێ و جۆدۆ و دروستکردنی بۆمبمـان فێری ئەندامە کۆن و تازەکانی خۆمـان دەکرد و کورسـی سیاسـیمان پێـدەگوتن و پەروەردەی ئایـدۆلۆژیمان دەکـردن، دەوڵەت ئەو کـارەی بـۆ ئـێمە ئاسـانتر دەکـرد، سـەدان ئەنـدامی گورگەبۆرەکان بەبێ بوونی هۆکارێکی دیار دەستگیر دەکران و دەهێنرانە نێـو زینـدان. ئـێمە لەوێ ئەوانمـان ئامـادە دەکـرد و فێـری چـۆنیەتی ئەنجامدانی کوشتنی شارەزایانە یاخود پرۆفیشناڵانەمان دەکردن، پاشـان لیسـتی نـاوی ئەو کەسـانەمان بـۆ دەهـات کە دەبـوو بکـوژرێن و ئـێمەش چەند کەسمان ئازاد دەکرد بۆ ئەوەی دەست بەکار بن).[1]

دەزگای هەواڵگری سی ئای ئەی ئەندامانی مەهەپەی تەنها لە تورکیا بەکار نەدەهێنا، بەڵکو لەدەرەوەی تورکیـاش کردەوەکانی تیرۆری بەوان ئەنجامـدەدا. مەهەپەو گـورگە بۆرەکـان لە زۆربەی وڵاتـانی ئەوروپیـدا چـالاک بـوون. ئەڵمانیـای خۆرئـاوا واتە ( BRD Bonds Repaubliek Duitsland) بەشـــی شـــێری لە هاوکـــاری مەهەپەو گورگەبۆرەکـــان بەردەکەوێت. هەتا ساڵی 1976 لەژێر هەمان ناوی خۆیاندا چالاکیەکانیـان ئەنجامـــدەدا، بەڵام لە پاشـــاندا بـــۆ شـــاردنەوەی هەنـــدێک لە کـــردەوە نایاساییەکانی خۆیان دەستیان کرد بە دروستکردنی کۆمەڵەو ڕێکخراوی جەمـــاوەری. بـــۆ ئەم مەبەســـتە هەروەک لە بەشـــەکانی دیـــکەدا زیـــاتر لەســـەری ئەوەســـتین فیدراســـیۆنێکیان بە نـــاوی فیدراســـیۆنی کـــۆمەڵە دیموکراتە نمونەییەکانی تورک لە ئەوروپا ( Avrupa Demokratik Ülkücü Türk Dernekleri Federasyonu - ئەوروپا دیموکراتیک ئولکوجو تـورک دیموکراتلەری فیدراسیۆنو)، دروستکرد.

ئەم ڕێکخـراوە پەیوەنـدی تەواوی لەگەڵ دەزگـای هەواڵگـری ئەڵمانیـا هەبـوو، بێگومـان ئەم پەیوەنـدییەش لە بنەڕەتـدا لە نـاوخۆی ئەڵمانیـاوە گـرێ نەدراوە، بەڵکـو هەروەک لە سـەرەتا ئاماژەمـان بـۆ کـرد لە نێـوان

---
1 www.akhbar-rooz.com .

دەزگای هەواڵگری ئەڵمانیا و تورکیادا لە سەرەوە یاخود لە بنەڕەت و سەرەتاوە پەیوەندییەکی تەواو هەبووە، بۆیە ئاسایی دەبێت ئەم پەیوەندییەش لە ناوخۆی ئەڵمانیاشدا گرێ بدرێتەوە.

رۆژنامەنوسی بەناوبانگی تورک ئوغور مومجو (Ugur Mumcu)، کە پاشان خۆشی لە ساڵی 1993 بەهۆی لکاندنی بۆمبێکەوە بە ئۆتۆمبیلەکەیەوە لەبەردەمماڵەکەی خۆی لە ئەنکەرە کوژرا و هەتا ئەمڕۆش بەیەکێک لە کەیسە ئاڵۆزەکانی کوشتن لە لایەن مەهەپەو گورگە بۆرەکانەوە هەژمار دەکرێت، لەم بارەوە دەڵێت (پەیوەندی نێوان دەزگای هەواڵگری ئەڵمانیاو مەهەپەو گورگەبۆرەکان لە شاری کولن لە ئەڵمانیا لە لایەن ئەفسەرێکی هەواڵگری ئەڵمانیا بەناوی دکتۆر کاناپین ( Dr. Kannapin) گرێدرا. هەروەها زیاتر باس لەوە دەکات، کە لە لایەن مەهەپەوە ئەفسەرێکی تورکی سەربە سی ئای ئەی بەناوی روزی نازار(Ruzi Nazar)، کە ساڵانێکی درێژ لە نوسینگەی سی ئای ئەی لە ئەنکەرە کاری کردووە، بۆ ئەم ئەرکە هێنراوەتە ئەڵمانیا و کراوە بە رێکخەرو سەرپەرشتی ئەو کارە.

ژەنراڵ حەیدەر ساڵتک (Haydar Saltik)، کە ئەفسەرێکی کودەتاکەی 12ی سێپتێمبەری 1980 بوو، پاش خانەنیشین بوونی کرا بە کونسڵی تورکیا لە شاری بێرن (Bern)، یەکێک لەو کارە گرنگانەی ئەم ژەنراڵە ئەنجامیدا، پەیوەندیکردن بوو بە تورکە ناسیۆنالیستەکانی ئەورووپا و ناردنی نزیکەی 15هەزار لەوانە بوو بۆ ئازەربایجان، کە زۆربەی هەرە زۆریان ئەندامانی گورگەبۆرەکان بوون. ئەم کارە بە فەرمانی فەرمانگەی جەنگی تایبەت ئەنجامدراو نێردراوەکانیش هەرهەموویان پاش ئەوەی راهێنانی تایبەت و کۆرسیان وەرگرت، رەوانەی باکۆ کران و رۆڵی زۆر خراپیان هەبوو لە ئاژاوە نانەوەو کوشتنی ئەرمەنیەکان و کودەتاکەی دژ بە سەرۆک حەیدەر عەلییف (Heydar Aliyev) هەروەک پێشتر باسمانکرد. تەنانەت چەندین سەرچاوەی گرنگی رۆژنامەوانی لەئەورپا

ئاماژه بۆ ئەوه دەکەن، کە دەوڵەتی تورک بەهۆی دەزگای هەواڵگری میت پەیوەندار بووه بە بازرگانی هیرۆین لە ئەڵمانیا. [1]

**فەرمانگەی جەنگی تایبەت و کودەتاکان:**

گەورەترین ئۆپەراسیۆنی فەرمانگەی جەنگی تایبەت لە تورکیا، ئەو چوار کودەتایە بوو کە ئەنجامیاندا، دیارە کودەتای پێنجەم، کە بەنیازبوون لە دژی پارتی دادوگەشەپیدانAKP ( Adalet ve kalkinma-partisi عەدالەت وە کاڵکنما پارتیسی) ئەنجامی بدەن، سەرینەگرت ( لە پاشاندا بە تایبەت ئاماژه بۆ ئەم بابەتە دەکەین).

تێکچوونی بارودۆخی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵات، خەسڵەتی هەرە دیارو ئاشکرای تورکیا بووه بەر لەهەر کودەتایەکی سەربازی، لە ئاکامی خولقاندن و ئافراندنی ئەم بارودۆخە خراپەدا بێگومان ئاستی نارەزایی خەڵک بەرز دەبێتەوە، ئەمەش بۆخۆی لە خۆیدا شەرعیەتێک دەدا بە دامەزراوەی سەربازی لە ژێر ناوی پاراستن و بەرگریکردن لە بەهاکانی سکیولاریزم و کۆمار و نەتەوە لمۆزی خۆی بژەنێتە نێو دامەزراوەی سیاسی وڵاتەوە.

بێگومان پێویستە لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە، کە باسکی بەهێزو پۆڵاینی فەرمانگەی جەنگی تایبەت دامەزراوەی سوپای تورکیا بووه، ئەم دامەزراوه لەمڕۆدا نەبێت، کە بەدەستی ئەردۆگان و پارتی ئاکەپە جڵەوی گیراوەو رۆژ لە دوای رۆژ لە سیاسەت و لمۆز ژەنینی لە کاروباری سیاسی وڵات کەمتر دەبێتەوە، رۆژی23 ی مانگی ژولی 2003 لەژێر فشاری پارتەکەی ئەردۆگاندا دەسەلاتی سوپا کەم کرایەوە، دەنا ئەم سوپایە لە هەموو سات و کاتێکدا دەیتوانی کۆتایی بە هەر حکومەت و پارتێک بێنێت، کە فەرمانگەی جەنگی تایبەت بە هەڕەشەی بزانیبا بۆ سەر کۆمار...

---

[1] http://afa.home.xs4all.nl/comite/boek2/index.html.

کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سوپاش لەم خاڵانەدا بەرجەستەکرا:-[1]

یەکەم- سەرۆکی دادگای دەستوری وڵات لە سەربازەکان سەندرایەوە و درایە دەستی مەدەنی.

دووەم- ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کرا بە لایەنی راوێژکار، نەک جێبەجێکار.

سێیەم- هەموو پۆست و نوێنەرایەتییەکانی ئەنجومەن لە دامەزراوەکانی دەوڵەتی مەدەنی و حکومەت رەتکرایەوە.

بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئەگەر بە کورتیش بووبێت، بەر لەوەی بچینە سەر باسی ئەو هەموو کودەتایەی، کە ئەم دامەزراوەیە ئەنجامیداون،چەردەیەک لەسەر خودی ئەم دامەزراوە رابووەستم.

بەپێی هەڵسەنگاندنی خودی دەزگای سی ئای ئەی، سوپای تورکیا لەناو پەیمانی ناتۆدا لە پاش ئەمەریکا بە دووەم سوپای بەهێزو تۆکمەی ناو ئەو پەیمانە هەژمار دەکرێت، هەروەها لە سەر ئاستی جیهانیشدا، لە پاش هەریەکە لە ئەمەریکا و چین و بەریتانیاو هندستان و ئەڵمانیاو کۆریای باکور، سوپای تورکیا لە ریزبەندی حەوتەم سوپای بەهێزی دنیادایە، تەنانەت سوپای روسیا و ئیسرائیل و پاکستان یەک لە دوای یەک لە ریزبەندییەکەدا لەپاش تورکیاوە دێن[2]، لە ئێستادا ژمارەی ئەندامانی ئەم سوپایە پتر لە نیو ملیۆن کەس دەبێت ( دیارە ئەم ژمارەیە تەنها ژمارەی سەربازو ئەفسەرانی هەمیشەییە لە سوپادا، دەنا بەپێی سەرژمێرەی ساڵی 1996 ژمارەی ئەندامانی سوپای تورکیا بە یەدەگ و بانگکراوانی خزمەتی بەزۆر و جەندرمەو زێرەڤانیەکان 1.206.700 کەس بووە، بڕی بودجەی تەرخان کراو بۆ ئەم سوپایە لە ساڵی 1989 خۆیداوە لە 3.7 ملیار دۆلار، کە بڕی 18.6 رێژەی بودجەی وڵات بووە).[3]

---

[1] http://ar.mideastyouth.com/?p=9701.

[2] http://www.alletop10lijstjes.nl/10-sterkste-legers/

[3] د.جلال عبدالله معوض، صناعة القرار في تركيا، مركز دراسات الوحدة العربية، لبنان، بيروت، الطبعة الاولى، 1998 ص 118.

حکومەتی ئەردۆگان نەخشەی ئەوە دادەنێت، کە ئەم سوپایە لە ماوەی داهاتوودا ژمارەی ئەندامەکانی خۆی دوو هێندە زیاتر بکات و بیگەیەنێتە یەک ملیۆن، لە نێو خەڵکی تورکیادا ئەقڵیەتی بوون بە سەربازو خزمەتکردنی سەربازی بە یەکێک لە کارە هەرە گرنگ و ئەرکە نەتەوەییەکان هەژمار دەکرێت، بۆیە بەپێی راپرسییەک، کە ساڵی 2011 ئەنجام دراوە، بۆ ئەم دووهێندەکردنەوەو قەبەکردنەوەی سوپای تورک رێژەی 80%ی دانیشتوان لەگەڵیدا بوون و لەو رێژەیەشی، کە دەمێنێتەوە تەنها، 9% دژی ئەو فراوانکردنە بوون [1].

هەموو سوپایەک لە دنیادا عەقیدەو ئایدۆلۆژیای خۆی هەیە، ئەمەش لە تورکیا بەپێی دەستورو یاسا بۆ دامەزراوەی سوپا دیاری کراوەو نوخبەی سەربازی ئەو وڵاتە لەسەری گۆش کراون. ئەفسەرانی سوپا بەپێی ئەو عەقیدەیە تەنها پارێزگاری وڵات ناکەن بەڵکو پارێزگاری لە سیستەمی دیموکراسی و سکیولاریستی وڵاتیش دەکەن و ماوە نادەن هەرگیز یەکپارچەیی خاکی وڵات بکەوێتە ژێر هەڕەشەی دابەش بوونەوە. بۆیە هەر کاتێک سوپا هەست بەوە بکات، کە ئەو سیستەمە لە ژێر مەترسیدایە، بە ئەرکی خۆی دەزانێت کودەتا ئەنجام بدات، ئەمەش لە راستیدا بەڵگە و بیانووی هەموو ئەو کودەتایانە بووە، کە سوپای تورکیا ئەنجامیداون.

هەرەمی سەرکردایەتی سوپا بەم جۆرە دێتە خوارەوە:-

یەکەم- سەرۆک کۆماری وڵات.

دووەم- سەرۆک وەزیران.

سێیەم- وەزیری بەرگری

چوارەم- سەرۆکی ئەرکانی سوپا.

پێنجەم- فەرماندەی هێزەکانی سوپا (هێزی ئاسمانی، هێزی دەریایی، هێزی پیادە،هێزی جەندرمە).

---

[1] http://xandernieuws.punt.nl/content/2011/07/turkije-wil-leger-verdubbelen-naar-1-miljoen-man.

بەڵام ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بەشێوەیەکی گشتی چوارچێوەی سیاسی و هەڵسوکەوتی سوپا دیاری دەکات، کە پێکدێت لە هەریەکە لە سەرۆک وەزیران و سەرۆکی ئەرکانی سوپا و وەزارەتەکانی بەرگری و دەرەوەو نـاوخۆ و فەرمانـدەی هێزەکـانی وڵات.. پەیوەنـدیەکانی نێـوان ئەنجــومەنی وەزیــران و ئەنجــومەنی ئاسایشـــی وڵات زۆر ئـــاڵوز و تێکپرژاوبــوون، بەر لە ســاڵی 2003 هەمــوو دەســەڵاتێکی فعلــی وڵات بەدەســتی ئەنجــومەنی ئاسایشــی نەتەوەیــیەوە بــوو، هەر کــات ئەو ئەنجــومەنە بە دروســتی بزانیبــا، کودەتــای ئەنجامــدەداو حکــومەتی هەڵدەوەشاندەوە.

**یەکەم کودەتا:**

یەکەم کودەتـای سـەربازی فەرمـانگەی جەنگـی سـارد لە 27ی مـانگی مەی 1960 ئەنجامدرا. لە سەردەمی حوکمی عەدنان مەندەریسدا( Adnan Menderes)، بۆ یەکەمجار بوو، کە مۆدێلی ململانێی حزبی و زیادبوونی ئاســتی ئــازادییە دیموکراســیەکان هــاتە گــۆڕێ. ئەمەش هۆکــاری راستەوخۆی ئەوە بوو، کە بزوتنەوەکانی ئیسلامی سیاسی سـەرلەنوێ کـار بـۆ ئیسلامگەرایی خۆیـان بکەن. لەسـەردەمی حـوکمی مەندەریسـدا هەڵاوســانی ئــابوری تورکیــا گەیشــتە ئەوپەڕی. لە رووی سیاســی و ئـازادیە کۆمەڵایەتیەکـانەوە کـۆمەڵگەی تورکیـا لە برەوسـەندنێکی خێـرادا بوو، بەڵام لەرووی ئابورییەوە گەندەڵی هێندە وڵاتـی گرتبـوو هـیچ کەس نەیـدەتوانی سـنورێکی بـۆ دابنێـت، ئەمەش راسـتەوخۆ بـووە هۆکـاری ئەوەی، کە بەهای راستەقینەی لیرەی تـورکی و هێـزی کـڕین بە تەواوی لاواز بـبن. بـزوتنەوەی چەپ و رێکخـراوە چەپەکـانیش تـا دەهـات زیـاتر تـۆکمەتر دەبـوون و رۆژێـک تێـپەڕی نەدەکـرد لە وڵاتـدا، کە ئەنـکەرەو ئەســتەنبوڵ خۆپیشــاندانی دەیــان هەزاری خەڵــک بەخــۆوە نەبینێــت. برەوسـەندنی رەوتـی چەپگەرایـی و کۆمـۆنیزم لە خـۆڕا نەبـوو، بەڵکـو تورکیا لەرووی ئابوری و کەڵەکەبوونی سەرمایەوە گۆڕانکاری زۆری بە

خۆوه دیبوو، به جۆرێک، که هەندێک سەرچاوه ئاماژه بۆ ئەوه دەکەن ژمارەی کرێکارانی کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵ سنوری 3.5 ملیۆنی تێپەڕاندبوو، که خۆیان له 139 سەندیکادا ڕێکخستبوو.[1]

لەملاشەوه دەزگاکانی دەوڵەتی قوڵ به نهێنی کاریان بۆ تێکدان و ئاژاوه دروستکردن و دۆزینەوەی بیانوو دەکرد له حکومەت تا بتوانن لەو ڕێگایەوه شەرعیەت به کودەتای خۆیان بدەن. ژەنراڵ جمال کورسیل(Cemal Kursil) فەرماندەی هێزەکانی سوپای پیاده بۆ پاراستنی کۆمار لەو هەڕەشانه هێزەکانی خۆی هێنایه سەر جادەو دەستی بەسەر حکومەتدا گرت.

بەشێوەیەکی زۆر نایاساییانه سەرۆکی حکومەتی پارتی دیموکرات عەدنان مەندەریس و دوو کەسی دیکه له هاوڕێکانی، که فاتین روشدی و حەسەن پۆلات بوون، پاش دەستگیرکردنیان له سێداره دران، تەرمی ئەمانه، که بۆ ماوەی ده ساڵی ڕەبەق وڵاتیان بەڕێوەدەبرد، له دورگەی ئیمراڵی دەستی بەسەردا گیرابوو، پاش هاتنه سەرکاری تورکوت ئوزال له ڕێوڕەسمێکی شایستەدا بەخاک سپێردرانەوه. هەروەها سەرۆ کۆماری وڵات جەلال بایار(Celal Bayar) و سەرۆکی پەرلەمان ڕەفیق کورالتان دەستگیرکران.

ئەم کودەتایه گەورەترین گورزی کوشندەی له کوردەکان وەشاند، بەجۆرێک، که له کۆتایی مانگی سێپتێمبەردا ژمارەی کورده دەستگیرکراوەکان خۆیدا له (2218) کەس، که لەناویاندا، شێخ عەلی ڕەزا و شیخ سەلاحەدینی نەوەکانی شێخ سەعیدی پیران بوون. بەر له کودەتاش حکومەتەکەی مەندەریس له دەستگیرکردن و ڕاوەدوونانی کورد قسوری نەبوو، له مانگی ژانیوەی هەمان ساڵدا (49) کورد به

[1] فلادمير ايفانوفتيش، الصراع السياسي في تركيا، ترجمة يوسف ابراهيم الجهنماني، دار الحوران للطباعة و النشر، سوريا، دمشق، الطبعة الاولى، 1999، ص 140.

تاوانی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد دەستگیرکران، کە بەشی هەرە زۆریان پارێزەر و دکتۆرو نوسەرو روناکبری کوردان بوون.[1]

بەم کودەتایە سەردەمی حکومەتی دیموکراتەکان کۆتایی هات و حکومەت درایە دەستی ئەو 38 ئەفسەرەی کە ئەندازیاری ئەم کودەتایە بوون. سەرۆکی کودەتاچیەکان جەمال کورسیل کودەتا بە شۆڕش ناودەبات و دەڵێت ( شۆڕشی 27ی مانگی مەی ناکرێت هەرگیز بە شۆڕشەکانی دیکەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی بچوێنین، چونکە ئەم شۆڕشە، نەک هاوتای ئەوان دیکتاتۆریەتی دروست نەکرد، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە بنەڕەتا ئەم شۆڕشە بۆ پاراستنی سیستەمی دیموکراسی وڵات هاتۆتە گۆڕێ).[2]

**دووەم کودەتا:**

لە 12ی مارتی 1971 دیسانەوە کودەتایان ئەنجامدا. وەزیری پێشووتری دەرەوەی تورکیا ئیحسان سەبری (Ihsan Sabri)، کە چەند رۆژێک بەر لە کودەتای ساڵی 1971 داوەتنامەی فەرمی کرابوو بۆ تاران، لە دەمی پادشای ئێرانەوە حەمە رەزاشای پەهلەوی بیستبووی، کە بەمزوانە لە تورکیا کودەتا ئەنجام دەدرێت! فەرماندەی هێزە ئاسمانییەکانی تورکیا لەو کاتەدا، موحسن باتور (Muhsin Batur) چەند رۆژێک بەر لە کودەتا بەرەو ئەمەریکا کەوتەڕێ و راستەوخۆ پاش کودەتاکە بە ماوەیەکی زۆر کەم یەکسەر گەڕایەوە. لە کودەتاکەی ساڵی 1980 بەهەمان شێوە فەرماندەی هێزی ئاسمانی ئەوسای تورکیا تەحسین شاهین قایا، (Tahsin Sahinkaya) سەفەری ئەمەریکای کردبوو، دوو رۆژ پاش گەڕانەوەی لە ئەمەریکا کودەتا سەریهەڵدا، سەرۆک جێمی

[1] محەمەد رەسول هاوار، کوردو باکوری کوردستان لە سەرەتای مێژوو هەتا شەڕی دووەمی جیهان، بەرگی سێیەم، چاپی یەکەم، دەزگای خاک، چاپخانەی کارۆ، هەرێمی کوردستان، سلێمانی، 2007، لاپەڕە 387-386.

[2] على حمزة سلمان الحسناوي، ظاهرة الانقلابات العسكرية و الاستلاء على السلطة في تركيا مجلة جامعة كربلاء العلمية- مجلد الثامن، العدد الثالث 2010 ص 117.

کارتەر، کە خۆی ئاگاداری وردەکاریی کودەتاکە بووە، راستەوخۆ پاش سەرکەوتنی کودەتاکە تەلەفۆن بۆ ئەفسەری بەرپرسی تورکیا لە ئاژانسی هەواڵگری سی ئای ئەی (Paul Henze) پاوڵ هەنز دەکات و پێیڕادەگەیەنێت، کە ( پیاوەکانت کەمێک لەمەوبەر کودەتایەکیان لە تورکیا ئەنجامدا). [1]

ساڵی 1969 سەرەتای توندبوونەوەی توندوتیژی بوو لە نێوان چەپ و راستەکانی تورکیا قوتابیانی زانکۆی خۆرهەڵاتی ناوین لە ئەنکەرە لە رۆژی 6 ژانیوەی هەمان ساڵ، ئۆتۆمبێلی باڵوێزی ئەمەریکا (کۆمەر)یان سوتاند، کۆمەر یەکێک بوو لە بەکرێگیراوانی ئاژانسی هەواڵگری ئەمەریکا، تاوانبارێکی شەڕی ڤێتنامیش بوو، ئەمە لە کاتێکدا بوو، کە ناوبراو سەردانی ئەو زانکۆیەی دەکرد و بە قەڵایەکی چەپەکان هەژمار دەکرا. لە 15ی فێبریوەی 1969 بەرەی چەپ دووا بەدووای ڕێپێوانە ئاشتییانەکەی مامۆستایان، لە هەمان رۆژ داوای کرد ڕێپێوانێکی ئاشتیانە لە ئەستەمبول ساز بکرێت. لەم ڕێپێوانەدا لاوان و قوتابیان و کۆمەڵێکی زۆر لە کرێکاران بەشدارییان کرد، بەڵام گروپێک لە گورگەبۆرەکان بەرەنگاری ڕێپێوانەکە بوونەوەو لە گۆڕەپانی تەقسیم لە ئەستەمبول دەیان کەسیان لێکوشتن و سەدانیشیان بریندار کردن. [2]

وێرای ئەوەش لە رۆژانی پازدەو شازدەی مانگی ژونی 1970 نزیکەی سەد هەزار کرێکار لە شاری ئەستەنبول و دەوروبەریدا، لە 135 کارگەدا دەستیان لە کارەکانیان هەڵگرت، لە ئاکامی ئەم مانگرتنەدا پێکدادان لە نێوان فاشستەکانی مەهەپە، کە پۆلیس بە ئاشکرا هاوکاری دەکردن و کرێکارانی مانگرتوو سەریهەڵداو سەدان کەس بوونە قوربانی،

[1] http://afa.home.xs4all.nl/comite/boek2/index.html.

[2] ئیبراهیم داقوقی،کوردی تورکیا، وەرگێڕانی هیمەت عەزیز کاکەیی، دەزگای موکریان، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، هەرێمی کوردستان،2012 لاپەڕەکانی 208-207.

دەسـتگرتن بەسـەر کارگەکانـدا لەو رۆژانەدا وەکـو دیـاردەیەکی ئاسـایی لێهاتبوو.[1]

بەشێوەیەکی گشـتی دەتـوانین بێژین سـاڵانی شەسـتەکان و سـەرەتای هەفتاکـانی بەر لە کودەتـا، گۆرەپـانی شۆشـگێری بـزوتنەوە چەپ و کۆمۆنیسـتەکان بەرەو لـوتکە دەچـوو، ئەم بەرەو لوتکەچـوونەش ترسـی تەواوی خستبووە دڵی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناتۆ.

**ژمارەی خۆپشاندان و مانگرتنی کرێکاران لە تورکیا**

| سال | ژمارەی نارەزایی | ژمارەی کریکارانی بەشداربوو |
|---|---|---|
| 1963 | 8 | 1500 |
| 1964 | 83 | 6630 |
| 1965 | 43 | 6546 |
| 1966 | 36 | 7762 |
| 1967 | 101 | 9490 |
| 1968 | 54 | 5259 |
| 1969 | 77 | 12601 |
| 1970 | 128 | - |

سەرچاوەی خشتە:- فلادمير ايفانوفتيش، الصراع السياسي في تركيا، ترجمة يوسـف ابـراهيم الجهنمـاني، دار الحـوران للطباعـة و النشـر، سـوريا، دمشـق، الطبعة الاولى، 1999، ص 143

[1] يورك ئوغلو، تركيا حلقة ضعيفة في السلسة الامبريالية، ترجمة فاضل لقمان، دار ابن رشد، بيروت، لبنان، الطبعة الاولى، 1979 ص 89.

له نێــوان ســـاڵانی 1970-1961 ژمـــارەی نـــاڕەزاییە کرێکـــاری و خوێندکارییەکان، ئەوەی کە زیاتر رەوتە چەپەکان رێبەرایەتییان دەکرد، بە 693 کردەوە ئەژمار کراون، کە تەنها لە رۆژی پازدەی ژونی 1971دا پتر لە سەد هەزار کرێکار لە ئەستەنبوڵ و دەوروبەریدا لە لایەن 113 سەندیکاری سەر بە فیدراسیۆنی (دیسک)ەوە هێنرانە سەر جادە. [1]

ساڵی 1971 هێزەکانی کۆنترا گەریلا بەردەوام کارەکانیان بڵاوترو گەشەسەندووتر دەبوو، لەم نێوەدا شوێنی تایبەتی ئەشکەنجەدان و کوشتنیان بۆ راهێنانی ئەندامەکانیان کردەوە. بەهۆی ئەم کارەوە ئەندامەکانیان بەڕاستی دەستیان بە کوشتنی مرۆڤ فێر دەبوو، کارامەیی و شارەزایی زیاتریان لە کردەوەکانی خۆیاندا وەردەگرت. وەک جاری پێشوو هۆکارەکانی کودەتا ئەوە بوو، کە دامەزراوەی سەربازی خۆپیشاندان و ناڕەزاییەکانی خەڵک بە تایبەت چینە هەژارەکانی جوتیاران و خاوەن زەویە بچوکەکان و کرێکارانی دەکردە بیانوو، ئەمە وێرای ئەوەی، کە خودی دەزگای نهێنی دەوڵەت بە هاوکاری گورگە بۆرەکان زەمینەی خوێنڕشتن و توندوتیژییان بۆ کودەتا دەرەخساند، چونکە لەم قۆناغەدا ئەمەریکا ترسی تەواوەتی لێنشتبوو لەوەی کە بزوتنەوە چەپ و مارکسیەکانی تورکیا دەسەڵات بە دەستەوە بگرن، بە تایبەت، کە هەفتەیەک بەر لە کودەتا چوار ئەفسەری هێزی ئاسمانی ئەمەریکا لە لایەن چەپەکانەوە رفێنرابوون.

کودەتاچیەکان یەکەم بڵاوکراوەی خۆیان لە پاش کودەتا راگەیاند و داواکاری ئەوە بوون کە:- [2]

یەکەم- حکومەتێکی نوێ دروست بکرێت و سنورێک بۆ ئاژاوەو پاشاگەردانی دابنێت.

دووەم- ریفورمی ئابوری و کۆمەڵایەتی وسیاسی ئەنجام بدرێت.

---

[1] فلادمير ايفانوفتيش، الصراع السياسي في تركيا، ترجمة يوسف ابراهيم الجهنماني، دار الحوران للطباعة و النشر، سوريا، دمشق، الطبعة الاولى، 1999، ص 143.

[2] على حمزة سلمان الحسناوي، ظاهرة الانقلابات العسكرية و الاستلاء على السلطة في تركيا مجلة جامعة كربلاء العلمية- مجلد الثامن، العدد الثالث 2010ص 134.

سێیەم- سنورێک بۆ بزوتنەوە چەپ و مارکسیەکان دابنرێت.
ڕەوشـــی ئـــاوارتە یـــاخود بـــاری نائاســـایی لە وڵاتـــدا ڕاگەیەنـــرا، دامەزراوەی ســەربازی دەســەڵاتی بەدەســتەوە گرت. چەنـدان ڕۆژنـامەو گۆڤاری چەپ قەدەغەکران و نوسەرو ڕۆژنامەنوسەکانیان خرانە زیندان، هەزارەها مامۆستا و ئەندامی سەندیکا و خوێندکار دەستگیرکران، تەنها لە یەک ئۆپراســـیۆندا، کە نـــاوی نرابـــوو تۆرنـــادۆی یەکەم لە شـــاری ئەستەنبول پتر لە نیو ملیۆن ماڵ پشکنێنران.
ئەوانەی لەم کودەتایەدا تاوانبارکران، برانە ژوری ئەشکەنجەی تایبەت لە ناوچەکانی ئەستەنبول (Istanbul) و زیڤەربەی(Ziverbey) و بۆ یەکەم جـار ڕاسـتەوخۆ پـاش تاوانبارکردنیـان بە ئاشـکرا ئاگـادارکرانەوە، کە ئەوانە لە ژێر دەستی هێزەکانی کۆنترا گەریلادان.
دەســتگیرکراوەکان ڕووبەڕووی ئەشــکەنجەی تونــد دەکــرانەوە، ئەو تیمەی ئەوانی ئەشکەنجە دەدا، کەسانی تایبەتمەندی ئەشکەنجە بوون و بە تیمەکانی ( بەزۆر دەستخستنی زانیاری دروست - EBU) دەناسـران. لە کن پۆلیسـی سیاسـی ئەنکەرە تـاقیگەیەکی تـایبەت دانرابـوو بە نـاوی (تـاقیگەی لێپێچینـەوەی قـوڵ- DAL) لەم تـاقیگەیەدا تیمێکـی پسـپۆڕی ئەشـکەنجەو قسـەپێکردنی زینـدانیەکان هەتـا مـردن داوای زانیارییـان لە بەندکراوەکان دەکرد.
سـەدان کەس لەژێـر دەسـتی ئەم تیمـانەدا گیانیـان لەدەسـتدا، یـاخود پەکیـانکەوت، کەمئەنـدام یـان شـێت بـوون. لە پاشـاندا ئەم تیمـانە بە نـاو هەمـوو تورکیـادا بڵاوکـرانەوەو بەشـی شـێری کوشـتن و ئەشـکەنجە بـۆ نـاوچە کوردییەکـان تەرخـان کـرا. لە سـەرەتای هەفتاکـان و هەشـتاکاندا سێ ژەنراڵی فەرمانگەی جەنگی تـایبەت تیمەکانی ئەشکەنجەیان بەڕێوە دەبـرد، کە ئەوانـیش هەریەکە لە فـایەق تـورن(Faik Türün) و تورگـوت سـونالپ (Turgut Sunalp) و مەمـدوح ئۆنلوتـورک (Memduh Önlütürk) بوون.
داگیرکردنی بەشێکی قوبرس (Cyprus) یەکێکی دیکەیە لەو کارانەی، کە لەلایەن فەرمـانگەی جەنگـی تـایبەتەوە ئەنجامـدرا. سـاڵی 1955 ئەم

فەرمـــانگەیە ڕێکخراوێکـــی نهێنـــی دروســـتکرد بەنـــاوی بـــزوتنەوەی بەرهەڵستکاری تورک – تورک مقاوەمەت حەرەکەتی Türk Mukavemet Hareketi- ئەم بـزوتنەوەیە یەکێـک لە کـارە سـەرەکیەکانی ئەوە بـوو، کە ڕۆژەفـی تـورکی لەو شـوێنە جێبەجـێ بکـات، هەروەک چـۆن لە پاشـاندا کاریشی بۆ ئەوە دەکرد، کە زەمینەی هێرشکردنە سـەر قوبرس لەبارو واقعـی بکـات. بـۆ ئەنجامـدان و سـازدانی ئامادەکـاری بـۆ پرۆسـەی داگیرکـــردنەکە، ســـەرەتا نەخشـــەدارێژەرانی ئەم پـــیلانە لە بەیـــروت (Beiroet) خۆیـــان دامەزرانـــد. سەرپەشـــتیاری ئەو یەکە تایبەتـــانەی لە بەیروتەوە کاریان دەکرد، کەسێک بوو بە نـاوی حیرەم عەبـاس ( Hiram Abbas)، بەڵام سەرپەرشـتیاری بـاڵای ئەم پرۆسـەیە خـودی سـەرۆکی پێشوتری فەرمانگەی جەنگی تایبەت بوو بە ناوی کەمال یەمەک ( Kemal Yemek). ئۆپەراســیۆنی داگیرکردنـــی قـــوبرس یەکەم تـــاقیکردنەوەی پراکتیکـــی بـــوو بـــۆ کـــۆنترا گەریـــلا، چـــونکە لەوە بەدوواوە هەمـــوو ئۆپراسیۆنە راستەقینەکانی ئەم هێزانە گوێزرانەوە بۆ هەرێمە کوردیەکان لە باکوری کوردستان. [1]

دادگاکانی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا یەکێکی دیکەیە لە بەرهەمەکانی ئەم فەرمـانگەیە، مەبەسـتیش لەمە ئەوە بـوو، کە بەپێـی ئـارەزوو یـاخود ئامانجەکانی کۆنترا گەریلا بتوانن ئاراستەی دادگاو عەدالەت و یاسـاکان کۆنترۆڵ بکەن. دەستگیرکراوەکان هەروەک سـەرەتا ئاماژەمـان بـۆ کـرد، بە شێوەیەکی زۆر تـایبەت و نامرۆڤانە ئەشکەنجە دەکران، پاش ئەوەی لە ژێر ئەشکەنجەدا هەمـوو زانیارییەکیـان لێدەسـەندن، دەهێنرانە بەردەم دادگاکانی ئاسایشی نەتەوەیی، کە هەمان دادگاکانی خودی کۆنترا گەریلا بوون، زۆربەی هەرە زۆری دادوەرەکانیش هەمان ئەو ئەفسـەرانە بـوون، کە پێشتر خۆیان لە پلەجیاوازەکانی کۆنترا گەریلادا بوون.

هەمـــوو ئەو تـــاوانی کوشـــتن و تیرۆرکردنـــانەی مەهەپە لە کۆتـــایی هەفتاکانـدا ئەنجـامی دابـوون هەر هەمـوی بە فەرمـانی ئەم فەرمـانگەیە

[1] http://afa.home.xs4all.nl/comite/boek2/index.html.

بووه، ئامانجی ئەم کردەوانەش ئامادەکاری بوو بۆ ئەنجامدانی کودەتای 12ی سـێپتێمبەری 1980، سـەرەنجام کودەتـا سـەریگرت و بە یەکێک لە کـردەوە هەرە گەورەکـانی کـۆنترا گەریـلا لە مێـژووی تورکیـادا ئەژمـار دەکرێت. هەمـوو ئۆرگانەکـانی وڵات سـەرلەبەری هەڵوەشـانەوەو خـرانە ژێر کۆنترۆڵی فەرمانگەی نـاوبراو، پاشـان لەسـەر خواسـت و ئـارەزووی خۆیان هەموو ئۆرگانەکانیان ڕێکخستەوە. فەرمانگەی جەنگی تایبەت بوو بە خاوەنی هەموو هێزو قودرەتێکی دەوڵەت.

**سێیەم کودەتا:**

گرنگتـــرین و ڕێکخراوتـــرین و خوێنـــاویترین کودەتـــا لە مێـــژووی تورکیـادا، کودەتـای سـاڵی 1980بـوو، کە لە مێـژووی تورکیـادا هەتـا ئەمڕۆش وەک خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگی مێژوو، ئاماژەی بۆ دەکرێت.

گرنگترین سەرنج و پرسیار لەسەر کودەتای 1980 ئەوەیە کە داخۆ لە هـیچ وڵاتێکدا بـووە، کـە پارتێک خـۆی لەدەسـەڵاتدا بێت و زەمینـەش بـۆ کودەتـا خـۆش بکـات؟ ئەمـە ڕاسـت و ڕەوان ئـەو ئامادەکاریانـە بـوو کـە مەهەپە و پارتە نەژادپەرستەکانی دیکەی وەک پارتی سـەلامەتی میللی و پارتی عەدالەت، بۆ شەرعیەت بەخشین بە کودەتا دەستیانپێکردبوو.

دیمەنـــی گۆڕەپـــانەکە لە دوای هەڵبژاردنەکـــانی 1973 بەمجـــۆرەی خوارەوە بوو:

یەکەم- لەسەر ئاسـتی بزوتنەوەی چەپ و سۆشیالیسـتی ئەم حـزب و ڕێکخـراوانە هەبـوون؛ حزبـی کرێکـاران بە سـەرۆکایەتی بەهـیجە بـۆران، حزبی سۆشیالیستی تورکی بە سەرۆکایەتی محمەد عەلی ئایبار( Mehmet Ali Aybar)، حزبی کرێکاران و جوتیاران بە سەرۆکایەتی دۆگۆ برینجیک، حزبی سۆشیالیست دیموکرات بە ڕێبەرایەتی میهری بیللی (Mihri Belli)، ئەمە وێـرای چەنـدین ڕێکخـراوی دیـکەی نایاسـایی وەک دەڤ سـۆڵ و تیکۆ. وێرای ئەوەی ئەمانە هەموو وەک بەرەیەکی پەرتەوازە بوون و دژ بە یەکتـر بـوون، بەڵام لەسـەر گۆڕەپـانی سیاسـی تورکیـادا گەورەتـرین سەرئێشـەو هەڕەشـەیان بـۆ سـەر دەسـەڵات دروسـتکردبوو، ڕۆژانە

خۆپیشـــاندان و مـــانگرتنی کرێکـــاران بەردەوامـــی هەبـــوو. بـــڕوانە ئەم خشتەیەی خوارەوە:-

**خۆپیشاندان و مانگرتنەکان بەر لە کودەتای سێپتێمبەری 1980**

| ساڵ | ژمارەی خۆپیشاندان و مانگرتن | ژمارەی بەشداربووان |
|---|---|---|
| 1977 | 116 | 31765 |
| 1978 | 184 | 27208 |
| 1979 | 269 | 41187 |

سەرچاوەی خشتە

فلادمیر ایفانوفتیش، الصراع السیاسي في ترکیا، ترجمة یوسف ابراهیم الجهنماني، دار الحوران للطباعة و النشر، سوریا، دمشق، الطبعة الاولی، 1999، ص 296.

دووەم- لە سەرئاستی هەرێمایەتی حکومەتی حەمەرەزاشای پەهلەوی هەرەسیهێنابوو، ئایەتوڵا خومەینی دەسەڵاتی ئێرانی بەدەستەوە گرتبوو، کەوتنـی حکـومەتی پەهـلەوی لە ئێـران، نەک بە گـورزێکی کوشـندە بـۆ ئەمەریکا هەژمـار دەکرا، بەڵکو بـۆ تورکیـاش کارەساتێکی سیاسـی زۆر گەورە بـــوو، کە یەکێـــک لەهاوپەیمانەکـــانی خـــۆی لە لایەن نەیـــارە شـیعەکانەوە لەکـارخرا، وێـرای ئەوەش نەدەزانـرا داخـۆ ئەو حکـومەتە ئیسلامییە تازەیە دەبێتە هاوپەیمانی سۆڤیەت و هێندەی تر هەڕەشـەکان بـۆ تورکیـا جـدیتر دەبـن. خـاڵێکی دیـکەی گرنـگ لە نێـو گۆڕەپـانە هەرێمـــیەکەدا ئەوە بـــوو، کە یەکیەتـــی ســـۆڤیەت وڵاتـــی ئەفگانســـتانی داگیرکـــــرد و حکـــــومەتێکی سۆشیالیســـــتی دەســـــتکردی خـــــۆی لە کۆمۆنیستەکانی تێدا خستە سەر کار، ئەمەش بۆ خۆی تۆختر بوونەوەی جەنگی سارد بوو لە ناوچەکەدا.

سـێیەم- لەنـاو خـۆی تورکیـا بەرەی راسـت پێکهـاتبوو لە حزبـی داد بەرێبەرایەتی سلێمان دەمیریل، حیزبی بزوتنەوەی نەتەوەیی (مەهەپە)، حزبـی سـەلامەتی میللـی نەجمەدیـن ئەربەکـان، حزبـی دیمـوکرات، حزبـی متمانە، کەفەیزی ئۆغلۆ تازە دایمەزراند بوو.

لە پـاش ئەوەی سـلێمان دەمیریـل حکومەتی بەدەسـتەوە گـرت سـاڵی 1979ژمارەی قوربانییانی دەسـتی تیرۆری سیاسـی گەیشـتە 1900 کەس. بـاری نائاسـایی بەسـەر 20 ویـلایەت لە کـۆی 67 سـەپێنرابوو، بەڵام ئەم هەنگـاوە نەیتـوانی سـنورێک بـۆ خـوێنرێژی دابنێـت، کە لەبنەڕەتـا دامەزراوەکانی دەوڵەتی قوڵ خۆیان نەخشە دارێژەرەی بوون...

ئەو سێ خاڵەی سەرەوە هەر هەمووی ئاماژە بەخشی ئەوە بوون، کە خـودی دەوڵەتـی قـوڵ بە هانـدانی ئەمەریکـا دەخوازێـت هاوکێشـەکە سەروبن بکات و سەرلەنوێ دایرێژێتەوە، چونکە بە ئاشکرا هەست بەوە دەکـرا، کە دەوڵەتـی قـوڵ شـەقامەکان چـۆڵ دەکـات بـۆ ئەوەی قەیرانـی سیاسـی و کوشـتن و بـڕین و خۆپشـاندان بـرەو بسـێنێت و خەڵکـی ناچاربکات، کە ئاواتی ئەوە بخوازن سوپا بە توندی بێتە گۆڕەپانەکەوە. لە بنەڕەتیشدا ئەمە پیلان و نەخشەکە بوو، کە ژەنـراڵ کەنعـان ئێڤـرن بە ناوی ئۆپراسیۆنی ئالا سەرپەرشتی دەکرد.

لەماوەی پازدە ساڵدا (1965-1980) دەست بەسـەر 45 هەزار تفەنـگ و 150 هەزار دەمانچەو 22 ملیۆن فیشـەکدا گیرابوو، ئەم ژمـارانەش بەسـن بـۆ ئەوەی بـڕو قەبـارەی ئەو چەکـانە بـزانین، کە دەسـتیان بەسـەردا نەگیراوە. [١]

بەر لە کودەتا و لە ساڵی 1979دا پارتی عەدالەتی سلێمان دەمیریل بـە پشـتیوانی مەهەپە و پـارتی نەتـەوەیی سـەلامەتی تورکیـا بـە رابەرایـەتی نەجمەدین ئەربەکان حکومەتی کەمینەیان دروستکردبوو. لە راستیدا تاکە هۆکاری بەشداریکردنی مەهەپە لەم حکومەتەدا زەمینە سازکردن بوو بۆ

[١] ئیبراهیم داقوقی،کوردی تورکیا، وەرگێڕانی هیمەت عەزیز کاکەیی، دەزگای موکریان، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، هەرێمی کوردستان،2012 لاپەڕەکانی 239.

ئـەو کودەتایـەی کـە بە وردی نەخشـەیان بـۆ داڕێژابـوو، لـە ڕێگـای دەزگاکـانی دەوڵـەت و گورگەبۆرەکانـەوە کردەوەکـانی پـۆگرۆم و ئاشوبنانەوەیان ئەنجام دەدا، بەجۆرێک، کە مانگانە سـەدان کەس لەلایەن بکوژی نادیارەوە تیرۆر دەکران (لەگەڵ نزیک بوونەوەی وادەی پیلانی کودەتا ژمارەی کوژراوەکان زیادی دەکرد. تەنها لە مـانگی سـێپتێمبەردا 220 کـوژراو هەبـوو)، بـۆ ئـەوەی واقعێک لـە وڵاتدا دروسـت بکـەن، کـە کودەتـای سـەربازی و دەستپێشـخەری جەنراڵـەکان بکرێنـە کـارێکی پێویست بە تایبەت کە وڵات لەو کاتـەدا بـە قـەیرانێکی سیاسـی و ئـابوری قورسـدا تێدەپـەڕی بەجۆرێـک، کە ڕێـژەی بێکـاری گەشـتبووە 25% و ڕێژەی هەڵئاوسانی ئابوریش 120% و ڕێژەی قەرزی دەرەوەش سنوری 12ملیـار دۆلاری تێپەڕانـدبوو. بزوتنەوەکـانی ئیسـلامی سیاسـیش بە ڕابەری ئەربەکان(Necmettin Erbakan) گەشەسـەندنێکی زۆر بەرچاویـان بەخۆیـانەوە بینیبـوو، کـار گەشـتبووە ئەوەی، کە بە ئاشـکرا لە خۆپیشـاندانەکانیاندا داوای کۆتـایی ڕژێمـی سکیولاریسـتی وڵات و گەڕانەوەیان بۆ شەریعەت دەکرد.[1]

بڵاوبوونـەوەو گەشەسـەندنی ئیسـلامی سیاسـی و تەنانـەت بەشداربوونیان لە حکومەتدا، کۆماری تورکیا دەخەنە بەردەم هەڕەشـەی جدی. ئەمە نەخشەکەی مەهەپە بوو کە باشترین بەڵگەو زەمینە بوون بۆ ئەنجامـدانی کودەتـا، بە تـایبەت، کە ئەنـدامەکانی خۆیـان خزانـدبووە نێـو گروپە ئیسلامیەکان و چەنـدین کـاری نایاسـایی و توندوتیژییان بە نـاوی ئەوانەوە ئەنجام دەدا.

نەخشە و پیلانی کودەتا لە ناوەڕاستی سـاڵی 1979 بە ڕابەڕی ژەنراڵ ئیڤرن قسـەی لەسـەرکرابوو، لە 27 ی مـانگی ئۆگستۆسـی 1979 ژەنراڵـی نـاوبراو بەبـۆنەی ڕۆژی سـوپا یـاخود هەفـتەی سـەرکەوتنەوە هۆشدارییەکی زۆر توندی بە حکومەت و سیاسییەکاندا. ساڵێکیش بەر لە

[1] علی حمزة سلمان الحسناوي، ظاهرة الانقلابات العسكرية و الاستلاء على السلطة في تركيا مجلة جامعة كربلاء العلمية- مجلد الثامن، العدد الثالث 2010 ص 120.

وادەی کودەتا، لێژنەیەکی نهێنی دروستکرد بۆ چاودێریکردنی بارودۆخ و پێشکەشکردنی راپۆرتی ورد لەسەر پێویستی دەستوەردان لە حکومەت، ئێڤرن لە بیرەوەریەکانی خۆیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە دوو راپۆرتی یەکەمی ئەو لیژنەیە پێداویستیی ئەنجامدانی کودەتای لەکن ئەو یەکلاکردۆتەوە.[1]

سەرەنجام رۆژی 12ی سێپتێمبەری 1980 کودەتاچیەکان بە رابەری ژەنراڵ کەنعان ئیڤرن (کە پاشان خۆشی دەبێتە سەرۆکی وڵات) پیلانەکەی خۆیان لە ژێر ناوی بزوتنەوەی ئاڵا (Bayrak harekati) جێبەجێکرد و سێیەم کودەتا لە مێژوی وڵاتدا تۆمارکرا...

بارودۆخی وڵات لە پاش کودەتای 1971 خراپتر بوو، دامەزراوەی سەربازی خۆی هۆکاری سەرەکی بوو بۆ بەردەوام بوونی قەیران، چونکە لەلایەکەوە بەردەوامبوونی قەیران و تەنگەژە شەرعیەتی بە مانەوەو پتەوکردنی پێگەی ئەوان دەبەخشی و لە لایەکی دیکەشەوە سەرکردە و ژەنراڵەکانی سوپا هەموو کایە ئابورییەکانیان بۆ خۆیان قۆرغ دەکرد و زیاتر دەوڵەمەند دەبوون. هەر لە شەستەکانەوە سوپا لە رێگای ( یەکیەتی خانەنشینی ئەندامانی سوپا[*])، کە دامەزراوەیەکی ئابوری دەزگای سەربازی و هەواڵگری و چەتەگەری وڵات بوو، دەستی بەسەر پیشەسازیی چیمەتۆ و ئۆتۆمبیل و گواستنەوەو دڵنیاکردن و وزەو خواردەمەنی و تەکنەلۆژیاو وەبەرهێنانی نەوتدا گرتبوو. بەرهەمی

---

[1] دڵشاد محمود صالح، دور المؤسسة العسكرية التركية في السياسة الداخلية، مركز كردستان للدراسات الستراتيجية، اقليم كردستان، السليمانية، 2012، ص 120.

[*] یەکیەتی خانەنشینی ئەندامانی سوپا:-
ساڵی 1961 دامەزراوەی سەربازی تورکیا بۆ ئەوەی مەچەکی پۆڵاینی خۆی زیاتر بەسەر وڵاتدا توند بکاتەوە سەندوقی خانەنشینی ئەندامانی سوپا (OYAK)ی دروستکرد( Ordu Yardımlaşma Kurumu)، کە زیاتر وەک سەندوقی هاوکاری ئەفسەرانی سوپا بوو، ئەم سەندوقە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا بوو بە کوتلەیەکی زۆر گەورەی ئابوری ئەمەش لە رێگای ناچارکردنی هەموو ئەفسەرەکانی سوپا بە وەبەرهێنانی 10%ی موچەکانیان و وەرگرتنی قازانجی سەرمایەکانیان لە دواتردا. بڕوانە پێگەی ئەلکترۆنی ئەم سەندوقە کە هەتا ئێستاش یەکێکە لە دامەزراوە ئابورییە گەورەکانی تورکیا http://www.oyakyatirim.com.tr

چیمەنۆ بە ڕێژەی 42%، بەرهەمی کۆمپانیای رینۆ بەرێژەی 8%، بۆ دامەزراوەی سەربازی و ژەنراڵەکان بوو، ئەمە جگە لەوەی کە لە کۆتایی هەفتاکاندا وەبەرهێنانی دامەزراوەی سەربازی لە بواری نەوت و پترۆڵدا نزیکەی 502 ملیۆن لیرەی تورکی بوو، لە کاتێکدا کورتهێنانی بودجە لەساڵی 1979 سنوری 15 ملیار دۆلاری تێپەڕاندبوو. [١]

ئەڵبەتە لە پاڵ هۆکارە سیاسییەکاندا هۆکارو پاڵنەری ئابوری زۆریش هەبوون بۆ ئەنجامدانی کودەتا، هۆکارو پاڵنەرە ئابورییەکان هەمووی لە خزمەت سیاسەتی لیبراڵیزەکردنی بازاڕدا بوون، کە ئەمەریکا پێشەنگیی دەکرد، ئەم کودەتایە گۆڕانکاری بنەڕەتی لە سیاسەتی تورکیادا خوڵقاند، دەوڵەت دەرگاکانی خۆی بۆ سیستەمی ئابوری نێودەوڵەتی کردەوە، بزوتنەوەی بازاڕو سیستەمی بازرگانی دەرەکی ئازادکرد. گۆڕانکاری لە چەمکی پیشەسازیکردن (التصنیع)، کە لە قۆناغی یەکەمدا بوو ئەنجامدا، لەسەر ئاستی تیۆری دەوڵەتداری و بەڕێوەبردن گۆڕانی ستراتیژی و گرنگ دەبوو ئەنجامبدرێن. ئاسۆی ئابوری لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا رەنگیدایەوە، بۆ یەکەمجار تورکیا خۆی خزاندە نێو بازاڕە نێودەوڵەتییەکان و ئاستی هەناردن بەرزبۆوەو گرفتی قەرزەکانی دەوڵەت چارەسەرێکی بۆ دۆزرایەوە.

هەروەها دیسانەوە لەسەر خواستی ئەمەریکا لەچوارچێوەی سیاسەتی دەرەوەدا بەردەوامبوون لەسەر ئینتیمای تورکیا بۆ جیهانی خۆرئاوا جەختی لەسەر کرایەوە، بەتایبەت داواکاری تورکیا بۆ چوونە نێو خێزانی ئەوروپاوە، کە هەتا ئەمڕۆش ئەمەریکا گەورەترین پشتیوانی ئەم خواستەی تورکیایە، نەک ئەوروپا.

هەروەها دەرکەوت، کە ئایدۆلۆژیای فەرمی دەوڵەت بەر لە کودەتای 1980، کە ئایدۆلۆژیای کەمالیزمی بەرزڕاگرتبوو، لە بنەڕەتدا پشتی بە فەرهەنگێکی نشتیمانی بەستووە، کە رەگەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئاینی

---

[١] بیرج بیر بیروکلو ترکیا في ازمة من راسمالیة الدولة الی الاستعمار الجدید، ترجمة مرکز بحوث و المعلومات، بغداد 1983، ص 199-194.

ئیسلام، بۆیە ئەفسەرانی کودەتا، بڕیاری ئەوەیاندا، کە وانەکانی ئاینی ئیسلام بکەنە وانەی ئیجباری لە قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندییەکان و ئەمەشیان لە بڕگەی 24ی دەستوری 1982دا سەپاند، لەوەش زیاتر لە ساڵی 1986 دا سیاسەتی فەرمی دەوڵەت لە بواری پەروەردەو فەرهەنگدا کرا بە ئاویتەیەکی (تورکی- ئیسلامی). [١]

ئاوێتەی تورکی – ئیسلامی هەوڵێکە بۆ گەڕاندنەوەی پاشخانی عوسمانی و پاشگەزبوونەوەیەکی ڕانەگەیەنراو، لە هەندێک بنەمای کەمالیزم بەتایبەت لە بنەماکانی دابڕان و خۆدوورخستنەوە لە بنەماو میراتییەکانی ئسیلام و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و خۆقەتیسکردن لە نێو چوارچێوەی تەسکی ئەنازۆلدا. بەمجۆرە دەبوو تورکیا سەرلەنوێ خۆی گرێبداتەوە بە ئامێزی عوسمانی و ئیسلامی و مێژوویی خۆی و زیاتر ئاوڕ لە چواردەورە جیۆسیاسی و جیۆ فەرهەنگییەکەی خۆی بداتەوە. ئەمە فەلسەفەی عوسمانیەتی تازەیە، کە ئاکەپە رابەرایەتی دەکاتو جەخت لە دووبارە پێناسەکردنەوەی بەرژەوەندیە نەتەوەیی و ستراتیژییەکانی تورکیا دەکاتەوە.

کودەتا هەموو پارتە سیاسیەکانی وڵاتی قەدەغەکرد و هەموو جۆرە کارێکی سیاسی لە سیاسەتمەدارەکانیش قەدەغەکرد. ساڵی 1982 لە ریفراندۆمێکدا دەستوری نوێی وڵات پەسەند کرا، لە یەکێک لە بڕگەکانی ئەم دەستورەدا پارێزبەندی تەواو بۆ هەمیشە بە کودەتاچیەکان درا. ساڵی 1983 سەرلەنوێ ڕێگا درا پارتی سیاسی نوێ دروست بکرێتەوەو هەڵبژاردنی سەرتاسەری لەوڵاتدا ئەنجامبدرێت.. ئەم کودەتایە بە یەکێک لە روداوە هەرە خوێناوی و کارەساتبارەکانی ئەو سەردەمی تورکیا هەژمار کراوە..

دەرەنجامەکانی کودەتا بە زمانی ژمارە کە لە رۆژنامەی جمهوریەت 12ی سێپتێمبەری 2000بڵاوکراوەتەوە:-

---

[١] میشال نوفل، عودة ترکیا إلی الشرق الاوسط، الاتجاهات الجدیدة للسیاسة الترکیة، الدار العربیة للعلوم ناشرون، لبنان، بیروت، الطبعة الاولی، ٢٠١٠ ص 15-14.

- 650 هەزار کەس دەستگیرکران
- 1.683.000کەس توندوتیژی بەرامبەریان ئەنجامدرا.
- 210 هەزار دۆسیە برانە نێو دادگاوە.
- 230 هەزار کەس حوکمدران.
- 7 هەزار کەس حوکمی لەسێدارەدانیان بۆ دەرچوو.
- 517 کەس لە سێدارە دران. لە ناو ئەوانەدا پارێزەرو دکتۆرو ئەندازیار و رۆژنامەوان و سیاسەتمەدار هەبوون.
- 71 هەزار کەس بە چەندین ساڵ زیندانی حوکمدران، ئەمانە هەر هەموویان بەتاوانی پێشێلکردنی برگەکان141،142،163 ی یاسای سزادان تۆمەتبار بوون.
- 98.404 کەس بە تۆمەتی ئەندامیەتی لە رێکخراوێکی ئاژاوەگێر تۆمەتبارکران.
- 388 هەزار کەس مافی وەرگرتنی پاسپۆرتیان نەما.
- 30 هەزار کەس لە سەر کارەکانیان دەرکران.
- 300کەس بە هۆکاری نەزانراو کوژران .
- 171 کەس لە زیندانەکاندا لەژێر ئەشکەنجەدا مردن
- 937 فیلم بە هۆکاری نەگونجاوی قەدەغەکران.
- 23.677 کۆمەڵەو رێکخراو قەدەغەکران.
- 3.854 مامۆستا، 120 مامۆستای زانکۆ،47 دادوەر لەسەر کارەکانیان دەرکران.
- 400 رۆژنامەوان حوکمدران، 300 رۆژنامەوانیش لەسەر کارەکانیان دەرکران، 3 رۆژنامەوانیش کوژران.
- نزیکەی یەک ساڵ ( 300 رۆژ) هیچ رۆژنامەیەک دەرنەچوو.
- 303 سکاڵا لە دژی13 رۆژنامەی بەناوبانگی وڵات تۆمار کرا.
- 39 تۆن رۆژنامەو گۆڤار لەناو بران.
- 299 کەس لە زینداندا گیان لەدەستدا.
- 144 کەس بە هۆکاری نادیار مردوون.
- 14 کەس بەهۆی مانگرتن لە خواردن گیانیان لەدەستدا.

- 16 کەس لەکاتی هەوڵدان بۆ راکردن بە دەستڕێژی گولە زامدار کراون.
- 95 کەس لە کاتی رووبەڕووبوونەوەدا کوژراون.
- 73 کەس بە مردنی سروشتی خۆیان مردوون.
- 43 کەس بەدەستی خۆیان خۆیان کوشتووە( ئینتیحاریان کردووە).

بێگومان کودەتاچیەکان نەیاندەتوانی مەهەپە لەم پرۆسەیە بپارێزن، چونکە ئەوان لە هەوڵی ئەوەدا بوون کودەتاکەیان لەدیدی خەڵکیدا شەرعیەتی هەبێت، بۆیە مەهەپەش وەک هەموو پارتەکانی دیکە قەدەغەکرا. تورکەش ئاڵپئارسلان و چەندین ئەندامی دیکەی مەهەپە دەستگیرکران، زۆربەی تۆمەتبارەکان و دەستگیرکراوەکان لە لایەن دادگای سەربازییەوە بە ئاشکرا دادگایی دەکران، کەچی بەشی هەرە زۆری ئەندامانی مەهەپە بە نهێنی دادگایی کران، هۆکاری ئەمەش ئەوە بوو کە پەیوەندییەکانیان بە دامەزراوەی سەربازی و دەزگا نهینی و هەواڵگریەکانی وڵاتەوە بە نهێنی و نادیار بمێنێتەوە.
پێنج ئەندامی مەهەپە حوکمی لەسێدارەدانیان بۆ دەرچوو، نۆ کەسیشیان زیندانی هەتاهەتایی و 129 کەسیشیان بە ماوەی جیاجیا زیندانی کران. تورکەش خۆشی 11 ساڵ بەتاوانی دروستکردنی گروپی چەکدار حوکمدرا. جێبەجێکردنی حوکمەکان بەسەر ئەندامانی مەهەپە جێگای پرسیارو مشتومڕە چونکە:-

یەکەم- زۆربەی هەرە زۆری پرۆسەکانی دادگاییکردنی ئەندامانی مەهەپە بە نهێنی ئەنجامدران و هیچ کەس نەیزانی لە کاتی دادگاییکردنیاندا چی لەگۆڕێدا بووە.
دووەم- لە کاتێکدا دادگاییکردنی زۆربەی تۆمەتبارەکانی دیکە زۆر دڵڕەقانەو سەربازیانە بوون، کەچی دادگاییکردنی ئەندامانی مەهەپە خێراو بۆ خۆڵکردنە چاو بوون.

سێیەم- هەر ئەو پێنج ئەندامەی مەهەپە کە حوکمی لەسێدارەدانیان بۆ دەرچوو، پاش تێهەڵچوونەوە، حوکمەکانیان بۆ کەمکرایەوە.

چوارەم- زۆربەی هەرە زۆری تۆمەتبارەکانی مەهەپە پاش ماوەیەکی زۆر کەم لەزیندان ئازادکران، تەنانەت شێوازی مانەوەشیان لەزیندان و شوێنی مانەوەشیان گومانی ئەوە دەردەخات کە لە بنەڕەتا ئەمانە هەر زیندان نەکراون. خودی تورکەش ئالپئارسلان تەنها چوار ساڵ لە زینداندا مایەوەو لە مانگی ئاپرلی 1985 ئازادکرا، ڕەنگە ماوەی ئەو چوارساڵەش تەنها بە ناو لە نێو تۆماری زیندانەکاندا ناوی نوسرابێت.

بەڵگەی ئەم ڕاستیەش لەو چەندین نامەو نامەکاریەدا هەیە کە تورکەش و ئەندامانی دیکەی مەهەپە بۆ ژەنرال کەنعان ئێیڤرینی سەرۆکی کودەتاچیەکانیان ناردووە. لە یەکێک لە نامەکاندا تورکەش بە ژەنراڵ ئێیڤرین دەڵێت: سیاسەتی مەهەپە کە چەندان ساڵە کاری بۆ کردووە، هەمان سیاسەتی کودەتا بووە، ئەو ئایدۆلۆژیا و دیدگایەی کە کودەتای بەرهەمهێنا، شوناس و پرەنسیپەکانی مەهەپە بوون. Agah Oktay Guner یەکێکی دیکە لە سەرکردەکانی مەهەپە گلەیی لە ژەنراڵەکان دەکات بەرامبەر بەو ناهەقیانەی لە دژیان کراوە و دەڵێت (لەکاتێکدا هاوبیرەکانی ئێمە لەسەر حوکمن، بۆچی دەبێت ئێمە لە زینداندا بین؟). [1]

### کودەتای چوارەم:

کودەتای چوارەم لە دژی نەجمەدین ئەربەکان سەرۆکی پارتی ڕەفای ئیسلامی ئەنجامدرا، ئەم کودەتایە بە کودەتای 28ی فێبریوەی 1997 ناسراوە. لەو ڕۆژەدا سوپای تورک بە سەرۆکایەتی سەرۆکی ئەوسای ئەرکانی سوپا ژەنراڵ شەفیق پیر، تانک و زرێپۆشەکانی خۆی لە دەرەوەی شاری ئەنکەرە دانا و ئەربەکانی ناچارکرد، کە وێرای مۆرکردنی بەڵێننامەیەکی هەژدە خاڵی، دەست لەکار بکێشێتەوەو لە

[1] http://afa.home.xs4all.nl/comite/boek2/index.html.

حکومەت بێتە دەرەوە. گرنگترین ئەو خاڵانەش، کە بەسەر ئەربەکاندا سەپاندیان ئەوەبوو، کە دژی بانگەوازی سەپاندنی شەریعەت بێت و دەستبەرداری بە سیاسیکردنی ئاین بێت و هەموو سەرچاوەکانی داهاتی ڕێکخراوە ئیسلامیەکان ئاشکرا بکات.[1]

لە مانگی ژونی 2012 دا نزیکەی 30 ئەفسەری سوپا، کە پێنجیان بە پلەی ژەنراڵن لە ناویاندا ئەندازیاری کودەتا سپیەکە شەفیق پیر، دەستگیرکران و ڕەوانەی دادگا کران. هۆکاری ئەم کودەتایەش هەمان هۆکارەکانی پێشوو بوون، تەنها خاڵی جیاوازیشیان ڕەنگە ئەوە بێت، کە ئەم کودەتایە بە کودەتای نەرم یاخود سپی ناوی دەبرێت و هیچ خوێنی تێدا نەڕژا.

لە سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی پێشوو، لەناو سوپای تورکیادا ترسێکی جدی پەیدا بوو، ئەویش ترسی گەشەسەندنی ئایدۆلۆژیای ئیسلامی بوو لە ناو سوپادا، لە کاتی برەوسەندنی پێگەی سیاسی پارتی رەفاو خودی نەجمەدین ئەربەکان ئەم ترسە زیاتر تەشەنەی سەند، بۆیە دامەزراوەی سەربازی تورکیا بە نوسراوی نهێنی چەندین بڕیاری گرنگی لەوبارەوە دەرکرد، کە تیایدا قەدەغەی نوێژکردن بە جلی سەربازیەوەو نوێژکردن لەناو سەربازگاو شوێنە سەربازییەکان دەسەپێنێت.

هەڕەشەی بە ئسولیکردنی سوپا یەکەم هەڕەشەی جدی ئەربەکان بوو لە ئایدۆلۆژیای کەمالی و دامەزراوەی سەربازی، ئەوە جگە لەوەی، کە بوونی ئەربەکان لە پۆستی سەرۆک وەزیراندا واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە ئیسلامیەکان سەردەکەونە نێو هەڕەمی دەسەلاتی دەوڵەت، چونکە سەرۆک وەزیران خۆی دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەت، بۆیە سوپا ناچار بوو بەرامبەر بەم ڕەوشە ترسناکە سەرۆک کۆماری وڵات سلێمان دەمیرل ئاگادار بکاتەوە و بەمەرجی خوێن نەڕژاندن ئەربەکان ناچاری دەستلەکارکێشانەوە بکات.

---

[1] http://digital.ahram.org.eg/articles.aspx?Serial=218995&eid=2920.

# بەشی سێیەم
# توندبوونەوەی ناشیۆنالیزم
# لە تورکیا

## توندبوونەوەی ناشیۆنالیزم لە تورکیا

لە دەستپێکی نەوەتەکانی سەدەی پێشوو لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا مەسەلەی ناشیۆنالیزم بە توندی خۆی سەپاندەوە بەسەر گۆڕەپانی سیاسیدا. لە تورکیادا کۆمەڵێک هۆکاری گرنگ بوونە ڕێگاخۆشکردن بۆ ئەوەی فاشست و ڕاستڕەوەکان زیاتر بتوانن لە نێو گەمە سیاسییەکاندا خۆیان دەربخەن. لە سەرەتای ساڵی 1992 تورکیا ئیدی بوو بە جەمسەرێکی گرنگی جیۆسیاسیی فراوان، کە لە خۆرئاوایەوە لە بەلقانەوە دەستپێدەکات و لە خۆرهەڵاتییەوە دەگاتە سەر سنوری چین، ئەم جەمسەرە، کە نزیکەی 150 ملیۆن خەڵکی تورکی زمانی تێدا دەژی، بۆ یەکەمجار دیاردەی (جیهانی تورکی) هێنایە ئاراوە، دیاردەیەک، کە لەبنەڕەتا هزرو ئایدۆلۆژیای فاشیزمی تورک و تۆرانیەکان زۆر دەمێک بوو نوقڵانەیان بۆ لێدەداو کردبوویانە بنەمای تێزو تێڕوانینی سیاسی و ئایدۆلۆژی خۆیان. بۆیە ئیتر لێرە بەدواوە قۆناغێک دێتە ئاراوە، کە دەتوانین بە سەردەمی زێڕینی تۆرانیزم و فاشیزمی تورک تۆماری بکەین، بۆیە لەسەر تورکیا پێویست بوو، کە ئاڕاستەکانی سیاسەتی دەرەوەی خۆی گەشەپێبدات بۆ ئەوەی هاوشانی ئەو دینامیکییەتە گرنگەی جیهان بڕوات، کە یەکێک لە دیاردە هەرە گرنگەکانی خۆی کۆتایهاتنی جەنگی سارد بوو، بە واتای ئەوەی لانی کەم بۆ ماوەیەکی درێژ هەڕەشە یاخود ئەو قودرەتە زەبەلاحەی یەکیەتی سۆڤیەت بەرامبەر بە تورکیا لە کار دەکەوێت و تورکیاش زیاتر دەستی خۆی لە ناوچە کانی جیهانی تورکی دەکاتەوە.

هەڵوەشاندنەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت بووە هۆکاری ئەوەی، کە چەند جەمسەرێکی هەرێمایەتی نادیاری نوێ دەرکەون، کە ڕەنگە لە ئایندەدا ببنە هەڕەشەی جدی بۆ سەر ئاسایشی تورکیا بەتایبەت لە ناوچەکانی بەلقان و قەوقاز، بۆیە دەوڵەتی تورک دەبوو هەنگاوێکی تازەی جیۆ-

کەلتـوری هەڵبگرێت بەجۆرێـک، کە مێـژوی عوسـمانی بـوون و پـێگەو خەسڵەتە جیۆسیاسییەکانی خـۆی لەگەڵ تێوری سیاسـی نـوێی دەوڵەتدا بگونجێنێـت. لەملاشـــەوە هەڵوەشـــاندنەوەو کەرتبـــوونی یوگوســـلاڤیاو ســـەربەخۆیی کۆمـــاری بۆســـنەو هەرســـۆگۆڤین و کـــرانەوەی ئەلبانیـــا و پەیڕەوکردنـی بنەماکـانی بـازاڕی ئـازاد و دیمـوکراتیزەکردنی زیـاتری سیستەمی وڵات، هەموو ئەم روداوانە بوونە هۆکاری ئەوەی، کە تورکیا وەک مەرجەعێک بۆ موسڵمانانی ئەو وڵاتانە رۆڵی خۆی دیاری بکات. لە یادمـان نەچێت بەر لە جەنگی یەکەمـی جیهانیـدا، مەسـەدۆنیاو بۆسـنەو ئەلبانیا بەشێک بوون لە ئیمپراتـۆریەتی عوسـمانی. هاوپەیمـانی یۆنـانی و سـربەکانیش هێنـدەی دیـکە تورکیـای هانـدەدا، کە ئامـادەیی خـۆی لەو دەڤەرانەدا نۆژەن بکاتەوە.

دەتوانین لێرەدا سێ هۆکاری سەرەکی لـە تورکیا دەستنیشـان بکـەین، کە پرسـی ناشـیۆنالیزمی لە تورکیـا تـۆختر دەکـردەوەو بە ئاڕاسـتەی شـۆڤینیزم و بەقـازانجی مەهەپە تەواو دەبـوون، کە ئـەوانیش مەسـەلەی کـورد، خراپـی بـاری ئـابوری، هەرەسـهێنانی بلـۆکی خۆرهـەڵات و سەربەخۆبوونی کۆمارە تورکەکان بوون.

**یەکەم– کێشەی کورد**

گۆڕانکارییە خێراکان و هەڵوەشاندنەوەو کەرتبوونی یەکیەتی سۆڤیەت بـووە هۆکـاری ئەوەی، کە مەسـەلەی کـورد لە تورکیـا لەمـاوەیەکی زۆر کەمـدا خـۆی بەسـەر گۆڕەپـانی روداوەکـانی تورکیـاو تەنـانەت دنیاشـدا بسـەپێنێت، ئەمە لەلایەک، لە لایەکـی دیـکەش بـووە هۆکـاری ئەوەی، کە تەرازوی هێـز لە نـاوچەکەدا بە خراپـی گـۆڕانی بەسـەردا بێـت. ئەو هێـزانەی، کە دژی رۆڵـی تورکیـا بـوون و خوازیـاری ئەوە نەبـوون، کە خـۆرهەڵاتی ئەورپـا لەرێگـای تورکیـاوە ببەسـترێتەوە بە ناوەڕاسـتی ئاسـیاوە، کاریـان بـۆ ئەوە دەکـرد بەرامبـەر بەم هەسـتە فراوانخـوازییەی تورکیـا مەسـەلەی کـورد لە تورکیـاو نـاوچەکەدا زەق بـکەنەوەو بـیکەنە بەربەرست بەرامبەر بە سـەرلەنوێ بنیاتنـانەوەی خەونـی ئیمپراتـۆریەتی

عوسمانی. تورکیا ئامادە نەبوو بەخێرایی چارەسەری ئەو گرفتە بکات، بگرە لەوەش زیاتر، نەیدەتوانی لەگەڵ کارلێکە جیاوازەکانی ئەم گرفتەدا بژی.

کێشەی کورد لە تورکیا لەو ماوەیەدا زیاتر سەریهەڵدا. هەموو هەوڵەکانی دەوڵەتی تورک نەیتوانی ئەو میلەتە لەناو بەرێت، بە پێچەوانەوە ساڵ لە دوای ساڵ رابوونەوەی نەتەوەیی لە نێو کوردەکانی باکوری کوردستاندا برەوی دەسەند.. راستە پەکەکە ( Partiya Karkeran Kurdistan) ساڵی 1978 دروست بووە و لە ساڵی 1979دا زۆربەی سەرکردایەتی ئەو پارتە بەرەو ناوچەی دەشتی بیقاع هەڵهاتن و لەوێ گیرسانەوەو پاشان لە ساڵی 1984دا بە ئاشکرا جەنگیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە دژی تورکیا راگەیاند، بەڵام لە سەرەتای نەوەتەکانەوە ئەو بزوتنەوەیە پێی نایە قۆناغێکی زۆر گرنگی ژیانی خۆیی و لە رووی سەربازیی و سیاسییەوە چەندین بەرامبەری جاران بەهێزتر بوو. رەنگە هۆکاری هەرە سەرەکیش بۆ ئەم بەهێزبوونەی پەکەکە ئازادبوونی باشوری کوردستان بوبێت لە بەهاری ساڵی 1991 . ئەم ئازادبوونەی باشوری کوردستان دەرگایەکی زۆر گەورەی بۆ کوردەکانی باکوری کوردستان کردەوە. لە سەرەتای ئەم راپەڕینەدا نزیکەی نیو ملیۆن کوردی باشور ئاوارەی باکوری کوردستان بوون، ئەمەش بۆ خۆی بەس بوو بۆ ئەوەی هەستی نەتەوایەتی ئەوان بەرامبەر بە یەکتر بجولێنێت، بەڵام پاش ئەوەی پرۆسەی پاراستنی کوردەکانی باشور بە بڕیاری ژمارە688ی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان رەهەندێکی نێودەوڵەتی وەرگرت و ناوچەی ئارامیان بۆ دابینکرا، ئیتر بە شێوەیەکی زۆر خێرا بەڕێوەبەرایەتیی کوردی لە باشور بوو بە قیبلەنومای ئازادی و سەربەستی بۆ کوردانی باکور.

ئەوان بۆ یەکەمجار بە ئاشکرا لە تەلەفیزیۆن و راگەیاندنەکانەوە پرسی کورد و سەربەخۆ بوون و ئاڵای کوردستانیان بە چاوی خۆیان دەدی. ئەمەش بوو بە گەورەترین هاندان بۆ ئەوەی ئەوانیش تەکانێک بە شۆڕشەکەی خۆیان بدەن. وێرای ئەوەش یەکێک لە درندەترین رژێمە

داگیرکەرەکانی کوردستان شکستی خوارد و لە کوردستان وەدەرنرا. ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە بۆشاییەک لە باشوری کوردستان پەیدا بێت و پەکەکەش بتوانێت بەشی خۆی سود لەو بۆشاییە وەربگرێت و لە ئاستەکانی سەربازی و دارایی و رێکخستن و راگەیاندنەوە هەنگاوی زۆر باش پێشکەوێت.

بەرامبەر بەم پێشڤەچوونەی پەکەکە رۆژانە تەرمی سەربازی کوژراوی تورک دەگەڕانەوە بۆ وڵات، سوپای تورکیا کە خۆی بە ئەفسانەی هێزو جەبەروت دەزانی هەتا ئەمرۆش نەیتوانیوە نەک بزوتنەوەکە لەناو بەرێت بەڵکو لاوازیشی بکات. هەموو ئەم راستیانە بوونە هۆکاری ئەوەی کە راستڕەوەکان و فاشستەکانی تورک توشی هێستریای جەنگێکی نەتەوەیی دژ بە کورد ببن.

جگە لەمەش کوردەکانی باکور زیرەکانە لەگەڵ دەستور و یاساکانی تورکیا مامەڵەیان کرد، پەندیان لە شکستەکانی خۆیان وەردەگرت و زیرەکانەتر، لە رێگای دەستورو یاساکانی دەوڵەتی تورکەوە کەوتنە شەڕکردن و داواکردنی خواستەکانی خۆیان، بۆ یەکەمجار لە پاش سالانی 1990 پارتی سیاسی کوردی بە ئاشکرا دروستکران لەوانەش (HEP , DEP,HADEP) ئەم پارتانە، کە پاشان دەگەڕێینەوە سەریان، توانیان کارە سەربازیەکانی پەکەکە تەواو بکەن، واتە ئەرکی سەربازی لێگەڕان بۆ پەکەکەو ئەمانیش بە میکانیزمە سیاسیەکان پرسی کوردیان فڕەدایە سەر مێزی سیاسی نەک بەتەنها تورکیا، بەڵکو یەکیەتی ئەوروپاش... هەر بۆیە زۆرجار لە میدیاکانی تورک و لایەنگرانی تورکەوە ئەم پارتانە دەکەوتنە بەر هێرش و هەڕەشەو بە باسکی سیاسی پەکەکە ناودەبران..

لە راستیدا رەگەزپەرست و فاشستەکانی تورک کە زۆربەی سەنتەرەکانی دەوڵەت و دەسەڵات و بڕیاردانیان بەدەستەوە بوو چارەسەری ئەمنی و سەربازییان هەمیشە بە تاکە ئەڵتەرناتیڤ زانیوە، هەمیشە کوردیان بە هەڕەشە زانیوە بۆ یەکپارچەیی خاکی تورکیا،

ئەمـەش هەمیشـە رێگـا خۆشـکەرە بـووە بـۆ تونـد بوونـەوەی ململانێـی ناشیۆنالیستی لە تورکیا.

لە چوارچێوەی چارەسەری سەربازیدا چەندین میلیشیای ناحکومی و نا فەرمی کۆنترا گەریلا لە دژی بزوتنەوەی کورد و پەکەکەو گەلی کورد دروستکران لە نێو ئەم رێکخراوانەدا ژمارەیەکی زۆر لە گورگە بۆرەکان تێخزێنران.

لێرەدا ئەوەی جێگەی سـەرنجە ئەوەیە، کە مەهەپە بـۆ ئاراسـتەکردنی سیاسـەتەکانی خـۆی و یەکلابـوونەوەی لەگەڵ بەرەکـانی دیـکەی گەلـدا دوالیزمانە مامەڵەی لەگەڵ کێشەکان بە تایبەت کێشەی کورد دەکرد. لەم هەنگاوەیانـدا (دەوڵەتـی تـورک)یـان بە گرنگتـرین خـاڵی یەکـلاکەرەوە دەزانی لە پرسەکانی خۆیاندا، گۆڕایەڵی یاخود لۆیاڵ بوون بۆ دەوڵەتی تـورک و نەتەوەی تـورک گرنگتـرین خـاڵی سیاسـەتەکانی ئەوان بـوو. هەرکەسـێک لە ژێـر ناوەکـانی دیموکراسـی و مـافی مـرۆڤ و کەلتـورو مەسـەلەی کـورد تـاقە یەک رەخنەشـی ئاراسـتەی دەوڵەت بکـردایە، ئیتـر بەس بوو بۆ ئەوەی مەهەپە لە لیستی رەشـی خۆیدا بە تۆمەتی دژایەتـی کردنـــی دەوڵەتـــی تورک،تۆماریکـــات. ئەم هەنگـــاوەی مەهەپە خـــۆی یارمەتیـدەر بـوو بـۆ ئەوەی هەمـوو کوردێـک بخـاتە سـەنگەری دژەوە، چونکە تەنها کورد بوون بۆ خـۆی هەڕەشـەیەکی گەورە بـوو لە دەوڵەتـی تورک.

سـەرهەڵدانی کۆمـارە نوێیەکـانی تـورک لە ئاسـیای ناوەڕاسـت بـوونە هۆکـــاری ئەوەی، کە تورکیـــا بە گیـــانێکی هێرشـــبەرانە رووبەڕووی مەســـەلەی کـــورد بێـــتەوە و شـــانازیکردنی بە خـــۆیی و بە جیهـــانی تورکییەوە، کە خۆی رۆڵـی تـاکە پێشـڕەوی تێدا دەبینـی، بوونە هۆکاری ئەوەی، کە مەسـەلەی کـورد چوارچێـوەیەکی رەگەزپەرسـتانەی تونـد وەربگرێت و چارەسـەری ئەم مەسـەلەیە زیـاتر ئـاڵۆز بکـات و پێویسـتیی مـانەوەو بەهێزبـوونی مەهەپەش بـۆ دەوڵەتـی قـوڵ زیـاتر لە جـاران گرنگتربێت.

**دووەم– هۆکاری ئابوری**

هەروەک سەرەتا باسمان کرد، یەکێک لە هۆکارەکانی کودەتای ساڵی 1980 هۆکاری ئابوری بوو. لە راستیدا کودەتاچیەکان چەند هەنگاوێکی زۆر گرنگی یەکلاکەرەوەیان هاویشت بە ئاراستەی کرانەوەی تورکیا لەبەردەم بازارەکانی ئەوروپا. [1]

دابەشنەکردنی داهات بەشێوەیەکی عادیلانە هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی هەژارییەکـــی لە رادەبەدەر و دەوڵەمەنـــدبوونێکی لە رادەبەدەر وەک دیاردەیەکی ئابوری و کۆمەڵایەتی زەقبێتەوە. ئەم دیاردەیە لە ناو چینە هەژارەکانـــدا هەروەک لە تەواوی دنیـــادا بەرچاومـــان دەکەوێـــت پەرچەکـــرداری پـــێچەوانەی لێـــدەکەوێتەوە. یەک لەو پەرچەکـــردارە پێچەوانانەش ئەوەیە، کە هەستی نەتەوایەتی زیاتر لە نێو ئەو چینانەدا بە ئاراســتەیەکی خــراپ و رەگەزپەرســتانە ببــرێن، چــونکە سیاســەتی لە خشــتەبردن و دیمــاگۆگی لەگەڵ ئەو چینــانەدا ئاســانتر جێبەجیــدەکرێت وەک لە چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە.

لە زۆربەی هەڵبژاردنەکــانی ئەوروپاشــدا راســترەوەکان و نــازییە تازەکان کاتێک توانیویـانە لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگێکی زۆر بەدەستبێنن، کە قەیرانە ئابوریەکان خەڵکانی هەژاری ماندوو کردووە، چونکە هەمـوو جارەکان هۆکاری هەژاربوونی ئەوان خراتە ئەستۆی خەڵکانی دیکە (بۆ نمــونە کۆچبەرەکــان) نەک سیســتەمی ســەرمایەداری و قەیرانەکــانی ســەرمایە. لە تورکیــاش بە هەمــان شــێوە هۆکارەکــانی هەژاری خەڵــک دەخرانە ئەستۆی کورد و پەکەکە و چەپەکان، چونکە لە دیدی مەهەپەو هاوبیرەکانیانـدا هەمـوو سـەرمایەو پـارەوپۆلی وڵات بـۆ شـەڕی ئەمـانە تەرخانکراوە.

وەک هەسـتێکی نەتەوەیـی و ناشیونالیسـتی دوو دیـاردە لە سـەرەتای نەوەتەکـانی سـەدەی رابـووردوو لە تورکیـادا لە لایەن مەهەپەوە زۆر بە

[1] http://afa.home.xs4all.nl/comite/boek2/index.html.

وردی کۆنترۆڵکراون ئەوانیش دیاردەی پۆپ موزیک و فوتبۆڵێن بوون. لە ڕێگـای ئەم دوو بـوارەی هـونەرەوە هەسـتێکی پـانتورکیزم، زۆر بە خراپـی گەشـەی سـەند لە نێـو تورکەکانـدا. مەهەپە و تورکەشـچیەکان بـایەخی تایبەتیـان بەو بـوارانە دەدا، لە ڕێگـای لاوانـی یـاریزان و هونەرمەنـدەوە زۆر بە چـڕی ئایـدۆلۆژیای خۆیـان بەنـاو وڵاتـدا بـڵاو کـردەوە. ڕۆژی 6ی مەی 1996 یـاریزانێکی تـورک لەبەرئەوەی تـیمەکەی (ترابزۆن سپۆرت) دۆڕاندی، خۆی کوشت. ڕاهێنەری ئەو تیمە لە وەڵامی هۆکـاری خۆکوشـتنی ئەو یـاریزانەدا دەڵێـت (ئـێمەی تـورک سروشـتی تێکدان و لەناوبردن لەناو خوێنماندایە). ئەم لێدوانە سەبارەت بە ڕەوشی سیاسی تورکیاش بە هەمان شێوە بوو...

**سێیەم- هەرەسهێنانی بلۆکی خۆرهەڵات**

هەڵوەشـاندنەوەی یەکیەتـی سـۆڤیەت و سـەربەخۆبوونی زۆرێـک لەو وڵاتـانەی کە پێشـتر بەزۆر لکێنرابـوون بەو وڵاتەوە، کـاریگەریی زۆر توندی هەبوو بۆ برەوسـەندنی هەستی ناشیۆنالیزمی تورکی. دەوڵەتـی تـورک و دامەزراوەی سـەربازی ئەو وڵاتە خۆیـان بە بەرپرسـیارو میراتگری هەموو ئەو دەوڵەتانە دەزانی، کە بە تورکی یاخود تورکمانی قسـان دەکەن. پێـنج کۆمـارە سـەربەخۆکەی پـاش ڕوخـانی یەکیەتـی سـۆڤیەت جیابوونەوە، ڕووبەریـان 1.542.000 مـایلی دووجـایە و 56 ملیـۆن دانیشتوانیان هەیە، ئەم ناوچەیە باخچەی پشتەوەی ڕوسیا بوون. بۆیە ئەمە هەلێکی زێڕینی دا بە ئەمەریکا و پەیمانی نـاتۆ، کە زیـاتر نازەکانی تورکیا پەسەند بکەن و لەگەڵیدا بچنە پێشەوە. لەوەش زیاتر تورکیا بوو بە بریکـاری هەرێمـایەتی بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەنـدییەکانی ئەمەریکـا و خۆرئـاوا لە ئاسیای ناوەڕاست. گرنگی ئـاوەڵابوونی تورکیا بەسـەر ئەو ناوچانەدا لە بەرژەوەندی ئەمەریکادا بوو، چونکە ئەمەریکا پێویستی بە لایەنێکی بەهێزی میانگیر دەبێت، کە بتوانێت حـاڵەتی نـامۆبوونی ئەو لەو ناوچـانە بشـکێنێت ئەمە وێـڕای ئەوەی، کە هەر لەڕێگـای تورکیـاوە ئەمەریکـاو خۆرئـاوا توانیـان ڕێگـا لە ئێران بگـرن و نەهـێڵن گۆڕەپـانەکە

لەبەردەمیدا لەسەر پشت و کراوە بێت.. تورکیا بە تەواوی ئامادە بوو بۆ ئەوەی لەو مەجالە جیۆسیاسییەدا رۆڵی سەرەکی هەبێت، ئەمەش بۆخۆی بەس بوو بۆ ئەوەی وەزنی سیاسی و ستراتیژی تورکیا لە ناوچەکەدا بەهێزتر بێت، بە تایبەت، کە ئیلیتی سیاسی لە تورکیا دەیزانی، کە ئەنقەرە دەتوانێت وەک هەڵقەی گرێدانەوە رۆڵی خۆی هەبێت.

ساڵی 1990 لە ناوچەکانی قەوقاز و ئاسیای ناوەڕاست ململانێ لە نێوان ئەرمەنەکان و ئازەربیجانییەکان سەریهەڵدا. تورکیا لە پڕێکدا خۆی وەک دراوسێی دەوڵەتێکی نوێی تورکی بینییەوە، لە کاتی روداوەکانی باکۆ، سوپای سۆڤیەتی جاران رۆشتە نێو باکۆ، میدیاکانی تورکیا روداوەکانیان بۆ رایگشتی تورکیا دەگواستەوە، کەناڵەکانی تورکیا وەک وتەبێژی فەرمی بزوتنەوەی نەتەوەیی ئازەریەکان دەهاتە بەرچاو، ئیتر مەحاڵ بوو بۆ هیچ حکومەتێکی تورکی بتوانێت هەستی نەتەوەیی لە نێوان گەلانی تورک و ئازەبیجاندا فەرامۆش بکات.

دوو روداوی گرنگ بوونە هۆکاری گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە هەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی پێشوو، یەکەمیان قەیرانی قوبرس بوو(1974) هەروەها ئەو شاڵاوەی، کە دووچاری کەمایەتی تورک بوو لە بولگاریا، کە لەساڵی 1985 دا دووچاری پرۆسەی تێکەڵکردنی بەزۆر بوونەوە. روداوی یەکەم بووە هۆکاری ئەوەی، کە تورکیا بەشێکی دورگەی قوبرس داگیربکات و بیداتە دەست تورکەکان، روداوی دووەمیش بووە هۆکاری ئەوەی، کە تورکیا شاڵاوێکی دبلۆماسی زۆر چڕ لە نێوەندە نێودەوڵەتییەکاندا دەستپێبکات.

ئەم دوو روداوە بوونە هۆکاری ئەوەی، کە ئیتر حکومەتی تورکیا نەتوانێت گرفتی تورکەکانی دەرەوەی تورکیا پشتگوێ بخات و چەمکی رەگوڕیشەی مێژوویی ئاسیای ناوەڕاست و بەلقان دیسانەوە زیندوو ببنەوە.

بەمجۆرە لەگەڵ روداوەکانی ئازەربیجاندا لە چەندین نێوەندی تورکی ئازەریدا مەسەلەی پان تورکیزم و یەکیەتی نەتەوەیی تورک سەریهەڵدایەوە. تەنانەت هەندێک سیاسەتمەداری وەک بولەند ئەجەوید و

سلێمان دەمیریل بە زمانێک قسەیان دەکرد، کە هەرگیز لەوەو پیش باوی نەبووە، لێرەوە هەندێک زاراوەی نوێ هاتنە نێو فەرهەنگی تورکیاوە لەوانەش شوناسی تورکی (قوڵبوونەوەی هەستکردن بە ئینتیما بۆ یەک خێزانی ئەتنی- کەلتوری) و ئاینی ئیسلام (هەرچەندە ئازەریەکان شیعەبوون و تورکەکان سونەبوون).[١]

ئەوەی هەڵوەشاندنەوەی یەکیەتی سۆڤیەت زەقیکردەوە، ئەوە بوو، کە جاران هەموو ئەو وڵاتانە لە راگەیاندنی تورکیادا بە (کۆمارە تورک زمانەکان) ناویان دەبران، بەڵام لە دوایداو پاش هەڵوەشاندنەوەی سۆڤیەت ئەمانە بوون بە (کۆمارە تورکە سەربەخۆکان) بەمجۆرە پەرەسەندنی روداوەکان بوونە هۆی سەرهەڵدانی کودەتا لە چەمک و زاراوەکان و فەرهەنگی سیاسی تورکیان گۆڕی. کۆمارە دەستە خوشکەکان بریتیبوون لە تورکمانستان، ئوزبەکستان، قرغیزستان، کازاخستان، ئازەربیجان. ئەمە هەمووی نیە، چونکە جیهانی تورکی شەش کۆماری تورکی (بەتورکیاوە) دەگرتەوە، جگە لە تەتارستان لەناو یەکیەتی روسیاو کەمایەتییەکانی تورک لە بەلقان و ناوچەکانی دیکەی وەک ئێران و سوریا و عێراق[٢] هەستکردن بە ئینتیما بۆ جیهانی گەورەی تورکیا هۆشێکی وەبەر تورکەکاندا هێنایەوە بەتایبەت، کە ئەوان لە گرفت و قەیرانی شوناسدا بوون لە ناوخۆی تورکیادا، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی، کە متمانە بە خود و گەشبینی بە ئایندە زیاد بکات. ئەنقەرە بوو بە وێستگەی چاوەڕوانی زۆرێک لە سەرکردەکانی ئەو کۆمارە تازانەو یەکە یەکە بە تێکڕای یەک سەرۆک لە هەفتەیەکدا سەردانی ئەنکەرەیان دەکرد. هەر لە ڕێگای تورکیاشەوە بوو، کە ئەو کۆمارانە ساڵی 1992 بوون بە ئەندامی کۆنگرەی ئاسایش و هاوکاری ئەوروپا لە پراگ.

[١] میشال نوفل، عودة ترکیا إلى الشرق الاوسط، الاتجاهات الجدیدة للسیاسة الترکیة، الدار العربیة للعلوم ناشرون، لبنان، بیروت، الطبعة الاولى، 2010 ص 21-22.
[٢] هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 23.

**دەوڵەتی تورک دوو هەنگاوی زۆر خێرای لەم بارەوە نا:-**

هەنگــاوی یەکەم لە ڕێگــای دبلۆماســییەوە بــوو، زۆر بە خێرایــی پەیوەندی توندی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا دامەزراند و هەموویانی خستە ژێر چەتری خۆی و بە چەندین شێوازی جیاواز کاریگەری لەسەریان کرد. لەم هەنگاوەدا دەزگا هەواڵگریەکانی تورکیا بە تایبەت ئاژانسی میت ڕۆڵی سەرەکی پێدراو هەموو دەزگا هەواڵگریەکانی ئەو وڵاتەی کردە هاوپەیمــان و هاوکــاری ســتراتیژی خــۆی. هەنگــاوی دووەم لەڕێگــای دامەزراوە سیاســی و کەلتوریەکــانەوە بــوو. لەم ئەرکەشــدا مەهەپە و فاشســتەکانی دیــکەی تورکیــا ڕۆڵــی گرنگیــان گێــڕا، هەمــوو مــاکینەی زەبەلاحی خۆیان لەو وڵاتانەشدا بەرهەمهێنایەوە کەوتنە بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیاو فەلسەفەی خۆیان.

ئامانجی سەرەکی تورکیا لەم دوو هەنگاوە زۆر بە ئاشکرا دیار بوو، ئەویــش زینــدووکردنەوەو ژیانــدنەوەو بە واقعیکردنــی خەونــی تــۆرانیزم بوو. ئامانجەکانی دیکەی وەک بەڕێوەبردنی ململانێ ی سیاسی لەگەڵ ڕوســـیاو ئێـــران و بەدیهێنـــانی ئامانجەکـــانی ئەمەریکـــا و نـــاتۆ و بەدەستهێنانی بازاڕی نوێ هەمووی بە پلەی دووەم دەهاتن بۆ تورکیا.

لە هەڵبژاردنەکــانی ســاڵی 1992 لە کۆمــاری ئازەربیجــان، نێرژەیەکــی تورکی بە هاوڕێیەتی ئاڵپئارسلان تورکەش سەردانی ئەو وڵاتەیان کرد، لە میانەی پشــتیوانیکردنی تورکیــا بــۆ ســەرۆکی ئەو وڵاتە ئەبــو ئەلفەزل ئێلچــی بەگ (Ebulfezl Elçibey) لە دووبــارە هەڵبژاردنەوەیــدا، هەردوکیــان لەبەردەم لایەنگرەکــانی ســەرۆکی نــاوبراودا دەســتی ڕاســتیان بە هێمــای مەهەپەوە بۆ ئامادەبووان بەرزکردەوە. ئەوەی جێگەی ســەرنج بــوو لەم دیــدارەدا ئەوە بــوو، کە زۆربەی هەرە زۆری ئامــادەبوانیش دروشــم و ئارم و نوسراوەکانی گورگەبۆرەکانیان بەرزکردبۆوە!. [١]

[1] http://afa.home.xs4all.nl/comite/boek2/index.html.

تەنانەت کارگەیشتە ئەوەی، لە کودەتای ساڵی 1993 لە ئازەربیجان دژ بە سەرۆک حەیدەر عەلییف مەهەپە رۆڵی سەرەکی هەبێت، هەر لەبەر هۆکاری ئەو کودەتایەش زۆرێک لەئەندامانی مەهەپە خرانە زیندان و مەهەپەش لەو وڵاتەدا قەدەغەکرا.

ئەم سێ هۆکارەی سەرەوە پێکەوە دوو کاریگەری راستەوخۆیان کردە سەر بزاوتی ناشیۆنالیزم لە تورکیا، دەتوانین بێژین کاریگەری یەکەمیان کاریگەرییەکی دیاریکراوبوو لە مەودای کورت خایەنداو کاریگەری دووەمیش لە مەودای درێژخایەندا بوو. دەبێت مرۆڤ زۆر هەستیارانە مامەڵە لەگەڵ ئەم قۆناغەی ژیانی سیاسی تورکیا بە گشتی و مەهەپە بە تایبەتی بکات، چونکە ئەم ئەو سێ هۆکارە تەنها راستەوخۆ کاریگەر نەبوون بۆ سەر هەستی ناشیونالیزم و مەهەپە، بەڵکو هاوجوت لەگەڵ ئەماندا کاریگەرییەکی زۆر قورس و خێراشی دەکردە سەر هەموو رەگەزە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی تورکیا.

کاریگەری لە مەودای کورتدا لە بەرژەوەندی گوتاری ناشیۆنالیستانەی مەهەپەییەکاندا بوو، چونکە ئەوان هەمیشە لە دوژمنێک دەگەڕان بۆ ئەوەی وجودی خۆیانی تێدا ببیننەوە، ئەو دوژمنەش لە ئێستادا بە پلەی یەکەم بەهێزبوون و زەقبوونەوەی کێشەی کوردو بزوتنەوەی پەکەکە بوون، بەڵام لە مەودای درێژدا ئیتر ئاراستەی رووداوەکان بە جۆرێک دەگۆڕێن، کە وەڵام و گوتارە کلاسیکیەکانی مەهەپەییەکان لەگەڵ شەقامی تورکیدا ناتەبا دەبێت، هۆکاری ئەمەش ئەوە بوو، کە لە سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی پێشوو بەدوواوە، وردە وردە هەستی ناشێۆنالیزمی تورکی لە بەرژەوەندی گوتاری ئیسلامی پاشەکشە دەکات و ئیسلامی سیاسی بە قورسی خۆی بەسەر شەقامی تورکیدا دەسەپێنێت و وردە وردە بەرەکە لە ژێر پێی مەهەپەدا دەردێنێ.

لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1995 دا مەهەپە، تەنها رێژەی 8% ی دەنگەکانی بەدەستهێنا، بەمەش نەیتوانی ئاستی دیاریکراو بەپێی دەستوری وڵات تێپەڕێنێت، کە رێژەی 10% ی دەنگەکانی داوادەکرد بۆ هەر پارتێک بۆ ئەوەی بتوانێت لە پارلەمانی وڵاتدا (مەجلس- Meclis)

نـوێنەرایەتیی هەبێـت. ئەم شکسـتەی مەهەپە بە شـێوەیەکی راسـتەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ پەرتبوونی بەرەی فاشیست و ناشیونالێسـتەکانی تورکیـا، چـونکە بەهـۆی ململانێـی نـاوخۆی خۆیـان و دابەش بـوونی دەنگەکانیـان بەسەر چەندین پارت و رەوتی سیاسی دیکەو شکسـتخواردنی مەهەپە و تورکیـا ( بێگومـان بەرامـبەر بە پەرچەکردارەکـانی ئێـران و روسـیا) لە قەوقـــازو ئاســـیای ناوەڕاســـت، گوتـــاری ناشیۆنالیســـتەکانی مەهەپە دووچـاری هەنـدێک نارۆشـنی و پەرتەوازەیـی ببـوو، کە بەتەواوی لە ململانـێ سیاسـییەکاندا هەسـتیپێدەکرا. رەوتـی ئیسـلامی سیاسـیش لە لایەکی دیکەوە بە ئارامی و لەسەر خۆیی لەنێو جەستەی تورکیادا کنەی دەکرد و پـارتی رەفـای تـورکی(Refah Partisi) بە رابەرایەتـی نەجمەدیـن ئەربەکـان بە بـردنەوەی 158 کورسـی زۆریـنەی دەنگەکـانی پارلەمـانی بەدەسـتهێناو لێـرە بەدواوە ئیتـر بـزوتنەوەی ئیسـلامی سیاسـی وەک ژمارەیەکی قورسی هاوکێشـە سیاسییەکان بەرامبەر بە ناشیۆنالیسـت و فاشستەکان دەرکەوت.

**مەهەپەو ناشیۆنالیستە توندڕەوەکان**
**چییان بەسەر باکوری کوردستاندا هێنا:-**

دەرئەنجـامی سیاسـەتەکانی دەوڵەتـی تـورک لەسـەر کوردسـتان و ئاراسـتەکردنی هەمـوو تواناکـانی ئەرگەنەکـۆن و دەوڵەتـی قـوڵ بـۆ لەناوبردنی نەتەوەی کورد، بەرپاکردنی جەنگێکی نـا هەوسـەنگ بـوو دژ بە گەلی کورد، کە بەهەمـوو پێودانگەکانی جەنگ دەتوانین وەک جەنگی قێزەون یاخود (Dirty War) ناوی بەرین.

زاراوەی جەنگی قێزەون راستەوخۆ دەمانباتـەوە بـۆ وڵاتـی ئـەرژەنتین لە نێوان ساڵانی 1976-1983،لە نێوان ئەو ماوەیەدا دامەزراوەی سەربازی و هـەواڵگری ئـەو وڵاتـە بـە پاسـاوی پاراسـتنی سیسـتەمی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی جـۆرێکی دیکـە لەجـەنگی بـەرپاکرد. ئـەم جەنگـە رەشـەکوژەکردنی نـەیارەکان دەگرێتـەوە لـە گروپـە بەرهەڵسـتکارەکان و

خوێندکاران و روناکبیران و سەندیکاو هەر دەنگ و رەنگێکی دیکەی ناکۆک و ناتەبا.

ژمارەی قوربانیانی جەنگی قێزەون لە ئەرژەنتین لە نێوان 10 تا 30 هەزار کەس مەزەندە کراوە، ئەگەر بەراوردی روداوەکانی ئەرژەنتین لەو ماوەیەدا لەگەڵ ئەوەی ئەمڕۆ حکومەتی تورکیا بەرامبەر بە میللەتی کورد ئەنجامی دەدات، بکەین، ئەوە بێگومان بەبێ دوودڵی دەتوانین نەک بوونی جەنگی ناوخۆ لە تورکیا بەڵکو جەنگێکی قێزەون لە دژی میللەتی کورد بەرجەستە بکەین.

بەرژەوەندی ئینگلیزەکان لە نزیکبوونەوە لە تورک و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ تێکشاندنی یەکجاری بزاڤی رزگاریخوازی کورد، چونکە لە سەردەمی پاش جەنگی یەکەمی جیهانی و لەسەروبەندی سەرلەنوێ دارشتنەوەی نەخشەی سیاسی و جوگرافی ناوچەکە، چەمکی دەوڵەتی نەتەوە هاتە ئاراوە. دەوڵەتی نەتەوە دوو فۆرمی جیاوازی هەیە فۆرمێکی ئەوروپی، کە تا ئەمڕۆ بۆتە پارادایمێکی باش و رەنگە فەرەنسا نمونەی هەرە باشی بێت، فۆرمێکی دیکەشی فۆرمە خۆرهەڵاتییەکەیەتی، کە هەموو ئەو دەوڵە نەتەوەییانە دەگرێتەوە بە هێڵکاری و نەخشەی ئیمپریالیزم دروست بوون کە رەنگە تورکیا خراپترین نمونەیان بێت. بێگومان لە میسرو تونس و جەزائیرو تەنانەت سومال و سودان و مەغریب رەنگە هەمان نمونە هەبێت.

پەیمانی لۆزان بەرهەمێکی ئایدۆلۆژیای ئینگلیز و فەرەنسیەکان بوو لە فۆرمەلەکردنی مۆدێلی دەوڵەتی نەتەوە. پەیمانێک، کە هەموو سەروەرییەکی بۆ دەوڵەتی تورکیا مسۆگەر کردو هەتا ئەم ساتەش خەونی سەربەخۆبوونی کوردستانی زیندەبەچاڵ کرد. تورکەکان توانیان بەر لە پەیمانی لۆزان و لە نێوان ساڵانی 1919-1922 هەستی ئاینی کورد بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکار بێنن، بانگەوازی یەکیەتی نێوان کورد و تورک و جیهاد لە پێناوی خەلیفەدا دەکرد، لە میساقی نشتیمانی خۆشیاندا لە دژی ئاشوریەکان و ئینگلیزەکان ئاماژەیان بۆ عوسمانیە موسڵمانەکان دەکرد کە لە زۆرینەی تورک و کورد پێکدەهات، تەنانەت

خودی کەمال ئەتاتورک لە لێدوانێکی خۆیدا سەبارەت بە مافی کوردەکان بۆ رۆژنامەی ( وقت- Vakt) جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ناوچە کوردنشینەکان دەبێت ناوچەی بەڕێوەبردنی خودموختاری کوردەکان بێت.[1]

رژێمەکەی ئەتاتورک بەهۆی سەرکەوتنە سەربازییەکانی خۆی توانی تەرازوی هێز بەلای خۆیدا سەنگین بکات بەمەش زۆربەی زلهێزەکان پشتیانکردە رێکەوتنی سیڤەر، یەکیەتی سۆڤیەت رۆڵی گرنگی لەمەدا بینی و زۆر بە توندی پشتیوانی لە رژێمی ئەتاتورک دەکرد.

رێکخراوی ئازادی یاخود کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد( کورد استقلال جمعیتی) کە لە کۆتایی ساڵی 1922 پاش دڵ کرمێ بوونی کوردەکان لە ئەتاتورک هاتە دامەزراندن، زۆر بە باشی هەستی بە مەترسیدار بوونی رەوشەکە لەسەر کورد کردبوو، بۆیە لە رێگای ئەفسەرە کوردەکانەوە هەوڵی پەیوەندی بە سەرۆک هۆزەکانەوە درا بۆ ئەنجامدانی راپەڕین، بەڵام ئەم هەوڵە لە شەوی 3/4ی مانگی ئەیلولی 1924 بەتەواوەتی شکستی خوارد و زۆربەی ئەندامەکانی کەتیبەی 18ی پیادە لە فیرقەی دووەمی سوپای تورکیا کە ئیحسان نوری پاشا سەرکردایەتی دەکرد بەرەو سوریا هەڵهاتن.[2]

وشەی کورد و کوردستان قەدەغەکران، زمانی تورکی کرایە زمانی فەرمی وڵات . ئەو بەم کارانە مەبەستی ئەوە بوو کە وڵاتێکی سیکولاریست بە شوناسێکی تورکی پاکژەوە دروست بکات. کوردستان کرا بە باشوری خۆرهەڵات و مەسەلەی کوردیش کرا بە مەسەلەی باشوری خۆرهەڵات.

عەقیدەی کەمالیزم بوو بە هۆکاری شاڵاوێکی دڕندانەی بە تورککردن بەرامبەر بەهەموو کەمینەکانی دیکەی ناوخۆی تورکیا، ئەمەش بێگومان تەنها لە پێناو دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و جوگرافیی تورک....

---

[1] بیار مصطفی سیف الدین، ترکیا وکردستان العراق، جاران حائران، دار الزمان، دیمشق، 2009، ص 94-95.

[2] هەمان سەرچاوە لاپەڕە 103-105.

ئەم شاڵاوانە دەرئەنجامی ئەوەی لێکەوتەوە کە هەموو جۆرە فرەیی و هەمەڕەنگییەکی فەرهەنگ بەتەواوی رەت بکرێتەوە و ژێرخان و پاشخانی کۆمەڵایەتی هەموو گروپێکی غەیرە تورک بخرێتە بەردەم هەڕەشەی توانەوەوە، کوردەکانی باکور لەبەردەم ئەم سیاسەتەدا کەوتنە دەرەوەی هاوکێشەی دەوڵەتی تورکەوە و لە ململانێی خۆشیاندا بۆ بەرگریکردن لە کەلتورو مانەوەدا 12 شۆڕشیان یەک لەدوای یەک خەڵتانی خوێن کرا . [١]

لە کودەتای ساڵی 1980دا سوپا دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت و زیاتر لە 17 هەزار کورد خرانە نێو زیندانەکانەوە. حاڵەتی ناکاو لە 19 هەرێمدا لە کۆی 67 هەرێم راگەیەنرا، لەوانەش هەموو هەرێمە کوردیەکان.. راگەیاندنی حاڵەتی ناکاو لە هەرێمە کوردیەکاندا بڕیارێکی کاتی نەبوو، بەڵکو بڕیارێک بوو کە دامەزراوەی سەربازی باسکی ئاسنینی خۆیی تێدا خستەگەڕو چارەنوسی ناوچەکەی بەتەواوەتی خستە دەستی خۆیەوە و چارەسەری ئەمنی و سەربازی کرا بە تاکە شێوازی رووبەڕووبوونەوەی گەلی کورد. لەم قۆناغەدا جەنگی قێزەون پێی نایە ئاستێکی زۆر مەترسیدار، کە دەتوانین بڵێن هەتا ساتی نوسینی ئەم بابەتە بەردەوامی هەیە، ئاکامی سیاسەتی توانەوەو قەلاچۆکردنی کورد تەنها وێرانکردن و خاپورکردنی گوندەکان نەبوون، بەڵکو نکیتین و عەبدول رەحمانی قاسملۆ لە کتێبەکانی خۆیاندا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە نزیکەی 700 هەزار کورد بەزۆرەملێ راگوێزراون و بەشێکیشیان هەر لە رێگا گیانیان لەدەست داوە. بێگومان یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم هەنگاوەی جەنگی قێزەون ئەوە بوو، کە ژێرخانی ئابوری کوردستان وێران بکەن و میلەتێکی روو ت و رەجاڵ و بێ بەرهەم و بێ کەسایەتی لێدروست بکەن، دەنا رۆژگارێک بوو کوردستان هێندە دەوڵەمەند و خاوەن سامان و سەروەتی کشتوکاڵی خۆی بوو، کە جێگای چاوتێبڕین

---

[1] Cleo De Wit, De positie van de koerden in Turkije,Faccultieit rechtsheleerheid, Universiteit Gent, België, 2009, bld 69-71.

و ئیرەیی هەموو دوژمانی بوو. قاسملۆ(Abdul Rahman Ghassemlou) لە کتێبەکەی خۆیدا باس لەوە دەکات، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە سالآنە پتر لە 3 ملیۆن سەر ئاژەڵ لە هەرێمە کوردییەکانەوە رەوانەی ئەستەنبوڵ و حەڵەب و بەغدادو تەفلیسی دەکران، سالآنە پتر لە 20 ملیۆن هێلکە رەوانەی بەندەری سامسۆنگ دەکرا لەسەر دەریای رەش. [1]

شالآوە سەربازیەکان تاکە رێگای تورکیا نەبوون بەڵکو لە ئاداری 1983 دا یاسای ئۆردوگا نەتەوەییەکان دانراو لە م رێگایەوە دانیشتوانی کورد لە ناوچە خۆرهەلآتیەکانی خۆیانەوە بەرەو ناوچە خۆرئاواییەکان راگوێزران، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە گرفتە کۆمەلآیەتی و ئابوریەکانی کوردستان زیاتر ئاڵوز بن و خەڵکیش زیاتر لە پارتی کرێکارانی کوردستان گرد بێتەوە. حکومەتی تورکیا هیچ تروسکە هیوایەکی بۆ کوردەکان نەهێلآبۆوە، دەڤەرەکە بەتەواوی و بە ئانقەست لە لایەن حکومەتەوە پشتگوێ خراو لە هەموو پرۆسەیەکی گەشەپێدان و وەبەرهێنان رووت و رەجاڵ کرا، نەک بەهیچ شێوەیەک سەرمایە رووی نەدەکردە دەڤەرەکە، بەڵکو بە پێچەوانە دەوڵەمەندو سەرمایەدارەکانی دەڤەرەکە لە ترسی سەروماڵیان بەرەو قولآیی تورکیا کۆچیان کرد،تاکارگەیشتە ئەوەی رێژەی بێکاری لە ناوچە کوردیەکاندا هەڵکشێت بۆ 70%. [2]

لە قۆناغی هەشتاکاندا جەنگی قێزەون لە تورکیا بەرامبەر بەگەلی کورد چوارچێوەی سنوری فەرمی تورکیای تێپەڕاند. دەوڵەتی تورکیا لەم جەنگەیدا بەردەوام هۆشداری دەدایە ولآتانی دراوسێی خۆی، ئەوانیشی هاندەدا کە بەرامبەر بزوتنەوەی رزگاریی کوردەکان دەستیان والآ بکەن، لەم بارەوە دەزگای هەواڵگری سوریا بەرامبەر بە هەندێک بەرژەوەندی بازرگانی رێگای بە دەزگای هەواڵگری تورکیا و تیمە

[1] عەبدول رەحمانی قاسملۆ، کوردستان و کورد، وەرگێڕانی عبدالله حسن زادە، هەولێر، کوردستان، چاپخانەی رۆژهەلآت، چاپی شەشەم، 2012لاپەڕە 124.
[2] بیار مصطفى سیف الدین، ترکیا وکردستان العراق، جاران حائران، دار الزمان، دیمشق، 2009، ص 121.

تایبەتەکانی ئۆپراسیۆن دەدا کە لەودیو سنورەوەو لە ناوخاکی سوریادا ئازادی جوڵانەوەیان هەبێت، لە مانگی تشرینی دووەمی 1980، هێزە کۆماندۆسەکانی تورکیا لە قامیشلی لە نیوە شەودا هەڵیانکوتایە سەر گروپێکی بێ چەک لە ڕێکخراوی کاوە و جگە لە خاوەن ماڵەکە، 16 ئەندامی گروپەکەیان تیرۆرکردو پاشان ئاگریشیان لە ماڵەکە بەردا. [1]

بۆ عێراقیش کە بەدەست هێزی پێشمەرگە و سەرلەنوێ بەرپابوونەوەی شۆڕشی کوردستان توشی دەستەوەستان هاتبوو، هیچ ڕێگرییەک نەبوو لەبەردەم جۆرە ڕێکەوتنێکی ئاوادا، بەتایبەت کە بۆ هەردوو دەوڵەت بەهایەکی ئەوتۆی نەبوو کێ دەکوژرێت و چۆن دەکوژرێت، چونکە لە کۆتاییدا ئەوەی دەکوژرا، کورد بوو، کە پێشتر ئەو چارەنوسەی لە لایەن ئەو دەوڵەتانەوە بۆ دیاری کرابوو..

عێراق و تورکیا لە ئەنقەرە لە ساڵی 1982 دا ڕێکەوتنێکیان مۆرکرد بە ناوی ڕاوەدوونانی گەرم (المطاردة الساخنة) کە تێیدا هاتووە:

-ڕێگا بە هێزەکانی هەردوولا دەدرێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو زیاتر نەبێت لە 3 ڕۆژ بە قوڵایی 17 کلم بچنە نێو خاکی یەکترییەوە.

-هەردوولا هەماهەنگی گۆڕینەوەی زانیاری ئەمنی لەگەڵ یەکتر دەکەن.

-بەدەستەوە دانی تاوانباران و داواکراوان، ڕێگادان بە دادگا ئەمنیەکان بۆ بەدوواداچوونی کەسانی تاوانبار لەناو خاکی یەکتریدا.

-عێراق تێچوونەکانی هەموو جوڵەیەکی سەربازی تورکی لەناو خاکی خۆیدا لە ئەستۆ دەگرێت.

سوپای تورکیا لە ڕۆژەکانی 26-28/ مایسی/1983 لەژێر ناوی ئێکپرێس 83 بەقوڵایی 25 میل سنوری عێراقی بەزاندو بۆ یەکەمجار دەستپێشخەری لە جێبەجێکردنی ئەم ڕێکەوتنەدا کرد و چەندین پێشمەرگەو هاوڵاتی سڤیلی کوشت. [2]

---

[1] مەحمود باکسی، هەر باڵندەیەک لەگەڵ پۆلی خۆیدا دەفرێت، وەرگێڕانی لە تورکیەوە دابان هەمەوەندی، کوردستانی ئەمڕۆ، چاپی یەکەم 2000، لاپەڕە 69-71.

[2] هێرش عەبدوولا حەمە کەریم، پەیوەندیە سیاسیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، مەڵبەندی کوردۆلۆژی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، 2008 لاپەڕەکانی 77-79.

دامەزراوەی سەربازیی تورکیا لە ئاکامی شکستە بەردەوامەکانیدا و لەژێر فشاری هێرشە سەربازیەکانی پەکەکەدا پەنای برد بۆ شێوازێکی تازەی رووبەڕووبوونەوە، لە نیسانی 1985 دا یاسای (زێرڤانی گوندان- حراس القری) داڕێژرا. بەپێ ی ئەم یاسایە سەرۆک هۆزەکان و شێخەکان و گوندیەکان چەکدار دەکران، حزبی نشتیمانی دایک (ANAP )بەرابەرایەتی ئۆزال لە رۆژی 6-11-1983 دا هەڵبژاردنەکانی بردەوە، ئەم میلیشیا چەکدارانەی زۆر بە گرنگ وەرگرت، ئەو لەم هەنگاوەیدا پشتی بە مێژوو بەستبوو، هەمان ئەو کارەی دووبارەکردووە، کە سوڵتان عەبدول حەمیدی دووەم (1876-1909) لە ساڵی 1891 ئەنجامی دابوو، ئەویش دروستکردنی یەکەکانی سوارچاک، کە ناسرابوون بە (سوارچاکانی حەمیدی) بەشی هەرە زۆریان لە کوردەکان بوون، ئەمەش لە رێگای پێدانی پارەیەکی زۆر بە سەرۆک هۆزەکانیان. ئوزال بەهەمان شێوە موچەو پاداشتی زۆر زۆری بۆ دیاری کردن، زۆربەی سەرۆک هۆزەکان لە تاوانەکانیان بەخشران، زۆربەی کەسایەتیە تاوانبارو پیاوکوژە بەسزا گەشتووەکانی نێو زیندان بە مەرجی بەشداریکردنیان لەم هێزانەدا ئازادکران و لە زیندان دەرکران، لە مانگی ئابی 1985دا ژمارەی کوژراوەکان لە نزیکەی 70 روداوی جیاوازدا گەیشتە 200 کەس. لە ساڵی 1993 دا ژمارەی زێرەڤانی گوندەکان گەیشتە 40-50 هەزار چەکدار و بڕی موچەکانیان یەک ملیارو دوو سەد هەزار دۆلار بوو..[1] دیارە بەشی هەرە زۆری ئەم پارەیە بۆ سەرۆک هۆزو ئاغاو سەرۆک جاشەکان بووەو بەشی هەرە کەمی بۆ چەکدارو زێرەڤانەکان بووە.

قاسملۆ لە زمانی نوسەرێکی چەپی تورکەوە بەناوی س. ئۆستۆنگیل دەڵێت:-

کەمالیستەکان لە دڵڕەشی بەرامبەر بە کەمایەتیە نەتەوەییەکان، کە دەیانەوێت بەزۆر بیانکەن بە تورک، زۆر دڕندەن، لە زگییەکانیان لە شوێنی خۆیان دەرکردووەو دەستە دەستە کوردەکانیش وەک

[1] بیار مصطفی سیف الدین، هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە 121-125.

ئەرمەنیەکان دەکوژن، تا ئێستا سەدهەزار کوردیان بە ناهەق کوشتووە، هەزاران گوندی کوردیان سوتاندووەو تالآنیان کردووە. ئێمە چەند کەس لە کۆمۆنیستەکان لە قەلآتیک گیرابووین، کە کەوتبووە مەڵبەندی چاودێری گشتی، دەمانبینی، کە ژاندرمەکان دەستە دەستە کوردەکان دەبەنە دەرو گولەبارانیان دەکەن و پاشان دێنەوە ناو زیندان و پشتوێنی ئاوریشیمی کورە کوردە کوژراوەکانیان بە خەڵک دەفرۆشتەوە. [1]

پاش ئەوەی ئۆزال حکومەتی دووەمی خۆی ( دیسێمبەری 1987-نۆڤێمبەری 1989) پێکهێنا، بەردەوام بوو لە شەڕی خۆیدا بەرامبەر بە پەکەکەو پرۆژەیەکی بەناوی (پرۆژەی ئۆزال) جێبەجێکرد، ئەم پرۆژەیە سەرتاپا پرۆژەی چارەسەری سەربازی بوو بۆ دۆزی کورد، یاساکانی رەوشی ئاوارتە لە هەموو هەرێمە کوردیەکاندا کە لە ساڵی 1971 ەوە پەیرەو دەکرا، درێژکردەوە، دەسەلآتی تازەو فراوانی بەخشی بە والییەکانی هەموو هەرێمە کوردیەکان، هەموو ئەو هەرێمانەشی بەستەوە بە هەرێمێکی تازەوە کە ناوی نابوو( هەرێمی حاڵەتی ناکاو) و کەسێکی دیاریکرد بۆ سەرپەرشتیکردنی هەرێمەکە، ژمارەی هێزە چەکدارەکان بەرزکرانەوە بۆ سێ فیرقەی سەربازی جگە لە جاشەکان، وێرای هەموو ئەمانەش تازەترین تەکنەلۆژیای جەنگ و زانیاریش خرایە خزمەت ئەم کارانەوە، مەترسیدارترین هەنگاوەکانی ئەم پرۆژەیە بریتی بوو لە خاڵیکردنەوەی ناوچە کورنشینەکان لە دانیشتوانەکەی و گواستنەوەیان بۆ ناوچەکانی ئەدەنەو مێرسین و ئەنتالیا و ئەستەنبوڵ. لەم گواستنەوەیەشدا لە پێناوی پەرتوبڵاوکردنی ئەو خەڵکەدا رێگا نەدرا کە ئەم کوردانە هەموویان لەو ناوچانەدا پێکەوە لە نزیک یەکتر بن.. لە کۆتایی ساڵی 1989 دا ژمارەی گوندە راگوێزراوەکان گەیشتە 400 گوند و لە کۆتایی ساڵی 1994 دا ئەم ژمارەیە لە 2000 گوند تێپەڕی کرد کە دانیشتوانەکەی نزیکەی 750 هەزار کەس دەبوون . [2]

---

[1] عەبدول رەحمانی قاسملۆ کوردستان و کورد، وەرگێڕانی عبدالله حسن زادە، هەولێر، کوردستان، چاپخانەی رۆژهەلآت، چاپی شەشەم، 2012لاپەڕە 59.

[2] بیار مصطفی سیف الدین، هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە 128.

لـه رابـووردووی تورکیـادا دامـەزراوەی سـەربازی کۆنترۆڵی تـەواوی پارت و ریکخراوەکانی تورکیای بەدەستەوە بوو. هـەموو جـۆرە پـارتێکی فاشیسـت، کۆمۆنیسـت، سوشیالیسـتی نەتەوەیی،تیوکراسـی، جوداخـوازی قەدەغـە بـوون، دادوەر و سـەربازو پرۆفیسـۆرو فەرمانبـەری دەوڵـەت بۆیـان نـەبوو ئەنـدامی هـیچ پارتێـک بـن، هـیچ پارتێـک بـۆی نـەبوو لەگـەڵ سـەندیکاکاندا پەیوەنـدی هـەبێت.. پـاش گـۆڕینی دەسـتوری وڵات ئـەم بارودۆخە گۆڕانکاری بەسەردا هات. لەماوەی پێنج دەیەی رابوردوودا لە تورکیـادا 24 پـارتی سیاسـی قەدەغـەکراون، کـە چواردانـەیان ئیسـلامی بوون لە نێوانیاندا پارتی رەفاهی ئیسلامی بەرچاو دەکەوێت. [١]

کوردەکـانیش بەردەوام لە چوارچێـوەی دەسـتوری تورکیـا هەوڵیـان دەدا لە ناو پارتی تایبەت بە خۆیاندا خۆیان رێکبخەن و لانی کەم ئەگەر نەشـتوانن لە نێو پەرلەمـانی وڵاتـدا دەنـگ و رەنگیـان هەبێت، ئەوە هەر هیچ نەبێت بتوانن شارەوانیەکانی خۆیان بەڕێوە بەرن، بەڵام ئەم هەوڵانە هەتـا ئەمـڕۆ لەبەرامـبەر تەگەرەو ئاسـتەنگەکانی دەوڵەتـی قوڵـدا زۆر بە هێواشــی هەنگــاو بــۆ پێشــەوە دەنێـت، چــونکە هەمیشــە بە تــۆمەتی هەڕەشــەکردن بـۆ ســەر ســەروەری و یەکپـارچەیی وڵات ئەم پـارت و رێکخراوانە دووچاری داخستن و قەدەغەبوون هاتوون. ئێمـە لێرەدا ئـەو پارتە کوردیانە ناو دەبەین، کە قەدەغە کراون؛

ساڵی 1993 پارتی کاری گەل (HEP) داخرا. ئەم پارتە کوردیە لە ساڵی 1990 دروست بوو[*]، ئەم پارتە لە هەڵبژاردنەکاندا 19 کورسـی پەرلـەمانی بەدەستهێنا، لەبەر ئەوەی لەیلا زانای ئەندامی ئەم پارتە لە نێو پەرلەمانی تورکیا بە کوردی وتاریدا، پارتەکە بە تۆمـەتی جوداخـوازی قەدەغـە کـرا.

---

[١] عماد شیحه، المرکز العربی للدراسات الاستراتیجیه، ترکیا و الشرق الاوسط،،المؤسسه العربیه للاعلان،دیمشق، 2010ص 10.

[*] هەڤاڵ جومعە سەبارەت بەم پارتە دەڵێت کە ئەوانە بە دەستی تورکۆت ئۆزال دروستکراون تا بتوانن وەک ئەڵتەرناتیڤی پەکەکە کاربکەن، بەڵام پەکەکە لە ژێرەوە رێکخستنەکانی خۆی دەخاتە نێو ئەو پارتەو بە تەواوی لە قازانجی خۆی بەکاریان دێنێت. بروانە هەڤاڵ جومعە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 593-592 .

ساڵی 1994 پارتی(DEP) پارتی دیموکراسی کرێکاران داخرا، ئەم پارتە ساڵی 1993 درێژکراوەی هەمان پارتی پیشووی خۆی بوو، بە هەمان هۆکار داخرا. ساڵی 2003 (HADEP)، پارتی دیموکراسی گەل، داخرا، ئەم پارتە ساڵی 1994 دامەزرا، بە تۆمەتی بوونی پەیوەندیان لەگەڵ پەکەکە داخرا.

ساڵی 2005 (DEHAP) داخرا، ئەمیش درێژکراوە یاخود هەروەک بە ناوەکەیدا دیارە هەڵگەڕاوەی ناوی پارتەکەی بەر لە خۆی بوو، ساڵی 2003 هاتە دامەزراندن، بە تاوانی جوداخوازی و پشتیوانیکردنی پەکەکە داخرا.

پارتی کۆمەڵگای دیموکراسی، (DTP) ساڵی2009 داخرا. ئەم پارتە ساڵی 2005 دامەزراو لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2009 دا 21 کورسی بەدەستهێنا و هەمانساڵ بە بیانووی پەیوەندی لەگەڵ پەکەکە، لە لایەن دادگای دەستوری تورکیاوە داخرا، هەروەها ساڵی 2008 (HAKPAR) داخرا.

تورکیا وەک دەوڵەتێکی دیموکراسی خۆی دەناسێنێت کە خەڵکەکەی سەربەخۆ بڕیاری ئەندامێتی لە کۆمەڵەو ڕێکخراوە سیاسیەکاندا دەدەن، هەروەک چۆن لە مادەی 6ی دەستوری ئەو وڵاتەدا هاتووە، بەڵام لە راستیدا ئەم مافە زۆرجاران پێشێلکراوە، تەنانەت پارتێکی سیاسی وەک DTP کە لە هەڵبژاردنەکانی 22ی یۆلیۆی 2007 دا توانی 20 کورسی پەرلەمان مسۆگەر بکات لە لایەن دادگای دەستوریەوە بە تۆمەتی جوداخوازی و بوونی پەیوەندی لەگەڵ پەکەکەدا، قەدەغەکرا. یاسای پارتە سیاسیەکان لە تورکیا بە جۆرێک دانراوە کە بتوانێت بە ئاسانی لغاوی هەموو پارتێک بکات و هەرکاتێک پێویست بکات قەدەغەی بکەن، مادەی 101 لەم یاسایە دەتوانێت هەموو پارت و ڕێکخراوێک قەدەغە بکات ئەگەر ئامانجی ئەم پارتە پارچەکردنی وڵات و گەلی تورکیا بێت، مافەکانی مرۆڤ پێشێل بکات، هەڕەشە بێت بۆ سەر سیکولاریزمی دەوڵەتی و یەکسانی و یاساکانی دەوڵەت پێشێل بکات، هەوڵی دروستکردنی دیکاتۆریەت بدات.. ئاشکرایە ئەگەر هەر کەسێک لە بیانوو

بگەڕێت لە سەر پارتێک ئەوە یەکێک لەم برگانە هەر دەیگرێتەوە.. گرنگترین پرسیار لێرەدا کە دێتە گۆڕێ ئەوەیە کە داخۆ لە ژێر سایەی ئەم یاسایەدا دیموکراسیەت بەڕێوە دەبرێت یان داخۆ هەر شوێنێک بۆ دیموکراسیەت دەمێنێتەوە؟

لەماوەی هەبوونی ئەم پارتانەدا دەزگای جەنگی تایبەت بە ناوی بکەری نادیارەوە، چەندی بۆ کرابێت، زەبری کاریگەری لە ئەندامانی ئەم پارتە کوردیانە وەشاندووە، ڕێکخراوی ڕۆژنامەنوسانی سەربەخۆ سەبارەت بە کردەوەکانی رفاندن و کوشتنی ئەندامانی ئەم پارتانە لە نێوان 1991-6-21 هەتا ڕۆژی 1998-11-19 ئەوەی زانراوەو تۆمارکراوە، 157 کەس لە ئەندامانی بالاو ناوەندو خوارەوەی ئەم پارتانە تیرۆر کراون. [1]

جەنگی قێزەون هەرگیز لە چوارچێوەی سیاسی و سەربازیدا قەتیس نەکراوە، بەڵکو لە رووی کۆمەلایەتی و تەندروستی و ئابوریشەوە ئەم شەڕە درێژەی هەبووە. ناوچە کوردیەکان بە ئانقەست پشتگوێ دەخران و لە هەموو خزمەتگوزاریەکانی وەک خوێندن و پەروەردەو وەرزش و نەخۆشخانە بێبەش دەکران.

ساڵی 1924 یاسای بەزۆر خوێندن لە تورکیا جێبەجێکرا، بەلام لە هەرێمە کوردییەکان پشتگوێخرا، وێرای ئەوەش حکومەت هیچی نەدەکرد بۆ کەرتی خوێندن و ڕێژەی تۆمارکردنی منداڵی نوێ بۆ قوتابخانەکانیش زۆر نزم بوون و هیچ لایەنێکی بەرپرسیار لەم بارەوە بەدوواداچوونی نەدەکرد. ئەم سیاسەتەی تورکیا دەیان ساڵی رەبەقی خایاندووەو هەتا ئەمڕۆش بەردەوامی هەیە. ڕۆژنامەی(یەنی سەباح - Yeni Sabah)ی تورکی لە ژمارەکانی کانونی یەکەمی ساڵی 1960 چەند ریپۆرتاژێکی بڵاوکردۆتەوە، کە لەلایەن هەواڵنێرێکی خۆی بە ناوی (تیزگین) رەوانە کراوە، لەم ریپۆرتاژانەدا ئاماژە بۆ بێبەشبوونی هاولاتیانی کورد لە مافی

---

[1] گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، دۆسێی تورکیا، ژمارە 1، مایسی 2005، هەرێمی کوردستان، سلێمانی، لاپەڕە 151-152.

مرۆیی خۆیان دەکات و دەڵێت ( حکومەت هەڵوێستێکی ئەوتۆی هەبووە، کە بـۆتە هۆکـاری ئەوەی کوردەکـان لە ویلایەتـی ئـۆرفەدا خۆیـان و وڵاخەکانیـان لە تـاقە ژوریکـی بـێ پەنـجەرەدا دەژیـان و لە هاوینـدا ناچـاربوون لەژێـر دەواردا بـژین، لە یەکێـک لە قەزاکانـدا، کە ژمـارەی دانیشتوانەکەی دە هەزار کەسە، تەنها شەش قوتابخـانەی تێدایە کە سـێ دانەیان داخرابوون). [١]

چەندین نەخۆشی کوشندە لە هەرێمە کوردییەکاندا بڵاو ببونەوە، یەک پێنجی هەمـوو ئەو منـداڵانەی لە دایـک دەبـوون، لە پـاش سـاڵی یەکەمـی لەدایکبوون دەمردن، بە رێژەی 2.5%ی دانیشتوان نەخۆشییەکانی سیل و گرانەتـا لە نێـو بەشـێکی زۆری هەرێـمە کوردییەکـان بە تـایبەت لەنێـو منداڵاندا تەشەنەی کردبوو، نیوەی گوندەکان و شـارۆچکەکانیش بێبەش کرابوون لە ئـاوی خـواردنەوە، چـوار شـار لە شـارە گەورەکانی هەرێمە کوردییەکـانی تورکیـا لە سـاڵی 1955 دا تـاقە یەک پزیشـکی تایبەتمەنـد (پسپۆڕ)ی تێدا نەبووە، لە دوو شاری دیکەی گەورەی هەرێمەکەدا تەنها یەک پزیشکی تایبەتمەند هەبووە، لەهەمان ساڵدا لە پێنج شـاری گەورەی ئەو هەرێمەدا پزیشـکی ددان نەبووەو لە شـارەکانی دیکەشـدا تەنها یەک یـان ئەوپەڕی دوو پزیشـکی ددانـی تێـدا بـووە، لە کاتێکـدا لە هەرێـمە تورکەکاندا ئەم دکتۆرانە بە سەدان بوون. [٢]

---

[١] محەمەد رەسول هاوار، کوردو باکوری کوردستان لە سەرەتای مێژوو هەتا شەڕی دووەمی جیهان، بەرگی سێیەم، چاپی یەکەم، دەزگای خاک، چاپخانەی کارۆ، هەرێمی کوردستان، سلێمانی، 2007، لاپەڕە 383-384.

[٢] د. مجيد جعفر، كردستان تركيا، دراسة اقتصادية اجتماعية سياسية، مكتب الفكرو التوعية في الاتحاد الوطني الكردستاني، مطبعة مؤسسة حمدي للطباعة و النشر، الطبعة الثانية، سليمانية، اقليم كردستان، 2006 ص 242-244.

جیاوازی ژمارەی پزیشکەکان لە تورکیاو هەرێمە کوردییەکان
لە نێوان سالانی 1953-1959

| شارەکانی تورکیا | | | هەرێمە کوردییەکانی تورکیا | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوی شار | 1953 | 1959 | ناوی شار | 1953 | 1959 |
| ئەنکەرە | 593 | 1048 | بەتلیس | 21 | 14 |
| ئەزمیر | 429 | 670 | ئاگری | 18 | 16 |
| ئەزەنە | 150 | 205 | بینگول | 14 | 12 |
| ئەسکیشەهر | 100 | 121 | موش | 13 | 11 |
| ئەسپارت | 30 | 43 | هەکاری | 10 | 7 |

سەرچاوەی خشتە:-
د. مجید جعفر، کردستان ترکیا، دراسة اقتصادیة اجتماعیة سیاسیة، مکتب الفکرو التوعیة في الاتحاد الوطني الکردستاني، مطبعة مؤسسة حمدي للطباعة و النشر، الطبعة الثانیة، سلیمانیة، اقلیم کردستان،2006 ص 250.

بڵاوکردنەوەی نەخوێندەواریی و دواخستنی بە ئانقەستی ناوچەکە لە رووی فەرهەنگییەوە، سیاسەتێکی دیکەی پەیڕەوکراوە لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە لە ناوچە کوردییەکان، نەک تەنها کەمترین ژمارەی خوێندنگەی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی، بەڵکو ژمارەی زانکۆکانیش لەچاو هەموو تورکیادا لە باکوری کوردستان جێگەی پرسیارە، دیارە لە ئەنجامی ئەم سیاسەتەی دەوڵەتی تورکدا، نەک تەنها رێژەی خوێندەوارەکان لەو هەرێمانەدا کەمن، بەڵکو دواکەوتوویی و نەزانی و تەشەنەسەندنی ئیسلامی سیاسی (تەنانەت هەندێک جار لە فۆرمی توندڕەویدا وەک لە سەرهەڵدانی حزبولڵادا بەدیار دەکەوێت) بوونەتە دیاردەیەکی زۆر ترسناک، کە لە مەودای درێژخایەندا زۆر نەگەتیفانە کار دەکاتە سەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دانیشتووان.

ڕێژەی نەخوێندەواری لە هەرێمە کوردییەکان و
هەرێمەکانی دیکەی تورکیا

| ناوچە | 1927 | 1950 | 1960 | 1965 |
|---|---|---|---|---|
| هەرێمە کوردییەکان | %100 | %91.3 | %80.8 | %72.2 |
| تورکیا | %90-89.5 | %69.4 | %60.4 | %51.2 |
| ئاستی جیاوازی | 10-10.5 | 25.9 | 20.4 | 22.0 |

سەرچاوەی خشتە:-

د. مجيد جعفر، كردستان تركيا، دراسة اقتصادية اجتماعية سياسية، مكتب الفكرو التوعية في الاتحاد الوطني الكردستاني، مطبعة مؤسسة حمدي للطباعة و النشر، الطبعة الثانية، سليمانية، اقليم كردستان،2006 ص 251.

**سەربازانی تورك جەنگی قێزەون دەگێڕنەوە**

لێرەدا باشترین بەڵگە و شاهید بۆ ئاسەوارەکانی جەنگی قێزەون لە تورکیا دانپێدانان و گێڕانەوەی خودی ئەو سەربازانەیە، کە لە جەنگی قێزەوندا ڕاستەوخۆ بەشدارییان کردووە. نادیرە ماتیر ئەو نوسەرەی پاش چەندین سکاڵا و بردنەوەی دادگا توانی هەموو ئەم ڕاستیانە لە دووتویێ کتێبێکدا بڵاو بکاتەوە. چاوپێکەوتن لەگەڵ 24 سەرباز و ئەفسەری سوپای تورکیا دەکات لە پلەی سەربازی و ئاین و نەتەوەی جیاوازی تورکیا. لەم کتێبەدا، کە هەموو چاوپێکەوتنەکان وەک خۆی یەک لە دوای یەک بڵاو دەکاتەوە، کۆمەڵێک بەڵگەی حاشاهەڵنەگر دەسەلمێنێت، کە نیشانی دەدات لە تورکیا جەنگێکی قێزەونی دەوڵەت بەرامبەر بە نەتەوەی کورد جێبەجێ دەکرێت و لەو جەنگەدا تورکیا هەموو توانا سەربازی و ئەمنی و ئابوری و ڕاگەیاندنەکانی خۆی بەگەڕ خستووە بەبێ ئەوەی لەسەر زەوی ( بە گێڕانەوەو سەلماندنی خودی سەربازەکان) دەستکەوتێکی ئەوتۆ بەدەست هاتبێت... ئێمە لێرەدا

هێندەی پەیوەست بێت بەم نوسینەوە بابەتەکان لەژێر چەند ناونیشانێکدا پۆلێن دەکەین:- [1]

**مامەڵەی خەڵکی سڤیل و ژینگەو دیل و کوژراوەکانی پەکەکە:**

ئەو سەربازانەی سەرگوزەشتەی خۆیان و باروودۆخی ناوچەکە دەگێڕنەوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە هێزە سەربازییەکانی تورکیا لە جەنگی خۆیاندا لە دژی گەلی کورد بەپێچەوانەی هەموو پێودانگێکی مرۆیانەو نێو نەتەوەییانە رەفتار دەکەن، ئەوان بە ئارەزووی خۆیان لە ناوچەکەدا خەڵک دەکوژن و دەگرن و ئەشکەنجە دەکەن و سوکایەتی بە لاشەی کوژراوەکانەوە دەکەن و ژینگەی ناوچەکە سوتماک دەکەن. ئەمەش هەندێک لە نمونەی ئەو راستیانە :-

(بە هەوەسی خۆمان خەڵکمان دەگرت و ئەشکەنجەمان دەدان، لەم ناوچانە سەرباز و جەندرمە خۆیان دەزگای دادوەری و یاسایی بوون... لاپەڕە 55، یەکێک لە گەریلاکان هێشتا زیندوو بوو، کەچی ئەفسەری هێزە تایبەتەکان گولە بارانی کرد...لاپەڕە 82، هێزەکانی تیمی تایبەت لەوێ کاریگەری زۆریان هەیە، بەبۆچوونی من ئەوان لەوێ فیرعەونانە رەفتار دەکەن، واتە خۆیان بە خوا دەزانن، مەشقی تایبەتیان پێکرابوو، لەسەر کاری بێبەزەییانەو کوشتنی خەڵک راهاتبوون، بە رادەیەک لوت و گوێی مردووەکانیان دەبڕی و بە دیوارەکانەوە هەڵیاندەواسی . ئەوانەی لەناو هێزەکانی تیمی تایبەت جێگەی خۆیان گرتبوو، هەموویان پیاوی چوارشانەو کەتەو زل بوون و راهێنان و مەشقی تایبەتیان پێکرابوو، هەموویان بە مەبەستی ئەرکێکی تایبەت لە لایەن مەهەپەوە بە پارەیەکی زۆر ئامادە کرابوون، کە چاوت پێیان دەکەوت پیاو ترسی لە ناخیدا لێدەنیشت، دیمەنی ئەمانە لەلات ئامێری پیاوکوشتنی بەرجەستە دەکرد... لاپەڕە 112، لە تۆڵەی ئەو هەژدە سەربازەی لە شەڕێکی پێشودا لێمان

[1] کتێبەکەی موحەمەد، نادیرە ماتیر، سەربازەکانی شەڕی باشووری خۆرهەڵات بۆمان دەگێڕنەوە، وەرگێڕانی شنۆ هیرانی، کوردستان، سلێمانی، چاپخانەی رەنج، چاپی یەکەم 2012 .

کوژرابـوون فەرمانـدەکەم زۆر تـوڕە بـوو، ئەو کـات هەلـی ئەوەم بـۆ ڕەخسـا، کە پێنج کەس بەسـەر یەکەوە بکـوژم ... لاپەڕە135، هێزەکـانی جەندەرمە تەواوی دارستان و زەویەکانی ناوچەکەیـان ئـاگر تێبەرداو بە تەواوی سـوتاندیان، مـن خـۆم لەوێ بـووم، دوای ئەو ڕوداوە بەرپرسـی ئاسایشی ناوچەکە هات بۆ ئەوێ بۆ لێکۆلینەوە، منیـان نـارد بـۆ ئەوێ و ڕاپۆرتێکیان نوسی، کە گوایا ئەم کارە لە لایەن تیرۆرستەکانەوە ئەنجام دراوە، منیش ناچـار بـووم واژووم لەسـەر کـرد.... لاپەڕە 144، چەکێکـی MG3 دەدرێتە دەست لاوێکی تەمەن بیست ساڵە، سـەربازەکانیش بەهـۆی نەشارەزاییانەوە مێشولەیەک، کە دواوەیان دادەگیرسـێت لێدەبێتە مـرۆڤ و چەکەکەی بەکـار دێنێت، جـاری وا هەبـوو بە تـۆپ لە شـوێنێکیان داوە بەبێ ئەوەی هیچ لە گۆڕێدا بووبێت، بەڵام ئەوەی دیویانە مرۆڤ نەبووە، بەڵکو مێشولە تروسکە دارەکان بووە...لاپەڕە 145، لاشەی گەریلا یاخود تیرۆرست- هەرشتێکیان پێبلێن گرنگ نیە- لە لایەن هێزە تایبەتەکانەوە بە دوای ئۆتـۆمبیلەوە دەبەسـترانەوەو بە شـاری ئـیغەردا ڕایاندەکێشـان... لاپەڕە 229، یەکەم کەس کە لێمـــدا، منـــداڵیکی بچـــوک بـــوو بەردی تێدەگرتین. ئێمەش بە پێنج شەش سـەرباز گرتمـان و زۆرمانلێدا تەمەنـی لە نێــوان 13-14 ســالاندا دەبــوو... لاپەڕە 245، لە گــرتەی دووەمـــی فـیلمەکەدا، کە هێـزە تایبەتەکـان تۆماریـان کردبـوو، لاوێکـی کوردیـان دەستگیرکردبوو لەناو هەلیکۆپتەرێکدا بوو، پاش کەمێک لە ئاسمانەوە بە زینـدوویی هەڵیانـدایە خـوارەوە، مـن ئەو جـۆرە وێنەو دیمەنـانەم بینـی، شتێکی شەفافیان بە دەستەوە بوو، پرسیارم کرد ئەمانە چین؟ شـتێکی وەکو مەدالیا وابوو، وتیـان ڕۆڵە ئەمـانە گوێچکەن، وتـم گوێچکەی چـی؟ وتیـان گـوێچکەی تیرۆرسـتە کوژراوەکـانە، وتـم چـۆن؟ وتیـان گـوێچکەی تیرۆرستە کوژراوەکان دەبڕین و لەناو قوتوی کۆکاکۆلادا دەیتوێنینەوەو پاشان کرکراگەکەی دەمێنێتەوە و دەیکەین بە مەدالیا... لاپەڕە 248 ).

**نەخۆشی دەرونیی لە نێو سەربازەکان:**

سەربازەکان ئاماژە بۆ ئاسەواری خراپی ئەو جەنگە دەکەن بە سەرخۆیانەوە، کە چەندە دووچاری نەخۆشی و گرفتی دەرونی کردوون، ئەمە وێرای ئاماژەکردن بە بارودۆخی خراپی سەربازەکان و تێکشانی ورەی هێزەکانیان لەو جەنگەدا، کە بەشێکی زۆریان بە جەنگێکی ناڕەوای دەبینن، لێرەشدا لێدوانی هەندێک لە سەربازەکان وەک بەڵگە دەهێنینەوە:-

( لەویێ بە شێوەیەکی گشتی باس لە ناوچەی باشووری خۆرهەلات دەکرا وەکو ئەوەی سێگۆشەی مەرگ بێت... لاپەڕە48. زۆرێک لە هاوڕێکانم هەتا ئێستاش لە نەخۆشخانە دەرونیەکاندا چارەسەر دەکرێن... لاپەڕە 98. شەوانە لە خەودا وادەزانم هێشتا لە سەربازیم، کە بەیانیان هەڵدەستم سەرم قورسە، تا حەبێکی ئەسپرین نەخۆم، ئارام نابمەوە... لاپەڕە 108. کە سواری پاس دەبووم پێموابوو هەموو مرۆڤێکی ئەویێ تیرۆرستن...لاپەڕە 196، دوای تەواو بوونی سەربازیم بەسێ مانگ دەستم بە ئیشکردن کرد، رۆژێکیان بە سواری پاسکیلەوە بووم لەگەڵ تریشقەی هەورەبروسکەدا خۆم تەختی زەوی کرد، چونکە دەنگی هەورە بروسکە وەک دەنگی چەک هاتە بەرگوێم... لاپەڕە 197. لەو نەخۆشخانەیەی کارم تێدا دەکرد، دیمەنەکان زۆر دڵتەزێن بوون، بیهێنە پێش چاوی خۆتان دەچیتە ژورێک یەکێ لەولاوە لاقی بڕاوەتەوە، ئەوی تر پەنجەکانی پێی، بە شێوەیەکی گشتی زۆربەی ئەو سەربازانەی دەکەوتن بەسەر میندا، پەنجەکانی قاچیان یان پاژنەی پێیان تیادەچوو، سەربازەکان بەردەوام دەگریان، ئەو سەردەمە سەردەمێکی زۆر سەخت بوو... لاپەڕە 218. تیرۆرستەکان بە هەموو جموجۆڵێکی ئێمەیان دەزانی، بەڵام ئێمە هەرگیز بە جموجۆڵەکانی ئەوانمان نەدەزانی... لاپەڕە 56. تیرۆرستەکان نیشانەپێکی زۆر لێهاتوون، وەک ئەوەی مەشقی تایبەتیان لەسەر ئاستێکی زۆر بەرز پێکرابێت، ئێمە بەچاوی خۆمان دەمانبینی، کە

چـۆن تەنهـا گولەیەکیشـیان بە خەسـار نەدەچـوو، بـۆیە لەگەڵ خۆمانـدا دەمانگوت سەرەڕای ئەوەی کە ئێمە هێزێکی نیزامین و تواناو ئیمکانیـاتی زۆرمـان لەبەر دەسـتایە، کەچـی نـاتوانین وەکـو ئەوان بـین... لاپەڕە 81. ئەوان وەکو ناو لەپی دەستی خۆیان شارەزای کون بە کونی نـاوچەکەن، ئەوان بـاش دەزانـن لە سـێبەری کـام داردا پشـوو بـدەن، لەکـام شـوێن خۆیان رزگار بکەن و لە کوێ خۆیـان حەشـار بدەن، بەڵام منی سـەرباز ئەو شــارەزاییەم نــیە، جــا ئیتــر چــۆن بتــوانم دوای ئەمــانە بــکەوم و دەســتگیریان بــکەم؟ هەرگیــز توانــای ئەوەم نــیە بەپێــی خێــرای ئەوان رابکەم. ئەو مـاوەیەی، کە تێدا سـەرباز بـووم، زۆر لە تەرم و مـردووم بینــی، کە ژمارەیــان نــزیکەی 40-50 کەس زیــاتر بــوون، لە رووداوی کــوژرانی ســەرفەرماندارەکەماندا زۆر بە ســەیرو ســەمەرە رزگــارم بوو....لاپەڕە 121.من هیچ کاردانەوەیەکی ئەوتۆم بەرامبەر بە کوردەکان نیە، بەڵام خۆشم لێیان نایەت، بەهۆی نەگونجانیان لەگەڵ کەلتوری ئێمە، بەچاوێکی سـوک سـەیریان دەکەین...لاپەڕە 136. یەکێک لەسـەربازەکان بەهۆی تێکچوونی باری دەرونیەوە بۆ ئەوەی لە سەربازی رزگاری بێت فیشـەکێکی نـا بە قـاچیەوە.... لاپەڕە 153. بەرای مـن وەکـو هەمیشـە لە کـاتی سەربازیشـدا دەمـانگوت لە نـاوچەی مەلاتیـاو سـیواو بـۆ خـوارەوە واتە سەرانســـەری بە کوردەکـــان بـــدەن، بـــا رزگارمـــان بێـــت لە دەستیان...لاپەڕە 138. لە یەکە سەرەکیەکاندا هەمـوو شـتێک خـراپ بـوو، نە پــاککردنەوەو نە خــواردن هەبــوو، پێــنج کەس لەســەر دوو چرپــا دەخەوتـین، لە یەکەم رۆژدا کاتێـک بەیـانیەکەی هەسـتام هەمـوو گیـانم دەخـورا، بـۆ مـاوەی یەک هەفتە هەمـوو پێسـتی لەشـم توشـی ئەلەرژی هات...لاپەڕە 149. لەوێ مرۆڤ گیانی پڕ دەبێت لە ئەسپێ... لاپەڕە 171، کـاتێ بەتـانیەکەم کـردووە ئەوەنـدەی ئەسـپێ پێوە بـوو بەینـی توکەکـان سپی دەنواند... لاپەڕە 185،ژمارەمان سەد کەس بـوو، کەچـی تەنها پێنج بەتانیمـــان هەبـــوو... لاپەڕە 229، مـــن لەوێ وەڵامـــی هەمـــوو ئەو پرسیارانەی، کە پەرۆش بـووم بیـانزانم وەرمگرتن و دۆزیمـنەوە ئەویش ئەوە بـــوو، کە دەوڵەت بە ئەنقەســـت دەیەوێـــت ئەم شـــەڕە درێـــژە

بکێشێت...لاپەڕە 227. لەسەر یەک جێگای خەوتن دوو کەس دەخەوتن، نە سەرین و نە چەرچەف و نە پەتوو هەبوو، قەروێڵەکان هەموویان کۆن و تێلەکانیان قرتاو و پساو بوون...لاپەڕە 287. ئەوەندەت پێدەڵێن بمرێ پەکەکەو بژی کۆماری تورکیا ئیتر رقت لە هەردوکیان دەبێتەوە... لاپەڕە 288. من لەناو ئەفسەرو فەرماندەکاندا هیچ ئاماژەیەکی ئەوەم نەدەبینی، کە ئەوان حەز بە ئاشتی و کۆتایی هێنان بەم شەڕە بکەن...لاپەڕە291. هەرچەندە من بەشێوەیەکی راستەوخۆ نەکەوتمە ناو شەڕو پێکدادانەکانەوە، بەڵام بەردەوام لەناو ئەو ترسەدا دەژیام، ترسی تەقینەوەو کردەوەی تیرۆرستی بەردەوام وەکو سێبەر بە دوامانەوە بوو...لاپەڕە295. ئەفسەرێک و عەریفێک لەگەڵ ژمارەیەک لە سەربازی کۆن بەدەستەواژەی بەخێرهاتن بۆ دۆزەخ پێشوازییان لێکردین... لاپەڕە 312).

**هەڵوێست و رەفتاری خەڵکی کورد بەرامبەر بە سوپا:**

سەربازەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە لە وەتەی جەنگ لە باشوری خۆرهەڵاتی وڵاتدا هەڵگیرساوە، دەیان نەوەی ئەو وڵاتە، کە بە نزیکەی دوو ملیۆن و نیو گەنج مەزندە دەکرێت، لەوێ سەربازییان کردووە، بارودۆخی جەنگ و کاولکاری، کە سوپای تورکیا لە ناوچەکە ئەنجامی دەدات، بۆتە هۆکاری ئەوەی، کە زۆربەی هەرە زۆری گەلی کورد لەوێ دژی هەموو دامەزراوە سەربازیەکانی دەوڵەت بن. بارودۆخەکە وەک جەنگی ناوخۆی لێهاتووە، کە نیوەی گەل دژی نیوەکەی دیکەی بێت و رق و کینەو تەنانەت بە چاوی سوک نوارین بۆ یەکتری ببێتە دیاردەیەکی ئاشکرا لەو دەڤەرەو لە ئاکامدا خەڵکی دەڤەرەکە هیچ متمانەیەکیان بە دەوڵەت و سوپاکەی نەمێنێت و لەبەرامبەر ئەمەشدا سوپای تورکیا هەموو کورد وەک دوژمن و ئامانج تەماشا بکات...(بەشێکی زۆری خەڵکی ئەو ناوچانە گوزەرانی خۆیان بە کاری قاچاخچێتی نێوان سنورەکان بەسەر دەبەن، لە هەموو چالاکیەکی

کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی مرۆڤایەتی بێبەشن. کە لەژنەکان دەپرسیت کوا پیاوەکانتان، لەوەڵامدا دەڵێن ( رۆشتوون چوون بۆ ئەستەمبوڵ) خەڵکی ئەم ناوە بە چاوێکی سوک سەیری سوپا دەکەن، نازانم هۆی چیە... لاپەڕە 25. سەربازە کوردەکان هەمیشە لەژێر چاودێریدا بوون... لاپەڕە 42. جارێکیان بەردێکم بینی لەسەری نوسرابوو؛ هێزی پیادە منداڵی شیرەخۆرەن، کۆماندۆ بە کێک و نەستەلە گەورە بوون، جەندرمە کوری سۆزانین...لاپەڕە 54، فەرمانگەی کارەبا لایەنگری پەکەکەن و بە دەستی ئانقەست نایەن بۆ چاکردنەوەی کارەباکە، ئیتر خۆمان رۆشتین بۆ قایمقامیەت و ستونەکانمان هێناو کێشەکەمان چارەسەرکرد...لاپەڕە 63. شەوێکیان دەنگی رۆکێتی دانراو هات، پاسەوانەکان توانیان کەسەکە دەستگیربکەن، بڕوا بکەن هەمان ئەو کەسە بوو، کە بەیانییەکەی هاتبوو بۆ چاککردنەوەی تەلەفیزیۆنی ناو بنکەکەمان، واتە وەستاکەی خۆمان دەرچوو... لاپەڕە 115. خەڵکی ئەم ناوچانە ئاویش نادەن بە سەربازانی سوپا، لەگەڵ ئەوەی دەوڵەت وا دادەنێت، کە ئەم شەڕە لە پێناو ئەم خەڵکەدا دەکات، بەڵام ئەم خەڵکە بەجارێک یاخین و دەسەڵاتیان هەبێ هەموو سەربازانی سوپای تورکیا دەدەنە بەر رێژنەی گولە... نزیکەی پازدە کەس تابوتێکیان پێبوو، کە دەبێت کەسی مردووی تێدا بێت، بەڵام کاتێک ئەوانمان برد بۆ سەربازگاو تابوتەکەمان هەڵدایەوە، پڕکرابوو لە چەک و خواردەمەنی... لاپەڕە 119. رەنگە منیان بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ناردبێت بۆ سەربازی، بەڵام دوای چوونم بۆ سەربازی ئینجا بیرم لە کوردبوونی خۆم کردەوە، سەرەتا هیچ ئاشنا نەبووم بە پەکەکە، بەڵام کاتێ گەڕامەوە زیاتر کورد بوونی خۆم هەستپێکرد...لاپەڕە 151. جارێکیان مشتومڕێکی زۆر تا گەیشتە پێکدادانیش لەسەر تورک و کورد بوون پەیدابوو، ئەگەرچی زۆرینە کورد بووین، بەڵام سێ لە کوردەکانیان دایە بەرچەقۆ...لاپەڕە 154. من لەدڵی خۆمدا خەڵکی 77 گەلی جیاجیا قبوڵ دەکەم، بەڵام هەرگیز یەک تاکە کەسی کوردم پێ قبوڵ ناکرێت... لاپەڕە 187. سێ چوار سەربازمان لابوو لە پارێزگارانی گوندەکان(جاش) ئەگەر من یەکێ لەو

سەربازانە بومایە، کە دەچوون بۆ بۆسە دانانەوە ئەوانەم لەگەڵ خۆمدا نەدەبرد، یاخود بە فەرماندارەکەم رادەگەیاند، کە ئەوان نەیەن لەگەڵمان، مـن راسـتەوخۆ پێمـدەگوتن، کە متمـانەم بە ئێـوە نـیە...لاپەڕە 191. لە سـەربازگەکەدا نـزیکەی 20-30 سـەربازی کـوردی لێبـوو مـن هەرگیـز متمـانەم پێیـان نەبوو... لاپەڕە 226. بە ئەنـدازەی ئەوەی رقـم لە پەکەکە ئەوەندەش رقم لە خەڵکی خۆرهەڵاتە...لاپەڕە 267 )

## شەڕەکان و هەڵوێستی میدیاکانی دەوڵەتی تورک:

زۆربەی هەرە زۆری سەربازەکان لە وتەکانی خۆیاندا جەخت لەسـەر ئەوە دەکەنەوە، کە میدیای تورکیا هەرگیز راستییەکانی ئەو جەنگە وەکو خۆی ناگوێزێتەوە. بەپێچەوانەوە زۆرترین هەواڵ و راپۆرتی دروستکراو ئامادە دەکەن و دیماگۆگیانە لەگەڵ خەڵکی تورکیا مامەڵە دەکەن. (شەڕو پێکدادان دووسـێ سـەعاتی خایانـد، پاشـان کاتێک هەلیکـۆپتەر گەیشـتە شـوێنەکە، ئەوان خێرا رایانکرد و دوورکەوتنەوە، ئەو دیمەنەم هەرگیز بیر ناچێتەوە. بەردەوام دێتەوە بەرچاوانم، ئەو شەوە 34 کوژراوو زیـاتر لە 40 برینـدارمان هەبـوو. بەشـێکی زۆر لە برینـدارەکانیش بەر لەوەی بگەنە نەخۆشخانە گیانیان لە دەست دا. واتە لە تیمێکی 48 کەسی تەنها 4 کەسـمان مـاینەوە... لاپەڕە 238. کاتێـک سـەرباز بـووم رۆژانە لە راگەیاندنەکاندا بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کە پەکەکە کۆتایی هاتووەو لە قۆنـاغی هەڵوەشـاندنەوەدایە، پەکەکە گیـری خـواردووە...هتـد، هەتـا ئێستاش هەمـان بانگەشـە و ریکلام و رونکردنەوە دەدرێت، پێنج سـاڵ دوای ئەمەش هێشـتا ئەم قسـانە هەر بەردەوامە. بـۆ نمـونە ئەگەر لە شـەڕێکدا 9-10 کەس بکـوژرێن، لە تەلەفیزۆنەکانـدا دەڵـێن دوو یـان سـێ کەس، بە پێچەوانەشـەوە ئەگەر لایەنـی بەرامـبەر چـوار کەسـیان لێبکوژرێـت، دەڵـێن 14 یـان 24... لاپەڕە 194 . لە شـەڕیکدا لە سـاتی یەکەمدا بیست و یەک کەسمان لێکوژرا، پاشـان ژمـارەی کوژراوەکـان بوون بە سی، بەڵام لە راگەیاندنەکاندا ژمارەی راستەقینەی کوژراوەکـان

هەرگیز نالێن... لاپەڕە 164. ئێمە لە ئۆپراسیۆنەکاندا زۆر بە کەمی 15 بۆ 20 تەرمی تیرۆریستەکانمان دەست دەکەوت، لە تەلەفیزۆنەکاندا دەبوو بە 90 دانە... لاپەڕە 140.

**گەندەڵی لە ریزەکانی سوپا:**

سەربازەکان باس لە بوونی گەندەڵەییەکی فراوان دەکەن لە ناو ریزەکانی سوپادا. ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە ئەفسەرەکانی سوپا بەهۆی ئەو جەنگەوە گیرفانی خۆیان پڕ دەکەن و بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان دەپارێزن و هیچ گوێ بەوە نادەن، کە گەنج و لاوی ئەو وڵاتە لەو جەنگەدا دەکوژرێن یان کەمئەندام دەبن( لە ژێر ناوی ئابوری شەڕدا، بازاڕەکانی مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی چەک زۆر دیار بوون. هەندێک کەرتی ئابوری هەبوون، کە لە ئەقڵی مرۆڤدا نەبوو تا چ رادەیەک لەم شەڕە سوود وەردەگرن، یەکێک لەو کەرتانەش پیشەسازی لە قوتونانی خۆراک بوو، چونکە لەو شاخانە سەربازەکانیش و گەریلاکانیش لەم جۆرە خواردنانەیان دەخوارد. ئەمە وێرای پیشەسازی جلوبەرگی ژێرەوەو گۆرەویی و قوماش، هەندێک لە فەرماندە سەربازیەکان لەوێ بەردەوام خەریکی بازرگانیکردن بوون....لاپەڕە228. هەموو کەسێک ئەوەی دەزانی، کە هەموو کارێکی نایاسایی وەکو بۆردومان کردن و دەستڕێژی گولەو بەرتیل وەرگرتن و سەرانە سەندن لە ژێر ناوی پەکەکەوە ئەنجام دەدران، رێگری دەکراو خەڵکی رووتدەکرانەوە ...

لاپەڕە221. هەندێک لە فەرماندە سەربازیەکان راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ رێکەوتنی ژێر بەژێریان لەگەڵ پەکەکە هەیە. چاوپۆشی لە قاچاخچێتی هیرۆین دەکەن، لە ژێتەمەوە هەتا هەموو لایەک ئاگاداری ئەم کارانە هەن... لاپەڕە 162. دوای دوو مانگ لە سەربازگاکە 30 دانە چەکی جۆری G1 مان بۆ هات کاتێ تاقیمان کردنەوە تەنها چواردانەیان کاری دەکرد، ئەوانی دیکە لەگەڵ تەقەمان پێدەکرد لولەکانیان دەبوون بە دوو کەرتەوە... لاپەڕە 72. فەرماندەیەک بەرپرسی سەد سەربازە،

ئۆتۆمبیلی مارسیدسی لە ژێردایە، ئەمە چەندە بێمانایە، سەیرکە کێ لە پێناوی کێدا دەمرێت؟ لەوێ شەڕ شەڕی پارەو گیرفان پڕکردنە... لاپەڕە 106. ئاخەر ئەگەر ئێمە لە پێناوی نیشتیماندا دەمرین ئەی کوڕەکانی تانسوا چیلەر و مەسعود یەڵماز بۆ ناچن بۆ ئەو ناوچانە؟ ... لاپەڕە 311. چەندین جار شایەتحاڵی ئەوە بووم، کە ئەفسەرو پلەدارەکان بەرتیلیان وەردەگرت...لاپەڕە315).

**ڕۆڵی مەهەپە لە شەڕەکاندا:-**

ئەوەی سەربازەکان بەچاو دیویانە لە ڕۆڵی مەهەپە بەڵگەی ئەوەیە، کە مەهەپە لەگەڵ دامەزراوەی سەربازی تورکیادا بە جیا لە هەموو پارت و ڕێکخراوەکانی دیکەی وڵات ڕێکەوتنی تایبەتی هەیەو بەشێکی زۆر لە کارە نهێنیەکانی نێو ئەو دەزگایە مەهەپە کۆنترۆڵی کردووەو جگە لە ناوی مەهەپە باسی هیچ پارتێکی دیکە ناکرێت. ئەمە لە کاتێکدایە، کە دەستوری تورکیا ڕێگا نادات لە نێو دامەزراوەی سەربازیدا هیچ پارتێکی سیاسی چالاکی خۆی بکات و هەر بەپێی یاساکانی ئەو وڵاتە چەندین بڕگەی تایبەتی یاسایی هەیە، کە ماوە نادات ئەفسەرەکانی سوپا لە ناو پارتە سیاسییەکانی وڵاتدا ئەندام بن، کەچی ئەم یاسایە بە ئاشکرا و بەچاو هەستیپێدەکرێت، کە لە ناوچە کوردیەکاندا کاری پێناکرێت( لە خولی ئەفسەریدا ژمارەیەک ئەفسەر هەبوون سەر بە پارتەکانی MHP و BBP بوون، وا خۆیان نیشان دەدا، کە خۆبەخش هاتوون، بەڵام زۆر ئاسودە بوون، کە ناویان بۆ ناوچەکانی خۆرهەڵات نەهاتەوە...لاپەڕە 220. لە (ئاگری) ئێمەی تازە هاتوو بە سواری چوار پاس گوازراینەوە، هەمان ئەو پاسانەی، کە ئێمەیان دەبرد ئەو سەربازانەشیان دەگەڕاندەوە، کە ماوەی سەربازییان کۆتایی هاتبوو، لە تەنیشت ئاڵای فەرمی تورکیاوە ئاڵای مەهەپەش بەسەر ئۆتۆمبیلەکانەوە هەڵکرابوو... هەمان لاپەڕە، ئەو شەوە بەسەر زرێپۆشەکانی پۆلیسەوە دەنگی سرودی مەهەپە بەرزکرابۆوە!...لاپەڕە 224).

**بکەری نادیار؛ شێوازێکی جەنگی قێزەون لە تورکیا**

بکەری نادیـار یەکێکە لـەو شـێوازە خەتـەرناک و نامرۆڤانـەی کـە حکومـەتی تورکیـا بـە درێژایـی تەمـەنی خـۆی بەرامبـەر بـە بزوتنـەوەی رزگـاریخوازی گـەلی کـورد پـەیڕەوی کـردووە. مەهەپە تەنهـا بانـدو رێکخـرواى تیـرۆر نەبـوو، کە رەشـەکوژەی کوردەکـانی دەکـرد، بەڵکـو چەندین گروپ و حزب و باند و چەتەی سێبەرو دروستکراوی دەزگا نهێنیـەکانی دەوڵـەت لە نـاوچە کوردیەکانـدا تـاوانێکی زۆری کوشـتن و شوێن بزرکردنی کوردانیان پەیڕەو دەکرد. ئەم تاوانانەش کە بێ چەندو چـون وەک تـاوانی جـەنگ دێتـە تۆمـارکردن لـە لایـەن دامودەزگـا فەرمیـەکانی حکومـەتی تورکیـاوە لـە ژێـر نـاوی( بکـەری نادیـار) تۆمـار کراون و هیچ کەس و لایەنێک لەسەر ئەم تاوانانە سزا نەدراون...

بکەری نادیـار دوو روخسـاری دزیـۆی هەبـوو، یەکێکیـان ئەنجامـدانی رەشەکوژەی ئاشکرا بوو، بۆ نمونە لە خۆپیشـاندانەکانی مـاردین و دێرک و دیـــاربەکرو ســـیڤەرک و بەتلـــیس و وان لە رۆژی 1961-5-8 لەدژی سیاسەتەکانی پاکتاوکردنی کورد، دەیان هەزار کورد لە خۆپیشـاندانەکاندا هاواریـان دەکـرد ( ئـێمە کـوردین و تـورک نـین)، لەم خۆپیشـاندانانەدا لە لایەن گورگەبۆرەکـان و دەزگاکـانی دیکـەی جەنگـی قێزەونـدا 315 کـورد کوژران و 754 بریندار کران.[1]

روخسـاری دووەمـیش ئەنجامـدانی کردەوەکـانی کوشـتن و رفانـدن و بزرکردن بوون بە دزیەوە، ئەو باندانەی کە ئـەم کارانـەیان ئـەنجام داوە، دەکرێن بـە دوو بەشـەوە، بەشـێکیان لـە چوارچێوەی رێکخـراوی نهێنیدا کاریان کردووە و پاشان ئاشـکرا بـوون، هەندێکیشـیان لـەرێگای حـزب و

[1] د. مجيد جعفر، كردستان تركيا، دراسة اقتصادية اجتماعية سياسية، مكتب الفكرو التوعية في الاتحاد الوطني الكردستاني، مطبعة مؤسسة حمدي للطباعة و النشر، الطبعة الثانية، سليمانية، اقليم كردستان، 2006ص 311.

ڕێکخراوی سیاسی ئاشکراوە کارەکانیان پەردەپۆش کردووە، لێرەدا دەکرێت پارتی خودا ( حزب الله ) وەک نمونە باس بکەین :

**پارتی خودا**

لەسەر بنەڕەتی ئەو راستیانەی، کە باسمان کردن دەسەڵاتدارانی تورک بەپێی نەخشەی دەزگا نهێنیەکانی تورکیا لە ساڵی 1983 دا لە رێگای حسێن وەلی ئۆغلۆ(Hüseyin Velioğlu) پارتی خودای دامەزراند کە راستەوخۆ لەلایەن ئەفسەری ئەمنیەتی تورکی ( قورقوت ئەیکین) سەرپەرشتی دەکرا.

چەکدارەکانی ئەم حزبە بە ئاشکراو بەبەرچاوی دەوڵەتەوە نمایشی چەکداری خۆیان ئەنجام دەدا. بە فەرمانی ئەمان ژنانی کورد دەبوو بەرگی ئیسلامی بپۆشن، چەندین ناوچەی هەژارو دواکەوتووی دەڤەرەکەیان کردە ناوچەی دەسەڵاتی خۆیان. حکومەتیش هەموو جۆرە ئاسانکاریەکی پێشکەش دەکردن، چونکە لە بنەڕەتا کاری سەرەکی ئەمان ئەوە بوو کە ئیسلامی سیاسی بکەنە دیوار بەرامبەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان.

پارتی خودا نەک تەنها ئەندامانی پەکەکەی تیرۆر دەکرد، بەڵکو هەر کوردێکی ئازادیخواز، هەر کوردێکی روناکبیر، یاخود هەر کوردێکی سەرمایەدار، رزگاری نەدەبوو لە کوژران و بێسەروشوێن کردن. یەکەم چالاکی تیرۆرستانەی ئەم پارتە بە کوشتنی ویداد ئایدن لە هاوینی 1991 لە دیاربەکر دەستیپێکرد، پاشان لە سێپتێمبەری 1992 موسا عەنتەریان لە کاتی سەردانیدا بۆ دیاربەکر تیرۆرکرد. بەپێی هەندێک سەرچاوە تەنها لە نێوان ساڵانی1991-1995 پتر لە 500 لایەنگر و ئەندامی پەکەکە بە دەستی ئەو پارتە تیرۆر کراوە. [١]

تیمە تایبەتەکانی ئەم پارتە بە دەمامک و دەموچاوی بەستراو کردەوەکانی خۆیان ئەنجامدەدا، بەشێکی زۆری ئەم تیمانە لەگەڵ تیمە

---

1 http://www.hrw.org/legacy/english/docs/2000/02/16/turkey3057.htm.

گەرۆکەکانی ژیتەم و هێزە تایبەتەکانی سوپای تورک تێکەڵ دەبوون و پـێکەوە کارەکانیـان ئەنجامـدەداو لە هەمـوو لێپرسـینەوەو سـزادانێکی یاسـایی بەدەر بـوون، نەک تەنهـا بە ئاشـکرا لە نـاو شـارو گوندەکانـدا خەڵکیان تیرۆر دەکرد، بەڵکو خۆپیشـاندان و کۆبوونەوەو مەراسیمەکانی ناشتنی تەرمی گەریلا کوژراوەکانیشیان دەکردە ئامانج.

بـەپێی ئامـارە بڵاوکـراوەکـان پـارتی خـودا دەسـتی لـە بزربـوون و کـوژرانی 17 هـەزار هـاوڵاتی کـورددا هەیـە، زۆربـەی کردەوەکـانی ئـەم پارتـەش لەلایـەن دەوڵـەتی تورکـەوە وەکو تـاوان لەسـەر پەکەکـە تۆمـار کراون.

پـاش کـوژرانی ئۆغلـۆ لـە ئەسـتەنبول عیسـا ئاڵتسـوی(İsa Altsoy) کـە خۆی لە بنەڕەتا کورد بوو رابەرایەتیکردنی حزبەکـەی لـە ئەسـتۆ گرت، ئەم خۆی لە ئەڵمانیا دەژیا. ئیتر هەر لە ئەڵمانیاشەوە ئەرکی پەیداکردنی چەکـداری تـازەو ناردنـەوەیان بـۆ وڵات و هـەروەها ئـەرکی رێکخسـتنی کوردانی ئەوروپا لە دژی بزافی رزگاریخوازی کورد خستە ئەستۆ.

ئـەم رێکخـراوە لـە نێـو کـوردانی تورکیـادا بـەهۆی پارەیـەکی زۆرو چاوپۆشینی دەوڵەتەوە، بوو بە حزبێک کە هەڕەشەی لە خـودی دەوڵـەت دەکـرد و لـە دەڤـەرەکانی دەرەوەی کوردستانیشـدا جـەماوەری بۆخـۆی پەیدا کرد، لەوەش زیاتر دەستیکرد بە سەرانە سەندن و هەڕەشەکردن و کوشتنی هەر کەسێک کە کۆمەکی دارایی و سیاسییان نـەکات، بۆیـە ئیتـر دەوڵەت بڕیاری هەڵوەشاندنەوەیانی داو لە سـاڵی 2000 بـەدوواوە کەوتـە دەستگیرکردنی ئەندامەکانیان، بـەڵام لـە سـەرەتای سـاڵی 2011 حکومـەتی ئـەردۆگان زۆربـەی هـەرە زۆریـانی ئـازاد کـرد. لـە نێـو ئازادکراوەکانـدا کەسـانێک هـەن کـە تۆمـەتی کوشـتنی دەیـەها کەسـیان بەسـەردا سـاغ بۆتـەوە، لەوانەش سـەرکردەی بـاڵی سـەربازی پـارتەکە بە نـاوی حـاجی ئینان... پێدەچێت هۆکاری ئەم ئازادکردنە ئەوە بێت کە دەوڵـەت جارێکی دیکە بەرامبەر بە پێشـکەوتن و بـەهێز بـوونی بزوتنـەوەی رزگـاریخوازی کـورد بەگـەڕیان بخاتـەوە، چـونکە هەمـان ئەنـدامانی ئەم پـارتە پـاش ئازادبوونیان لە زیندان پارتێکی تازەیـان بەنـاوی هـودا پـار دروسـتکرد و

وێـرای کەنـاڵێکی تەلەفیزێـونی بەنـاوی رەهـبەر تـی ڤـی، لە زۆرێـک لە شـــارەکانی تورکیـــا نوســـینگەیان کـــردۆتەوەو بە نیـــازی ئەوەن لە هەڵبژاردنەکانی 2014 دەنگێکی زۆر بە تایبەت لە ناوچە کوردیەکاندا بێنن.

بە درێژایی تەمـەنی بزوتنـەوەی کورد لـە بـاکوری کوردسـتان بکـەری نادیـار یـەکێک بـووە لـەو شـێوازە مەترسـیدارانەی کـە وەک ئـامراز نـەک تـــەنها شـــەڕی بزوتنـــەوەی رزگـــاریخوازی کـــوردی پێکـــراوە، بـــەڵکو راسـتەوخۆ لـەدژی گـەلی کورد بـەکارهێنراوە، هـەتا ئـەمڕۆ ئـەم ئـامرازە بەردەوام لە لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە بەکاردێت.

خشتەی کردەوەکانی تیرۆر لە تورکیا لە نێوان ساڵانی 1991-2012

| ساڵ | کوشتن لەلایەن بکەری نادیار | کوشتن بەبێ دادگایی کردن | کوژراو لەشەڕو پێکدادان | دەستگیرکراوەکان | گوندو کێڵگەی سوتاو |
|---|---|---|---|---|---|
| 1994 | 292 | 298 | 5000 | 14.473 دەستبەسەر و1209 دەستگیرکراو | 31گوندو1500 دارستان |
| 1995 | 321 | 122 | 3894 | 14.473 دەستبەسەر و2101 دەستگیرکراو | 243 گوند |
| 1996 | 78 | 190 | 2859 | 20.434 دەستبەسەر و 2071 دەستگیرکراو | 68 گوند |
| 1997 | 109 | 114 | 2514 | 27.308 دەستبەسەر و1273 دەستگیرکراو | 23 گوند |
| 1998 | 192 | 128 | 1718 | 42.991 دەستبەسەر و 3659 دەستگیرکراو | 30 گوند |
| 1999 | 212 | 205 | 857 | 50.318 دەستبەسەرکراو 2.105 دەستگیرکراو | 30 گوند |
| 2000 | 145 | 173 | 147 | 30.075 دەستبەسەرکراو 1937 دەستگیرکراو | 35 گوند |
| 2001 | 160 | 55 | 92 | 44.181 دەستبەسەرکراو 2.955 دەستگیرکراو | 61گوندو3 شوێن |
| 2002 | 75 | 40 | 30 | 31.217 دەستبەسەر و1148 دەستگیرکراو | نەزانراوە |
| 2003 | 50 | 98 | 104 | 9.648 دەستبەسەر و1196 دەستگیرکراو | نەزانراوە |
| 2004 | 47 | 82 | 240 | 6.391 دەستبەسەر و3320 دەستگیرکراو | نەزانراوە |

سەرچاوەی خشتە:-

-پێگەی ئەلکترۆنی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی تورکیا **insan hakları derneği**

ڕێکخـراوی مـافی مـرۆڤ لە تورکیـا، بە هاوکـاری چەنـد ڕێکخراوێکـی دیکەی یەکیەتی ئەوروپا، ساڵانە پێشیلکاریەکانی مافی مرۆڤ لە تورکیا ئاشـکرا دەکەن. ئەم پێشـێلکاریانە جگە لەم خشـتەیەی سـەرەوە دەیـان دیـاردەی دیـکەو ئامـاری دیـکەی پێشـێلکاری لەخـۆ دەگرێـت، لەوانەش (خۆکوشـتن بە هۆکـاری سیاسـی، خۆکوشـتن لە نـاو زینـدان، کـوژران بەهۆی ئەشکەنجەوە، کوژران یاخود مردن لە خەستەخانەکاندا بەهـۆی فەرامۆشکردنی کەسی زامدار بە هۆکاری سیاسی، هەروەهـا تەواوی ئەو کەنـاڵانەی میـدیا، کە قەدەغە دەکـرێن یـاخود سـزا دەدرێـن، ئەمە وێـرای پێچـانەوەی کتێـب و گۆڤـارو تەنـانەت گـۆرانی و قەدەغەکردنـی فـیلم و چالاکی هونەری و ماوەنەدان بە کۆبوونەوەی سیاسـی و بەسـتنی کۆڕو سیمینارو هتد).[1]

## بزوتنـەوەی چـەپگـەرایی لـە تورکیـا و کاریگـەری بـەسـەر دۆزی کوردەوە

زیـادەڕۆیی نیە گەر بێژین بزوتنەوەی چەپگەرایی لە تورکیـا (وێـرای سـەرنج و تێبینـی لەسـەر هەڵوێسـتی هەندێک لەو ڕەوتـانە) ڕۆڵێکـی زۆر گرنگـی گێـڕاوە لە زەقکردنەوەی کێشـەی کـورد لە بـاکوری کوردسـتان. ڕەنگە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەمەش ئەوە بێت، کە ژمارەیەکی یەکجـار زۆری شۆڕشـگێڕانی کـورد خۆیـان بە تەنهـا لەو ڕێکخـراوانەدا دەبینیەوە، کە هیچ نەبێت هەناسەیەکی تێدا هەڵمژن و وەک تاکە دەرگـای ئەوان بووبێت بـۆ گوزارشـتکردن لە خۆیـان، تەنـانەت پـارتی کرێکـارانی کوردسـتانیش خـودی خـۆی نکـوڵی لەوە ناکـات، کە ئەو سـەرەتا بزوتنەوەیەکـی مارکسـی – لینینـی چەپگەرا بـووەو هەر لە هەنـاوی ئەم بزوتنەوانەوە لە دایک بووە. جەمیل بایک (هەڤاڵ جومعە) لەم بـارەوە لە یەکێک لە دیمانەکانی خۆیدا دەڵێت (سـەرۆک ئـاپۆ دەچـووە نێو هەنـدێک

1- http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=158542.

گفتوگـۆی ئەوانیشــەوە و گـوێی لێیـان دەگـرت، بە ئاخـاوتنی ئەوانـیش کـاریگەر دەبـوو، سـەرۆک دەڵێت (مـن گوێبیسـتی ئاخاوتنەکـانی دکتـۆر حیکمەت و ماهیر چاپان بووم، کاریگەرییان لەسەر من هەبوو، هەروەها لە سێدارەدانی دەنیز گەزمش و هاورێکانی کاتێک بەر لەوەی لە سێدارە بدرێن هاواردەکەن بژی برایەتی گەلی کورد و تورک کاریگەری لەسـەر سەرۆک دروست دەکات.) [1]

نەک تەنهـا هێنـدە، بەڵکـو تێکەڵاوبـوونی پەکەکە لەگەڵ ئەو بـزوتنەوە چەپـانەی تورکیـا بە جۆرێـک بـوو، کە هەر لەسـەرەتای دروسـتبوونی پەکەکەوە چەنـدین کەسـایەتی غەیـرە کـوردی وەک کەمـال پیـرو حەقـی قەرار لەنێو ئەو بزوتنەوەیەدا رۆڵی گرنگ و سـەرەکی دەگێڕن، تەنانەت هەتـا ئەمــڕۆش لە ئەدەبیــاتی پەکەکەدا نــاوی هەنــدێک لە ســەرکردە چەپەکانی تورک هاوشانی ئەندامانی ئەو پارتە بەرز رادەگیرێت و خودی ئـۆجەلان لە چەنـدین بـۆنەی جیـاوازدا سـڵاو بـۆ یـادی ئەوانە دەنێرێـت. هۆکـاری ئەمەش رەنـگە تەنهـا ئەوە بێـت، کە رۆژێـک لە رۆژان بەر لە دامەزرانـدنی پەکەکە بەشـێک لە ئەنـدامانی ئەمـڕۆی دامەزرێـنەری ئەو پارتە ئەندامی یەکێک لەو گروپە چەپانە بوون، جەمیل بایک لەم بـارەوە دەڵێت؛ ( لە تورکیـا پاش کودەتـای 1971 پـارتی کرێکـارانی سۆشیالیسـتی تورکیـا TSIP دامەزرا. ئەم پـارتە لە نـاو گەنجانـدا رێکخراوێکـی بەنـاوی (ADYÖD) دروست کردبوو، لەژێر نـاوی گروپـی ئێمەش سـەرۆک ئـاپۆو هەڤـاڵ حەقـی قەرار کەوتـنە بەرێـوەبەرایەتیەوە و سـەرۆک ئـاپۆ بـووە سەرۆکی رێکخراوەکە) [2]

---

هەروەها بڕوانە

http://www.akhbaralaalam.net/index.php?aType=haber&ArticleID=43491.

[1] بڕوانە حەسەن جودی، مێژوویێک لە ئاگر، چاوپێکەوتن لەگەڵ جەمیل بایک، لە بڵاوکراوەکانی کۆمیتەی راگەیاندنی پەچەدەکە، چاپی یەکەم، هەرێمی کوردستان،2008، لاپەڕە 64 هەروەها بڕوانە ندیم بتکین، ترکیا، بوابة استراتیجیة للامبریالیة العالمیة، بیروت، لبنان، الحقیة برس، الطبعة الاولی،1987، ص 335.

[2] بڕوانە هەمان سەرچاوەی حەسەن جودی، مێژوویێک لە ئاگر لاپەڕە 149.

پێگەی جوگرافی تورکیا وەک یەکێک لە وڵاتە هاوسنورەکانی یەکیەتی سۆڤیەتی جاران تەنها هۆکار نەبوون بۆ سەرهەڵدانی پارتە کۆمۆنیست و چەپەکان، بەڵکو وەک ململانێیەکی مێژوویی و سیاسی ئەو سەردەمە لە زۆربەی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین و باکورو سەنترالی ئەفریکا ئەم حزب و گروپانە تەشەنەیان کردبوو. تەشەنەکردنی گروپ و رێکخراوە چەپەکان لە تورکیا بەجۆرێک بەربڵاو بوو کە هەروەک ئاماژەمان بۆ کرد، پارتی کرێکارانی کوردستانیش وەک رەنگدانەوەی ئەو بارودۆخە لەو ساڵانەدا یەکەم گروپ و دەستەو هەڵقە رۆشنبیریەکانی خۆی دروست کرد. بۆیە چەپگەرابوون لە باکوری کوردستان لانکەی هەرە گرنگ و سەرەکی بوون بۆ سەرهەڵدان و دروستبوونی بزوتنەوە کوردیەکان، ژمارەی ئەو رێکخراوە چەپ و مارکسیە کوردانەی کە مەیلی سەربەخۆ بوونی کوردستانیان هەبوو لە ساڵانی هەفتاکاندا بە پتر لە 12 رێکخراو هەژمار کراوە کە پەکەکە یەکێک بووە لەوان. [1]

لە راستیدا سوکایەتی و بێ نرخکردنی کورد و رەشەکوژی بەردەوامیان لە تورکیا بوونە هۆکاری دروستکردنی پەرچەکردارێکی زۆر بەهێز لە نێو کورداندا، بە تایبەت لە نێو ئەو لاوانەی کە نەوەی خودی کۆمارەکەی ئەتاتورک بوون.

مەحمود باکسی یەکێک بوو لەو لاوانە، ئەو زۆر بەجوانی لە کتێبەکەی خۆیدا ئەو وێنەیە دەدوێنێت و باسی ئەو رۆژانەی ساڵی 1960 دەکات، کە ئەو هێشتا سەربازی کۆمار بووەو دەڵێت "جارناجارێک بە نهێنی لەگەڵ هاوەڵەکانمدا کۆ دەبووینەوەو دەستمان دەکرد بە پرسیار لە خۆمان ودەمان ووت: ئەرێ لەوانەیە ئێمە رەچەڵەکێکی ترمان هەبێت، ئەی باشە ئەگەر کوردو تورک جیاوازییان نیە ئەمانە بۆ وا رەزیل و سەفیلمان دەکەن و دەرسمان پێدەڵێن تاکو ببین بە تورک؟.... من سوپاسی هەموو ئەو ئەفسەرانە دەکەم کە لێیان داوم لەبەر ئەوەی کە کورد بوومە، لەبەر ئەوەی ئەو دارانەی لە ژێر پێ و لە دەستمیان دەدا بە دەرەجەیەک کە لە

---

[1] محمد نور الدين، حجاب و حراب، الكمالية و ازمات الهوية في تركيا، بيروت، 2001 ص109.

ژمـاردن نایـە، لـە گیـانی منـدا رۆحـی کوردایـەتی و هەسـتی کوردایـەتی دروستکرد" [1]

هەتـا کۆتـایی چلەکـانی سـەدەی پێشـوو جەهەپە تەنهـا پـارتی سیاسـی تورکیا بوو لە گۆڕەپانەکەدا، پارتی دیموکرات وەک یەکەم پارتی سیاسی دروستکراو پاش دەرچوونی یاسای فرە حزبی لە تورکیا تـاڕادەیەک بـۆ بەرژەوەنـدیی خـۆی ئـاوڕی لە کوردەکـان دایەوە. لە سـاڵی 1950 کاتێـک عەدنـان مەنـدەریس لە پـارتی دیمـوکرات حکـومەتی پێکهێنـا، بڕیارێـک سەبارەت بە گەڕانەوەی بنەماڵە دوورخراوەکانی کورد بۆ شوێنی خۆیان دەردەکات، تەنانەت هەندێک لە نەوەکانی شێخ سەعیدی پیرانیش دەکاتە ئەندامی پەرلەمان. [2]

پارتی ناوبراو هەوڵیدا سـۆزی کوردەکـان زیـاتر بـۆ خـۆی رابکێشـێت، بـۆیە لە هەڵبژاردنەکـانی 1954دا چەنـدین ئاغـاو دەرەبەگ و بنەمـاڵەی ناسراوی کوردی خستە نێو لیستەکەی خۆیەوە، بەمەش توانی لە نـاوچە کوردیەکاندا سـەرلەنوێ زۆرترین رێژەی دەنگ بۆ خـۆی مسـۆگەر بکـات. بەڵام لە رووی ئایـدۆلۆژی و رەفتـارەوە ئەم پـارتە نەک هـیچ شـتێکی راستەقینەی بۆ کورد نەکرد، بەڵکو هیچی لە کەمالیستەکان کەمتر نەبوو.

کاتێـک لە گۆڕەپـانی سیاسـی تورکیـادا رێگـا بە هـیچ رێکخراوێکـی کوردی نەدەدرا، چالاکیەکانی خۆی تەنـانەت لە چوارچێوەی کەلتوریشـدا نیشان بدات، بزوتنەوە چەپەکانی تورکیا تـاکە دەلاقەی کـورد بـوون بـۆ خۆرێکخسـتن لە چوارچێـوەی سیاسـیدا، بـۆیە تـاکە هیـوایەک، کە بـۆ کوردەکان مابۆوە پارتە چەپەکانی تورکیا بوو، زۆربەی هەرە زۆری ئەو کوردانە چونە نێو پارتی کاری تورکیا، تورکیا ئیش پارتیسـی ( Turkiye Iş partisi)، بە تایبەت، کە هەردوو بەرپرسـی پـارتەکە تـارق زیـا ئـاکەنجی و مـوحەمەد عەلـی ئەسـلان کوردبـوون، ئەوە بـوو لە کـۆنگرەی چـوارەمی خۆیدا لە ساڵی 1970 پـارتی کرێکـارانی تورکیـا بـۆ یەکەمجـار لە مێژووی

[1] مەحمود باکسی، هەر باڵندەیەک لەگەڵ پۆلی خۆیدا دەفرێت، وەرگێڕانی دابان هەمەوەندی، دەزگای چاپەمەنی کوردستانی ئەمرۆ، چاپی یەکەم، بەبێ ناوی شوێن، 2000 لاپەڕە 5.
[2] گۆڤاری سەنتەر ژمارە 6 ساڵی 2007 لاپەڕە 41.

تورکیـادا بـوونی کوردەکـانی لە تورکیـای ناسـاندو داوای لە حکـومەتی تورکیا کرد، کە مافەکانیـان بە رەسـمی بناسـێت و هەمـوو سیاسـەتەکانی دەوڵەتـــی تورکیاشـــی بـــۆ پاکتـــاوکردنی ئەو نەتەوەیە بە تونـــدی شـەرمەزارکرد. لەسەر ئەم هەڵوێستە لە 20-7-1971 ئەم پارتە قەدەغەکراو پـاش یەک مـانگیش لە قەدەغەکردنـی هەمـوو سـەرکردایەتی ئەم پـارتە خرانە بەردەم دادگای سەربازی. [1]

هەر گروپی کوردی ناو ئەو پارتە بوو، کە ساڵی 1974بە سـەرۆکایەتی کەمال بورقای پارتی سۆشیالیستی کوردستانیان دروست کرد، هەروەهـا لەو سـاڵانەدا خوێنـدکارانی چەپـی کـورد گروپـی دەدەکۆیـان دروسـت کردDDKO Devrimci doğu kültür ocaklari ئاگردانی کەلتوری شۆڕشگێڕی رۆهەڵات . [2]

بزوتنەوە و پارتە سۆشیالیستەکانی تورکیش رۆڵی بەرچاویان هەبووە لە دەرخسـتن و زەقکردنەوەی کێشـەی کـورد، هەرچەنـدە زیـاتر لە پێنج حزبی سیاسـی بە نـاوی سۆشیالیسـتەوە دامەزراون، بەڵام بەهێزترینیـان ئەو حــزبە بــوو، کە ئەســعەد عادیــل موســتەفا جــاب ئۆغلــۆ لەگەڵ هاوەڵەکانیـدا سـاڵی 1946 دایانمەزرانـد، بەڵام بە تـۆمەتی پرۆپاگەنـدە بـۆ کۆمۆنیزم لە ساڵی 1952 قەدەغەکرا.[3]

لە 14ی نیسانی 1960 رۆژنامەکانی تورکیا هەواڵی دەسـتگیرکردنی 50 هاوڵاتییــان بڵاوکــردەوە بە تــۆمەتی هەوڵــدان لە پێنــاو دامەزرانــدنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی بە دابڕینی بەشێک لە نشـتیمانی بەنرخـی تورکیـا؛ لەمبـارەوە دادوەری گشـتی کۆمـاری داوای دەرکردنـی حـوکمی لەسێدارەدانی کرد بەرامبەر بەو تۆمەتبارانەی، کە زۆربەیـان روناکبیرو

[1] د. مجيد جعفر، كردستان تركيا، دراسة اقتصادية اجتماعية سياسية، مكتب الفكرو التوعية في الاتحاد الوطني الكردستاني، مطبعة مؤسسة حمدي للطباعة و النشر، الطبعة الثانية، سليمانية، اقليم كردستان، 2006 ص 311.

[2] هەمان سەرچاوە لاپەڕە 164.

[3] ئیبراهیم داقوقی،کوردی تورکیا، وەرگێڕانی هیمەت عەزیز کاکەیی، دەزگای موکریان، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، هەرێمی کوردستان،2012لاپەڕە 183.

ڕۆژنامەنوس و قوتابی و ژمارەیەکیش کرێکاریان تێدابوو. ئەو تۆمەتە وەک تێکەوتنێکی سیاسی وابوو بۆ حکومەتەکەی عەدنان مەندەریس، چونکە لە کاتێکدا حکومەت نکوڵی لە بوونی کورد دەکرد لە تورکیا، کەچی بەزمانی خۆیی و بە شێوەیەکی فەرمی بڵاوی دەکاتەوە، کە بزوتنەوەیەکی کوردی ڕێکخراو لە وڵاتدا هەیە.

لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای هەفتاکان بزوتنەوەی کوردایەتی لە تورکیا زۆر بەچڕی و گەرمی خۆی بەسەر گۆڕەپانی سیاسی تورکیادا سەپاند، خۆپیشاندانەکان ببونە خەسڵەت و سیمای مقاوەمەتی کورد دژ بە داگیرکەرانی تورک. لە ڕۆژی 3-8-1967لە شاری سیواس لە دژی ڕاسترەوەکان و وەک پشتگیریکردن لە ڕێکخراوە چەپەکان نزیکەی دە هەزار خۆپیشاندەر ڕژانە سەرشەقام و لە شاری دیاربەکریش لە هەمان ڕۆژدا 25 هەزار کەس لە دژی دەوڵەت ڕژانە سەر شەقامەکان. [١]

ئیتر لە هەفتاکانی سەدەی بیستەم بەدواوە ناوەندە کلتورییە کوردیەکان ڕۆڵی بەرچاویان گێڕا لە زیندووکردنەوەی بزوتنەوەی سیاسی کوردو ڕزگارکردنی کەلتوری کوردستانی لە توانەوەو تیاچوون، دەیەها ناوەندی کەلتوری وەک یانەی میللی ڕۆشنبیری لە ڕۆژهەڵاتی وڵات و شارە مەزنەکانی وەک ئەستەنبول دروستکران. شۆڕشی باشوری کوردستان بەڕابەری خوالێخۆش بوو موستەفا بارزانی (Mustafa Barzani) ڕۆڵی گرنگی گێڕا لە هاندان و جۆشخستنە بەری شۆڕش لە باکور، سەدان پێشمەرگەی ئەو شۆڕشە خەڵکی باکور بوون و ڕاستەوخۆ بەشدار بوون لە شۆڕشداو سەدانی دیکەش ژێربەژێر هاوکاری خۆیان پێشکەش دەکرد.

هەفتاکانی سەدەی بیستەم بە سەرەتای زیندووبوونەوەی خەبات و شۆڕشی کوردان ناو دەبرێت، چەندین پارت و ڕێکخراوی دیکەی وەک پارتی ڕزگاری (ساڵی 1977 دروستکرا)، هەر لەم ساڵانەدا بوو، کە ئیتر کۆمەڵگەی کوردەواری لە باکور لە ژانی لەدایکبوونی گەورەترین بزافی

---

[١] بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە 204.

کوردایەتیدا بوو، بەرهەمی ئەو ژانی چەند ساڵە پارتێکی مەزن و گرنگ و تۆکمەو زەبروەشێنی وەک پەکەکەی هێنایە گۆڕێ... ئیتر حکومەتی تورکیاش لێرە بەدواوە نەیدەتوانی نکوڵی لە بوونی کورد بکات. تەنانەت بۆ یەکەمجار شەرەفەدین ئاڵچی وەزیری ئەشغاڵی تورک لە ساڵی 1979 گوتی (کورد لە تورکیا هەیە من خۆشم کوردم).

دەڤ سۆڵ (Dev sol) لە مێژووی تورکیادا بە تایبەت لە نێو مێژووی بزوتنەوەی چەپگەرایدا رۆڵێکی زۆر مەزن و گرنگی گێڕاوە لە باسکردن و بەرەوازانینی مافەکانی نەتەوەی کورد لە تورکیا. هەتا ئەمڕۆ بە یەکێک لە بزوتنەوە هەرە تۆکمەو بەهێزەکانی چەپ لە تورکیا ئەژمار دەکرێت، کە لەراستیدا لە پاشماوەی ئەو هەموو بزوتنەوە کۆمۆنیست و چەپانە دروست بوو، کە بەردەوام زەبری توندی دەوڵەتی تورکیان دەخوارد و سەدان ئەندامیان دەکوژران یان بزر دەکران. وەک لە سەرەتادا باسمان کرد، هەفتاکانی سەدەی بیستەم نەک تەنها لە تورکیا، بەڵکو لە وڵاتانی ئەوروپای خۆرئاواشدا قۆناغی دروستبوونی رێکخراوە چەپە زەبروەشێنەکان بوو، نمونەی ئەمەش لە ئەڵمانیا و هۆڵەندا رێکخراوی بادرماینهۆف (Baader-Meinhof) یاخود راف (RAF) بوو، کە بە درێژایی سێ دەیە ترس و دڵەڕاوکەی خستبووە نێو دڵی بەشێک لە دەوڵەتانی ئەوروپی بە تایبەت ئەڵمانیا و هۆڵەندا و فەرەنسا. لە مێژووی پەرەسەندن و هەڵوەشاندن و کەرتبوونی پارت و رەوتە چەپەکانی تورکیادا، هەست بەوە دەکەین، کە تا رادەیەکی زۆر تێکەڵاوی لە نێوان ئەم بزوتنەوەو رەوتانەدا هەیە، بە شێوەیەک، کە زۆرجار سێ رەوت و بزوتنەوەی جیاواز لە ژێر هەمان ناو یاخود تایتڵ کاریان کردووە، ئەگەر ئەمەش ئاماژەیەکی زانیستیمان پێبدات رەنگە بەهێزترین ئاماژە و تاکە ئاماژە ئەوە بێت، کە حکومەت و دەوڵەتی قووڵ لە تورکیا هەموو تواناکانی خۆی بۆ پەرتەوازەکردن و هەڵوەشاندن و لێکترازاندنی ئەم رەوتانە تەرخان کردبێت . گروپە چەپەکانی وەک (Tikko,DHKP-C, MLKP) و کەسانی وەک ئیبراهیم کایپاکایە Ibrahim Kaypakkaya و ماهیر چایان Mahir Cayan و دەنیز گەزمیش (Deniz Gezmiş) کە لەریزی پێشەوەی ئەم

پارتـانه خەباتیـان بـۆ دروسـتکردنی حکـومەتێکی سوشیالیسـت دەکـرد، هەمیشـە نـاوی گرنـگ و دیـاری مێـژووی ئەم ڕەوتـانەن و هـیچ کـاتیش نکوڵیان لە مافەکانی نەتەوەی کورد نەکردووە.

کاپپاکایـا بە یەکێـک لە بیرمەنـدو هێماکـانی بـزوتنەوەی چەپگەرایـی تورکیـا ئەژماردەکرێـت، کە هەمـوو تێزەکـانی مارکیسـزم و لینینیـزم و ماویزمی کردبووە ڕێبازێک بۆ خەباتی خۆی لە دژی تورکیا. کاتێک بـۆ تەواوکردنـی خوێنـدن دەچێتە زانکـۆی ئەسـتەنبول، هەر لەو زانکـۆیە بە بیروبـاوەڕی چەپ ئاشـنا دەبێـت و دەبێـتە یەکێـک لە هەڵسـوڕاوە هەرە دیارەکانی چەپ و لەگەڵ بەشێک لە هاوڕێکانیدا مەکۆکـانی فکر دروسـت دەکەن و دەیکەنە پێگەو سەکۆیەک بۆ کـۆکردنەوەی ڕەوتە جیاوازەکـانی چەپ و لە هەمـوو تورکیـا لقـی بـۆ دەکەنەوەو پاشـان خۆشـی وەک کۆردیناتۆری ئەم مەکۆیانە دیاری دەکرێت.

ئەم مەکۆیـانە بـوون بە مەڵبەنـدێک بـۆ دژایەتیکردنـی ئیمپریـالیزمی جیهـانی و فاشـیەتی تـورکی و چالاکیەکانیـان لە کۆتـایی شەسـتەکان و سـەرەتای هەفتاکانـدا بە تەواوی دەوڵەتـی قـوڵی تورکیـای سـەغڵەت کردبـوو، بە تـایبەت ئەو چـالاکیەی، کە سـاڵی 1968 ئەنجامیانـدا بە ئەنجامـدانی خۆپیشـاندانێکی سـەدان هەزاری لە دژی پەیمـانی نـاتۆ و نزیکبوونەوەی گەلەکەشتی شەشەمی ئەمەریکا لە تورکیا. بۆیە لە یەکەم کـاردانەوەی حکـومەتی تورکیـادا ئیبـراهیم کاپپاکایـا دەسـتگیرکراو درایە دادگـا. لەم دادگـاییکردنەدا ئیبـراهیم کاپپاکایـا زۆر بـوێرانە بەرگـری لە هزری مارکسیزم کرد و بانگەوازی ڕزگـارکردنی تورکیـای لە دەسـەڵاتی ئیمپریـالیزم کـرد. لەگەڵ بـڵاو بـوونەوەو تەشـەنەکردنی مەکۆکانـدا دوو ڕەوتی جیاوازی چەپگەرا لە ناو تورکیا سەریانهەڵدا :-[1]

[1]- http://www.aworldtowin.org.

یەکەم- ئەو رەوتە ریفۆرمخوازەبوو، کە بانگەوازی کاری سەندیکایی و پەرلەمانی دەکرد.

دووەم- رەوتی چەپ و شۆڕشگێڕ بوو، کە داوای خۆ ئامادەکردنی بۆ شۆڕشێکی نشتیمانی و دیموکراسی دەکرد، کە بێگومان کایپاکایاش لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا بوو . لایەنگرانی ئەم هێڵە، پاشان بە سەرۆکایەتی ناوبراو پارتێکیان بەناوی (پارتی کرێکاران و جوتیارانی شۆڕشگێڕی تورکی ) دروستکرد،کە گۆڤارێکی بۆ خۆی کردبووە زمانحاڵ و لەنێو چەپەکاندا دەنگدانەوەیەکی زۆر گەورەی نایەوە. لاوانی ئەم رەوتە رێکخراوێکی سەربەخۆی خۆیان بە ناوی گەنجی شۆڕشگێڕ ( دەڤ گەنج- DEV-GENCH) دروستکرد.

ئەم پارتە لە رووی تیۆریەوە پارتێکی مارکسی لینینی ماوی بوو، کە پەیڕەی جەنگی گەلی لە دژی دەوڵەتی تورک دەکرد و لە پاشاندا هەر بە دەستی ئەم پارتە یەکەم شانە چەکدارە شۆڕشگێرەکانی بەناوی سوپای رزگاری کرێکاران و جوتیارانی تورکیا، تیکۆ (TIKKO) ( Türkiye İşci ve Köylü Kurtuluş Ordusu) دروستکرد، بەمەش یەکەمین زەنگی شۆڕشی سەرتاسەری گەلیان لەگەڵ دەوڵەتی "بورژوازی" تورک راگەیاند. [1]

کایپاکایا، بەردەوام خۆی لە ناو جەماوەردا دەبینی و لە گوندەکاندا لەگەڵ جوتیارو هەژارەکاندا دەمایەوەو چەندین تیۆری گرنگی سەبارەت بە رۆڵی جوتیارانی شۆڕشگێر نوسیوە، هەروەها بۆ یەکەمجار بوو لە مێژووی تورکیادا لە پیرۆزی و بەهای کەمالیزم بدات و ئایدۆلۆژیای کەمالیزم بە هزری بورژوازی لەقەڵەم بدات، کە سەرەنجامەکەی بەرهەمهینانی فاشیزمە لە تورکیا و لە دژی هەموو هزرێکی ئازادیخواز دەوەستێتەوە، هەروەها بۆ یەکەمجار بوو، کە سەبارەت بە کێشەی کورد تێزو بۆچوونی ئاشکرای خۆی خستە روو، کێشەی کوردی وەک کێشەی

1 http://www.ahewar.org/debat.

نەتەوەیەک شیکارکرد، کە لەلایەن دەوڵەتیکی سەردەستی وەک تورکەوە دووچاری نکوڵیکردن و سەرکوتکردن هاتووە و جەختی لەسەر مافی کورد کردەوە لە دیاریکردنی چارەنوسی خۆیدا،کە ئەمەش بۆ یەکەمجار بوو لە نێوەندە چەپەکاندا باسیلێوەبکرێت. هەروەها بەردەوام هێرشی لیبراوانەی دەکردە سەر رەوتە دژەکەی خۆی، ئەو رەوتە ریفۆرمانەی، کە بانگەوازی کاری سەندیکایی و پەرلەمانییان دەکرد و ئەوانی بە خائن بە رێبازی مارکسیزم پێناس دەکرد، هەر ئەم تێزەشە، کە هەتا ئەمرۆ لەنێو دەڤ سۆڵ یاخود دەهەکەپە بەردەوامی هەیەو تونـدوتیژی شۆرشگێرانە بە باشترین رێباز دەزانن بۆ بەگژاچوونەوەی دەوڵەتی تورک، هەر لەمیانەی ئەم کارانەشدا بوو، کە توانی تیۆری شۆرش لە تورکیا دابرێژێت.

دەوڵەتی تورک هەموو تواناکانی خۆی لە دژی ئەم سوپایە خستەگەرو هێزە فاشستەکانی مەهەپە و گورگەبۆرەکانی چەکدار کرد و لە دژی وان لە هەموو ئەو گوند و ناوچانەی، کە تێیدا تەشەنەیان کردبوو، کەوتنە گەران بە شوێنیاندا. رۆژی24-1-1973 لە یەکێک لە گوندەکانی دەرسیم، رووبەرووبوونەوەیەکی قورس لە نێوان ئەم هێزانەو کۆمەڵێک لە شۆرشگێرانی تیکۆ بە سەرکردایەتی سەرۆکی ئەرکانی سوپای شۆرشگێر عەلی حەیدەر یەڵدز و خودی ئیبراهیم کایپاکایا سەریهەڵدا. عەلی حەیدەر لە شەرەکاندا کوژراو ئیبراهیم کایپاکایەش پاش پێنج رۆژ بە برینداری بەهۆی زمانلێدانی مامۆستایەکی ئەو گوندەی، کە خۆی تێدا حەشاردابوو، کەوتە بەردەستی هێزی فاشستە نەیارەکان و پاش چەندین مانگ لە ئەشکەنجە نەیانتوانی هیچ نهێنییەکی پارتەکەی لێدەربێنن، بۆیە سەرەنجام لە شەوی هەڤدەی مانگی مەی هەمان ساڵداو لە تەمەنی تەنها 24 بەهاری خۆیدا لە ژێر ئەشکەنجەدا لەتوپەتکراو تەنانەت جگە لە برینەوەی هەموو پەنجەکانی دەست و قاچی، هەردوو چاوەکانیشی بە زیندوویی دەرهێنراو پاشان سەریشی لە لاشەکەی جیاکرایەوە.

له پاش کودەتای 1980 زۆربەی سەرۆک و کەسایەتیە دیارەکانی ئەم گرووپە دەستگیرکران و بەشی هەرە زۆریان، یان لە ژێر ئەشکەنجەدا مردن یاخود دۆڕان و پاکانەیان پڕکردەوەو وازیان لە کاری سیاسی هێنا. بەشێکی زۆریشیان بەهۆی ئاسانکاریی نهێنی و بەبەرنامەی دەوڵەتی تورکەوە بەرەو ئەورووپا هەڵهاتن. لە ناوخۆی تورکیادا ئەم رەوتە هەتا ئەمڕۆ هەر چالاک و زیندووە، وێرای ئەوەی گومانی بوونی پەیوەندی نهێنی بە هەندێک دەزگای جاسوسی وەک سوریا و ئێران و دەوڵەتانی دیکەوە لێدەکرێت. باسکی بەهێزی ئەم گرووپە لە ئێستادا لە ئەورووپا چالاکەو هێشتا ئەندام و لایەنگری زۆریان هەیە، لە ناوخۆی تورکیاشدا هەمیشە توانیویەتی لە نێو نەوەی نوێدا بە تایبەت لە نێو خوێندکارانی زانکۆدا شانەی نوێ دروست بکاتەوە.

ئەم گرووپە هەتا ئەمڕۆ چەندین هێرشی خوێناوی و چەکدارانەی لە دژی تورکیا ئەنجامداوە لەوانەش کوشتنی چەندین ئەفسەری ئەمەریکی و هەروەها هێرشی رۆکێتی بۆ سەر کۆنسولگەری ئەمەریکا لە ئەستەنبول لە ساڵی 1992.

لە کاتی جەنگی کەنداودا بەرژەوەندی و دامەزراوە خۆرئاواییەکان و کۆمپانیاکانیان کەوتنە بەر هێرشەکانی ئەم گرووپە، هەروەها لە خۆپیشاندانەکانی مەیدانی تەقسیم لە ئەستەنبول رۆڵی کاریگەری هەبوو.

ئەم گرووپە لە رۆژی یەکی فێبریوەی 2013 لە رێگای کەسێکی خۆکوژەوە هێرشی کردە سەر باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە ئەنکەرە، ئەو کەسە خۆکوژە نیشتەجێی وڵاتی ئەڵمانیا بووەو لە رێگای یۆنانەوە بە پاسپۆرتێکی ساختە هاتۆتە نێو خاکی تورکیا. ئەم گرووپە لە رێگای بڵاوکراوەیەکی خۆیانەوە لە ئەنتەرنێت بەرپرسیاریەتی ئەو هێرشەی گرتە ئەستۆ. پۆلیسی تورکی لە ئاکامی ئەو کردەوەیەدا 167 کەسی بە گومانی ئەندامبوونیان لەو رێکخراوە دەستگیرکرد.

لە مانگی سێپتێمبەری 2013 دا بۆ یەکەمجار ئەم پارتە شەهید بوونی یەکێک لە ئەندامەکانی خۆی لە ریزەکانی ( یەکینەکانی پاراستنی گەل-

یەپەگە) ڕاگەیاند و لە بڵاوکراوەیەکی خۆیدا وێرای ڕاگەیاندنی ئەم هەواڵە هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوە لە دەوڵەتی تورک دەکات بە ڕامبەر بە هاوکارییەکانی بۆ بەرەی نوسرەو ئیسلامییەکانی سوریا، ئەم جەنگاوەرە بە ناوی سەرکان تۆسون (Serkan Tosun) لە گوندی عەلوک ناوچەی سەری کانی لە ریزەکانی یەپەگەدا لە دژی بەرەی نوسرە کوژرا...[1]

لە پاش قەدەغەکردنی هەموو حزبەکان و مانەوەی حزبەکەی موستەفا کەمال ئەتاتورک بە تەنها لە نێو گۆڕەپانەکەدا و هەتا ئەمڕۆ هەرگیز تورکیا ڕۆژێکی بەبێ ململانێ لەگەڵ شێوە جیاوازەکان و هێڵ و شەبەنگە توندەکانی چەپ تێنەپەڕاندووە. ڕەنگە قورسترین و ئاڵۆزترین بابەت لە نوسینەوەی مێژووی تورکیادا تێگەشتن و دارشتن و پۆلێنکردنی بزوتنەوە چەپەکان بێت بەجۆرێک دەتوانین بێژین خودی دامەزراوە نهێنیەکانی تورکیا ڕەنگە بە ئاستەم بتوانن بە شێوەیەکی ڕاست و دروست، پۆلێنێکی زانستی بۆ ئەم ڕەوتانە بکەن. دەزگا هەواڵگریەکانی دەوڵەتی تورک لە ڕاپۆرتێکی دوورو درێژی خۆیاندا بە ناوی درەختی خێزانی ڕێکخراوە چەپە ڕادیکاڵەکان( Family Tree of the Turkish Radical Left) ژمارەی ئەو ڕێکخراوانە بە 93 دانە پارت و ڕێکخراو ئەژمار دەکەن. بڕوانە بەڵگەنامەی ژمارە 1 بەڵگەنامەکان لە کۆتایی کتێبەکەوە.

## مەهەپە و پەکەکەو پرسی کورد لە باشوری کوردستان

**تورکیاو پرسی باشوری کوردستان:**

نەک تەنها لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا، بەڵکو لەسەرەتای دروستبوونی کۆماری تورکیاوە، باشوری کوردستان ڕاستەوخۆ لەنێو هاوکێشە سیاسییەکانی تورکیاو ناوچەکە ڕۆڵ و کاریگەری بەرچاوی هەبووە. لە مێژووی نوێی تورکیا، واتە لەسەرەتای دروستبوونی

[1] http://www.atik-online.net/english/2013/09/serkan-tosun-martyred-in-serekaniye/

کۆمارەوە هەتا ئەمڕۆ چەندین جارو لە ڕێگای چەندین پێشکەوتن و ڕوداوی مێژووییەوە بەسەرهات و ڕوداوەکانی باشوری کوردستان ڕۆڵی کاریگەری گێڕاوە لە ڕەسمکردنی سیاسەتی دەوڵەتی تورک، هەروەک چۆن پاش پەیدابوونی مەهەپە ئەم ڕوداوانە دیسانەوە کاردانەوەی گرنگیان هەبووە لەسەر هەڵوێست و پەرچەکردارەکانی مەهەپەو دەوڵەتی قوڵ لە تورکیا.

حکومەتی شێخ مەحمود، کودەتای قاسم، شۆڕشی ئەیلول بەڕابەری موستەفا بارزانی، شۆڕشی نوێی پاش نسکۆی شۆڕشەکەی بارزانی بە ڕابەری یەکیەتی نشتیمانی و تاڵەبانی، قۆناغی ئەنفال و ڕاپەڕینی بەهاری 1991، حکومەتی هەرێمی کوردستان و شەڕی خۆکوژی کورد، هەرەسی دەسەڵاتی بەعس و بە دەستوری بوونی حکومەتی کوردستان، چەندین وێستگەی گرنگن، کە لە پەیوەندییەکانی تورکیا و باشوری کوردستان کاردانەوەی زۆر گرنگیان هەبووە، بەڵام هێندەی تایبەتە بەم نوسینە و مەهەپە و دەوڵەتی قوڵ لە تورکیا ڕەنگە ڕۆڵیان تێدا گێرابێت، رادەوەستین، بە تایبەت لەبیری نەکەین، کە بوونی کەمایەتیەکی تورکمان لە سنورەکانی باشوری کوردستان و ناوخۆی عێراقیش هەمیشە هۆکارێکی گرنگ بوون بۆ تورکیا، کە بەبایەخەوە گۆڕانکاری و پەرەسەندنەکانی باشوری کوردستان تەماشا بکات.

لە عێراقدا ڕەوشەکە وەکو تورکیا نەبوو، چونکە پێگەی عێراق بۆ ئەمەریکا بەهۆی بەرژەوەندییە جیۆسیاسی و جیۆئابورییەکانەوە هاوشێوەی تورکیا نەبوو، بۆیە بەریتانیا لە جیاتی ئەمەریکا ڕۆڵی دژایەتیکردنی ڕەوتی کۆمۆنیست و بلۆکی خۆرهەڵاتی لە ئەستۆ گرتبوو. پێشتر بەریتانیا لە دژی یەکیەتی سۆڤیەت و ئەڵمانیا و ئیتاليا، خوازیاری پتەوکردنی پێگەی خۆی بوو، بۆیە پەیمانی سەعد ئاباد لە ساڵی 1937، کە هەر خودی بەریتانیا ئەندازیارەکەی بوو لە نێوان تورکیا و ئێران و عێراق و( پاشان ئەفغانستانیش هاتە ناوەوە) مۆرکرا. هۆکاری پابەندبوونی زۆربەی ئەو دەوڵەتانە بە تایبەت عێراق و تورکیا و ئێران زیاتر دژایەتیکردنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بوو.

برەوسەندنی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی لە ناوچەکەدا بەریتانیاو پەیمانی ناتۆی نیگەران کردبوو. ئەوان لە لایەک دەوڵەتی تورکیان بە تەواوی وابەستە بە پەیمانەکەوە کرد، بەڵام بۆ ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا داهێنانێکی دیکەیان کرد. پێشتر لە ساڵی 1954 پەیمانی سیاتۆ (SEATO-Southeast Asia Treaty Organisation) بۆ بەرەنگار بوونەوەی هەڕەشەکانی کۆمۆنیزم لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا لە لایەن بەریتانیا و فەرەنسا داڕێژراو هەریەکە لە پاکستان و تایلاند و فلیپینیش بوونە ئەندامی، بەڵام بۆ بەستنەوەو پابەندکردنی زیاتری ناوچەکە ساڵی 1955 پەیمانی 'سەنتۆ' یان (SENTO- Central Treaty Organisation) داڕشت. ئەم پەیمانە، کە بەپەیمانی بەغداش ناسراوە، جگە لە بەریتانیا خۆی عێراق و تورکیا و ئێران و پاکستانیش مۆریانکرد، کە بێگومان بە ئاشکرا دەردەکەوێت، ئامانج لەم پەیمانە گەمارۆدانی یەکێتی سۆڤیەت بوو. [1]

بەمجۆرە ئەمەریکا و بەریتانیا نەک ئەندامانی پەیمانی بەغدا، بەڵکو ئەندامانی پەیمانی سیاتۆشیان بەستەوە بە پەیمانی ناتۆ، بەڵام کودەتای قاسم هەموو کارتەکانی لەدەستی ئەواندا شێواندو ریسەکەی لێکردنەوە بە خوری.

ئەمەریکاو بەریتانیا و تورکیا و ئێران، لە دژی کودەتای چواردەی گەلاوێژی 1958ی قاسم بوون، چونکە ئەوان لەو باوەڕەدا بوون، کە ئەمە دژی پەیمانی بەغدایە...

کونسولی بەریتانی لە ئەستەنبول لەم بارەوە لە بروسکەیەکی نهێنیدا ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەم کودەتایە رەنگە کوردەکانی عێراق هانبدات، کە سەربەخۆیی خۆیان راگەیەنن، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی، کە تورکیا و ئێران پەرچەکرداری خراپ بنوێنن، بە دووری نازانین، کە تورکیا بیر لە داگیرکردنی ناوچە کوردیەکانی سەربە ویلایەتی جارانی موسل بکاتەوە، تەنانەت رەنگە بیر لەوەش بکەنەوە، کە لاوازی

[1] Yvan van den Berghe, De koude Oorlog 1917-1991, Acco Leuven/ Leusden, Amersfoort, Nederland,2002, bld 186-187.

حکومەتی عێراق بقۆزنەوەو شاری کەرکوکیش داگیر بکەن، چونکە لەو شارەدا تورکمانێکی زۆر هەن. [1]

باڵیۆزخانەی بەریتانیش لە ئەنقەرە هەمان نیگەرانییەکانی خۆی بۆ حکومەتی ئینگلیز رەوانە دەکات. لە بروسکەیەکی خۆیدا، کە رۆژی 12ی مانگی ئۆگستۆسی 1958 ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی کردووە، ئاماژە بۆ ترسی بوونە ئەندامی عێراق دەکات لە کۆماری عەرەبی یەکگرتوو، ئەمەش رەنگە تورکیا ناچار بکات هەڵویستی توند بنوێنێت. لە وەڵامی ئەم بروسکەیەشدا وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئێران و تورکیا بەبێ هاوکاری ئەمەریکا ئەم کارە ناکەن. [2]

حکومەتی تورکیاش بە هەمان شێوە نیگەرانی خۆی نەشاردەوە، لە رۆژی بەرپابوونی کودەتادا راگەیەندنێکی فەرمی بڵاوکردەوە و تیایدا راستەوخۆ دژایەتی کودەتا دەکات و دەڵێت ( ئەم کودەتایە بۆ لەناوبردنی پەیمانی بەغدایە، کە سەرچاوەی پاراستنی ئاشتی و سەقامگیرییە لە خۆرهەڵاتی ناوین، هەڵبژاردنی رۆژی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئەو پەیمانەش بۆ رۆژی کودەتا باشترین بەڵگەی ئەوەیە). هەر لە سەروبەندی ئەم کودەتایەدا تورکیا چەندین یەکەی سوپای خۆی رەوانەی سنورەکانی باشوری کوردستان کرد و لە بەرامبەر ئەمەشدا یەکیەتی سۆڤیەت هۆشدارییەکی زۆر توندی دا بە تورکیاو ئۆباڵی هەر پەرچەکردارێکی سۆڤیەتیشی خستە گەردنی تورکیا. [3]

بوونی، کەمایەتییەکی تورکمانی لە عێراقدا هەمیشە بیانوی ئەوەی بە تورکیا داوە، کە خەونی گەڕانەوەی ویلایەتی موسل بۆ سەر جوگرافیای خۆی نوێ بکاتەوە.

بەڵام ئەگەر کەمێک بگەڕینەوە بۆ پێشتر، ئەوە سەرنجی ئەوە دەدەین، کە تورکیا هەمیشە لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا بایەخی بە کەمایەتی

---

[1] د. مكرم الطالباني، كردستان و التركمان، اقليم كردستان، السليمانية، مطبعة خاك، الطبعة الاولى، 2005 لاپەڕەی45-44.

[2] د. مكرم الطالباني، هەمان سەرچاوە لاپەڕەکانی 46-47.

[3] د. مكرم الطالباني لاپەڕەی 49 .

تورکمانی نێو عێراق و هەرێمی کوردستان داوە، بەبۆنەی مۆرکردنی پەیمانی سەعدئابادەوە وەزیری دەرەوەی ئەو کاتەی تورکیا تۆفیق روشدی بە هاندانی حکومەتی عێراق لە دژی کورد، سەردانی کەرکوکی کرد و هەندێک لە تورکمانەکانی ئەو شارەش بە ئاڵای تورکیاوە پێشوازیان کرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لە نێوان تورکمان و کوردەکانی سەر بەپارتی هیوا ئاژاوەیەکی گەورە رووبدات.[1]

تورکمانەکانی عێراق، کەرکوک بە مەڵبەند و هەرێمی خۆیان دەزانن، ئەوان هەرگیز لەپاش شکستی دەوڵەتی عوسمانی و کۆتایی هاتنی خەلافەتیان لە عێراق و پاشان دروستبوونی دەوڵەتی عێراق، وابەستەیی خۆیان بە تورکیاوە کۆتایی نەهێناوە. ئەوان لە هەموو راپرسییەکانی ناوچەکەدا هەمیشە دەنگیان بۆ ئەوە داوە، کە باکوری عێراق و ناوچە کۆنەکانی ژێر دەسەڵاتی ویلایەتی موسڵ بگەرێنەوە ژێر دەسەڵاتی تورکیا، تەنانەت ئەوان دژ بە دانانی فەیسەلی کوڕی شەریف بوون بە پاشای عێراق.

هۆکاری ئەم وابەستەبوونەش تەنها تورکمانەکان خۆیان نەبوون، بەڵکو هاوشێوەی پرسی کورد، تورکمانەکانیش وەک نەتەوەیەکی کەمایەتی لە عێراقدا بەهرەمەند نەبوون بە مافەکانی خۆیان، ئەوان بەرامبەر بەم چەوساندنەوەیە وەک پشت وپەنا هەمیشە چاویان لە تورکیا بووە. هەتا ئەمرۆشی لەسەر بێت هەستی ئینتیما بۆ تورکیا و هزری تۆرانیزم لەناو تورکمانەکاندا لە هەموو ئینتیمایەکی دیکە بەهێزترە. هەر کاتێکیش هەر بەرپرسێکی تورک سەردانی ئەو شارەی کردبێت ئەو هەستە بە تەواوی لە لایەن بەشێک لە تورکمانەکانەوە گوزارشتی لێوەکراوە.

لە کاتی مۆرکردنی پەیمانی بەغدا، لە ساڵی 1955، کە لە بنەڕەتدا بۆ پێشگرتن بە بڵاوبوونەوەی کۆمۆنیزم لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین گرێدرا، سەرۆک وەزیرانی ئەو دەمەی تورکیا عەدنان مەندەریس،

[1] د. مکرم الطالباني 68-69.

سەردانی کەرکوکی کرد و لە لایەن هەندێک لە تورکمانەکانەوە پێشوازی گەرمی لێکراو لە لایەن هەندێکی دیکەشیانەوە دژایەتی کرا، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی، کە ناوبراو لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ تورکمانەکان بە ئاشکرا بڵێت ( ئەگەر ئێوە خۆتان بە هاوڵاتی تورکیا دەزانن ئەی بۆچی لە دەنگدانەدا بەشداریتان نەکرد؟ ئەگەر هاوڵاتی عێراقیشن ئێوە چ کاریگەرتان بەسەر خەڵکی تورکیاوە هەیە، کە من هەڵدەبژێرێت یان عیسمەت ئینونو). [1]

رۆژی 29-4-1976 فەخری قور تورک سەرۆک وەزیرانی ئەو دەمەی تورکیا دەگاتە کەرکوک و لە ناو باڵەخانەی پارێزگادا لەلایەن نزیکەی هەفتا کەسەوە پێشوازی دەکرێت و لە سەردانەکەشیدا بۆ ناوەندی کەلتووری تورکمان لە کەرکوک دیسانەوە لە لایەن 300 کەسەوە پێشوازیلێکراوە، لەم پێشوازییەدا چەندین هوتاف و دروشمی ناشیۆنالیستانە وترانەوە کە گوزارشت بوون لە هزری تۆرانیزم لەوانەش ( ئێمە پشتوانی تورکین و پێکەوە دەژین و دەمرین، بژی گەلی تورک، کەرکوک تورکیەو بە تورکی دەمێنێتەوە، لە مۆسکۆ هەتا کەرکوک مافی تورکمان دەوێت). ئەندامانی وەفدە تورکییەکە لەگەڵ چەند کەسێکی ئەندامانی ناوەندەکە قسەوباسیان کردووە، ئەندامانی ناوەندەکەش لەبارەی ئەم بابەتانەوە گفتوگۆیان کردووە:-

(زوڵمێکی زۆر لە لایەن عەرەبەکانەوە بەرامبەر بە تورکمان دەکرێت،ماڵ و موڵک و زەوی و زارەکانیان زەوت دەکرێت و دەدرێت بە عەرەب، فەرمانبەرانی تورکمان بەرەو شارە عەرەبییەکان دەگوێزرێنەوە، قسەکردن بە زمانی تورکمانی لە هەموو دامودەزگاکاندا قەدەغەیە لێمان، دەمانەوێت بەتەنها چاوپێکەوتن ئەنجام بدەین لەگەڵتاندا. پاش گەڕانەوەی ئەم وەفدە هەمووومان دەخرێینە ناو زیندانەوە، بۆچی تورکیا چارەسەری گرفتی تورکمان ناکات لەگەڵ عێراقیەکاندا لە کاتێکدا دوو ملیۆن تورکمان

[1] د. مكرم الطالباني 68-69.

دەچەوسێنێتەوە. بۆ ئەوەی لە قوبروس بۆ تورکمانەکانی دەکەن لە عێراقدا دووبارەی ناکەنەوە؟) [1]

ئەگەرچی تورکمان بەرامبەر بە دەسەڵاتە جیاوازەکانی عێراق هەمیشە بەرگریان لە مافەکانی خۆیان کردووەو ئەمە لە خۆپیشاندان و کۆبوونەوەکانیاندا رەنگیداوەتەوە، بەڵام دەوڵەتی تورکیا هەمیشە هەوڵیداوە مەسەلەی رەوای نەتەوەی تورکمان وەک کارتێکی سیاسی و ئەمنی لە بەرژەوەندی باڵای خۆیدا لە دژی دەوڵەتی عێراق بە پلەی یەکەم و نەتەوەی کورد بە پلەی دووەم بەکاربهێنێت. بۆیە هەرگیز رۆژێک لە رۆژان بایەخی تورکیا بە پرسی تورکمان کەمی نەکردووە.

کاتی دەسەڵاتی بەعس بەرلەوەی دیکتاتۆری عێراق دەسەڵاتی رەها بەدەستەوە بگرێت بە سەردەمی زێڕین بۆ تورکمانەکان ئەژمار دەکرێت، بەڵام لە دوای هەشتاکانی سەدەی بیستەم و هەڵگیرسانی جەنگی عێراق – ئێران و بەهۆی بوونی سیستەمێکی سەربازی و درندەوە ئەم پرسە تارادەیەکی زۆر توشی چەقبەستن بوو، بەڵام لە سەر ئاستی دبلۆماسی و سیاسی و ستراتیژیدا دەوڵەتی تورک هەرگیز ئەم پرسەی لەبەردەم خۆیدا لانەبردووەو هەمیشە بۆ چەسپاندن و زیاد کردنی پێگەی خۆی لە عێرقدا ئەم پرسەی بەرامبەر بە دەسەڵاتی عێراقی بەکارهێناوەو مافەکانی تورکمانی کردۆتە پاساو بۆ زۆرێک لە کارەکانی خۆی لە ناو سنوری عێراقدا.

بۆ یەکەمجار لە رۆژی 24-1-1970 ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس، بڕیاری سەلماندنی مافە کەلتورییەکانی تورکمانی لە عێراقدا دەرکرد، بەپێی ئەم بڕیارە چەند بەڕێوەبەرایەتیەکی تایبەت بە فەرهەنگی تورکمان دروستکران، هەروەها گۆڤاری ( برایەتی- الاخاء) بە زمانی تورکمانی دەرکرا، وێرای کردنەوەی بەرنامەی تورکمانی لە تەلەفیزیۆنی کەرکوک. [2]

---

[1] راپۆرتی دەزگای هەواڵگری عێراق واقع الترکمان في کرکوک بەبێ ساڵ و رۆژ و مانگ و ناوی لایەنی راپۆرت12-13 .

[2] هەمان راپۆرتی پێشوو لاپەڕە 11.

ئیتر لە سەرەتای هەفتاکانەوە بە تایبەت، کە شۆڕشی کوردیش بە سەرۆکایەتی خوالێخۆش بوو موستەفا بارزانی لە هەرەتی گەنجی و هێزی خۆیدا بوو، تورکمانەکانیش لە سێبەری ئەم شۆڕشەدا توانیان لانیکەم بە شێوەیەکی فراوانتر و ئاشکراتر گوزارشت لە بوونی خۆیان بکەن و لە چەندین شاری وەک بەغدا و کەرکوک و موسل یانەی تورکمانی کرانەوە.

**سەرەتای دزەکردنی مەهەپە بۆ باشوری کوردستان**

بۆچی تورکمانەکان لە عێراقدا هەمیشە دژی کۆمۆنیستەکان وەستاون؟ بۆچی لە کاتی دەستبەکار بوونی قاسم ئیتر تورکمانەکان بوون بە دوژمنی ئەو رژێمە؟ دۆزینەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە نهێنی دزەکردنی مەهەپەو گورگە بۆرەکان بۆ باشوری کوردستان بەگشتی و بۆ ناو تورکمانەکانی نێو چوارچێوەی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی لە شەستەکانەوە بۆ ئاشکرا دەکات.

تۆرانیزم هەمیشە لە ناو تورکمانەکانی عێراقدا ئامادەیی هەبووە، رەنگە وەک رێکخراوی سیاسی لە سەردەمی پاشایەتیدا بوونیان نەبووبێت، بەڵام وەک بانگەشەو هزری سیاسی هەمیشە تورانیەکان بوونیان هەبووە. پێدەچێت قاسم لە هەموو کەس زیاتر مەترسی تورکیای بۆ سەر عێراق بەهەند وەرگرتبێت. هەر لەبەر ئەمەشە لە سەردەمی قاسمدا زۆرترین کەسانی تورکمانی تۆرانی لە سێدارە دراون، کە ژمارەیان دەیان کەس بووە.

مەسعود بارزانی لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی ( البارزاني و الحركة التحررية الكردية- 1958-1961) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە کاتێک موستەفا بارزانی سەردانی کەرکوک دەکات، یەکێک لەئەفسەرە تۆرانیەکانی فیرقەی دووەمی سوپا لە کەرکوک بەناوی (هیدایەت ئەرسەلان) پیلانی ئەوەی گێراوە بۆمبێک لەنێو ئەو فڕۆکەیەدا بنێتەوە، کە بارزانی هەڵدەگرێت، بەڵام یەکێک لە ئەفسەرە کوردەکان بەو پیلانە دەزانێت و

پــوچەڵی دەکــاتەوە، ئەو ئەفســـەرە لە ڕۆژی مەراســیمی بەڕێخســـتنی بارزانی لە کەرکوک بە نۆبەی دڵ دەمرێنت.. [١]

پــاش دروســتبوونی مەهەپە و گــورگە بۆرەکــان لە تورکیــا، وەک لە سەرەتای ئەم کتێبەدا ئاماژەمان بۆ کرد، ناوەندە جاسوسیەکانی ئینگلیز و ئەمەریکا و ناتۆ لە هەوڵی ئەوەدا بوون، کە ئەم ڕەوتە لە بەرژەوەندی خۆیان بەکار بێنن، چونکە کودەتاکەی قاسم لە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەوان دەوەســـتایەوەو ترســـی ئەوەیـــان هەبـــوو، کە قاســـم لەگەڵ کۆمۆنیستەکانی عێراقدا هاوپەیمانی ساز بکات.

لە ســەروبەندی جەنگی عێـراق و ئێرانـدا، تورکیـا زۆر خـۆی لەقەرەی ئەو بابەتە نەدەدا، هۆکاری ئەمەش ئەوە بوو، کە تورکیـا و پەیمانی نـاتۆ پشتگیری عێراقیان دەکرد لەو شـەڕەدا. بۆیە پەیوەندی بازرگانی نێوان تورکیـا و عێـراق زۆر گەرم بـوو، هەر ئەمەش هۆکـاری ئەوە بـوو، کە تورکیا کەمتر ئاماژە بۆ تورکمانەکان بکات، کەچی حکومەتی عێراق بۆ ڕاگیرکردنی دڵی تورکیا قایل بوو بەوەی، کە ڕۆژی 26ی فێبریوەی ساڵی 1980 تورکیـا کونسـولگەری خـۆی لە موسـل بکـاتەوە، ئەمەش لە لایەن عێراقەوە لە پێناو ئەوەدا بوو، کە تورکیا بەردەوام بێت لە هاوکاریەکانی بۆ عێراق، هەروەهـا نیگەرانـی تورکیـاش سـەبارەت بە تورکمانەکانی ئەو ناوچانە بڕەوێنێتەوە. [٢]

بایەخـدان بە پرسـی تورکمانەکـانی عێـراق و هەرێمـی کوردسـتان، بە تـایبەت شـاری کەرکـوک، هەتـا ئەمـڕۆش بەردەوامـی هەیە و کەسـایەتیە جیاوازەکـانی دەوڵەتـی تـورک بەردەوام لە هەوڵـی ئەوەدان ئەم پرســە وەک کارتی فشار وەبیر هەموو لایەنەکان بهێننەوە.

لە پــاش ڕاپەڕینــی بەهــاری 1991 هەروەک لە چەنــدین بەشــی ئەم نوسینەدا ئاماژەمان بۆ کردەوە تورکیـا هەمیشـە ئامـانجی ئەوە بـووە، کە لە ڕێگـای تورکمانەکـانەوە بتوانێـت پـێگەی خـۆی بەهێـز بکـات، بـۆیە

---

[١] هەمان سەرچاوەی پێشوو مکرم تاڵەبانی 70.

[٢] د. ولید رضوان، العلاقات العربیة – الترکیة في القرن العشرین، دار عبدالمنعم، الطبعة الاولی، سوریا، دیمشق، 2004، ص203.

هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بووە کەمینەی تورکمان بکاتە لایەنگرو کارتی سیاسی بۆ خۆی، لەو ماوەیەدا تورکیا بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە هەوڵی کۆکردنەوەی تورکمانەکان و رێکخستنیاندا بووە لە چوارچێوەیەکی سیاسیدا. گرفتی سەرەکی تورکیا لەم کارەیدا ئەوە بووە، کە تورکمانەکانیش دابەش بوون بەسەر ئاینزای شیعەو سونەدا بۆیە رێکخستنی ئەوان لە یەک پارتدا زۆر ئاستەم بووە بۆ تورکیا، چونکە ئێرانیش لەملاوە بەردەوام هەوڵیداوە تورکمانەکان لە چوارچێوەی پارتە شیعەو لایەنگرەکانی خۆیدا کۆبکاتەوە، ئەمە وێرای ئەوەی چەندین لایەنی تورکمانی ئامادە نەبوون بچنە ژێر رکێفی تورکیا و لە دژی نەتەوەی کورد بکرێنە کارتی سیاسی بۆ تورکیا، بۆیە لە دوای راپەڕین قارچک ئاسا پارتی سیاسی تورکمانی هەڵدەتۆقین و لە ئاکامدا نزیکەی 24 پارتی سیاسی تورکمانی دروست بوون[١]، کە دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی دابەشیان بکەین بەسەر سێ رەوتی جیاوازدا؛ رەوتێک، کە بەتەواوی لایەنگری تورکیا بوون، رەوتێکیش، کە شیعەبوون و بە تەواوی لایەنگری ئێران بوون و دژ بە تورکیا بوون، رەوتێکی دیکەش لە بەرژەوەندی نەتەوەی تورکمان تا رادەیەک توانیویەتی بێلایەنی خۆی بپارێزێت یاخود لانی کەم خۆی نەکاتە دوژمنی گەلی کورد و پێکەوە ژیان هەڵبژێرێت لە چوارچێوەی کوردستاندا.

زۆربەی ئەو پارتە تورکمانانەی لایەنگری تورکیا بوون، هەر لە تورکیاو بە سەرپەرشتی دەزگا جیاوازەکانی تورکیا دروستبوون و بە تەواوی بوون بەبەشێک لە رۆژەڤی سیاسی تورکیا و هەموو جۆرە پارەو هاوکارییەکیان لە تورکیا وەرگرتووەو بە تەواوی هەمان سیاسەتی تۆرانیەتی تورکە نەژادپەرستەکانیان پیادەکردووە، شەش لەو

[١] محەمەد فاتح، حزب وریکخراوە سیاسیە عێراقییەکان 1910-2010، ئەکادیمای هۆشیاری و پیگەیاندنی کادیران،چاپی یەکەم، هەرێمی کوردستان، سلێمانی 2012 لاپەڕە 143.

پارتانە لە رۆژی 5 ی ئاپرلّی 1995 پاش سازدانی چەندین کۆبوونەوە لە ئەنکەرە خۆیان وەک بەرەی تورکمانی راگەیاند. [١]

راگەیاندنی بەرەی تورکمانی لە ئەنکەرە بۆ خۆی ئاماژەی تەواوی ئەوە بەدەستەوە دەدات، کە ئەم بەرەیە لە داهاتوودا دەبێتە هێزێکی دەستکەلای تورکیا بۆ دەستخستنە نێو کاروباری هەرێمی کوردستان و عێراق، لە راستیدا ئەم قسەیەش هەروا بەبێ هیچ بەڵگەیەک نەکراوە، چونکە دەیان سەرچاوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە ئەو بەرەیە بە چەندین رێکەوتنی نهێنی خۆی بە دەزگای میتی تورکی و ئەرگەنەکۆنی تورکەوە بەستۆتەوە و پەیوەندی راستەوخۆی ئەم بەرەیەش بە فەرمی لە ساڵی 2008 لە فەرماندەی گشتی سوپا وەرگیرایەوەو رادەستی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا کرا.

سەردانەکەی داود ئۆغلۆ بۆ کوردستان و سەردانی هەولێر و کەرکوک سەرۆکی پارتی گەلیی نەژاردپەرستی تورک MHP بەنیازی ئەوە بوو لە یەکەم رۆژی جەژنی رەمەزانی 21ی مانگی ئۆگستۆسی 2012 سەردانی کەرکوک بکات، تورکمانە نەژادپەرستەکانی دۆستی مەهەپە بە نیازی ئەوە بوون ئەو سەردانە بکەنە پروپاگەندەی نەتەوەپەرستی و لە دژی کورد بە کاری بێنن، بەڵام بەهۆی ململانێ ی سیاسی لە نێوان تورکیا و عێراق لە لایەک و نارەزایی کورد و شیعە لە شارەکە، حکومەتی عێراق ئامادە نەبوو ڤیزای هاتنە ژورەوە بە دەوڵەت باخچەلی بدات، سەرۆکی MHP دەوڵەت باخچەلی بەئامانجی ئەوەی مۆری هەرێمی کوردستان لەسەر پاسپۆرتەکەی نەدرێت ویستبووی بەرێگەی موسڵ خۆی بگەیەنێتە ناوچەکە، بۆ ئەوەش داوای لە وەزارەتی دەرەوەی عێراق کردبوو ڤیزای بۆ بکەن تا رۆژی جەژن بتوانێت لەگەڵ گروپێک لە تورکمانە هاوبیرەکانی خۆی لە مزگەوتی نور نوێژی جەژن بکات.

---

[١] محەمەد فاتح، هەمان سەرچاوە، لاپەرە 146.

هەروەها کەمال کڵچدار ئۆغلۆی(Kemal Kılıçdaroğlu) سەرۆکی پارتی جەهەپە (GHP)لە رۆژی 20ی مانگی ئۆگستۆسی 2013سەردانی بەغدای کرد، بەڵام نەیتوانی بڕوات بۆ کەرکوک هەرچەندە لە بەرنامەشیدا هەبوو.

**پەکەکە لە باشوری کوردستان**

لە هەمان ئەو ماوەیەی، کە پەکەکە سەرقاڵی خۆڕێکخستن بوو، لە باشوری کوردستانیش بزوتنەوەیەکی نوێ پاش نسکۆی شۆڕشەکەی بارزانی لە گۆڕێدا بوو. ئەو بزوتنەوە نوێیە بە رابەری بەڕێز جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری ئێستای عێراق بوو. دروستبوونی ئەم رێکخراوە سیاسییە بۆ تورکیا سەرلەنوێ پەیدابوونەوەی سەرئێشەو گرفت بوو، چونکە ئەم پارتە بە نەزمێکی نوێ خەباتی دەکرد و لە پرۆگرام و پەیڕەوی خۆیدا تەواو کوردستانی بوو.

هیچ جۆرە پەیوەندییەکی سیاسی و دبلۆماسی تاڵەبانی لەگەڵ دەوڵەتی تورکدا نەبوو، بەڵکو تاڵەبانی پەیوەندی باشی لەگەڵ هێزە دیموکراتخواز و سۆشیالیست و چەپەکانی تورکدا گرێدا. تاڵەبانی و یەکیەتی پەیوەندییان لەگەڵ چەند پارتێکی کوردیدا هەبوو لەوانەش پارتی سوشیالیستی کوردستانی تورکیا، پارتی ئازادی کوردستان بە رابەرایەتی نەجمەدین بیوک کایا و پارتی ئاڵای رزگاری [1].

پەکەکە، بەر لە کودەتای ساڵی 1980 و پاش کودەتاش ئیتر بڕیاری یەکلاکەرەوەی خۆی دابوو کە خەباتی چەکداری و شەڕی پێشمەرگانە بکاتە یەکێک لەشێوازەکانی خەباتی خۆی. لە سەرەتای هەشتاکاندا ئیتر ناوچە دوور دەستەکانی باشوری کوردستان بوون بە بەرەی پشتەوەی شەڕڤانەکانی پەکەکە. هێزەکانی پەکەکە لە ناوچە سنوریەکانی باشوردا راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەهرەمەند بوون لە پشتیوانی و هاوکاری

---

[1] سالار أوسي، جلال طالباني، أحداث و مواقف، الطبعة الثانية دار الينابيع، سوريا، ديمشق، 2008 لاپەڕە 119.

هێزەکانی باشور بە تایبەت هێزەکانی یەکیەتی نشتیمانی کوردستان. یەکیەتی ئەم هاوکاری و پشتیوانییەی خۆی نەشاردۆتەوەو بە ئاشکرا باسی کردووە تەنانەت لە ساڵی 1987 دا هێزەکانی یەکیەتی دوو بارمتەی تورکیان دەستگیرکرد، ئامانجیش لەم کارە فشارخستنە سەر دەوڵەتی تورکیا بوو بۆ ئەوەی پرۆفیسۆر ئیسماعیل بێشکچی و مەهدی زانا و کۆمەڵێک زیندانیانی دیکەی تورک و کورد ئازاد بکات.[١]

شۆڕش نەک تەنها لە باشوری کوردستان گەرم بوو، بەڵکو جگە لە پەکەکە چەندین پارتی سیاسی دیکەی کوردی هێزی چەکداریان لەسەر سنورەکان کۆکردبۆوە، ئەمەش تورکیای زۆر نیگەران کردبوو، بۆیە هەروەک لە بەشەکانی پێشەوەی ئەم کتێبە باسمان کرد، تورکیا و عێراق پێکەوە رێکەوتن بۆ لەناوبردنی شۆڕش و نەتەوەی کورد، بۆیە هەردوولا ساڵی 1982 لە ئەنقەرە، رێکەوتنێکیان مۆرکرد بە ناوی راوەدوونانی گەرم (المطاردة الساخنة) و سوپای تورکیا لە رۆژەکانی 26-28/ مایسی/1983 لەژێر ناوی ئیکپرێس 83 بەقوڵایی 25 میل سنوری عێراقی بەزاندو بۆ یەکەم جار کەوتە گیانی شەڕڤانەکانی هەردوو دیوی کوردستان.

راپەڕینی بەهاری 1991 بۆ یەکەمجار گەورەترین دەرگای سیاسی و سەربازی بە رووی پەکەکەدا کردەوە، چونکە وێرای ئەوەی باشوری کوردستان لە یەکێک لە رژێمە خوێنخۆرو دژ بە کوردەکانی داگیرکەری کوردستان پاککرایەوە، پەکەکە توانی لە جوگرافیایەکی فراوانترو لەنێو پانتاییەکی سیاسی زۆر گەورەتردا پەرە بە شۆڕش و بڵاوکردنەوەی رەوتی شۆڕشگێڕی خۆی بدات و نمونەی پارتەکەی خۆی بۆ یەکەمجار لە باشوری کوردستانیش دروست بکات. دەتوانین هەنگاوەکانی تەشەنەسەندنی بیری پەکەکە یاخود ئۆجەلانیزم لە باشوری کوردستاندا لە سێ قۆناغی جیاوازدا کورت بکەینەوە.

---

[١] سالار أوسي، هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 120.

یەکەم- قۆناغی یەکەمی پەیدابوون و سەرهەڵدانی پەکەکە لە باشوری کوردستان، ئەم قۆناغە لە دروستبوونی پارتی ئازادی کوردستان (پاک)دا خۆی دەبینیتەوە،هەرچەندە پاک لە رۆژی 1-4-1992 دروست بوو، بەڵام لە یەکەم کۆنگرەی خۆیاندا ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئەم پارتە بە فەرمی لە رۆژی 8-6-1992 لە دروستبوون و گەشەپیدانی ئەم پارتەدا ئەو کوردانە ی باشور، کە لە ساڵانی هەشتاکاندا پەیوەندیان بە پەکەکەوە کردوەو لە سەربازگاکانی سوریا و لوبنانی ئەو پارتە پەروەردەکرابوون، رۆڵی گرنگیان گێڕاوە. رەنگە بتوانین وەک نمونە لێرەدا ئاماژە بە رۆڵی دکتور سیراون بکەین، کە بەپێی زانیارییەکانی ئەو پارتە، لە رۆژی 4-6-1996 لە گوندی قەڵاچوغەی سەی کەریم لە ناوچەی ئاخجەلەر بەدەستی هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کوژراوە . [1]

ئەم پارتە لە بڵاوکردنەوەی ئەدەبیات و فەلسەفەو ئایدۆلۆژیای پەکەکە لە باشوری کوردستان رۆڵی گرنگی گێڕاوە، لە ماوەیەکی پێوانەیی زۆر کەمدا توانی زۆر بە خێرایی لە باشوری کوردستاندا لایەنگر بۆ خۆی پەیدا بکات. لە یەکەم کۆنگرەی خۆیدا لە ساڵی 1992 رێبازی سیاسی خۆی راستەوخۆ بە پەکەکەوە دەبەستێتەوە، لەم بارەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ( دەرکەوتنی پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە و رۆڵی رێبەرایەتی مێژوویی پرۆلیتاری لەو کێشانەدا دەبێتە هێزێکی خولقێنەری پەرەسەندن لەو رێبازەدا و لە دایکبوونی پارتی ئازادی کوردستان درێژکراوەی راستی سەرکردایەتییە لە پاکدا، کە رۆڵێکی دیارو ئاشکرا دەبینێت بۆ پەرەپێدانی خەبات لە مەیدانی باشوردا). [2]

ئەم پارتە لە کۆنگرەکەی خۆیدا هێندە جەخت لەسەر رێبازی و پەکەکەو ئۆجەلانیزم دەکاتەوە، کە زۆربەی یادو بۆنەکانی ئەو پارتەش بە فەرمی دەکاتە یادو بۆنەی فەرمی لە باشوری کوردستان. بۆ نمونە

---

[1] کۆمنینی راگەیاندنی پەچەدەکە، د.سیروان، سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕ، هەرێمی کوردستان، سلێمانی، چاپخانەی رەنج، چاپی یەکەم، 2013 لاپەڕە 11.

[2] بڕیارەکانی کۆنگرەی یەکەمی پارتی ئازادی کوردستان پاک، لە بڵاوکراوەکانی پارتی ئازادی کوردستان، بەبێ مێژوو، بەبێ ناوی چاپخانەو شوێنی چاپکردن، لاپەڕە 51.

رۆژی 18 ی مـــایس بە رۆژی رەمـــزی شـــەهیدانی ئەنتەرناشـــیۆنالی دەناسـێت بەبـۆنەی شـەهید بـوونی (هەڤـاڵ حەقـی قەرار)، هەروەهـا رۆژی14ی تەمـوز بە رۆژی شـەرەفی نەتەوەیـی کوردسـتان نـاو دەبـات، چونکە لە و رۆژەدا هەڤالان (موحەمەد خەیری دورمیش و کەمال پیرو عاکیف یەڵماز و عەلی چیچەک) لە زیندانەکانی دیاربەکر شـەهید بـوون. ئەمە وێرای چەندین بۆنەو یادی تری تایبەت بە پەکەکە. [١]

دووەم- قۆناغی یەکیەتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان ( یەندک):

لەم قۆنـاغەدا پەکەکە لە باشـوری کوردسـتاندا هێنـدەی بـاوەڕی بەخـۆی پتەو بوو، کە بتوانێت وەک ئەڵتەرناتیڤی یەکیەتی و پارتی خۆی بناسێنێت بە تایبەت، کە ئەو دوو پارتە چەندین جار لە نێوان خۆیان و هێزەکانی دیکەی باشوری کوردستاندا شـەڕی خۆبەخۆیان هەڵدەگیرساند، ئەمەش هۆکارێکی راستەوخۆ بوو بۆ تەشەنەسەندنی خێرای ئیسلامی سیاسی لە لایەک و پەکەکە لە لایەکـــی دیـــکە. خۆناســـاندنی ئەو پـــارتە وەک ئەڵتەرنـاتیڤی یەکیەتـی و پـارتی وەک لە ناوەکەیـدا دیـارە، کە جـگە لە وشــەی (نەتەوەیـی) وەک بەرجەسـتەکردنی ئایـدۆلۆژیای پەکەکە نـاوی پارتەکە تێکەڵکردنی نـاوی هەردوو پـارتی نـاوبراوی یەکیەتی و پارتیە. لەم قۆنـاغەدا ئەنـدامان و لایەنگرانـی پـاک خۆیـان هەڵوەشـاندنەوەو لە ساڵی1994 دا یەندک دامەزراو لە کۆنفراسـی ئەو پارتەدا دکتۆر سیروان وەک سکرتێری گشتیی پارت دیاریکرا.

**سێیەم– قۆناغی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان:**

بڵاوبـوونەوەو تەشـەنەکردنی پەکەکە بـۆ تورکیـا جـێگەی قبـوڵ کـردن نەبـوو، بـۆیە فشــارێکی زۆر قورســیان خســتە ســەر هەردوو پــارتی دەســـەڵاتدار، کە رادەیەک بـــۆ تەشەنەســـەندنی ئەو پـــارتە دابنـــێن. رووداوەکـانی 31ی مـانگی ئـابی 1996 (یەنـدک)ی ناچـارکرد پاشەکشـە بـکەن بـۆ قـوڵایی هەرێمـی کوردسـتان و لە هەولێـر بکشـێنەوە، چـونکە

[١] هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕەی 108.

وێرای ئەوەی تورکیا فشاری زۆری دەخستە سەر پارتەکانی باشوری کوردستان، ململانێ و کێبەرکێیەکی توندیش لە نێوان پارتی دیموکرات و پارتی کرێکارانی کوردستان هەبوو. ئەندامانی یەندک لەو باوەڕەدا بوون، کە هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەمێکە خۆیان بۆ ئەمان مەڵاسداوەو بە نیازی ئەوەن گورزێکی کوشندەیان لێبوەشێنن، هەر بۆیەش لە سەروبەندی توندبوونەوەی شەڕی ناوخۆ ئەم پارتەش زەبری زۆری لێکەوت، وێرای ئەوەش باڵێکی نێو رێکخراوەکە، کە لە بنەڕەتدا پارتی دیموکرات خۆی دروستی کردبوو، بۆ زەبر وەشاندن لە رێکخراوەکە جیابوونەوەی خۆیان راگەیاند و لە ژێر ناوی هەمان پارتیدا واتە پارتی یەکیەتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، کارەکانی ئەو رێکخراوەیان درێژە پێداو هەمان رۆژنامەی( میدیا) شیان کردە زمانحاڵی خۆیان و کەسێکیش بەناوی غەفور مەخموری لە شوێنی دکتور سیروان کرایە بەرپرسی پارتەکە. پاش هێوربوونەوەی بارودۆخەکە، رێکخستنە راستەقینەکانی نزیک لە پارتی کرێکارانی کوردستان لە شاری هەولێر بەردەوامییان بە کارەکانی خۆیاندا، بەڵام لە رۆژی (16-5-1997) گورزێکی کوشندەی دیکەیان بەرکەوت و هەموو بنکەو بارەگاو دەزگاکانیان لە لایەن پارتی دیموکراتەوە کەوتە بەر هێرش و لە ئاکامدا وێرای زیانی مادی (70) کەسیان دەستگیرکران و هەتا ئەمڕۆش بێ سەروشوێن ماونەتەوە. بەپێی هەندێک زانیاری دزەکراو هەموو ئەو ئەندامانە رەشەکوژە کراون و لە گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە هەولێر نێژراون.

پاش ئەو گورزە کوشندەیە هەموو چالاکیەکانی ئەو پارتە لە ژێر دەسەڵاتی ناوچەی زەردی پارتیدا قەدەغەکران و وەک باڵێک لە پەکەکە تەماشا دەکران بۆیە ئەو پارتە ناچار بوو ماوەیەک خۆی سڕ بکات، پاش یەکگرتنەوەی هەر دوو ئیدارەی یەکیەتی و پارتی و هێوربوونەوەی بارودۆخەکە، لە ساڵی 2002 بەولاوە ئیتر سەرلەنوێ ئەم رێکخراوە لە ژێر ناوێکی تازەداو بەناوی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان، خۆی دامەزراندەوە، هەتا چەندین ساڵی رەبەق لە ژێر فشاری حکومەتی

تورکیـادا ئەم پـارتە وەک پـارتێکی فەرمـی، کە بتوانێـت بەشـداری لە پرۆسەی سیاسی وڵاتدا بکات، نەناسێنرا. بۆ یەکەمجار لە هەڵبژاردنەکانی 30-1-2005 توانی بە لیستی سەربەخۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکات.[١]

هەمـوو ئەو کەسـانەی بە درێژایی هەر سێ قۆنـاغەکە شـەهید بـوون، وەک شـەهیدانی پـارتی چارەسـەر هەژمـارکران، وێـرای ئەوەش هەمـوو شـەهیدانی باشـوری کوردسـتان، کە لەریزی پەکەکە شـەهید دەبـوون بە هەمان شێوە کەوتنە ئەستۆی ئەم پارتە. کۆی شەهیدانی ئەم رەوتە هەتا کۆتایی سالی 2012 بەپێی بڵاوکراوەکانی خـودی ئەو پـارتە 648 شـەهیدە، کە 29 کەسیان کچ بوون.[٢]

قۆنـاغی دوای راپەڕین لە باشـوری کوردسـتان قۆنـاغێکی زۆر گرنـگ بـوو لە سیاسـەتی تورکیـادا، چـونکە ئیتـر تورکیـا تەنهـا ترسـی لە کوردەکانی باکور نەبوو، بەڵکو ترس و دڵەڕاوکەی تورکیا لە کوردەکانی باشـوری کورسـتان و بەرێـوەبردنی هەرێمێکـی سـەربەخۆ لە لایەن ئەوانەوە بـۆ تورکیـا جـێگەی قایـل بـوون و رەزامەنـدی نەبـوو، بـۆیە بەهەمـوو توانـای خـۆیەوە کـاری بـۆ دەسـتەمۆکردن و لاوازکردنـی ئەو قەوارە لاواز و بێ پشتیوانە دەکرد. هێزو توانـای پەکەکەش هەتـا دەهـات زیاتر و تۆکمەتر دەبوو. راپەڕین هێنـدە بـۆ کوردەکـانی بـاکور کـاریگەرو گرنـگ بـوو، کە نەک ورەیـانی بەرز کـردەوە، بەڵکـو رزگـاری و سـەربەخۆبوونی لە خەونەوە کـردە راسـتی، چـونکە یەکەمجـار بـوو لە مێژووی نوێدا کورد قەوارەیەکی سیاسی نیمچە سـەربەخۆ دروسـتبکات، ئەمەش بـووە هۆکـاری ئەوەی، کە تێـزو بۆچـوون و فەلسـەفەی پەکەکە وەک راسـتی و دیفـاکتۆ تەماشـا بکرێت. لە دوای راپەڕینەوە ئیتـر تـای تەرازووی جەنگ بەلای بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان لە باکوردا سەنگینتر دەبوو، بۆیە تورکیا تەواو شێتگیر بوو. ژەنراڵەکانی سوپا پەیتا

[١] پێگەی ئەلکترۆنی ئەم پارتە http://pcdk.org.

[٢] پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان، زنجیرەی بیری رۆشنگەری، ژمارە 12، بەڵگە پەسەندکراوەکانی دووەمین کۆنفرانسی خانەوادەی شەهیدان ئۆکتۆبەری 2012 لاپەڕە 16.

پەیتا کۆبوونەوەیـان دەکـرد و بەڵێنـی لەنـاوبردنی پەکەکەو سـڕینەوەیان دەدا، بەبێ ئەوەی لە سەر زەوی هیچی ئەوتۆیان بۆ بکرێت!

تورکیـا پـاش راپەڕینـی 1991 بـۆ یەکەمجـار لە رۆژی 6ی مـانگی ئۆگستۆسی 1991 بە درێژایی سیازدە رۆژ هەرێمی کوردستانی بە فڕۆکە بۆمباران کرد، لە ماوەی نێوان مانگی ئۆگستۆسی 1991 هەتا مـانگی مەی 1997 هێزەکـانی تورکیا جگە لە 58 هێرشـی ئاسـمانی 13جـاریش هێرشـی زەمینیـان کـردە سـەر هەرێمـی کوردسـتان وێـرای 38 تۆپـارانی تۆپخانەکانیان.[1]

لەوەش زیاتر هەر لەژێر فشاری دەوڵەتی تورک و ئەمەریکا حکومەتی ئەوسـای کوردسـتان ناچـارکرا لە سـاڵی 1992 بچێـتە سـەنگەری دژ بە پەکەکەو جاڕی جەنگ لە دژی بدات. لە هەمان ساڵدا، وەزیـری بەرگری تورکیـا رایگەیانـد، کە تێچـوونی جەنـگ لە دژی پەکەکە سـاڵانە سـیازدە ملیـار دۆلار لەسـەر تورکیـا دەکەوێـت و تەنهـا یەک هەوڵ بـۆ کوشـتنی ئۆجەلان 80 ملیۆن دۆلاری تێچووە بەبێ ئەوەی ئەنجامێکی هەبێت![2]

شەڕ تاکە ستراتیژی تورکیا نەبوو، بەڵکو هەتا ئەمرۆش نـاو بە نـاو تورکیـا بـۆ کـۆکردنەوەی هێزەکـانی خـۆیی وپشـودانی سـەربازەکانی دانوستان وەک تاکتیکی سیاسی و سەربازی بەکار دەهێنێت، دەنا هـیچ کاتێک تورکیا نیەتی ئەوەی نەبووە گرفتی کورد لە باکوری کوردستان چارەسەر بکات، بەڵکو هەمیشە بۆ خۆدزینەوە لەو بارودۆخە ئاماژەی بە گرفتی تیرۆر کردووە.

تۆرکوت ئۆزال دڵنیا بوو لەوەی، کە چارەسەری سەربازی و شـەڕ لە دژی پەکەکە هـیچ ئەنجامێـک بەدەسـتەوە نـادات، بـۆیە داوای لە بەڕێـز تاڵەبـانی کـرد میـانگیری لە نێـوان حکـومەتی تورکیـا و پەکەکەدا بکـات، تاڵەبانی توانی سـەرۆکی پەکەکە عەبدوڵا ئۆجەلان لە ئازاری 1993 قایل بکات ئاگربەست راگەیەنێت، بەڵام کوژرانی چەند سـەربازێکی بێچەکی

---

[1] د.جلال عبدالله معوض، صناعة القرار في تركيا، مركز دراسات الوحدة العربية، لبنان، بيروت، الطبعة الاولى، 1998 ص 175.

[2] د.وليد رضوان ص 250.

تورک به دەستی شەمدین ساکیک (یەکێک لە سەرکردەکانی پەکەکە- کە پاشان ڕاگەیەنرا گویا ئەو باڵی کۆنترا گەریلای ناو پەکەکە بێت) هەروەها مردنی لە ناکاوی ئوزال بوونە هۆکاری ئەوەی دیسانەوە پەیوەندییەکانی تاڵەبانی و تورکیا تێکبچێت و دامەزراوەی سەربازی تاڵەبانی بە بوونی پەیوەندی لەگەڵ پەکەکە تۆمەتبار بکات.

ئەمە تەنها هەنگاوی کۆتایی تورکیا و دوژمنانی نەتەوەی کورد نەبوو، بەڵکو بە پیلانی سێ قۆڵی و کۆبوونەوەی بەردەوامی سێ مانگ جارێکی هەریەکە لە ئێران و تورکیا و سوریا و عێراق، توانرا شەڕی ناوخۆی نێوان هێزە کوردستانیەکان لە ڕۆژی 4-10-1994 بەرپا بکەن. بەرپابوونی شەڕی ناوخۆ باشترین دەرفەت بوو بۆ تورکیا بۆ ئەوەی زیاتر خۆی بخزێنێتە نێو گەمەی باشوری کوردستان و سیاسەتەکانی خۆی لەوێ پیادە بکات.

لە ڕۆژی 20ی ئاداری ساڵی 1995 لە کاتێکدا پارتە کوردییەکانی باشور سەرقاڵی شەڕی خۆکوژی بوون، هێزەکانی تورکیا لە یەکێک لە ئۆپراسیۆنە گەورەکانی خۆیاندا بە هێزێکی زەبەلاحەوە بەبێ هیچ دوودڵی و بەربەستێک سنورەکانی کوردستانی بەزاند و هاتە ژورەوە، پێشتر تورکیا تەنها بە بۆردومانی فڕۆکەو تۆپباران هێرشەکانی خۆی دەکرد و تەنها چەند کیلۆمەترێکی کەم هاتە ژورەوە، بەڵام ئەمجارە بە ئارەزووی خۆی تەراتێنی لەناو خاکی کوردستاندا دەکرد، تەنانەت ڕێگەی نەدا ڕێکەوتنی پاریس بە میانگیری سەرۆکی ئەوسای فەرەنسا، فرانسو میتەران سەربگرێت، ئەم ڕێکەوتنە کە بە مێژوویی بۆ پرسی کورد هەژمار دەکرا، لە ژێر فشاری تورکیاو ئەمەریکا گۆڕدرا بۆ ڕێکەوتنی دبلن لە ئیرلەندا. ئەم ڕێکەوتنەش وێرای ئەوەی، کە زۆر لە قازانجی تورکیادا بوو، دیسانەوە سەری نەگرت و شەڕی خۆکوژی بەردەوام بوو لە نێوان کوردانی باشور، هەتا سەرەنجام کارەساتی 31ی ئابی 1996ی لێکەوتەوە کاتێک هێزەکانی سەربە پارتی دیموکراتی کوردستان بە هاوکاری لەگەڵ سوپای گاردی کۆماری عێراق زەبرێکی

کوشندەیان لە هێزەکانی یەکیەتی نشتیمانی کوردستان وەشاند و جگە لە شاری هەولێر زۆربەی کوردستان کەوتە بن دەستی پارتی.

لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا، بەهۆی تێکشانی سەرلەنوێی هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و باڵادەستبوونەوەی هێزی نەیارەکەی بەسەر زۆربەی ناوچەکانی پێشوو جگە لە هەولێر، لە ژێر فشاری ئەمەریکا و تورکیادا لایەنە ناکۆکەکانی باشور، ڕێکەوتنی ئەنقەرەیان لە 31ی ئۆکتۆبەری 1996 مۆرکرد و بۆ یەکەمجار بوو، کە بەرەی تورکمانی هاوسۆزی دەوڵەتی تورک و مەهەپە، وەک هێزی ناوبژیوان لە تەواوی کوردستاندا بڵاوکرانەوە. ئەم ڕێکەوتنە جگە لەوەش دوو بڕگەی دیکەی لەخۆ دەگرت، کە یەکێکیان ئەوە بوو هەردوو لایەن پەکەکە وەک ڕێکخراوێکی تیرۆرست بناسن و چادرگەی پەنابەرەکانی باکوریش لە لایەنگرانی پەکەکە چۆڵ بکەن، بەڵام گرنگتر لەم دوو بڕگەیە، ئەوە بوو تورکیا بۆیەکەمجار توانی وەک هێزی سەربازی هەمیشەیی لە کوردستاندا بمێنێتەوە کاتێک لە ڕۆژی 1997-4-29 سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای تورکیا ڕایگەیاند، کە چەند یەکەیەکی سەربازی پێکهاتوو لە 400 سەربازو دەیان تانک و زرێپۆش بۆ چاودێری ئاگربەست لە بنکەیەکی سەربازی تایبەت بەخۆیان لە هەرێمەکەدا دەمێننەوە.[1]

ئەم هێزەی تورکیا، کە بە PMF ناسرابوو، هەتا کاتی نوسینی ئەم کتێبە (2014) لە هەرێمی کوردستاندا ماوەتەوە. لە چاوپێکەوتنێکی خۆیدا لەگەڵ جەنگیز چانداری ڕۆژنامەنوسی تورکیدا، بەڕێز مەسعود بارزانی دەڵێت ( بە ئاشکرا بۆتان باس دەکەم ئەو هێزە چی کردووە، جگە لە ناوبژیوانی ئێمەو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، هەموو کارێکی کرد، بەرەی تورکمانی عێراقیان پڕچەک کردو ڕاهێنانی سەربازییان پێکردن و

[1] د.جلال عبدالله معوض، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 172.

ئاسەوارە مێژووییەکانیان برد و قاچاخچێتی مادە هۆشبەرەکانیان کرد و تەنانەت هەوڵی تیرۆرکردنیشیان دەدا)[١]

لە کۆبوونەوەکانی دبلن لە ساڵی 1995 بۆ کۆتایی شەڕی ناوخۆ لە نێوان هێزە کوردییەکانی باشوری کوردستان، وەفدی تورکی داوایان لە هەردوو لایەنی کوردی کرد، کە راستەوخۆ پەکەکە بە پارتێکی تیرۆرست بناسن و پاراستنی ئاسایشی سنورەکانی تورکیا بخەنە ئەستۆی خۆیان و لە یەک سەنگەردا لەگەڵ تورکیا لە دژی پەکەکە شەڕبکەن. ئەمەریکا پرۆژەیەکی لە شەش خاڵدا خستەبەردەم تاڵەبانی، بەڵام تاڵەبانی تەنها پێنج خاڵی پەسەند کرد و خاڵی تایبەت بە شەڕ بەرامبەر بە پەکەکەی رەتکردەوە.[٢]

سەبارەت بە ئاگربەستیش لە هەمان چەپتەری دووەم- بڕگەی حەوتەمدا بەرەی تورکمانی وەک هێزی ناوبژیوان لە نێوان ئەو دوو پارتە جێگیر دەکات و لە بڕگەی هەژدەیەمیشدا داوای پێکهێنانی ئیدارەیەکی هاوبەش دەکات لە نێوان پارتە کوردییەکان و بەرەی تورکمان و کەمایەتییە کلدو ئاشوریەکان، هەروەها لە بڕگەی بیستویەکەمدا ئاماژە بۆ رێکەوتنی هەردوو لایەنەکە دەکات لەسەر رێگەگرتن لە چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان.

لەپاش روخانی رژێمی بەعس، تورکیا ناچار بوو پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵدا فۆرمەلە بکاتەوە، هەرچەندە ئەم کارە بۆ تورکیا وەک خواردنەوەی پەرداخێکی زەهر بوو، بەڵام هاتنە مەیدانی کورد وەک بەهێزترین و تۆکمەترین هێز لە عێراقدا، تورکیای ناچارکرد چاو بە سیاسەتەکانی خۆیدا بخشێنێتەوە، بۆیە ناچار بوو لەم چوارچێوەیەدا، کونسلخانەی خۆشی لە کوردستاندا بکاتەوەو سیاسەتێکی هێمنانەتر لە رێگای پەرەپێدانی بازرگانی بگرێتە بەر، پترۆڵ و گازی کوردستان رۆڵی بەرچاویان هەبوو لە

---

[١] رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە6282، رۆژی هەینی 2014-1-17 لاپەرە 15-14.

[٢] سالار أوسي، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە 126-127.

هێورکردنەوەی پەیوەندییەکانی هەردوولا، چونکە هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا دەرگای لەسەر گەورەترین دەستەکەوتی ئابوری بۆ تورکیا کردەوە، کە تورکیای ناچارکرد، نەک تەنها بیر لە ستراتیژی نوێ بکاتەوە بەرامبەر بە باشوری کوردستان، بەڵکو بیر لە شەراکەتی راستەقینەش بکاتەوە. کۆمپانیاکانی تورکیا روویان لە کوردستان کرد و دەستیان بە چنینەوەی دەستکەوتی مادی کرد، بەپێ هەندێک زانیاری، کۆمپانیاکانی سەر بە مەهەپە بەشی شێریان لەم کارانەدا بۆ خۆیان مسۆگەرکردوە، رۆژنامەی ئاوێنە لە ژمارەیەکی خۆیدا ئاماژەی بەوەدا، کە لە کۆی 1200 کۆمپانیای تورکی، کە لە هەرێمی کوردستاندان، رێژەی 75%ی کۆمپانیاکانی سەر بە مەهەپەن.[1]

رەنگە جگە هێرش و بۆمبارانەکانی تورکیا بۆ سەرهەرێمی کوردستان لە پاش رۆخانی رژێمی بەعسەوە، دیارترین کردەوەی مەهەپەو دەوڵەتی قوڵ لە تورکیا ئەو هەوڵەیان بێت، کە بۆ کوشتنی پارێزگاری کەرکوک دایان، لە رۆژی 13ی مانگی ژولی 2003 دا، بە گوێرەی ژەنراڵ ولیام مایڤیلە، فەرماندەی ئەو تیمە تایبەتەی ئەمەریکا، لەو رۆژەدا یازدە ئەفسەری تورکیان لە شاری سلێمانی دەستگیرکرد و تورەکەیان کردە سەریان، ئەو تیمە پیلانی تیرۆرکردنی عەبدولرەحمان موستەفا پارێزگاری کەرکوکیان دانابوو. مەبەستیشیان لەوە هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ بوو لە نێوان تورکمان و کوردا.[2]

[1] بڕوانە پێگەی ئەلکترۆنی رۆژنامەی ئاوێنە لە رۆژی 14-8-2012. هەروەها بڕوانە http://www.iraqhurr.org/content/article/24676943.html.

[2] گۆڤاری سەنتەر ژمارە 5 مارتی 2007 لاپەڕە 29 .

# بەشی چوارەم

# مەهەپەو گورگە بۆرەکان لە ئەوروپا

## مەهەپەو گورگەبۆرەکان لە ئەوروپا

لەنیـــوەی هەفتاکـــانی ســـەدەی بیســـتەمدا، مەهەپە لە ئەوروپـــاش ڕێکخراوەکـانی خـۆی دروسـتکرد، هۆکـاری سـەرەکی بـۆ ئەوەی، کە ئەوروپـــاش هاوشـــێوەی نـــاوخۆی تورکیـــا بکـــرێتە گۆڕەپانێـــک بـــۆ مانۆڤەرەکـانی مەهەپە، کـاریگەری ئەوروپـا بـوو لەسـەر کۆچبەرەکـانی تورکیا... لەو ماوەیەدا سێ جۆرە کۆچبەری تورکی لە ئەوروپا هەبوون، کە بۆ مەهەپەو گورگەبۆرەکان گرنگ بوون:-

یەکەم- ژمـارەیەک لە تـورکە خوێنـدەوارو ئەکـادیمی و بازرگانەکـان ماوەیەکی درێژ بوو لە ئەوروپا بوون، ئەمانە کەوتبوونە ژێر کـاریگەریی کەلتـورو فەرهەنگـی ئەوروپـاو پـێگەی گرنگـی ئەوانە بـۆ مەهەپە جێگـای بایەخ بوو.

دووەم- لە ڕێگای یاسای مافی کۆچبەری و پەنـابەرییەوە، ژمـارەیەکی بەرچـاو لە خەڵکـی تورکیـا لەوانەی، کە هەڵهـاتبوون، یـاخود بە فەرمـی هاتبوونە دەرەوە، یاخود لەو چەپانەی، کە مافی پەنابەری سیاسیان داوا دەکرد، ڕوویان لە ئەوروپا کردبوو. بەشی هەرە زۆری ئەمانە لەو چەپ و کـوردانە بـوون، کە بە تـایبەت لە پـاش کودەتـای سـاڵی هەشـتاوە تورکیایـــان بەجێهێشـــتبوو، بەڵام لە ئەوروپـــاوە بەردەوام بـــوون لە دژایەتیکردنی دەوڵەتی تورکیا.

دووەم- ژمـارەیەکی زۆر کرێکـاری تـورک لە پـاش جەنگـی دووەمـی جیهـانی بە گرێبەسـتی کـار بەرەو ئەوروپـا کۆچیـان کـرد، هۆکـاری ئەم کـۆچکردنەش ئەوە بـوو، کە زۆربەی وڵاتـانی ئەوروپـا لە پـاش جەنگـی دووەمی جیهانیدا دووچاری کاولکارییەکی زۆر خراپ ببون و پێویستیان بە سـەرلەنوێ بنیاتنـانەوەی وڵات بـوو، وێـرای ئەوەش لە نـاو ئەوروپـا بەهـۆی ئەو جەنـگەوە هێـزی کـار زەبـری قورسـی وێکەوتبـوو، بەشـێکی زۆری پیـاوان لە جەنگـدا کوژرابـوون، بەهـۆی کاولکـاری و لەدەسـتدانی

هەموو سامان و سەرمایەکانیان بەشێکی زۆری دیکەی ئەوروپییەکان بەرەو کەنەداو ئەمەریکا و ئوسترالیاو نیوزەیلاند کۆچیان دەکرد، بۆیە ئەوروپییەکان ناچار بوون لە تورکیاو وڵاتانی باکوری ئەفریقاوە بەتایبەت لە مەغریب و جەزائیرو تونسەوە کرێکار بەگرێبەست داوابکەن. ئەم کرێکارانە سەختترین کاریان بە هەرزانترین کرێ ئەنجامدەدا.

لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی پێشوو تورکیا گرێبەستی لەگەڵ زۆر لەدەوڵەتە ئەوروپییەکاندا مۆرکرد بۆ ئەوەی کرێکاریان بۆ رەوانە بکات.

بەگەڕانەوە بۆ مێژووی ئەوروپای پاش جەنگی دووەمی جیهانی بۆمان دەردەکەوێت، کە زۆربەی یاساکانی مافی مرۆڤ بە تایبەت یاساکانی تایبەت بە مافی نیشتەجێبوون و کارکردن، مافی رەگەزنامەو مافەکانی دیکەی کرێکاران لەو وڵاتانەدا چەسپێنران. کرێکارانی بیانی لەوڵاتە ئەوروپییەکان، کە بە (کرێکارانی میوان) ناویان دەبرا، بەهرەمەند بوون بەو مافانە، بۆیە بەشی هەرە زۆریان رەگەزنامەی ئەو وڵاتانەیان وەرگرت.

وەرگرتنی رەگەزنامەی ئەوروپی، گورزەیەکی زۆری دیکە مافی بەو کرێکارانە بەخشی، لەهەموو ئەو مافانە گرنگتر مافی (گرێدانەوەی خێزان) بوو. بەمجۆرە بەشی هەرەزۆریان پاش چەندان ساڵ کارو ماندووبوون توانییان خێزانەکانیشیان بەپێی یاسا بۆلای خۆیان راکێشن، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی، کە کۆچبەرانی یاسایی و خاوەن رەگەزنامە (هاوڵاتی) زیاد بن و لەگەڵیشیاندا ژمارەی بێگانەکان بەتایبەت تورکەکان زۆر خێراتر زیاد بکات.

کۆبوونەوەی ئەو هەموو خێزانە تورکانە تەنها کەمایەتییەکی (بەژمارە زۆری) تورکی لەو وڵاتانەدا دروست نەکرد، بەڵکو ئەوانە بەپێی یاسا مافی کردنەوەی مزگەوت و قوتابخانەو کۆمەڵەی کەلتوری و تەنانەت بازاڕی تایبەت و سەندیکای تایبەتیشیان وەرگرت... لێرەوە گرفتە سەرەکییەکانی ئەو کەمایەتییانە سەریهەڵدا، کە ئەویش گرفتی

ئاوێتەبوون (Intgration) و قبوڵکردنی کەلتوری خۆرئاواو فێربوونی زمان و ڕێزگرتنی یاساکانی وڵاتی خانەخوێ بوون.

ساڵی 1973 قەیرانێکی ئابوری سەخت بەرۆکی ئەوروپای گرت، بێکاری و هەڵئاوسانی ئابوری و نزمبوونەوەی بەهای دراو خەسڵەتە هەرە دیارەکانی ئەو قەیرانە بوون، پارتە دژ بە بێگانەو ڕاستڕەوەکانیش ئۆباڵی هەموو ئەم نەهامەتییانەیان دەخستە ئەستۆی بێگانەکان، چونکە بە لێکدانەوەی ئەوان، کرێکارانی بێگانە نەک تەنها شوێنی کارەکانی ئەوان دەگرن بەڵکو هەموو پارەی وڵاتەکەش ڕەوانەی وڵاتی خۆیان دەکەنەوەو ئەوروپایان خستۆتە سەر ساجی عەلی. ئیتر لێرە بەدوواوە دیاردەی ڕق لە بێگانەو ڕەگەزپەرستی (Discrimination) بە توندی سەریانهەڵداو بوونە هۆکاری ئەوەی لە نێوان ئەم دوو بەرەیەدا ململانێ و دووبەرەکی بێتە گۆڕێ...

کودەتاکانی ساڵی 1961 و 1971 بارودۆخی سیاسی تورکیای زۆر ناهەموارکردبوو، هەر ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی بەشێکی بەرچاو لە چەپەکانی تورکیاش بەرەو ئەوروپا هەڵبێن و بەپێی یاسا هەموارکراوەکانی ئەوروپا سودمەند بن لە مافی پەنابەری سیاسی و بتوانن شوێنی خەباتی خۆیان بگوێزنەوە بۆ سەنگەرێکی دیکەو خۆیان ڕێکخەن و گروپ و ڕێکخراوی سیاسیش دروست بکەن. لەبەرامبەر هەموو ئەم هۆکارانەشدا مەهەپەو گورگە بۆرەکانیش لەلایەک بۆ قۆستنەوەو سود وەرگرتن لەو هەموو تورکەی ئەوروپا و لەلایەکی دیکەشەوە بۆ دژایەتیکردنی ئەو چەپ و کۆمۆنیسانە بەپێویستیان زانی لەو مەیدانەدا بونیان هەبێت و ئامادەییەکی کاریگەری ئەو گۆڕەپانەش بن.

مەهەپە لە ساڵی 1975 ئەم بارودۆخەی هەڵسەنگاندو بەپێویستی زانی ئامادەبوونی خۆی لە چوارچێوەی فیدراسیۆنێکدا ڕێکبخات، بۆیە لەو ساڵەداو لە شاری لودڤیگسهاڤن (Ludwigshaven) نزیکەی 2000 کەس لە ئەندامانی مەهەپە بە ئامادەبوونی ئاڵپئارسلان تورکەش، فیدراسیۆنی مەهەپەیان لە ئەڵمانیای فیدراڵی دامەزراند.

هەڵبەتە پێشتر لە ئەڵمانیای خۆرئاوا کۆمەڵەی کرێکارانی نەتەوەیی تورک (Milliyetçi Türk Işçileri Birligi) دامەزرابوو، بەڵام سەندیکای کرێکارانی ئەڵمانیا لە دژی ئەم کۆمەڵەیە سکاڵای یاسایی تۆمارکردو ئاشکرای کرد، کە ئەم کۆمەڵەیە پەیوەندی بە کرێکارانەوە نییەو کۆمەڵەیەکی سیاسی سەر بە مەهەپەیە، حکومەتی تورکیاش لەم کارە ئاگادارکرایەوە، چونکە بەپێی دەستوری تورکیا نابێت هیچ پارتێکی سیاسی لە دەرەوەی تورکیا چالاکی خۆی بکات، بۆیە لە ساڵی 1976 و لە رۆژی 29ی مانگی ژون (حوزەیران)دا لە کۆبوونەوەیەکی فراوانی خۆیاندا بڕیاریاندا، کە هەموو کۆمەڵەکانیان لەژێر ناوی خوازراو بەناوی چالاکی کەلتوری و وەرزشی دروست بکەن.[1]

پاش ئەم هەنگاوە راستەوخۆ لە شەش وڵاتی دیکەی ئەوروپا لەوانەش هۆڵەندا، فیدراسیۆنی مەهەپە کەوتە کارو چالاکی. یاساکانی ناوخۆی تورکیا رێگای ئەوەی نەدەدا هیچ پارتێکی سیاسی نوسینگە یاخود لقی خۆی لە ئەوروپا یان لەدەرەوەی تورکیا بکاتەوە، بۆیە مەهەپە ئەم فیدراسیۆنانەی بەناوی کۆمەڵەی فەرهەنگی و کەلتورییەوە دەکردەوە، کە لەراستیدا ئەم ناوانە تەنها وەک پەردەپۆش وابوون، دەنا ئەمانە نەک تەنها نوسینگەی مەهەپە بوون لە ئەوروپا، بەڵکو ماوەیان بەهیچ کەسێکیش لە دەرەوەی مەهەپە نەدەدا تێیدا ئەندام بێت. لە ناوەڕاستی ساڵی 1976 دا هەموو ئەم فیدراسیۆنانە تێکەڵکران و بەسترانەوە بەیەک نوسینگەی سەرەکییەوە بەناوی فیدراسیۆنی رێکخراوە دیموکراتییە نمونەییەکانی تورکیا لە ئەوروپا (ADÜTDF – ئەوروپا دیموکرات ئولکوجو تورک دەرنەک فیدراسیۆنی).

لە پەیڕەوی ناوخۆی فیدراسیۆنەکانیاندا ئامانجی سەرەکی ئەم کۆمەڵەو رێکخراوانەی مەهەپە بەمجۆرە گوزارشتی لێدەکرێت (ئەوانەی، کە دەبنە ئەندامی ئەم رێکخراوەی ئێمە دەبێت رێزلە تورکیزم و

---

[1] Stella Braam & Mehmet Ülger, Grijze Wolven , een zoektocht naar Turks Extreem-Rechts, Nijch&van Ditmar, Amsterdam, 2004, bld 82-83 .

ناشـیۆنالیزم و ئـاین بگـرن، له پێنـاو ئه‌م ئایـدۆلۆژیانه‌دا ده‌بێت سـه‌رو ماڵیان ببه‌خشـن[...] ئه‌رمه‌نیه‌کـان و یۆنانیه‌کان له دژی ئێمه هاوڵاتیانی به‌ڕه‌چه‌ڵه‌ک تـورک رێکـده‌خه‌ن، ئه‌مـانه، که له‌لایه‌ن بێگـانه‌وه پشـتیوانی ده‌کـرێن له‌م دوواییـانه‌دا له ئه‌وروپـا زۆر چـالاک بـوون، ئامانجیـان له‌ناوبردنی کۆماری تورکیا و نه‌ته‌وه‌ی تورکه).

له ته‌واوی وڵاته ئه‌وروپییه‌کانـدا ئه‌م فیدراسـیۆنانه‌ی مه‌هه‌په به‌رده‌وام له خۆڕێکخسـتن و خۆکـۆکردنه‌وه‌دا بـوون، ته‌نهـا له هۆڵه‌نـدا له نێـوان سـاڵانی 1976-1982 هه‌شـت جـار کۆنگره‌یـان به‌سـتووه. به‌رده‌وامـیش له لایه‌ن گروپه چه‌پ و کورده‌کانه‌وه به‌رهه‌ڵستی کراون. بۆ نمونه له ساڵی 1979دا له ئه‌مسته‌ردام به‌هۆی فشاری ئه‌وانه‌وه، بنکه‌ی سـه‌ره‌کی گورگه بۆره‌کـان داخـرا. چه‌نـدین جـاری دیـکه‌ش کـۆمه‌ڵه‌و رێکخراوه‌کانیـان قه‌ده‌غه‌کراوه، به‌ڵام سه‌رله‌نوێ به ناوی دیکه‌و به سه‌رپه‌رشتی که‌سانی دیـــکه‌ی ســـه‌ربه‌هه‌مان ره‌وت و رێکخـــراو ســـه‌رله‌نوێ دووبـــاره دامه‌زراوه‌ته‌وه. هه‌موو ئه‌م کۆمه‌ڵانه‌ش به‌ناوی که‌لتورو سود وه‌رگرتن له که‌لێنه‌کانی یاسا توانیویانه به فه‌رمی خۆیان له ژوری بازرگانی تۆمار بکه‌ن و پـاره‌ش له شـاره‌وانی وه‌ربگـرن بـۆ ئه‌نجامـدانی چالاکییه‌کانیـان. ئه‌مه‌ش وایکردووه، که به‌رده‌وام ژماره‌ی ئه‌و کـۆمه‌ڵه‌و رێکخـراوانه روو له زیـادبوون بـکه‌ن و له کـۆنگره‌ی سـاڵی 1984 دا ته‌نهـا له هۆڵه‌نـدا 35 رێکخراو به‌شدار بوون. دووا کۆنگره‌ی ئه‌م فیدراسیۆنه له هۆڵه‌ندا رۆژی 19ی مانگی مه‌ی ساڵی 2012 له شـاری ئۆترێخت به ئامـاده‌بوونی خـودی ده‌وڵه‌ت باخچه‌لی ئه‌نجام درا. ئه‌م کۆنگره‌یه له ژێر ناونیشـانی (تورکیا دابه‌ش ناکرێت) به‌ڕێوه چـوو، که تیایـدا گـۆرانیبێژی تـایبه‌ت به مه‌هه‌په موسـته‌فا یڵدزدۆگان (Mustafa Yildizdogan) چه‌نـدین گـۆرانی فاشسـتانه‌ی وه‌ک (مـن له پێنـاوی تـۆدا ده‌مـرم تورکیـا) ی پێشـکه‌ش به ئامـاده‌بووان کرد.[1]

---

[1]- http://autonomeantifautrecht.blogspot.com.

**مەهەپە و گورگەبۆرەکان لە هۆڵەندا:**

هەروەک لە سەرەتای ئەم نوسینەدا ئاماژەمان بۆ کرد، فاشیزم، ئایدۆلۆژیاو پرۆگرام و دیسپلینی مەهەپەیە، ئەم بزوتنەوە فاشستە بە ئاشکرا لە کتێب و بڵاڤۆکەکانی خۆیدا بانگەشەی سەروەری و باڵایی رەگەزی تورک دەکات بەسەر هەموو رەگەزەکانی دیکەی دنیاوە، ئەمەش هەمان بیروباوەڕی نازیەکانە، کە بە تێرمی ئوبەرمێنش، (Übermensch) واتە رەگەزی پاکژ یاخود رەگەزی بنەڕەت و ساڵار ناوی براوە و تورکەش لە نوسینەکانی خۆیدا هەمان زاراوەی کردووە بە تورکی و بە تورکە ئەصیلەکان (Asil Turkler) ناوی بردووە. بەپێی لێکدانەوەی تورکە فاشستەکانی نێو مەهەپە ناکرێت و نابێت جیهان پتر لە رەگەزێک و نەتەوەیەکی تێدا بێت، بەڵکو دەبێت تەنها یەک نەتەوەی باڵادەست حوکمی جیهان بکات، کە ئەویش خۆیانن، لە پێناوی ئەم ئامانجەشدا هەر کەسێک، کە دژیان بوەستێتەوە بە دوژمنی خۆیان دەزانن و بەهەموو شێوازێک لەناوی دەبەن. هۆکاری ئەم بیرکردنەوە نەخۆشانەیەش لەوەوە هاتووە، کە ئەوان بنەڕەتی هەموو دنیا بە تورک دەزانن، بۆیە دەبێت ئیمپراتۆریەتێکی تورکی مەزن لە سەرتاسەری جیهاندا دامەزرێت.

هەروەک پیشتر باسمانکرد بەپێی دەستوری تورکیا هیچ پارتێک نابێت لە دەرەوەی تورکیا لق و نوسینگەی هەبێت بۆیە، ئەوانیش لە جیاتی ئەوە و لە پێناو ئامادەبوونیان لە نێو تورکەکانی دنیادا دەبێت بەناوی کۆمەڵەو دامەزراوەی کەلتورییەوە ئامادەیی خۆیان هەبێت. لایەنگرانی مەهەپە لە ئەوروپا (هەروەک سەرەتا ئاماژەمان بۆ کردووە) بە خۆیان دەڵێن نمونەییەکان یاخود ئیدیالیستەکان و بەشێوەیەکی رێکخراوەیی سیاسی و سەربازی و چەکدارو دەستوەشێن شانەکانی خۆیان بەڕێوە دەبەن، بۆ ئەم مەبەستەش خۆیان لە فیدراسیۆنی رێکخراوە تورکەکاندا کۆک و تەیار کردووە.

فیدراسیۆنی ڕێکخراوە تورکەکانی هۆڵەندا، لە چەندین شارو شارۆچکەی هۆڵەندا نوسینگەی خۆیان کردۆتەوەو نزیکەی پەنجا ڕێکخراو دەبن، ئەم کۆمەڵەو ڕێکخراوە کەلتوریانە بەناوی ئاویتەبوون و ئامادەکردنی ڕەوەندی تورکەوە بۆ نێو کۆمەڵگا ئەوروپیەکان هاوکاری و کۆمەکی دارایی بە سەدان هەزار یورۆ لەو وڵاتە وەردەگرن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوان کار بۆ ئەوە دەکەن، کە هەرگیز ئەو ڕەوەندە توخنی کۆمەڵگای ئەوروپی نەکەوێت و پارێزگاری لە ناسنامەی خۆی بکات. ئەم ڕێکخراوانە بە تاکتیک و سیاسەتی ئایدۆلۆژیانەی خۆیان کاردەکەن و هەر لەسەرەتای دروستبوونیانەوە لە سەرۆکەکەی خۆیانەوە 'تورکەش' فەرمانی ئەوەیان پێکراوە، کە دزە بکەنە نێو هەموو دامەزراوە ئەوروپییەکان، بۆیە ئەوانە نەک تەنها لە نێو میدیا و پارت و ڕێکخراوە هۆڵەندیەکاندا ئەندامی خۆیان خزاندووە، بەڵکو لەنێو ئەنجومەنی زۆرێک لە شارەوانیەکانیشدا ئەندامیان هەیە.

مێژووی ئامادەبوونی مەهەپەو گورگە بۆرەکان لەئەوروپا شاهیدی ئەوەن، کە ئەم ڕەوتە فاشیستە هەموو ڕێگایەکی لە پێناو ئامانجەکانی خۆیدا بەکار هێناوەو لەم بەشەی نوسینەکەماندا ئاماژە بۆ ئەو کارانە دەکەین، کە زیاتر لەم خاڵانەی خوارەوەدا بەرجەستە دەبن:-

**یەکەم-** بڵاوکردنەوەی بیری نەژادپەرستی و درزخستنە نێو کۆمەڵگای هۆڵەندی و ڕەوەندی تورک لە هۆڵەندا.

**دووەم-** قاچاخچێتی بەهەموو جۆرەکانیەوە: مادە سڕکەرەکان،قاچاخچێتی مرۆڤ وکاری چەتەگەری وەک سەرانە سەندن،قاچاخچێتی چەک .

**سێیەم-** تەزویرکردنی پارە وسپیکردنەوەی پارەی ڕەش و بەکارهێنانەوەی دووبارە.

**چوارەم-** کوشتن و ڕفاندن و تۆقاندن و هەڕەشەکردن و لێدان و زیانگەیاندن بە کەسان و بەرژوەندییە ئابورییەکانی نەیارەکانیان.

**پێنجەم-** ئەنجامدانی کاری جاسوسی و کۆکردنەوەی زانیاری بۆ چەندین لایەنی جیاوازو هاوکاریکردنی چەندین دەزگای هەواڵگری جیاواز لە نێوان تورکیا و ئەوروپا.

**شەشەم-** چاوپۆشینی زۆرێک لە حکومەتەکان لە کارە دزێوەکانی ئەم رەوتەو تەنانەت گومانی پێشکەشکردنی هاوکاریش بۆیان.

بۆ سەلماندنی راستی و دروستی ئەم شەش خاڵەی سەرەوە لێرەدا سەرنجی خوێنەر بۆ ئەو کتێبە رادەکێشین، کە هەردوو نوسەری هۆڵەندی ستێلا برام و مەمەد ئولگەر (بەرەگەز تورک) پاش چەندین ساڵ لە هەوڵ و بە دوواداچوون توانیان بڵاوی بکەنەوە، کتێب و بەڵگەنامە لەسەر گورگەبۆرەکان و مەهەپە زۆر کەمن، بەڵام ئەم کتێبە، کە لەخوارەوە زۆرترین ئاماژەی بۆ دەکەین و بەسەر ئەو شەش خاڵەی سەرەوەدا دابەشی دەکەین و رووی راستەقینەی ئەوانە بەشێوازێکی زۆر درشت دەخەینە ڕوو:-

### سەرڤەت ... چەتەیەکی گورگەبۆرەکان دەیەوێت ببێتە ئەندام پەرلەمان:[1]

بۆ دیدارم لەگەڵ سەرڤەت سەردانی مەیخانەی (فاتیح)م کرد. ئەم مەیخانەیە لە خۆرهەڵاتی ئەمستەردام شوێنی کۆبوونەوەی تاوانباران و پیاوکوژانە، لەناویاندا زۆرێک لەوان شانازی خۆیان ناشارنەوە، کە سەربە گورگەبۆرەکانن.

مەیخانەکە هێندە پەڕپوت و کۆن بوو، مرۆڤ بەزەیی پێدا دەهاتەوە. بۆردێک لەسەر دیوارەکە هەڵواسرابوو بە تورکی لێی نوسرابوو(هەموو جۆرە کرین و فرۆشتنێکی چەک و مادە هۆشبەرەکان قەدەغەیە). زۆرێک لەوانەی، کە دێنە ئەم چایخانەیە، دەمانچەیان پێیە، یەکێک لەوان لەم بارەوە گوتی ( دەمانچەیەک، دە برا دەهێنێت).

---

[1] Stella Braam & Mehmet Ülger, bld 13-17.

لەم کەین و بەینەدا کەسێک هاتە ژورەوە کە بە (م رەش ناسراوە)، قاتێکی چاکەت و پانتۆڵی رەشی لەبەردابوو لەگەڵ بۆینباخی ملی، ئەم پیاوە لە پاش کودەتای ساڵی 1980 هاتووە بۆ هۆڵەندا. لە جیهانی بازرگانی مادە هۆشبەرەکان، وەک (بابە)یەکی بچوک ناسراوە، مافیاکانی تورک سەرەکانی خۆیان بە بابە ناو دەبەن، یەکێک لە ئامادەبووانی ئەو چایخانەیە پێی راگەیاندم، کە ئەم بابەیە بازرگانی مادە هۆشبەرەکان دەکات. ئەوەی مەیخانەکە بەڕێوە دەبات، ناوی فاتیح بوو.

کەسێکی دیکە لە بارەکە دانیشتبوو ناوی سەرڤەت بوو، فاتیح پەرداخێک بیرەی بۆ هێنام، گوتی ئەوە لەسەر حسابی سەرڤەتە... ئەمجارە، کە قسەم لەگەڵدا کرد مانگی شەشی 1997 بوو، واتە دووساڵ دوای ئەوەی، کە دەستم بە نوسینی ئەم کتێبە کرد. لەگەڵ سەرڤەت قسەو باسەکانم دەستپێکرد، ئەو سەرەتا لە جیهانی سەرەوە دەستیپێکرد، مەبەستیان لە جیهانی سەرەوە ئەو شتانەن، کە دیارن و بە چاو دەبینرێن، چونکە ئەوان زیاتر بایەخ بە جیهانی ژێرەوە دەدەن.. سەبارەت بە جیهانی سەرەوە گوتی سەرەتا ئێمە فیدراسیۆنی رێکخراوە تورکیەکانمان دامەزراند، هەندێ فەرمان و ئاماژەی ئەوەمان بۆ هات، کە دەبێت لە جیهانی ژێرەوەش دەست بەکار بین و رێکخراوی گورگەبۆرەکان چالاک بکەین...

ئێمە لە رێگای کەسێکی شارەزای تورکەوە رەوانەی ئەم بارە کراین، چونکە ئەو کەسە بە ئێمەی گوت باشتر وایە لەوێ چاوتان بە سەرڤەت بکەوێت، ئەو لەو بارە دادەنیشێت، سەرڤەت بەرپرسیاری چەند رێکخراوێکی تورکە، کە هەموویان لەژێر چەتری فیدراسیۆندا کۆبوونەتەوە و فیدراسیۆن ئاراستەیان دەکات، لەگەڵ سەرڤەت لەم شوێنە بۆ یەکەمجار یەکترمان بە خێرایی بینی. بۆئەوەی زیاتر قسەی لەگەڵدا بکەم، ژوانێکم داوا کردبوو. بەر لە ژوانەکە خۆی تەلەفۆنی بۆ کردم:

- ئەوە بیستوومە بە نیازیت کتێبێک بنوسیت لەسەر من!
- نا لەسەر تۆ نیە، بەڵکو من بۆ کتێبەکەم هەندێک پرسیار لە تۆ دەکەم.
- من خۆم پرسیار لە تۆ دەکەم نەک تۆ پرسیار لەمن بکەیت...

بۆ ژوانەکە لە وێستگەی شەمەندەفەر چاوەڕێم دەکرد، لەپڕ کەسێک هات و خۆی پێناساندم ( من سەرڤەتم)، راستەوخۆ چووە ناو باسەکەوە؛

- کێ تۆی ناردووە بۆ لای من؟ تۆ کار بۆ کێ دەکەیت؟ پێم نەڵێت ئەم کارە بۆ خۆشی خۆت دەکەیت، دەبێت بزانم کێ تۆی ناردووە بۆ لای من.
- ئەگەر تۆ لەو باوەڕەدایت، کە من کار بۆ پۆلیس یان بۆ پەکەکە دەکەم، ئەوە زۆر هەڵەیت، من رۆژنامەنوسم.
- کتێبەکەت دەربارەی چیە؟
- دەربارەی گورگە بۆرەکانە!
- من سەربە گورگە بۆرەکانم، شانازیشی پێوە دەکەم، دەمەوێت ناسنامەی لاوانی تورک لە هۆڵەندا بپارێزم.
- مەبەستت چیە؟
- با بەمجۆرە بۆت روونکەمەوە: گەنجانی تورک لە هۆڵەندا دەبێت هەر تورک بن و بە تورکی بمێننەوە. بۆ نمونە لە جیاتی دیسکۆ دەبێت دانسی خۆیان بکەن، با پێت بڵێم بە روونی ئێمە تورکین، لە هۆڵەنداش هەر تورکین و نابین بە هۆڵەندی.
- تورکی ئەوروپی؟ ( تورکەکان بە خۆیان دەڵێن تورکی ئەوروپی).
- قسەی قۆڕ، تورک هەر تورکە. لە هەر شوێنێکی دنیا بێت هەر بە تورکی دەمێنێتەوە، بەڵام من دەمەوێت پرسیاری ئەوەت لێبکەم؛ لەو کتێبەدا ناوی من دەنوسیت؟
- بەڵێ.
- چی لەسەر من دەزانیت؟

- تــۆ گومانلێکراویــت بەوەی لەگەڵ تاوانبــارێکی وەک (ئەحــمەد ئەی- Ahmet A) دەســتت تــێکەڵ بــووە لە چەنــدین کــاری تاوانبــاری و توندوتیژی و بازرگانی مادە هۆشبەرەکان و کەسێک بووی لە تیمەکەی ئەحمەد.

سەرڤەت بە شێوەیەکی فەرمی لەگەڵ ئەحمەد تۆمەتبارە بە تێوەگلان لە کاری رفاندنی خەڵک، ئەم کارە زیاتر لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەکەن، کە قەرزیان داوە، یان قەرزارن و ناتوانن پارەکە بدەنەوە. ئەمان کەسەکە دەرفێنن بە زۆر ناچاری دەکەن پارەکە بداتەوە، یان هەموو موڵک وماڵی لێزەوت دەکەن لە جیاتی پارەکە. ئەم کارەش بێگومان بە پارە بۆ کەسانی دیکە ئەنجام دەدەن، ئەمە وێرای سەرپەرشتی کردنی باندێکی بازرگانی بە مادە هۆشبەرەکانەوە. ئێمە ئەم زانیاریانەمان لە دۆسیەکەی ئەمانــدا دەســتکەوت. پۆلیســی ئەمســتەردام لە ســاڵی 1993-1994 ئۆپراسـیۆنێکی لە ئەمسـتەردام ئەنجامـدا بە نـاوی (ئۆپراسـیۆنی کـۆچ- Exodus operatie)، لەو ئۆپراسیۆنەدا، کە تایبەت بوو بۆ سنورردانان بۆ بازرگــانی مــادە هۆشــبەرەکان و مافیاکــان، ســەرڤەت و ئەحــمەد گومانلێکراوی سەرەکین.

تاوانباری سەرەکی ئەحمەد ئەی دوازدە ساڵ حوکمدرا، ئەحمەد زۆر بە توندی پەیوەندی قوڵی لەگەڵ گورگە بۆرەکان هەبووە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، کە لە راپۆرتەکەدا ئەم تاوانبارە وەک کوردێک ناوی تۆمارکراوە، لە زانیارییەکاندا هاتووە، کە ئەم لە تورکیا سەر بە کۆمەڵەیەکی لاوانی کوردی بووە و پاشان لە ساڵی 1979 بە پەنابەری هــاتۆتە هۆڵەنــدا. ئەم زانیــارییە چەوتــانە لەســەر (ئەحــمەد ئەی) بــۆ تیــوەگلانی لە کــارکردنی لەگەڵ کوردەکانــدا چــۆن خــزاوەتە نێــو ئەم راپۆرتە؟ ئەم پرسیارەم لە پسپۆڕێکی تاوان کرد لە ئەمستەردام بە ناوی پرۆفیســۆر فرانــک بــۆڤن کێــرک (Frank Boven kerk)، کە خۆشــی سەرپەرشتیاری راپۆرتەکان بووە، ئەو نەیدەخوازی وەڵامی پرسیارەکە بداتەوە هەر هێندە نەبێت گوتی ( دیارە کەسێک لە دەزگای پۆلیسی ئەمستەردام منی چەواشە کردووەو زانیاری هەڵەی داومەتێ)...

لەم ئۆپراسیۆنەدا گویرادێری تەلەفۆنی ئەو کۆمەڵ و ڕێکخراوانە کراوە، کە سەرقەت بەرپرسیانە، لەوانەش مزگەوتی ئەلئەقسا (الاقصی) لە ئەمستەردام، ڕەشنوس یاخود وێنەی قسەو تەلەفۆنەکانی ئەو تاقمانە، کە ئێمە لە بنکەی پۆلیس وەرمانگرتن، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە ئەمانە جگە لە بازرگانی مادە هۆشبەرەکان ( لەقسەو باسەکانیاندا بە ئاردەکە ئاماژەیان بۆ کردووە)، کڕین و فرۆشتنی پاسپۆرت ( کە بە دەفتەرەکان ناویان بردووە)، هەروەها بازرگانی پارەی ساختەو چەندین جۆری دیکەی لێدان و هەڕەشەو تۆقاندنیان ئەنجامداوە.

بەڵام بۆچی ئەحمەد ئەی دوازدە ساڵ حوکم دراوە و لە کونجی بەندینخانەدایە، کەچی سەرقەت ئازادەو دەسوڕێتەوە؟ سەرقەت لەم بارەوە دەڵێت:

- من ئازاد کرام لەبەر ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی یاسایی لەسەرم نەبوو، پارێزەرەکەم هەتا ئێستا 70 هەزار دۆلاری لێوەرگرتووم .
- بەڵام من لە راپۆرتەکانی پۆلیسدا خوێندمەوە، کە تۆ تۆمەتباریت بە سپیکردنەوەی پێنج ملیۆن فرانکی سویسری.
- نا سپیکردنەوەی پارە نەبوو، بەڵکو گۆڕینەوەی پارە بوو.
- ئاخر سەرچاوەی پارەکە گومانی لەسەربوو!
- جا ئیتر تۆ دەتەوێت لە بنی هەمانەکەت بۆ بدەم، بابڵێین پارەکە دزراوە، ئەوە بۆ من هیچ بایەخێکی نیە.
- ئەی باشە تۆ لەگەڵ ئەحمەد شەریک نەبوویت؟ پێکەوە نەبوون؟
- بەڵێ ئێمە پێکەوە بووین، بەڵام لەچیدا؟ من و ئەو پێکەوە پیاسەمان کردووەو بەشوێن کچ و ئافرەتەوە بووین!
- بەپێی زانیارییەکانی پۆلیس تۆ بەرپرس بوویت لە دابینکردنی ئۆتۆمبێلی تایبەت بۆ هاتوچۆکردنی ئالپ ئارسلان تورکەش.

لە ڕۆژی 28ی مانگی جولای 1994 سەرقەت لە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەدا لە دژی ئەحمەد ئەی شایەتی خۆیدا. لە بەشیک لە وتەکانیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئەو لە لایەن لێپرسراوی مزگەوتەوە بەناوی ئەڵدز عەلی داوای لێکراوە، کە تکتی سەفەرکردن و هۆتێلێک ئامادە

بکات بۆ تورکەش... لە نێو دۆسیێکانی دەزگای هەواڵگری هۆڵەنداش سەرڤەت وەک کەسێکی راستی توندڕەوی تاوانبار تۆمار کراوە، ئەو خۆشی ئەو راستیە دەزانێ و دەڵێت تا ئێستا دووجار داوای پاسپۆرتی هۆڵەندی کردووە، بەڵام داخوازییەکەی رەتکراوەتەوە. ئەو دەڵێت ئەگەر پۆلیس ئۆتۆمبێلەکەم رابگرێت و داوای پاسپۆرت یان مۆڵەتنامەی شۆفێریم لێبکات، ئەوە یەکسەر دوای ئەوەی، کە دەمناسێتەوە داوای هاوکاری دەکات و سێ چوار ئۆتۆمبێلی دیکەی پۆلیس دێنە ئەو ناوە. جارێکیان لە کاتی لێکۆڵینەوە لەگەڵم، ئەفسەرێکی زۆر تورە پێی گوتم، کە جارێ سەبرم هەبێت هەتا لیستی تۆمەت و تاوانەکانی ئەو دەگاتە دەستی، ئەوجا پازدە ساڵ دەدات بە تەنگەمدا...ئیتر وا بڵاو بۆتەوە ئەگەر لە دەوروبەری ئێمەدا روداوێکی کوشتن رووبدات ئەوە یەکسەر وێنەی من بڵاو دەکەنەوە، جارێکیان لە شاری بێرخن ئۆپ زۆم ( Bergen op zoom) شەڕە تەقە لە نێوان چەند کەسێکدا روویدا، کەچی پۆلیس سێ جار ماڵی منی پشکنی بۆ چەک، بەڵام من خۆم حسابی خۆم کردووە، هەموو جارێک بەر لە روداوەکە ئاگادار دەکرێمەوە و منداڵ و خێزانەکەم دوور دەخەمەوە، من پەیوەندییەکی زۆرباشم لەگەڵ پۆلیسدا هەیە.

- ئێوە دەزانن، کە تەلەفۆنەکانتان لە ژێر چاودێریدایە؟
- چۆن دەزانیت، کە ئێمە ئەوەمان زانیوە؟
- لە راپۆرتی پۆلیسدا هاتووە، ئێوە لە میانەی قسەکانتاندا بە تەلەفۆن بەیەکترتان گوتووە، کە پۆلیس گوێڕادێریتان دەکات.
- ئێمە پەیوەندیمان زۆرە، بەهەموو لایەنەکانەوە، ئەگەر گوێڕادێری بکرێین ئەوە خۆیان پێمان دەڵێن. بەڵام گوێگرە من نامەوێت ناوم لەم کتێبەدا بڵاو بێتەوە، چونکە توشی گرفت دەبم، پەکەکە لە هەوڵی ئەوەدا بوو، کە هێرش بکاتە سەرم، بەڵام لە دووا ساتەکاندا پۆلیس رێگری لێکرد، هەرچەندە پۆلیس لەو باوەڕەدایە، کە ئەنجامدەرانی هێرشەکە پەکەکە نەبوون بەڵکو هاوڕێکانی خۆم بوون.
- باشە ئێستا پێمبڵێ تۆ هێشتا بازرگانی مادە هۆشبەرەکان دەکەیت؟

- من پەیوەندیم هێندە باشە بە پۆلیسەوە، دەتوانم لە ماوەی یەک کاژێردا ئادرەس و ماڵەکەت بدۆزمەوە، بەڵام من ئێستا گرفتم ناوێت، چونکە دەمەوێت خۆم کاندید کەم و ببم بە لێپرسراوی فیدراسیۆنی رێکخراوە تورکییەکان.

- ئەمە ساڵی 1993 دەخاتەوە بیرمان ئەوە کاتەی، کە ویستت لەسەر لیستی (PvdA) پارتی کریکارانی هۆڵەندا، خۆت کاندید کەیت بۆ پەرلەمان.

لە ساڵی 1993 دا سەرڤەت لە شاری ئەمستەردام خۆی کاندید کردبوو، لەو کاتەدا لە هەندێک بەرنامەی تەلەفیزیۆنیدا ئاماژە بۆ ئەوە کرابوو، کە بە چ پێوەدانگێک پارتێکی سیاسی رێگا دەدات کەسانی تاوانبارو پیاوکوژ خۆیان کاندید بکەن و خۆیان بخزێننە نێو پەرلەمانەوە، ئایا رێگەی تێدەچێت کەسێک لە تورکیا ئەندامی پارتێکی راسترەوی نەژاد پەرستی وەک مەهەپە بێت، کەچی لە هۆڵەندا وا بە خێرایی بیروبۆچونی خۆی بگۆرێت بۆ پارتێکی سوشیال دیموکرات، یان ئەمە ئامانجێکی لە پشتەوەیە؟ سەرڤەت خۆی لەو باوەرەدایە، کە ئەو ئەم کارە لە پێناو خەڵکیدا دەکات بۆ ئەوەی یارمەتی خەڵک بدات، بێگومان مەبەستی ئەو لە خەڵک تەنها تورکە، چونکە ئەو لەم بارەوە دەڵێت (مەبەستم لە خەڵک بێگومان خەڵکی تورکە لە نێو هۆڵەندا، ئەگەر ئەندامی پەرلەمان بیت، باشتر دەتوانیت کار بۆ ئەوان بکەیت). لە 25ی نۆڤەمبەری 1993 لێپرسراوی کۆنی دەزگای هەواڵگری هۆڵەندا A.Docters van Leeuwen - ڤان لەیۆون، نامەیەکی نهێنی رەوانەی سکرتێری گشتی پارتی کرێکارانی هۆڵەندا Rottenberg Felix - فلیکس رۆتنبێرگ، دەکات، لەو نامەیەدا دەزگای هەواڵگری هۆشداری بەو پارتە دەدات، کە ئەو کەسەی بەنیازن کاندیدی بکەن بۆ پەرلەمان ئەندامی پارتی رەگەزپەرست و راسترەوی تورکەشە، هەروەها کەسێکی تاوانبارو پیاوکوژەو لە ژێر دەستی ئەحمەد ئەی کار دەکات.

**عەلی ....ئەندامێکی گورگەبۆرەکان لەناو دەزگای پۆلیسی هۆڵەندی:** [1]

دوای یەک هەفتە لە دیدارەکەی لەگەڵ سەرڤەت، نوسەری کتێبەکە ستێلا، لە ئەمستەردام لەگەڵ دووکەسی دیکەی ناسراوی ئەوان دانیشت...

یەکێکیان خۆی بە ناوی عەلی ناساند، ئەو لێپرسراوی یانەیەکی وەرزشی تورکە لە شاری ئوترێخت.. لە دەستپێکی قسەکانی خۆیدا یەکسەر ئاماژەی بۆ ئەوەکرد، کە ئەو ئەندامی رێکخراوی گورگەبۆرەکانەو شانازی بەوەشەوە دەکات، هەروەها لە درێژەی قسەکانیدا داوای لێکردم، کە لە کتێبەکەدا ئاماژە بە ناوی نەکەم . ئەوی تریان کەمتر بەشداری قسەکانی دەکرد ناوی ئەرسین بوو.

- با ئێستا بە ئاشکرا قسە بکەین، تۆ گرفتت چییە لەگەڵ سەرڤەت؟ ئەو هاوڕێی نزیکی منەو من هەوڵ دەدەم نێوانتان باش بکەم، بەڵام ناوی لە کتێبەکەدا مەهێنە.
- ناوی ناهێنم باشە.
- کەواتە ئێستا دەتوانین دەست بە قسە بکەین؛ لە کتێبەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەیت، کە سەرڤەت تاوانبارە؟
- ئەو تۆمەتبارە لە لایەن پۆلیسەوە، کە لەگەڵ ئەحمەد ئەی کاری کردووە!
- بڕوا ناکەم ئەمە وابێت، تۆ لەلایەن کەسێکەوە لە پۆلیس بە هەڵە براویت، من خۆم لە پۆلیس کارم کردووە، لە نێوان ساڵانی 1989-1996، من خۆم شارەزایی باشم لە پۆلیسدا هەیە. دەزانم چۆن کارەکان دەکرێن، سەرڤەت دڵی لە ئاڵتون دروست کراوە، ئەگەر کەسێکی باش و دڵسۆز هەبێت لەناو گورگەبۆرەکاندا ئەوە.

[1] Stella Braam & Mehmet Ülger bld 24-25.

پاشـان عەلـی دەسـتی کـرد بە باسـکردنی سـەرڤەت، ئەو ئامـاژەی بـۆ ئەوە کرد، کە سەرڤەت لە پاش کودەتای ساڵی 1980 بە تـایبەتی لە پێنـاو بـزوتنەوەی مەهەپەدا رەوانەی هۆڵەنـدا کـراوە، ئەو کەسـایەتیەکی زۆر گرنگە. تەنانەت لە (Hikmet Yildizeli) حیکمەت یەڵدزلی گرنگترە.

- بەهەرحاڵ من ئەندامی گورگەبۆرەکانم، شانازیش بەوە دەکەم، ئامـادەم لە پێناو گەل و ئاڵاو وڵاتدا هەروەک چاتلی گیانی خۆم بەخت کەم...

چـاتلی ئەو کەسـەبوو، کە لە روداوی سوسـەرلوکدا گیـانی لەدەسـتدا، ئەرسین کەمتر قسەی دەکردو لێرەدا هەڵیدایە:

- چاتلی قارەمانە

عەلی زیاتر سەرسامی خۆی بە چاتلی دەربڕی و گوتی: کەسـی وەک چـاتلی هەرگیـز دروسـت نـابێتەوە، ئەو گیـانی خـۆی لە پێنـاو وڵاتـدا بەخشی...

ئەم دانیشتەم لەگەڵ عەلـی کۆتـایی پێهـات، مـاوەیەکی دیکە پاش ئەمە تەلەفۆنی بـۆ کـردم و داوایکـرد لە مەیخـانەکەی فـاتیح چاومـان بە یەکتـر بکەوێت..

- لەوە دەچێت پێشتر سەردانی ئەم شوێنەت کردبێت؟
- بەڵێ.
- بۆچی سەردانی ئەمجۆرە شوێنانە دەکەیت؟
- لەبەر نوسینی کتێبەکە.

عەلی چەند جارێک بە سەرسوڕماوییەوە سەری راوەشاند و گوتی:

- تـۆ هەرگیـز بـۆ ئەم دنیـایە دەسـت نادەیت، وانەی ژمـارە یەک لە مـن فێربە: هەرگیز متمانە بە کەس نەکەیت، مـن متمـانەم بەهـیچ کەس نـیە، تەنانەت متمانەم بە خۆشم نیە...

عەلـی کـۆنە پۆلیسـی حکومەتی هۆڵەنـدا بەردەوام بـوو لە قسـەکانی و گـوتی؛ تـۆ دەزانیت مـن تەنـانەت متمـانەی ئەوەم بە تـۆ نەکردووە نـاوی

خۆمت بدەمێ؟ من ناوم عەلی نیە. ... بەدەم قسەکردنەوە پاسپۆرتەکەی گیرفانی دەرهێناو دەستی خستە سەر ناوەکەی خۆی و بە خێرایی دەستی لابرد و تەنها دوو پیتی یەکەمی ناوەکەیم بینی ( تا) ئیتر دەستبەجێ پاسپۆرتەکەی گەڕاندەوە بۆ ناو بەرکی ...

- بەڕاستی تۆ کاتی خۆی پۆلیس بوویت؟

- بەڵی بە دڵنیاییەوە... کاتی خۆی، کە داوای کارم کرد، لەکن پۆلیس بۆ چاوپێکەوتنی کار داواکرام، ئەو کاتە من نەمشاردەوە بە ئەفسەرەکەم گوت، کە من ئەندامی گورگەبۆرەکانم، هەروەها پێمگوت؛ ئەگەر دەیەوێت دڵنیا بێت لەوە، با بڕوات لە کۆمەڵەی کەلتوری تورک لە ئوترێخت پرسیار بکات، لەوێ هەمووان من دەناسن.

عەلی بەردەوام بوو لە قسەکانی و باسی ئەوەی کرد، کە ئەفسەرەکە خۆشحاڵ بووە کاتێک ئەو بەوجۆرە قسەی کردووە، چونکە بەوتەی ئەفسەرەکە " زۆر کەس دێن لێرە داوای کار دەکەن، بەڵام پاشخانی سیاسی خۆیان دەشارنەوە!" ئیتر عەلی باسی ئەوەی کرد، کە هەمیشە کاتێک پۆلیسیش بووە، دوو دەمانچەی هەبووە، دانەیەک بۆ کارو دانەیەک بۆ خۆی.

- ئەی باشە بۆچی وازت لە کاری پۆلیسی هێنا؟

- تاقەتم چوو، ئەمڕۆ دزمان دەگرت بەیانی ئازادیان دەکرد، لە هۆڵەندا دادپەروەری بوونی نیە، ئیتر من بێزار بووم و دەستم کرد بە کاری تایبەت بۆ خۆم...

عەلی دەستیکردەوە بە بەرگریکردن لە هاوڕێ گیانی بەگیانییەکەی خۆی واتە سەرڤەت و گوتی:

- بڕوات بێت سەرڤەت بێتاوانە. هەموو هاوڕێکانمان لە سەرتاسەری وڵاتەوە تەلەفۆنم بۆ دەکەن، دەخوازن بزانن، کە تۆ چ جۆرە کتێبێک لەسەرئێمە دەنوسیت، ئاخۆ ئاماژە بە ناوەکانمان دەکەیت یان نا؟

- بۆچی ئەوەندە خەمتانە؟

- ئاخر ئێمە ماوەیەکی درێژە کار بۆ ئەوە دەکەین، کە ناوبانگمان باش بێت و نەزرێت، کتێبێکی لەو جۆرە ئەگەر خراپ باسی ئێمە بکات ئەوە بۆ ناوبانگی ئێمە باش نابێت.

لەم کەین و بەینەدا پیاوە جل رەشە بۆینباخ لە ملەکە دیسان دەرگای کردەوەو هاتە ژورەوە، منیش بە پەنجە لەگەڵ عەلی ئاماژەم کرد و گوتم:

- ناوی ئەمیش نابێت بڵاو بکەمەوە؟

- بێگومان نەخێر، هیچ ناوێک نابێت بڵاو بێتەوە...

- عەلی بەدەم قسەکردنەوە چاوی خستە سەر پیاوەکە و گوتی؛

- ئۆ ئەبێت ئەوە بزانیت، کە لە رۆژگاری ئێستادا بە 300 دۆلار بەنویژی نیوەرۆ زەلامێکت بۆ لار دەکەنەوە.

- مەبەستت ئەوەیە، کە پیاوکوژ بە کرێدەگرن؟

- بەڵی... تەنها بە سێ سەد دۆلار، دەتکوژن.

راوێژکارێکی دەرەوەی دەزگای پۆلیس لەو باوەڕەدایە، کە بوونی ئەندامانی گورگە بۆرەکان لە نێو ئەو دەزگایەدا، رێکەوت نیە، ئەم راوێژکارە، کە هەر خۆشی لە نێو کاندیدە بێگانەکاندا کەسانی گونجاو بۆ پۆلیس جیا دەکاتەوە، لەم بارەوە دەڵێت " پۆلیسی هۆڵەندا زۆر بە شێوەیەکی خراپ سەبارەت بە راستڕەوە توندەکان و فۆندەمێنتاڵەکان زانیاری پێدراوە، گورگە بۆرەکان هەوڵێکی زۆر دەدەن بۆ ئەوەی خۆیان بخزێننە نێو دەزگاکانی پۆلیسەوە، لەم هەنگاوەشیاندا دەیانەوێت بە پلەی یەکەم خزمەت بە هاوەڵ و دۆستە تورکەکانی خۆیان بکەن و بە پلەی دووەمیش خۆیان دەربخەن و کەشف و فشی پێوە بکەن، چونکە ئەو جلانە ناسنامەیەک بە خاوەنەکانیان دەدەن و هێمای دەسەڵاتدارین. لە شاری رۆتەردام ئێمە توشی ئەوە بووین زۆربەی ئەو بێگانە تورکانەی داخوازی خۆیان پێشکەش دەکەن سەر بە یانەی وەرزشی گورگەبۆرەکانن، بەڵام وێرای ئەوەش دیسان، ئێمە بەسەرماندا تێپەڕ بووە و چەند کەسێک لەوان وەرگیراون، هەوڵماندا یەکێک لەوانە

دەربکەین لە پۆلیس، بەڵام بۆمان نەکرا. هەموو کارمەندو بەرپرسەکانی پۆلیس هاوڕا نین لەسەر ئەوەی، کە ناسیۆنالیست و کەسانی راستڕەوی فۆندەمێنتاڵ دەبێت لە دەرەوەی دەزگا بمێننەوە، بۆ نمونە بەڕێوەبەری پێشووی وەرگرتنی کەسانی بێگانە بۆ ناو دەزگای پۆلیس لەو بارەوە دەیگوت: ئەگەر رێژەی 30% تورکەکان راستڕەوی فۆندەمێنتالیست بن کەواتە ئێمە لانی کەم بە وەرگرتنی ئەندامانی ئەوان متمانەی ئەو رێژەیە لە بێگانەکان بەدەست دەهێنین!"

**گروپەکانی بازرگانی مادە هۆشبەرەکان:-** [1]

بەپێی توێژینەوەی چەند سەنتەرێکی هۆڵەندی، بازرگانی هیرۆین و مادە هۆشبەرەکانی دیکە لە هۆڵەندا بەشی هەرە زۆری لە ژێر دەستی باندەکانی تورک و کوردایە. (Traa) یەکێکە لەو سەنتەرانە، لە راپۆرتەکانی خۆیدا نەخشەی دابەشبوونی ئەم بازرگانیە دیاری دەکات. لە لایەن راستڕەوەکان مەهەپە و گورگە بۆرەکان، کە ئەمستەردامیان کردووە بە سەنتەری خۆیان و لە لایەن چەپەکانیشەوە دەف سۆڵ و پەکەکە و چەند گروپێکی دیکەی بچوکی وەک تیکۆ(Tikko)، کە شاری ئارنهێم (Arnhem) یان کردۆتە سەنتەری خۆیان، بازاڕیان دابەش کردووە.

گروپە مافیاییەکان لە وێنەی عەلی و سەرڤەت، کە پێدەچێت لە نێو رێکخراوی گورگەبۆرەکانیشیدا چالاک بن، بە بەراورد لەگەڵ گروپەکانی دیکەی مافیای تورک رەنگە بچوکتر بن. یەکێک لە سەرچاوەکانی زانیاری ئاماژەی بۆ کەسێکی دیکەی تورک بۆ کردم، کە ناسراوە بە ( کۆیلو- Köylü) واتە گوندی، ئەمەش تەنها نازناوێکە بۆ ئەم گورگە ناسراوە، کە جار بەجار ئەویش دێتە مەیخانەکەی فاتیح، بەڵام ئەمڕۆ لێرە نیە، فاتیح گوتی:

---

[1] Stella Braam & Mehmet Ülger  bld 25-27.

- کۆیلو هەمیشە لە نێوان تورکیا و ئەورووپا لە سەفەردایە.

دەنیز یەکێکە لە هاوڕێکانی کۆیلو، پەرداخێک ویسکی بە دەستەوە گرتبوو، خەمی بوو، کە قلّپی نەکاتەوە بەسەر جلەکانیا، جار جار بە دەنگی بەرز قسەی بۆ دەکردم بۆ ئەوەی بتوانێت دەنگی لەناو کێژەنی مۆزیکە رۆکەکەدا دەرکەوێت. زیاتر سەبارەت بە کۆیلۆ گوتی:

- کۆیلۆ بەهۆی بازرگانیکردن بە هیرۆین و کۆکاین و مادە هۆشبەرەکانی دیکەوە، دەوڵەمەند بووە، ئەو هەمیشە هەزارەها دۆلاری نەخت لە گیرفانیدایە، بەڵام هەرگیز دەمانچە هەڵناگرێت، چونکە بۆدیگاردەکانی دەیپارێزن.. کۆیلۆ هەمیشە باس لە (پێویستی دروستبوونی تورکیایەکی پاکژ دەکات لە رووی رەگەزەوە).

-ئایا کۆیلۆ پیاوێکی ترسناکە؟

-ئەو حەزی لە توندوتیژی نیە، بەڵام ئەگەر پێویست بکات، کۆ لەهیچ ناکاتەوە، جارێکیان دوو کەسی تورک شەڕیان لەگەڵ کرد، دوو فیشەکی نا بە هەردوو ئەژنۆی دانەیەکەوەو رەوانەی خەستەخانەی کرد و ئەوی تریشیان رایکرد، بەڵام پاش ماوەیەک نزیک سەری ساڵی نوێ بوو لە ئەمستەردام بە سەربڕاوی دۆزرایەوە. کاتێک من پرسیاری ئەوەم لە کۆیلو کرد ئەو ئاماژەی بۆ ئەوەکرد، کە ئەو دوو کوڕە زۆر لاساربوون و هەستیان بریندار کردووم، بۆیە واملێکردن دەنا دەبوو بزانن، کە قسە لەگەڵ کێ دەکەن و کێ بەرامبەریان وەستاوە.

دەنیز بەردەوام بوو لەسەر پیاهەڵدانی کۆیلۆ. باسی ئەوەی کرد، کە ئەو پیاوە لایەنی باشەشی هەیە، چونکە ئەو ساڵە کەسێک بەناوی (ب) خاوەنی یانەیەکی شەوانە بوو، ناوی خرابووە ناو لیستی مافیاکانی تورکیاوە بۆ ئەوەی بیکوژن، بەڵام ئەم فریاری کەوت و ناوەکەی لە لیستەکەدا دەرهێنا.

حسێن بای باشن (Hüseyin Baybaşin) کۆنە بازرگانی هیرۆین، بە وتەی خۆی ماوەیەکی درێژ لەژێر فەرمانی دەوڵەتی تورک کاری کردووەو یەکێک بووە لە سەرانی گورگەبۆرەکان، ماوەیەک لەگەڵ کۆیلو گرفتی

هەبووە، کۆیلو بە تەمابووە کەسێکی دیکەی بازرگانی مادە هۆشبەرەکان بکوژێت، کە ئەویش سەربە گورگەبۆرەکان بووە، بەڵام ئەم دەستبەجێ لە تورکیاوە کەسێکی راسپاردووەو کردوویەتی بە میانگیر و ماوەی نەداوە کۆیلۆ ئەو کەسە بکوژێت...

ئێمە بە دۆزینەوەی کۆیلۆ هێشتا نەگەیشتووینەتە سەری سەرەوەی هەرەمی مافیای راستڕەوی گورگە بۆرەکان، بەڵکو دەبێت زیاتر بڕۆین و رەمەزان مالاتیالی (Ramazan Malatyali) بدۆزینەوە. بەڵام رەمەزان لە مەیخانەی فاتیح نادۆزرێتەوە، بەڵکو ئەو لە تورکیاوە کاروباری خۆی بەڕێ دەکات( رەمەزان لە ئاپرڵی 1999 لە ئەستەنبول دەستگیرکرا، دەکرێت ئەم پیاوە بە یەکێک لە سەرە گەورەکانی مافیاو گورگەبۆرەکان هەژمار بکەین، پۆلیسێکی تورک بەبێ ئەوەی ناوی مەهەپە بەرێت، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە ئەم پیاوە سیاسەتمەداری یەکێک لە پارتەکانە، دوای دەستگیرکردنی لە هۆڵەنداش چەندین کەسی دیکە دەستگیرکران. پۆلیسی ئەمستەردام لەم بارەوە باس لە نزیکەی پازدە یاداشتی دەستگیرکردن دەکات لە ئەوروپا، کە پەیوەندی راستەوخۆی بەم پیاوەوە هەیە، هەر بۆیە ئۆپراسیۆنێکی تایبەت بە ناوی ئۆپراسیۆنی بۆر-Bor operatie- ئەنجامدرا. لە میانەی ئەم ئۆپراسیۆنەدا دەست بەسەر چەندین بڕی گەورە لە چەک و پارەو مادەی هۆشبەردا گیرا، پاش دەستگیرکردنی رەمەزان ئاشکرا بوو، کە ئەم پیاوە یاداشتی دەستگیرکردنی نێودەوڵەتی هەیە و ساڵی 1992 کردەوەی کوشتنی بەرامبەر بە جەمال ئاڤجی (Cemal Avci) و عەبدول یوجەل (Abdul Yücel) ئەنجامداوە. سەرەنجام رەمەزان هەشت ساڵ و چوارمانگ هەر لە تورکیا حوکمدرا)، بەڵام لە پاشاندا لە رێگای حسێن بای باشن ئەوەمان زانی کەسێکی دیکە هەیە بەناوی حەسەن، کە ئێستا لە زینداندایە دەتوانێت زانیاری زیاترمان لەسەر رەمەزان بداتێ. حەسەن گوتی رەمەزان خۆی خەڵکی گوندێکی ناوچەی مالاتیایە، کاتی خۆی لەژێر دەستی یەکێک لە گورگە بۆرە گەورەکان بە ناوی ئۆرال چەلیک ( Oral

Çelik) کــاری دەکــرد[1] کە هــاتە هۆڵەنــدا بــۆ ئەوەی بتوانێــت مــافی نیشـتەجێبوون وەربگرێـت، لەگەڵ ژنێکـی مەغریبـی هاوسـەرگیری کـرد. لەرێگای حەسەنەوە کەسێکی دیکەمان ناسـی بە نـاوی عوسـمان، ئەمـیش لە زینـدان بـۆ لێپێچینـەوە دەستبەسـەر بـوو، ئەمـیش رەمەزانـی بـاش دەناسی و گوتی:

- چیــرۆکەکە لە ئەســتەنبوڵەوە دەســتپێدەکات، ئەوێ رۆژێ ئــێمە گروپێکی سی کەسی بووین، بژیوی ژیـان و داهاتمـان لە رێگای سـەرانە سەندن لە دەوڵەمەندانەوە چنگ دەکەوت. رەمەزان ئێمەی بەکار دەهێنا و بۆ خزمەتگوزارییەکانی ئێمە پارەی باشی دەدا. ئیتر کارمان بۆ دەکرد، لە هەرەشەکردن و لێدان و سوکایەتیپێکردن و ئەشکەنجەدان و رفاندنەوە تا دەگاتە بازرگانی مادە هۆشبەرەکان، ئیتر کاتێک رەمەزان دەوڵەمەند بوو، من بووم بە باوەڕپێکراوی ئەو، زۆربەی کات من پارەم بۆ دەهێناو دەبرد.

-باشە ئەو پارانە بۆ مەهەپەش رەوانە دەکران؟

-بەڵێ، مـن خـۆم چەنـدین جـار پـارەم تەسـلیم بە کەسـانی باڵادەسـتی مەهەپە کـردووە، دواجـار 60.000 مـارکی ئەڵمـانیم بـۆ بـردن. رەمەزان پەیوەندی زۆر باشی بە راوێژکاری سەرەکیی سلێمان دەمیرلەوە هەبوو، پەیوەنـدی باشـی، کە خەڵکـانی خـاوەن پۆسـتی بەرزەوە هەبـوو. ئیتـر دوایی رەمەزان منی رەوانەی هۆڵەندا کرد.

-بۆچی تۆی رەوانەی هۆڵەندا کرد؟

-بۆ ئەوی چەند کەسێکی بۆ بکوژم.

-وەکو کێ؟

-ناتوانم بۆت باس کەم.

-بۆچی؟

---

[1] بۆ زانینی رۆڵی ئۆرال چەلیک لە هەولی کوشتنی پاپای فاتیکان بڕوانە http://www.epo.be/peteredel/aanvullingen/hoofdstuk_7/03_Mehmet_Ali_Agca_en_de_aanslag_op_Paus_Johannes_Paulus_II.php.

- رەمەزان لەتوپەتم دەکات، چونکە من لە چەند وڵاتێکی ئەوروپی خەڵکم بۆ کوشتووە.

بازرگانیکردنی سەرانی دەستڕۆیشتووی مەهەپە و باندە مافیاکانیان لە هەموو ئەوروپا بڵاوە، لەم بارەوە زۆرجار رۆژنامە ئەرورپی و تەنانەت تورکیەکانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن. بۆ نمونە رۆژێکیان دوو کەس لە نێوان خۆیاندا تەماشای رۆژنامەیەکیان دەکرد و سەریان بادەدا، یەکێکیان بەوی تریانی گوت:

- تەماشاکە، ئەم رێکخراوە هەرگیز ناتوانێت خۆی لە سکاندالْ و ئابڕوچوون بپارێزێت!

- باشە خەڵکی چەند جار فیدراسیۆنیان ئاگادارکردەوە، کە ئەو پیاوە هەرگیز نابێت کاندید بکرێت بۆ پەرلەمان، تورکەش گوێ ناگرێت چی بکەین؟

رۆژنامەکەی، کە بەدەست ئەوانەوە بوو، بە مانشێتێکی گەورە نوسرابوو: عەلی رەزا کاندیدی مەهەپە بۆ پەرلەمانی وڵات لە سویسرا بە چل کیلۆ هیرۆینەوە دەستگیر کرا! [1]

داخۆ راستی توندرەوی تورکیا لە هۆڵەندا رۆڵی نهێنی و ژێر بەژێری هەیە؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە، کە حەسەن بە بەڵی وەڵامی دەداتەوە. لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا ئەوان لە ئەوروپا لە جیهانی ژێرەوە دەسەڵاتیان گرتە دەستی خۆیان. کەسی ناودارو بەناوبانگی گورگەبۆرەکان، کە لەم کارەدا دەستی باڵای هەبوو؛ ئۆرال چەلیک بوو، حەسەن لەم بارەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کاتێک چەلیک هاتە هۆڵەندا بازرگانی مادە هۆشبەرەکان لە ژێر دەستی خەڵکانی چەپ و بێگانەدا بوو، بەڵام بە گەشتنی ئەم بەشی هەرە زۆری ئەو بازرگانییەی خستە دەستی خۆی. ئەم کارەمان چۆن دەکرد؟ سەرەتا شەوانە هەڵماندەکوتایە سەر چێشتخانەو مەیخانەو بارو قومارخانەو هوتیل مەلهاو یانەی

[1] Stella Braam & Mehmet Ülger bld 60.

شـەوانە، ئاژاوەمـان دروسـت دەکـردو هـەرچـی لەونـاوە بـوایە تێهەڵدانی دەخوارد، دوایی لە جیاتی پاراستن و پاوانکردنی ئەو شـوێنانە  پارەمـان دەسەند، ئیتر کۆنترۆڵی هەمـوو شـتێکمان دەکرد، ئەگەر دەبـوو کەسـێک بکـــوژین ئەوە راســـتەوخۆ ئۆتۆمبێلێکمـــان لە ئەڵمانیـــاوە دەهێنـــا و لە گەراجێکـــدا ژمارەکەیمـــان دەگـــۆڕی و کەســـەکەمان دەکوشـــت و ئۆتۆمبێلەکەشمان رۆژی دواتر سکراپ دەکرد.

## گورگەبۆرەکان بەبەرچاوی پۆلیسەوە کارەکانی خۆیان دەکەن! [1]

سەرەتای مانگی گەلاوێژی 1997 بـوو، عەلـی سـەرلەنوێ تەلەفـۆنی بـۆ ستێلا کردەوەو داوای لێکرد بەڵکو دۆسیەکەی سـەرڤەت لە کن پـۆلیس تەماشـا بکـات. وێنەیەکـی دۆسـیەکە، کە هەمـوو وتـووێژە تەلەفۆنیەکـانی سەرڤەتی لەخۆ گرتووەو لە کن پۆلیس هەمووی تۆمـار کـراوە، دراوە بە سـتێلا.. عەلـی کـات ژمێـر نـۆی شـەوی وەک ژوان لە ڕێسـتورانتێک لە نـاوچەی  بـراوکەلین(Breukelen) دیـاری کردبـوو. سـتێلا پێشـتر یەکێـک لەهاوکارەکـــانی خـــۆی ئاگـــاداركردبۆوە، کە نزیـــک ئەو نـــاوە لە بەنزینخانەیەک چاوەڕوانی بکات، لەسـەر ئەوە ڕێکەوتبـوون، کە کـاتژمێر 9:30 بۆ دڵنیایی تەلەفۆنی بۆ بکات... لەو کاتەدا ڕێک تەلەفـۆنی  بـۆ کـردم و منیش دڵنیام کردەوە خەمی نەبێت...هەموو شتێک ئاسایی بوو.

بەشێک لە دۆسیەکە گفتوگۆی تەلەفـۆنی بـوو لە نێوان ئەو کەسـانەی، کە لە ئۆپراسیۆنی پۆلیسی ئەمستەردام (ئۆپراسیۆنی کۆچ) تێوەگلابـوون. عەلـــی بە تەوســـەوە یەکێـــک لە گفتوگۆکـــانی دەخوێنـــدەوە، کە لەنێـــوان ســـەرڤەت و عوســـمان ناوێکـــدا بـــوو، کە وشـــە بە وشـــە بەمجـــۆرە بـــوو، سەرەتا عوسمان قسە دەکات و دەڵێت:

- ئەزانی هینەکەم پێویستە، بەڵام ناتوانم بە تەلەفۆن پێت بڵێم!
- باشە من ئێستا لە هینم، هینەکەم لەبەردەستایە لە شتوتگاردم.

---

[1] Stella Braam & Mehmet Ülger  bld 27-33.

- ئۆۆۆۆ، کامەیە؟
- لەو جۆرەیە، کە دەکرێتە ناو جگەرەوە؟
- ئاخر لە جۆرە باشەکەیە؟ کوالیتی باشە؟
- باشترین جۆرە، کە مرۆڤ دەستی بکەوێت.
- سەرڤەت کیلۆی داوای چەندی لێدەکەیت؟

عەلی پاش تەواو بوون لە خوێندنەوەی ئەم بەشە سەری بادا و گوتی:

-قسەی قۆڕ، ئەو وشانە هەندێکیان بە ئانقەست خراونەتە نێو تێکستەکانەوە، من خۆم پۆلیس بووم، دەزانم، کە ئەو کارە چۆن دەکرێت، پاشان سەرڤەت خۆی دەیزانی، کە دەنگیان لە لایەن پۆلیسەوە تۆمار دەکرێت، ئەو چۆن بە ئاشکرا ئەڵێ ئەمە لەو جۆرەیە، کە دەکرێتە ناو جگەرە، پاشان ئەوەش بزانە ئەم شتە بە کیلۆ مامەڵەی پێوەی ناکرێت...

بەشێکی دیکە لە بەڵگەنامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی، کە سەرڤەت کاری رفاندن و تۆقاندنی ئەنجامداوە، کەسێک ئەگەر قەرزار بووبێت و نەیتوانیبێت پارەکە بداتەوە، ئەوە بەزۆر رفێندراوە یان دەست بەسەر ماڵ و موڵکیدا گیراوە...

- سەرڤەت کاری توندوتیژی لەوجۆرەی ئەنجامداوە؟
- رەنگە ... رەنگە ئەوە راست بێت. ئەو لەو جۆرە کەسانەیە، کە خاوەنی قسەی خۆیەتی، بیەوێت کارێک بکات ئەوە دەیکات، پیاویان پیاو گوتووەو وشەیان وشە گوتووە،ئێمە حەزناکەین توندوتیژی بەکاربێنین، بەڵام ئەگەر پێویست بکات، ئەوە ئەنجامی دەدەین...

ئەم بەشە لە بەڵگەنامەکان تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوان. لەم بەڵگانەدا ئاشکرا دەبێت، کە رێکخراوی گورگەبۆرەکان، مەهەپە، راستی توندڕەو چۆن کارەکانیان دەکەن و چۆن پێکەوە گرێدراون، لە بەڵگەنامەکاندا ئاشکرا دەبێت، کە ئەحمەد ئەی لە سەرڤەت بالاترەو

فەرمانی پێ دەکات. عەلی ئەم بەڵگانەی تەماشا کرد و سەری لەوە سوڕماوە، کە چۆن ئەحمەد وەک بەرپرسی سەرڤەت دەرکەوتووە!

- سەرڤەت خۆی سەرکردەیە. فەرمان لە کەس قبوڵ ناکات، من جارێکیان خۆم ئاگاداربووم، کە لە توگرول تورکەش (Tugrul T□rke□) تورە بوو.
- مەبەستت کورەکەی ئالپ ئارسلان تورکەشە؟
- بەڵێ، توگرول ئەوکاتە سەردانی هۆڵەندای کردبوو.

بەشێکی دیکەی بەڵگەنامەکان گفتوگۆی سەرڤەتە لەگەڵ کەسێکی دیکە بە ناوی شابان(Şaban)، کە پێدەچێت پێکەوە کاریان کردبێت. شابان ناوێکی دیکەشی بەکارهێناوە بە ناوی مەمەد ئاڵتنچاپە ( Mehmet Altinçapa)، شابان تەلەفۆن لەگەڵ عیرفان ناوێک دەکات لە بولگاریا، شابان لە تەلەفۆنەکەدا فەرمان بە عیرفان دەکات و دەڵێت:-

- رۆژنامەکانی پەکەکە(PKK)و دەڤ سۆڵ(Dev Sol) و تیکۆ(Tikko)ش رەوانە بکە.

شابان لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، پەکەکە حسابی تەواو بووە لە ئەوروپا، بەڵام دەڤ سۆل و تیکۆ زۆر بەهێزن، لە 10 شوێنی کارکردن و بازرگانی حەوت دانەیان بەدەست دەڤ سۆڵەوەیە، پاشان شابان باسی ئەوە دەکات، کە دەڤ سۆڵ رۆژانە پەخشی تەلەفیزیۆنی خۆیان هەیە، عیرفانیش داوا دەکات، کە وینەیەکی بە ڤیدیۆ بۆ تۆمار کەن... لە بەشێکی دیکەی تۆمارەکاندا شابان لەگەڵ کارمەندێکی پۆلیس لە تورکیا قسە دەکات، داوای نوسینی داخوازی نامەیەک دەکات بۆ (مادە هۆشبەرەکان)، هەروەها باسی ئەنەر ناوێک دەکەن، کە (بێ شەرەفە)و دەبوو بییانکوشتبا..

- لەم شتانە دەردەکەوێت، کە شابان سەر بە میتی تورکی بووە.
- میت؟ مەبەستت دەزگای هەواڵگریە؟

- بەڵـێ، چـونكە زۆر كەس باسـی ئەوە دەكـات، كە ئەنـدامانی گـورگە بۆرەكان كارمەند و سیخوڕی میتن!
- بڕوا بەوە ناكەم.
- ئەی باشـە شـابان تەلەفـۆن بـۆ كەسـێک دەكات لە هـوتێلێكی بولگاریـا، گورگە بۆرەكان لە بولگاریا بەشوێن چیدا دەگەڕێن؟
- هەنـدێک جـار ئەنـدامانی مەهەپە لە زینـدان دەربـاز دەكەیـن، ئەگەر شـارێكی توركیـا لەدەسـت چەپەكانـدا بێـت بـۆ نمـونە ئیزمیـر، كاتێـک ئەندامێكی ئێمە دەسـتگیر دەكرێت، زۆر بە توندی سـزا دەدرێت، بۆیە ئێمە هەندێک لەوانە دەرباز دەكەین و لە زیندان دەریان دەهێنین و لە هەنگاریـا یـان بولگاریـا شـوێنیان بـۆ دابـین دەكەیـن و دەیانشـارینەوە. جارێكیـان نیوەشـەو تەلەفـۆنم بـۆ كرا، كە هـاوڕییەكی خۆمـان بێنم بـۆ ئێرە، یەكسەر سواری ئۆتۆمبێلەكەم بووم و هەتا ئەوێ نەوەستام.

بەشـێكی دیـكە لە گفتوگـۆ تۆماركراوەكـان سـەبارەت بە گـۆڕینەوەی پـارەیە، بـاس لەوە دەكـات، كە چـۆن پێـنج ملیـۆن فرانكـی سویسـری بگـۆڕنەوە بە پـارەی ئەوسـای هۆڵەنـدی (گلـدەر)، سـەرقەت لەم بـارەوە قسە لەگەڵ ئیدریس ناوێكدا دەكات:
- پێنج ملیۆن فرانكی سویسری هەیە، دەمەوێت بیگۆڕمەوە، تۆ دەتوانیت لەو بانكەی كاری لێدەكەیت ئەو كارەم بۆ بكەیت؟
- بیبەن بۆ هەر بانكێكی حكومەت، گرفت نیە بۆتان دەگۆڕنەوە!
- ئاخر ئەوە پارەی هینە، پێویست ناكات من ئەوەت پێبڵێم.

عەلی تۆزێک ورتەورتی كرد بەبەرخۆیەوەو گوتی؛
- ئەو پـارەیەم زۆر بـاش لە بیـر مـاوە، ئەوە هەمـووی پـارەی تەزویـر بوون!
- ئەی باشە بانكەكان هەستیان بەوە نەدەكرد، كە ئەو پارەیە ساختەیە؟
- نا .. زۆر بە جوانی دروست كرابوون، تا ئێستاش لە شـاری ڕۆتەردام ئەو پارەیە ماوە.

- ئەی باشــە تـۆ خـۆت گرفتـت نـیە لەگەڵ ئەو جـۆرە پـارەیە؟ هەسـت ناکەیت، کە ئەو کارە زۆر زیانبەخشە؟
- نا... پارە پارەیە . جارێکیان بڕێک پارە تەرخان کرابوو بۆ وڵاتێک لە وڵاتەکـان، بەڵام ئەو پـارەیە ڕەوانە نەکـرا، بەڵکـو دابەشـمان کـرد، مـن گەراجێکم کڕی، پاشان سێ سەد هەزارم خستە کـارەوە، بەڵام نـاتوانم بۆت باسکەم سەرچاوەی ئەو پارەیە کوێ بوو. تەماشا، کە مـن کاتێک پۆلیس بووم مانگی ئەوپەڕی 3500 -2500 پارەم وەردەگرت، ئیتر خۆت سەرپشک بە، بزانە چۆن من دەتوانم لە ئێستادا سێسـەدهەزار بـخەمە کارەوە؟.

کاتێـک عەلـی ئەم قسـانەی دەکـرد، ئـێمە بەدوواداچونمـان بـۆ دەکـرد، قسـەکانی ڕاسـت بـوون، چـونکە ئەو لە ژوری بازرگـانی جگە لەو شـتانە سەرتاشخانەیەکیشی بە ناوەوە بوو. عەلی بەردەوام بوو لە قسەکانیدا و ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە چۆن هەندێک لە هاوڕێکانی گوتوویـانە بـازاڕی چەک کڕین و فرۆشتن لە ئەڵمانیا زۆر لەبارە، داخـۆ ئەو دەتوانێت لەگەڵ کەسـانی تایبەتـدا هێڵـی کۆنتـاک و بازرگانییـان لەگەڵ ئەمسـتەردام بـۆ دروست بکات؟ کارەکە وایە، خۆ من دەزانم ڕەنگە ئەمە کـارێکی گونجـاو نەبێـت، بەڵام ئەوانە هـاوڕێمن و مـن هەمـوو شـتێکیان بـۆ دەکەم، مـن ئامادەم لە پێناو ئایدۆلۆژیاکەمدا خۆم بەکوشت بدەم.

عەلی هەستاو دەستی ڕاکێشاو تەوقەی لەگەڵدا کردم و ڕۆشت، منیش تەکسیم گرت بگەڕێمەوە بـۆ لای هـاوڕێکەم لە بەنزینخـانەکە، کاتێـک، کە تەکسـییەکەی منـی تێـدابووم بەرەو ئۆتۆبـانەکە کەوتە ڕێگـا، لەتەنیشـت جادەکەوە لەسەر گیاکە، ئۆتۆمبێلێکی دیکە وەستابوو، کە ئێمە گەیشـتینە ئاسـتی ئەو یەکسـەر هـاتە دەرەوەو دوای تەکسـییەکە کەوت، بەڵام لەبەر ئەوەی بەنزینخانەکە نزیک بـوو، تاکسـیەکە لە بەنزینخـانەکە وەسـتاو مـن دابەزیـم و چـوومە نێـو ئۆتـۆمبێلی هـاوڕێکەم. سـەرلەنوێ ئۆتـۆمبێلەکە دوامان کەوتەوە، ماوەیەک بە دوامانەوە بوو، لە پڕدا ئۆتۆمبێلەکە بە لای ڕاسـتدا نزیکمـان کەوتەوە، چـوار کـوڕی گەنجـی تـورکی تێدا بـوو، کە بە

وردی سەرنجیان دەدا، چەند هەفتەیەک پاش ئەوە بۆمان دەرکەوت، کە مەسەلەکە عەلی بوو:
- ئەگەر ناوی من لەو کتێبەدا بێت، ئەوە دەتانکوژم.
- هێمن بەرەوە گەنجۆ، من ناوی تۆ لە کتێبەکەدا نابەم.
- لە راستیدا مەسەلە پەیوەندی بە ناوی منەوە نیە، بەڵکو پەیوەندی بە ناوبانگی بزوتنەوەکەمانەوە هەیە.

عەلی راستەوخۆ بەر لە بڵاو بوونەوەی ئەم کتێبە پێ ی گوتم ؛
- رەنگە لەسەر ئۆتۆبانەکاندا توشی کارەساتی ئۆتۆمبێل بیت، خۆشاردنەوە سودی نیە بۆ تۆ، تۆ پارەی ئەوەت نیە، کە لە شوێنی تایبەت خۆت بشاریتەوەو ئێمە نەیدۆزینەوە، پارەی بۆدیگاردیشت نیە، من پێشتر ئاگادارم کردیتەوە نەخەڵەتابیت ناومان بزرێنیت. هەروەک پێمگوتیت، ژیانی مرۆڤێک تەنها 300 دۆلار نرخەکەیەتی.

**یەکێک لە یانە و کۆمەڵەکانی گورگەبۆرەکان:-** [1]

کۆمەڵەی هاوکاری هۆڵەندی و لاوانی موسڵمانی تورک، کە بە کورتکراوەی (VERSAM) ناوی دەبرێت، یەکێکی دیکەیە لەو رێکخراوە تورکانەی، کە تەنها لە ساڵی 1996 بڕی 28.400 گڵدەری هاوکاری لە حکومەت وەرگرتووەو ساڵی 1997یش 28.700 گڵدەری دیکەی وەرگرتووە، مەڵبەندێکی دیکەی گورگەبۆرەکان و مەهەپەیە لە هۆڵەندا. گەنجانی ئەو مەڵبەندە، کە هەمووی تورکن، لێرە کۆدەبنەوەو کات بەسەردەبەن بە تێنس کردن و بلیاردو سەیرکردنی تەلەفیزۆنەوە کاتەکەیان دەکوژن. ئەحمەد کورێکی لاوی هەڤدە ساڵانە، کە لە قوتابخانەی ناوەندی دەخوێنێت، قەمسەڵەیەکی چەرمی لەبەردایە، کە

[1] Stella Braam & Mehmet Ülger bld 57-59.

ئـالای تورکیـای لەسـەرەو ملوانکەیەکیشـی لەملـدایە، کە مەدالیـایەکی گورگەبۆرەکانی پێوەدەلەرێتەوە:

- بۆچی ئەو ملوانکەیەت لەمل کردووە؟

- دەبێت ئێمەی تورک نیشانی بدەین، کە ئێمە کێین. ئەگەر کەسێک ملـوانکەی گورگەبۆرەکـانی لەمـل نەبێـت، بەڕاسـتی مـن گومـان لە تورکبوونی دەکەم، نەتەوەی تورک باڵاترین نەتەوەی دنیایە.

- باشە تۆ دەزانیت ئەو هێمایەی گورگەبۆرەکان واتای چیە؟

- ئەی چۆن نازانم؟ کاتێک باوباپیرانمان لە کاتی خۆیدا بەرەو ناوچەی ئەنادۆل هاتوون گورگەبۆرەکان رێنیشاندەریان بوون.

- بۆچی لێرە هۆڵەندی لێنیە؟

- ئەوە تۆ بەڕاستە؟ لەو باوەڕەدایت ئێمە هێندە بێ ئەقڵ بین لەگەڵ ئەو سـەگە کـافرانەدا پێکەوە کـار بکەیـن؟ هۆڵەنـدیەکان ترسـیان لە هەمـوو شـتێکی تـورک هەیە، مـن هەرگیـز بـاوەڕم بە پێکەوە کـارکردن لەگەڵ لەگەڵ خەڵکێکی لەو جۆرەدا نیە.

- بەڵام ئێمە لە هۆڵەنداین و پەیوەندی راستەوخۆمان لەگەڵ ئەواندا هەیە.

- جا چیە؟ ئێمەی تورک هەمیشە توانیومانە ناسنامەی خۆمان بپارێزین، ئەگەر ئاوا خۆمان نەپاراستایە لەو کافرانە، ئەوە دەمێک بوو ئێمە لەناو ئەو کافرانەدا توابووینەوە.

- باشـە ئەگەر کەسێکی هۆڵەندی بەو جۆرە باسی ئێمە بکات ئەوە ئەو کاتە ئێمە ئەوە بە رایسیزم لێک دەدەینەوە.

- بەڵام ئێمە تورکین، ئێمە ناشیۆنالیستین، ئەمە جیاوازە بۆ ئێمە تورک لە پێش هەموو شتێکەوەیە.

- باشە ئەمە کەمکردنەوەی خەڵکانی دیکە و بە نزم سەیرکردنیان نیە؟

- نا، هەرکەس دەبێت بۆ نەتەوەی خۆی وا بێت. ئێمەی تورک هەرگیز ئەم کارەمان بە جدی نەکردووە بۆیە ئاوامان لێهاتووە.

- ئەی باشـە بۆچوونت چیە سـەبارەت بەو هۆڵەندییانەی دەڵێن، تـورکە گڵاوەکان یان تورکە پیسەکان؟

- خۆم جارێک توشی ئەوە بووم، دوای ئەوەی، کە واتاکەی تێگەشتم و زانیم، کە لەبەر تورکبوونم وام پێدەڵێن، پێشتر من هەموو کەسێکم وەک مرۆڤ سەیر دەکرد، بەڵام ئیتر ئێستا دەزانم، کە دەبێت تەنها باوەڕم بە تورک هەبێت.

ئەحمەد لە هۆڵەندا لەدایک بووەو گەشەی کردووە، کەچی ئەو هەموو ساڵێک لە پشوی هاویندا رەوانەی تورکیا دەکرێت بۆ ئەوەی بەشداری لە هەندێک دەورەو کۆرسی تایبەتی مەهەپە بکات. ئەحمەد لەم بارەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە لەو کۆرسانەدا هەموو شتێکت فێر دەکەن، سیاسەت، مێژووی وڵات. فێرت دەکەن چۆن دژایەتی ئەو کوردانە بکەین، کە هەول دەدەن وڵاتەکەمان دابەش بکەن.
- لەکن هاوڕێکانت باسی دەکەیت، کە لەوێ فێری چی دەبێت؟
- بێگومان، زۆربەی گەنجانی ئێرە شەرم لە خۆیان دەکەن، کە تورکن، لە کاتێکدا، کە دەبوو ئەوان شانازی بەوە بکەن. هیچ نەتەوەیەک لە تورک سەروەرتر نیە، من هەمیشە هەوڵ دەدەم ئەوە بخەمە مێشکیانەوە.

**مزگەوتێک لەژێر کۆنترۆڵی گورگەبۆرەکاندا وەک شوێنێک بۆ قاچاخچێتی بەکار دێت:-** [1]

ئیمام عەبدوڵا، گوتاربێژی مزگەوتی ئۆلو(Ulu Camii)، کە دەکەوێتە نێو هەمان باڵەخانەی فیدراسیۆنی رێکخراوە تورکەکان، لە پاش نیوەڕۆیەکی رۆژی هەینی لەبەردەم نزیکەی دووسەد نوێژکەردا، دەستی بە قسان کرد و کەوتە پیاهەڵدانی گرنگی کۆبوونەوەی ئاینی، داوای لە هەمووان کرد، کە خوشک و دایک و ژنەکانیشیان بۆ ئەم جۆرە کۆبوونەوانە بێنن، با ئەوانیش لە هۆڵی تایبەت بە ژنان گوێبیستی وتارو وەعزەکانی ئێمە بن...

[1] Stella Braam & Mehmet Ülger bld 87-94.

شوێنی کۆبوونەوەو نوێژکردنی مزگەوتی ئولو، بە ئەفیش و ئاگاداری و وێنەکـــانی مەهەپەو گورگەبۆرەکـــان داپۆشـــرابوو. نەخشـــەی ئیمپراتـۆریەتی عوسـمانی، وێنەکـانی تـورکەش، وێنەی جەوهەر دۆدایفـی رابەری چیچانیەکـان، وتەو چاوپێکەوتنەکـانی تـورکەش لە رۆژنامەکـان لێکرابوونەوەو هەڵواسرابوون...

هەمـــوو ئامـــادەبووان لە ئەنـــدامانی گورگەبۆرەکـــان نەبـــوون، بـــۆیە نارەزایی و بێزاری بە روخساری هەندێکیانەوە بەدی دەکرا.. رۆژێکیـان کەسـێکی تەمەن نـزیکەی چـل سـاڵ، قسـەکانی بە ئیمـامەکە بـڕی، کە لە وەسف و پیاهەڵدانی تورکەش و مەهەپە نەدەبۆوە و پێی گوت:

- ئێمە نەهـاتووین بـۆ ئێرە پرۆپاگەندەی سیاسـی و حزبیمـان بـۆ بکەیت بەرێزم!
- کەسـێکی دیکە لەولاوە هەڵیـدایەو هەمـان بۆچـوونی هەبـوو، ئیمـامیش هاتە وەڵام:
- ئێرە مزگەوتە بەرێزم، ئێمە لێرە پرۆپاگەندەی سیاسی بۆ کەس ناکەین.
- ئەی ئەو هەمـــوو ئـــاڵاو پۆســـتەرەی گورگەبۆرەکـــان چیـــیە لێـــرە؟ ئەو هەموو وێنەیەی تورکەش بۆ هەڵواسراوە؟
- ئەوانە هێمـــای نەتەوەی تـــورکن هەڵواســـراون، هـــی پـــارتێکی سیاســـی دیـــاریکراو نـــیە، ئەوە نەخشـــەی ســـەردەمی عوســـمانیەکانە، مەگەر تـــۆ تورک نیت؟
- کـاکە گیـان ئـاڵای مەهەپە، ئـاڵای مەهەپەیە؟ بـۆ پـێم ناڵێیـت تـورکەش سـوڵتانی عوسـمانی بـووە؟ ئەو رۆژنـامەو وێنـانەی تـورکەش هەمـووی هی عوسمانیەکانە؟
- کەواتە تۆ رقت لە عوسمانیەکانە وایە؟
- بـرای بەرێـزم تـۆ قسـەکان هەڵمەگێـڕەوە، مـن دەڵـێم مـزگەوت شـوێنی خودا پەرستییە، نابێت بکرێتە شوێنی پروپاگەندەی سیاسی..
- نا وانیە، خۆ تەنها تـۆ لێرە نیت، لێرە کەسـانێک هەن، کە حەزیـان بەو شتانەیە کاکە گیان تۆ خۆت مەسەپێنە بەسەر خەڵکا.
- براکەم ئەمە مزگەوتە، ماڵی خوایە بۆ هەمووانە.

- وایە دەبێت تۆش ڕێزی ئەم شوێنە بگریت، کە دەزانیت ماڵی خوایە.
- دەباشە من ئیتر هەرگیز نایەمەوە بۆ ئەم مزگەوتە، چونکە دیارە بۆ کەسانی دیاریکراوە بۆ هەموو کەسێک نیە.

پێدەچوو کەسێکی دیکە بە پەلە بارودۆخەکەی گەیاندبێتە بەرپرسی کۆمەڵە تورکیەکە، کە هەر خۆشی بەرپرسی هەموو باڵەخانەکە بوو، ئەو هاتە ژوورەوەو روویکردە ئەو کەسەی رەخنەکانی دەگرت:

- ئەوە چی بووە، گرفت چیە؟
- بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵام بێت، خۆی بەردەوام بوو لەسەر قسەکانی خۆی :
- ئەوەتا سەیری ئەو بۆردە بکە، نوسراوە ( پروپاگەندەی سیاسی قەدەغەیە)، کەواتە لێرە ئەو کارە ناکرێت و خۆت سەغلەت مەکە.
- کاکە گیان تۆ لەسەر شتێک لۆمەی من دەکەیت، کە خۆت ئەنجامی دەدەیت، من لێرە بۆ نوێژ هاتووم ئێوە پروپاگەندەی سیاسی دەکەن نەک من.
- نەخێر وانیە، ئێمە لێرە پروپاگەندەی سیاسی بۆ هیچ لایەنێک ناکەین، ئەوشتانەی لێرە هەڵواسراون هەمووی هێماو سیمبولی میلەتی تورکە، بڕایەوە، ئیتر قسە مەکە زۆر نارازیت، دەتوانیت ئیتر نەگەڕێتەوە بۆ ئێرە، تێگەشتیت؟

کابرای رەخنەگر ئیتر خۆی پێچایەوەو رۆشتە دەرەوە. دوای تەواوبوونی گفتوگۆکان لە ئیمامەکەمان پرسی ئەرێ بەڕاست لێرە پروپاگەندەی سیاسی رێگای دراوە؟

ئیمام و پێشنوێژی مزگەوت وەڵامێکی تەڵخی داینەوە؛ خۆی لە راستیدا پروپاگەندەی سیاسی بوونی نیە، بەڵام ئەگەر پارتێکی سیاسی لە هەموو پارتەکانی دیکە باشتر خزمەتی نەتەوەکەمان بکات، دەبێت رێزی تایبەتی هەبێت و ستایش بکرێت، خۆ ئەو پارتە لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆی ئەو کارە ناکات بەڵکو لە بەرژەوەندی گەل دەیکات، ئەمەش ناچێتە خانەی پروپاگەندەی سیاسی. ئێمەی موسڵمان نابێت خۆمان لە ئاست راستییەکان گێل بکەین.

ئەو مزگەوتەی  باسی دەکەین، جێگەی زۆر شتی دیکەیە، کافتریای تێدایە، کە دەتوانیت قاوەو چایی تێدا بخۆیتەوە، تەلەفیزیۆنی تورکی تەرەتە، تاقە کەناڵی ئێرەیە، وێرای رۆژنامەی تورکیا، کە رۆژنامەی نەتەوەپەرست و نەژادپەرستەکانی مەهەپەو گورگەبۆرەکانە.

هەر لەناو مزگەوتەکە، سەرتاشخانەیەک هەیە، ئەم سەرتاشخانەیە ئامێرێکی ژمارەپێدانی تێدایە بۆ ئەوەی هەر کەسە ژمارەو نۆرەی خۆی بزانێت، بە پارەیەکی زۆر کەم(تەنها 10 گلدەری هۆڵەندی) سەری مرۆڤ چاک دەکات.  سەرتاشەکە باسی ئەوەی کرد، کە رێژەی 60% ی ئەو پارەیە بۆ مزگەوتەکەیە. لە سەرتاشەکەمان پرسی :

- جا باشە برا تۆ بەو پارە کەمە هیچت بۆ دەمێنێتەوە؟ ئەو رێژەیە زۆر بەرزە لەتۆی دەسەنن.
- جا چی بکەم؟ لە هیچ باشترە بەس نیە ئێرەش هەیە دوو عانەمان تێیدا دەست دەکەوێت.
- دیارە تۆ قاچاخیت؟ مافی نیشتەجێبوونت نیە؟
- نەخێر نیمە، بۆیە بەمە قایلم..
- سەرتاشەکە کەوتە باسکردنی بارودۆخی خۆی و لەو بارەوە گوتی:
- سێ ساڵ بەر لەئێستا هاتم بۆ هۆڵەندا، باش بوو یەکسەر لە رێگای کەسێکەوە ئەم مزگەوتەم دۆزیەوە.
- کەواتە هەر لێرەش دەخەویت؟
- بەڵێ، کەسێک مافی نیشتەجێبوونی نەبێت، ناتوانێت خانو بەکرێ بگرێت، خۆت ئەوە  دەزانیت.
- ئەی باشە کرێ خانوشت لێدەسەنن؟
- بەڵێ.
- جا باشە هیچت بۆ دەمێنێتەوە؟
- ناچارم کار زۆر بکەم بۆ ئەوەی شتێک پارەم بۆ پاشەکەوت بێت و مانگانە بینێرمەوە بۆ منداڵەکانم، بەڵام ناتوانم پارەیەکی زۆر پاشەکەوت بکەم، کولەمەرگی دەژیم.

کەسانی خاوەن کۆمەڵەو مزگەوتەکە خۆیان هەموو شتێک بەدڵی خۆیان بەڕێوە دەبەن، ئەوان لە ڕێگای ئامێری نۆرەبڕینەوە دەزانن ئەو ڕۆژە سەرتاشەکە سەری چەند کەسی چاککردووە، هەروەها بە هەمان شێوە ئەوانەی لە مزگەوت کار دەکەن و خزمەتکاری پاککردنەوەو چالێنان و شتی وا دەکەن، هەر هەموویان قاچاخن!

شتێکی دیکەی سەرنجراکێش لەناو مزگەوتەکەدا ئەنجام دەدرێت، ئەویش کاری بە قاچاخ بردن و گواستنەوەی مرۆڤە، ئەو کەسانەی، کە لە هۆڵەندا مافی نیشتەجێبوون وەرناگرن، لێرە لەم مزگەوتە لەلایەن کەسێکەوە بەرامبەر بە پارەیەکی دیاریکراو ئەو کەسە بە قاچاخ دەگوێزنەوە بۆ وڵاتێکی دیکە، لەوانەش بەریتانیا!

زانیاریمان بەدەستهێنا  کەسێکی ئەندامی گورگەبۆرەکان و بەرپرس لە مزگەوتەکە بە ناوی دورسون(Dursun)  کاری قاچاخچێتی مرۆڤ دەکات، بۆیە کەسێکمان پەیداکرد  ئەو کارەمان بۆ بسەلمێنێت و وا نیشانی بدات، کە خزمێکی زۆر نزیکی خۆی بەتەمای ڕۆشتنە لە هۆڵەنداوە بۆ بەریتانیا! کەسەکەی ئێمە لە هەمان مزگەوت دورسونی دۆزیەوە:-

- دەتوانم کەمێک قسەت لەگەڵ بکەم؟
- فەرموو بزانم چیت دەوێت؟
- خزمێکم هەیە چەند ساڵە لێرەیە مافی نیشتەجێبوونی نیە، قاچاخە، دەیەوێت بڕوات بۆ ئەوبەرەوە! دەتوانیت شتێکی بۆ بکەیت؟
- چۆن زانیوتە من ئەو جۆرە کارانە دەکەم؟ کێ ناوی منی بەتۆ داوە؟
- خۆت دەزانیت کەسانی لەو جۆرە، کە لێیان قەوماوە و لێرە بێکارو بێ پاسپۆرتن، هەمیشە پرسیار دەکەن و دەزانن چۆن مشوری خۆیان بخۆن، خەڵکیش ئیتر شت دەبیستێت و شت دەدۆزێتەوە ئەگەر بەدوایدا بگەڕێت.
- ئێ .. ئێ.. وایە، باشە ئەو خزمەت پارەی هەیە؟
- بێگومان خۆ ئەو هێندە ئەقڵی هەیە،  بزانێت کارێکی لەو جۆرە پارەی دەوێت.

- ئێستا زۆر ئاسان نیە، سنورەکان زیاتر چاودێری دەکرێن، هێندە قورس بووە زۆر کەس وازی لە کارەکە هێناوە، ئەوانەی ئێستا کار دەکەن دەیانەوێت لە پێشا پارەکە بخەوێنێت!
- تۆ خۆت کارەکە دەکەیت یان کەسێکی دیکە هەیە کارەکە ئەنجام دەدات؟
- نا من تەنها میانگیری دەکەم و نەفەری بۆ دەدۆزمەوە، کەسێکی دیکە هەیە کارەکە دەکات.
- داوای چەند دەکات؟
- بە پێنج هەزار کەمتر ئەو کارە ناکات.
- ئەی باشە رۆڵی تۆ چیە لەم کارەدا؟ کەمێک خاترمان بگرە.
- من تەنها هاوکاری و میانگیری دەکەم، هاوزمانەکانمان توشی گرفت و کێشە دەبن، دەبێت ئێمە کارئاسانییان بۆ بکەین، دەبێت لە پێشا نیوەی پارەکە بە دەستی بدەیت و نیوەکەی تریشی لای من دەخەوێنرێت تا دەگاتە ئەوبەرەوە.
- جا باشە من چۆن بزانم، کە ئەو بە سەلامەتی و گرەنتی دەگاتە بەریتانیا؟
- خۆی دەبێت ئەوە بزانیت هەرگیز لە سەدا سەد گرەنتی نیە، بەڵام هەتا ئێستا هیچ گروپێکی ئێمە دەستگیر نەکراون و هەموویان بە سەلامەتی پەڕیونەتەوە ئەوبەر دەریا.
- زۆر باشە من قسەی لەگەڵ دەکەم و ژمارە تەلەفۆنی تۆی دەدەمێ بۆ ئەوەی خۆی قسەت لەگەڵدا بکات.
- باشە، بەڵام تۆزێک پەلە بکەن، چونکە گروپێکمان ئامادە کردووە لەم رۆژانەدا دەکەونە رێگا با لەگەڵ ئەواندا بۆی مەیسەرکەم.

بۆ دڵنیا بوونی زیاتر لە کارەکە، کەسێکی دیکەمان دۆزییەوەو بەناوی ئەو کارەوە پەیوەندی بە (دورسون)ەوە کرد، داوای لێکرد هەندێک زیاتر زانیاری گەشتەکەی بداتێ بۆ ئەوەی خۆی ئامادە بکات، ئەویش بە شێوەیەکی زۆر ئاشکراو ئاسایی هەموو وردەکاریەکانی بۆ باسکرد

- گوێگره باوکم، تۆ لێرەوە هەر لە مزگەوتەکەوە دەبرێیتە شوێنێکی تر، لە هۆڵەنداوە دەبرێیت بۆ بەلجیکا، پاشان فەرەنسا، ئیتر سواری کەشتی دەبێت، گەرەنتی لەم کارەدا نیە، بەڵام ئەگەر تۆ لەلایەن پۆلیسی بەریتانیاوە دەستگیر کرایت ئەوە دیسان گرفت نیە، چونکە دەتوانیت راستەوخۆ داوای مافی پەنابەری بکەیت و بەرەڵات دەکەن، بەڵام نابێت هیچ خۆت سەغلەت بکەیت، کە دەستگیر کرایت یەکسەر بڵێ من کوردم و داوای مافی پەنابەری دەکەم. ئێمە زۆر نیە گروپێکمان ناردووەو هەرهەمووشیان ئێستا لەوبەرن، خۆی لە راستیدا داوای شەش هەزار دەکەن، بەڵام لەبەر خاتری ئێوە من کردوومە بە پێنج هەزار.

**مەهەپە بە بەرنامەو پلان**
**هەموو ئەو کارانەی لە ئەوروپا ئەنجامداوە:-**

پاش بڵاو بوونەوەی چاپی یەکەمی ئەو کتێبە هانس دایکستاڵ ( Hans Dijkstal)، کە لەو کاتەدا وەزیری ناوخۆی هۆڵەندا بوو، داوای لێکۆڵینەوەی لەم بارەوە کرد و لە رۆژی 20ی نۆڤێمبەری 1997 نامەیەکی ئاراستەی پارلەمانی وڵات کرد و تیایدا هاتووە ( ئەندامانی فیدراسیۆنی رێکخراوە تورکەکان کار لەسەر دوو ستراتیژی دژ بەیەک دەکەن؛ لە لایەک ئەوان باسی ئەوە دەکەن مەبەست و ئامانج لە کارەکانیان ئاوێتەبوونی رەوەندی تورکە لە هۆلاندا؛ لە لایەکی دیکەوە ئەوان ئایدۆلۆژیای مەهەپە لە هۆڵەندا بڵاودەکەنەوەو وەک لقێکی ئەو پارتە سیاسییە رەفتار دەکەن) .

دەزگای هەواڵگری هۆڵەنداش لە راپۆرتی ساڵانەی خۆیدا وێرای ئەوەی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئەوان چاودێری چالاکییەکانی ئەو فیدراسیۆنە دەکەن و ئاماژە بۆ بوونی رێکخراوێک بە ناوی گورگەبۆرەکانەوە دەکات، کەچی وەک داپۆشین و پاساوهێنانەوە بۆ کردەوەکانی ئەم رەوتە لە راپۆرتی ساڵی 2000ی خۆیدا دەنوسێت (فیدراسیۆنی رێکخراوە تورکەکان پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی

حکومەتی تورکیا دەکات)، هەروەها لە بڕگەیەکی دیکەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە (هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی ئەم فیدراسیۆنە هاوتەریبە لەگەڵ سیاسەتی حکومەتی تورکیا، بە تایبەتی، کە ئەو پارتە لە پارلەمانی وڵاتدا نوێنەرو فراکسیۆنی هەیە).

راپۆرتەکـان جـار لە دوای جـار ئاماژەیـان بـۆ پەیوەنـدی نێـوان فیدراسیۆنی رێکخراوە تورکەکان دەکرد لە تەواوی وڵاتە ئەوروپییەکاندا لە نێوان خۆیاندا، بێگومان ئەمەش پرسیاری ئەوە دروست دەکات داخۆ گرێـدانی پەیوەنـدییەکی ئـاوا بەهێـز و تـۆکمە لە توانـای رێکخـراوە کەلتورییەکانی لەو جۆرەدا دەبێت یان دەستێکی نهێنی لە پشت ئەوانەوە دەوەسـتێت؟ ئەو دەسـتە نهێنـیەش زۆر بە ئاسـانی و سـادەیی دەدۆزرێتەوە، چونکە لە زۆربەی نوسراوەکانی ئەم رێکخراوانەدا جگە لەنـاو یـاخود لۆگـۆی رێکخـراوەکە، نـاوو لۆگـۆی مەهەپەش لەسـەر نوسراوەکان هەیە.

دەتـوانین بێـژین هەمـوو کردەوەکـانی مەهەپە لە دەرەوەی وڵات، هەرگیز کردەوەی کۆمەڵێک کەسی لایەنگر و لەژێر کاریگەری سۆزو هەستدا ئەنجام نەدراون، بەڵکو هەموو ئەو کردەوانە بەپێی بەرنامەو راستەوخۆ بە فەرمانی ئەو پارتە ئەنجامدراون.

لە نوسینگەی سەرەکی مەهەپە لە ئەستەنبول رۆژی 22ی دیسێمبەری 1995 چاومان بە یاڤوز سەلیم دەمیراغ (Yavuz Selim Demirag)کەوت. دەمیراغ سەرنوسەری رۆژنامەی ئۆرتا دۆگو (Ortadoğu)ی زمانحاڵی مەهەپە بوو. دەمیراغ کەوتە پیاهەڵدان و باسکردنی مەهەپەو ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە ئەوان پەیوەندی زۆر باش و پتەویان لەگەڵ فیدراسیۆنی رێکخـراوە تورکەکـانی هۆڵەنـدا هەیە، چـونکە بە وتەی ئەو هاونیشتیمانیەکانی ئەوان لە دەرەوەی وڵات سۆزی زۆریان بۆ وڵاتی دایک هەیە، بۆیە ئەمە سەیر نیە، کە ئەوان زۆر لایەنگری پارتەکەی ئێمە بن و هاوکاریمان بکەن. هەروەها داخوازی ئەوەی هەبوو، کە لە ئەوروپا باخچەی ساوایانی تورک بکرێتەوە، چونکە منداڵانی تورک دەبێت بەزمانی خۆیان رەفتارو هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێت و هەروەها

بەهەمـان شـێوە خوازیـاری کـردنەوەی قوتابخـانەی سـەرەتایی بـوو بـۆ منداڵان.. [١]

لە هەفتاکـــانی ســـەدەی بیســـتەمەوە ئیتـــر لەگەڵ بڵاوبـــوونەوەو تەشەنەسەندنی فاشیزم لە تورکیا گورگەبۆرەکان نەک تەنها لە تورکیا، بەڵکو لە ئەوروپا ناوبانگیان زڕابوو. بڵاوکراوەکانیان زۆر دوژمنانەو فاشیانە بوو، رقەبەرایەتی جولەکەو ئەرمەن و کورد و چەپیان دەکرد، بەڵام بە پلەی یەکەم، خۆیان بە دوژمنی کۆمۆنیزم و چەپەکان دەزانی. هەڕەشـەکردن و بڵاوکـردنەوەی نـامەی هەڕەشـەو کوشـتنی بێهۆکـار هەمـوو ئەو کـردەوانە بـوون، کە بە ئانقەسـت بە بەرچـاوی خەڵکەوە بـۆ تۆقاندن و ملکەچکردنیان ئەنجامیان دەدا.

- کـوڕی سـەگ، ئـێمە ناونیشـانی خـۆت و مـاڵ و منـداڵت لێـرەو لە تورکیاش دەزانین، باش ئاگات لەخۆت بێت...

ئەمە یەکێک لە هەڕەشە نامەکانە، کە لە شاری 'ئەنیشخدێ' ی هۆڵەندا بۆ کەسێکیان ناردووە، رۆژی 27ی مەی 1980 گون سازاک (Gün Sazak) کۆنە وەزیری گومرگ و ئەندامی مەهەپە تیرۆر کرا. گورگەبۆرەکان و مەهەپە لە هۆڵەندا بەم بۆنەیەوە راگەیاندنێکیان بڵاوکردەوە، کە تیایدا هـــاتووە ( ئـــێمە هەرگیـــز رۆژی 27ی مەی 1980 لە یـــاد نـــاکەین، منداڵەکانمان لەگەڵ رقی نەتەوەیدا مەزن دەبن. ئێمە ئامادەین بۆ شـەڕ و چاوەڕێمان بکەن، درکەکان لە رەگەوە دەردێنین، گێژەڵوکەی سور لەناو دەبەین، ئەو رۆژە دێت، کە بەکرێگیراوەکانی روسیا وەکو جرج دەبێ رابکەنە نێو کولانەکانی خۆیانەوە... خوێن بە خوێن و ددان بە ددان چارەسەر دەکەین. [٢]

ئەم لیستەی خوارەوە هەندێک لەو روداوانەیە، کە راستەوخۆ لەلایەن گورگەبۆرەکانەوە ئەنجامدراوە، یان بە ناراستەوخۆ پەیوەندی بەوانەوە هەبووە. ئەم لیستە تەنها روداوەکانی ئەوروپا لە نێوان ساڵانی -1990

[1] Stella Braam & Mehmet Ülger bld 38.

[2] Stella Braam & Mehmet Ülger bld 43.

1997 دەگــرێتەوە. زانیــاری زۆر کەمە تــا مــرۆڤ بتوانێــت هەمــوو روداوەکانی پەیوەست بەو رێکخراوەوە بدۆزێتەوە، بەڵام هەروەک چۆن دەگوترێت مشتێک نمونەی خەرواریکە، ئەوە خوێنەر لەم مشتەوە زۆر بەباشــی دەتوانێت نەک تەنهـا کـردەوە تیرۆرسـتیەکانی ئەو رێکخـراوە هەڵسـەنگێنێت، بەڵکو پرسیارگەلێکی زۆر گرنگیش بوروژێنێت، کە داخۆ دەبێـت ئەم رێکخـراوە بە تەنهـا ئەم کـارانەی کردبێـت یـان لە پشـتی پەردەوە رێگای بۆ خۆشکراوە؟ کێن ئەوانەی رێگایان بۆ خۆشکردووە؟ لە چ ئاستێکدا بوون؟ ئایا خودی وڵاتانی ئەوروپا بەو کارەوە تێوەگلاون یان نا؟

هۆڵەندا:-

- رۆژی 27ی ئۆکتۆبەری 1996 لە شاری بێرخن ئۆپ زۆم ( Bergen op Zoom) لە کێشەیەکی پێنج ساڵەدا لە نێوان گورگە بۆرەکان و لایەنگرانی رێکخراوی چەپی دەڤ سۆل (Dev Sol) شـەڕە تەقە لەناو چایخانەیەکی تورکەکانـدا روویـداو لە ئاکامـدا یەک کەس کـوژراو پێـنج کەسـی دیـکە بریندار بوون. [١]

- رۆژی 5ی ئۆگستۆسـی 1996 لە شـاری دۆردرێخـت (Dordrecht) رێکخـراوی ئیسـلامی و گەنجـانی تـورک (VERSAD) لە شـاری نـاوبراو سـەیرانێکیان سـازکرد. پـاش سـەیرانەکە نـامەیەک لەلایەن رێکخـراوی کرێکـارانی تـورکەوە ئاراسـتەی ئەنجـومەن و سـەرۆکی شـارەوانی ئەو شــارە کـراوە. نـامەکە هۆشـداری دەداتە لایەنە بەرپرســەکان، کە ئەو ســـەیرانە جـــگە لە کۆبـــوونەوەی گـــروپە راســـتڕەوەکانی مەهەپەو گورگەبۆرەکان هیچی دیکە نەبووە. ئەو رێکخراوە جگە لەچەترێک بۆ فاشســتە تورکەکــان هیچــی دیـکە نـیە. ئەم نـامەیە بـوو بە وتـارێکی دووڕودێژ و لە رۆژی ٥ی ئۆکتۆبەری 1996دا لە رۆژنامەی هەمان شاردا

[1] Trouw, 1 november 1996 bld 12.

بڵاوکرایەوەو ئاماژە بە مەترسییەکانی گروپی مەهەپەو گورگەبۆرەکان درا لەسەر کۆمەڵگەی هۆڵەندی. پاشان ئاشکرا بوو، کە ئەو سەیرانە پروپاگەندەکردن بوو بۆ گورگەبۆرەکان و بەشداربووەکان بە هێماو سیمبولی گورگەبۆرەکان و مەهەپەوە چونەتە سەیران و لە هەموو هۆڵەنداوە خەڵکیان بانگهێشت کردووە و کەسایەتی ناوداری گورگەبۆرەکانیش لە فیدراسیۆنی تورکە نمونەییەکان حیکمەت یەڵدزلی (Hikmet Yildizeli) ئامادە بووە. پاش بڵاوبوونەوەی ئەم نوسینە ناوبراو خۆی راستەوخۆ وەڵامی رۆژنامەکە دەداتەوەو بانگەواز بۆ ئەوە دەکات، کە ئەو نوسینە چیرۆکی کۆمەڵێک کەسانی تیرۆرستە لە رێکخراوەکانی وەک (Dev Sol،PKK, DHKPC )، کە ئەم رێکخراوانەش بەپێی وتەکانی ئەو ناسراون بە کردەوە تیرۆرستەکانیان و خۆیان کار بۆ فاشیزم و توندرەوی و رایسیزم دەکەن.

- رۆژی یەکی ژونی 1996 لە شاری لایدن (Leiden) ئێوارە شەوێکی کەلتوری لە لایەن رێکخراوی ژنانی تورکەوە سازکرا. لەم ئێوارەیەدا کاری توندوتیژی سەریهەڵدا، شەڕو پێکدادان لە نێوان 20 تورک، کە پێشتر خۆیان ئامادەکردبوو بۆ تێکدانی ئەو بۆنەیەو ئامادەبوانی دیکەوە سەریهەڵدا. گێرەشێوێنەکانی تورک ئەندامی کۆمەڵەی تورکی-هۆڵەندی ئەو شارەبوون و سەر بە گورگە بۆرەکان بوون.
- رۆژی 18ی ژانیوەی 1996 لە شاری بێرخن ئۆپ زۆم ( Bergen op Zoom) لە نێوان چەپ و راستڕەوە تورکەکاندا شەڕەتەقە سەریهەڵدا، لەم شەڕەدا چوار کەس بریندار کرا، ماوەیەکیش بەر لەم شەڕە لەو شارەدا چەندین ئاژاوەی وەک زیانگەیاندن و تەقەکردن لە ماڵان و هەڕەشەی کوشتن و تێکشکاندنی ئۆتۆمبێل ئەنجامدران..[1]
- رۆژی 2ی نۆڤێمبەری 1995 لە شاری ڤەنلۆ (Venlo) هەزارەها ئەندامی گورگەبۆرەکان لە هۆڵەنداو ئەڵمانیا و بەلژیکا لە شاری ڤەنلۆ ئاهەنگێکیان لەژێر ناونیشانی (بیری وڵاتی باوک دەکەین) سازکرد.

---

[1] Contrast 4 februari 1996 Persverklaring Organisatie van Democratische.

ئوزان عارف (Ozan Arif)، کە هونەرمەندێکی ئەندامی گورگەبۆرەکانە لە ئاهەنگەکەدا گۆرانی دەگوت.[1]

- ڕۆژی 7ی ئۆکتۆبەری 1995 لە شاری دەن هاخ(Den Haag) چەند هەزار تورکێکی توندڕەوی ناشیونالیست بەرەو ئەو شارە هاتن بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەیەکی مەهەپە. بەڵام لە ڕاستیدا ئەو کۆبوونەوەیە تەنها لە لایەن فیدراسیۆنی تورکە نمونەییەکانەوە سازکرابوو، بۆ ئەوەی گرو تین و قەرەباڵەغی بە کۆبوونەوەکە بدەن لە ناو ئەندامەکانی خۆیاندا وایان بڵاوکردبۆوە، کە تورکەش خۆی بەشداری دەکات لە کۆبوونەوەکە. لەملاشەوە نزیکەی ٥٠ کەس لە چەپ و دژە فاشستەکانی تورکیا لە دژی ئەوان خۆپیشاندانیان ساز دەکرد، هێندەی نەمابوو شەڕو پێکدادان ڕووبدات، بەڵام پۆلیس کۆنترۆڵی کردن.[2]
- ڕۆژی 1ی مانگی ژوڵی 1995 لە شاری ئەنسخەدە (Enschede) لە گۆڕەپانێکی تۆپ تۆپێندا لە نێوان کۆمەڵێک گەنجی کورد و تورک شەڕ بەرپا دەبێت، هۆکاری شەڕەکە ئەوە دەبێت، کە گەنجە کوردەکان تیشێرتی تایبەت بە خۆیان لەبەرکردووە، کە ڕەنگی ئاڵای کوردستانی تێدا بووە، ئەمەش تورکەکانی هانداوە، شەڕ هەڵگیرسێنن، لە پاشاندا ئەو شەڕە تەشەنەی کردووە و نزیکەی ٦٠ کەس بەشداری تێدا کردووە.[3]
- ڕۆژی 5ی مانگی مەی 1995 لە شاری ئەمسفۆرت (Amersfoort) خۆپشاندانێک بە ناونیشانی (با بەس بێت فاشیزم) لە لایەن نزیکەی 150 کەسێکەوە ئەنجامدرا، گروپێکی 20 کەسی لە تورکە فاشستەکان هەوڵیاندا خۆپشاندانەکە تێک بدەن و لەدوورەوە چەندین بتڵی بەتاڵ و بەردیان تێگرتن، بەڵام هیچ ڕوداوێکی لێنەکەوتەوە.

---

[1] Politie raport, Venlo, 9 nov1996.
[2] NRC, 9 okt 1995, bld 7.
[3] Parool, 22 juli 1995.

- له مـانگی سـێپتێمبەری 1997 له هەمـان شـاری ئەمسـفۆرت، نـامەیەکی هەڕەشــه رەوانەی ژمـارەیەکی زۆر له کـورد و عەلەویەکـان و تـورکه چەپ و پێشکەوتنخوازەکان کراوە، لەو نامەیەدا ئاماژە بـۆ ئەوە کـراوە، که ئەو کەسانه پەیوەندییان به (نشـتیمان فرۆشـەکانەوە) هەیەو دەبێت وازبێـنن، دەنـا دەکەونه بەر تـۆڵەی گورگەبۆرەکـان. له هەمـان مـاوەدا رووداوی گەلەکۆمەو لێدان و هەڕەشەی کوشتن بەرامبەر به کوردەکـان زیادی کـردووە، کەچـی پۆلیسـی ئەو شـاره ئامـاده نیه هـیچ لێکـۆڵینەوه لەو بارەوه بکات و هەمووی وەکو رووداوی تاکەکەسی تۆمار دەکات.[1]

- رۆژی 23ی ئــــاپرڵ له شـــــاری دەن هـــــاخ (Den Haag) له دژی دروســـتکردنی پارلەمــانی کوردســـتان له دەرەوەی وڵات نـــزیکەی 25 هەزار تـورکی ناسیۆنالیسـت خۆپیشـاندانیان سـازکرد. خۆپیشـاندانەکەیان لەژێــر دروشـــمی ( تورکیــا هەمیشـــه به دوواتــانەوەیه) ئەنجامــدرا. خۆپیشاندەران به پەنجەکانی دەستیان هێمای گورگه بۆرەکانیـان دەکرد و لەسەر فلیکس و لافیتەکانیش هەمان دروشمیان نەخشاندبوو، وێرای ئەوەش نوســـراویان به دەســـتەوه گرتبـــوو، که تێیـــدا نوســـرابوو (سوپاکەمان باشترینه).[2]

- رۆژی 21ی مـــارتی 1995 نـــزیکەی 100 کەس له ئەنتـــی فاشســـتەکان، خۆپیشاندانێکیان له شـاری رۆتەردام (Rotterdam) ئەنجامـدا، نزیکەی 40 کەس له گـورگه بۆرەکـان پەلامـاری خۆپیشـاندەرانیاندا، پـۆلیس کەوته نێوانیان و هیچ شـتێکی ئەوتـۆ روینەدا، بەڵام گورگەبۆرەکان بەردەوام بـوون لەســەر خۆپیشـاندانی خۆیـان و چەنـد کاژێرێـک بەنـاو شـاری رۆتەردامدا سوڕانەوەو دروشمی (مەرگ بۆ پەکەکە)یان دەگوتەوە.

- رۆژی 9ی دیسـێمبەری سـاڵی 2000 بـۆ باشـکردنی رەوشـی زینـدانیانی سیاسـی له تورکیا له شـاری رۆتەردام چەنـدین کەسـی نزیـک له رەوته چەپەکــانی تورکیــاوه مانگرتنیــان له خــواردن راگەیانــد، گرووپێکـــی

[1] Amersfoort Courant, 4 okt 1997.

[2] AD, 24 april 1995, Zwolsche Courant, 24 april 1995.

گورگەبۆرەکان هەڵیان کوتایە سەریان و بە چەقۆ کەسێکیان بەناوی جەعفەر دەرەلی (Cafer Dereli) کوشت، بکوژەکە نەدۆزرایەوەو کەسیش دەستگیر نەکرا.[1]

<u>وڵاتانی دیکەی ئەوروپا</u>:-[2]

ئەڵمانیا

- ڕۆژی 3ی فێبروەی 1997 لە شاری کیل(Kiel) گەنجێکی تەمەن 25 ساڵ، ئەندامی کۆمەڵەی کەلتوری عەلەویەکانی تورکیا بە ناوی ئەرکان ئەلکایە (Ercan Alkaya) لە لایەن ئەندامێکی پیاوکوژی ناسراو لە گورگە بۆرەکان بە ناوی فەهمی. ک (Fehmi K) کوژرا. ئەم تاوانە بووە هۆکاری هەڵگیرسانی شەڕێک لە ناو قاوەخانەیەکی هاوبەشی کوردەکان و چەپەکان و عەلەویەکان لە دژی گورگەبۆرەکان. لە ڕۆژی 8ی هەمان مانگدا عەلەویەکان خۆپیشاندانێکیان لە دژی ئەو تاوانە سازکردو بانگەوازی تۆڵەسەندنەوەیان کرد.
- ڕۆژی یەکی ئۆکتۆبەری 1996 لە شاری کۆلن(Köln) گورگەبۆرەکان هێرشیان کردە سەر تیمی وەرزشی بۆتان، سەرەتا لە یاریگاکە هێمای گورگەبۆرەکانیان هەڵواسیبوو، پاشان ڕێگای چوونە ناو یاریگاکەیان لە کوردەکان گرت، بەرلەوەی شەڕ دەستپێبکات، پۆلیس هاتە نێوان و کوردەکانی لەناو ئۆتۆمبێلەکانیان دەرهێناو تەختی زەوییان کردن. بەڵام پۆلیسەکان هیچیان بەرامبەر بە گورگە بۆرەکان نەکرد!
- ڕۆژی 3ی سێپتێمبەری 1995 لە شاری نەومونیستەر (Neumünster)ی ئەڵمانیا گورگە بۆرەکان زنجیرەیەک هێرشی توندیان کردە سەر ڕێکخراوە کوردییەکان، لە یەکێک لە هێرشەکانیاندا کوردێکیان بە ناوی سەیفەدین کالان (Seyfettin Kalan) دایە بەر گولەو کوشتیان. دوای ئەو

[1] Stella Braam & Mehmet Ülger bld 149.

[2] Turkse ondemocratische organisaties en bewegingen in Nederland', concept-notitie, Netwerk Centra Buitenlanders (NCB), juni 1993.

کارەشیان چەندین جار هەوڵی سوتاندنی مەڵبەندە کوردییەکانیاندا. لە یەکێک لە هێرشەکانیاندا پۆلیسی ئەڵمانیا چەندین کەسی چەکداری لەوان دەستگیرکرد، بەڵام لە رۆژی دادگایی کردنی بکوژەکانی سەیفەدین کالان دادوەر رایگەیاند، کە ئەو کارە هیچ پاشخانێکی سیاسی نیە، بەڵکو تەنها کێشەی نێوان دوو کەس بووە.

- رۆژی 25ی ئاپرلی 1995 لە بەرلەین (Berlin) پاش ئەوەی تیمی فوتبۆڵی تورکیا، هیچ بەرامبەر بە دوو گۆڵ بە سویسرا ی دۆڕاند، ژمارەیەکی زۆری گورگەبۆرەکان لە بەرلەین پاش تەواوبوونی یارییەکە، کەوتنە خۆپیشاندان. لە خۆپیشاندانەکەدا هوتافی سەیرو سەمەرەیان دەگوتەوە لەوانەش ( تورکیا لەهەموو وڵاتێک گەورەترە، تورکیا دەکەینە گۆڕستانی پەکەکە)، لە خۆپیشاندانەکەدا هێرشیان کردە سەر کۆمەڵێک کورد و چەپی تورک، بەردەفڕکەو تێکدان و شکاندنی کەلوپەلی گشتی زۆریان کرد و هەندێکیشیان بە ئاشکرا دەمانچەکانیان دەردەهانی، بەڵام پۆلیسی ئەڵمانیا هەر تەماشای دەکرد و لە راپۆرتی دواتری خۆشیاندا ئەو روداوەیان وەک کێشەی نێوان هاندەرانی تیپەکان باس کردبوو.
- دیسێمبەری 1995 لە زانکۆی دایسبۆرگ (Duisburg) چەندین جار بڵاڤۆک و ئەفیشی گورگەبۆرەکان لەناو ئەو زانکۆیە هەڵدەواسرێن، لە سەر ئەفیشەکان دروشمی فاشیست و خوێنڕشتن دەنوسرێن لەوانەش (سنوری وڵاتی باوکم لە نەمساوە هەتا مەنگۆلیایە) هەروەها ( ئەی خوێن بیرت دەکەم، بەڵام بەم نزیکانە دەتخۆمەوە).
- 21ی فێبریوەی 1996 لە شاری زویریش (Zürich) لە سویسرا(Zwitserland) لە نوسینگەی عەلی بابا بۆ گەشتی ئاسمانی 40 کیلۆ هیرۆین دەستی بەسەردا گیرا. خاوەنی ئەو نوسینگەیە ناوی عەلی رەزا گوربوز (Ali Riza Gürbüz) بوو، ناوبراو کاندیدی مەهەپە بوو لەسەر شاری ئیزمیر و بڕی 70 ملیار لیرەی تورکی بەدیاری بەخیشیبوو بە مەهەپە.

- 18ی نۆڤێمبەری 1995 لەهەمان شاری زویریش لە سویسرا شەڕە تەقە هەڵگیرسا، گورگە بۆرەکان پێشتر کۆبوونەوەیەکیان لە شاری ئارگاو (Aargau) قەدەغەکرابوو، بۆیە کۆبوونەوەکەیان گواستبۆوە بۆ شاری زویریش، بەڵام لەوێ کوردەکان و چەپە تورکەکان خۆپیشاندانیان لە دژیان کرد. گورگەبۆرەکان چەکیان راکێشاو تەقەیان لە خۆپیشاندەرانی کورد و چەپەکان کرد و چوارکەس بریندار کران، بەڵام پۆلیسی ئەوشارە تەقەکردنەکەی خستە ئەستۆی پەکەکە.
- رۆژی 3ی ژانیوەی 1994 لە برۆکسل (Brussel) ی پایتەختی بەلژیکا، گورگە بۆرەکان هێرشیان کردە سەر مەڵبەندێکی رۆشنبیری کوردەکان. ئەو مەڵبەندە دەبوو لەو رۆژەدا پێشوازی لە 150 کوردی روناکبیر بکات، کە لە شاری بۆن (Bonn) بۆ پشتیوانی خەباتی وڵاتەکەیان بەڕێکەوتبوون. لەو هێرشانەدا چەندین کەس بریندار بوون و چەندین دوکان و شوێنی بازرگانی کوردیش لە لایەن تورکە فاشستەکانەوە تالانکران. وەزیری ناوخۆی بەلژیکا تاوانی ئەم رووداوانەی خستە ئەستۆی گورگەبۆرەکان و نزیکەی 50 کەسی لێدەستگیرکردن، لە وەڵامی ئەم هەنگاوەی بەلژیکا، وەزیری دەرەوەی تورکیا رایگەیاند، کە بەلژیکا خۆی رێگای بۆ ئەو رووداوانە خۆشکردووە، چونکە وەکو ئەڵمانیا پەکەکەو رێکخراوە کوردییەکانی قەدەغە نەکردووە.
- رۆژی 9ی دیسێمبەری 1993 لە شاری بەرلەینی ئەڵمانیا، شەڕو پێکدادان لە نێوان دوو گروپی فاشستی تورکیا سەریهەڵدا، هۆکاری ئەم شەڕە جگە لە بەرژەوەندی پارەو پۆست، ئەو ململانێیە بوو کە لەنێوان لایەنگرانی مەهەپە و پارتی یەکیەتی گەورە (BBP) لەناوخۆی تورکیا سەریهەڵدابوو (بڕوانە بەشی یەکەمی ئەم کتێبە).
- رۆژی 23ی نۆڤێمبەری 1992 لە شاری مولن (Mölln) لە کاتی ناشتنی تەرمی سێ کەسی تورک، کە لەلایەن نازییە تازەکانەوە کوژرابوون، لە نێوان تورکە فاشستەکان لە لایەک و کوردو تورکە چەپەکانیش لە لایەکی دیکە شەڕوپێکدادان رویدا. گورگەبۆرەکان کوردو چەپەکانیان

بەو کارە تۆمەتبار دەکرد، پۆلیسی ئەڵمانیاش چەندین جار لەو رۆژەدا هەردوو لایەنی شەڕی لەیەکتر جیا دەکردەوە.

- رۆژی 3ی مانگی ژونی 1993 لە شاری سۆلینگن (Solingen) نازییە تازەکانی ئەڵمانیا هێرشیان کردبووە سەر ماڵە تورکێک و پێنج تورکیان کوشتبوو، گورگەبۆرەکان ئەم هەلەیان قۆستەوە بۆ ئەوەی لە تۆڵەی ئەم کارەدا بانگەشەی ناشیۆنالیستی خۆیان بکەن و سۆزی تورکەکانی دیکە بۆ خۆیان راکێشن، بۆیە لە بەرامبەردا هێرشیان کردە سەر کوردەکانی ئەو شارە. پۆلیسی هەرێمی برێمن (Bremen) بۆ دڵدانەوەی تورکەکان سەردانی رێکخراوەکانی کردن، بەمەش چاوپۆشی لە هێرشەکانیان بۆ سەر کوردەکان دەکرا، چونکە کۆمیسیاری ئەو هەرێمە بەوانی راگەیاندبوو، کە چالاکییەکانی پەکەکە ئەو هەرێمەی نیگەران کردووە.

**ئامادەسازی بۆ کوشتنی ئۆڵف پاڵمە:-**

لە مێژوودا هەموو ئەو کردەوە تیرۆرستیانەی دەزگاکانی کۆنترا گەریلا و هەواڵگری و گلادیۆکان ئەنجامیانداوە زۆر نادیارو تەمومژاوی بووە. هێندەی لێکۆڵینەوەکان تێیدا قوڵ و ئاڵوزکراون، کە چەندین کەسایەتی و دەوڵەت و لایەن تێیدا تاوانبارکراون و سەرەنجام راستیەکان ونکراون و بکەری راستەقینەش شاردراوەتەوە. نمونەی ئەم کردەوانەش زۆرن لەوانە کوشتنی جۆن کەنەدی، روداوی لۆکەربی، تەقاندنەوەی مەڵبەندی بازرگانی جولەکە لە بونوس ئایرەسی ئەرژەنتین (Buenos Aires)، کردەوەکانی سوپای سوری ئیتالیا ...هتد.

ئۆڵف پاڵمە(Olof Palme/1986-1927) سەرۆک وەزیرانی ئەوسای سوید لە شەوی 28ی فێبریوەی 1986 کاتێک بە تەنها خۆیی و هاوسەرەکەی ئەو شەوە پاش تەماشاکردنی فیلمێک لە یەکێک لە سینەماکانی ستۆکهۆڵمی پایتەخت، بەرەو ماڵەوە دەگەڕانەوە، کاتژمێر 23:21 خولەک درایە بەر گولەو تەنها بە سێ فیشەک کوژرا.. هەتا ئەمرۆشی لەسەر

بێت نەتوانراوە بەڵگە تەواوەتی لەسەر هۆکاری کوشتن و لایەنی بکوژ بدۆزرێتەوە، بەڵام ئەم راستییە بۆ خۆی بەڵگەی ئەوەیە، کە نەخشەی کوشتنی پالْمە لە ئاستێکی زۆر بەرزی تیرۆرداو لە لایەن دەزگایەکی زۆر تۆکمەو شارەزا دارێژراوە، بۆیە نەتوانراوە هیچ جۆرە سەلماندنێکی دروست بۆ ئەم تاوانە بکرێت، تەنانەت تاقە کەسی تۆمەتبار بە کوشتنەکەش کارل پیتەرسۆن (Carl Pettersson) لە مانگی سێپتێمبەری 2004دا، لەپڕێکدا لەسەر یەکێک لە شەقامەکان کەوت و مرد. هەر ئەمەش خۆی بەڵگەی ئەوە دەخاتە بەردەم، کە تاوانی کوشتنەکە لەو ئاستەدا و بەو جۆرە تەکنیکە هەواڵگریە لە توانای کەسان و حزبی سیاسیدا نیە.

سادەترین و لۆژیکانەترین رێگا بۆ دۆزینەوەی تاوانبار لە هەر کەیسیکدا تەنها یەک پرسیارە ( کێ سودمەندە لە کوژرانی ئەو کەسە؟) بەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە راستەوخۆ کەیسی کوشتنی ئۆڵف پالْمە دەدرێتە پاڵ کۆنترا گەریلا و چەتەکانی گلادیۆ لە سوید...

ئۆڵف پالْمە سەرکردەی دیاری سوشیالیست ئەنتەرناشیۆنال و پێشەنگی پارتە سوشیال دیموکراسەکانی ئەوروپا بە یەکێک لەو سەرکردە مەزنانەی مێژوو هەژمار دەکرێت، کە رۆڵی زۆر گرنگی دیوە لە پشتیوانیکردنی خەباتی گەلانی زۆرلێکراو لەوانەش کورد. بۆیە دامەزراوەکانی دەوڵەتی تورک ترسی خۆیان لە ئۆڵف پالْمی نەدەشاردەوەو لە چەندین بۆنەدا دوژمنایەتی خۆیان لەم بارەوە نیشانداوە، بە تایبەت، کە سوید لە سەردەمی پالْمەدا یەکێک بوو لە پێشەنگی ئەو وڵاتە ئەوروپیانەی، کە دەرگای خستەسەرپشت بۆ پشتیوانیکردنی چەپەکانی تورک و کوردەکان و تەنانەت پشتیوانیکردنی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە باکوری کوردستان. رەنگە لە ناوخۆی سویدش ئەم پیاوە بووبێتە سەر ئێشە بۆ دامەزراوەکانی دەوڵەتی قوڵ و سیاسەتە ئاوەڵاکانی بەرامبەر بە زۆرێک لە گەلانی دنیا بە تایبەت فەلەستین و باشوری ئەفریقاو ئەمەریکای لاتین و ڤێتنام وخۆرهەڵاتی ناوین، لە دژی بەرژەوەندی باڵای ئەمەریکا و ناتۆو گلادیۆ بووبێت، کە ئەمەش هەتا ئەمڕۆ وەک گریمانەیەک لە دۆسییەکەی ئۆڵف

پـاڵمه مـاوەتەوە، چـونکه ئۆڵـف پـاڵمه ناسـراو بـوو به بۆچـوونه ئەنتـی ئەمریکییەکـانی خــۆی و لەم بارەشـــەوە ئەمەریکـا بەتــایبەت هەنــری کیسنگەر (Henry Kissinger) نیگەرانی خۆیان لەمە نەشاردۆتەوە. سەرۆکی ئەوسـای ئەمەریکـاش ریشـارد  نیکسـن (Richard Nixon-1913-1994) لە یادوەرەکانی خۆیدا بێزاری و نیگەرانی خۆی لەم پیاوە ناشاریتەوە.

پـاڵمه لە نوسـین و چاوپێکەوتنەکـانی خۆیـدا هەرگیـز بیروبـاوەڕی چەپگەرایـی و شۆڕشـگێڕانەی خـۆی نەشـاردۆتەوە، ئەو یەکێـک بـوو لەو سەرکردانەی، کە لە هەڕەتی لاویدا لە دژی چەوسـانەوەی نەژادپەرسـتی و گەلان خەباتی کردووە، ئەو کاری بۆ پیتاک کۆکردنەوەی نێو نەتەوەیی دەکـرد بـۆ وڵاتە هەژارەکـانی دنیـا، واپێـدەچێت، کە رێکـخەری یەکەم کەمپانیـا بێـت لە دژی ئەپارتایـد لە باشـوری ئەفریکـا [1] تەنـانەت بەر لە کوشتنەکەشی بە دوومانگ و لە رۆژی 25-11-1985دا لە شاری یۆتۆبوری لە سوید هێرشێکی زۆر توندی کردە سـەر سیاسـەتی رەگەزپەرسـتی لە باشـوری ئەفەریقـاو داوای ئـازادکردنی مانـدێلای کـرد و تەنهـا حەوت رۆژیش بەر لە کوشتنەکەی و لە رۆژی 21-2-1986دا لە بەردەم پارلەمانی وڵاتەکەیــدا دیســـانەوە بە فەرمــی و بە تونــدی داوای کۆتــایی هــاتنی نەژادپەرستی و ئازادی ماندێلای کرد..[2]

لە هەموو ئەمانە سەیرتر دووبارەبوونەوەی هەمان سیناریۆی کوشتن بوو لە سوید کاتێک بەهەمان شێوازی پاڵمە، ئەندام و سەرکردەی هەمان پارتەکەی پاڵمە، وەزیری دەرەوەی سوید، ئاناماریا لیند Anna Maria Lindh (1957-2003) لە سـێپتێمبەری 2003 دا لە لایەن کەسـێکی چەقۆکێشــەوە دەکوژرێـت و بەهەمـان شـێوەش ئاسـەواری ئەم کوشـتنە وەک ئەوەی پێشوو ئاڵۆز و نادیار دەمێنێتەوە.

---

[1] ستیڤن ئۆڤە هانسۆن، پاڵمە خۆی، وەرگێڕانی لە سویدییەوە رێبوار رەشید، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، هەرێمی کوردستان، سلێمانی، چاپی دووەم، 1999 لاپەڕە 9.

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕەکانی 211,208.

کرۆنۆلۆژیای روداوەکانی بەر لە کوشتنی پالْمە هەمووی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە ئەم نەخشـــەیە بە ئاگـاداری خـودی دەولّەتـی سـوید دارێژراوەو چەند دەزگایەکی نهێنی چاودێری جێبەجێکردنیان کردووە.

- ســەرەتا کـۆنترا گەریـلا خـۆی دەخـزێنێتە نێـو رێکخـراوە چەپ و کوردیەکـانەوەو بەشـێوەیەکی زۆر ترسـناک رێکخسـتنەکانی پەکەکە لە ئەوروپا کۆنترۆڵ دەکات، بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی بەکرێگیراوی دەزگاکانی هەوالگری تورکیا دەتوانن پۆستی گرنگی رێکخسـتنەکانی پەکەکە لە ئەوروپا بگرنە دەست، ئەمانە  زۆر بە وردی لە لایەن کۆنترا گەریلاوە سەرپەرشتی دەکرێن، کار بۆ ئەوە دەکەن لە تەواوی وڵاتە ئەوروپییەکانــدا پەکەکە وەک رێکخراوێکـــی تیرۆرســـت و پیـــاوکوژ دەربخەن، دیارە بۆ ئەم کارانەشیان دەیان کردەوەی وەک کوشتن و هەڕەشەکردن و تۆقاندن و سەرانە سەندن و کڕین و فرۆشتنی مادەی هۆشـبەریان  بە نـاوی پەکەکەو لەبەرژەوەنـدی پەکەکە ئەنجامـداوە، دەیـان ئەنـدامی سـاویلکەی خـوارەوەش لە دڵسـۆزی خۆیانـدا بـۆ پارتەکەیان گوێڕایەڵ بوون و هەموو داخوازییەکانی سەروی خۆیان جێبەجێ دەکرد.  بەڵام نەخشـەی کوشتنی ئۆڵف پالْمە بە هیواشی و بەبێ پەلەکردن بە شێوەیەک دارێژراوە، کە بتوانن کوردەکان و پەکەکە بخەنە نێو داوی ئەو تاوانە.

- ساڵی 1984 لە ئۆپسالاو ساڵی 1985 لە ستۆکهۆڵم، بەدەستی ئەندامانی کـۆنترا گەریـلای دەزگاکـانی تـورکەوە، کە خزێنرابـوونە نێـو پەکەکە، بەناوی پەکەکەوە دوو کردەوەی کوشتن بە ئاشکرا ئەنجام دەدرێت. ئەم کـردەوانە، کە دەبوو پەکەکە بە فەرمـی رەتـی کـاتەوەو هەڵوێسـتی راشـکاوانەی هەبێت لەسـەری، بەڵام ئەنـدامانی نـاو پەکەکە لە کـۆنترا گەریلا بە تایبەت بەرپرسی یەکەمی پەکەکە لە سوید ( حسێن یەڵدرم و فـاتیمە ئـۆجەلان، کە ناسـراو بـوو بە کەسـیرا)، هەڕەشـەی کـردەوەی تازەیان لە دەولّەتی سوید دەکرد ئەگەر بێتو دەستبەجێ بکوژەکانی ئازاد نەکات!

- رۆژنامەکـانی تەرجومـان (Tercüman) و جمهـوریەت (Cumhuriyet) ی تورکی چەند مانگێک بەر لە کوشتنەکە پەیتا پەیتا پێشبینی ئەوە بڵاو دەکەنەوە، کە پەکەکە بەتەمایە ئۆڵف پاڵمە بکوژێت، لە رۆژی 9-8-1985 رۆژنـامەی تەرجومـان بە مانشـێتی گەورە دەنوسـێت ( ئاپۆچییەکـان هەوڵی کوشتنی پاڵمە دەدەن) و جمهوریەتیش لە هەمان رۆژدا دەنوسێ ( پەکەکە بە نیـازە پـاڵمە بکوژێـت)، لە هەواڵەکەی ئەو رۆژنـامەیەدا هـاتووە، کە ئـۆجەلان فەرمـانی کوشـتنی پـاڵمەی داوە، چـونکە فیـزەی نـادەنێ بـڕوات بـۆ سـوید. لەهەمـووی سـەمەرەتر ئەوەیە، کە ئـۆجەلان کاتێک داوای فیزەی کـردووە پـاڵمەو پارتەکەی هەر لەسـەر حـوکمیش نەبوون.

- دەزگـا هەواڵگریەکـانی سـوید بەهەمـان شـێوەو لەسـەر هەمـان ئـاواز چەندین جـار ئەم پێشـبینییە بـڵاو دەکەنەوە، رۆژنـامەی (Expressen) ی سویدی ئەم مانشێتەی کردە یەکەم هەواڵ و تەلەفیزیۆنەکانی سـویدش کردیـانە یەکەم هەواڵ، پـاش کـوژرانی پـاڵمە، بەڕێـوەبەرایەتی پۆلیسـی نهێنی سوید رایگەیاند، کە پاڵمە بەرلەوەی بچێت بۆ سینەما، تەلەفۆنی بۆ دەزگای هەواڵگری سوید، سێپۆ (Sipo) کردووەو پێـی راگەیانـدوون، کە ئەو دەچێت بـۆ سـینەما. پاڵمە لەم تەلەفۆنەیدا داوای پاریزگـار واتە حیمـایەی نەکـردووە. تەنهـا دەزگـای نـاوبراو ئاگـاداری ئەم تەلەفـۆنە بـووەو زانیـویەتی، کە پـاڵمە لەو کـاتەدا دەچێـت بـۆ سـینەما، بەپێـی یاسـاکانی سـویدیش تەنهـا مـاڵی پادشـای وڵات و سـەرۆک وەزیـران هەمیشە دەخرێنە ژێر چاودێری وردی دەزگاکانی هەواڵگری دەوڵەت. [1]

- رۆژنـــامەی حـــوریەت (Hürriyet) ی تـــورکی کە تەواوی هەواڵ و ریپۆرتاژەکانی لەژێر دەستی دەزگا هەواڵگرییەکانی دەوڵەتدایە لەرۆژی 24-8-1988 سەبارەت بە کوشتنی پاڵمە دەنوسێت ( پاڵمە پیلانـی نهێنی خۆی هەبوو، ئەو بە نیازی ئەوە بوو، کە سەربەستی بۆ کورد بهێنێتە ئاراوە، لە دوایشدا هەرێمەکە بخاتە ژێر رکێفی سویدەوە، ئەو هەرێمە

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕەکانی 161

پترۆڵی زۆری هەیەو دەوڵەمەندە و کانگایەکی زۆری هەیە، بە گوێرەی پاڵمە هێزێکی ئابوری باشە بۆ سوید). [1]

- دەزگاکانی میت و سیاو مۆساد و سێپۆ هەر هەموویان پێکەوە هەمان بالۆرەیان لێدەدا، کە گوایا کورد و پەکەکە پاڵمەیان کوشتووە. ئەمەش زۆر بە ئاشکرا ئەو راستیە دەردەخات، کە رێکەوتنێکی پێشوەختە لەم بارەوە هەیە، چونکە میلەتێکی بێکەس و بێدەسەڵاتی وەک کورد زۆر بە ئاسانی دەکرێتە قوربانیی لەم کەیسەدا. لەماوەی چوارپێنج ساڵی دواتردا جەنگێکی سایکۆلۆژی زۆر گەورە لە دژی کورد پلان بۆ ڕێژراو بوو. دەوڵەتی سوید پارەیەکی یەکجار بێهەژماردی لەگەڵ کۆمەڵێک هەوڵ و تەقەلای دبلۆماسی و بازرگانیدا خستەگەڕ بۆ ناوزڕاندن و بەدناوکردن و بەتیرۆریستکردنی کێشەی کورد و پەکەکە.

سەرەنجام لەمڕۆدا (2014)، کە 28 ساڵی رەبەق بەسەر کوشتنی پالمەدا تێپەڕ دەبێت، لێکۆڵینەوەکانی پۆلیسی سوید بەردەوامە، هەتا ئێستا 130 کەس دانیان بە ئەنجامدانی ئەو کارەدا ناوەو ژمارەی بەڵگەو تۆمارەکانی ئەو کەیسەش بەپێی لێدوانەکانی پۆلیسی سوید خۆیداوە لە 225 مەتر بەڵگەنامە. [2]

**مەهەپەو سوپای نهێنی بۆ ئازادی ئەرمینیا:-**

راپۆرتی سوسورلوک، کە پێشتر ئاماژەمان بۆکرد، هەندێک ئامانج و سیاسەتی گرنگی ئەرگەنەکۆنی ئاشکرا کرد. لە بەشە نهێنیەکانی ئەو راپۆرتەدا ئاشکرا دەبێت، کە دەزگای هەواڵگری تورکیا – میت- بە بایەخێکی زۆرەوە کاری لەسەر ئەرمەنییەکانیش کردووە.

جینۆسایدی ئەرمەنییەکان لە ساڵی 1915 بەدەستی تورکە عوسمانیەکان بووە هۆکاری ئەوەی، کە دوژمنایەتییەکی مێژوویی لە نێوان تورک و ئەرمەنییەکاندا دروست بێت، تورکیا هەتا ئەمڕۆ نکوڵی لە

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕەکانی 133.

[2] http://sverigesradio.se/sida/artikel.aspx?programid=2494&artikel=4362021.

پرۆســەی جینۆســایدی ئەرمەنیەکـان دەکـات و هاوتـای کوردەکـانی بـن دەسـتی خـۆی ددان بە بوونیانـدا نانێت. سـوپای نهێنـی بـۆ ئـازادکردنی ئەرمینیـا (Armenian Secret Army for the Liberation of Armenia)، کە بە کـورتی بە ئەسـالا (ASALA) نـاوی دەبرێـت، سـاڵی 1975 لە بەیـروت بە ئامـانجی هێنـانە ژێـر بـاری تورکیـا لەو کۆمەڵکـوژییەدا، لە لایەن هـاگوپ هاگوپیان (Hagop Hagopian) دروستکرا، ئەم ڕێکخراوە بەچەندین ناوی دیکەی وەک ڕێکخـراوی 3ی ئۆکتـۆبەر و گرووپـی ئـۆرلی ناسـراوە. بەپێـی زانیارییەکـانی ئەمەریکـا، کە ئەم گـروپەی وەک گروپێکـی تیرۆرسـت ناساندووە، پێدەچێت سـوریا ڕۆڵـی گرنگـی گێڕابێت لە دروسـتکردنی ئەم ڕێکخـراوە. هەروەهـا لیبیـای سـەردەمی قەزافـیش کـۆمەکی کـردبێتن. لە نێوان سـالانی 1975-1985 ئەم ڕێکخـراوە بەرپرسـیاریەتی خـۆی لە پەنجـا هێــرش ڕاگەیانــدووە، هەروەهــا بــاڵی جیــابووی ڕێکخــراوەکەش بەرپرسیاریەتی خۆی لە دە هێرش ڕاگەیاندووە، ئەم هێرشانە لە چەندین وڵاتی جیاواز لە دژی دبلۆماتکار و فڕۆکەخـانەو کەسـانی پلەدار ئەنجـام دراوە، کە بە گشتی 299 بریندارو 46 کوژراویان لێکەوتۆتەوە.

ئامانجی ئەم ڕێکخراوە بە شێوەیەکی گشتی بەمجۆرەی خوارەوەیە:-

یەکەم- تورکیـا بەرپرسـیاریەتی خـۆی لە جینۆسـایدی ئەرمەنیەکـان هەڵبگرێـت و هەمـوو جـۆرە دەرهاویشـتە یاسـاییەکانی هەڵگرتنـی ئەم بەرپرسیارییەتیە قبوڵ بکات.

دووەم- دروستکردنی دەوڵەتی مێژوویی ئەرمینیا، کە دەکەوێتە نێوان سـێ دەریـاچەی وان و سـیڤان و ئـورمێ، کە بەپێـی ڕێکەوتنـی سـیڤەر نەخشەی ئەرمینیای دیاری کردووە.

سێیەم- کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی ئیمپریالیزمی تورکی و زایۆنیزم و ئیمپریـالیزمی پەیمـانی نـاتۆ لە ڕێگـای تونـدوتیژی شۆڕشـگێڕانەو زەبـری چەک و چەسپاندنی ئایدۆلۆژیای سۆشیالیزمی زانستی لە دەوڵەتدا.

چـوارەم- بە نێـونەتەوەیی کردنــی مەســەلەی جینۆســایدی نەتەوەی ئەرمەن بەدەسـت تـورک و ناچـارکردنی نێوەنـدە نێودەوڵەتییەکـان بـۆ ناساندنی ئەو جینۆسایدە.

هاوشـــێوەی بـــزوتنەوەی رزگـــاریخوازی نەتەوەی کـــورد، نەتەوەی ئەرمەنـیش لە پـاش رێکەوتنـی لـۆزانەوە لەژێـر رەحمەتـی دەسـەڵاتی دەوڵەت- نەتەوەی تورکدا بـوو، ئایدۆلۆژیای دەوڵەتی کەمالی نەتەوەی ئەرمەنیشی وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ناسنامەو یەکیەتی خاکی تورکیاو کۆمـــار دەبینـــی، بـــۆیە بەهەمـــان میکـــانیزمی دژایەتیکردنـــی کـــورد، ئەرمەنەکـانیش کەوتـنە بەردەم هەڕەشـەی تـوانەوە لە بـۆتەی نەتەوەی تورکـدا، دروسـتبوونی سـوپای نهێنـی بـۆ ئـازادی ئەرمینیـا زادەی ئەو هەلومەرجە بوو، کە تورکیا بۆ ئەرمەنەکانی خولقاندبوو.

هەندێک لە کردەوەکانی ئەم سوپایە:- [1]

- رۆژی 22ی مانگی ئۆکتۆبەری 1975 باڵیۆزی تورکیا لە ڤیەنا کوژرا.
- رۆژی 12ی ئۆکتۆبەری 1979 هێرش کرایە سەر کوڕی باڵیوزی تورکیا لە شاری دانهاخ لە هۆڵەنداو کوژرا.
- لە 17ی نۆڤێمبەری 1979 لە شاری پاریس هێرشکرایە سەر نوسینگەی کۆمپانیای ئاسمانیی KLM.
- لە رۆژی 14ی گەلاوێژی 1983 کارمەندێکی باڵیوزخـانەی تورکیـا لە برۆکسل تیرۆر کرا.
- لە رۆژی 7ی ئۆگستۆسـی 1982 هێرشـیان کـردە سـەر فڕۆکەخـانەی Esenboga لە شـاری ئەنـکەرە لە تورکیـاو وێـرای 9 کـوژراو 82 کەسـی دیکە بریندار بوون.
- رۆژی 15ی مـانگی گەلاوێژی1983 لە هێرشـێکدا بـۆ سـەر فڕۆکەخـانەی ئـۆرلی Orly لە پاریسـی فەرەنسـا هەشـت کەس بـوونە قوربـانی، لەو هێرشەوە ئیتر نازناوی گروپی ئۆرلی درا بەسەر ئەم رێکخراوەدا...

رێکخـراوی گورگەبۆرەکـان رۆڵـی تەماشـاکەری نەدیـوە، بەڵکـو بە پـێچەوانەوە دوو دڵ نەبـووە لە زەبروەشـاندن لە هەر شـتێک بـۆنی ئەرمەنی لێوە هاتبێت. لە مـانگی نۆڤێمبەری 1982 کەسێکی ئەرمەنـی بە

[1] De Hollandse Leeuw en de Grijze Wolf, Comite stop de Grijze wolven, Turks extreemrechts, Amsterdam, 2000, bld 33-40.

ناوی نوبار یالیماین (Nubar Yalimaian) له ماڵەکەی خۆیدا له شاری ئوترێختی هۆڵەندا به کوژراوی دۆزرایەوه، بەڵام دواترو له ساڵی 1998 ئاشکرا بوو، که لەلایەن گورگەبۆرەکانەوه و به فەرمانی میتی تورکی تیرۆر کراوه.

له بەشێک له راپۆرتەکەی سوسورلوکدا هاتووه، که دەزگای میتی تورکی رۆڵی باڵای هەبوو له هەوڵەکاندا دژی ئەم سوپایه، میتی تورکی له رۆژی 22ی ئۆکتۆبەری 1983 له پاریس پەیوەندی کردووه به چاتلی و لیستێکی داواکاری پێشکەشکردووه به عەبدوڵا چاتلی و بۆ ئەنجامدانی هێرش و تۆڵه سەندنەوه فەرمانیپێکردووه، ئەمه وێرای ئەو هێرشانەی دیکه، که خەڵکانی دیکەی سەربه میت ئەنجامنیان داوەو پەیوەندی به چاتلی نەبووه، چونکه چاتلی له رۆژی 24ی ئۆکتۆبەری 1984 بەهۆی بازرگانی ماده هۆشبەرەکانەوه له فەرەنسا دەستگیرکرا.

لێرەدا لیستێک لەو کارانه دەخەینه بەرچاو، که خودی راپۆرتەکەی ئەرگەنەکۆن له روداوەکەی سوسورلوک ئاماژەی بۆ دەکات:-[1]

- 14-11-1982 کوژرانی نوبار یالیماین له ئوترێخت.( له راپۆرتەکەی سورسورلوک میتی تورکی ئاماژه بەو رۆژه دەکات، بەڵام له راستیدا ئەو کوشتنه له رۆژی 5ی نۆڤێمبەردا ئەنجام دراوه).
- 22-3-1983 بۆمبرێژکردنی ئۆتۆمبێلی هاوڵاتیەکی ئەرمەنی له پاریس بەناوی ئارا تارانیان بەبێ ئەوەی بتەقێتەوه.
- 3-7-1983 هێرشێکی سەرنەگرتوو، بۆسەر نوسینگەیەکی خانووبەره له پاریس، که هی باوکی ئارا تارانیان بوو، هەمان رۆژ هێرشکردنه سەر دوکانی کتێب فرۆشێکی ئەرمەنی.
- 7-7-1983 له شاری هەنگەلۆ له هۆڵەندا هێرش کرایه سەر قاوەخانەیەکی ئەرمەنی بەناوی ساریز.
- 8-7-1983 له شاری ئەنسخده هێرش کرایه سەر کۆمەڵەیەکی لاوانی ئەرمەنی.

[1] De Hollandse Leeuw en de Grijze Wolf, bld 39.

- 1983-7-22 هێرشــی بــۆمبی بــۆ ســەر کــۆمەڵەی کەلتــوری ئەرمەنــی و سەنتەری راگەیاندنی ئاسالاله پاریس.
- 1983-7-28 هەر لە شــاری پــاریس هێــرش کــرایە ســەر کــۆمەڵەیەکی کەلتوری ئەرمەنی و ئێستگەی رادیۆیەکی ئەرمەنی.
- 1983-12-5 بە دوو ئۆتۆمبێل هێرشـی بـۆمبی کرایە سـەر ئۆتـۆمبێلەکەی ئارا تارانیان.
- 1984-3-17 لە شــاری مارســیلیای فەرەنســا هێــرش کــرایە ســەر کۆمەڵەیەکی لاوانی ئەرمەنی.
- 1984-5-1 لە پـاریس مینرێژکردنـی ئۆتـۆمبێلی هەنـری پاپـازاین( Henri Papazian)، بەبێ ئەوەی بۆمبەکە بتەقێتەوە.
- 1984-5-4 هێرشی بۆمبی کرایە سەر مۆنۆمێنتی ئەرمەنییەکان، کۆمەڵەی لاوانی ئەرمەنی، نوسینگەی پۆلیس و ئاگرکوژینەوە.
- 1984-6-24 هێرشـی بـۆمبی کرایە سـەر ناوەنـدێکی سیاسـی ئەرمەنـی لە پاریس.
- 1984-11-25 هێرشــی بــۆمبی لە شــاری ســالا پلەیــل کــرایە ســەر کۆبوونەوەیەکی ئەرمەنیەکان.
- 1985-12-5 کوژرانی ئەرمەنییەک لە فەرەنسا.
- 1985-12-14 لە شاری لیۆنی فەرەنسا کەسێکی ئەرمەنـی بە نـاوی هایک دگریمەنۆ (Hayk Degirmeno) کوژرا.

ئەوانەی سـەرەوە تەنهـا لیسـتی ئەو کـردەوانە بـوون، کە بە ئاشـکراو وەک شەڕی دەستەویەخە مەهەپەو گورگەبۆ رەکان بە فەرمانی دەزگای هەواڵگــری تــورک –میــت- ئەنجامیــان داون، بەڵام لە راســتیدا تەواوی دەزگـای ئەرگەنەکـۆن و دامەزراوەکـانی دەوڵەتـی قـوڵ بەشـێک لە کـارە هەرە ســــەرەکییەکانیان ســــەرقاڵبوونیان بــــوو، بە کــــارکردن بــــۆ هەڵوەشـاندنەوەی ئەو رێکخـراوەو یـاخود لانـی کەم نیـوەمردووکردنی، بێگومـان بەڵگەی تەواوی لـۆژیکی لە ئـارادایە، دەیسـەلمێنێت تورکیـا بە تەنهـا خـۆی ئەو کـارەی نەکـردووە بەڵکـو چەنـدین دەوڵەتـی ئەوروپـی بەتــایبەت فەرەنســا لەم کــارەدا هاوکــاری بــووە... گرنگتــرین کــاری

ئەرگەنەکـۆن بـۆ لەنـاوبردنی ئەو ڕێکخـراوە دزەپێکردنـی ئەنـدامانی سەربەخۆیان و کڕینی ئەندامانی دیکەی ئەو ڕێکخراوە بووە، ستراتیژی کـاری ئەرگەنەکـۆن لێـرەدا ئەوە بـووە، کە وێـرای ئەوەی لەبەردەم ڕایگشـتی تـورک و ئەرمەنیەکانـدا بیسـەلمێنێت، کە ئەو ڕێکخـراوە تیرۆرستە و لەم ڕێگایەشـەوە پشـتیوانی نێو دەوڵەتی بەدەست بێنێت، کـارکردن بـووە بـۆ ئەوەی درز بخـاتە نێو ئەنـدامانی ئەم ڕێکخـراوە و سـەرەنجام بتوانێـت ڕێکخـراوەکە لەبـن دەربێنێـت و لەتـوپەتی بکـات...عەلادیـن چاکیشـی یەکـێکە لە کـارەکتەرە هەرە تاوانبارەکـانی گورگەبۆرەکان لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابووردوو. نەک لە تورکیا بەڵکو لەئەوروپـا چەنـدین تـاوانی ئەنجامـداوە ئەو یەکێـک بـووە لەوانەی، کە ئەندازیاری چەندین نەخشەی کاولکاری بووە، کە باکوری کوردستان و تەنانەت ئەندازیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەم سوپایە بووە. [1]

یەکێک لەو کردەوانەی، کە جێگەی مشـتومڕی زۆرە ئەو هێرشـە بوو، کە گوایـا ئەو ڕێکخـراوە کـردیە سـەر فڕۆکەخـانەی ئـۆرلی لە پـاریس، هەروەک پێشـتر ئاماژەمـان بەو چـالاکیەکرد، چەنـدین خەڵکـی سـڤیل کـوژران، بەبـێ ئەوەی ئەم ئامـانجە پەیوەنـدی بە دەوڵەتـی تـورکەوە هەبێت، ئەمە وێرای ئەو هێرشـەی، کە کـرایە سـەر کۆمپانیـای گەشـتی ئاسمانی بەناوبانگی KLM. سەرەنجام نەخشـەی ئەرگەنەکۆن سـەریگرت و ڕێکخـراوەکە لە سـاڵی1986دا بـوو بە دوو کەرتەوەو لەسـاڵی 1988دا گروپـی جیـابووەوە لە گروپـی یەکەم لەنـاو پـایتەختی یۆنانـدا هـاگوپ هاگوپیانیان بە دەستی خۆیـان تیرۆر کرد و لە سـاڵی 1992 بەدواوە ئەم ڕێکخراوە نوزەی لێبڕاو ناوی لە کولەکەی تەڕدا نەما. لە ڕوداوەکانی سـوریاو تێـوەگلانی تورکیـا لە شـەڕی دژ بە سـوریا سـاڵی 2012 ئەم ڕێکخراوە سەرلەنوێ هۆشدارییەکی توندی دژ بە حکومەتی تورکیا بڵاو کــردەوە، کە پێــدەچێت زیــاتر دەزگــای هەواڵگــری ســوریا وەک

[1] - http://www.iranboom.ir/iranshahr/jostar/4134-sazeman-fashisti-gorg-haye-khkestari.html.

پەرچەبەرگری دژ بە حکومەتی ئەردۆگان هەوڵ بدات ئەم ڕێکخراوە زیندوو بکاتەوە.

نەک تەنها لە دەرەوەی وڵات بەڵکو لە ناوخۆی تورکیاش گورگەبۆرەکان هیچ کات دەستیان لە ئەرمەنەکان نەپاراستووە، ڕۆژنامەنوسی بەناوبانگی بەرەچەڵەک ئەرمەنی، هەرانت دینک ( Harant Dink) ڕۆژی 19-1-2007 لەبەردەم ماڵەکەی خۆی لە شاری ئەستەنبوڵ لەلایەن گەنجێکی تەمەن هەڤدە ساڵەی نەژادپەرستەوە تیرۆر کرا. ڕۆژنامەکانی تورکیا باس لەوە دەکەن، کە گروپێکی نەژاد پەرستی تورک و گورگەبۆرەکان، لە پشت ئەم کارەوە بن. هۆکاری کوشتنی ئەم روناکبیرە ئەرمەنیە نوسینەکانی بوو سەبارەت بە جینوسایدی ئەرمەنەکان بەدەستی تورکە عوسمانیەکان لە ساڵی 1915دا.

عەبدوڵا گول لە لێدوانێکی خۆیدا وەک کاردانەوە بەرامبەر بەم تیرۆرە ئاشکرای کرد، کە رژێمی سیاسی تورکیاو کەلتوری نەژاد پەرستانەی تورکەکان، هۆکاری سەرەکی ئەو روداوەن و مادەی 301ی دەستوری تورکیا زۆر بە راشکاوانە باس لەوە دەکات، کە نابێت هیچ کەسێک سوکایەتی بە تورکایەتی بکات و هەموو گومانێک لە دژی تورک بوون سزای زیندانیکردنی لەدوا دەبێت . لە مادەیەکی دیکەی بەر لەمیشدا دەڵێت ( سەرجەم هاوڵاتییەکانی کۆماری تورکیا بەبێ ئەملاو ئەولا تورکن). [1]

**مەهەپەو کۆمەڵکوژی پاریس:**

شەوی 9ی ژانیوەی ساڵی 2013 بەهۆی هێرشی کەسانی نەناسراوەوە لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا سێ ژنە ئەندامی پەکەکە کوژران، کە یەکێکیان ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) بوو. ئەم کردەوەیە لە کاتێکدا ئەنجامدرا، کە حکومەتی تورکیا و پەکەکە سەرەتای گفتوگۆکانیان بۆ چارەسەری پرسی کورد لە

[1] http://unitediranzamin.wordpress.com.

باکوری کوردستان دەستپێکردبوو. لەو شەوەدا کەسانێکی نەناسراو، پەلاماری نوسینگەی راگەیاندنی کوردستان لە ناوچەی (Gare du Nord) یان داو ساکینە جانسز(Sakine Cansiz)، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری پارتی کرێکاران و سیاسەتمەداری کورد، فیدان دۆغان(Fidan Doğan) نوێنەری کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان KNK لە پاریس، کچێکی دیکەش بەناوی لەیلا شایلەمەز(Leyla Şaylemez) کوژران. بەپێی هەواڵی ئاژانسی فورات نیوز، جانسز و دۆغان فیشەک لە سەریان دراوە و لەیلاش لە سکی دراوە. شیکردنەوەی زۆر بۆ ئەم هەواڵە کرا، بەڵام زۆربەی گومان و ئاراستەکان بەرەو ئەوە دەچن، کە ئەرگەنەکۆنی تورکی بۆ تێکدانی پرۆسەی ئاشتی لە دژی هەردوو لایەنی ئاشتی ( پەکەکەو حکومەتی ئاکەپە) ئەم کردەوەیەی ئەنجام دابێت، یاخود بەئاگاداری حکومەتی ئاکەپش کرابێت. پارتی کرێکارانی کوردستانیش لە بڵاوکراوەیەکی خۆیدا مەهەپە و گورگەبۆرەکانی بەو کارە تاوانبارکرد، رەمزی کارتاڵ( Remzi Kartal) لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامەی (de wereld morgen)ی بەلجیکی راشکاوانە رایگەیاند، کە چەند لایەنێکی نێو "دەوڵەتی قوڵ" لە تورکیا لە دژی چارەسەری ئاشتی کێشەی کوردن لە تورکیا، چونکە بەرژەوەندی ئەوان تەنها لەجەنگ و شەڕدایە نەک لە ئاشتی.[١]

هەروەها بەهەمان شێوە لە رۆژنامەی (الشرق الاوسط)دا تەنها سێ رۆژ پاش روداوەکە پەکەکە گورگەبۆرەکانی بەو کارە تۆمەتبارکرد،[٢]، بەڵام ئەوەی لە هەمووی زیاتر جێگای سەرەنج و راوەستانە ئەوەیە، کە حکومەتی ئەردۆگانیش لەم کارەدا تێوەگلابێت، رۆژنامەنوس و نوسەری رۆژنامەی یەنی ئۆزگیور پۆلیتیکا ( فەردا چەتین-Ferda Çetin ) لە وتارێکیدا سەرنجی راکێشایە سەر یاساکانی خەڵاتی تێکۆشانی دژە تیرۆر کە ساڵی رابردوو حکومەتی تورک کە بۆ بە ئامانجکردنی (50) کادێری پێشەنگی PKK کە (20)یان لە دەرەوەی وڵاتن تەرخانی کردبوو،

[1] http://www.dewereldmorgen.be/artikels/2013/01/10/drie-vrouwelijke-koerdische-activisten-vermoord-in-parijs.

[2] http://aawsat.com/details.asp?section=1&issueno=12464&article=712809&feature.

ئەو نووسەرە رایگەیاند:" بەپێی ئەو یاسایەی لەبەردەم سەرۆک وەزیری تورکدایە، پێویستە بۆ ساکینە جانسز و هەردوو هەڤاڵەکەی تری (4) میلیۆن لیرەی تورکی بدرێت بە کوژەرەکە، ئایا دەوڵەتی تورک ئەم پارەیەی دا بە کێ؟ لەم رووداوەدا بەشی عومەر گیونەی ( Ömer Güney)چەندە و چەند وەردەگرێت ؟.

چەتین رایگەیاند کە ساڵی رابردوو بۆ کوشتنی ساکینە جانسز و هەڤالانی، ئەردۆغان و حکومەتەکەی یاسایەکیان ئامادە کردووە و هەروەها زیاترگوتی:" رۆژی 19 ی تشرینی یەکەم لە هەواڵێکی رۆژنامەی حورییەتدا دەگوترێت ؛( یاسای خەڵاتی تێکۆشانی دژە تیرۆر ماوەی ساڵێکە لە وەزارەتی ناوخۆوە بۆ سەرۆک وەزیر رەوانە کراوە و چاوەڕێی واژۆی رەجەب تەیب ئەردۆغانە . بەگوێرەی ئەو یاسایە دەگوترێت کە بۆ گرتنی هەر یەکێک لەو (50) کادێرەی PKK و بەتایبەتیش ئەو (20) کادێرەی لە ئەوروپان بڕی (4) ملیۆن لیرە خەڵات تەرخان دەکرێت . لە بەشی ناوە سەرەکییەکانی ئەو لیستە (50) کەسییەدا سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی کۆما جڤاکێن کوردستان KCK موراد قەرەیلان، ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی KCK جەمیل بایک و دوران کاڵکان، یەکێک لە فەرماندارانی بریارگەی ناوەندی HPG فەهمان حسێن، بەدوای ئەوانیشدا موستەفا کاراسۆ، سەبری ئۆک و زوبێر ئایداریش لەناو ئەو لیستەیەدان .

چەتین لەبەردەوامی وتارەکەیدا ئاماژەی بە کەسێک کردووە بەناوی "عەدنان گوربوز" کە ئەندامی لیژنەی دیسپلینی پارتی نەژادپەرستی تورک MHP ی ئەستەنبوڵە، ئەو رۆژنامەنووسە ئەوە بەبیردێنێتەوە کە ئەو کەسە بازرگانی مرۆڤ بووە و قاچاخی مادەهۆشبەرەکان بووە. لە مانگی ژونی 2011 دا لە ئۆپەراسیۆنێکی دژی گروپێکی چەتە خۆی وەکو ئەندامی ژیتەم ناساندووە و لەو کاتەدا دەستبەسەر کراوە، بەتاوانەکانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە دادگایی دەکرێت، ئەمە لەکاتێکدایە کە ئەو کەسە لەناو پارتەکەیدا بە دوژمنکارێکی گەلی کورد و نەژادپەرستێکی بەناوبانگ دەناسرێت .

بەپێــی لێــدوانەکانی چــەتین، عــەدنان گوربــوز ڕۆژێــک بــەر لــە کۆمەڵکوژییەکـەی پـاریس واتـا ڕۆژی 8ی کـانوونی دووەم لـە لەندەنـەوە دێت بـۆ پـاریس. ڕۆژی 9ی کـانوونی دووەم لـە پـاریس دەبێت، ڕۆژێـک دوای کۆمەڵکوژییەکـە واتـا لـە 10ی ژانیـوەدا  دەچێتـە شـاری کـالایس و لەوێشەوە بە کەشتی بەرەو بەریتانیا دەچێت . ئایا عـەدنان گوربـوز دوو ڕۆژ لـەپاریس چـی کـرد و لـەکوێ بـوو ؟ بـەر لـە کۆمەڵکوژییەکە لەگـەڵ عومـەر گیونـەی چاویـان بـە یـەک کـەوت یـاخود نـا ؟. چونکـە عـەدنان گوربوزیش خـەڵکی شـاری قشـڵای سیواسـە، واتـا لەگـەڵ عومـەر خـەڵکی هەمان گوندن . لەکۆتایی وتارەکەشیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە؛ دوور نییە داواکاری گشتی و پۆلیسی فەرەنسـا ئاگاداری ئـەم ڕووداوانـە بن .

ئەم ڕوداوەش هاوشــێوەی ڕوداوەکــانی دیــکە، چەنــدین لێــدوان و شـرۆڤەکاری بەدوای خۆیـدا هێنـا، بەڵام لێدوانی کەسێک بەنـاوی مـوراد شاهین، کە خۆی پێشتر ئەندامی میتی تورکی بووە جێگای سـەرنج بـوو، چونکە لە لێدوانێکی خۆیدا بۆ ڕۆژنامەی یەنی ئۆزگیور پۆلیتیکا ڕایگەیاند، کە عومەر گیونەی ئەندامی دەزگای میتە.

موراد شاهینی ئەندامی MIT لەبەرامبەر پرسیاری بۆچی تاوانی پاریس ؟ دا وتی؛ ئەقڵم نایبڕی عومەر بەتـەنیا ئـەم کـارەی کردبێت . بـەپێی ئـەو مەشـق و پەروەردانـەی بینیبوومـانە، ئەنجامـدانی کـارێکی وەهـا بـۆ تـەنیا کەســێک تەرخــان ناکرێــت. کۆمــەڵکوژی پــاریس کــاری لایــەنگرانی تونـدوتیژی نـاو MIT ە . چونکـە باشـترین کەسێک ئێمـەین، کە ئاگـاداری هەبوونی باڵێکی وەها بن . لە نـاو MIT ەوە تـا بـە  JİTEM و ئەرگەنـەکۆن دەگات، هەندێکیان لایەنگری درێژەدان بە شەڕ و دانپێدانەنانی  مافەکـانی کوردن و هەندێکیشیان لایەنگری چارەسـەرین. بـەڕای مـن ڕووداوەکـەی پاریس ئەنجامی نـاکۆکی و ئاڵۆزییـەکانی نێوان ئـەو دوو باڵـەن . عومـەر ئەگەر دەستگیر نەکرایە، یان لە پاریس دوور دەخرایەوە، یاخود شتێکیان

بەسـەردا دەهێنا. ئەگـەر بکوژەکـە ئـەو بێـت، ئـەو دەشـێ هـیچ شـتێک نەدرکێنێت، بەڵێنی پێدراوە .[1]

ئەوەی گریمـانەی تێـوەگلانی دەزگـا نهێنیەکـانی فەرەنسـا لـەم کـارەوە پتەوتـر دەکـات، ئەوەبـوو، کە پۆلیسـی فەرەنسـا راسـتەوخۆ چەنـد هەفتەیەکـی کەم پـاش ئەو رووداوە، نەک هیچـی ئەوتـۆی لەسـەر بکـوژرانی ئەم روداوە رانەگەیانـد بەڵکـو لە شـارەکانی تۆلـۆز و بـۆدرۆ دەستی بە ئۆپراسیۆنی رەشبگیری کوردان کرد و هەتا رۆژی 12-2-2013 پـازدە لایەنگـرو بەرپرسـی پەکەکەی دەسـتگیرکرد، ئەم پرۆسـەی دەستگیرکردنانە هاوکات بوو لەگەڵ سەردانی وەزیری دەرەوەی تورکیا ئەحمەد داود ئۆغلو بۆ فەرەنسا، ئاژانسی هەواڵی فورات نیوز رایگەیاند لێپرسینەوەکان بۆ دەستبەسەرکردنی ئەو کوردانە لـە مـانگی ئـازاری 2وە دەستی پێکردووە. لە ساڵی 2007 یشەوە لە فەرەنسا بە بیانووی سیاسی نزیکەی (250) هـاوڵاتی کـورد دەستبەسـەرکراوان . ئەمانـەش لەکاتێکدان کە ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان KNK (ئادەم ئوزون) لە مانگی 10ی ساڵی رابردوو، لە پاریس دەستبەسـەرکراو پاشـان فـەرمانی گرتنـی بۆ دەرکرا و تا ئێستاش لە زینداندایە .[2]

**ئەرگەنەکۆنی تورکی ئاشکرا دەبێت:**

رۆژی 3ی مانگی نۆڤێمبەری 1996 ئەو رۆژە بـوو، کە رێکەوتێکی زۆر سەیر بووە هۆکاری ئاشکرا بوونی ئەم رێکخراوە. لەم رۆژەدا روداوێکی هاوتوچۆ لە ناوچەیەک بە ناوی سوسورلوک (Susurluk) رویدا، کاتژمێر نـزیکەی حەوتـی ئێـوارە، کامیۆنێـک خـۆی کێشـا بە ئۆتـۆمبێلێکی مارسیدسدا. سەرنشینانی نێو ئۆتۆمبێلە مارسیدسەکە، چوار کەسی دژ بەیەک بوون، کە نەدەبوو هەرگیز پێکەوە بن، کە ئەوانیش هەر یەکە لە عەبـدوڵا چـاتلی (Abdullah Çatli) سـەرۆکی مافیـای هەڵهـاتوو لە یاسـاو

---

[1] بڕوانە ئاژانسی هەواڵی فورات نیوز http://so.firatajans.com/news

[2] هەمان سەرچاوەی ئاژانسی فورات .

داواکراو له ئەنترۆپۆل، سیدات بوجاک (Sedat Bucak) سەرۆک هۆزی کوردی دوژمنی پەکەکە و پەرلەمانتار لەسەر لیستی پارتی ڕێگای ڕاست، کە ئەو دەمە لە لایەن کۆنە ئەندامی مەهەپە و گورگەبۆرەکان تانسوا چیلەر (Tansu Çiller) سەرکردایەتی دەکراو حوسەین کۆجداخ (Huseyin Kocdag)بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی تورکیا و گۆنجا ئوس (Gonca Us) شاجوانی پێشوی وڵات بوون.[1]

لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا تەنها چەکی نایاسایی نەدۆزرایەوە، بەڵکو چەندین دۆکیومێنتی گرنگ و سەیر دەستی بەسەردا گیرا لەوانەش پاسپۆرتی دیبلۆماسی عەبدو لاچاتلی، کە لەلایەن خودی دەوڵەتی تورکەوە بە یاسایی بۆی دروستکرابوو تا بتوانێت لەژێر ناوی خوازراوی مەمەت ئۆزبای(Mehmet Özbay) کارەکانی خۆی ئەنجام بدات. ئەو کەسەی لەسەر ئەم پاسپۆرتە ساختەیە ئیمزای کردبوو، مەمەت ئاگار( Mehmet Agar)ی وەزیری ناوخۆی تورکیا بوو لەسەر لیستی پارتەکەی تانسوا چیلەر . لەژێر فشاری رایگشتیدا لێکۆڵینەوە لە روداوەکە کرا، وەزیری ناوخۆ تێوەگلاو لەو کارە، کە پێشتر بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی وڵات بوو، دەستبەجێ لە پۆستەکەی کشایەوە، بەڵام هەر بە ئەندامی مایەوە لە پەرلەمانی تورکیا، ئەمەش لە پێناو ئەوەی، کە پارێزبەندی خۆی بهێڵێتەوەو کەس نەتوانێت راپێچی دادگای بکات!

لێرەدا بۆ باشتر تێگەیشتن لە وردەکارییەکانی ئەم ڕووداوە و زیاتر هەڵسەنگاندنی ئەم چەند خاڵە بۆ خوێنەر جێگەی سەرنج و رامانن :-

یەکەم- چەند ساتێک بەر لە روداوەکە عەبدوڵا چاتلی پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ ژەنراڵی خانەنیشینی سوپا وەلی کوچوک (Veli küçk) کردووە. لە میانەی لێکۆڵینەوەکاندا دەرکەوت، کە ئەم ژەنراڵە یەکێک بووە لە سەرکردەکانی ئەرگەنە کۆن، وەلی کوچوک بەیەکێک لەو فەرماندانەی سوپای تورک دەژمێردرێت، کە هاوتای عەلی حەسن مەجیدی بەعس دەستی هەبووە لە کاولکردن و سوتاندن و وێرانکردن و

[1] Stella Braam & Mehmet Ülger bld 21-36.

رەشـەکوژەی کوردسـتانیانی بـاکور، هەروەهـا یەکێکە لە دامەزرێنەرانـی دەزگای میتی تورکی.

دووەم- چەنــد مانگێــک بەر لەم روداوە و لە رۆژی 28ی فێبریــوەی 1996 ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا کۆبۆوە. ئەم ئەنجومەنە، کە بەدەسـتی خـودی ئەرگەنەکۆنەوە بـوو، بڕیاریـدا کودەتـای سـپی بەسـەر ئەربەکانـدا ئەنجـام بـدات، ئەوە بـوو، کە لە 18ی ژونـی هەمـان سـاڵدا، ئەربەکانیان ناچارکرد دەست لەکار بکشێنێتەوەو حکومەتیان دایە دەستی کۆنە ئەندامی مەهەپە و گورگەبۆرەکان مەسعود یەڵماز. لەم کودەتـایەدا زۆرێـک لە سـەرکردەو پـارتە نەتەوەیـی و راسـتەکانی تورکیـا رۆڵـی گرنگیان هەبوو لە هاندانی سوپا دژ بە ئەربەکان. هەر پاش کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا ئەجەوید داوای هەڵوەشـاندنەوەی حکـومەتی ئەربەکـان و سـپاردنی بە ئەنجـومەنی ئاسایشـی نەتەوەیـی تورکیـا کـرد، مەسـعود یەڵمـازیش هۆشـداری لە هەڵگیرسـاندنی جەنگـی ناوخۆدا ئەگەر بێتۆ ئەربەکان لە حکومەتدا بمێنێتەوە.[١]

سێیەم- لە راستیدا گروپە جیاوازەکانی ئەرگەنەکۆن خۆیان زەمینەیـان بـۆ ئەوە خۆشـکرد، کە پـارتی رەفـای ئەربەکـان شـاربەدەر بـکەن، لەو مـاوەیەدا رۆژانە جگە لەوەی میدیاکانی ئەرگەنەکۆن بەردەوام مەترسـی ئیسلامیزەکردنی وڵاتیان باس دەکرد، هەر خۆشیان لە رێگای کردنەوەی تەکـیەو قوتابخـانەی ئیسـلامی و کـاری تێکـدەرانەی ئیسـلامی سیاسـی بارودۆخیان بۆ کودەتا خولقاند.

چـوارەم- پـاش مردنـی چـاتلی لە جیـاتی ئەوەی دەوڵەت لە خـودی رێکخراوەکە بکۆڵێتەوەو ئەندامەکانی دەسـتگیربکات، بە پێچەوانەوە هـیچ کەس نەخێرایە بەردەم یاسا لەوەش زیاتر وەلی کوچوک سوکایەتی بە دادگـا دەکـرد، کە ژەنراڵێـک بانگهێشـتی دادگـا دەکـات، گورگەبۆرەکـان و مەهەپەییەکان خرانە کارەوە، چاتلی لە رێورەسمێکی نەتەوەیی گەورەدا

[١] د.جلال عبدالله معوض، صناعة القرار في تركيا، مركز دراسات الوحدة العربية، لبنان، بيروت، الطبعة الاولى، 1998 ص 79.

بەرەو گۆڕســـتان بـــرا، هەرکەس و لایەنێــک داوای رونکـــردنەوەی لە دەوڵەت بکردایە رۆژی دواتر دەکەوتە بەر نەفرەتـی گـورگە بۆرەکـان و مەهەپە، تانسوا چیلەر بەدەم گریانەوە لە مەراسیمی بەخاک سپاردنیدا رایگەیاند( چاتلی قارەمانێکی نەتەوەییە، ئەوەی لە پێناو کۆماردا دەمرێت یاخود دەکوژرێت شایەنی هەموو شکۆمەندییەکە).

لەمـــاوەی روداوەکەی سوســـورلوک و لە پـــاش روداوەکەش دەیـــان کردەوەی دیکەی گوماناوی ئەنجامداران، رایگشتی تورکیا و میدیاکان و هەنـدێک لە نوسـەرانی بەردەوام داوای لێکۆڵینوەیـان دەکـرد، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەرگەنەکۆن خۆی وڵاتی بەڕێوە دەبرد هیچ هەنگاوێکی عەمەلی هەڵنەگیرا.

لە رۆژی 12ی ژانیـوەی سـاڵی 1998 راپـۆرتی سوسـورلوک لە لایەن گەورە راوێژکـاری حکـومەتی ئەوســای تورکیـا، کە مەسـعود یەڵمـاز سەرۆک وەزیرانی بوو لەلایەن کوتلو ساڤاش (Kutlu Savaş) پێشکەشکرا. راپـۆرتەکە چەنـدین بەش و بـڕگەی نهێنـی تێدا بـوو، کە سـڕابوونەوەو ئامـــاژە بـــوون بـــۆ ئەوەی، کە خـــودی دەوڵەتـــی تـــورک لەو پرســـەدا تێـوەگلاوەو خـودی دەوڵەت بـۆ لەنـاو بردنـی ئۆپۆزیسـیۆنەکانی خـۆی، گورگەبۆرەکـان و چـاتلی بەکـار هێنـاوەو هەمـوو ئەو کەس و لایەنـانە لە ژێر فەرمانی دەزگای هەواڵگری میت کاریـان کردووەو وێرای نـاوخۆی تورکیـا، لە دەرەوەی وڵاتـیش چەنـدین ئۆپراسـیۆنیان بە فەرمـانی ئەو دەزگـایە جێبەجێکـردووەو چەپ و کـورد و ئەرمەنیەکـان، ئامـانجی ئەم ئۆپراسیۆنانە بوون.

بەشـی نهێنـی راپۆرتەکە پێکهـاتووە لە دوازدە لاپەڕەی دوور و درێژ، بەڵام مـاوەیەکی کـورت پـاش بڵاوبـوونەوەی راپـۆرتەکە، بەشـە نهێنـی راپۆرتەکە ئاشکرابوو، هەمـوو وردەکارییەکانی دزەی کردە دەرەوە، لەو بەشـە نهێنـیەدا بە ئاشـکرا دەردەکەوێـت، کە چـاتلی ئەفسـەرێکی مەزنـی

هەواڵگری تورکیا بووەو لە لایەن دەوڵەت و دەزگای میتەوە فەرمانی پێکراوە و هەموو کارەکانی خۆی بۆ ئەوان ئەنجامداوە.[1]

چاتلی چەند جارێک و لە چەندین رۆژ و ساڵ و کەیسی جیاوازدا لە ناوخۆ و دەرەوەی تورکیا دەستگیرکراوە، بەڵام هەموو جارەکان لە زیندان هەڵهاتووە یان چاوپۆشی لە کارەکەی کراوە، بۆ نمونە رۆژی 9ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1978 حەوت خوێندکاری ئەندام لە پارتی کرێکارانی تورکیا، لە شاری ئەنکەرە لە گەڕەکی باخچەلیڤلەر (Bahcelievler) بەدەستی گورگە بۆرەکان کوژران، بکوژی ئەم خوێندکارە چەپانە کەسێک بوو بە ناوی هالوک کرچی (Haluk Kirci)، کە بە نازناوی عیدی ئەمین (Idi Amin) ناسرابوو، هەمان رۆژ لە هەمان گەڕەک دوو خوێندکاری دیکە بە کوژراوی، کە گولە لە سەریان درابوو دۆزرانەوە. یەکێک لەو حەوت خوێنکارەی، کە یەکەمجار بەرگولە دران نەمردبوو، چەندین رۆژ لە نەخۆشخانە مایەوە، لە کاتی قسەکردنیدا جۆرو ژمارەی ئۆتۆمبێلی بەکارهاتووی هێرشبەرەکانی ئاشکراکرد، پاش ئەوەی پۆلیس توانی ئۆتۆمبێلەکە بدۆزێتەوە، ئاشکرا بوو، کە خاوەنی ئۆتۆمبێلەکە عەبدولا چاتلیە، چاتلی پاش روداوەکە دەستگیرکرا، بەڵام پاش چەند رۆژێک توانی لە زیندان رابکات.

چاتلی لە کاتی ئەم رەشە کوژیەدا کەسی دووەمی ئەرگەنەکۆنی تورکیا بوو، ئەو پەیوەندییەکی توندی گومانـاوی لەگەڵ ستاڤینۆ دێلا چایە هەبوو، کە تیرۆرستێکی بەناوبانگی بزوتنەوەی راستی توندڕەوی ئیتالیا بوو، چاتلی پەیوەندی گلادیۆی تورکیا و ئیتالیای لە رێگای ئەم کەسەوە گرێدابوو، ئەم کەسەش هاوتای خۆی هەرگیز بەرامبەر کردەوە تیرۆرستیەکانی دەستگیر نەکرابوو، لە زۆربەی سەفەرەکانیشیاندا بۆ ئەمەریکا و باشوری ئەمەریکا پێکەوە دەبینران.

عەبدولا چاتلی یەکێک لە چەتە گەورەو ناودارەکانی بازرگانیی تریاک، بەرپرسی راستەوخۆی چەندین کردەوەی تیرۆری سیاسی بوو لە

[1] De Hollandse Leeuw en de Grijze Wolf, bld 33-34.

تورکیا. له سەرەتای هەفتاکاندا یەکەم پەیوەندی خۆی لەگەڵ دەزگا نهێنیەکانی تورکیا گرێداوەو له ساڵی 1978 بوو بە کەسی دووەمی رێکخراوی گورگەبۆرەکان.

له 1ی فێبریوەی 1979دا چاتلی سیناریۆی کوشتنی پەیامنێری رۆژنامەی میلییەتی دارشت و بە دەستی موحەمەد عەلی ئاغا جێبەجێی کرد، پاش دەستگیرکردنی ئاغاو زیندانی کردنی لە زیندانی سەربازی ئەستەنبول، چاتلی پیلانی ئازادکردن و رفاندنی دارشت و پاشان پێکەوە رۆشتن بۆ بولگاریا، دیارە پەیوەندی نێوان مافیاو چەتەکانی تورک و دەزگای هەواڵگری بولگاریا زۆر ئاشکرا بوو. هیچ کەس ناتوانێت نکوڵی لەوە بکات، کە چاتلی لەهەمان کاتدا یەکێک بووە لە سیخوڕە دیارەکانی دەزگای جاسوسی ئەمەریکا و لە سەرەتای هەشتاکاندا یەکەم پەیوەندی چاتلی لەگەڵ دەزگای هەواڵگریی سی ئای ئەی دروستبووە.

رۆژی 13ی مەی 1981 موحەمەد علی ئاغا بەهەمان ئەو دەمانچەیەی، کە لە موحەمەد سینیری وەرگرتبوو تەقەی لە پاپا یۆحەننا پۆلسی دووەم کردو هەوڵی کوشتنیدا. (ئاغا لە ساڵی 2010 ئازاد کرا، لە کاتی لێپێچینەوەدا دەیان جار وتەو زمانی گۆڕی، دواجار ئەوەی راگەیاند، کە ئەو بە پاپای راگەیاندووە، کە گوایا بۆ ئێران ئەم کارەی ئەنجامداوە ئاغا هەموو بیرەوەریەکانی خۆی لە کتێبکدا لەم بارەوە نوسیوە بە ناوی -بەڵێنی بەهەشتیان پێدام- بەڵام وتەبێژی ڤاتیکان باوە فیدریکۆ لۆمباردی ئەو لێدوانەی بە چەواشەکارانە لێکدایەوەو رایگەیاند، کە لە راستیدا هەموو پرۆسەی لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکە هەڵەو درۆ بووە ) [١]

مەبەستی سەرەکیش لە ئەنجامدانی ئەو کارە زۆر لەوە قوڵتر بوو، کە خودی کەسایەتی پاپا بکرێتە ئامانج بەڵکو وستیان لەم کارەدا دەزگای هەواڵگری بولگاریاو سوڤیەت تێوەگلێنن، بۆیە بەهەمان شێوەی کوشتنی ئۆڵف پالمە هیچ کەس نەیتوانی بگاتە راستی روداوەکان و ئەو لایەنەو هۆکارو پاڵنەری تەقەکردنەکە بدۆزنەوە. دەزگای سی ئای ئەی بە

[١] رۆژنامەی الشرق الاوسط رۆژی شەممە 2-2-2013 ژمارە 12485 لاپەڕە 3.

هاوکاری کۆنترا گەریلای تورکیا ویستیان بەمکارە کەمایەتییە تورکەکانی بولگاریا و یەکیەتی سۆڤیەت بدەن بەگژ حکومەتەکانیاندا. لەساڵی 1991 لەم بارەوە میلڤین گودمان شرۆڤەکاری پێشوو لە سی ئای ئەی لەبەردەم ئەنجومەنی پیراندا رایگەیاند، کە ئاژانسەکەیان هەموو جۆرە دۆکیومێنتێکی دروستدەکرد بۆ ئەوەی بتوانێت دەزگای هەواڵگری سۆڤیەت و بولگاریا تێوەگلێنن، تەنانەت عەبدوڵا چاتلی لەبەردەم دادگای ئیتالیدا (بێگومان سەرەتا لە سویسرا دەستگیرکران و پاشان سنورداشی ئیتالیا کران) رایگەیاند، کە ساڵی 1985 دەزگای هەواڵگری ئەڵمانیای خۆرئاوا بەڵێنی ملیۆنەها مارکی پێداوە ئەگەر بتوانێت پاپا بکوژێت و دەزگای هەواڵگری بولگاریا و سۆڤیەت توش بکات. سەرۆکی باندەکەش عەبدوڵا چاتلی ساڵی 1986 لە فەرەنسا دەستگیرکراو رەوانەی سویسراکراو لەوێش حەوت ساڵ بە تۆمەتی بازرگانی مادە هۆشبەرەکان حوکمدرا، بەڵام لە رۆژی نەورۆزی 1990 بەشێوەیەکی زۆر سەیر توانی دەرباز بێت، دەگوترێت لە دەربازبوونی ئەم پیاوەدا سەرۆکی ئاژانستی سی ئای ئەی لە تورکیا دەستی هەبووە.

ژمارەی ئەو کردەوە تیرۆرستانەی، کە لە نێوان ساڵانی 1974-1980 ئەنجامیان داوە 694 کردەوەی تیرۆر بووە، رۆژنامەی لۆمۆند لەو باوەڕەدایە، کە رێکخراوی گورگەبۆرەکان لەژێر فەرمانی گلادیۆ کاری کردووە، هەروەها عەبدوڵا چاتلی، کە بەرپرسی یەکەمی ئەم رێکخراوە بووە، پەیوەندی تایبەتی بە تیرۆرستی نێونەتەوەیی ئیتالی (ستیفانۆ دیلا چایە) Stefano Delle chiaie هەبووە، ئەم تیرۆرستە نێو دەوڵەتیە ئیتالییە، وێرای ئەوەی لە ئیتالیا رۆڵی ستراتیژی لەگەڵ گلادیۆ هەبووە، پەیوەندی راستەوخۆشی لەگەڵ پینۆشێ هەبووەو لە جەنگی ئەرژەنتین بەشداری راستەوخۆی کردووە، هەروەها تورکەش خۆی لە نێوان ساڵانی 1957-

1955 ئەفسەری نوێنەری تورکیا بووە لە نوسینگەی پەیمانی ناتۆ لە واشنتۆن.[1]

پاش ئەوەی لە ساڵی 2002دا دیسانەوە ئیسلامیەکان، بەڵام ئەمجارە بەگورو تینێکی بەهێزترەوەو بەرابەری پارتی داد وگەشەپێدان دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرتەوە، ئەمجارە بە سود وەرگرتن لە هەڵەکانی ئەربەکان رەوتی ئیسلامی سیاسی خۆی بۆ ململانێیەکی جدی لە دژی دەوڵەتی قوڵ ئامادەکرد، بەڵام سەرلەنوێ رێکەوت کاری خۆی کردو زەبرێکی کاریگەری دیکەی لە ئەرگەنەکۆندا..

رۆژی 12ی مانگی ژون- حوزەیران- ی ساڵی 2007 کەسێکی نەناسراو بە ناوی خێرخوازێک تەلەفۆنی بۆ پۆلیس کردو لە ئاکامدا لە ماڵێکی گەڕەکی عومرانیە لە شاری ئەستەنبوڵ وێرای جبەخانەیەکی تەقەمەنی، چەندین بەڵگەنامەی گرنگ دۆزرانەوە، کە هەمووی سەرلەنوێ ئاماژە بوون بۆ نیازی ئەرگەنەکۆن لە ئەنجامدانی کودەتایەکی دیکە بەسەر ئیسلامیەکاندا، ئیتر ئەردۆگان بڕیاری جەنگی دەستەویەخەی لەگەڵ ئەرگەنەکۆندا راگەیاندو بڕیاری هێرشیدا. لە بەرەبەیانی رۆژی 22ی ژانیوەی 2008 واتا حەوت مانگ دوای دەستخستنی سەرەداوەکەو ئەنجامدانی پشکنین و لێکۆڵینەوە، هەنگاوی یەکەم شەڕ لەگەڵ ئەرگەنەکۆن بە دەستگیرکردنی وەلی کوچوک و 33 کەسی دیکە دەستی پێکرد. لە یەک کاتدا لە 6 ناوچەی جیاوازی وڵات هێزەکانی ئاسایش (بەتایبەت کە بەشی هەرە زۆری بەڕێوبەرو پایەدارەکانیان لە خودی پارتەکەی ئەردۆگان بوون) دایان بەسەر 24 ماڵدا، وێرای چەندین ژەنراڵی خانەنیشین چەندان نووسەر، پارێزەر، رۆژنامەنووس و خاوەنکار و سەرمایەداریش دەستگیرکران . دوای ئەم روداوە ئیتر ئۆپراسیۆنەکانی دژ بە ئەرگەنەکۆن بەردەوامی هەبوو، بەپێی هەندێک سەرچاوە هەتا ئێستا 370 ژەنراڵ و ئەفسەرو پلەداری

---

1 - http://www.iranboom.ir/iranshahr/jostar/4134-sazeman-fashisti-gorg-haye-khkestari.html.

سەربازی لەم کەیسەدا تێوەگلاون و بەشی هەرە زۆریان چەندین ساڵە هێشتا لە زیندان ماوەتەوە.[١]

بەڵام هێشتا دادگا بەردەوام بوو لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا کاتێک رۆژنامەی تەرەفی تورکی لە ناوەڕاستی مانگی ژانیوەی 2010 هەواڵی ئەوەی بڵاوکردەوە، کە کۆمەڵێک ئەفسەرانی پایەبەرزی سوپای تورکیا نەخشەی کودەتایەکیان بە ناوی کودەتای باڵیوز دارِشتووە، کە دەخوازن سنورێک بۆ دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی و ئاکەپە دابنێن. شاهیدێکی نهێنی بەناوی (ئیفیە) لە دانپێدانانەکانیدا لەبەردەم دادگا ئاماژە بەوە دەکات، کە کۆبوونەوەکانی ئامادەسازی بۆ ئەم کودەتایە لە نێوان مانگی ژانیوە و فێبریوەی ساڵی 2009 بە سەرۆکایەتی ژەنراڵ "ساڵدیرای بیرک" ی فەرماندەی سوپای سێی تورکیا و شازدە دادوەرو دوو داواکاری گشتی و چەند سەرکردەیەکی ژوری ئۆپراسیۆنەکانی ئەرکانی سوپا بەرِێوە چووە.[٢]

تاوانبارێکی کەیسی ئەرگەنەکۆن لە رۆژی 13-11-2011 لە زیندانی سیلڤری لە ئەستەنبول چەند رۆژێک پێش دادگاییکردنی بە نۆبەتی دڵ گیانی لەدەستدا، کۆزین ئۆغلو، کە بریار بوو، رۆژی 22ی هەمان مانگ دادگایی بکرێت، پاش خانەنیشین بوونی لە سوپا ( لە هێزەکانی کۆماندۆسی تورکیا) پەیوەندی کرد بە میتەوە و وەک سەرۆکی بەشی کاروباری دەوڵەتانی ئاسیا کاری دەکرد و پاشان بۆ کارەکانی هەمان دەزگا رەوانەی دەرەوەی وڵات کرابوو.[٣]

هەتا ئەمرِۆ دانیشتنەکانی دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەم کەیسە درێژەی هەیە، رۆژی 8-4-2013 دانیشتنی ژمارە 282ی دادگای ئەرگەنەکۆن بەرِێوە چوو، ژمارەی تۆمەتباران لەم کەیسەدا 275 کەسن، کە 67 کەسیان پێنج ساڵە بۆ لێکۆڵینەوە دەستگیرکراون....

---

[١] بروانە الخليج الاماراتية -7-5-2013.

[٢] بروانە تورکیا ناسی ساڵی یەکەم ژمارە چوار، 2010 لاپەرە 23.

[3] http://www.alwafd.org.

**دەوڵەت باخچەلی... پاش تورکەش**

رۆژی 4 ی ئـاپرڵی 1997 تـورکەش مـرد، لەهەمـان مـاوەداو رۆژی 18 مــانگی مەی کــۆنگرەی تــازەی مەهەپە لە شــاری ئەنــکەرە ســازکرا، لە کۆنگرەدا دەبوو کەسێک وەک بەرپرسی یەکەمی پارتەکە دیاری بکرێت. چەندان کەسی دەستڕۆیشتووی ناو ئەو پارتە خۆیان کاندید کرد بۆ ئەو پۆستە، کە ئەمانەی خوارەوە بوون:-

توگرول تورکەشی کوڕی تـورکەش خـۆی، دەوڵەت بـاخچەلی، ئەنـیس ئۆکسوز (Enis Öksüs)، رامز ئۆنگوم (Ramiz Ongum)، مـوحەرەم شەمسـەک (Muharrem Şemsek)، ئیبـراهیم چیفتچـی (Ibrahim Çiftçi). سـێ کەسـی کۆتـایی ئەم نـاوانە لە بەرژەوەندی دەوڵەت بـاخچەلی خۆیـان کشـاندەوە. پاش دەرکەوتنی ئەنجامی دەنگدان بۆ بەرپرسی یەکەمی مەهەپە، دەوڵەت باخچەلی زۆرترین دەنگی هێنا، بۆیە لە نێوان لایەنگرانی ئەم و کوڕەکەی تورکەش، کە خۆی بە میراتگری راستەقینەی باوکی دەزانی، لە ناو هۆڵی کۆنگرە بوو بە شەڕە کورسی و تێلا. بۆیە کۆنگرە بە ناچاری دواخرا، بۆ میانگیری لە نێوان باڵەکانی مەهەپە، نێرژەیەکی فیدراسیۆنی رێکخراوە تورکەکـان لە ئەوروپـا، بەرەو ئەنـکەرە کەوتەڕێ و کۆتـایی بە قەیرانـی پارتەکە هێنا و رۆژی 6ی مانگی ژولی هەمـان سـاڵ، کۆنگرە سـەرلەنوێ بەردەوامی بە کارەکانی خۆیدایەوەو توگرولی کوڕی تورکەش پیرۆزبایی لە باخچەلی کرد بەبـۆنەی سـەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکانداو لە وتەیەکی خۆیدا بەم بۆنەیەوە رایگەیاند، کە ( سیاسـەت رێگـایەکی درێـژەو کۆتـایی نایەت مرۆڤ دەبێت بەردەوام بێت) [1] . لە کۆنگرەی ژمـارە 10ی خۆیدا لە شاری ئەنکەرە رۆژی 4ی نۆڤێمبەری 2012 دەوڵەت باخچەلی جارێکی دیکە بە سەرۆکی مەهەپە هەڵبژێردرایەوە، کێبەرکێی سـەرۆکایەتی لە نـاو پـارتەکە لە نێـوان سـێ کاندیـدا بـوو، کە 1240کەسـی ئەنـدام لە کـۆنگرە

[1] Stella Braam & Mehmet Ülger bld 180-181.

دەنگیـان دەدا. بـاخچەلی725 دەنـگ و کـۆرای ئایـدن (Koray Aydin) 441دەنگ و دەرویش ئۆغلو (Derviş Oğlu) 48دەنگ. [1]

لە پـاش هەڵبژاردنەکـان راسـتەوخۆ بـاخچەلی رایگەیانـد، کە مەهەپە هـیچ گۆڕانکـاریەک لە سیاسـەت و بۆچوونەکانیـدا روونـادات ئەو هـێڵەی، کە 33 سـاڵە مەهەپە بـۆ خـۆی کێشـاویەتی لەسـەری دەڕوات و هـیچ گۆڕانکـارییەک روونـادات، مەهەپە وەک پـارتێکی کۆنزەرڤـاتیڤی ناسیۆنالیست دەمێنێتەوە. دەوڵەت باخچەلی (Devlet Bahçeli) ساڵی 1948 لە شـاری عوسـمانییەی ئەدەنە (Osmaniye/Adana) لەدایـک بـووە، خێـزانەکەی بنەڕەتێکـی تورکمـانی ئەو دەڤەرەیـان هەیە. سـاڵی 1967 لە ئەنکەرە کاتێک سەرقاڵی خوێندنی ئابوری و دارایی بوو، یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانـی کـۆمەڵە نمونەییەکـان (Ülkü Ocagi) و لە ئەنجـومەنی بەڕێـوەبردنی ئەو کـۆمەڵانەدا کـاری دەکـرد، ئەو ئەکادیمیـایەی، کە بـاخچەلی خوێنـدنی تێـدا دەخوێنـد، بە بـنکەو لانەی سـەرەکی گورگەبۆرەکان هەژمار دەکران. دژایەتی چەپ و کۆمۆنیستەکان یەکێک بـوو لە کـارە هەرە سـەرەکییەکانی ئەم تـاقمە.عەبـدوڵا چـاتلی، کە سـەرۆکایەتی دەکـردن، لە هەمـان ئەکادیمیـا لەگەڵ بـاخچەلی خوێنـدکار بـوو، هەر بـۆیە زۆری نەبـرد، کە بـاخچەلیش بـوو بەیەکێـک لە بەرپرسەکانی ئەو تاقمانە. لە ساڵی خویندنی 1970-1971 چاتلی بەرپرسی فیدراسیۆنی کۆمەڵەکانی خوێندکارانی ناسیۆنالستی تورکیا بوو. لە سـاڵی 1972 پاش ئەوەی خوێندنی تەواوکرد، لە هەمان ئەکادیمیا وەک کارمەند مـایەوە و رۆلـی بەرچـاوی هەبـووە لە دروسـتکردنی کـۆمەڵەی نمـونەیی ئابوریناسـان و کارمەنـدانی بانـک و پاشـان کـۆمەڵەی نمـونەیی زانـاو ئەکادیمیسـتە ناسیۆنالیسـتەکانی تورکیـا. ئەم دوو رێکخـراوە، کە هەردووکیـان لە ژێـرەوە گرێـدراوی مەهەپە بـوون، بـاخچەلی خـۆی سەرۆکایەتی دەکردن.

---

[1] - http://www.nederlandersinturkije.nl/

بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1978 ناوی باخچەلی کەوتە نێو ناوان کاتێک لە ڕۆژی 23ی فێبروەدا پۆلیس دەستی بەسەر ئۆتۆمبێلێکدا گرت، کە پڕ بوو لە جۆرەها چەک و تەقەمەنی. لە ناو ئۆتۆمبێلەکەدا عەلی هاڵەمان ( Ali Halaman) فواد ئەستەنبوڵی (Fuat Istanbullu) ئەکرەم پازارچی( Ekrem Pazarci) و سامی ئۆجاقی(Sami Ocak) تێدا بوو. ئەمانە هەموویان لەو کاتەدا کەسانی ناو ڕێکخراوی گەنجانی مەهەپە بوون. ئەمانە هەموویان لە کن پۆلیس دانیان بەوەدا نا، کە ئەو چەکانەیان لە راجی یەڵدرم ( Recai Yildirim) وەرگرتووەو خاوەنی ئۆتۆمبێلەکەش دەوڵەت باخچەلی بوو. باخچەلی سەرباری ئەوەی، کە بێئاگایی خۆی نیشاندا لە بوونی ئەو چەکانە هەرگیز لە لایەن دادگاشەوە بانگ نەکرا بۆ لێپێچینەوە!لە کودەتای ساڵی 1980 باخچەلی هاوتای تورکەش و ئەندامانی دیکەی مەهەپە دەستگیر نەکرا، بەڵام ئەو وێرای ئەوەی، کە هەموو چالاکییەکی سیاسی قەدەغەکرابوو، بەردەوام بوو لەسەر کارەکانی خۆی، ئەو وێرای ئەوەی لە زانکۆی گازی (Gazi) مامۆستایی خۆی دەکرد، بەردەوام کاری سەرەکی ئەو گرێدانەوەی مەهەپە بوو بە زیندان و دەرەوەی زیندان. وێرای ئەوەش خانەیەکی چاپ و پەخشی دروستکرد، کە ڕۆڵی زۆری بینی لە بڵاوکردنەوەی بیری ناسیۆنالیزم و فاشیزمی تورک لە ڕێگای بەچاپ گەیاندنی گۆڤاری حەملە(Hamle) و توری (Töre). پاش هەڵگرتنی قەدەغە لەسەر دروستکردنی پارتە سیاسییەکان هاوڕێ لەگەڵ تورکەش، باخچەلی وازی لە مامۆستایی هێناو خۆی تەرخانکرد بۆ دروستکردن و بنیاتنانی پارتی مەچەپە. لە کۆنگرەی دامەزراندنی مەچەپە 17 ی ئاپرلی 1987باخچەلی وەک سەرکردەی بەڕیوەبردنی پارتەکە هەڵبژێردرا. لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1993 بەهۆی ململانێ و کوتلەگەرایی باخچەلی ناوی لە سەرکردایەتی پارتەکە دەرنەچوو، بەڵام تورکەش زۆر بە توندی پشتی گرت و وەک راوێژکاری تایبەتی خۆی داینایەوە، ئەو دەمە مەچەپە دیسانەوە ناوەکەی گۆڕییەوە بۆ مەهەپە، لە هەڵبژاردنەکانی 1995 بە پشتیوانی تورکەش ئەمجارە باخچەلی ناوی لەناو کاندیدەکانی پارلەماندا بوو، بەڵام مەهەپە لە هەڵبژاردنەکاندا شکستی خوارد و ڕێژەی

10% ی نەهێنا. باخچەلی وێرای ئەوەش توانی خۆی بسەپێنێت بەسەر پارتەکەدا و لە کۆنگرەی ساڵی 1997 یەکێک بوو لە کاندیدە هەرە دیارەکانی ئەو پارتەو گەڕایەوە سەرکردایەتی پارتەکە. لە سەروبەندی رۆشتنی عەبدوڵا ئۆجەلان ( Abdulla Öcalan) سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ ئیتالیا و داواکردنی مافی پەنابەری لەو وڵاتە، باخچەلی سەرکردایەتی هەموو پرۆتێستەکانی دژ بە یۆنان و ئیتالیا دەکرد و چەندین وتاری ئاگرینی پێشکەش دەکرد و هەڕەشەی لە ئیتالیا دەکرد، کە بەردی بەسەر بەردەوە ناهێڵن ئەگەر ئۆجەلان رادەستی تورکیا نەکاتەوە![1]

لە هەڵبژاردنەکانی 18ی ئاپرلی 1999 پارتە ناسیۆنالیست و راستڕەوەکانی تورکیا زۆرینەی دەنگەکانیان بەدەستهێنا (پارتەکەی بولەنت ئەجەویدی22% ، پارتی مەهەپە 17%)، هۆکاری ئەم سەرکەوتنەش لە راستیدا ئەوە بوو، کە لە ژێر فشاری ئەم راستڕەوانەدا بوو لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی پێشتر، سوریا ناچارکرا ئۆجەلان لە وڵات دەربکات.

راستڕەوەکانی تورکیا توانیان هەستی نەتەوایەتی تورکەکان بجوڵێنن، تەنانەت لە ناوخۆی تورکیادا پەلاماری هەموو شتێکی ئیتالیایان دەدا (دوکانی پیتزا، دوکانی جلوبەرگی ئیتالی، دوکانی کەلوپەلی کارەبایی، کەلوپەلی ناوماڵ) تەنانەت هێرش کرایە سەر باڵیۆزخانەو دبلۆماتەکانی ئیتالیاش، ناسیۆنالیست و توندڕەوەکان بە سەرۆکایەتی تازە سەرۆکی خۆیان باخچەلی داواکاری ئەوە بوون، کە بەزووترین کات ئۆجەلان دەبێت لە سێدارە بدرێت و سەرکردەکانی دیکەی پەکەکە لە ئێران و سوریاو عێراق و یۆنانیش لەناو ببرێن. هۆکاری بردنەوەکە تەنها ئەوە نەبوو، بەڵکو ئەو گەنجانەی، کە لەسەرەتای نەوەتەکانەوە هاتبوونە دنیا، ئەم نەوەیە وێرای ئەوەی، کە لە هەڕەتی بەهێزی و بە توانایی کەلتوری مەهەپەو گورگەبۆرەکاندا چاویان هەڵهێنابوو، بەردەوام شایەتی حکومەتە گەندەڵە یەک لەدوای یەکەکانی وەک تانسوا چیلەر و مەسعود

[1] http://afa.home.xs4all.nl/comite/artikel/artikel14.html.

یەڵمازو ئەجەوید و دەمیریل بوون و هەموو نەهامەتی و هەژاریەکانی خۆیـان بەسـەر ئەو پارتـانەو پەکەکەدا دەدا، ئەم دەنگـدەرانەی مەهەپە زۆربەی ئەو خەڵکە سـادەو نەخوێنـدەوارە بـوون، کە زیـاتر گوندنشـین بوون و بە زمانی سادەی مەهەپە هەڵدەخەڵەتان.

دوای ئەم هەڵبژاردنـانە مەهەپە بـۆ یەکەمجـار پـاش 22 سـاڵ گەڕایەوە نـاو حکـومەت، جـگە لە فشـارەکانی بـۆ لەنـاوبردنی کـورد و پەکەکەو هێرشکردنە سەر باشوری کوردستان، داوای لە ناتۆ دەکرد، کە سـەرباز رەوانەی کۆسـۆڤۆ بکـات و باشـتریش وایە نـاتۆ تورکیـا بـۆ ئەم کـارە سەرپشک بکات. هۆکاری ئەم داوایەش ئەوە بوو، کە نـاوچەی کۆسـۆڤۆ لە سـەدەی چواردەیەمدا، بـۆ مـاوەیەک لەژێر دەسـەڵاتی عوسمانیەکاندا بـووەو زۆبەری دانیشتوانەکەشـی ئەلبـانە موسـڵمانەکانن، ئەمە وێـرای ئەوەی، کە نزیکەی دوو ملیۆن ئەلبانی موسلمان، کە بەشی هەرە زۆریان بوونەتە تـورک، لە تورکیـا دەژیـان و کەسـوکارو تیرەکانیـان لە کۆسـۆڤۆ دەژیان.[1]

سیاسـەتەکانی مەهەپە لەسـەردەمی باخچەلیدا لانـی کەم بەرامـبەر بە کـورد هـیچ گۆڕانکارییەکیـان بەسـەردا نەهـاتووە، بەڵکـو لەوەش زیـاتر بـاخچەلی هەمیشـە لە هەوڵـی ئەوەدایە لە رێگـای گورگەبۆرەکـانەوە مەبەستەکانی خۆی بەرامبەر بە کورد جێبەجێ بکات. لە سەرەتای مانگی ژونی 2011 دا، پۆلیسی تورکیا نەخشەیەکی گورگەبۆرەکانی ئاشکرا کرد، کە 17 کەس بڕیـار بـوو بەشـداری تێـدا بـکەن، ئەویـش ئەوە بـوو، کە دەوڵەت بـاخچەلی سـەردانی شـاری ئـامەد بکـات و ئەو کەسـانەش بە هێرشی چەکداری خۆیان ئامادەبکەن بۆ ئەنجامدانی کاری تێکدەرانە و لە پاشاندا کوردو پارتی کرێکارانی کوردستانی بەو هێرشـە تۆمەتبار بکەن و پـارتی ئـاکەپەش بە لاوازی و خەمسـاردی تۆمەتبـار بـکەن و لەو رێگـایەوە بتـوانن سـۆزی فاشسـتانەو نەتەوەپەرسـتانەی تورکەکـان بەدەست بێنن، بەپێی ئەو وتووێژە تەلەفۆنیانەی، کە لە نێوان تۆمەتبارانـدا

[1] De Hollandse Leeuw en de Grijze Wolf, bld 29.

ئەنجامـدراوە ئەم کـارە لە پێنـاو مەهەپەدا دەکەن بـۆ ئەوەی بتـوانن لە هەڵبژاردنەکـانی داهـاتودا رزگـاری بـکەن لە ئەگەری نزمبـوونەوەی دەنگەکانی.[1]

## تورکیای نویَ و ئایندەی مەهەپەو گورگە بۆرەکان:

ئەو تورکیـایەی مەهەپەو گورگەبۆرەکـانی بەرهەمهێنـا، ئەو زەمیـنە سیاسی و کەلتوری و ئابورییەی، کە گونجاوترین ژینگەی ئایدۆلۆژی بۆ مەهەپە رەخساندبوو، کە تیایدا دەیتوانی گوتاری خـۆی بکاتە پەیامێکی پەسەندکراو لە نێو بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵگەی تورک، تەنانەت لە نێو رێژەیەکی بەرچاوی کوردەکانیشدا، هەمـوو ئەو کەش و سفێرە، رۆژ لە دوای رۆژ نەک کاڵتر دەبنەوەو نامۆتر دەبن بە تورکیای ئەمرۆ، بەڵکو سەردەمی پێچانەوەو بەسەرچونیشیان هاتووە. لەم نوسینەمدا زاراوەی (تورکیای نویَ) لە پارتی دادوگەشـەپێدانەوە قەرز دەکەم و دەمەوێت بێژم، مەهەپە و گورگەبۆرەکـان دیـاردەیەک یـاخود دەرهاویشـتەیەکی تورکیای کـۆن بـوون، لە تورکیای نوێدا، لانیکەم ئاستەمە مەهەپە بەو ئەقڵەوە بتوانێت لە نێو نەخشەی سیاسی تورکیادا وەکو جاران بە گوڕو تینەوە ئامادەیی هەبێت.

دیـارە هۆکارەکـانی بەسـەرچوونی هـزرو ئایـدۆلۆژیاو سـەردەمی مەهەپە، هەروا لە خـۆڕا پەیـدا نەبـوون، هەروەک چـۆن ئەو هۆکـارانە دەرەنجـامی روداوێکـی دیـاریکراو یـاخود گۆڕانکـارییەکی رووت لە بـارودۆخی وڵاتدا نەبـوون، بەڵکو کۆمەڵێک هۆکاری خودی و بـابەتی گرنـگ هەن، کە هەریەکەیـان بە رێژەیەکـی گرنـگ بـوونەتە هۆکـاری لاوازبـوونی ئەو رەوتە سیاسـییە. لەم بەشـەدا هەوڵ دەدەیـن گرنگتـرین ئەو هۆکـارانە بە لەبەرچـاوگرتنی قۆناغەکـان بخەیـنە بەر بـاس و لێکۆلینەوە...

---

[1] http://turkeytoday.net/node/4597?page=25&quicktabs_1.

یەکەم- سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی

دەتوانین بێژین سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی لە تورکیا گەورەترین زەبری لە هزرو ئایدۆلۆژیای مەهەپە سرەواند، ئەم زەبرەی ئیسلامی سیاسی هەتا ئەمڕۆ، کە ئاک پارتی لەسەر دەسەڵاتە، بەردەوامبوونی هەیە. سەرەتای زەبری ئیسلامی سیاسی دەگەڕێتەوە بۆ پەیدابوونی پارتی سەلامەتی میللی، کە ساڵی 1972 لە لایەن نەجمەدین ئەربەکانەوە دروستکرا. هەرچەندە ئەم پارتەی ئەربەکان بەرامبەر بە دۆزی کورد هیچ گۆڕانکارییەکی لە گۆڕەپانی سیاسی تورکیادا نەهێنایە ئاراوە، بەڵام لە رووی ئایدۆلۆژییەوە تەواو جیاواز بوو لە رێبازی تۆرانی و فاشستە نەتەوەپەرستەکانی تورک و تەنگی بە گوتارەکانی ئەوان هەڵچنیبوو، چونکە مەهەپە هەمیشە بەهاو بنەماکانی کۆمارو سکیولاریزم و یەکپارچەیی خاکی وڵاتی دەکردە بەیت و بالۆرەی سیاسی و بەسەر هەموو لایەنەکاندا دەیبەخشییەوە. تۆرانیەکان نەک لە نێو پارتی سەلامەتی میللیدا جێگەیان نەدەبوەوە، بەڵکو ئەم پارتە لە سەرەتادا بۆ لاوازکردنییشیان گوتاری ئیسلامی و نەتەوەیی تێکەڵ دەکرد، هەر بۆیە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1974 توانی پەنجا کورسی بەدەست بێنێت و بچێتە پەرلەمانەوە.

وێرای ئەوەی پارتی سەلامەتی میللی قەدەغەکرا، بەڵام ئەربەکان لە ساڵی 1983 پارتی رەفای دروستکرد، هەرچەندە سەرەتا دەنگی پێویستی نەهێنا، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1995 دا توانی 158 کورسی بەدەستبێنێت و هەموو چاودێرانی سیاسی توشی شۆک بکات، چونکە مەهەپە لەو هەڵبژاردنەدا تەنها رێژەی 8%ی دەنگەکانی هێناو نەیتوانی بچێتەوە ناو پەرلەمان. پاش قەدەغەکردنی پارتی رەفا، ئەربەکان پارتی فەزیلەی دروستکرد، بەڵام ئیتر وەک ئەوەی مێژووی ئەربەکان و قۆناغەکەی تەواو بووبێت، کۆمەڵە گەنجێکی وەک رەجەب تەیب ئەردۆگان و عەبدوڵا گول پارتی داد و گەشەپێدانیان ساڵی 2001 لە پارتەکەی ئەربەکان جیاکردەوەو لە هەڵبژاردنەکانی 2002 توانیان

گەورەترین گوورزی کوشندە نەک تەنها لە مەهەپە بسرەوێنن، بەڵکو جەهەپەش بخەنەوە ناو قاوغەکەی خۆی. لەم هەڵبژاردنەدا ڕێژەی 34.2% ی دەنگەکانیان بەدەست هێناو جار لە دوای جار ئەم ڕێژەیەیان بەرزتر دەکردەوە تا لە دوا هەڵبژاردندا لە ساڵی 2011 دا ئەم پارتە توانی نزیکەی ڕێژەی نیوەی دەنگەکان بەدەست بێنێت. لە بەرامبەردا مەهەپە لە هەڵبژاردنەکانی 2002 نەیتوانی ڕێژەی پێویستی دەنگ بەدەست بێنیت، تەنها ڕێژەی 8.3% دەنگەکانی بەدەستهێناو نەیتوانی بچێتە پەرلەمانەوە.

دەستپێکردنەوەی شەڕی نێوان پەکەکەو حکومەتی تورکیا و گەڕانەوەی تابوتی سەربازە کوژراوەکان لە هەڵبژاردنی نوێدا بۆ مەهەپە وەک نیعمەتێک بوو کردیان بە کراسەکەی عوسمان و خۆیان هێنایەوە سەر گۆڕەپانی سیاسی وڵات. لە هەڵبژاردنەکانی 2007 مەهەپە توانی 27% دەنگەکان بەدەست بێنێت و 71 کورسی مسۆگەر بکات، بە هەمان شێوە لە دووا هەڵبژاردنی 2011 توانیان ڕێژەی 13.9% بەدەست بینن و 53 ئەندام بنێرنە پەرلەمانەوە. پارتی دادو گەشەپێدان زۆر دەمێکە ئەو ڕاستیەی بۆ دەرکەوتووە، کە هەڵگیرسانەوە یاخود توندبوونەوەی شەڕ لەگەڵ پەکەکە لە بەرژەوەندی نەیارەکانی خۆیدایە، بۆیە ئەمڕۆ ئەگەر وەکو تاکتیکێکی سیاسیش بێت لە خەمی ئەوەدایە پێگەی خۆی بەهێزبکات و بە سود وەرگرتن لە کات و پیادەکردنی سیاسەتی نەشەڕ نە ئاشتی بەچڕی خۆی بۆ هەڵبژاردنی شارەوانیەکان لە ئازاری ساڵی 2014 و پاشان هەڵبژاردنی پەرلەمان لە بەهاری 2015ئامادە بکات...

لێرەدا دەبێت خاڵێکی گرنگ لە یاد نەکەین، ئەویش ئەوەیە، کە لە ناوچە کوردییەکانی باکوری کوردستاندا، پارتی دادو گەشەپێدان لە هەندێک شوێن لە پلەی یەکەمدایەو لە شوێنەکانی دیکەش لە پلەی دووەمدایە. ئەم دەنگانەی کورد بۆ ئاک پارتی لەسەر حسابی جەهەپە و مەهەپەیە. لێرەدا دەنگدەری موسڵمانی کوردن، کە هەموو دەنگی خۆیان بە ئاک پارتی دەدەن، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە، کە ئەوان لەگەڵ ئاک پارتی خاڵی هاوبەشیان هەیە ئەویش ئیمان و ئاینی ئیسلامە، ئەگەر دەنگدەری کورد لە باکوری کوردستان بەهۆی موسڵمان بوونیەوە خۆی بە برای دینی

بزانێــت لە گەل ئــاک پــارتی و دەنگــی پێبــدات، ئەوە لەگەڵ مەهەپە و جەهەپە ئیتـر ماڵئـاوایی کـردووە، چـونکە لەگەڵ ئەوان بە تـایبەت لەگەڵ مەهەپە هیچ خاڵێکی هاوبەش نیە کۆیان بکاتەوە، بۆیە لانی کەم لەمرۆدا مەهەپە لە نــاو کوردەکانــدا دوا بــنەو بــارگەی خــۆی دەپێچێــتەوەو دەگەڕێـتەوە بـۆ نـاو لایەنگـرە سـونەتیەکانی خـۆی لە تۆرانیەکـان، کە ئەوانیش ئیتر وردە وردە رەنگی موسڵمان بوون زیاتر بەسـەریاندا زاڵ دەبێـت و مـۆدێلی بەڕێـوەبردنی وڵات و حکـومەتکردنی ئـاک پـارتی لە رووی ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە زیاتر بۆ ئەوان مایەی پەسەند کردنە.

<u>دووەم:- هەرەسهێنانی بلۆکی خۆرهەڵات و</u>
<u>نەمانی هەڕەشەی کۆمۆنیزم:-</u>

لە بەشی سێیەمی ئەم کتێبەدا ئاماژەمـان بـۆ توندبوونەوەی ململانێی ناشیۆنالیستی کرد لە پاش هەرەسهێنانی بلۆکی خـۆرهەڵات و پەیدابوون و ســەربەخۆبوونی پێــنج کۆمــارە تورکمــانەکە. لە مــاوەیەکی کــورتی سـەرەتای ئەو هەرەسـە، مەهەپە شاگەشـکە بـوو، بەنیـاز بـوو ئیتـر پەلـی خـۆی بەنـاو هەمـوو ئەو تورکسـتانەی، کە خۆیـان دیارییـان کردبـوو، بهاوێژێت. بەڵام ئەمە تەنها سـەرەتایەک بوو، کە مەهەپەی هەڵخەڵەتاند، چونکە ئەم سەرەتایە جگە لە سەرەتای کۆتـایی و کزربـوونەوەی مەهەپە هیچـی دیـکە نەبـوو، مەهەپەیەک، کە خـۆی لە بنەڕەتـدا دەرهاویشـتەو بەرهەمی جەنگی سارد بوو.

زۆری نەخایانـد ئیتـر تـاک جەمسـەری یـاخود فـرە جەمسـەری وەک چەمکێکی نوێ هاتە گۆڕێ و روسیاش توانی بە خێراترین ماوە پارچە شـکاوەکانی ئیمپراتـۆریەتەکەی خـۆی کۆکـاتەوەو سـەرلەنوێ بگەڕێتەوە نێــو گۆڕەپــانی ململانــێ. ئەم گۆڕەپــانەی روســیاش ســەرەتا لە دەوروبەرەکەی خۆیەوە دەستییێکرد.

لەم قۆناغەدا سەربەخۆبوونی کۆمارە تورکمانەکان بە شێوەیەکی کاتی لە بەرژەوەنـدی هـزری مەهەپەدا بـوو، چـونکە لە سـەروبەندی کۆتـایی

سەدەی بیستەم و دەستپێکی سەدەی نوێدا، ئیتر روسیا وەک دەوڵەتێکی زلهێز سەرلەنوێ گەڕایەوە و جڵەوی ئەو کۆمارانەی لە دەستی خۆیدا هێشتەوە.

هەڕەشەی کۆمۆنیزم یەکێک بوو لەو بنەما سەرەکیانەی، کە مەهەپە لەسەری دەژیا و هەمیشە باشترین بیانوو بوو بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیای خۆی و قایلکردنی دەنگدەران. هەروەک سەرەتا باسمانکرد، تورکەش دوژمنەکانی تورکیای بە سێ پیتی کاف ( کورد، کۆمۆنیست، کزلباشەکان واتە عەلەویەکان) ناودەبرد. نەمانی یەکێک لەو دوژمنانە بۆ خۆی بەپێی یاسا دیالێکتیکیەکان نەمانی خودی مەهەپەش بە شوێن خۆیدا دەهێنێت، چونکە مەهەپە هەمیشە خۆی بەو سەنگەرەی تورکیا دەزانی، کە لە بەرەکانی پێشەوەی هەموو دنیا سنگی بەرامبەر بە کۆمۆنیزم دەرپەڕاندووەو جێگای متمانەی پەیمانی ناتۆ و ئەمەریکا و هەموو ئەوروپاشە. دوای ئەوەی روسیا ئەو کۆستەی خۆی وەک دیفاکتۆ پەسەند کرد، ئیتر گەڕایەوە نێو گۆڕەپانەکە، بەڵام ئەمجارەیان وەک (یەکێتی کۆمارە سۆڤییەتەکان) نا، بەڵکو وەک روسیای فیدراڵی، کە بە تەواوەتی ماڵئاوایی لە پاشخانی کۆمۆنیستی خۆی کرد و بنەمای بازاڕی ئازادو لیبرالیزمی کردە فەلسەفەی بەڕێوەبردنی وڵات.

بە دەسەڵاتگەشتنی پارتی دادو گەشەپێدان تەنها ماڵئاواییکردن نەبوو لە تورکیای کۆن، بەڵکو دەوڵەت لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەرەتای سەدەی نوێدا، پێویستی بە داڕشتنی ستراتیژێکی نوێ بوو لە پەیوەندییەکانیدا، ئەم پەیوەندیانە لە دەرەوەی خواستی مەهەپە دروست دەکرێن و حکومەتی ئاک پارتی بڕیاری لێدەدات و ئەندازیارەکەشی ئەحمەد داود ئۆغلویە.

تورکیای نوێ تەنها بە عوسمانگەرایی تازە ناناسرێتەوە بەڵکو گەڕانەوە بۆ قوڵایی ستراتیژی خۆی دەکاتە چەقی فەلسەفەی خۆی بۆ بەڕێوەبردنی وڵات، ستراتیژێکە بەشوێن رۆڵی هەرێمایەتی خۆیدا دەگەڕێت لە کاتێکدا ئەم رۆڵە لە کن مەهەپە تەنها لە چوارچێوەی کێشە ناوخۆییەکاندا قەتیس دەکرێت. بەشێک لەم ستراتیژە، یاخود خاڵی هەرە

سـەرەکی لەم سـتراتیژە ئەوەیە، کە تورکیـا لە قۆنـاغی پاشـکۆییەوە بگوێزێتەوە بۆ قۆناغی میحوەری و خۆی جەمسەرێک بێت لە جەمسـەرە گەورەکانی دنیا.

تورکیای کۆن هەمیشە راکەراکەی بوو بۆ یەکێتی ئەورووپا، کەچی تەنها لە ناتۆ جێگای کراوەتەوە، ئەوەش تەنها وەک هێزێک و سیستەمێکی بەرگری لە پێناو بەکارهێنانی تورکیا وەک دەوڵەتێکی پاشکۆی خۆرئاوا. تورکیای نوێ، کە ئەمڕۆ لە بوژانەوەیەکی ئابوری خەیاڵیدایە تا رادەی ئەوەی بۆتە یەکێک لە بیست دەوڵەتە بەهێزەکانی دنیا[1] گۆڕانکاری زۆر گرنگ بەسەریدا هاتووە. روداوەکانی بەهاری عەرەبی ئەم گۆڕانکاریانەی تورکیای خێراتر کرد. تورکیا دەزانێت، کە ئەمڕۆ ئەمەریکا زیاتر بەرەو ئاسیای پاسیفیکی دەچێت و خۆرهەڵاتی ناوین جێدێڵێت، بایەخدانی ئەمەریکا بەو ناوچەیە لە ئاکامی ترسی ئەمەریکایە لەو هەموو گیروگرفت و ململانێیانەی، کە ناوچەی دەریای باشوری چینی داگرتووە، سەرۆکی ئەمەریکا، باراک ئۆباما، رێبازی ستراتیژی خۆی بۆ وەزارەتی بەرگری لە ژانیوەی 2012 بە ناونیشانی (پاراستنی سەرکردایەتیکردنی جیهان) ئاشکرا کرد، ئەو ناوچەیە شادەماری بەرژەوەندییە ئابوری و ئەمنیەکانی ئەمەریکایە و پێویستە شەراکەتی ستراتیژی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی ئەو ناوچەیە پتەوتر بکرێت، ئەمەش لە سیاسەتی ئەمەریکادا بە هاوبەشی و شەراکەتی ناوچەی پاسفیک (Trans Pacific Partnership) ناسراوە[2]. ئەمەریکیەکان لە چەندین بۆنەدا ئاشکرایان کردووە، کە سەدەی بیست و یەکەم سەدەی ناوچەی ئۆقیانوسی هادی و باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیایە.

ئەم گۆڕانکاریانە بوونەتە وەرچەرخاندنی گرنگ لە سیاسەتی تورکیا و ئەویش بەرامبەر بە وەرچەرخانی ئەمەریکا لە ناوچەکە رۆژ لە دوای رۆژ لە روسیا و چین، نزیکتر دەبێتەوە، تەنانەت لە دوا سەردانی

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر و داتاکان لە سەر گەشەسەندنی ئابوری تورکیا بڕوانە راپۆرتی ساڵانەی IMF World Economic Outlook Data Base

[2] Hillary Clinton, Pacific eeuw, de Amerikaanse buitenlandse politiek,November 2011

ئەردۆگـان بـۆ روسـیا لە رۆژی 22ی نـۆڤێمبەری 2013 دا بە پەرۆشـەوە ئامادەیی خۆی بۆ روسیا نیشاندا، کە ئەویش (واتە تورکیا) بکرێتە ئەندام لە کۆمەڵەی شەنگهای.

هەموو ئەم گۆڕانکارییە گرنگانەی تورکیا و ناوچەکە هۆکارێکی گرنگن بـۆ ئەوەی، کە مەهەپە رۆژ لە دوای رۆژ سـەنگ و قورسـایی خـۆی لە دەست بدات و پێگەی سیاسی خۆی تەسکتر بکاتەوە، چونکە مەهەپە لە نێو ئەم ئاپۆرایەدا بەرەو ونبوونی تەواوەتی دەچێت.

<u>سێیەم:- کێشەی کورد و پەکەکەو ئۆجەلان:-</u>

زەقبـوونەوەی کێشـەی کـورد لە تورکیـا، بە تـایبەت لە قۆنـاغی پـاش جەنگی سارد، یەکێک بوو لە دیاردە هەرە ئاشکراکانی تورکیا، کە نەک دەوڵەتـی تورکیـای خسـتبووە ژێر هەڕەشـەوە، بەڵکو مـایە ئابورییەکـانی وڵاتیشی بە فیڕۆ دەدا. هەڵکشانی ژمارەی کوژراوەکانی سەربازی تورک رۆژانە یەکەم هەواڵی تەلەفیزیۆنەکانی تورکیا بوون.

جۆشـدانی هەسـت و سـۆزی خەڵـک بە ئایـدۆلۆژیای ناشـیۆنالیزم و بـوونی هەڕەشـەی دابەشـکردنی وڵات بەهـۆی پەکەکەوە، مەهەپەیـان بە تونـدی لەسـەر شـانۆی سیاسـی کردبـووە ئەکـتەر، لێرەشـدا ئەسـتێرەی مەهەپە لە هەڵکشـاندا بـوو. لە هەڵبژاردنەکـانی 18ی ئـاپرڵی 1999 (واتە ماوەیەکی کەم پاش دەستگیرکردنی ئۆجەلان لە پازدەی فێبریوەی هەمان ساڵ) هەموو پارتە راستەکان و ناشیۆنالیستەکان، لە ریزی پێشـەوەیان مەهەپە، لە پشت ئەو فشارە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەوە دەوەستان، کە بۆ دەرکردنـی ئـۆجەلان لەو وڵاتە، کـرایە سـەر سـوریا. لەم هەڵبـژاردنەدا مەهەپە پاش 22 ساڵ گەڕایەوە ناو حکومەت و رێژەی 17%ی دەنگەکانی بەدەستهێنا.

بەشـێکی زۆری چـاودێرانی سیاسـی نەک تەنهـا لە تورکیـا بەڵکـو لە تەواوی جیهانـدا، دەسـتگیرکردنی ئۆجەلانیـان بە هەرەسـی شۆڕشـی باکوری کوردستان دەزانی و لەو باوەڕەدابوون، کە ئیتر لە تورکیا بە

یەکجاری گرفتی پەکەکەو مەسەلەی کورد کپ دەبنەوە، کەچی لەماوەی کـورت و مـاوەی درێـژدا، تەواوی خەونەکـانی ئەوان بە پـێچەوانە کەوتنەوە. روداوی دەستگیرکردنی ئۆجەلان و نیشاندانی بەشێوەیەکی ناشایستە، نەک هەمـوو کوردەکـانی دنیـای لە خەو راچڵەکانـد، بەڵکـو هەروەک زۆرێک لە رۆژنامە ئەوروپییەکان ئاماژەیان بۆ دەکرد پرسی کوردی چەندین هەنگاوی خێرا هێنایە پێشەوە. لە ناوخۆی وڵاتیشدا بە تێپەڕبوونی کات پەکەکە توانی بەرگەی ئەو کۆستە بگرێت و لە بەرەکانی جەنگیشـدا تەرازوی هێـز بەلای خۆیـدا سـەنگین بکـات. گـرەوی تورکیـا لەسـەر چارەسـەری سـەربازی و لەنـاوبردن و گەمـارۆدانی هێزەکـانی پەکەکە بە پشتبەستن بە نوێترین تەکنەلۆژیای سەربازی پەیمانی ناتۆ هەر زوو ئاشکرا بوو، کە گرەوێکی دۆڕاوە و لە هەموو شـەڕەکانی بەر لە پرۆسەی ئاشتیدا پەکەکە توانی ئەفسانەی سوپای تورکیا بە تەواوی پـوچەڵ بکـاتەوەو لاوازی و بێ توانـایی ئەو سـوپایە بە تەواوی ئاشـکرا بکات. سەردەمانێک بوو ژەنراڵەکانی مەهەپە سەرمەستی ئەوە بوون، کە هاوشێوەی گەمارۆدانی پڵنگەکانی تامیل، بتوانن هێزەکانی گەریلا بخەنە نێـو گۆڕسـتانێکی قـوڵەوە. سـەکەوتنی گەریـلا لە شـەڕەکانی نـاوچەی شـەمیزینیان هەمـوو دامەزراوەی سـەربازی تورکیـای خسـتە بەر دەم راسـتییەکی زۆر تـاڵەوە، کە ئەویـش ئەوەبـوو چـی دی نـاتوانن پەکەکە لەناو بەرن.

لە لایەکی دیکەشـەوە پارتی دەتەپەو پاش ئەویش پارتی بەدەپە، بە قورسـی لەسـەر شـانۆ ئامـادە بـوون و لە دوا هەڵبژاردنـی پەرلەمانـدا توانیـان 36 ئەنـدامی سـەربەخۆ رەوانەی پەرلەمـانی وڵات بـکەن. بەڕێـوەبردنی شـارەوانیەکان دیـوێکی دیـکەی ئەم پرسـەیە، چـونکە لە دواهەڵبژاردنی شارەوانیەکاندا باسکی سیاسی پەکەکە واتە بەدەپە 96 لە شـارەوانیەکانی بـردەوە، پـاش ئەوەی چەنـدین ئەنـدامی ئـاک پـارتی و جەهەپەش لە کوردەکـان چـونە پـاڵ بەدەپە، کـۆی شـارەوانیەکانی ژێـر دەسەڵاتی باسکی سیاسی پەکەکە بۆتە نزیکەی 105 شـارەوانی، ئەمەش

ئەگەر واتـایەکی هەبێت ئەوە دەگەیەنێت، کە پەکەکە بە فعلـی ئەمـڕۆ لە چەندین شارو شارۆچکەی کوردستاندا دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتووە.

ئەمڕۆ بەپێچەوانەی خواستی مەهەپەوە مەسەلەی کورد لە تورکیا بە تەواوی خـۆی سـەپاندووە بەسـەر گۆڕەپـانی سیاسـیی تورکیـاداو هاوڵاتیانی تورکیش بە تایبەت لەنێو روناکبیران و چینە باڵاکانی کۆمەڵدا لە هەمـوو کـات زیـاتر بـۆ چارەسـەری ئەو کێشـەیە دەنگـی خۆیـان بڵند کـردۆتەوەو ئـۆجەلانیش لە زیندانـدا هەمـوو کلیلەکـانی ئاشـتی و چارەسەری ئەو پرسـەی لە دەسـتی خۆیدا هێشـتۆتەوە. لەنێو گۆڕەپانی نێو دەوڵەتیشدا بە هەمانشێوە ئەو پرسە زیاتر لە هەر رۆژێک دۆست و لایەنگری بۆ خۆی پەیدا کردووە.

روداوەکانی سوریاش هێندەی دیکە بارودۆخەکەیان لە مەهەپە ئاڵۆزتر کردووە، دیسـانەوە بە پێچەوانەی خواسـتی مەهەپەوە ئەمڕۆ پەیەدە، کە دەتـوانین بێژین باسـکی خۆرئـاوای پەکەکەیە لە سـوریا بەقورسـی خـۆی بەسەر هاوکێشە سیاسیەکانی ناوچەکەدا سـەپاندووەو بەرەیەکـی فـراوان و پانتـاییەکی جـوگرافی گرنگـی بـۆ یەکەمجـار لە مێـژوودا بـۆ پەکەکە کردۆتەوە...

**پرۆسەی ئاشتی ... تابوتێک بۆ مەهەپە:**

لە یەکەم رۆژی نەورۆزی سـاڵی 2013 لە شـاری ئـامەد، لە بەردەم نزیکەی دوو ملیـۆن کەسدا، پەیـامی ئـۆجەلان بـۆ بێدەنگکردنی چەکەکـان راگەیەنرا. هەردوو لایەنی کورد و تورک بڕیاری ئاگربەستیاندا و کەوتنە نێـو پرۆسـەیەکی زۆر هێواشـی ئاشـتییەوە. سـەرۆکی هەرێمـی کوردستانیش مەسعود بارزانی چەند مانگێک پاش ئەو پەیامەو لە رۆژی 16ی مـانگی نـۆڤێمبەردا، بە ئامـادەبوونی سـەرۆک وەزیرانـی تورکیـا رەجەب تەیـب ئەردۆگـان لە شـاری ئـامەد سـەرلەنوێ لە ئـاهەنگێکی مێژوویـدا جەختیـان لەسـەر پـێکەوە ژیـانی هەردوو نەتەوەی تـورک و کورد کردەوە. ئەوەی بۆ ئەم نوسینە جێگای سەرنجە، نە ئەنجامەکانی

پرۆسەی ئاشتییەو نە ئاکامەکانی سەردانەکەی بارزانییە، بەڵکو لە هەموو ئەمانە گرنگتر ئەوەیە، کە بۆ یەکەمجارە لە مێژوودا سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتی تورک بە ئاشکرا لەبەردەم هەموو کەسێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان بە رەسمی دەناسێت و نەتەوەی کورد و وڵاتی کوردستانیش لە پاڵ تورکیا بە واقعێک قبوڵ دەکات.

مەهەپە بەم سەردانەی بارزانی زۆر نیگەران بوو، دەوڵەت باخچەلی راستەوخۆ رۆژێک پاش سەردانەکە لە بەردەم هەموو کەناڵەکانی میدیا ئەو روداوەی بە (رۆژی رەش) بۆ تورکیا نرخاند و سەرۆک وەزیرانی وڵاتەکەی خۆشی بە خیانەت تۆمەتبار کرد، کە دەخوازێت لەگەڵ بارزانی (دەوڵەتی کوردستانی مەزن) دروست بکات .

نکوڵیکردن لە نەتەوەی کورد، یەکێک بوو لە بنەما ئایدۆلۆژیەکانی مەهەپە، لەمرۆدا ئەو قۆناغە، یاخود ئەو بنەمایە کۆتایی هاتووە. کۆتایی هاتنی ئەو بنەمایە تەنها بڕیارێکی سیاسی نیە پارتەکەی ئەردۆگان یان پارتێکی دیکە لە کۆبوونەوەیەکی خۆیدا مۆری بکات، بەڵکو تورکیا دەزانێت، کە ئەگەر بخوازێت پێشکەوێت و وەک زلهێزێک لە خۆرهەڵاتی ناوین دەرکەوێت ئەوە دەبێت دەست بخاتە نێو دەستی کوردەوە، ئەمە حوکمی مێژووە، حکومی جوگرافیایە و حکومی یاساو بنەماکانی جیۆپۆلەتیکایە. قەوارەیەکی سیاسی نوێ بە ناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان پتر لە بیست ساڵ دەبێت وەک دراوسێی تورکیا قوت بۆتەوە. پاش هەرەسی رژێمی عێراق لە ساڵی 2003 دا ئەم حکومەتە لە دەستوری عێراقدا بە فەرمی ناسرا، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی، کە تورکیا ئیتر سەری لە ناو لمەکە دەربکات و ئەو راستیە قبوڵ بکات. قبوڵکردنی ئەو راستیەش بەهۆی بوونی یەدەگێکی پترۆل و گازەوە لە هەرێمەکەدا بۆ تورکیا هاندەر بوو. تورکیا دەخوازێت لە داهاتوودا رۆڵی (ترانزێتی وزە) ببینێت، بۆ ئەمەش دەبێت باشترین پەیوەندی لەگەڵ هەرێمدا گرێبدات. تورکیا لە رێگای پترۆلەوە پەیمانی ستراتیژی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا مۆر کردووە، بناغەی رێکەوتنی ستراتیژی نێوان کورد و تورکیا ئەوە نیە، کە تورکیا ساڵانە بڕی 11 ملیار شمەک و کاڵا

ڕەوانەی باشوری کوردستان دەکات، بەڵکو ڕێکەوتنی وزە ئەم بناغەیە دیاری دەکات ئەم ڕێکەوتنە ستراتیژیە، کە هیچ خاڵێکی ئاشکرا نەکراوە ئەوەیە، کە جگە لەوەی مافی پشکنین و گەڕان بۆ نەوت بە تورکیا دەدات، بە نرخی زۆر گونجاویش بەرهەمەکانی بە تورکیا دەفرۆشێت، بۆ ئەم کارەش هێڵی نەوت و بۆری پترۆل و گاز لەهەرێمی کوردستاندا دروست دەکات. بەمجۆرە لە ئێستادا ئیتر تورکیا خۆی بەتەنگ سەقامیگریی هەرێمی کوردستان و پێشکەوتنیەتی، چونکە کوردستانی گەورە ( لانی کەم لە ئێستادا باکوری کوردستان و باشورو خۆرئاوا) لە ئایندەدا، دەبێتە هەرێمی کۆنفیدراڵی لەگەڵ تورکیا ئەمەش کرۆکی فەلسەفەو نەخشە ڕێگای ئۆجەلانە بۆ ئاشتی، کە بەتەواوی کۆک و تەبایە لەگەڵ فەلسەفەی بەڕێوەبردنی تورکیای نوێدا.

هەموو ئەو نەخشە ڕێگایە بەبێ پرۆسەی ئاشتی لە کوردستاندا جێبەجێ نابن، بارودۆخی ناوچەکەو تورکیاش ئەوە دەخوازێت، کە پرۆسەی ئاشتی بەردەوام بێت. ئەگەر جاران پەکەکە لە دەرەوەی هاوکێشە سیاسیەکاندا خەڵکی دیکە قسەیان لەسەر چارەنوسی ئەو دەکرد، ئەوا ئەمڕۆ بە تایبەت لە پاش ڕوداوەکانی سوریا، ئیتر پەکەکە بۆتە هێزێک هەموو لایەنیک دەبێت حسابی بۆ بکات. هەروەها پرسی کوردیش لە کوردستاندا بە تایبەت لە باکور گەشتۆتە قۆناغێک، کە ئیتر مەحاڵە بگەڕێتەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم، هەروەک چۆن بە پێچەوانەشەوە هەر ئەم پرۆسەیە کارتێکی گرنگی لەدەستی مەهەپەو گورگەبۆرەکاندا سوتاندووە، هەربۆیە زۆر بە توندی لە دژی ئەم پرۆسەیە دەوستنەوە، لەبەرئەوەی لە سەرکەوتنی پرۆسەکە دا ئەوان مەرگی خۆیان دەبینن.

**ئەرگەنەکۆنی سەوزو دووا پەردەی شانۆکە:**

مەهەپەو گورگەبۆرەکان لە ئێستادا نیوە مردوون، دەبێت وەک چۆن حەزرەتی مەسیح مردووەکەی بە موعجزە زیندوو کردەوە، ئاوا کەسێک بێت و مەهەپە و گورگەبۆرەکان و ئەرگەنەکۆن زیندوو بکاتەوە. تەنها یەک کەسیش دەتوانێت ئەو کارە بکات ئەویش فەتحولا گولەنە.

سەرچاوەکانی هەواڵ لە نێو تورکیا و باکوری کوردستانەوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە هاوپەیمانیەکی نهێنی تازە لە نێوان ئەمەریکا و فەتحولا گولەندا مۆرکراوە. سەرچاوەکانی نێو پەکەکە ئەم هاوپەیمانیە بە ئەرگەنەکۆنی سەوز (یەشیل ئەرگەنەکۆن) ناو دەبەن. ئەرگەنەکۆنی سەوز بە کورتی واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە هەموو دامودەزگاکانی ئەرگەنەکۆن و دەوڵەتی قوڵ ئیتر بە دەست هیچ کام لە هێزە نەتەوەپەرست و سکیولاریست و ژەنراڵەکانی سوپاو دەزگا نهێنیە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەتەوە نابێت، بەڵکو ئەو ئەرکە بە لایەنێکی جێگا بڕواو متمانەی ئیسلامی دەسپێردرێت، کە ئەویش گروپی فەتحولاییەکانە.

رۆژی 17ی دیسێمبەری 2013 واتە لە سەروبەندی کۆتایی ساڵ و دەستپێکی ساڵی نوێدا، وەک ئەوەی ئەمەریکا و فەتحولاییەکان بڕیاری کۆتایی تەمەنی سیاسی ئەردۆگان و ئاک پارتییان دابێت، بومەلەرزەیەکی سیاسی تورکیای هەژاند و دەستگیرکردنی 24 کەس لە نێوانیاندا کوڕەکانی سێ وەزیر لە حکومەتەکەی ئەردۆگان لەسەر گەندەڵی راگەیەندرا و پاشان ژمارەی دەستگیرکراوەکان بوون بە 51 کەس. بێگومان لە ناو لیستی دەستگیرکراوەکاندا ( ئەگەر ئەردۆگان بە پەلە پرۆزێ هەندێک گۆڕانکاری خێرای لە دامەزراوەی پۆلیس و دادوەری نەکردبا)، هەر دوو کوڕەکەی ئەردۆگان بیلال و براق هەبوون، بەڵام پۆلیس داواکارییەکانی دادوەریگشتی جێبەجێ نەکرد و ئەوانی بانگهێشت نەکرد.

ئاک پارتی و خودی ئەردۆگان ئەم هەنگاوەی فەتحولاییەکان بە پیلان و کودەتا ئەژمار دەکەن، چونکە بە وتەی خۆیان ئامادەسازی بۆ کارێکی لەو جۆرە بە درێژایی 14 مانگ و ئەنجامدانیشی بە جۆرێکی ئەوتۆ، کە هیچ کەس تەنانەت سەرۆک وەزیران و وەزیرانی ناوخۆ و هەوالگریش ئاگاداری نەبن واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە دەستە نهێنیەکەی ناو دەوڵەت کەوتۆتەوە کارو بە فەرمانی فەتحولا گولەن کار دەکات.

روداوەکانی کۆتایی ساڵی 2013 هەموو نیشانەکانی ئەوەی دەرخستووە، کە ئیتر لە کن ئەمەریکا، تورکیاش دەبێت گۆڕانکاری بەسەردا بێت، سەرەتای ئەو گۆڕانکاریانە لەوەدا دەبێت، کە ئەستێرەی ئاک پارتی کۆتایی بێت، یاخود لانیکەم تەواو لاواز بکرێت، هەروەها قۆناغی کۆتایی تەمەنی سیاسی ئەردۆگانیش کۆتایی بێت. بۆ سەرکەوتنی ئەم هەنگاوە، ئەمەریکی و فەتحولاییەکان پێویستیان بە پشتیوانی دوو لایەنێکی سەرەکی دەبێت، کە ئەویش جەهەپەیە. لە ئێستادا ئەو هاوپەیمانییە بەشێوەیەکی رانەگەیەنراو بوونی هەیە، بەڵام ئەوەی هێشتا یەکلایی نەکراوەتەوە، رۆڵی ئایندەی مەهەپە دەبێت لەو هاوپەیمانییە. لە ئێستادا بۆ هەردوو لایەنی جەهەپەو فەتحولاییەکان هێڵە گشتییەکانی ئایندەی ئەو هاوپەیمانیە دیاریکراوە، بەڵام پێناچێت هەمان ئەو رۆڵە بە قورسی و گرانی بە مەهەپە بسپێردرێت. چاوەڕێ دەکرێت بارستایی سیاسی مەهەپە لە قۆناغی ئایندەدا، بەهەمان شێوەی ئێستای بێت و گۆڕانکاری و پێشڤەچوونی قورس و گرنگ لە چارەنوسی سیاسی ئەوانەدا روونەدات. هەروەک چۆن سەبارەت بە دەوڵەتی قووڵ و میکانیزمی کارکردنیشی بەهەمان شێوە رەنگە بەشی هەرە زۆری کۆد و کلیلەکانی لە ئایندەدا زیاتر بەدەست فەتحولاییەکانەوە بێت. لە ئێستادا فەتحولاییەکان باشترین دۆست و هاوپەیمانی ستراتیژین بۆ ئەمەریکا و ئیسرائیل، کە دەتوانن سیاسەت و دۆستایەتییەکی راستەقینەی چەسپاوی ئەوان بن، بە تایبەت لە پاش گۆڕانکاری و دابەشبوونەوەی سەرلەنوێی هاوکێشەی هێزەکان لە پاش بەهاری عەرەبی. قۆناغی پاش بەهاری عەرەبی جۆرێک لە دەسەلات و حکومەتی لە تورکیا پێویست دەبێت، کە

جیاوازە لە مۆدیلی ئاک پارتی، ئەو دەسەڵاتە تازەیەی تورکیا دەبێت لە روسیاوە دووربێت و لە عەرەبەکانیشەوە زۆر نزیک نەبێت و خۆی نەکاتە دەمڕاستیان و دەست لە کاروباریان وەرنەدات، هەروەها دەبێت لەگەڵ ئێرانیشدا هەمیشە پەیوەندییەکی تەقلیدی هاوشێوەی بەر لە ئەردۆگانی هەبێت، لەگەڵ فەلەستینیەکاندا هیچ جۆرە نیگاو دڵداری و نامەگۆڕینەوەیەک نەکات و نازی ئیسرائیلیش بە جوانی بکێشێت.... لە هەموو ئەمانەش گرنگتر حکومەتێکی دەوێت پەکەکە و بزوتنەوەی کوردەکانی باکور بخاتەوە نێو سەندوقەکەو سنورێکیش بۆ ملکێشی کوردەکانی باشوری کوردستان دابنێت، لەم حکومەتەدا مەهەپەو گورگەبۆرەکان داشی دامە دەبن و هەندێک جار رۆڵی لاوەکی وەردەگرن و هەندێکجاریش رۆڵێکی کەمێک گرنگ و سەرەکی.

## Family Tree of the Turkish Radical Left
## 1918- 2001
## Abbreviations

| | | |
|---|---|---|
| 1. | ASALA | Armee Secret Armenienne pour la liberation de l'Armenie |
| 2. | ASALA-MR | ASALA- Mouvement Revolutionnaire |
| 3. | BP/KK-T | Bolsevik Partisi- Kuzey Kurdistan- Turkiye |
| 4. | BSP | Birlesik Sosyalist Partisi |
| 5. | DABK | Dogu Anadilu Bolge komitesi |
| 6. | DDG | Devrimçi Derlenis Grubu |
| 7. | Dev Genc | Devrimçi Genclik |
| 8. | Dev Sol | Devrimçi Sol |
| 9. | Dev Sol- BY | Dev Sol-Bedri yagan |
| 10. | Dev Sol-DK | Dev Sol-Dursun Karatas |
| 11. | Dev Yol | Devrimçi Yol |
| 12. | DGDF | Devrimçi Genclik Dernekleri Federasyonu |
| 13. | DHH | Devrimçi Halk Hareketi |
| 14. | DHKP-C | Devrimçi Halk Kurtulus Partisi ve Cephesi |
| 15. | DHP | Devrimçi halk Partisi |
| 16. | DIP | Demokrat Işçi Partisi- Inşa Örgütü |
| 17. | DKP | Devrimçi komünist partisi |
| 18. | DPG | Devrimçi parti Gücleri |
| 19. | DSIH | Devrimçi Sosyalist Işçi Hareketi |
| 20. | FKF | Fikir Külüpleri Federasyonu |
| 21. | GBK | Gelecegi Birlikte kuralim |
| 22. | HKG | halk Kurtulus Gücleri |

| | | |
|---|---|---|
| 23. | IP | Komüunist Devrim Hareketi Partisi |
| 24. | KDH | Işçi Partisi |
| 25. | KKP/PKK | Kürdistan Komünist partisi/partiya komuniste Kurdistan |
| 26. | KÖÖ | Kürdistan Özerk Örgütü |
| 27. | KP | Komünist partisi |
| 28. | KP-IÖ | Komünist partisi- inşa Örgütü |
| 29. | KSD | Kurtulus Sosyalist Dergi |
| 30. | MLKP | Marksist Leninist Komünist partisi |
| 31. | MLSPB | Marksist Leninist Silahli Propaganda Birligi |
| 32. | ÖDP | Özgürliük va Dayanisma Partisi |
| 33. | PDA | Proleter Devrimçi Aydinlik |
| 34. | SBP | Sosyalist Dirlik Partisi |
| 35. | SDP | Sosyalist Devrim partisi |
| 36. | SGB | Sosyalist Genclik Birligi |
| 37. | SIP | Sosyalist Iktidar Partisi |
| 38. | SP | Sosyalist partisi |
| 39. | STP | Sosyalist Türkiye Partisi |
| 40. | SVP | Sosyalist Vatan Partisi |
| 41. | SVP-IÖ | SVp-Inşa Örgütü |
| 42. | TBKP | Türkiya Birlesik Komünst partisi |
| 43. | TDKP | Türkiya Devrimçi Komünst partisi |
| 44. | TDKP-IÖ | TDKP- Inşa Örgütü |
| 45. | TDKP-SB | TDKP- Sosyalist Birlik |
| 46. | TDKIH | Türkiya Devrimçi Komünst Işçi Hareketi |
| 47. | TDP | Türkiya Devrimçi partisi |
| 48. | TEP | Türkiya Emekçi partisi |
| 49. | THIF | Türkiya Halk Istirakiyun Firkasi |
| 50. | THKO | Türkiya Halk kurtulş partisi |

| | | |
|---|---|---|
| 51. | THKO-D | THKO- Dirilis |
| 52. | THKO-GMK | THKO- gecici Merkez Komitesi |
| 53. | THKO-I | THKO-Emegin kurtulusu Yolunda Isik |
| 54. | THKO-MB | THKO-Mücadele Birliigi |
| 55. | THKO-TDY | THKO-Türkuye halk Kurtulus partisi ve Cephesi |
| 56. | THKP/C | Türkiye halk Kurtulus partisi |
| 57. | THKP/C-CS | THKP/C- Cayan Sempatizanlari |
| 58. | THKP/C-CY | THKP/C-Cephe Yolu |
| 59. | THKP/C-DKB | THKP/C-Devrimçi Koordinasyon Birligi |
| 60. | THKP/C-DS | THKP/C-Devrimçi Savaş |
| 61. | THKP/C-EB | THKP/C-Eylem Birligi |
| 62. | THKP/C-HDÖ | THKP/C-Halkin Devrimçi Öncüleri |
| 63. | THKP/C-ML | THKP/C- Marksist- Leninist |
| 64. | THKP/C-TKMO | THKP/C-Türkiye Kizil Muhafuzlari Ordusu |
| 65. | THKP/C-ÜY | THKP/C-Ücücünü Yolcular |
| 66. | TICSF | Türkiye Işçi ve Ciftci Sosalist Firaksi |
| 67. | TIIKP | Türkiye Ihtilalci Işçi Köylü partisi |
| 68. | TIKB | Türkiye Ihtilaci Komünistler Birligi |
| 69. | TIKB-B | Türkiye Ihtilaci Komünistler Birligi- Bolşevik |
| 70. | TIKP | Türkiye Işçi Köylü partisi |
| 71. | TIP | Türkiye Işçi partisi |
| 72. | TKEP | Türkiye Komünist Emek partisi |
| 73. | TKF | Türkiye Komünist Firkasi |
| 74. | TKIH | Türkiye Komünist Işçi Hareketi |
| 75. | THIP | Türkiye Komünist Işçi Partisi |
| 76. | TKKKÖ | Türkiye Küzey Kurdistan kurtulus Örgütü |
| 77. | TKP | Türkiye Komünist partisi |
| 78. | TKP-B | TKP- Birlik |

| | | |
|---|---|---|
| 79. | TKP-DK | TKP- Deverimçi Kanat |
| 80. | TKP-IS | TKP- Işçinin Sesi |
| 81. | TKP(ML) | TKP- (Marksist- Leninist) |
| 82. | TKP/ML | TKP- Marksist- Leninist |
| 83. | TKP/ML-B | TKP/ML- Bolşevik |
| 84. | TKP/ML-DHB | TKP/ML-Devrimçi halkin Birligi |
| 85. | TKP/ML-DP | TKP/ML- Devrimçi Proletarya |
| 86. | TKP/ML-HB | TKP/ML-Halkin Birligi |
| 87. | TKP/ML-MPM | TKP/ML-Maoist parti Merkezi |
| 88. | TKP/ML-YIÖ | TKP/ML-Yeniden Inşa Örgütü |
| 89. | TSEKP | Türkiye Sosyalist Emekci ve köylü partisi |
| 90. | TSIP | Türkiye Sosyalist Işçi partisi |
| 91. | TSP | Türkiye Sosyalist partisi |
| 92. | VP | Vatan partisi |
| 93. | YKK | Yekitiya komunisten kurdistan |

# بەڵگەنامەکانی ویکلیکس




| | |
|---|---|
| **Reference id** | 09ANKARA1468 aka Wikileaks id #229167 ? |
| **Subject** | TURKEY: GROWING PESSIMISM AMONG KURDS IN SOUTHEAST ABOUT "THE OPENING" |
| **Origin** | Embassy Ankara (Turkey) |
| **Cable time** | Fri, 9 Oct 2009 13:44 UTC |
| **Classification** | CONFIDENTIAL |
| **Source** | http://wikileaks.org/cable/2009/10/09ANKARA1468.html |
| **References** | 09ADANA55, 09ANKARA1295, 09ANKARA1339 |
| **Referenced by** | 09ANKARA1475, 09ANKARA1507, 09ANKARA1508, 09ANKARA1512 |
| **History** | • *Time unknown*: Original unredacted version, leaked to Wikileaks<br>• **Thu, 1 Sep 2011 23:24: Original unredacted version published, with HTML goodies** |

دەتوانین بێژین کە دەیان هەزار لاپەڕەی نهێنی لەسەر بارودۆخی باکوری کوردستان و تورکیا و مەهەپە لە نێو بەڵگەنامەکانی ویکیلیکسدایە، بەداخێکی زۆرەوە بەشی هەرە گرنگ و باشەکەی ئەو ئەو بەڵگە نامانە بە پارە چنگ دەکەون.. ئەمە هەموو کێشەکە نیە، بەڵکو کرۆکی سەرەکی کێشەکە لەوایەدا کە لە نێو سەدان هەزار لاپەڕەی لەوجۆرەدا سەدان رۆژ و سەعاتی کار پێویستن بۆ دۆزینەوەیان، هەروەک چۆن کاتێکی زۆرتریشی دەوێت بۆ وەرگێڕانیان... ئێمە بە دەرخستنی ئەم چەند بەڵگە کەمە دەخوازین دەرگای گەڕان و پشکنین بە نێو ئەو بەڵگەنامانەدا بکەینەوە، بۆ ئەوەی زۆرێک لە حەقیقەتی روداوەکان بەوجۆرەی کە هەیە تێبگەین و بتوانین لە رێگای ئەو بەڵگەنامانەوە زیاتر و باشتر و درشتر روداوەکان هەڵسەنگێنین. هەموو بەڵگەنامەکانیش راستەوخۆ لە پێگەی ئەلکترۆنی ویکیلیکس وەرگیراون.

## توركیاو كوردەكانی : درەوشانەوەی یەكرِیزی ئەستێرەكان

Reference id (09Ankara 1158) aka wikileaks id #220242?

لەگەڵ زیادبوونی مەیل و ئارەزوودا، حوكمەتی پارتی دادو گەشەپێدان (ئەكەپە) لەم هەفتانەی دواییدا ئارەزووی خۆی ڕاگەیاند بۆدۆزینەوەوەی چارەسەرێكی كۆتاییی بۆ كێشەی كورد. ئەگەرچی هێشتا بەشێوەیەكی فەرمی ئەمبابەتە لەژێر باسكردندایە بەڵام ئەوە ڕوونە كە ئەكەپە هەموو ئامادەكارییەكی خۆی دەكات بۆ ئەم مەبەستە. بۆیە بەدەستهێنانی پشتگیری سەركردەی گشتی سوپای توركیا, باشبوق زۆرگرنگە بۆ سەرەتاو كردنەوەی پرۆسەكە . لەبەرامبەردا یارمەتیدانی بەردەوامی هەواڵگیری ئەمریكی بۆتوركیا لە بابەتی پەكەكەدا گرنگە، بۆیە دەرگای ئاشتەواییەكان زیاتر كراونەتەوە وەك لە پێشوتر ,ڕێگاكە پێش ئەكەپە لێوان لێوبوو لە بەربەست. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دەستپێشخەریانە هاندراوەو بەرزنرخێنراوە لەلایەن سەرۆك ئۆباماوە لە وتاری مانگی نیساندا لە ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانی توركیادا,بەوەی كە لەڕاستیدا هەنگاوێكی بەرەو پێشی یەكلایكەرەوەیە كە ئەگەر بەتەواوەتی جێبەجێ بكرێت, ئەوا ئەنجامێكی زۆر سەرنج ڕاكێشی بو بارودۆخی ناوەوەی توركیاو تەنانەت دەرەوەی ناوچەی پەكەكەش دەبێت ,وەیارمەتی جێگیركردنی زیاتری بارودۆخی باكوری عێراق دەدات هەروەها.ئەمەش شایەنی پشتیوانیەكی تەواوو وریاو دەنگی دەوێت.

```
National Action Party (MHP) rhetoric has accused AKP of
dividing the country, playing ethnic politics and appeasing
separatists.  Anli and others said both opposition parties
have undermined the Turkish-developed plan by claiming
"foreign powers" were involved in the democratic opening.
Cepik called the oppositions' antics "absurd" and said they

ANKARA 00001749  003 OF 003
```

ئێس بی یو,کە بەشێکە لە سیاسەتی ئەکەپە لەو کاتەوەی کە پارتەکـە دامــەزراوە وەك هەوڵێك بو لابردنی ئەو سیستەمی دەمارگیری و نایەکسانیەی کـەوا دەرخـواردی پارتی کرێکارانی کوردستان دراوە وەك گرووپێکی تیرۆریست و توندووتیژ.دوای مــاوەی حەوت ساڵ لە دەســەڵات ,حوکمــەتی ئەکەپــە هــەنگاوە پچرپچـڕی نـاوە بــەرەورووی داخوازیەکانی کورددا ، لە هەرە دیارترینیان کردنەوەی کەناڵێکی کوردی ,بەڵام ئـەم هەنگاوانە دووچاری هەندێ ڕەخنەبوونەتەوە وەك ئەوەی کـە هەڵمــەتێکی بانگەشــەی هەڵبژاردن بێت، نەوەك ئارەزوویەکی دڵســۆزانە بــۆ باشــترکردنی پەیوەنــدی تورکیــا لەگـــەڵ هاوولاتیـــانی کوردیـــدا.بۆیـــە حوکمـــەت لـــەلێواری ڕاگەیانـــدنی دەستپێشخەریەکاندا یە ئەو لایەنانەشی کە ڕەتی دەکەنەوە ئەوا تۆمەتباریان دەکـات بەئەنجامدەری تاوان.

وردەکاری پلانەکە هێشتا بەشێوەیەکی فەرمی لــەژێر گەشەشــەندن و ڕێکخســتن دایە,سەرۆك وەزیــران دووجــار کۆبوونــەوەی لەگــەڵ ئەنــدامانی کابینەکــەی کــردووە لەئەنجوومەنی ئاسایشە نیشتمانی .لە هەردوو کۆبوونەوەکەدا وەزیـری نـاوخۆ, بەسـیر ئاتــالای ڕاپــۆرتی دەستپێشــخەریەکانی پێشکەشــکردووە. لەهــەنگاوێکی نوێــدا ,ئەردۆگان (وەك سەرکردەی ئەکەپە نەك وەك سەرۆك وەزیـران)کۆبوونەوەیــەك لەگــەڵ ســەرکردایەتی پــارتی کۆمەگــەی دیمـوکراتی دەبەســتێت بــۆ قســەکردن ســەبارەت بەدەستپێشخەریەکان.

سەرۆکی گشتی دەستەی تورکیا,ئیلکەر باشبوق ئەوەی ڕاگەیانـد کـە ئــەویش دان بەوەدا دەنێت، کە ڕێگایــەکی فراوانــی ئـابووری و سیاســی و کۆمەڵایــەتی دەوێـت بۆتێکشکاندنی پەکەکە و ئاشــتبوونەوە لەگــەڵ کــوردی تورکیــادا.بۆیــە پرۆژەیــەکی ئاسایشی تورکی دامەزراوە , ئەم جەستەیەش بــۆ ئــەوە دروســتکراوە تــا هاریکــاری لـــەڕووی ســـەربازی و هـــەواڵگری بکـــات و وە ڕۆڵێکـــی ســـەرەکی هـــەبێت بـــۆ ڕووبەڕووبوونـــەوەی ســـەراپاگیری لـــەدژی تـــیرۆر, ئەمـــەش بـــە بەشـــێکی گرنگـــی دەستپێشخەری دەولەت و کورد دادەنرێـت. ئـەم هەماهەنگیــە ســەربازیەش شــتێکی مەحاڵەو بە بێ یارمەتی بەردەوامی هەواڵگیری لەلایەن ئەمریکاوە بۆ تورکیا لە دژی پەکەکە، سەرناگرێت.

ئــەتالای ســەبارەت بــە مەســەلەکە لەیــەکێ لەکۆنفرانســە ڕۆژنامەوانیەکانیــدا ڕایگەیاند, هەرکەگونجا حوکمەت وردەکارییەکانی پلانەکــە ڕادەکەیــەنێت وە هەنــدێ

لەو دەستپێشخەریانەش پێشترئەنجامدراون.وەك بەڵگەیەك بـۆ ئەمـەش لـە ١ی ئابـدا پۆلیسی نەتەوەیی تورکیا ۆرکشۆپێکی لەسەر کێشەی کورد ڕێکخست,ئەمەش تـەنیا لـــەبارەی تێڕوانینـــی ئاسایشـــیەوە نـــەبوو بگـــرە لـــەڕووی کێشـــەی ئـــابووری و کۆمەڵایەتیشەوە بوو, ئەم ۆرکشۆپەش لە ئەزموونی شارەزایانی ئەکادیمی وەرگـیراوە و وە ئـــەو وڵاتانـــەی کـــە بەربـــەرەکانێیان کـــردووو لەگـــەڵ ڕێکخـــراوە تیرۆریســـتیە کەمینەکاندا(وەك ئیسپانیاو ئەڵمانیا) ,لەم هەفتەیەدا سەرۆك گول داسـتانی مـەم و زین ی ناساند کەنوسراوە لەلایەن نوسەرێکی کورد لەسـاڵی ١٦٩٤ وەکـو بەشـێکی گەورەی لە کەلتوری تورکی ناوبرد هروەك چۆن مۆنۆمێنتی بیزەنتیەکان و کەنیسەی ئەرمینیـــەکان وا ناســـراوبوون .بەهـــەمان شـــێوە ئامـــاژەی بـــە گیـــوروی مـــاك دا,شارۆچکەیەکە لەهەرێمی بەتلیس وەك نۆرسین کە ئەمەش ناوێکی کوردییـە پـێش گۆڕانی بەڕەسمی ناوەکەی لە ساڵی ١٩٨٧.لەهەمانکاتدا شارەوانی هـەکاری دەسـتی کردووە بە بەکارهێنانی ناوی کوردی لەسەر هەندێ لە موڵکەکانی.

ئەم هەنگاوانە پێشبینی شتی زیاتر دەکەن بۆئەوەی ڕوودات بەڵام چەنێك ئـەوەیان ڕوون نییە.حوکمەت دەبێت بەوریاییەوە پێ دابنێت نـەوەك وادەربکـەوێت کـە لەگـەڵ گروپێکی تیرۆریستی دانوستان بکات. عەبدووڵا ئۆجەلان,سەرکردەی زینـدانی کـراوی پەکەکە بەرنامەرێژی کردووە بو ئاشکراکردنی ڕێگاچارەیەك بۆ ئاشـتەوایی لـە ١٥ی ئـاب دا,ڕەشنوسـێکی ئـەم بەیاننامەیـە لـە کـە لـە ٧ی جـولای بڵـاو بـۆوە چـەند ڕاسپاردەیەکی لەخۆگرتبوو.هەندێ لەو ڕاسـپاردانە، وەکـو دامەزرانـدنی ئەنجومـەنی ڕاستی و ئاشتبوونەوە ,چاکسازی لەدەسـتوردا بـۆ سـڕینەوەی دەسـتەواژەی ڕەگـەزی , پێـدانی لێبـووردنی گشـتی بۆئەنـدامانی پەکەکـە, کـە لەچـەند وڵـاتێکی تـردا سەرکەوتوبوە. بەڵام ئەم کارە تا ئەندازەیەکی پێویست لەسیاسـاتی تورکیـادا وەکـو پاگیجێکی مین وایە بۆی. حوکمـەتیش هێڵـە سـورەکانی بـە ڕوونـی دیـاری کـردووە لەبەرامبەردا کە بریتین لە پێنەدانی ئەتۆنۆمی, نـەبوونی پـەروەردە بـە کـوردی و وە پێنەدانی هیچ ئاماژەیەك بە کورد یان زمانی کوردی لە دەستوردا.

لە گفتوگۆیەکدا لە ١٠ی ئابدا لەگەڵ باڵیۆزوڕاوێژکاری سیاسی سەرۆك وەزیـران , ئیبراهیم کالین وتی کاتی ئەوە هاتووە سەرۆك وەزیرانش ڕازیبوە لـەکۆتا بیـدا لەگـەڵ ســـەرۆکی دەتەپـــەد,ئەهمـــەت تـــورك دا کۆببێتـــەوە.کـــالین زۆر نەچـــوە نـــاو تایبەتمەندیەکانەوە، بەڵام وتی کە پلانەکە ئەوەی تێدا کراوە ئاگربەست لە خۆبگرێـت

ئەوەش لە پەکەکە چاوەڕێ دەکرێت کە شوێنی ئەم ئاگربەستە بکەوێت, ئەمەش دەتوانێ کەشێکی وا دروست بکات کەهەموو هەنگاوە ئابووری و سیاسی و کەلتووریەکان بناسێنێت.ئەو بەردەوامبوو وتی پێویستە بەوریاییەوە مامەڵبکەین نەوەك ڕێگاکەمان کەمکردنەوەی توندوتیژیەکان لەیادبکات ئەگەرنا ئەکەپە شیاوەدەبێت بۆ پەلاماردان لەلایەن هەردوو لایەنی پارتی بزوتنەوە ی نەتەوە یی و پارتی گەلی کۆماری.

ئەندام پەرلەمانی ئەکەپە,ساڵح کەپسوز ئاماژەی بەوەدا کەوا ئەگەرچی کورد قازانج دەکات بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شتێکی نەگونجاوە بۆئەوەی بیر لە دەستپێشخەریەکە بکرێتەوە وەك پرۆژەیەك بۆکورد ,سەرەرای ئەوەش ئەمە پرۆژەیەکی بە دیموکراتی کردنە کەهەموو کەس لە باوەش دەگرێت,لە ناویاندا کوردەکانیش.

ڕێکخەرەکانی وۆرکشۆپی تی ئێن پی ئەویان بۆروون کردینەوە کەوا ژمارەیەکە زۆرهەنگاو باسیان لێوەکراوە کە کەمترن لە تێڕوانینەکانی ئۆجەلان بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەوانەیە بەپێی پێویستبن.وەئەوەشیان روونکردەوە کە فێربوونی زمانی کوردی وەك وانەیەکە ئارەزوومەندانەبێت نەوەك وەك وانەیەکی سەرەکی بێت,وە پێدانی لێبووردنی گشتی بۆ هەموو ئەندامانی پەکەکە بێجگە لە سەرکردە بەرزەکانی پەکەکە ,تەواوکاری بەرنامەیەکی بەرقەرارکردنی ئابووری و وە پاراستن لە سزای لە سێدارەدان بۆ تاوانەکانی تر وەکو جێبەجێنەکردنی خزمەتی سەربازی زۆرەملێیی.

هەروەها کالین ئەوەشی خستە روو کەوا ئۆپۆزسیۆن ئامادەیە رەخنە لەهەر هەنگاوێکی چەوت بگرێت ، سەرۆکی پارتی بزوتنەوە ی نەتەوە یی ,دەڤلەت باخچێلی زۆربەتوندی رەخنەی لە سەرەتاکانی دەستپێکی پرۆسەکە گرت و حوکمەتی بەوە تۆمەتبارکرد کەوا وتوێژی لەگەڵ پەکەکەکردووە و وە زەمینەی سازکردووە بۆ دابەشکردنی وڵات نەك بەتەنیا کوردەکان بگرە لەلایەن گروپە نەژادپەرستەکانی تریشەوە لەوانەش یۆنانیەکان، ئەرمەنیەکان، عەرەبەکان،لازو وە سێرکاسیەکان.

لەهەمبەر تێڕوانینی بۆ رووداوەکان حوکمەت دەبێ بە زوویی بگەرێتەوە بو ئەستەمبوڵ .پارتی گەلی کۆماری بێدەنگترینە لەرخنەگرتندا, بەڵام سەرنجیش دەدات، سەرۆکەکەی دێنیز بایکەل بۆچونی خۆیانی لەسە ر هێڵەسورەکانی ئەکەپەوەوە هەبووە.لەکوبوونەوەکەیانداکە لە ١٥ی ئابدا بەسترا بە باڵیۆزەکەی راگەیاندووە کەوا ئەکەپە وەك هەمیشە پارتی گەلی کۆماری نەخستوەتە ناو پلانەکەیەوە,وە بۆیە بەبێ

هیچ وردەکاریەك ناتوانێ نە ڕەخنە بگرێت و نــە پشــتیوانی لــە دەستپێشــخەریەکان بکات.ئەوەشی دووپات کردەوە کە وا کاتی ئەوە هاتووە کە دەوڵەتی تــورکی پێشــوازی لە هاووڵاتیانی کوردی بکات.دەتەپە زۆر گەشبینە بەمە بەڵام پێی وایە کە ئۆجــەلان گووتەبێژی یاسایی کوردەکانە بۆ ئەم مەبەســتە. .هەرچــەندە دەتەپــە لــە نیگــەرانی دەوڵەت تێگەشتوە بۆئــەوەی ڕاســتەوخۆ گفتوگــۆ لەگــەڵ ئۆجــەلان بکــات.وە ئەگــەر تێڕوانینە پێویستەکانی ئەوی تێدانەبێت ودەتەپە ئەوکات ڕەخنــە لــەکارەکان بگرێــت وەکو ئەوەی کە شتێکی بەپێی پێویست نەبێت. وتیشی بێ دەتەپە و هاریکاری پارتی گەلی کۆماری بەلایەنی کەمەوە ئەوە هیچ لایەنێکی سەرەکی نیــە بــو نــەرمکردن و لابردنی ناسازییەکان لەنێوان کوردو تورکە ناشیونالێستەکاندا.

بەشــێکی گــەورەی ڕێکخــراوە مەدەنیــەکانی کۆمەڵگــە ســەبارت بــە دەســت پێشخەریەکان، شێوازی (چاوەڕوانی بکە و ببینە)یان گرتووە . ئەوان چەند بــەڵێنێك بەدی دەکەن لەو پێشکەوتنە ئیجابیانەدا کە ڕوویان داوە,بەڵام گلەیی ئــەوش دەکــەن کە هــیچ هــەنگاوێگی تایبــەتی بەرجەســتەیان نــەبینیوە بــۆ بــەرەو پێشــبردنی ئــەم دەستپێشخەریانە. هەندێ لەلایەنەکان جــەخت لــەوە دەکەنــەوە هــەر پرۆژەیــەك کــە دەردەچێت دەبێت مافە ئابووری وپەروەردەییەکانی هاوڵاتیانی کوردی لــەخۆگرتبێت، سەرەڕای مافە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیان، هەروەها ئاواتە خوازن کە حوکمەت کار لەگەڵ ئەوانا بکات بۆ دەستپێشخەریەکانی داهــاتوو, لــە کاتێکــدا کــە هاریکــاری کۆمەڵایەتلی و بنیادنانی متمانە زۆر گرنگن بۆ ئەم سەرکەوتنە.تەنانەت هەندێ لــە ڕێکخراوە ناحوکمیەکان بەشێوەیەکی نەریتی لەدژی سازشکردنن لەسەر پرسی کــورد بگرە پێیان وایە کە ئەمە خزمەت بە پلانەکانی ئەکەپە ئەکات.لە ٨ی ئۆگەســت لــە هەرێمی شرناخ لە پێکدادانێکدا دوو دایك,دایکی سەربازێك وشــۆڕگێڕیکی پەکەکــە کــوژران لــەژێر چــاودێری ڕێکخــراوە نــا هوکمیەکانــدا.لــە ڕووداوێکــی مێــژووی کۆمەڵایەتیدا بۆداواکردن بەکۆتایهێنانی خوێنرێژی لە ژێر چاودێری حوکمەتدا.

دەست پێشخەریەکانی حوکمەت زۆرگرنگ و جێــی بایــەخن, بــەڵام پێویســتە بــە وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ.هەنگاوەکانی دەبێت بەوریاییەوە بنــرێ بــو ئــەوەی کەشێکی گونجاو دروست بکرێ بۆ چاکســازی و ئاشــکراکردنی ئــەو چاکســازیانە بــە خێراییەکی زۆر زوو. لایەنەکانی ئۆپوزسیۆن و ناشیونالێستە توندڕوەکان لە دادگاکان

و مەکتەب سیاسیەکاندا بەردەوام دەبن لــە ڕێگــری کــردن ئەمــەش شــتێکە دەبێــت ئەکەپە پێشبینی بۆ کردبێت و خۆشی بۆ ئامادە کردبێت.

The Heron Failure

## شکستەکەی هیرۆن

دوای شکســتەکەی ئیســرائیل بــۆ هــەبوونی فڕۆکــەی بــێ فڕۆکــەوان(لەبــەرزی ٣٠٠٠٠پــێ لــە ئاســتی دەریــاوە بفــڕن بۆمــاوەی ٢٤ کــاژێر)تورکیــاو ئیســرائیل ڕێکەوتنەکەی نێوانیان گۆڕی بو فڕینی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان بەبەردەوامی بۆمــاوەی ٦ بۆ٨ کاژێر.پێنج ساڵ لەمەوبەر ئــەو دووڵاتــە ڕێکــەوتتنێکیان بــۆ ئــەو مەبەســتە ئیمزاککرد بەبــەهای ١٨٣ ملیــۆن دۆلاری ئــەمریکی. بــەگوێرەی ئــەم ڕێکەوتنــەش ئیسرائیل دە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دەنێرێ بۆ تورکیا لە ساڵی ٢٠٠٧دا.لەگەڵئەمەشدا ئەکسەم ئەوەیشی ڕاگەیاندووە کەوا ئیسرائیل هێشتا لەتواایدانــەبووە کــە هــیچ لــەم فڕۆکانەی بنێرێت بۆ تورکیا.

¶2. Military operations against the Kurdistan Workers' Party (PKK) as reported by the Turkish General Staff:


A. Weapons, ammunition, and equipment seized:

Hakkari - 10.24.09: 1 hand grenade, 1 Kalashnikov infantry rifle, 4 magazines and 120 rounds of ammunition.

Hakkari - 10.24.09: A pressure sensitive IED.

## ڕۆژنامەی میللیەت: بانگەشەکانی پلانی کودەتایەکی خوێناوی

هەموو ڕۆژنامەو کەناڵەکان بەشێوەیەکە بەربڵاو ئەوهەواڵەیان ئاشکراکرد کە لەلایەن ڕۆژنامەی چەپی تەرەف سیناریۆیەکی کودەتای ٥٠٠٠لاپەڕەیی بڵاوبوەتەوە. بەگوێرەی هەواڵی تەرەف ناونیشانی پلانی کودەتا سەربازیەکە باڵیۆز(چەکووش)بووە کە لەساڵی ٢٠٠٣ دەرچووە. ئەمەش زۆربەزوویی دوای ئەوەی ئەکەپە دەسەڵاتی گرتەدەست ,ئەم کودەتایەش لەلایەن سێتین دۆگانەوە بوو فەرماندەی گشتی سوپا. بەگوێرەی پلانەکە سوپا بەشێوەیەکی ڕێکخراوەیی دەست دەکات بە دروسنکردنی ئاژاوە لەکۆمەڵگادا وە کاری توندەتیژی وەکو بوچردومانکردنی مزگەوتەکانی بایەزیت وفاتیح وە خستنە خوارەوەی فڕۆکەیەکی سەربازی تورکی ئەنجامدەدات، تاوەکو ئەوە پیشان بدات کە وا گوایە ئەکەپە سیاسەتی دەرەوەی وەك پێویست نیە.



Reference id(o9Ankara 1764)aka wikileaks id #239534?
Court closes DTP,Bans Two MPs from Politics

## دادگادەتە پە دادەخات:

## قەدەغەكردنی بەشداریی سیاسی لەدوو ئەندام پەرلەمان

دادگای دەستوری لە یەكی دیسەمبەردا بڕیاری داخستنی پارتی دیموكراتی كۆمەڵایەتی دا بەهۆی ئەوەی كەپەیوەندی ئۆرگانی هەبوو لەگەڵ پارتی تیرۆریستی كرێكارانی كوردستان (پەكەكە)لەم هەفتانەی دواییدا,دەتەپە بەشێوەیەكی زۆربەرچاو پەیوەندی نزیكی خۆیان لەگەڵ پەكەكە نیشان داوە.پێش بڕیارەكەی دادگا ,سەركردەكانی دەتەپە بڕوایان وابوو كە وا داخستنی دەتەپە نزیكە ڕوودات.ئەندامان و پشتیوانانی پەكەكە لەناو دەتەپەدا هەوڵێكی زۆر بەهێزو گشتیاندا بۆ ئەوەی سەرۆكی زیندانیكراوی پەكەكە عەبدوڵا ئۆجەلان وەك گوتەبێژی گفتوگۆی ئاشتی بناسێنن و لەزیندان ئازادی بكەن یان بەلایەنی كەمەوە بارودۆخی زیندانەكەی باشبكەن .لەهەمان كاتدا خۆپیشاندانی هەماهەنگی لەنێوان دەتەپەو پەكەكەدا بەدرێژایی توركیا هاوڕا لەگەڵ خۆپیشاندانەكانی دەرەوەی توركیا ئەوە دەخەنە ڕوو كەوا تائێستا پەكەكە كۆنترۆڵی بەسەر ڕێكخراوێكی بەرفراواندا هەیە.داخستنی پارتەكە دەبێتەهۆی ئاڵۆزكردنی بارودۆخی پارتی دادوگەشەپێدان بو پرۆژەی یەكگرتنی نیشتمانیەكەی.

Reactions to Basbug's Statement
Papers report the ruling AKP deputy group chief Bekir Bozbag said Basbug's message was "positive." Bozbag commented that the constitution has its "red lines" concerning the extent of possible reforms. Bozbag noted the TGS Chief's message was directed both toward the government and the opposition. Opposition CHP deputy group chief Kemal Anadol said that in his message concerning the Kurdish initiative, General Basbug emphasized important points, but expressed regret that such sensitivity was not seen at the MGK meeting. MHP deputy group chairman Mehmet Sandir said Basbug's remarks on the Kurdish initiative were positive. Sandir said, "He declared what is obvious. With this statement, the government's Kurdish initiative is over -- insistence on its continuation would be tantamount to separatism." Kurdish party DTP deputy group chairmen Gulten Kisanak and Selahattin Demirtas issued a statement in reaction to the statements of Basbug and the AKP's Bekir Bozdag. The DTP statement said Basbug and Bozbag's remarks show that the 'Kurdish initiative' is "not anything outside the official rhetoric."

Court Closes DTP

## دادگادەتە پە دادەخات

دادگای دەستوری لە ١١ی سێپتەمبەردا بە تێکڕای دەنگ بڕیاری داخستنی دەتەپەی دا بەهۆی ئەوەی کە کرۆکی دژایەتی یەکگرتنە لەنێوان دەوڵەت و نەتەوەدا.سەرۆکی دادگا,هەسیم کیلیك لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند کەوا داخستنەکە لەسەر بنەمای یاسای پارتەسیاسیەکانی تورکیا بووە.دادگا بەهەمان شێوە بڕیاری ڕاگرتنی سەرۆکی دەتەپەی,ئەهمەت تورك وئەندام پەرلەمان, ئایسێل توگلوك و٣٥ ئەندامی تری پارتەکەی لە کاری سیاسی دەرکرد بەگوێرەی ماددەیەکی دەستوری دەوڵەتی تورکیا.کیلیك ئەوەشی خستە ڕوو کە دادگای مافەکانی مرۆڤ ڕێگە بە داخستنی ئەو پارتە سیاسیانە دەدات کە پشتیوان و هاریکاری گرووپە تیرۆریستیەکان دەکەن .

دەتەپە بەرەبەرە توندتردەبێ

چەند هەفتەیەك پێش بڕیارەکەی دادگای دەستوری لە دژی دەتەپە، پارتەکە لەڕووی بەیاننامەو کردارییەوە گۆڕانی بەسەرداهات کە هاوشێوەو نزیکە لە هەڵوێستەکانی پەکەکە.هەردوو هاوسەرۆکی دەتەپە, ئەهمەت تورك وئیمنی ئاینە ئەوەیان ڕاگەیاند کە یەکەم شتی بەرایی بۆ دەتەپە باشترکردنی بارودۆخی زیندانی سەرۆکی پەکەکە ئۆجەلان بووەو وە حوکمەت ئەو بە لایەنی گفتوگۆکەری کورد بناسێنێت.ئاینە وەك ئاماژەیەك بۆ پەیوەندی کردنەوە بە چالاکیە توندوتیژیەکانی پەکەکەوە ، ئەوەی خستەروو کە ناچاردەبن بگەڕێنەوە بۆ شاخەکان ئەگەر پارتەکەیان دابخرێت ,.ئەندام پەرلەمانی دەتەپە,سوبحەت تونسیل لە ٩ی دیسەمبەردا پێ ی ڕاگەیاندین کەوا دەتەپە نوێنەری سیاسی پەکەکە نیەو ئەوەشی گوت کەوا پەکەکە دەبێت لەلیستی تیرۆر لابرێت .چونکە توندوتیژیەکانی پاساویان هەیەو ئەوان ناچارکراون کە پەنا بۆتوندوتیژی ببەن بۆ ئەوەی ئامانجە یاساییەکانی خۆی جێبەجێبکات.

له ١٠ی دیسەمبەردا, ئەندام پەرلەمانە میانرەوەکانی  دەتەپە بەنگی یڵدیز وسیری ساکیك پێیان رگەیاندین کە وا سەرەرای ئەوەی توندترین باڵی پارتەکە چەند شتێك دەڵێن کە زۆر جێی پێکەنینە کاتێك پێیان دەوترێ بۆ خۆتان لەپەکەکە دوورگرتوەو بە ئاشکرا قسەناکەن .ساکیك وەڵامیان دەداتەوە دەڵێت کەوا شتێکی نەگونجاوە کەوا دووری دابنێی لەنێوان خۆت و باوکت یان کورت,ئەوەشی خستەروو کەوا زۆربەی لایەنگرانی پەکەکە منداڵیان یان ئەندامێکی خیزانیان لە ناو پەکەکەدا هەیە بۆیە میانرەوی شتێکی مەحاڵە بۆیان.یلڈیز روونیشی کردەوە کەوا دەتەپە( بەلایەنی کەمەوە میانرەوترین باڵ) دەیەوێ کەوا یاریکەرێکی سەرەکی بێت لەدۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ کێشەی کورد بەڵام نە دەوڵەت و نە پەکەکە نایانەوێ ئەوە سەر بگرێت

MHP Rally: Turkey's Nationalist Movement Party (MHP) held a rally in Ankara on Sunday with more than 50,000 supporters to protest the government's approach on the Kurdish initiative. Calling the Kurdish initiative "a project to demolish Turkey," MHP leader Bahceli called on PM Erdogan to "give up on the project as soon as possible" and act with common sense. (Papers)

Turkey. DTP resigns en masse; continued violence test AKPS resolve on Kurdish initative

Reference id(09Ankara1782)aka Wikileaks id #240023?

## دەتە پە بەکۆمەڵ وازدەهێنن: بەردەوامبوونی توندووتیژی چارەسەری ئەکە پە بۆکێشەی کورد دەخاتە بەردەم تاقیکردنەوەوە

پەرلەمانتارانی پێشووی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی، بڕیاریاندا دەستلەکارکێشانەوەی بە کۆمەڵ پێشکەش بە ئەنجومەنی گەورەی نیشتیمانی تورکیا بکەن، ئەمەش لە پاش بڕیاری دادگای دەستوریی بۆ داخستنی پارتەکەیان بەپاساوی بوونی پەیوەندی بە پارتی تیرۆرستی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە). ئەندامانی پێشووی دەتەپە ، دەستبەجێ

پارتێکی تازەیان بەناوی پارتی ئاشتی و دیموکراتی( بەدەپە) دروستکردووە، تا ببێتە چەترێک بۆ پارتی دەتەپە.

ئەندامانی پێشووی دەتەپەو باڵی سیاسی پەکەکە ( کەجەکە- کۆما جڤاکێن کوردستان)، بڕیارەکەی دادگایان شەرمەزارکرد و بە نایاسایيان لە قەڵەمدا و پەیمانیان داوە کە بەردەوام بن لە شەرکردن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد لە تورکیا ( بە ڕێگەی ئاشتی و دیموکراسی بەهۆی دەتەپەوەو بە ڕێگەی توندوتیژی بەهۆی کەجەکەوە). خۆپشاندانەکان بەردەوامییان هەبوو لە سەرانسەری وڵاتدا و پێکدادان لە نێوان پۆلیس و خۆپشاندەراندا، لە چەندین حاڵەتدا بەرەو توندوتیژی زیاتر رۆیشت.

رەنگە بەدەپە راشکاوانە بەردەوام بێت لە خۆدانە پاڵ پەکەکە، وەک ئەوەی پێشتر دەتەپە کردی، یاخود نمونەیەکی میانڕەوی گشتیر دەگرێتە بەر، ئەگەری یەکەمیان زیاتر چاوەڕوانی دەکرێت، ئەمەش زیاتر حکومەت دەخاتە بەردەم تاقیکردنەوە بۆ چارەسەری کێشەکان لە پرۆژەیەکی یەکگرتنی نیشتیمانیدا.

DTP resigns en masse

**ئەندامانی دەتەپە بە کۆمەڵ واز دێنن**

دوای کۆبونەوەیەکی یەک رۆژەی درێژەخایەن لە دیاربەکر، لە رۆژی ٢٠ی دیسێمبەردا، کە دەربارەی چارەنوسی دەتەپە بوو، ١٩ ئەندام پەرلەمانی پارتەکە کە ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە نەبوون، هەڕەشەی دەست لە کارکێشانەوەی بە کۆمەڵیان کرد.

چاوەڕێ دەکرێت کە لە زوترین کاتدا دەست لە کارکێشانەوەی خۆیان پێشکەش بە پەرلەمان بکەن، هەرچەندە روون نیە کە ئایا پەرلەمان دەست لە کارکێشانەوەیان پەسەند دەکات یان نا. لە کاتی راگەیاندنی نامەی دەست لە کارێشانەوەکەیان، سەرۆکی پێشووی دەتەپە ئەحمەد تورک و ئایسل تۆغلوک، ئەندام پارلەمانی ڕێگەلێگیراوی پێشوو، ئەوەیان راگەیاند کەوا بڕیارەکەی دادگا نایاساییەو ئەوان ئەوە ناناسێنن. تۆغلوک

زیاتر گوتی کەوا کێشەی کورد کاتێک چارەسەر دەکرێت کەوا حکومەت سەرکردەی زیندانکراوی پەکەکە ، ئۆجەلان وەک موخاتبی ئەو بابەتە پەسەند بکات. لە کۆنگرە رۆژنامەوانیەکەدا گردبوونەوەیەک هەبوو کە هوتافی لایەنگرانی پەکەکەو ئۆجەلانیان دەگوتەوە. پێشتریش لە هەمان رۆژدا سەرۆکی پەکەکە موراد قەرەیلان پێشتر ئەوەی راگەیاند کەوا بڕیارەکەی دادگا نایاساییە و ئەندام پەرلەمانەکان ناچار دەکات دەست لە کار بکێشنەوە. ئەندامانی دەتەپە دووبارە خۆیان لە ژێر پارتی ئاشتی و دیموکراسیدا(بەدەپە) بنیات نایەوە. بەدەپە پارتێکی نهێنیە کە دروستکراوە بە تایبەت بۆ ئەو حاڵەتەیە کە ئەگەر بێتو لە بارودۆخێکدا دەتەپە دابخرێت ، ئەمان بتوانن بەردەوامی بە هەمان رێگا بدەن. ئەندامەکانی پێشووی دەتەپە کە بەکاروباری خزمەتگوزاریەوە خەریکن، ئێستا لە ژێر سایەی بەدەپەدا کار دەکەن، جگە لە سەرۆک شارەوانیەکان کە لێیان قەدەغەکراوە بەشداری چالاکی سیاسی بکەن و بۆماوەی پێنج سال لە شوێنەکانی خۆیاندا بەسەربەخۆیی کار دەکەن.

Violent protest continue

**خۆپشاندانی توندوتیژبەردەوامی هەیە**

بەشێوەیەکی بەرچاو خۆپشاندانە توندتیژئامێزەکان لە ١٤ و ١٥ی دیسێمبەردا، بەردەوامییان هەبوو، روداوەکانی کۆتایی هەفتە لە ١٣ی دیسێمبەردا لە ئەستەنبوڵ گەیشتە لوتکە.خۆپشاندەرانی دەتەپە دەستیان بە شاندنی بەرد کرد و لەلایەن کۆمەڵیکی دیکەی دژە خۆپشاندەرەوە بەهۆی بەکارهێنانی چەقۆ و دەمانچەوە رێگیریان لێکرا. پۆلیس بە هۆی بەکارهێنانی گازی فرمیسک رێژ و ئاوپرژانەوە، بڵاوەی بە هەردوولاکرد. راپۆرتە رۆژنامەوانییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەوا کەسانێک لە ناو ئۆتۆمبیلێکی رەشدا پارەو دەمانچەیان داوە بە دژە خۆپشاندەرەکان و داوای لێکردوون لە دژی خۆپشاندەرانی بەدەپە بەکاریان بێنن. لە ١٥ ی دیسێمبەردا بەهۆی تەقەی دوکاندارەکانەوە لە خۆپشاندەرانی دەتەپە کە بەردیان شاندبوو، پەنجەرەی بانک و باڵەخانە

حکومی و دوکانەکانیان شکاندبوو، لانی کەم دوو کەس لە موش کوژران و هەشت کەسی دیکەش برایندار بوون. پارتی کەچەکە لە بەیاننامەیەکی خۆیدا داوای لە کوردەکان کرد زیاتر ناڕەزایی دەرببڕن لە دژی بڕیارەکانی دادگا. کۆمەڵێک لە رۆشنبیرانیش لە بەیاننامەیەکیان لە ١٥ی دیسێمبەردا بڵاویانکردوە داوای ئەوەیان لە حکومەت و پەرلەمان کردووە کێشەکان چارەسەر بکەن و کۆتایی بە خۆپشاندانەکان بێنن. گروپەکە نیگەرانی خۆیان لەوە دەربڕی کە داخستنی دەتەپە بارودۆخەکە زیاتر خراپتر دەکات.

ئێمە چاوەڕێ ی ئەوەمان لە ئەندامە سەرەکیەکانی دەتەپە دەکرد کە پارتێکی سیاسی تازە دروست بکەن، هەرچەندە باڵی میانڕەوی دەتەپە بەشێوەیەکی زۆر خۆی لە کەناری ئەم کارە گرتبوو، ئەمەش بەتەواوەتی ئەوە نیشاندەدات کەوا هیچ پارتێکی کوردی پشتیوانی هەوڵەکانی حکومەت تەنانەت بە رادەیەکی کەمیش ناکەن.

Violent protests across the country

## خۆپشاندانی توندوتیژ لە سەرانسەری وڵاتدا

پێدەچێت کە بەدەپەی تازە دروستکراو دڵتەنگانە شوێنی رێگای داخستنی دەتەپە بکەوێت. دەنگە میانڕەوەکانی ناو دەتەپە بەشێوەیەکی کاریگەر بەر لەوەی بڕیاری دادگا دەربچێت کپ کراون. لەدوای لادانی ئەحمەد تورک باڵی 'ئیمنی ئاینە' ی دەتەپە وادەردەکەوێت کە شەڕی فەلسەفی بردبێتەوە و لەوانەشە پارتێکی تر دروست بکەن کە لەگەڵ ئامانجەکانی پەکەکەو کەجەکەدا بگونجێت و بە توندی جەخت لەسەر ئازادکردنی ئۆجەلان بکەنەوە. هێزەکانی ئاسایش تا ئێستا کاردانەوەیەکی رێژەییان بەرامبەر بە دووا خۆپشاندانەکان هەبووە. خراپترین کێشەکان وادەردەکەوێت کە لەنێو گروپە بەرهەڵستکارەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردی سەرچاوەیان گرتبێت، کە سورن لەسەر هاندانی ناڕەزایی و خۆپشاندانی مەدەنی . سەرکردەکانی پارتی بزوتنەوەی نەتەوەیی 'مەهەپە' و پارتی گەلی کۆماری'جەهەپە' بەردەوامن لەسەر قۆرغکردنی بارودۆخەکە.

سەرۆک وەزیران'ئەردۆگان' و سەرکردەکانی دیکەی ئاکەپە، جەختیان لە بەردەوامی بەشداریکردن لە پرۆژەی یەکگرتنی نیشتیمانی کردەوە . سودوەرگرانی پرۆژە ئامانجکراوەکە (ئەندامە پێشووەکانی دەتەپەو لایەنگرانیان) هیچیان نەکردووە بۆ وەستاندنی گەشەی توندوتیژیەکان، بگرە لێدوانە زبرەکانی هەردوولا بارگرژییەکانی زیاتر کردووە. ئەگەر هێزە ئەمنیەکان هەنگاوی زیاتر بنێن بۆ سەپاندنی یاساو ئاشتی ئەوا لە وانەیە لە هەرێمی خۆرئاوای باشوردا زیاتر بارودۆخەکە تێکبدات، چونکە زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردن. سەرۆک گول هەفتەی رابووردوو داوای لە هەموو لایەنەکان کرد کە کۆتایی بەو وتوندوتیژیانە بێنن کە لە ژێر دروشمی 'زۆرکەمە- زۆر درەنگە' یە. لەم بارودۆخەی ئێستادا تەنها کوردەکان خۆیان دەتوانن بارودۆخەکە هێمن بکەنەوە، بەڵام بەشێوەیەکی ئاشکرا ئەوە روونە کە پەکەکە زۆر بێباکە لە ئەنجامندانی ئەمەداو هیچ دەنگێکی کوردی ئامادە نیە بیەوێت یان بتوانێت قسە لەبارەی ئەمەوە بکات

CHP, MHP Reactions to Snub of Turkish Ambassador
Mainstream Aksam reports opposition CHP deputy chairman Onur Oymen said the term "diplomatic scandal" was not enough to describe the incident, and stressed no one around the world could give "second-class treatment" to a Turkish envoy. MHP lawmaker Deniz Bolukbasi, a former diplomat at MFA, said Ankara should withdraw Ambassador Celikkol, suspend military ties with Israel and also cancel the visit of Ehud Barak.

Protests and Clashes had been growing

## نارەزاییەکان و پێکدادانەکان پەرەیان سەند

نارەزاییەکان لەلایەن لایەنگرانی دەتەپە و پەکەکەوە بۆپشتیوانیکردنی ئۆجەلان لەم رۆژانەی دواییدا زیادیانکردووە لەهەمان کاتدا هێرش کراوەتە سەر بارەگاکانی دەتەپە لەسەرانسەری وڵاتدا.هێزەکانی ئاسایشی تورکیا سنوردارکراون بۆ روبەروبونەوە لەم خۆپیشاندانەنانەی دواییدا.نارەزاییەکان بۆ ئازادکردنی ئۆجەلان بەهەمان شێوە شارەکانی دەرەوەی وڵاتی وەکوستراسبۆرگ و مارسیلیاو کەپتاون و لەندەنیشیان گرتەوە.پۆلیسی نیشتمانی تورکیا کە لێکۆڵینەوە لە چالاکیە تیرۆریستیەکانی پەکەکە دەکات راگەیاندلە ١١ی دیسەمبەردا کەوا لەئەگەری روبەرووبونەوەی داخستنی دەتەپەدا ,ئەوان دەوری رێکخەرەکانی پەکەکەیان داوە وەك هەوڵدانێك بۆ کەمکردنەوەی خۆپیشاندانە توندوتیژەکان.

لە راپۆرتێکدا کە لە ١١ی سێپتەمبەردا لەلایەن پارێزەرەکانیەوە بڵاوکرایەوە پێش راگەیاندنی بریاری داخستنەکە ئاماژە بۆئەوە دەکرێت کە ئۆجەلان زیاتر لە ژێر گوشاردابوبێت وەك لە لایەنگرەکانی وە ئەوەشی خستوەتە روو کەوا ئەو دژی پرۆژەی یەکگرتنی نیشتمانی نیە بەڵام میتۆدی حێبەجێکردنی چاکسازیەکانی پێ هەڵەیە,وە ئەوەشە راگەیاندووە کە وا ئەگەر دادگا دەتەپەی داخست ئەوە کۆتای دنیا نابێت بگرە ئەندامەکانی دەتەپە بەردەوام دەبن لە ململانێکانیان. ئۆجەلان جەختیشی لەوە کردووەتەوە کە ئەو سورنیە لەسەر ئەوەی وەك موخاتب بێت لەگەڵ حوکمەت، بگرە ئەوەشی دەرخستوە کە دەتەپە دەتوانێ وەها رۆڵێك ببینێت, هەرچەندە ئەوەشی وتوە کەئەو تاکە کەسە کە بتوانێ پەکەکە کۆنترۆڵ بکات و لە چەك دایماڵێت.

N. Iraq - 10.20.09: Turkish war jets made low altitude flight over the suspected PKK positions at the Mount Kandil, but did not attack the targets. PKK members responded with Docka missiles. According to KYB's (Patriotic Union of Kurdistan) website, PKK positions on Mount Kandil were in fact bombed by war jets belonging to an unknown country. Another Kurdish language web site has claimed that Turkish war jets bombed PKK targets. The web site reported that 4 separate targets were bombed but did not give any information about casualties.

Bloody coup plan Allegations(Milliyet)

## ڕۆژنامەی میللیەت: بانگەشەکانی پلانی کودەتایەکی خوێناوی

ئەندامو پێشوەکانی پارتی کۆمەڵایەتی ودیموکراتی کوردی (دەتەپە)کەلەم دواییانەدا دواخرا لەلایەن دادگای دەستوریەوە ,داوایەکیان بەرزکردەوە بۆ دادگای مافەکانی مرۆڤ لە ئەوروپا,کەتیایدا گفتوگۆی ئەوەیان کردووە کە دادگای دەستوری بێلایەن نەبووە لە کاتێکدا کەدادگا بۆخۆی بەپێی ڕەشنوسی دەستورێك بنیادنراوە لەلایەن دەستەی فەرمان ڕەوایی سوپاوە کەدەستیان بەسەر حوکەتدا گرت لە سێپتەمبەری ١٢ی ١٩٨٠.ڕۆژنامەی میللیەت ئەوەی خستە ڕوو کەوا جێگری بەدەپە هەسیب کەپەلان کەوا پێشتر ٧٨لاپەڕەی کەیسەکە گەشتوەتە دەست کۆمیتەی مافەکانی مرۆڤی ئەوروپا.

Hakkari - 10.24.09: 1 RPG-7 rocket launcher, 1 Kannas brand sniper weapon, 1 Bixi brand machine gun, 4 Kalashnikov rifles, 1 Docka anti-aircraft missile, 15 hand grenades, 8 rounds of mortar (60 mm), and 5 magazines.

Hakkari - 10.22.09: 6 hand grenades, 1 wireless radio, 1 digital camera, 1 Kannas rifle binoculars, 20 kilograms of ammonium nitrate, bomb-making materials, various logistical and food materials.

Siirt - 10.19.09: 160 kilograms of food materials.

B. PKK members captured or surrendered:

Hakkari - 10.24.09: 1 PKK member captured.

10.19.09 through 10.25.09: Security forces neutralized 1 PKK member, AND 1 PKK member surrendered to security officials.